# ئاگروخوێن

## تاوانەکانی حەرەس قەومی

ئەبوبەکر محەمەد حاجی
(مەلاشاخی)

چاپی دووەم
2024

**لەبڵاوکراوەکانی**

**یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان**

( )

# ئاگروخوێن

**تاوانەکانی حەرەس قەومی**

**مەلاشاخی**

# fire and blood

National Guard crimes

Mala shakhi

⋆ چاپی یەکەم : 2023

⋆ چاپی دووەم : 2024

⋆ تایپ : شاخی

⋆ دیزاین : شاخی

⋆ تیراژ : 1000

⋆ نرخ : 8.000 دینار

⋆ چاپخانە : چاپخانەی چوارچرا

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (1495) ی ساڵی(2023) ی پێدراوە.**

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر وخانەوادەکەی**

mafî le çapdaneueî parêzrawe bo nûser u xanewadekeî

# پێشکەشە

- بە روحی پاکی شەهیدانی دەستی حەرەس قەومی.
- بەشەهید مەلاعلی کتکە و هاوڕێکانی..
- بەهەموو شەهیدانی کوردستان.
- بەو تێکۆشەرانەی بەرانگاری حەرەس قەومی بوونەوە.
- بەو کەسانەی بۆ نووسینەوەی ئەم کتێبە هاوکارم بوون

**مەلاشاخی**

# ناوەرۆک

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** ........ | 8 |
| دەروازە ........ | 13 |
| لەدەربەندەوە بۆ دەبۆکەی سلێمانی ........ | 14 |
| سەردەمی پاشایەتی ........ | 19 |
| شۆڕشی چواردەی تەمموز و کۆتایی دەسەلاتی پاشایەتی........ | 22 |
| لەدەربەندەوە بۆ چەمی ڕەزان ........ | 24 |
| **بەشی یەکەم**: کودەتای شوباتی 1963 ........ | 29 |
| گفتوگۆ لەگەڵ کورد ........ | 31 |
| نامەکانی مام جەلال ........ | 41 |
| بیرەوەرییەکی د. نوری تاڵەبانی ........ | 44 |
| نامەی نهێنی عەبدوللاسەڕاج ........ | 48 |
| قۆناغەکانی دەرکەوتنی حەرەس قەومی ........ | 50 |
| پەیکەری ڕێکخراوەیی حەرەس قەومی ........ | 54 |
| یاسای پێکهێنانی حەرەس قەومی ........ | 59 |
| پێناسەی حەرەس قەومی........ | 64 |
| ئەوتاوانانەی لێبووردنیان نییە ........ | 69 |
| ئەنجومەنی وەزیرانی کودەتاچییەکان........ | 73 |
| بەعس وحزبی شیوعی ـ بەیانی ژمارە (13) ........ | 79 |
| بارودۆخی دوای کودەتا........ | 84 |
| **عبدالكريم مصطفى نصرت**........ | 91 |
| منذر الوەنداوی ........ | 103 |

**طالب شبیب.. لەشیوعی یەتییەوە..بۆ بە بەعسی بوون** ......................118
**شەمەندەفەری مەرگ** ............................................124
**روخانی دەسەلاتی بەعس** ............................................132
**بیرەوەری لەتیف هەڵمەت** ............................................136
**بەشی دووەم: هێرش بۆدەڤەری کەرکوك**............................................140
**هێرش بۆ گوندی یارەوەلی** ............................................141
**هێرش بۆ گوندی سێکانیان**............................................142
**هێرش بۆ گوندی قەرەدەرە** ............................................145
**هێرشی حەرەس قەومی لەبیرەوەری شێخ رەئووفی خانەقادا**...........146
**هێرش بۆ ناوچەکانی باکووری کەرکوك**............................................148
**هێرش بۆ گوندی بیبانی** ............................................149
**هێرش بۆ باکوری ناوچەی شوان**............................................153
**هێرش بۆ گوندی بیراڵك و کارێز** ............................................156
**هێرش بۆ گوندی بیرەسپان ژووروو** ............................................157
**هێرش بۆ گوندی بیرەسپان خواروو**............................................158
**هێرش بۆ گوندی نەبیاوا** ............................................162
**هێرش بۆ گوندی قەرغەتوو و کتکە** ............................................163
**هێرش بۆ ناوچەی شێخ بزێنی(چیم دی؟)** ............................................165
**هێرش بۆ گوندی دووشیوان** ............................................172
**هێرش بۆ گوندی عەلاوەمەحموود** ............................................180
**هێرش بۆ گوندی زەردك** ............................................185
**هێرش بۆ گوندی دەرماناو / پردێ** ............................................187
**شێخ ئەحمەدی گەڵۆزی** ............................................190
**هێرش بۆ گوندی تۆبزاوای خوار کەرکوك** ............................................192

هێرشی حەرەس قەومی بۆ قەرەحەسەن.......................................197
هێرش بۆ چەند گوندێکی تری گەرمیان......................................199
هێرش بۆ بازیان و قەڵاسێوکە.............................................202
شەڕی قاتەقاتەکانی کفری ................................................214
شەهیدانی 23 ی حوزەیرانی 1963 ........................................217
شەهید مارف بەرزنجی ...................................................219
بیرەوەرییەکی سەید حەسەن پیریادی.......................................229
کەسایەتییەکی تێکۆشەری کاکەیی .........................................233
**بەشی سێیەم**: هیرشی حەرەس قەومی بۆ سلێمانی.......... .. .....235
کۆمەڵکوژی 9 ی حوزەیرانی 1963 ........................................237
چەند شایەد حاڵێك .....................................................241
هێۆش بۆ عەربەت و سەید صادق ..........................................272
شەهیدبوونی حەمەگوڵپی .................................................275
هێرش بۆ هەڵەبجە ........................................................277
هێرش بۆ سنووری ناحیەی وارماوا ........................................282
هێرش بۆ ئاوایی بانیخان ..................................................284
پیلانی کوشتنی زەعیم صدیق ..............................................288
**بەشی چوارەم**: هێرش بۆ هەولێر و دەورو بەری.........................301
شەڕی گوندی تەلخێم .......................................................302
شەڕی دارەخورما ..........................................................305
شەهیدکردنی مام هەینی ....................................................308
حەرەس قەومی لەبیرەوەری شەهید رێبا زدا .................................309
چایخانەکەی مام تەها.......................................................318
کوژرانی شێخ حەنەش ......................................................326

**بەشی پێنجەم**: هێرش بۆ سنووری کویە ................................ 327
بەرگری لەگوندەکانی کۆیە ................................ 332
تاوانی حەرەس قەومی لە کۆیە ................................ 339
حەرەس قەومی لەبیرەوەری مام غەفووردا ................................ 352
**بەشی شەشەم**:هیرش بۆ ناوچەی بادینان ................................ 357
ئۆپراسیۆنی دیجلە ................................ 361
عقید خلیل کێ بوو..؟ ................................ 363
شەهیدانی بادینان ................................ 365
**بەشی حەوتەم** : قەسری نهایە ................................ 372
جۆرەکانی ئەشکەنجە لە قصری نهایە ................................ 341
عبدالکریم شێخلی ................................ 350
**بەشی هەشتەم**: هێرش بۆ بەغداو ناوەراستی عێراق................ 355
کتێبی ـ الحرس القومی ودوره الدموی ـ فائیز الخفاجی ................ 392
هەڵوێستی حزبی شیوعی ................................ 405
هەڵوێستی مەرجەعی باڵا ................................ 408
**بەشی نۆیەم**: المنحرفون ................................ 413
پەیڤێك دەربارەی کتێبی المنحرفون ................................ 415
تاوانەکان لەنووسینێکی زکی فرحان دا ................................ 430
تراژیدیاکان ................................ 435
سووتانی عبدالسلام عارف ................................ 455
بەشداری نووسەر لە کۆنفرانسێك لە لاهای................................ 457
ئەنجام ................................ 459
**بەشی دەیەم** : ئەلبوومی وێنە ................................ 463
**بەشی یازدەیەم** : دۆسێ/کوردستانی نوێ/ ئەسعەدجەباری........ 478

# پێشەکی

## عێراق وڵاتی حەرەس قەومیەکان

**سالار مەحمود ***

دەوڵەتی عیراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندی زلهێزەکان لەساڵی 1921 دروستکرا، نەك خواستی دانیشتوانەکەی.سیٚ ساڵ بەرلەوە کوردبەسەرۆکایەتی شێخ محمودی حەفید قەوارەی کوردستانی راگەیاندبوو.لەدوای دروستکردنی دەوڵەتێکی نویٚ بەناوی عیراقەوە تا نوسینی ئەم کتێبە " ئاگرو خوێن"ئارامی و سەقامگیری لەم وڵاتە دروست نەبووە.کورد لە کوردستانی عیراقدا بەبیٚ خواستی خۆی لکێنرا بەم دەوڵەتەوە. دوای بەرهەڵستکاریەکی زۆروهەڵگیرساندنی شۆڕش وراگەیاندنی حوکمڕانی خۆبەخۆ. بە زەبری هێزی ناوەکی و دەرەکی حوکمڕانی مەلیکی کوردستان لەناوبراو باشوری کوردستان خرایە سەر عیراق.

لەدوای گۆڕانی حوکمی مەلەکی لە عیراق و بەرەو کۆماری .. هیوایەك دروست بوو، بۆ بەدیهاتنی خواستە نەتەوەییەکانی کورد... لەو سۆنگەیەوە کورد سەرەتا پشتیوانی حوکڕانی عەبدولکەریم قاسمی کرد، پاشان بەڵێنەکان بوونە بڵقی سەر ئاو و ناکۆکیەکان لە نێوان گەلی کوردوحوکمڕانی دەوڵەتی عیراق زیاتر بوون،دوای کودەتای سەر قاسم وهاتنی عبدالسلام و قەومیەکان، حەرەس قەومی وەك هێزێکی میلشیای چەکداری رانەگەیەنراو رۆڵی لەو کوردەتایە هەبووە. شۆڕشی کورد دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ عبدالسلام عارف..سەرەتا بەڵێنی جێبەجێکردنی داخوازیەکانی کورد دەدەن. پاش لەسەر پیٚ وەستانیان پاشگەز دەبنەوە.

مام جەلال سەروکایەتی شاندی کوردستان دەکا بۆدانوستان لەگەڵ دەوڵەتی عیراق.

---

* سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان

لە ساڵی 1963. لەنامەیەکی مێژوویدا کە مام جەلال بۆ مەلا مستەفای نوسیووە، باس لە خۆ دزینەوەی عیراق دەکات لە چارەسەری کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا. دەقی ئەو نامەیە لەم کتێبەدا هەیەو ناوەڕۆکەکەشی روونکراوەتەوە.لە دوای کودەتای شوباتی 1963 ەوە عیراق دەبێتە گۆمی خوێن.. کاتێك بەعسیەکان بە شەمەندەفەری ئەمریکا هێنرانە سەر حوکم ئیدی سەقامگیری نەما. حەرەس قەومی لە 1963/5/18 بە یاسا کرایە هێزێکی نیزامی..لەو سەردەمەوە ئەم هێزە بووە مۆتەکەو دەستی چووە خوێنی هەموو نەیارەکانی. شیوعی و دیموکراتەکانی عیراق لەلایەك و پاکتاوکردن لەناوخۆداو، ئینجا پەلاماردانی کورد. تاوانی مەترسیداری دژ بە مرۆڤایەتی و تەنانەت تاوانی کۆمەڵکوژیی لەسەر دەستی حەرەس قەومی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بەگشتی و، گوندنشینانی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان بەتایبەتی ئەنجام دراوە. حەرەس قەومی تۆمارێکی مێژوویی رەشیان لە عیراق هەیە، لە کوردستانی عیراقیش بەتایبەتی دەستیان بەخوێنی هەزاران هاوڵاتی گوندەکان وخەڵکی بێتاوان سورە. حەرەس قەومیەکان تازەگەریان کردوە لە جۆری ئەشکەنجەدان و گرتن و راگواستن و سوتاندن. ئەم تاوانانەی ئەنجام دراون شۆڕبونەوەو بوونە بنەمای تاوانی گەورەترو جینۆسایدو کیمیاباران و راگواستن وزیندە بەچاڵکردن لەسەردەمی سەدام حوسێن دا. ئەو زنجیرە تاوانانەی لەسەردەمی حەرەس قەومیەوە لە سوتاندنی گوندەکانی کوردستانەوە دەستی پێکرد بە ئەنفال کۆتایی هات.

ئەم کتێبەی نوسەری دیاری بواری جینۆسایدی کوردستان کاك "مەلا شاخی" یەکێکە لە دانسقەترین سەرچاوەکان کە بە وردی چووتە بنج و بنەوانی سەرەتاکانی تاوانی نێودەوڵەتی دژی کورد لەعیراق.. ئەم کتێبە وێنەیەکی راستەقینەی سەردەمی رەشی حەرەس قەومیەکان پیشان دەدات، چونکە خودی نوسەر لەچەند وێستگەیەکدا خۆی لەناو رووداوەکان بووە.لەهەمان کاتدا بە ئاوەزو ئاگاییەوە لەو سەردەمەی روانیوە. سەلماندنی رووداوەکانی بە ئارگۆمێنت و بەبەڵگە و وێنە و

شایەتحاڵ و شیکردنەوە پشتڕاست کردۆتەوە.کاتێ باس لەسوتاندنی دەغڵ ودانی گوندنشینە کوردەکان دەکات، کاتێ باس لەپەلاماری گوندەکانی گەرمیان و کەرکوك دەکات. کاتێ باسی تاوانی گوندی سێکانیان دەکات،چۆن ژن و منالّیان لە پیاوەکان جیاکردۆتەوەودواترچاو ودەستی پیاوەکانیان بەستۆتەوەو گوللەبارانیان کردوون. کاتێ باسی سوتاندنی گوندەکانی ناوچەی سالەیی وشوان و شێخ بزێنی دەکات. وێنای سەردەمێکی تاریك دەکات، کە لە دەورانی دواتریشدا ئەو تاوانانە دوبارەو چەند بارە دەبنەوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکی زانستی پوختە لە ناسینی حەرەس قەومی و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە، لەگەڵ ئامانج لە دروستبونی ئەو هێزە داپلۆسێبەرە. رۆچوون بەناو ئەو هەموو وردەکاری رووداوانەدا سەلیقەو خولیای نوسەر دەردەخات، بۆ پاراستنی مێژوویەکی گرنگی کورد لەکوردستانی عیراقدا. بەتایبەتیش تۆمارکردنی ئەو گوندانەی پەلاماردروان.. لەگەڵ ناوی قوربانیەکان و پەلامارەکانی حەرەس قەومی بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان.زمانی نوسینی کتێبەکە کوردیەکی پاراو و رەوانە، نوسەر هەوڵی داوە بە زمانێکی سادە رووداوەکان بگێڕێتەوە. بەشێکی زۆری لە زمانی شایەتحالّی ناو رووداوەکانەوەیە. تیشکی کارەکەی لەو دەڤەرە چڕ کردۆتەوە کە خۆی لەناویا ژیاوە چ وەك هاوولاتی و دواتریش وەك پێشمەرگەو کادرو کارەکتەرێکی دیاری سەردەمەکەی خۆی کە ئامادەیی هەبووە...

ئەم کتێبە بیبلۆگرافیای گوندە سوتماککراوەکانی کەرکوك و گەرمیانە لەسەر دەستی حەرەس قەومی. کاتێك باس لە گوندی گۆگجەی ناوشوان یان گوندی کوردەمیر یا گوندی سمایل بەگی یا قەرەدەرە، بیرالّك، قەرەغەتوو، پیرەسپان، نەبیاوا، یارمجە، کتکە، گەوەنی، زەردك، یا کە باسی گوندی دەرماناوی لای پردێ دەکات، کەلە ئەنجامی تۆپبارانددا 21 هاوولاتی شەهید دەبن. نەك تەنیا ناوی گوندەکان بەلّکو ناوی شەهیدو بریندارەکان لەگەڵ هەڵکەوتەو سروشتی گوندەکان

هەموو ئەمانە گەواهیدەری ئەوەن چەن بەدیقەت و بە باوەڕبوونەوە لەم دۆسیە مرۆڤایەتی ونیشتمانیەدا کاك مەلاشاخی کاری ماندوو نەناسانەی ئەنجام داوە.

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی تێزەکەی کە ئامانج لێی پشاندانی دڕندەیی رژێمی ئەو سەردەمەی عیراقە کە چۆن حەرەس قەومی بەرداوەتە گیانی خەڵك و چ لاپەڕەیەکی رەشیان هەبووە.نوسەر بۆچوونەکانی لەسەر حەرەس قەومی بە کتێبی المحرفون رونتر دەکاتەوە. ئەوکتێبەی کەلەلایەن عەرەبە قەومیەکانەوە نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە، لەسەردەمی خۆیدا بە نهێنی و دواتر ئاشکرا وەك نامیلکە پەخش کراوە. ئەو کتێبە سەدان دۆکیۆمێنتی لەسەر شێوازی کوشتن و ئەشکەنجەدان و سوتاندن و رفاندن و تیرۆری تێدایە. ئەوە دەسەلمێنێ کە بەعسیەکان لەو ماوەیەی حەرەس قەومی هەبوو زیاتر لە 670 هەزار کەسیان کوشتوەو نزیکەی 500 هەزار کەسیان بریندارو کەم ئەندام کردوە.

ئەم کتێبەی دەکەوێتە بەردەست بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەشێکی لەو سەردەمەدا نوسراوەتەوە بەڵام دەرفەتی چاپکردنی نەبووە، بۆیە وەکوزۆربەرهەم وکەرەستەو مرۆڤی تر دەستنووسەکەش بەر شاڵاوی ئەنفال ئەکەوێ و ون ئەبێ. بەڵام دواجار وا ئەم کتێبە چووە پاڵ کتێبە بەپێزەکانی ناو کتێبخانەی کوردستانەوە. چووە پاڵ چەندان کتێبی تر، کە نووسەر مەلاشاخی نوسیوونی و بەشی زۆریان تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆسایدی کوردستان.

ئەو دەمەی کەڵپەی حەرەس قەومیەکان دەگاتە ناوجەی شێخ بزێنی مەلا شاخی تەمەنی یانزە ساڵان ئەبێ و بەرخەلەوان ئەبێ. لەگەڵ (گوڵەسوور)ی ئامۆزایدا پێکەوە بەرخەل رائەدەن بۆ دەرو دەشت. لە رۆژێکدا کە ئەحمەدی کوێخا یابە وشکەکێڵ ئەکات بەکەرو هەوجاڕ لە بەرزایەکەی پشتی ئاوایی کاولەسوار. ئەمیش لەگەڵ کافیەخانی ئامۆزاو هاوڕێی منالی ئەو سایی و، هاوسەری ئێستای. بەدەم بەرخەوانیەوە ئاوڕیان لای کاکی جوتیار ئەبێ. لەناکاو گوێیان لە دەنگی تەقە و ناڵەی بۆمب و هاتنی تانك ئەبێت.. رائەکەن بەو دۆڵ و شیوانەدا لە نێو ئەشکەوت

خۆیان حەشار ئەدەن. ئەم بەسەرهاتەش لە سەرنجڕاکێشترین لاپەڕەکانی ئەم کتێبە و ناسینی ناوەڕکەکەیی و نوسەرەکەیەتی.

لەم پێشەکیەوە بۆ ناواخن و لاپەڕەکانی کۆتایی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی هێشتا حەرەس قەومی بەفیکر لە عیراقدا ماوەو لەناو ئۆرگانە سەربازی و ئەمنی و سیاسیەکانی دەوڵەتدا ئامادەیی هەیە. لە رۆژگاری حەرەس قەومیەوە بۆ ئێستا کورد هەر بەپێوە ماوەو دۆزی کورد گەیشتۆتە ئاستێکی بالاتر. بەلام هێشتا مەترسی لەسەر خاك و خەڵکی کوردستان لە کوردستانی عیراقدا هەیە.بەتایبەتیش ناوچەی کەرکوك و گەرمیان کە لەم کتێبەدا مێژووی نەهامەتیەکانی پیشاندراوە.

کتێبی"ئاگرو خوێن" بەرهەمێکی ناوازەی پیشاندانی جینۆسایدی گەلی کوردە لەسەردەستی حەرەس قەومیەکانی عیراق.هەربۆیە شایانی ئەوەیە کە هەموو کوردێك بیخوێنێتەوە و وەربگێڕدرێت بۆ سەر زمانی عەرەبی و زمانە زیندوەکانی تری دونیا.

سلێمانی

2023/2/1



# دەروازە



# لەدەربەندەوە
# بۆ دەبۆکەی سلێمانی

بەرلەوەی بچمە سەر باسکردنی کودەتاکەی 8ی شوباتی ساڵی1963و تاوانە زۆروزەوەندو یەك لەدوای یەکەکانی میلیشیاخۆێنڕێژەکانی بەناو (حەرەس قەومی).. دەمەوێ لەکورتە باسێکدا ئاوڕ لەرابردوو بدەمەوە.. نامەوێ باس لەلەشکرکێشی سەردەمی پێش زاین وفتوحاتی ئیسلامی و رابردووی زۆرکۆن بکەمەوە..بەڵکوئاوڕێك لە شەڕی(دەربەندی بازیان)ی 19ی حوزەیرانی 1919و11ی ئەیلولی 1961 دەدەمەوە..کە لەوشەڕەدا هێزەکانی 18ی پیادەی ئینگلیز، کە ژەنەراڵ فرایزەر سەرکردەی جەنگی جیهانی یەکەم سەرپەرشتی کردووە و سوپای بەریتانیا لە (موسڵ)ەوە بەرەو چەمچەماڵ و (دەربەندی بازیان) و سلێمانی پێشڕەوی کردووە... جەنگێکی خوێناوی لەنێوان کورد و لەشکری ئینگلیزدا بەرپا بووە، هێزەکەی ژەنەڕاڵ (فرایزەر) کەنزیکەی (70) هەزار سەربازی پیادە بوون. بە هەموو کەرەستەی جەنگی پێشکەوتوو و سەدان تانك وتۆپ و زرێپۆش و هێزی ئاسمانی بەشداری فراوان وبەرچاوی تێداکردووە،

**یەکەمجارلەکوردستان بۆمبی سوتێنەری قەدەغەی جەنگی بەکارهێنراوە.**
**هێزەکانی سوپای بەریتانیا بریتیبوون لەپێکهاتەکانی:**
**(هندی، مەغۆلی، سیك، ئەفریقی، ئەرمەنی، ئینگلیز، ئاسوری.......)**
**ئەوهێزە دەستوەشێنەی دەوری گرنگی بووە بەپاڵپشتی خیانەتی ناوخۆییەوە پشتی لە هێزەکانی کورد گرتووە وگەمارۆی داون، ئەویش هێزێکی دڕندەی مەغۆل بووە..کەلە سێ هەزار جەنگاوەری ڕاهێنراوی شەڕی شاخ وجێگە دژوارەکان پێکهێنرابوون.(*)**
**(سی جی ئەدمۆنز) بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ ئەو روداوانە کردووە:**
**(گەیشتینەچەمچەماڵ..دێیەکی بچکۆلە ولەتەنیشت چەمێکی ئاودابوو.. لەلای خوارەوەی گردێکی گەورە هەبوو،معاون ئەفسەری سیاسی نەقیب (ل.بوند) لەچەمچەماڵ گیرابوو،بەزیندانی ناردبوویان بۆشاری سلێمانی، چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی وشەش حەوت کەسی لە چەکدرای کوردی هەمەوەندی لێبوو,,کەکردمن بەپاسەوانی تایبەتی خۆم،لە رۆژی 16ی حوزەیران ئامادەبووین بۆکاری هەواڵگری..ئەوان لەپێش منەوە بوون، لەبەرامبەر (دەربەندی بازیان،گوێ بیستی چەندین تەقەی دور بووین. ئەورۆژە هەواڵمان وەرگرت کەوا شێخ مەحمود و هێزەکەی سەنگەریان**

---

* . سەرچاوە : دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان / محمد رسول هاوار چاپی لەندەن

لێداوە و دامەزراون لەپێشەوە وخوارووی دەربەندەکەوە،بەشی سەرووی دەربەندەکە هێزی عەشایری لێ بوو،پاش بڕینی (8) میل لای پشتەوەی چەمچەماڵەوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات کە شاخی قەرەداغ ودەربەند لەبەردەممماندابوون،ئەم دەربەندەلەمێژووداشەڕی زۆری بەخۆوە بینیبوو، بەرزایەکەی پتر لە (1700) پێ دەبوو.. لە17ی حوزەیراندا توانیمان هەموو هێزەکانمان بگەیەنینە سنووری (تەکیەی کاکەمەد)، کە 3 مێل دووربوو لە دەربەندەکەوە...بۆ ڕۆژی دوایی هێزی پیادەمان توانیان بەبێدەنگی لەهەمولایەکەوە بچنەپێش..بەتایبەت بۆ لوتکەی شاخەکان، بەیانی زوو گەیشتنەبەرزییەکان و تۆپهاوێژەکانمان کەوتنە بۆردومانی ناودەربەندەکەوپشتی شاخەکان،ئەوهێزەجگە لەتفەنگ وچەکی سەربازی شمشێر وخەنجەریشیان پێبوو..لە ڕەگەزی مەغۆل بوون، ناوئەبران بە گورگە، چونکە چەقۆی پان و گەورەیان پێ بوو، خەریك بوون سەری کوژراوەکانیان لێ دەکردەوە ، نزیکەی 48 جەنازە لە مەیدانی شەڕەکەدا جێمابوو،فریاکەوتین نەمانهێشت لەوە زیاتر بەرانبەرکوژراوەکان بکەن، ئەوهێزەی مەغۆل وەحشیانە جوولابوونەوە.....تەنانەت دیل و بریندارەکانیان دوای ئازاردان وکوشتن سوتاندبوو،سکی بریندارو کوژراوی کوردیان بەنێزەکان هەڵدەدڕی بوو. پێشتر شەڕی ئاوا لەمێژووی شۆڕش وبزاڤی کوردا ڕووی نەدابوو،بەهۆی نابەرانبەری و ناهاوسەنگی هێزەوە، هێزەکەی شێخ محمود دووچاری شکستێکی گەورە هاتبوون...هەرچەندە شێخ محمود خۆی لەبەرەکانی پێشەوەی نەبەردیدا ئازایانە بەرامبەر بەهێرشی دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستان

جەنگی بوو..کەچی هێزەکان پشتیان لێگرتبوو،سەربازێکی مەغۆلی بەدووفیشەك بریندار کردبوو..کە گەیشتینە ناو دەربەندەکە 100 دیلیان بۆ هێنابن.. لە سەرووی دەربەندەکە گیرابوون، شەڕێکی ئەو تۆیان نەکردبوو، زۆربەیان تفەنگ و فیشەکەکانیان پیشان دەدابن گوایە هیچ تەقە وشەڕیان نەکردووە..فەرماندەیەکی سوپای کوردیان بەدیلی بۆ هێنابن..بە فارسی کەوتە وتووێژ لە گەڵماندا... هەرلەوێ یەکێك لە ئەفسەرەکان هەواڵی پێدام کە شیخ مەحمودی لەودوورەوە بینیەوە، لەسەر یەك قاچ ڕۆیشتووە و ئەو قاچەی تری لە قولەپێدا پێکراوە و بریندارببووە... دووەم کەسیان پێی گووتم: جەستەی شیخ مەحمود پڕیشکی بەرکەوتووە و برینداره..برینی دووەمی سەختە. تاکو ئێستاش شیخ مەحمود لەناو کوژرا و بریندارەکانی گۆرەپانی جەنگدادیارنیە.. هێزەکانمان بۆگەڕان بەدوای شێخ مەحمودوئازادکردنی بەریتانیەکان لەسلیمانی خستەکار،ئەگەری ئەوەمان لادروست بوو،کەشیخ مەحمود هەڵاتبێت بۆگوندی(داری کەلی)و دەوروبەری بازیان. بەڵام کێشەکەمان ئەوەبوو،نەخشەی(داری کەلی)مان لەبەردەست نەبوو،تاکوبزانین کەوتۆتە چ شوێنێکەوە ولەکوێدایە..بەڵام زانیاریان داینێ کەرێگاکەی زۆر سەختەو لەدەربەندەکەوە پتر لە(20) میل دوورە.. واتە رێگای (2)کاتژمێر دەبووبەسواری..بڕیارماندا تا دەنگوباسی شکستەکەی شیخ مەحمود نەگەیشتۆتە سلیمانی بەشێك لە هێزەکەمان بگاتە شاری سلیمانی بۆ رزگارکردنی دیلەکانمان،جەنرال فریزر فەرمانی کرد بە ئەفسەر (ف.پ.ج.دینیهای)لەهێزی 32 سوارە بە زووترین کات بگاتە سلیمانی

**بۆرزگارکردنی دیلەکان،ئەوە بوو لەکاتژمێر 6 ونیو، بەسەرکەتوویی گەیبوونەدەبۆکەی سلێمانی ودیلەکانیان ئازادکردبوو(1) دەست بەجێ لەگەڵ ئەفسەرە دیلەکاندا دەستیان بەسەرشاردا گرتبوو، تاوەکو رۆژی دوای جەنرال فریزر هێزێکی سوارەی گەیاندە ناو شار و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی شارکرا...)** (2)

---

1 ـ **لە دەبۆکەی سلێمانی یەکێك لە تێکۆشەرانی لەشکرەکەی شێخ محمود بەناوی (قادرعبدالکریم فتاح) دوای ئەوەی فیشەکی پێ‌نامینێت.. بەقەممە شەهید دیکەن.**

2 ـ **(بەپێی سەرچاوە کۆنەکان لەو شەڕەی دەربەند پترلە (50) جەنگاوەری کورد شەهیددەکرێن ونزیکەی دووسەد تێکۆشەر لەسوپاولەشکری کوردستان دیل دەکرێن دوژمنیش زیانێکی زۆری بەردەکەوێت،کە بە سەدان سەرباز مەزەندە کراوە، جەنگاوەریکی دلێر وئازای هۆزی هەمەوەند بەناوی (حەمەڕشیدجوامێرئاغا) کاتێ دەبینێت شێخ محمودبریندارکراوە،هەڵمەت دەبات تانەهێڵێت بکەوێتەدەست دوژمن، پێش گەیشتنی بەپاڵ بەردەقارەمان گوللەتۆپێك دێت وپارچە پارچەی دەکات و شەهیددەبێت (حاجی سەیدحسن) مامی شێخ محمودیش تۆپێك لێی دەدات و شەهیدی دەکات. سوپای بەریتانیا کە تەکیە و دەربەندکۆنترۆڵ دەکات،شێخ محمودو شێخ محمدغریب شێخ امین و پتر لە 100 جەنگاوەری کورد بەدیل دەگیرێن..)**



# سەردەمی پاشایەتی

دوابەدوای شکانی ئیمبراتۆری عوسمانلی و داگیرکردنی عێراق و کوردستانی باشوور لەلایەن ئینگلیزەکانەوە ،شانشینی هاشمی عێراق (المملکة العراقیة الهاشمیة) لەرێکەوتی 23ی ئابی١٩٢١دروست دەکرێت.. سەرەتا سنووری قەڵمڕەوی ئەو وڵاتە تا زنجیرە چیای حەمرین دەبێت.. شا فەیسەڵی یەکەم پاشای فەرمی ئەو دەوڵەتە نوێیە دەبێت ، هەرچەند ئەو وڵاتە تا ساڵی ١٩٣٢ سەربەخۆیی تەواوی نابێت، بەڵام لەومێژووە بەدواوە عێراق سەربەخۆیی تەوای خۆی وەردەگرێت .

## ئەنجوومەنی دامەزرێنەری شاهانە

ئەنجومەنی دەستوور لەلایەن بەشێك لە سەرکردە و سیاسەتمەداران و کەسایەتییە ناسراوەکانی عێراقەوە پێکدەهێنرێت، کە بریتی دەبن لە نوری سعید و رشیدعالی گەیلانی وجعفرعسکری و یاسین هاشمی و

**عبدالوهاب النعیمی، کە بە نووسەری نامەنووسی تایبەت بە دامەزراندنی شانشینی عێراق ناسرابوو.تێیداسەرپەرشتی بەغدا،عبدالرحمن گەیلانی بەسەروك وەزیرانی عێراق هەڵدەبژێردرێت، شازادە فەیسەڵی یەکەم وەك پاشا لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ تاجەکەی لەسەر دەنرێت.**

**لە 8 ی ئەیلوولی ١٩٣٣ شا فەیسەڵی یەکەم لەشاری(بێرن)ی سویسرا، بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی دەکات.لە دوای مەلیك فەیسەڵ،مەلیك غازی یەکەم لە١٩٣٣بۆ ١٩٣٩و دواتریش وەزارەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی لە١٩٤١کەدژی دەستوەردانی بەریتانی لەعێراق دەبێت، فەرمانڕەوایی دەکەن..فراوانترین کاریگەری ودەنگدانەوەی لەشەقامی عێراقیدادەبێت، کە بە هاتنە ناوەوەی سوپای بەریتانیا بۆ ناو عێراق و روخاندنی حکوومەت بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستراتیجییەکانی جەنگی جیهانی دووەم لە عێراق و ناوچەکەدا نائومێد دەبن.**

## شا غازی یەکەم

**کە دووەم پاشای عێراق دەبێت و حوکمڕانیەکەی لە ساڵی ١٩٣٣ تا ١٩٣٩ درێژە دەکێشێت، مەیلی یەکگرتوویی عەرەبی دەبێت ودژی دەسەڵاتی بەریتانیا دەوەستێتەوە.. نیشانەکانی لێك نزیکبوونەوەی لە حکوومەتی هیتلەر پێش جەنگی جیهانی دووەم لێدەردەکەوێت.**

**شانشینی دووەمی عێراق لە قۆناغی دوای دەرچوونی هێزەکانی بەریتانیاو پێکهێنانی وەزارەتی نوێی نووری سەعید،کەسێکی زۆر دڵسۆزی هاشمییەکان دەبێت.**

# شا فەیسەڵی دووەم

لە ساڵی ١٩٥٣ دوای ئەوەی شا فەیسەڵی دووەم دەبێت بە حوکمڕانی وڵات سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات، دوای ئەوەی دەگاتە تەمەنی یاسایی  بە فەرمی تەختی شانشین لە خاڵی،واتە شازادە (عبدالاله) وەردەگرێت. لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی نوێی ئاوەدانکردنەوە ئەنجام دەدات..دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە، پلانی گەشەپێدانی پایتەخت (بەغدا) و شارەکانی تری عێراق دادەڕێژێت.

لەسەر ئاستی سەربازیش، کاریگەریەکانی پەیمانی بەغداد لەگەڵ هاتنە ناوەوەی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ناو ڕیزەکانی سوپای عێراق دەردەکەون. سوپای عێراق سەرکەوتوو دەبێت لە تێپەڕاندنی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئایاری ١٩٤١وشەڕی فەڵەستین لەساڵی ١٩٤٨، دەتوانی جارێکی تر ڕیزەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە.

لە ئاستی سیاسییشدا وڵات بەهۆی نەبوونی ناکۆکی حیزبی یان کێشەی نێوان سیاسەتمەداران، تا رادەیەك سەقامگیردەبێت. لە شوباتی ١٩٥٨ یەکێتیی عەرەبی ڕادەگەیەندرێت، کە بەپێی ئەو ڕاگەیەندراوە پاشای عێراق دەبێت بە پاشای ئەو یەکێتییە..بەغدادیش بە پێی بڕیارەکانی ئەو یەکگرتنە دەبێت بە پایتەختی خولی یەکەمی..

دوای شەش مانگ عەممان دەبێت بە پایتەخت. هەر لەو ساڵەدا یەکەم حکوومەتی یەکێتی عەرەبی پێکدەهێنرێت.



## شۆڕشی 14 ی گەلاوێژ و

# کۆتایی شانشین

**لە 14ی تەممووزی ١٩٥٨دا کۆمەڵێك ئەفسەری سوپا بە ناوەکانی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و عەبدولسەتار عەبووسی.. جووڵە دەکەن و پەلاماری کۆشکی پاشایەتی دەدەن و بەکودەتایەك کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی دەهێنن. بە کوشتنی شا فەیسەڵی دووەم کۆتایی، یەکێتیی عەرەبی هەڵدەوەشێتەوە و پەیمانی بەغداد شکست دەهێنت.**

**زۆربەی خانەوادەی پاشایەتی لە کۆشکی ڕحاب، کە شوێنی مانەوەی بنەماڵەی پاشایەتی بوو،کۆدەکەنەوە و ژن و پیاو و منداڵەکانیان دەکوژن. دوای پاکتاوکردنیان، کۆماری عێراق دادەمەزرێن.**



سقوط الملكية وإعلان الجمهورية العراقية العربية



# کورتەیەك لە ژیاننامەی عبدالكريم قاسم

**بەرلەوەی باسی کودەتای 8ی شوباتی 1963 بکەین،با عبدالكريم قاسم بناسێنین:**

عبدالكريم قاسم محمد بكر لەدایك بووی ساڵی1914ی شاری بەغدا بوو.

- لەساڵی 1932 لە کۆلیژی سەربازی وەردەگیرێت.

- لەساڵی 1948 لەبەرەی ئوردن،بەشداری لە شەڕی فەلەستین وئیسرائیل دەکات.

- لەساڵی 1956 دەچێتە ریزەکانی ئەفسەرانی ئازادەوە (الضباط الأحرار).

- لە 14ی تەممزی 1958 هەڵدەسێت بەکودەتایەك و دەسەڵاتی پاشایەتی عێراقی دەروخێنێ وسیستەمی کۆماری رادەگەیەنێ..پتر لەچوارساڵ فەرمانرەوایی دەکات.

- لە 8ی شوباتی1963 دا بە کودەتایەکی سەربازی کە عبدالسلام عارف و کۆمەلە ئەفسەرێکی بەعس لەوانە(احمدحسن البكروعبدالكريم فرحان وصالح مهدی عماش) و چەندکەسی تر پێی هەڵدەستن، دەسەڵاتی قاسم دەروخێنن و لە رۆژی 9ی شوباتی 1963 لە باڵەخانەی رادیۆ لەگەڵ چەندکەسێك لەهاوڕێکانی گوللەبارانیان دەکەن...*

---

* سەرچاوە:

- کورتەیەك لەمێژووی 14ی تەمموز - رێگای کوردستان - 2015/7/13

- ویکیپیدیا . ئینساکلۆپیدیای ئازاد .



# لە دەربەندەوە بۆ چەمی ڕەزان

هەرچەندە گەلی کورد رۆڵێکی لەشۆڕشی14ی گەلاوێژی 1958دا نابێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی لە کوردستاندا پشتیواتی لە شۆڕشەکە دەکەن، سەرکەوتنی شۆڕشەکە بەقازانجی خۆیان دەزانن،بەتایبەت جوتیاران..و سیاسەتمەدارو روناکبیرانی کورد، بەندی(3)ی دەستووری کاتییان پێ باش دەبێت، کەبریتی بووە لە(کورد وعەرەب هاوبەشن لە نیشتماندا) بۆیە پارتی پشتیوانی خۆی را دەگەیەنێت و بارزانیش لە ئاوارەییەوە برووسکەی پیرۆزبایی رەوانە دەکات..

لیژنەی مەرکەزی پارتی لە 1958/7/16 لەکەرکوکەوەبەیانێك دەردەکات و پشتیوانی رادەگەیەنێت وئامادەیی دەردەبڕێت بۆپشتیوانی لە شۆڕش، دواتر پەیوەندی حزب وحکومەتی ناوەندی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە... زۆری پێ ناچێت،حکومەتی عێراق لە بەندی (3)ی دەستووری کاتی پاشگەز دەبێتەوە و یەکسەردەکەوێتە پەیوەندی کردن بەچەند سەرۆك هۆزێکەوە، بۆ ئەوەی چەك بۆمیری هەڵبگرن..

پانتایی ئازادی بەرتەسك دەکاتەوە و رۆژنامەی (خەبات) دادەخات و دەکەوێتە راوەدوونانی کادر و چالاکوانەکانی حزب.

لەنێوان ساڵانی 1958 . 1961 لایەنی کوردستانی هەوڵ بۆئەوە ئەوەدەدا بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە،بۆ ئەو مەبەستە،لە 1958/7/30 یاداشتێك دەدەن بەمیری کەداخوازییەکانی کورد لەخۆدەگرێت، بەڵام حکومەتی (عبدالكريم قاسم) پشتگوێی دەخات وبارودۆخ ئاڵۆز دەبێت. حزبیش لەکوردستان وەك جۆرێك لە خەباتی مەدەنی بڕیار دەدەن کە ڕۆژی 1961/9/6لەهەمووکوردستان مانگرتنی گشتی جێبەجێ بکرێت، ئیتر دۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و حکومەت بۆچەسپاندی دەسەڵاتی ناوەند، هێزی زۆری سەربازی و پۆلیس دەجولێنێت... هێزێکی گەورەیش لە کەرکوکەوە بەرەو شاری سلێمانی دەخاتەڕێ.. هەمان ڕۆژ موتەسەڕیفی سلێمانی کۆبوونەوە بە چەند سەرۆك هۆزێك دەکات و داوایان لێدەکات کێشە بۆمیری دروست نەکەن، بەڵام بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان بەسەدان چەکدارەوە.دەچنەپاڵ جوولانەوەی گەلەکەیانەوە ڕوودەکەنە شاخ..

دەڵێن هەندێ جار مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە...

بەڵێ ئەمجارەیش مام جەلال و هاوڕێکانی بە وەرگرتنی ئەزموون لە شۆڕشەکانی رابردوو،لە کۆبوونەوەی(بۆسکێن) بڕیار دەدەن هەموو دەربەندەکان کۆنترۆڵ بکەن..لە سەرەتای مانگی ئەیلول و دوای ئەوەی زانیاری وەردەگرن کەرژێمی قاسم هێزی زۆری لەکەرکووك کۆکردۆتەوە بەنیازی هێرش کردنە بۆ سەر ناوچەکانی تری کوردستان..

لەرۆژی 1961/9/9 لەشیوەسووری نێوان چەمچەماڵ و تەکیەی کاکەمەند سەنگەر دەگرن،یەکەم چەخماخەی شۆڕشی نوێ لێ دەدەن و تائێوەرە لەوبەرەیەوە شەڕ درێژە دەکێشبێت...پێشمەرگەیەك خەڵکی ناوچەی

**شاربازێڕ شەهید دەبێت، بەداخەوە لەبەر ئەوەی هیچ ناسیاوێکی خۆی لەگەڵدا نابێت وە هیچ پێناسەیەکیشی پێنابێت..شەو لەکاتی کشانەوەدا لە باکوری (تەکیەی کاکەمەند) وەك (سەربازی ون) بەخاکی دەسپێرن. ئێستاش ئەو گۆڕغەریبە گڵکۆکەی هەرلەوشوێنەدا ماوە..**

**(هەق وابوو رۆژی شەهیدبوونی بکرایە بە رۆژی شەهیدی کوردستان)**

**- رۆژی 1961/9/10هێزەکان خۆیان رێکدەخەونەوەورێگاودەروازەی دەربەند دا دەخەن و لە بەرزاییەکان سەنگەر دەگرن، بۆ بەیانی زوو چەند فرۆکەیەکی(مێك 17) سەنگەرەکان ئاگرباران دەکەن و سوپایش لە رۆژی 11ی ئەیلول هەموولایەکەوە دەست بەهێرش دەکات...ئەورۆژە تا ئێوارە بەرگری دەکەن،محمدی برای (کوێخاسمایلی تەلان) شەهید دەبێت و چەندکەسێکی تر بریندارەدەبن..بەهۆی نەبوونی دیسپلینی سەربازی و بێ سەروبەرەیی و کەم ئەزموونی چەکداری هۆزەکان، بڵاوەی لێدەکەن.. حکومەت دەربەندی بازیان کۆنترۆڵ دەکات و هێزی میللی کەس نابێ بەبرای کەس..لەدوای چەندرۆژێك (مام جەلال) و هەڤاڵەکانی بڕیاردەدەن جەڵەوی ئەسپی شۆڕش بگرنەدەست و حزب رابەرایەتی بکات،بەپەلە چەند بارەگایەك لە ئەشکەوت و شاخەکان دادەمەزرێنن و جارێکی تر لەرێی کادیرانی حزبەوە،لەهەموو دەڤەری سۆران بانگەوازی درێژەدان بەشۆڕش رادەدێرن،لەچیاکانی بەری قەرەداغ وپیرەمەگرون وسورداش و سەفین وکێوەرەش وکۆسرەت و چەمی رەزان وگەرمیان وناوشوان و شێخ بزێنی و قەلاسێوەکە و بتوین ودەشتی کۆیە وخۆشناوەتی و**

**دەشتی هەولێر.بنکە دادەمەزرێنن،سوپای کوردستان لەشێوەی(دەستە)و (پەل) و(لق) و(بەتالیۆن) و(هێز) پێکدەهێنن...**

**داوا لە رێکخستنەکانی ناو پۆلیس و ناو دەزگانی تری میری دەکەن: بارەگا و بنکەی پۆلیسخانەکان تەسلیم بەشۆڕش بکەن و بەخۆیان و چەکەکانیانەوە بچنە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە...**

**- لەبادینانیش هێزی پێشمەرگە پەلاماری (زاخۆ) و(بارزان) وچەند مەخفەرێك دەدەن وکۆنترۆڵیان دەکەن..میری بەفڕۆکەو تۆپی قورس دەڤەرەکان ئاگرباران دەکات.. بۆسەلامەتی خەڵك و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە (شێخ احمدی بارزان) پەیوەندی بەحکومەتەوە دەکات و داوای ناوەندگیری دەکات،پاشان داوا لە(مەلامستەفابارزانی)برای دەکات کە شەڕ رابگرێت..بۆچەندرۆژێك ئاگربەست رادەگەیەنن.. دواترسەرۆك هۆزە چەکدارەکانی سەربەمیری دەبنەچاوساغ وکەواسووری بەرلەشکری داگیرکەر وهێرش دەبەنەوەسەرهێزی پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان. (مستەفا بارزانی)یش بەناچاری بەهێزێکی زۆرەوەدەکشێتەوە بۆدەڤەری (نێروە) و(بەرواری بالا) و(گوڵێ) و(سندی) وسەرچیاوشاخەسەختەکان. جارێکی تر خۆ ڕێکدەخەنەوە و لەکۆتایی پایزی 1961 هەموو ناوچەکە لە دەسەڵاتی میری رزگار دەکەنەوە..**

**لە رۆژی 1961/12/12 لە(گەروی زاوێتە)گورزێکی کەمەرشکێن لە هێزەکانی میری و جاشەکان دەوەشێنن، بۆ ساڵی 1962 شۆڕشەکە بەهێزتر دەبێت.. لەهاوینی ئەوساڵەدا پەلاماری بارەگای (فوج)ێکی سەربازی لەسنووری زاخۆ دەدەن وکۆنترۆڵی دەکەن، بۆ رۆژی دواتر**

چەندفڕۆکەیەك ناوچەکە بۆردومان دەکەن وئەوانیش تەقەیان لێدەکەن، فڕۆکەیەك بەردەبێتەوە..دوای چەندرۆژێك کۆنترۆڵی دەزگا نەوتییەکانی (عین زاله)یش دەکەن..له دەڤەری سۆرانیش (مام جەلال) و هەڤاڵانی لەشکرەکان ڕێك دەخەنەوە و شارۆچکەی (ئاغجەلەر) کۆنترۆڵ دەکەن و تانکێك وچەند سەیارەی سەربازی دەسکەوتیان دەبێت و چەندین ئەفسەر وسەرباز بەدیل دەگرن وبارەگای هێز لە(چەمی ڕەزان) دادەنێن و بەرەیەکی فراوان لەپێش لەشکری داگیرکەر دروست دەکەن و رادیۆی (دەنگی کوردستان)دادەمەزرینن وهەواڵی چالاکی وهەڵوێستی شۆڕش و سروودی نیشتمانی تێدا پەخش دەکەن.. ڕۆژ بەرۆژ شۆڕش بەهێزتر دەبێت وپێشمەرگە هەموناوچەکانی گەرمیان و شوان وشێخ بزێنی و ساڵەیی و بیانی..تانزیك کەرکوك کۆنترۆڵ دەکات..*

***

* لەساڵی1963یش چەندین هێرش و پەلاماری (حەرەس قەومی) شۆڤینی تێکدەشکێنن و درێژە بەخەباتی شۆڕشگێڕانە دەدەن.

# کودەتای 8ی شوباتی

# 1963




## بەشی یەکەم

# کودەتای 8ی شوباتی 1963

دەوروبەری کاتژمێر 8 ی بەیانی ڕۆژی هەینی 8 ی شوباتی 1963، بەرامبەر14ی ڕەمەزان،بەلەبەرچاوگرتنی ئەورۆژەدەوام ڕەسمی نابێت، عەبدولکەریم قاسم لە پشوودا دەبێت.. ڕێگاکان چۆڵ و هاتووچۆیان کەم لەسەر دەبێت،عەبدوسەلام عارف وبەعسییەکان دەست بەجێبەجێکردنی کودەتا دژ بە ڕژێمی قاسم دەکەن.

کاتژمێر هەشتی تەواو، عەبدول سەلام عارف دەگاتە کەتیبەی دەبابات لە ئەبو غرێب و پەیوەندی بە عەقید(ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە دەکات، بەهەردووکیان سەرپەرشتی خالید مەکی هاشم دەکەن و داوای لێدەکەن بەرەو بەغدا بجولێت.

کاتێك دەگنە بارەگای ڕادیۆ،ئەفسەرەکانی بارەگاکەش هاوکاریان دەبن و دەست بەسەر کەلوپەلی ڕادیۆکەدا دەگرن. لە سەعات (9:40) خولەك یەکەم بەیاننامەی (ئەنجومەنی نیشتیمانی شۆڕش)ی کودەتاچییەکان دەخوێننەوە وکۆتایی هاتنی ڕژێمی قاسم بڵاودەکەنەوە..

ڕۆژەورۆژانی دواتر دەستەیەك بەناوی حەرەس قەومی دروست دەکەن و بە ناو کوچەو کۆڵانەکانی بەغدا دا بڵاوەیان پێدەکەن و دەکەونە کوشت و بڕی خەڵکی سڤیل و شیوعیەکان وئەوکەسانەی کەخۆیان بەلایەنگری قاسم ودەسەڵاتەکەی دەزانن..

یاسای ژمارە(35) ی 18/ 5/1963 بۆ حەرەس قەومیەکان دەردەکەن،



# کودەتای 8ی شوبات و گفتووگۆ لەگەڵ کورد

دوای شۆڕشی14ی گەلاوێژ عەربە نەتەوەپەرست وبەعسییەکان خەریکی بنکۆڵکردن وپاشقولدانی دەسەڵاتی عبدالکریم قاسم دەبن، لەوماوەیەدا عبدالکریم قاسم دەیەوێت وەك سۆڤیەتییەکان خۆی تاکەفەرمانرەوا بێت، ئەگەرچی چەندین جاربەڵێن بەعێراقییەکان دەدات ،خۆی بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەوخاوێن.بۆپێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی و خزمەتگوزار ئامادەدەکات..

لە ساڵی 1959دەست دەکات بەبێلایەنکردنی نەیار ورکابەرەکانی و 36 ئەفسەری هاوپیشەی لەسێدارەدات..کەلەنێویاندا (رفعەت حاجی سری) سەرۆکی ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیش دەبێت، دوای ئەوە دەکەوێتە پەراوێزخستنی ئەفسەرە بەعسی ونەتەوەیی و شیوعی و کوردەکان.. زۆری پێناچێت یەکەم هەوڵ بۆ روخانی لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت ولە ناوەراستی شاری بەغدا، هەوڵی تێرۆرکردنی دەدەن،ئەنجام خۆی وپاسەوانێکی بریندار و شوفێرەکەی دەکوژرێت...

پێشتر لە موسڵ هەوڵی کودەتا لەلایەن عەقید عبدولوەهاب شەواف ئەنجامدرابوو، بەڵام عبدالکریم قاسم شکاندبوونی،هەموو بەشداربووانی

کودەتاکەی لە سێدارە دابوو. بە بڕوای مێژوونووسان قاسم لە ماوەی ساڵی 1961دا پتر لە 6 هەوڵ بۆڕوخانی درابوو،بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبووبوو..لەهەموو ئەمانە هیچ وانەیەك فێر نەبوو بوو، بەڵکو چەند هەنگاوێکی تری نابوو،ئەوانە بووبوون بە هۆی ئەوەی بەرەی دژە قاسم زۆر بەهێزتربن.. ئیتر وردە وردە دەسەڵاتی قاسم لەرووی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە تووشی دابڕان دەبێت...لەجیاتی ئەوەی هەوڵی هێور کردنەوەی دۆخەکەبدات،پەلاماری کوێتی دابوو،کردبووی بەپارێزگایەك لەپارێزگاکانی عێراق، نێوانی خۆی لەگەڵ بەریتانیا تێك دابوو و پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ وڵاتی لوبنان و تونس و ئوردن وئێران و ولایەتە یەکگرتووەکان ویابان وچەند وڵاتی تردەپچڕاندبوو،چونکە هەموو ئەو وڵاتانە دژی داگیرکردنی کوێت بوون.

- دوای ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بێئومێد دەبێت لەسیاسەتەکانی عبدالکریم قاسم،بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێ بۆ ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە، ئامادەدەبن هەماهەنگی لەگەڵ هەرهێزێکی نەیاریدا بکەن.. لەهەمان کاتدا سەرانی بەعس خەریکی پیلانی کودەتا دەبن، بۆ ئەو مەبەستە علی صالح السعدی و تاهیر یەحیا چاویان بە صالح یوسفی (ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی) دەکەوێت، بەمەبەستی ئاڵ و گۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان و هەماهەنگی لەپێناو ڕووخانی ڕژێمی قاسم، لەو دانیشتنەدا (السعدی) بەڵێنی زارەکی بەکورد دا کە دوای سەرکەوتنی پیلانەکەیان مافی ئۆتۆنۆمی بەکورد دەدەن، بەڵام تاهیر یەحیا بەلێنی نووسراو بەکورد نادات.. لەو دانیشتنە ئەو ڕاستییە

دەردەکەویٚ کە سەرانی بەعس نیازیان نەبووە بەفەرمی دان بەمافە ڕەواکانی کورددا بنێن..(1)

ـ لە1963/2/4 باڵیۆزخانەی بەریتانیا چاوی بە (البکر) دەکەوێت و کاتژمێری سفر دیاری دەکەن..باڵیۆزخانە بەڵێنی ئەوە دەدات ڕێگری لەبەرگرییەکانی قاسم بکات..ئەو هەلومەرجانە زەمینە دەرەخسێنن بۆ بەعسییەکان...کە بەنهێنی حەرەس قەومی دابمەزرینن.. کەدواتر پاڵپشتێکی زۆر بەهێزدەبن بۆ کودەتای 8ی شوباتی 1963، یەکەم پڕیشکی کودەتا بەکوشتنی فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق (عمیدجعفر اوقاتی)دەست پێدەکات و دوای ئەوە کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی فەرماندەکانی کودەتاکە کە بریتی دەبن لەچەندئەفسەرێکی بەعسی و نەتەوەپەرست .کودەتاکەیان رادەگەیەنن. کۆنترۆڵی دەزگاکانی راگەیاند دەکەن و وەزارەتی بەرگری و کۆشکی قاسم بەفڕۆکە و تانك و زرێپۆش ئاگرباران دەکەن،هەرچەندقاسم ئەورۆژەبەرگرییەکی زۆردەکات، بەڵام کار لەکار دەترازێت و پێش نیوەڕۆ قاسم وداروودەستەکەی بەوە رازی دەبن خۆیان رادەستبکەن،بەومەرجەی لەدادگایەکی عادیلانەدا.. بەئاشکرادادگایی بکرێن،نیوەرۆی9ی شوبات قاسم خۆی رادەستدەکات.

---

سەرچاوە:

1 ـ هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری

ـ توێژینەوەیەکی مێژوویی یە ــ د. جمال فتح الله تەیب

ـ زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردی ــ بەشی مێژوو

بەباڵبەستراوی دەیبەنە ستۆدیۆی تەلەفیزیۆن و لەدادگای تایبەتییەوە بەسەرۆکایەتی(عبدالغنی الراوی)خۆی وهاوڕێکانی بەمەرگ سزادەدرێن، بەپەلە گوللەبارانیان دەکەن ولاشەکانیان لەتەلەفیزیۆنەوە نیشان دەدەن. لە دوای ئەوەی کودەتا سەردەگرێت و حکومەتەکەی (عبدالکریم قاسم) هەرەس دەهێنێت،حکومەتی نوێ بۆئاسایی کردنەوەی دۆخی عێراق و پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵات دەکەوێتە نەرمی نواندن لەگەڵ شۆڕشی کوردستان و داوای گفتوگۆ وچارەسەری بە ئاشتی کێشەی کورد دەکەن.
ـ لە (8 شوباتی 1963) لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەکی پشتگیری بۆ(عبدالسلام عارف)سەرۆك کۆمار دەنووسن و ڕێگای ئاشتی ودۆستایەتی.. ڕێگای ئاشتیانە بەباشترین چارە دادەنێن. بەوشێوەیە عارف دەتوانێت لە(مەلامستەفا)نزیك ببێتەوە..

لە 1963/2/10 ئاگربڕ رادەگەیەنن و حکومەت ئامادەیی نیشان دەدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، هەربۆ ئەو مەبەستە لە 1963/2/18) شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی (مام جەلال)وئەندامیەتی(صالح یوسفی) و(لوقمان بارزانی) دەچنە بەغدا. لەبەر ئەوەی حکومەتی عیراق، هێشتا پایەکانی لاواز دەبێت، نایەوێت بەرەی کوردی لەخۆی بکاتەوە،بۆیە هەرلەگەڵ دەستپێکردنی مفاوەزات، بەکەمتر لە ماوەی مانگێك ڕێکەوتنێك ئیمزا دەکەن، کە خاڵە گرنگەکانی بریتی دەبن لە:

**أ . نیوەی داهاتی نەوت بدرێت بە کوردستان.**

**ب . بۆسنووری لامەرکەزی(چیای حەمرین)دەستنیشان بکرێت.**

**ج . سەرباز و فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە کورد بن.**

**د . زمانی کوردی ببیت بە زمانی فەرمی.**

**دواتر رێکەوتنەکە لەرادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداوە، لەسەر زاری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عیراقەوە بلاوبکرێتەوە..هاوکات بۆ بەشداریکردن لە(کۆنگرەی یەکێتی عەرەب)کە لەقاهیرە دەبەسترێ،مام جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی میسردەکرێت، کۆنگرەکە لە نوێنەرانی عیراق و میسر و سوریا پێك دێت...بەلاَم دوو رۆژ بەرلەچوونەکەی بۆ کۆنگرەی قاهیرە، مام جەلال نامەیەك بۆمەلامستەفا دەنووسێت،هۆکاری سستی مفاوەزات، پێشبینی خۆی و چارەسەر دەخاتە ڕوو،لەکۆتاییدا داوای وەلاَمی بەپەلە لە بارزانی دەکات..بەپێی نامەکە و بە شێوەیەکی گشتیش (مام جەلال) بیَ هیوا دەردەکەویَ لەوەی مفاوەزاتەکە تاکۆتایی سەربگرێت..چونکە پێی وادەبێت، حکومەتی عیراق دوای ئەوی خۆی دەگرێتەوە..خۆی دەدزێتەوە لە داواکارییەکانی کورد...بەتایبەت ئەمەنامەی دووەمە کە مام جەلال بۆمەلامستەفای دەنووسیَ،لەپێشەکی نامەکە دەنووسێت:**

**بەغداد**

1963/4/6

**گەورەی بەرێز و خۆشەویست**

**جەنابی مەلا مصطفي**

**سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم**

**لە نامەی پێشوودا ئاگادارم کردن لەوەی بووە.***

**وا لەم نامەیەدا هێندێ معلوماتی ترتان پێشکەش ئەکەم:**

**مفاوەزات ئێستە راوەستاوە چونکە وەفدی شعبی قەول بوو لە حکومەت بپرسنەوە ئایە ئەوان نوێنەری حکومەتن یاهەر (وسیتی خێرن) چونکە ئێمە پێویستە لەگەڵ حکومەت دانیشین یان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت. بەلامانەوە ! بۆیەحکومەت وەفدی شعبی ناردووە چونکە یەکسەر خۆی نایەوێ بمان بینێ وە یان رەنگە بیەوێ مسئولیات توزیع کات وە یان بیەوێ بەوانەی بسەلمێنێ کە مەتالیبی ئێمە زۆرە و تەحمل ناکرێت تا گەر شەڕ دەستی پێ کردەوە ئوبال بخەنە ئەستۆی ئێمە.دوێنێ شەو قەول بوو رئیس وزرا ببینین، بەلام پاشان اعتزاریان خواست کە گوایە لە رۆژی شەمەوە رئیس وزرا بۆ ئێمە تەرخان ئەبێت وە هەموو وەختی بۆ مەسەلەی ئێمە ئەبێت. کەچی بۆ بەیانی زانیمان کە ئەچێتە قاهیرە.**

* بەداخەوە نامەی یەکەممان بەردەست نەکەوت ـ نووسەر

**مام جەلال بەروونی بەمەلا مستەفای بارزانی دەڵێت،کەحکومەتی عیراق جددی نییە،لەداواکارییەکانیان وبۆی روون دەکاتەوە،کەپاساو دێننەوە..**

**دواتر دەنووسێت:**

**دیعایەمان لەسەر کراوە لەناو خەڵك و ئەحزاب و شخصیات دا کە مەتاڵیبمان زۆرە و ئێمە توندین.. حسین جمیل زۆر دیعایەی لەم روەوە لەسەر من (جلال) کردوە کە گوایە من توندم و مغرورم وە هەر بە زمانی خەنجەر قسە ئەکەم. لەکاتێکدا ئێمە هێشتا مەتاڵیبی خۆمان بە تحدیدی تقدیم نەکردووە لەبەر دوو سەبەب:**

**ـ ویستمان لە پێشەوە بەردانی گیراو و رفعی حجز و ئەم شتانە بکرێت. کە من بە شفرە باسی ئەوەم کرد ئەمانەوێ خارجیە و دیفاع و تجارەی خارجی و مالیە و عدلیەی عام مرکزی بن (بە ملاحزاتی خۆمانەوە) وە ئەوانی تر لامرکزی بن، ئەوا فائق سامەڕائی توڕەبوو، وە گوتی ئەمانە (هەر وارد) نیە وە قبولڵ ناکەین باس بکرێن. بەڵکو دەیانگوت مەسەلەکە لە (دێ) وە دەست پێ بکەن یان لە متصرفیەتەوە، هەر وەك مەسەلەی لامرکزی اداری لیواکان بیت. بەڵام ئێمە بەبیرمان هێنانەوە کە لابردنی ناوی حوکمی زاتی لابردنی مەزمونەکەی نییە، بەڵکو ئێمە مەزمونیمان هەر ئەوێت.ئەوەی راستی بێ ئەو مشروعەی وەختی خۆی لە چوارقورنە لەجەنابتیان وەرگرت(کەگوتم بانەیان دەینێ)کردوویانە بەدیعایە زدمان. لای موصلاویەکان ئەڵێن کوردەکان حتی دەیانەوێ موسڵ بکەنە کورد !**

وە لای خەڵکی تر ئەڵێن ئەوەی کوردەکان داوای ئەکەن لە فیدراڵیەتیش زیاترە چونکەئەوە حوکمی زاتی نییە.ئەڵێن لەهیچ دنیایەك حوکمی زاتی ئەو هەموو شتەی تیا نییە کە داوای ئەکەن.

لەبەشێکی تری نامەکەدا، کە بەراستی بۆ من جێگای سەرنجێکی زۆر بوو، ئەو پێشنیازو سەرنجانەی مام جەلالە کە بۆ مەلا مستەفا بارزانی نوسیوە، کە کورد لەو سەردەمە واتە (59) ساڵ پێش ئێستا چۆن داوای مافەکانی خۆی کردووە، لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەو ئیقلیمی چوارەمەیە کە مام جەلال باسی دەکات،واتە لە ساڵی 1963 مام جەلال پێی وابووە کوردستانی عیراق دەبێت ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ،لە پاڵ هەرێمی عیراق و سوریا و میسر، بۆیە دەنووسێت:ئێستە داوامان لێ ئەکەن کە مشروعێك تقدیم بکەین ئێمەش لامان وایە کە مشروعێکی وا تقدیم ئەکەین کە حدی ادنای خۆمان بێت و بەعباراتی نەرم بێت لەبەر ئەم سەببانە:ڕەنگە ئەم حکومەتە سەبارەت بە زەعیفی خۆی و ناکۆکی ناوخۆیان وە هەرایان لەسەر وحدە لەگەڵ مصر نەتوانن هیچ بکەن، وە ڕەنگە مشروعێکی توند لە ئێمەوە، بکەنە بەڵگەی دیعایە زدمان.

- بۆدیعایەی دەرەوە زدمان مشروعی توندخراپە.ئەوەی بیستوومانە هەموو دەوڵەتەکان (امریکا، انگلیز، المانیای غربی ..هتد) زدی ئەوە نین بەسلمی مەتالیبی معقولی کورد بدرێ.بۆیە لە مفاوزات ئەبێ مسئولیەت بکەوێتە سەر حکومەت تا ئێمە عەتفی غربیش وەرگرین، لەکاتێکدا شرق زدی حکومەتی عراقە.

**ـ ئێمە ئەتوانین لەکاتی وەحدە وە یان اتحادا ئەم مەتالیبانە بدەین کە اتحاد و وەحدەش ئیمڕۆ نەگۆڕێت بەڵام لەژێر ئەم پەردەوە: لەکاتی ئەوەی عراق وەك خۆی مایەوەخطوطي عریضةی لامەرکەزیەتمان بدەنێ. گەر اتحادی عربی بوو، مەزمونی واسعی حوکمی زاتی و بەناوی حوکمی زاتیشەوە بمان درێتێ. لەکاتی وەحدەی عرەبیدا، ئێمە ببینە اقلیمی چوارەم وەك سوریا و مصر و عراق. واتە کوردستان اقلیمی چوارەم بێت جا گەر هاتوو ئێمە مشروعێکی وامان تقدیم کرد لەگەڵ رازاندنەوەی بە جمل و عباراتی جوان ئەوا عطفي دەرەوە و ناوەوە وەرئەگرین.جگە لەمە پێویستە باسی دیموقراطي یەت وانتخابات و دەستووری دیموقراطي بکەین بۆهەمووعراق.هەرلەنامەکەدا،مام جەلال بۆچوونی حزبەکانی عیراق لەو سەردەمە لەسەر مفاوەزات باس دەکات و لەگەڵ ئەو سەردانە چاوەڕوانکراوەی بڕیارە جەمال عبدولناسری تێدا ببینێت، تەنیا پێنج رۆژ دوای ئەو نامەیە وەفدەکە چوون بۆ قاهیرە، بۆیە مام جەلال دەترسێت حکومەتی عیراق بەناوی کوردەوە قسە بکات لای عبدولناسر، بۆیە لە کۆتایی نامەکەش دەنووسێت:**

**دوێنێ سفیری عربیەی متحدەمان دیت سلاوی ئێوەمان پێدا ناردەوە بۆ ناصر وە پێمان گوت کە ئاگاداری بکە کە ئەم حکومەتە بەناوی کوردەوە قسە ناکا وە بۆ قەزیەیەکی مصیری وا مهم ئەبێ رەئی کورد وەرگیرێت. وە گوتمان ئێمە لەکاتی وەحدەدا یان اتحادا چیمان ئەویست.جا زۆر زۆر تکاتان لێ ئەکەم کە بە زوویی ئاگادارمان بکەن ئایە ئێمە چی بکەین؟**

**ئایە چۆن بجولێینەوە؟ وە ئایە بمێنینەوە یان بگەڕێینەوە.**

**ئیتر خۆشیتان**

**برایان هەموو سڵاویان هەیە**

**بچووکتان**

**مام جەلال**

1963/4/6

**پێشبینییەکانی مام جەلال و وەفدی هاوڕێی لە جێی خۆیدا بوو، چونکە دوو مانگێك دوای ئەم نامەیەو بە دیاری کراوی لە (1963/6/6)داسوپای عیراق و(حەرەس قەومی)بەعسییەکان لەناکاو پەلاماری کوردستانیان دایەوەو سیاسەتی رەگەزپەرستانەیان درێژە پێدا، دواتر لە رادیۆی بەغدا کوردیان بە جوداخواز و کۆمۆنیست و زایۆنیست ناوبرد، بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماریاندا وتاوانی گەورەیان ئەنجامدا،هەزاران کەسیان لە شارەکانی(کەرکوك وهەولێر و سلێمانی و مەخموور و کۆیە و کفری)...دەستگیرکرد.**

* . سەرچاوە : دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان / محمد رسول هاوار چاپی لەندەن

** یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکەی شێخ محمود

بەغداد

١٩٦٢/٩/٦

گەورەی بەڕێزو خۆشەویست جەنابی مەلا مصطفى

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

لە نامەی پێشوودا ئاگادارم کردن لەوەی بووە . والەم نامەیەدا هەندێ معلوماتی ترتان پێشکەش ئەکەم :

١- مفاوضات ئێستە راوەستاوە چونکە وەفدی شعبی قەول بوو لە حکومەت بپرسنەوە ئایە ئەوان نوێنەری حکومەتن یاخود – وسطای خێرن – چونکە ئێمە پێویستە لەگەڵ حکومەت دانیشین یان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت . بەڵامانەوە ، بۆیە حکومەت وەفدی شعبی ناردوە چونکە ئەیلەوێ خۆی نایەوێ بمان بینێ وە یان رەنگە بیەوێ مسئولیات تۆزێکات وەیان بیەوێ بەوانەی بسەلمێنێ کەمطالیبی ئێمە زۆرەو تحمل ناکرێت تا گەر شەڕدەکەن لێ کردەوە ئەوبال بخەنە سەری ئێمە .

(1)

بە دوینێ شەو قەبول بوو رئیس وزرا ببینین ، بەلام
پاشان اعتذاریان خواست کە گوایە لە روژی
شەممەوە رئیس وزراء بوئەم تەرخان نەبیت
وە ئەمو وەختی بومنە لەو ئیمە نەبیت. کە چی
بومان زانیان کە نەچیتە قاهیرە.
٢ـ دیقایەمان لەسەر کراوە لەلا و عەکو نەزاب و
شخصیات دا کە مطالیبمان زورە و ئیمە
توندین. حسن جمیل زور دیقایەی لەم
رووەوە لەسەر ـ سن ـ جلال ـ کردوە
کە گوایە من توندم و مغرورم وە هەر
بەزمانی خەنجەر قسە ئەکەم. لێرا تێکدا
ئیمە هێشتا مطالیبی خومان بە تحریری
تقدیم نەکردوە لەبەر دوو سەبەب:
أ ـ ویستمان لە پێشەوە بەسەر دلێ گیراوو
رفعی عجز و ئەم شتانە بکرێت.
ب ـ کە من بە شفهی باسمانە وەم کرد

(2)

(٢)

ئەمانەوی خارجیەو دیفاع و تجارەی خارجی و مالیەو
عدلیەی عام مەرکەزی بن ( بەملاحظاتی خومانەوە )
وە ئەوانی تر لامەرکەزی بن ، ئەمرا فالفقەسا رائی
تورەی بوو وە گوتی ئەمانە (ادار واردم) نیە
وە قبوولی ناکەین باسی کرێن - بەڵکو
دەیگوت مەسەلەکە لە (ادی) وە دەستی مالیکەکان
یان لە متصرفیەتەوە ، هەر وەک مەسەلەی
لامەرکەزی اداری لیوایەکان بێت . بەڵام
ئێمە بیرمان هێنایەوە کە لابردنی ناوی
حوکمی ذاتی لابردنی مضمونەکەی نیە ، بەڵکو
ئێمە مضمونیان هەر ئەوەیست .
٤ - ئەوەی راستی ئەوە مشروعەی وەختی
خۆی لەچوارقورنە لە جنابتیان وەرگرت
( کە گوتم بانێیان دەنێ ) کردوویانە بەدیعایە
ضدمان . لای مەرحلەویەکانە ئەلێن

(3)

کوردەکان حەتا دەیانەوێ حوسل بکەن کوردا
وە لای خەڵکی تریش ئەلێن ئەوەی کوردەکان
داوای ئەکەن لە فیدرالیەتیش زیاترە
چونکە ئەوە حوکمی زاتی نیە . ئەلێی
لەهیچ دنیایەک حوکمی زاتی حیش و ئەوەهمو
شتەی نیە کە داوای ئەکەن .

٥ـ ئێستە داوامان لێ ئەکەن کە مشروعی تقدیم بکەین
ئێمەش لامان وایە کە مشروعێکی وا تقدیم ئەکەین
کە حەدی ادنای خومان بێت وە بە عیبارەتی
نەرم بێت لەبەر ئەمە مسبانە .

٦ـ رەنگە ئەم حکومەتە سەبارەت بە ضعفی
خۆی و ناکۆکی ناوخۆیان وە هەرایان
لەسەر وحدە لەگەڵ مصر نەتوانن
هیچ بکەن ، وە رەنگە مشروعێکی
توندلەئێمەوە ، بکەنە بەڵگەی دلیایە ضدمان .

(4)

(٢)

ب- بودیعایە دەرەوە حێنەمان شەرعی کوێند
خراپە. ئەوەی بیستومانە کە موو دەولەتەکان
(امریکا، انگلیز، المانیا، غربی ... هتد) ضدی
ئەوە نین بەسلمی مطالیبی معقولی کورد بدرێ.
بۆیە لە پاش مفاوضات ئەبێ مسئولیەت
بکەوێتە سەر حکومەت تا ئەم عطفی
غربیشی وەربگرێ، لە کاتێکدا شەرەکە ضدی
حکومەتی عراقە.

ج- ئێمە ئەتوانین لە کاتی جوەدیەوە یان
اتحادا ئەم مطالیبانە بدەین
کە اتحاد و وەحدیش ئێمەو لەگەڵین
بەلام لە ئێمە ئەم پەردەوە :
لە کاتی ئەوەی عراقە وەک خۆی مایەوە
خطوطی عریضی لامرکزیە تەمان بدەین.
گەر اتحادی عربی بوو، مضمونی واسعی

(5)

حکمڕانی و بناوەی حکمی ڕانیشتەوە بماڵ دەرێ.
لەکاتێ وەها دەوەی بمرە بیدا ئێمە ببینین
ئیقلیمی چوارەم وەک سوریا و مصر و
عراق . واتە کوردستان اقلیمی چوارەم نییە
* جا گەر هاتو ئێمە مشروعێکی وامان
تقدیم کرد لەگەڵ ڕازاندنەوەی بە جمل و
عباراتی جوان ئەوا لطفی دەرەوە ڕناوەی
وەرنەگرین .
جگە لەمە پێویستە باسی دیموکراطیەت و
انتخابات و دەستوری دیموکراطی بکەین
بۆ هەمو عێراق .
مایەوە حقیقی افرادی قومی عرەبی:
١- حزبی استقلال چەند جاری حملەیشتیان و
مەهدی کوبەی ڕەئیسیانمان دیوە .
(6)

ج) ئەوان ئەڵێن ئەم حکومەتە زۆر ضعیفە ، ئەم مەسەلەی
کورد وە ئەم مەسەلەی عرب ناتوانێ حل کات .
بۆیە ئەڵێن ئەبێ مەسەلەی کورد لەگەڵ ناصر
باس بکرێت . وە ئەڵێن باشە رێگەیەک بدرێت
کە پێکەوە داوای حقوقی دیموکراطی وانتخابات
بۆ هەموو عراق بکەین ئەوسا مەسەلەی کوردیش
لە ضمنی ئەوەدا حل ئەکرێت .

٥ ـ حزبی چاودێری : ئەڵێن شەڕ هەڵگیرسانەوەی
نوێ کارێکە . ئەڵێن ئەبێ مطالیباتی تقدیم
بکەین بە نووسراوی و معقول بێت نەوەکو بگرن
بە وەسیلەی دعایە ضدی کورد .

٦ ـ حرکة القومیین العرب : ئەڵێن کورد شعبە
وە حتا حقی دەولەتی کوردیان هەیە بەڵام جارێ نا
وە حقوقی قومی ئەبێ بدرێ بەڵام
انفصال نەبێت . وە ئەڵێن ئێمە حاضرین
کە تعاون بکەین لەگەڵتا لەم حدە .

(7)

دیسان ئەوانیش داوا ئەکەن کە ئێمە مشروعی
معقولی خۆمان بۆ حقوقی قومی وە مەسەلەی لامەرکزیەت
تقدیم بکەین .

جانیش رەئیم وایە کە :

١- مشروعێ تقدیم کەین بۆ لامەرکزیەت
حدی ئەدنای تیا بێت .

٢- مشروعێ بە عامی بدەین بۆ بابەت
مطالیبمان بلێین لەکاتی اتحاد خو وە حدەدا
وەک پێشتر نوسیومە .

٣- اتصالێک بە ناصرەوە بکەین ئەوە .
بەوبۆنەوە ئێمە نامەیەکمان بۆ [illegible] مۆتمرێ
تاهیدە ناردەوە ، تیایا گوتووتانە کە
دە برایەتی شعبی کورد وەرگیرێت
وە مطالیبی کورد رەچاو گیرێت ئەوێ کا
سەبەبی مشتێکی وەها روو بدا کە کورد
لێی ناڕازی بێت . هەر وەها گوتووتانە

(8)

٥ لە کورد جندی عرب نیە و جنگی اتحادی عرب نیە ، بەلکو هەر عەرەب بو خوی ئەویت ئەم شەرانەی باشە ، بەلام حقی خوشمان بدەنی .

دوینی سفیری عربیەی متحدەمان دیت سلاوی شیوەمان تێ دا نارده عبو ناصر وە بە پیمان گوت کە ئاگاداری بکە کە ئەم حکومەتە بەناوی کوردەوە قسە ناکا وە بو قضیەکی مصری و اصلاحی ئەنطرەوی کورسد وەرگیریت - وە گوتمان ئەم لە کاتی جەنگدا لە اتحادیا جیا ئەویت .

جا زور زور تکاتان لی ئەکەم کە بە زوویی ئاگادارمان بکەن

(9)

ئایه ئێمه چی بکه‌ین ؟ ئایه چۆن
بجولێینه‌وه ؟ نه‌ ئایه بمێنینه‌وه
یان بگه‌ڕێینه‌وه .

ئێستر خۆشیتان
براکان هه‌موویان سڵاویان کردیه

به‌خودا دلتان .
مه‌جه‌لال

٩٦٢/٤/٦

(10)

ـ گەرچی پێش دەسپێکردنی گفتووگۆکە (عبدالسلام عارف) تاهیر یەحیا (سوپا سالاری عێراق)ی ناردبوو ، بۆلای سەرکردایەتی جولانەوەی ڕزگاری خوازی کورد، دواتر سەرانی بەعس ڕاگەیەندراوێکی ڕازاوە لە بارەی کودەتای 8ی شوبات 1963 بڵاوکردبووەو ڕایدەگەیاندبوو:

"ئەم شۆڕشە شۆڕشی هەر دوو گەلی عەرەب و کوردە لە دژی قاسم"، لە 15ی ئازای 1963دا سەرانی بەعس پرۆژەی بەڕێوەبردنی خۆجێی بۆ چەندناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق بڵاودەکەنەوە، کە کوردستانیش دەگرێتەوە..بەپێی پرۆژەکە،عێراق بەسەرشەش ویلایەتدا دابەشدەکەن: (موسڵ،کەرکوك،سلێمانی،بەغداد،حیللە،بەصرە) دەبن، بەڵام ئەوپیلانەی بەعس کە دایڕشت بوو،بەسەر کورددا تێنەپەڕنابێت و لە بەرامبەردا سەرکردەکانی کورد لە میانەی ئەو کۆنفرانسەی (پ.د.ك) لە شاری کۆیە لە 18–22ی ئازاری 1963دا ، ئەم پرۆژەیە ڕەتدەکەنەوە.(1)

ـ لەڕاستیدا بەعسییەکان لە بنەڕەتدا بڕوایان بە پێدانی مافەکانی کورد نەبووە، لە دەرفەتێك گەڕاون تا پێگەی خۆیان بە هێز بکەن، ئینجا بە زەبری هێز گەلی کورد ناچار بکەن کە واز لە داواکارییەکانیان بهێنن، بۆ ئەو مەبەستەشیان پەنایان بۆ دامەزراندنی میلیشیای چەکداری وەك حەرەس قەومی بردوە، دواتر لە حوزەیرانی 1963دا پەلاماری باشووری کوردستانیانیان داو،زیانێکی گەورەی گیانی وئابووری بەدواوە بوو.(2)

1ـ کوردستانی نوێ : مەریوان مەسعود ـ 2022/5/28

2 ـ هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری ـ توێژینەوەیەکی مێژوویی یە ـ د. جمال فتح الله تەیب




# چوونی مام جەلال بۆ پاریس

## لە بیرەوەری د ـ نوری تاڵەبانی دا

مام جەلال سەردانی پاریسی کردسەردانەکەیشی ئەوەبوو،حکومەتی بەعس تازە کودەتای 8 ی شوباتی کردبوو،ئەوەبوو ماوەیەك شەڕ لەگەڵ شۆڕشی کورد دا راوەستابوو،شاندێك چوون بۆ بەغدا،بۆ وتووێژ..

بەڵام بەعس هەر لەسەرتاوە درۆیەکرد..ئەیەویست بەدەمیانەوەبگرێت هەتا خۆیان بەهێزەکەن تاکوخۆیان ئامادەکەن بۆهێرش کردنە سەر شۆڕشی کورد...... ئەوشاندە کوردە چوونە بەغدا سەرۆکی وەفدەکە (مام جەلال)بوو،لەوێ پێیان ئەڵێن:

ئێمەرازین بەوداواکارییانەی ئێوە.بەڵام خۆتان ئەزانن.ئیستا عبدالناصر. ئەوکاتە(جمال عبدالناصر)وەکو ئەڵێ قائیدی عروبەی هەموو وڵاتانی عەرەبی بوو، ئەبێ ئێمە بچین پرسی پێ بکەین، ئەگەر رازی بوو ئەوکاتە ئەوشتانەی ئێوە داوای دەکەن ئەتاندەینێ..

مام جەلال ئەڵێ: قەیچی ئەکا ..منیش ئامادەم.. دێم لەگەڵتان بۆ ئەوەی مەسەلەی کوردی بۆ روون بکەینەوە..

**شاندەکە دەچن بۆقاهیرە،مام جەلال ئەڵێ من دێم بەڵام من ئەوە چەند ساڵە لەوکێوانەم دابڕاوم لەکتێب وشتی وا..بەیروت جێگای کتێبە،من ئەچمە بەیروت لەوێ تەماشای کتێبخانەکانی دەکەم هەندێ کتێب دەکڕم و رۆژی پاشتر دەگەمە قاهیرە..دەچێتە بەیروت و لەوێ چەند کتێب دەکڕێت و رۆژی پاشتر دەچێتە قاهیرە...کەدەچێت تەماشا دەکات ئەوان دەستیان بە کۆبوونەوەکانی خۆیان کردبوو...**

**مام جەلال وەکو پاشان هاتە پاریس لەوێ بۆی گێڕاینەوە:گوتی چاومان بە(عبدالناصر)کەوت.ئەڵێ..خوا هەڵناگرێ هەڵوێستی زۆرباش بوو،**

**گوتی: تەنیا جیابوونەوە نەبێت هەرچی شتێك داوا دەکەن مافی خۆیانە بیان دەنێ..لەوە باشتر هەیە لەوسەردەمەدا لەساڵی 1963 کورد بەوداواکارییانەی خۆی بگات.. تەنیا جیابوونەوە نەبێ ،کوردیش داوای جیابوونەوەی نەکردبوو..**

**گوتی: بڕیارمان دا بگەڕێینەوە ..گوتی کە بۆگەڕانەوە گوتم من هەر دەبێ لە رێی بەیروتەوە بگەڕێمەوە..چونکە کتێبم کڕیوە کتێبەکانم لەوێیە،کتێبیش بەدەستی خۆم نەیبەمەوە ناگاتەوە دەستم..گوتی فوئاد عارف وچەند کەسێکی تر راستەوخۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا ، منیش چوومە بەیروت..**

**گوتی خوا لەدڵی نام شەو تەلەفۆنم کردلەگەڵ ... صالح یوسفی چونکە ئەو لەبەغدا مابوو وەکو جێگری سەرۆکی ئەندامی شاندەکە، شەوکە تەلەفۆنم بۆکرد تێیگەیاندم..بەشێوەیەك لەشێوەکان گوتی مەگەڕێوە..**

تومەس حکومەتی بەعس چاوەڕێ  بوومام جەلال  بگەڕێتەوە بەغدا لەوێ ئەویش بگرن و لەگەڵ ئەندامانی وەفدەکە بیان بەنە سەرتەلەفیزیۆن وبڵێن ئەوەتانی پەشیمانن و جنێو بەقیادەی شۆڕشی کورد بدەن..ئیتر مام جەلال بڕیاری دابوو نەگەڕێتەوە. سبەینێ ئەوفرۆکەیەی لە بەیروتەوە دەگەڕێتە بۆ بەغدا ئەمن دەوری دەگرن ..تەماشادەکەن مام جەلالی تێدا نییە..تێگەیشتبوو مام جەلال زانیبووی ئەوان نیازیان چییە.هەر بۆ رۆژی پاشتر  بڕیاریان دا کەهێرش بکەن بۆ سەرقیادەی شۆڕشی کورد.. مام جەلال..لەوێوە هات بۆپاریس چووە ڤییەنا لەڤیەناوە هات بۆ پاریس. پاریس ئەوکاتە بەراستی مەڵبەندی ئەوەبوو لەهەمووشتێك پروپاگەندە وشت بکەین لەسەر ئاستی دەرەوە..مام جەلال هات کوردیش ئەوکات تەنیا من و(کارۆزسکی)لەوێ بووین ،بەرۆژە ئەچووین بۆماڵی (د.کامەران بەدرخان)یان لەئوتێلێکی زۆر بەسیت دابەزیبوو ،چونکە ئیمکانییەتی مادییان نەبوو،لەوێ رۆژنامەنووسی (فەرەنسی و ئەوروپی و عەرەبی وئەمریکی..) ئەوانە هەموو دەهاتن،ئێمە لەگەڵی دابووین من و (کارزنسکا) هەرلەو ماوەدابوو حەزەکەم ئاماژەی بۆ بکەم،مەلیك حوسێن پاشای ئوردن لەپاریس بوو،بیستبووی مام جەلال لەوێیە،پەیوەندی کردبوویە(د.کامەران بەدرخان)ەوە کەحەزدەکات چاوی بەمام جەلال بکەوێ..(ئێ ئەوە کارێکی باشە..) ئەویش ئاگاداری کردەوە..لەوکاتەی بۆی دیاری کرابوو من وکاك زۆزك لەگەڵیا بە ئەندەرگراوند چووین بۆ ئەو ئوتێلەی کەوا مام جەلالی لێبوو،وێنەکەیشی هەیە(1)

**چووین بۆلای لەوێنانە مام جەلال چووسەرەوە بۆژوورەکەی مەلیک حوسین لەویٚ دەوری سەعاتێکی پێچوو، مام جەلال هاتەوە لەکاتی گەرانەوە نزیك ئوتێلەکەی بووینەوە ئیتر لەوکاتەیابوو ،کاك زۆزك ئامارژەی بۆ(مصور)کرد مصور هەبوو لەسەرشەقام وێنەیەکی گرتین ..ئەم وێنەیە ئەوەیە من و مام جەلال و کاك زۆزك ،ئەوە ئەوەیە لەمانگی تەمووزی 1963 لەیەکێك لەشەقامەهەرە گەورەکانی پاریس دا لەنزیکی سۆربۆ گیراوە.**[1]

---

1 . چاوپێکەوتنێکی نووری تاڵەبانی



## ئایە... بەر لەڕوودانی کودەتاکە سەرکردایەتی کورد ئاگاداربوو.؟

**کادری و ڕووناکبیری شۆڕشی ئەیلول تێکۆشەری دێرین(عبداللەسەڕاج) لەبیرەوەرییەکی خۆی دا بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە:**

### نهێنی

**ئەوسای کادری شوان وشێخ بزێنی بووم لەسنووری خاڵخاڵان،بۆپشوو و خۆخاوێن کردنەوە شەوێك و دووان لە گوندی (ئۆمەرمەندان) مامەوە، بەڕاستی ڕەوانشادان:فەقێ نەجیم وفەقێ شوان جێگای دایك و باوکیان گرتبووەوە بۆمن ،ئاویان بۆ گەرم دەکردم..**

**سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ نەوەکانیان (نێرگز و دکتۆر کەریم) دەبێ شانازی بەو دایك و باوکە کوردپەروەرەیانەوە بکەن.**

**کوێخا عمری ئۆمەرمەندان جارێك گوتی:میرزا شوان دەمەوێ بە تەنیا بتبینم...منیش گوتم: با بچینە کانیەکەی خوارین.. نزیکی مەرقەدەکە. لەوێ کوێخا عمر بە چپەدوو پێی گووتم : ئەچمە کەرکوك..**

**سەردانی ماڵی(فەیسەڵ ئەنساری) دەکەم.. کە قائدی فرقەی جەیشە، چونکە ژنەکەی خزممانە و کوردی ئۆمەرمەندانە.. بەڕاستی من لە وشەکانی سڕ ببووم، درێژەی پێداو گووتیەوە.،ژنە خزمەکەمان گووتی:**

**کوردەکان ئاگاداربکەوە..بەعسیەکان خەریکن هەڵگێڕانەوە (کودەتا)یەك دژ بەحکومەتی بەغدا سازبکەن،باکورد ئاگاداربن وخۆیان ئامادە بکەن. زۆر سوپاسم کرد و هەر زوو نامەیەکی چوکلێت ئاسام لە ڕێی بنکەی (حوشترمل)ەوە ڕەوانەی (چەمی ڕێزان) کرد..بەڵام بەداخەوە پاشان بەر گوێم کەوتەوە، کە نامەکەم دەکەنەوە و دەیخوێننەوە..زۆر گاڵتە و قەشمەریان پێ دێت..ئەوە بوو هەڵگێڕانەکەی ٨ شوبات 1963ڕوویدا و سیاستمەندارانی کورد لە گوێی گادا نووستبوون.. !!**

**ئەوە بۆ بیری سیاسەتمەندارانمان وا کولە..؟ تۆڵە لەنایاران ناکەنەوە، چی ما زەعیم صدیق بەخەڵکی سلێمانی نەکات.؟**

**کەچی بەناو شاری موسڵدا دەسوڕایەوە وسنگی دەردەپەڕاند.. !**

**لە کەرکوکیش فڕۆکەوان (مسرور صالحی)کەتورکمان بوو، لە یانەکاندا شانازی بەوەوە دەکرد نەك هەر کورد ئەکوژێ بەڵکو مەڕ و ماڵاتیانیش گوللەباران دەکات..حەیف بۆ گیانی یەکتری ڕۆستەمی زاڵ بووین هەزارانمان لە یەکتری سارد کردەوە ئەم چەند دێڕەم بۆ ئەوە تۆمار کرد بۆئەوەی ببێتە وانەو پەند وەرگرتن .**

**ئایا پەند وەردەگرن؟!!**

---

* سەرچاوە:

1 ـ پەیوەندی تەلەفۆنی ( مامۆستا عبدوڵلاسەڕاج ) 2002/12/25

2 ـ Sarajhttps://www.facebook.com/abdulla.saraj.1

## دەرکەوتنی

# حەرەس قەومی

### یەکەم: چەکەرەکردن

شانە چەکدارە نهێنییەکانی حزبی بەعس بەر لەهەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم دەست بەجموجول دەکەن..دوای ئەوەی بەعسییەکان ناڕەزایی خۆیان دەگەیەنن بە عبدالکریم قاسم و وەڵامێکی ئەوتۆیان دەستناکەوێتەوە..کاتژمێر (6:30)ی پاشنیوەڕۆی 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی1959گرووپێکی چەکدار دەنێرێنە شەقامی رشیدی شاری بەغداو لەکاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلەکانی عبدالکریم قاسم ،تەقەی لیٚ دەکەن، چەکدارەکان بریتی دەبن لە:

(سليم عبسي الزبيق ، سمير عبدالعزيز النجم ، حاتم حمدان العزاوي، عبدالوهاب الغريري ، عبدالكريم الشيخلي، احمدطه العزوز، صدام حسين)(1) لەئەنجامدا شوفێرەکەی بەناوی کاظم عارف دکوژرێت و عبدالکریم قاسم دەربازدەبێت.دوای سەرنەکەوتنی پرۆسەی تیرۆری عبدالکریم قاسم ، دەسەڵاتداران هەڵدەستن بە هەڵمەتی گرتن وراوەدوونانی سەرانی بەعس هەربۆیەهەمووسەرکردەوکادیرانی حزبەکە پەنا بۆ(سوريا) دەبەن.

---

1 ـ بڕوانە: مذكرات تحسين معلة/من الذاكرة،

صحيفة الصباح الجديد،العدد 2494 ـ 9 ـ 2 ـ 2013

ئەوانەی پەنابۆسوریادەبەن بریتی دەبن لەمانە: مدحت ابراهیم جمعة، علي صالح السعدي، حازم جواد، فيصل حبيب الخيزران ، عبدالستارالدوري، فؤاد هاني الركابي، هاني الفكيكي، فاتك الصافي، فاضل الشاهر.
بەوهۆیەوە حزبی بەعس لەعێراق زۆر لاوازدەبێت..هەربۆیە لەکۆتایی 1961سەرکردایەتی ئەوحزبە رازامەندی دەردەبڕێت لەسەر پێکهێنانی چەند شانەیەکی چەکداری و راهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی چەك... بۆئەومەبەستەیش پشت بەوبەعسییانە دەبەستێت کەپێشتر لە سوپای عێراقدا ڕاژەیان هەبووە...شانەچەکدارەکان لەلایەن (ابوطالب الهاشمي) ئەندامی لقی بەغدای حزبی بەعسەوە سەرپەرشتی دەکرێن، لەکۆتایی ساڵی1961ئەودەستەچەکدارانە دەگەنەوە بەغدا،مەبەستی سەرەکییان روخانی رژێمەکەی عبدالکریم قاسم دەبێت.

## دووەم :

## لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە

- لەساڵی1962ئەوشانەچەکدارانە دووبارە رێکدەخرێنەوە ودەکرێن بە (لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە) ژمارەیان نزیك دەبێتەوە لە(200– 250) کەسی مەدەنی،شوێنی سەرەکییان لە(کەرخ ورەسافە و کەڕادە و کازمیە) دەبێت، لەشارە گەورەکانی تری وەك موصل و بصره و(حیللە) یش لێپرسراوی لقەکانی حزب ئاگادار دەکەنەوە کەشانەی چەکدار دروست بکەن وخۆیان سەرپەرشتییان بکەن...

وەرگرتن لەو شانەچەکدارانەدا تەنیاوتەنیا بۆ ئەندامانی حزبەکە دەبێت، نەك بۆ هەرکەسێك کە نەیاری رژێمەکەی عبدالکريم قاسم بووبێت.. ژمارەیەکی زۆرلەخوێندکارانی ناوەندی وقوتابیانی زانکۆوپەیمانگاکان و هەندێ لە فەرمانبەرانی بەغدا،پەیوەندییان پێوە دەکەن..

لەتەوای ساڵی1962 دا حزبی بەعس هیچ بەرنامەیەکی نابێت، هەتا ئەوشانەچەکدارانە پێڕۆی بکەن،زیاتر بۆپارێزگاری لەخۆپیشاندانەکان بەکاری هێنابوون، یەکەم دیاردەی چەکداری ئەو لیژنانە لەساڵی 1962 ئەوکاتەدەبێت کە بەعسییەکان خۆپیشاندانێك لە بەغدا و شەقامەکانی (الرشيد وشورجه و بنك المركزي و مصرف الرافدين)ئەنجام دەدەن، لەوێ ئەندامانی ئەو لیژنانە بەدەمانچەوە بەشداری دەکەن،پێشتر پێیان راگەیاندرابوو، ئەگەرپۆلیس تەقەی لەخۆپیشاندەران کرد،ئەوا ئێوە وەڵامیان بدەنەوە..بۆ تێگەیشتن لەئاستی توانایی ئەولیژنانە لەو ماوەیەدا چەند جارێك تاقیان کردبوونەوە..تا بزانن لەچ ئاستێکدان بۆ راپەڕاندنی ئەوئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت..

لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە چاو بەناوچە ستراتیژییەکاندا دەخشێننەوە، شوێنەگرینگەکان دیاری دەکەن(1) ،لەگەڵ دیاری کردنی ئەرکی هەموو شانەچەکدارەکان بۆ چەند مەبەستێك:

یەکەم:دیاری کردنی شوێنە گرینگەکانی شارەکان..

---

1 ـ مجله الحرس القومي / العدد 1 /السنه الاولى 15 ـ تموز ـ 1963 ص 7

ئەویش بۆئەوەی شوێنەهەستیارەکان،چوارڕیانەکان،لەوانەئەوشوێنانەی هێزەکانی دژەکودەتا هاتووچۆیان پێدا دەکرد..بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەن.
دووەم: ئەرکی سەرشانی لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە ئەوە دەبێت، ئاماری لایەنە نەیارەکان بکەن وبیانخەنە ژێرچاودێری تەواوی خۆیانەوە.
سێیەم:پێکهێنانی لیژنەیەکی جێبەجێکردن لەئەندامانی لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە....ئەرکیان ئەوەدەبێ کە چاودێری عبدالکریم قاسم و لایەنگرانی مەدەنی و سەربازی بکەن،تاکو لەکاتی هەڵسان بەکودەتا، پەلاماری پایەکانی دەسەڵاتی سەرۆك (عبدالکریم قاسم)بدەن وبیانگرن.
- لە سەرەتای 1963وە هەتا دروستکردنی حەرەس قەومی،ئەو لیژنانە چەندجارێك ئازمایش دەکرێن،لەگشت تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوودەبن. ئیتردەگەن بەئاستێکی ئەوتۆ کە جێی ڕەزامەندی سەرووی خۆیان دەبن.

## سێیەم :

## گۆڕینی لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە بۆ پاسەوانی نەتەوەیی (حەرەس قەومی)

لەکۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی1963دا ناوی(لجان الإنذار)دەگۆڕن بۆ(الحرس القومی)خەڵکێکی زۆر لە سەرکردە وکادرانی حزبی بەعس لەوانەی لەسوریا ڕاهێنرابوون لەبەکارهێنانی چەك وشەڕی ناوشار پەیوەندییان پێوە دەکەن...(1)

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو

## پەیکەری ڕێکخراوەیی

# حەرەس قەومی

### ڕێکخستنەکانی حەرەس قەومی لەعێراق

ئەنجومەنی نیشتمانی بۆسەرکردایەتی شۆڕش لەکاتژمێر (2:10)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 8ی شوباتی 1963دا بەیانی ژمارە (3) ی تایبەت بە پێکهێنانی حەرەس قەومی ڕادەگەیەنێت. (1)

(بناء على ما تقتضيه المصلحة العامة وحرسا على سلامة وامن جماهير الشعب وايمانا بالمشاركة الشعبية في حمايةالثورة والوطن والجمهورية قررنا تشكيل قوات الحرس القومى لندافع عن الشعب والوطن وتساعد قوات الجيش والشرطة في رعاية المواطنين.واننا ندعوا أبناء الشعب البواسل لمساندة قوات الجيش،وندعوا قوات الجيش الباسل والشرطة الوطنية الى التعاون معها في أداء واجبتهما المقدسة)دوای دەرکردنی بەیانی ژمارە(3)ئەنجومەنی نیشتمانی بەیاننامەی ژمارە (4) یشیان ڕادەگەیەنێت و فەرماندەکانی گشتی حەرەس قەومی دیاری دەکەن.:

(استنادا الى ماجاء في بيان رقم (4) صدرت التعينات التالية:

1 ـ صحيفه الجماهير: عدد 1 / 13ـ2 ـ 1963

1 ـ العقيد الركن عبدالكريم مصطفى نصرت قائدا لقوات الحرس القومى.

2 ـ ابوطالب عبدالمطلب الهاشمى برتبةرئيس (نقيب) معاونا لقائد قوات الحرس القومى.

3 ـ نجاد محمود الصافى برتبة رئيس مؤقت(نقيب) عضوا في هيئةالقيادة.

4 ـ صباح محمد باقر المدنى برتبة ملازم اول مؤقت عضوا في هيئة القيادة.

5 ـ احمد العزاوى برتبة ملازم اول مؤقت عضوا في هيئة القيادة.

6 ـ عطا محى الدين برتبة ملازم اول مؤقت عضوا في هيئة القيادة.)

(وشكل الحرس القومى من قيادة عامة من قيادةجماعية يكون فيها القائدالعام لقوات الحرس القومى هو عبارة عن الشخص الاول فى القيادة العامة لقوات الحرس القومى،وليس الشخص المؤثر في هذه القيادة)


بيان رقم ٤
استنادا الى ما جاء فى بياننا المرقم ٣ اصدرنا التعيينات التالية :
١ ـ العقيد الركن عبدالكريم مصطفى قائدا لقوات الحرس القومى ٠
٢ ـ ابو طالب عبدالمطلب الهاشمى برتبة رئيس موقت معاونا لقائد قوات الحرس القومى ٠
٣ ـ نجاد محمود الصافى برتبة رئيس موقت عضو فى هيئة القيادة ٠
٤ ـ صباح محمد باقر المدنى برتبة ملازم اول موقت عضو فى هيئة القيادة ٠
٥ ـ احمد محمد العزاوى برتبة ملازم اول موقت عضو فى هيئة القيادة ٠
٦ ـ عطا محى الدين برتبة ملازم اول موقت عضو فى هيئة القيادة ٠

المجلس الوطنى لقيادة الثورة
بغداد فى الرابع عشر
من رمضان ١٣٨٢
المصادف ٨ شباط
١٩٦٣

× وفى اليوم الرابع من عمر ثورتنا التقدميه قرر المجلس الوطنى لقيادة الثورة تعيين العقيد الركن عبدالكريم مصطفى قائدا للفرقة الرابعة واسناد قيادة قوات الحرس القومى الى رئيس الجو منذر توفيق الونداوى ٠

سێ کەس پلەی فەرماندەیی گشتی حەرەس قەومی له 8ی شوباتی 1963 هەتا 18تشرینی دووەمی 1963 وەردەگرن، کەبریتی دەبن لە:

1 ـ العقيد الركن عبدالكريم مصطفى نصرت

شانزەرۆژ لەوپۆستەدا دەمێنێتەوە،پاشان دەیکەن بەقائدفرقەی(4)

2 ـ المقدم منذر توفيق الونداوی

لە 16ی شەباتی 1963 تا 1ی تشرینی دووەمی 1963دەمینێتەوە.. هەرچەند لەومێژووەدا.. گوایە لای دەبەن.. بەڵام بەکردەوە تا رۆژی 13ی تشرینی دووەمی1963فەرماندەی گشتی حەرەس قەومی دەبێت.

3 ـ المقدم عبدالستار رشيد

کەسێکی سەربازی وپلەی مقدم دەبێت، فەرماندەی فەرماندەیی گشتی حەرەس قەومی،لە1ی تشرینی دووەم تارۆژی16ی تشرینی دووەم وەردەگرێت،کەسێکی خەمسارد دەبێت، بەشیوەیەکی وا لە نووسینگەی خۆی دەرناچێت و تەنانەت ناوی هەموو ئەندامانی (فەرماندەیی گشتی حەرەس قەومی)یش نازانێت.

ئەوانەی دەستڕۆیشتووی تەواوی ناو هێزەکانی فەرماندەیی گشتی حەرەس قەومی دەبن،بریتی دەبن لە:صباح المدنی ونجاد الصافی و احمدالعزاوی ابوجبن..دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 ئیتر هەموو بەعسییەك حەرەس قەومی بووە،بەڵام هەمووحەرەس قەومیەك بەعسی نەبوون،هەندێ کەسایەتی لەناسیۆنالستەکان جل وهێمای حەرس قەومی لەبەردەکەن و ئەرکی حەرەس قەومییان رادەپەڕێنن، بۆ نموونە ئەوجلە تایبەتییە دەپۆشن،کەهێمای(ح.ق) بەباسکیانەوە دەبێت و بازگە دادەنێن و لەسەر شەقامەکان ماشێنی رێبواران دەپشکنن..

# یاسایەی
# پێکهێنانی حەرەس قەومی

**قانون الحرس القومي رقم (35) لسنة 1963**

**عنوان التشريع: قانون الحرس القومي رقم (35) لسنة 1963**

**التصنيف: قانون عراقي**

**رقم التشريع: 35**

**سنة التشريع: 1963**

**تاريخ التشريع: 18-05-1963**

**باسم الشعب**

**رئاسة الجمهورية**

**استنادا الى القانون الدستوري للمجلس الوطني لقيادة الثورة، وبناء على ما عرضه رئيس الوزراء وأقره مجلس الوزراء وصادق عليه المجلس الوطني لقيادة الثورة .**

**صدق القانون الآتي :**

**مادة 1**

**تشكل منظمات شعبية مسلحة تدعى قوات الحرس القومي وتكون لها قيادة مستقلة مرتبطة برئاسة أركان الجيش أو بأية جهة يقررها المجلس الوطني لقيادة الثورة .**

## مادة 2

الحرس القومي قوات شعبية منظمة ومدربة على استعمال السلاح قوامها الشعب المؤمن بحقه في الحياة الحرة الكريمة، وواجبها : –

أ. حماية الانطلاقة العربية في العراق وتثبيت طريقها الثوري التقدمي .

ب . معاونة القوات المسلحة في الدفاع المدني والدفاع عن البلاد في حالة الحرب أو وقوع اعتداء خارجي .

جـ. المساهمة في حفظ الامن الداخلي .

د . المساهمة في مهمات الخدمة العامة وحملات الاعمار والبناء الاقتصادي والاجتماعي .

هـ. القيام بالمهام التي يوكلها اليه المرجع المختص أو من يخوله .

## مادة 3

تتألف قوات الحرس القومي من : –

أ. المتطوعين العراقيين .

ب . الجنود وضباط الصف ونواب الضباط والضباط الاحتياط (في غير حالة النفير) غير المستخدمين في الجيش .

ج. المتطوعين من الاقطار العربية بناء على موافقة رئاسة أركان الجيش .

د . العسكريين المنسبين من الجيش للعمل في الحرس القومي بموافقة رئاسة أركان الجيش وبطلب من قيادة الحرس القومي .

## مادة 4

يشترط في المتطوعين للحرس القومي أن يكون : –

أ . سالما من الامراض والعاهات الجسمية التي تمنعه من تحمل مشاق الخدمة .

ب . حسن السلوك والاخلاق .

جـ . لا يقل عمره عن خمس عشرة سنة ولا يزيد على الخمسين سنة .

## مادة 5

يتعهد المتطوع بالخدمة في قوات الحرس القومي لمدة سنة واحدة بضمنها مدة التدريب التي تقررها رئاسة أركان الجيش ويجوز تمديد الخدمة عند انتهائها بعقودأخرى اذا شهد آخر وحدته بأن خدمته مفيدة .

## مادة 6

لقيادة الحرس القومي فسخ عقود التطوع متى شاءت .

## مادة 7

أ . تكون الخدمة في الحرس القومي على أساس التطوع وبدون راتب .

ب . يحق لقيادة الحرس القومي منح مكافأة مالية شهرية محدودة لبعض أفراد هذه القوات اذا اقتضت الضرورة ذلك أو لأسباب معللة وفقا للتعليمات التي تصدرها قيادة الحرس القومي وبموافقة رئاسة أركان الجيش .

ج . اذا كان المتطوع موظفا أو مستخدما ودعي الى الخدمة أثناء الدوام الرسمي بموافقة الدائرة المختصة يمنح راتب وظيفته الاصلية من دائرته .

د . تعتبر الخدمة في الحرس القومي عند دعوة المتطوعين خدمة فعلية لغرض الترفيع والتقاعد والتعويض بالنسبة الى دوائرهم ومؤسساتهم .

## مادة 8

تكون رئاسة أركان الجيش مسؤولة عن تدريب الحرس القومي وتجهيزه وتسليحه وفقا للتعليمات التي تصدرها .

**مادة 9**

الحقوق التقاعدية والتعويضات لمنتسبي الحرس القومي تنظم بقانون خاص .

**مادة 10**

تنظم شؤون الانضباط والعقوبات بقانون خاص .

**مادة 11**

تتحمل وزارة الدفاع النفقات المالية للحرس القومي وفقا للتعليمات التي تصدرها دون التقيد بالقوانين المالية المرعية وللسنة المالية 1963 ـ 1964 .

**مادة 12**

لرئاسةأركان الجيش اصدارالتعليمات الخاصة بشأن كل ما يتعلق بتنفيذ أحكام هذا القانون.

**مادة 13**

يعتبر هذا القانون نافذا من 8 –2 –1963 .

**مادة 14**

على الوزراء تنفيذ هذا القانون .

كتب ببغداد في اليوم الخامس والعشرين من شهر ذي الحجة لسنة 1382 المصادف لليوم الثامن عشر من شهر مايس لسنة 1963 .

المشير الركن

عبد السلام محمد عارف

رئيس الجمهورية

علي صالح السعدي

احمد حسن البكر

نائب رئيس الوزراء رئيس الوزراء

ووزير الارشاد

ووكيل وزير الاصلاح الزراعي

طالب حسين الشبيب

صالح مهدي عماش

وزير الخارجية وزير الدفاع

عزت مصطفى عبد الستار عبد اللطيف

وزير الصحة وزير المواصلات

محمود شيت خطاب مهدي الدولعي

وزير البلديات وزير العدل

عبد العزيز الوتاري بابا علي

وزير النفط وزير الزراعة

محمد جواد العبوسي

احمد عبد الستار الجواري

وزير المالية وزير التربية والتعليم

شكري صالح زكي رجب عبد المجيد

وزير التجارة وزير الاشغال والاسكان

مسارع الراوي حميد خلخال

وزير الدولة لشؤون وزير العمل والشؤون

**الوحدة الاتحادية الاجتماعية**

**ناجي طالب عبد الكريم العلي**

**وزير الصناعة وزير التخطيط**

**حازم جواد و فؤاد عارف**

**وزير الدولة لشؤون وزير الدولة**

**رئاسة الجمهورية لشؤون الأوقاف**

**ووكيل وزير الداخلية**

**نشر في الوقائع العراقية عدد 809 في 2 – 6 – 1963**

**الاسباب الموجبة**

**الملحق**

**تحقيقا للمصلحة العامة في مجال صيانة ثورة 14 رمضان وتثبيتا لحقوق وواجبات الحرس القومي في الجمهورية العراقية شرع هذا القانون .**

* ـ سەرچاوە : الوقائع العراقيه عدد(809) 1963/6/2

# کردنەوەی بارەگاکانی
# حەرەس قەومی لەعێراق

**دوای ئەوەی بارەگانی حەرەس قەومی لەشارەکان دەکرێنەوە،گومانی ئەوەدەکەن کە کەسانێکی نەناسراو بارەگابکەنەوە...بۆیە بڕیار دەدەن کەهیچ بارەگایەك بێ ئاگاداری بنکەی پۆلیسی سنوورەی خۆی نەکرێتەوە.بەوپێیە چەندبارەگایەك دەکرێنەوە:**

**1 ـ بارەگای گشتی لە بنکەی پۆلیسی مەئمون**

**دوای ماوەیەك دەیگوازنەوە بۆ (اعزمیە)،نزیك گۆڕەپانی عەنتەر.**

**2 ـ یانەی النهضة بۆ سنووری الكرادە.**

**3 ـ یانەی کۆماری(یانەی ئۆلۆمپی)**

**4 ـ بنکەی پۆلیسی الفضل بۆ سنووری بەری رەسافە کەبریتی دەبن لە(ابوغريب والمامون و المنصور و الوشاش و البياع و بنکەی پۆلیسی کەرخ وبنکەی پۆلیسی الجعيفر وبنکەی پۆلیسی البغات و بنکەی پۆلیسی الدوريين ومحموديە و سامرا و تکريت و بيجی..)**

**لەلیوا(پارێزگاکان)یش بارەگا دەکەنەوە،وەك بەسرا ورمادی وناصريە و عيمارە و کوت وسماوە ونجف وکەربەلا وحلە وديوانيە.**



## بارەگای حەرەس قەومی

# لە باکوری عیڕاق

**لەناوچەی باکوریش فەرماندەییەك بۆ حەرەس قەومی پێكدێنن و ناوی دەنێن(قیادة المنطقة الشمالیة) كەسنووری دەسەڵاتەكەی بریتی دەبێت لە(كەركوك وموصل و هەولێر ودهۆك وسلێمانی)**
**لەكەركوك ودەوروبەری لێپرسراوەتی هێزەكانی حەرس قەومی دەسپێرن بە ( توفیق جاج احمد) ولە هەولێر و دەوروبەری دەدرێت بە نائب زابت ( طە یاسین رمضان ) ..پێكهاتەی حەرەس قەومی لە كەركوك تەنیا ئەندامەكانی بریتی دەبن لە فەرمانبەرانی عەرەب وتوركمان.** (1)

1 ـ سەرچاوە: فائز الخفاجی/الحرس القومی ودورە الدموی فی العراق/

# پێناسەی
# حەرەس قەومی

پاسەوانی نەتەوەیی(حەرەس قەومی)جۆرێك لە میلشیای چەكداربوون، حزبی بەعس پێكی هێنابوون.. یاسای حەرەسی قەومی ژمارە(35)ی لە18ـ5ـ1963بۆ دەركردبوون،بۆ زاڵبون بەسەرشەقامی عێراقداوهەڵسان بەپێكهێنانی ودەسەلآتی رەهایان پێدان،بەڵام كاروكردەوە دزێوەكانیان دەبنە هۆكاری بێزاری كۆمەڵانی خەڵكی عێراق و بیانوودەدەن بەدەست (عبدالسلام عارف)ەوە لەرۆژی 18ـ 11ـ 1963 بەعسیكان بروخێنێت.

## هۆكارەكانی پێكهاتنی

مەبەست لەپێكهێنانی ئەوهێزە سەپاندنی هەژموونی دەسەلآت بوو بە سەر گەلان ودام و دەزگاسەربازییەكانی ئەوسای حكومەتی عێراقدا، چونكە حزبی بەعس لەنێوسوپادا،دەسەلآتی ئەوتۆی نەبوو،تەنیاچەند ئەفسەرێك نەبێت كە بریتی بوون لە(صالح مهدي عماش وحردان التكريتي و عبد الكريم مصطفي نصرت و منذر الونداوي) ئەمانە وچەند ئەفسەرێك لایەنگری(أحمد حسن البكر)بوون، بەڵام ئەفسەرە نەتەوەپەرستەكان، لایەنگری(عبدالسلام محمدعارف) بوون، كەئەوان زۆرینەبوون ولەكاتی هەر كودەتایەكدا دەیانتوانی بالآدەست بن لەنێو سوپای عێراق وهەموو دامودەزگا ئەمنییەكاندا

## ئەرکەکانی حەرەس قەومی

_بەپێی بەندی(2)ی یاسای حەرەس قەومی ژمارە (35) ی ساڵی 1963، حەرس قەومی هێزێکی میللی رێکخراو ومەشقپێکراوبوو بۆبەکارهێنانی چەك پاڵپشت بە بەگەل بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد ودەستکراوە، ئەرکەکانیشیان:

أ - پاراستنی پێشکەوتنی عەرەبی لەعێراق وچەسپاندنی رێبازی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەیان.

ب - هاوکاری کردنی هێزەچەکدارەکان لەبەرگری مەدەنی وبەرگری لەولاَت ..لەکاتی شەڕ ، یان دەستدرێژی دەرەکیدا.

ج - بەشداریکردن لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی.

د - بەشداریکردن لە ئەرك و هەڵمەتەکانی خزمەتگوزاری گشتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ئابووری وکاروباری کۆمەلاَیەتی.

هـ - ئەو ئەرکانە ئەنجام بدات کە لەلایەن دەسەلاَتی پەیوەندیدارەوە یان هەرکەسێك کە ڕێگەی پێدەدات و پێی دەسپێردرێت.

## پێکهاتەی حەرەس قەومی

حزبی بەعس هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپاردبوو، کە بچنە ناو پاسەوانی نەتەوەییەوە، حەرەس قەومی دەرگای خۆی دەکاتەوە بۆ قبوڵکردنی داواکاری لایەنگرانی.. لەکاتێکدا هێزەکانی حەرەس قەومی، بەپێی ماددەی (3)ی یاساکە،بریتی دەبن لە:

**أ – خۆبەخشانی عێراقی.**

**ب– سەرباز و مفوض ونائیب ضابطی یەدەگ**

**ج– خۆبەخشی وڵاتانی عەرەبی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی سەرۆکی ئەرکانی سوپا.**

**د– کارمەندانی سەربازی کە لە سوپاوە بۆکارکردن لە حەرەس قەومی بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق و لەسەر داوای فەرماندەیی حەرەس قەومی ڕاسپێردرابن.**

## پراکتیکەکان..

**ئەرك و کارەکانی حەرەس قەومی لەمومارەسەدا..ناڕەزایی هاووڵاتیانی لێکەوتەوە،بەرامبەر بەوهەموو دزی ودەستدرێژی وزەوتکردنانەی کە ئەندامانی ئەومیلیشیابەرەڵڵایە دژی هاووڵاتیان ئەنجامیاندابوو،وەك دەستگیرکردنی ئارەزوومەندانە و کردنەوەی زیندان وپێکهێنانی دادگای نایاسایی وخراپترین شێوەی ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی بێتاوانان.. بەکارهێنانی چەك وتەقەمەنی..دژ بەکارمەندانی هێزە چەکدارەکان کە ئەفسەرو کەسانی تێدابووە، لەبەردەم خێزان و هاوڕێکانیاندا هێرشیان کراوەتە سەرو سووکایەتییان پێکراوە، کارمەندانی حەرەس قەومی لە گۆڕەپانە گشتیەکان و چوارریانی ڕێگاکان بڵاوەیان پێکراوەو. ئەندامانی میلیشیای حەرەس قەومی تۆڵەیان لە کۆمۆنیستەکانی ئەندامانی میلیشیای(المقاومةالشعبیة)کردۆتەوە...کەلەگەڵ عبدالکریم**

**قاسم سەرۆك كۆماری پێشوودا بەشداریان لەدەسەڵاتدا كردبوو،لەگرتن و زەلیلكردن و ئەشكەنجە كردنی هاوڵاتیانی بێتاوان بەشداربوون.**

## كۆتایی هاتنی حەرەس قەومی

**بابەتی سەرەكی: بزووتنەوەی 18ی تشرینی دووەمی 1963 سەرۆكی كۆمار و فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكان، موشیر (عبدالسلام عارف) بە سەرنجێكی زۆرەوە چاودێری كردەوەكانی حەرەس قەومییان كردبوو، هەربۆیە فەرمان بۆ سوپا دەردەكەن.. بۆ هەڵوەشانەوەی حەرەس قەومی. تانك و زرێپۆشەكان ئێوارەی 17ی تشرینی دووەمی 1963دەچنە سەر بارەگای گشتی میلشیاكان،شەڕتائێوارەی1963/10/18درێژەی دەبێت، سوپای عێراق دەتوانێ (حەرەس قەومی) تەفروتونا بكات و زۆربەی سەركردەكانی حزبی بەعس بەسەرۆكایەتی احمدحەسەن بەكر سەرۆك وەزیران بڕوخێنێت، سەرلەبەیانی 18ی تشرینی دووەم بەیاننامەیەك بڵاودەكەنەوە... موژدەی هەڵوەشاندنەوەو كاركردنی حزبی بەعس و میاشیاكانی حەرەس قەومی بەهەموو عێراقییەكان رادەگەینن،كە عارف بە (الحرس لا قومی) وەسفی كردبوون.**

* سەرچاوە : ویكیبیدیا (الموسوعةالحرة https://ar.wikipedia.org /

# سەرۆك كۆماریش..
# سەردەمێك حەرەس قەومی بوو



**وێنەیەكی سەرۆككۆماری ئەوسای عێراق،عبدالسلام عارف، لەكاتی پاسەوانی و گەڕان و وەرگرتنی ناسنامە لە یەكێك لە شەقامەكانی شاری بەغدا 1963/8/5.**

**لە سەردەمی ئەودا میلیشیای حەرەس قەومی دامەزرا لە وێنەكەدا تفەنگێكی (پۆرت سعید)ی بەدەستەوەیە..**

# کودەتاکەی 8ی شوباتی 1963
# ئەو تاوانانەی لێبووردنیان نییە *

## بەعسییەکان و ناسیۆنالیستەکان و دەسەڵاتی نوێ:

کاتێك کودەتاچییەکان دڵنیادەبن لە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی وڵات، سەرکردەکانیان دەستدەکەن بەدابەشکردنی دەسەڵات،عبدالسلام عارف دەکەن بە سەرۆك کۆماری عێراق..بەوپێیەی پلەی لە احمدحسن البکر بەرزتردەبێت،جگەلەبوونی ژمارەیەکی زۆرلەلایەنگرانی لەنێوئەفسەرانی بەشداربووی کودەتاکە،هەروەها بەهۆی ڕۆڵی پێشووی لە شۆڕشی 14ی گەلاوێژی 1958دا..

هەرلەبەرئەوهۆیە لە لای قەومییەکان ناسراووشایانی پشتیوانی دەبێت.

سەرەڕای نەبوونی متمانە..بەعسیەکان بەناچاری رازی دەبن،خواستیان ئەوەدەبێ دەسەڵات بە تەواوی لە دەست خۆیاندابێت، هەر بۆیە پێگەی سەرۆك کۆمارهاوتادەکەن لەگەڵ سەرۆك وەزیران کەبۆاحمد حسن البکر دیاری دەکرێت،جگە لەکۆنترۆڵکردنی زۆربەی وەزارەتەگرنگەکان لەلایەن

* سەرچاوە: الحوار المتمدن ـ 8 شباط 1963 الجريمة التي لا تغتفر ـ على رضا

بەعسییەکانەوە،لەگەڵ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.کەدوای کودەتا پێکیان هێنابوون..لە هەمان کاتدا (عبدالسلام عارف) ناڕەحەت دەبێت لە دەسەڵاتی دوولایەنە و حەزی لە قۆرخکردن دەبێت، دیارە هەوڵی ڕووخاندنی دەسەڵاتی عبدولکەریم قاسم لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958دا بۆ هەمان شت دەبێ،بەڵام بە دوودڵیەوە ئەو واقیعە قبوڵ دەکات،پاشان دەست دەکات بە پلاندانان بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە بەعسییەکان و کەمکردنەوەی هەژمونیان..گرینگی دەدات بە سوپا بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرلەئەفسەرەکان پشتگیری ئەودەبن. پێگەی بەعسییەکان لەناوسوپادا لاوازدەکات،چونکە زۆربەی ئەفسەرانی بەشداربووی کودەتاکە ناسیۆنالیست بوون، بۆیە هەموو گرینگییەك لە حەرەس قەومی چڕدەکەنەوە کە لە دوو حزبە مەدەنییەکەو لایەنگرانیان پێکهاتبوون،کەژمارەیان کاتی کودەتاکەدابە(5000)کەس خەملێندرابوو، دوای سەرکەوتنی کودەتا،ژمارەکەیان بەرزدەبێتەوە بۆ(34,000)کەس، بۆچەسپاندنی پایەکانی دەسەڵات لە وڵاتدا، فەرماندەییەکەی دەسپێرن بەیەکێك لەئەفسەرە سەربازییەکان کە مولازمی یەکەم (منذر الونداوی) ئەو فڕۆکەوانە دەبێت لەڕۆژی کودەتاکەدا بەفڕۆکەکەی هێرشی کردبووە سەر وەزارەتی بەرگری و پلەی مقدەمیان پێدابوو.

# ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

**( مجلس قيادة الثورة )**

**دواتر کودەتاچییەکان (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)پێکدەهێنن، بەپێی بەیاننامەی ژمارە (15) بڕیاردەدەن کەدەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی بەرفراوان لە کارەکانی ئەو ئەنجومەنە دەبێت ،لەنێو ئەو دەسەڵاتانەشدا:**

**دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکان.**

**دانان و دوورخستنەوەی وەزیرەکان.**

**پێدانی دەسەڵاتەکانی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان.**

**سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی کۆمار.**

**سەرپەرشتیکردنی دەزگای ئەمن و هەواڵگری سەربازی.**

**ئەنجوومەنەکە لە(18)ئەندام پێکدەهێنرێت،15ئەندامیان لەحزبی بەعس و دوو ئەندامیش لە قەومییەکان. کەیەکێکیان عبدالسلام عارف دەبێت، پلەکەی لە(عقيد ركن)بەرزدەکەنەوە بۆ(مشیرركن)کەبەرزترین پلەدەبێت لەنێو سوپادا..،**

**پێکهاتەی ئەنجومەنەکە بەم شێوەیەدەبێت:**

**1ـ عبد السلام عارف ـ سەرۆك كۆمار.**

**2 ـ أحمد حسن البكر ـ ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.**

**3 ـ علي صالح السعدي ـ رازگری هەرێمایەتی حزبی بەعس..**

4 ـ حازم جواد ـ		ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

5 ـ طالب شبیب ـ		ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

6 ـ حمدي عبد المجید ـ	ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

7 ـ کریم شنتاف ـ		ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

8 ـ محسن الشیخ راضي ـ	ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

9 ـ صالح مهدي عماش ـ	ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

10 ـ هاني الفکیکي ـ		ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

11 ـ حمید خلخال ـ		ئەندامی هەرێمایەتی حزبی بەعس.

12 ـ عبد الستار عبد اللطیف ـ ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزب.

13 ـ خالد مکي الهاشمي ـ	ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزب.

14 ـ حردان التکریتي ـ	ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزب.

15 ـ عبد الکریم نصرت ـ	ئەندامی نووسینگەی سەربازی حزب.

16 ـ أنور عبد القادر الحدیثي ـ کادری بەعسی کربە سکرتێری ئەنجومەن.

17 ـ العقید طاهر یحیي ـ بەناوبەعسی،پلەی بەرزدەکەنەوە بۆ لیوا.

18ـ الزعیم الرکن عبد الغني الراوي، مایلی ئیسلامی وهاوڕێی بەعس.

لەم تەشکیلاتەدا دەردەکەوێ کە حزبی بەعس کۆنترۆڵی ئەنجومەنەکە بەتەنیا لەدەستی خۆیدا بووە وبالادەست بووە لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات.

## ئەنجومەنی وەزیرانی کودەتا چییەکان

**ئەنجومەن لە(20)ئەندام پێکدەهێنرێت پشکی حزبی بەعس (13) ئەندام دەبێت .. کە دەکاتەسێ چارەکی ئەنجومەنەکە.. بەعسییەکان وەزارەتەگرینگەکان دەگرنە دەست بەم شێوەیە:**

1 ـ أحمد حسن البكر ـ سەرۆك وەزیران

2 ـ علي صالح السعدي ـ جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ.

3 ـ صالح مهدي عماش ـ وەزیری بەرگری.

4 ـ حازم جواد ـ وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی کۆمار.

5 ـ طالب شبیب ـ وەزیری دەرەوە.

6 ـ عزت مصطفي ـ وەزیری تەندروستی.

7 ـ سعدون حمادي ـ وەزیری کشتوکاڵ.

8 ـ مهدي الدولعي ـ وەزیری داد.

9 ـ مسارع الراوي ـ وەزیری ئیرشاد.

10 ـ صالح كبه ـ وەزیری دارایی.

11ـ أحمد عبد الستار الجواري ـ وەزیری پەروەردە.

12 ـ عبد الكريم العلي ـ وەزیری پلاندان.

13 ـ حمید خلخال ـ وەزیری کار.

14 ـ عبد الستار عبد اللطيف ـ وەزیری گەیاندن.

15 ـ ناجي طالب ـ وەزیری پیشەسازی.

16 ـ شكري صالح زكي ـ وەزیری بازرگانی.

17 ـ عبد العزيز الوتاري ـ وەزیری نەوت.

18 ـ محمود شیت خطاب ـ وەزیری شارەوانییەکان.

19 ـ بابا علي الشيخ محمود ـ وەزیری کشتوکاڵ.

20 ـ فؤاد عارف ـ وەزیری دەوڵەت.

لەوڕیزبەندییەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەعس بەبێ هیچ تەحەدایەك کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئەنجومەنەکەدا سپاندووەودەستی باڵای هەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دا. ئەو سێ وەزارەتەی کە دابووی بە قەومییەکان وەزیراکانیان بریتی دەبن لە:

ـ زعيم الركن ناجي طالب  وەزیری پیشەسازی .

ـ لواء المتقاعد شكري صالح زكي  وەزیری بازرگانی.

ـ دكتورعبدالعزيزالوتاري وەزیری نەوت.

وەزارەتێك بە(الإخوان المسلمين)دەدەن کەوەزیرەکەی(محمود شیت خطاب) وەزیری شارەوانییەکان دەبێت، وە دوو وەزارەتیش بۆکورد دیاری دەکەن (بابا علي الشيخ محمود) دەکەن بە وەزیری کشتوکاڵ و(فؤاد عارف) دەکەن بەوەزیری دەوڵەت .کەگرینیگان لەسەرپایەکانی دەسەڵات نابێت.

## کودەتاچییەکان و دابەشکردنی پۆستەکانی ناو سوپاو هێزەکانی ئاسایش:

هەڵوێستی بەعسییەکان لەناوسوپادا لاوازدەبێت،چونکەزۆربەی ئەفسەرە بەعسیەکان پلەکانیان نزم دەبێت،هەربۆیە پێکهێنانی فەرمادەکانی سوپا زۆربەی لە ئەفسەرە قەومییکان دەبن،هەرئەوەیش هۆکاری ئەوەدەبێت

**رۆڵی بەرچاویان دەبێت لەیەکلاکردنەوەکەدا دوای نۆمانگ حزبی بەعس دەرووخێنن .. والەخوارەوە ئەوگۆڕانکارییانە دیاری دەکەین کە لەگەڵ کودەتاکەدا لە نێو دەزگای سەربازی ئەنجامی درابوون:**

**1 ـ عقیدطاهریحیي دەکەن بەسوپاسالار و پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆلیوا.**

**2 ـ مقدم خالد مكي الهاشمي دەکەن بەجێگری سوپاسالار بە پلەی عقید .**

**3 ـ مقدم حردان التكريتي دەکەن بەفەرماندەی هێزی ئاسمانی و**

**پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆ عقید .**

**4 ـ مقدم صبحي عبد الحميددەکەن بەبەڕێوەبەری چالاکییە سەربازییەکان و**

**پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆعقید.**

**5 ـ مقدم سعید صلیبي دەکەن بە ئامری الانضباط العسكري، بەپلەی عقید.**

**6 ـ مقدم محمد مجید دەکەن بە (مدير للتخطيط العسكري) بەپلەی عقید.**

**8 ـ محي الدين محمود  دەکەن بە بەرێوەبەری هەواڵگری سەربازی.**

**9ـ عقید رشیدمصلح التكريتي دەکەن بە دادوەری گشتی سەربازی  بەپلەی زعیم.**

**لەهەمان کاتداکودەتاچییەکان چەندبڕیارێکی تردەردەکەن بەدامەزراندنی فەرماندەی تیپە سەربازییەکان بەم شێوەیە:**

**1 ـ عقید عبد الكريم فرحان دەکەن بە قائیدی فیرقەی یەك و**

**پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆ زعیم.**

**2 ـ عقید إبراهيم فيصل الأنصاري دەکەن بە قائیدی فیرقەی دوو و**

**پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆ زعیم.**

**3 ـ عقید عید الغني الراوي دەکەن بە قائیدی فیرقەی سێ و**

**پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆ زعیم.**

**4 ـ رائد عبد الكريم نصرت دەکەن بە قائیدی فیرقەی چوار و**

پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆعقید.

5 ـ عقيد عبد الرحمن عارف دەکەن بە قائیدی فیرقەی پێنج و

پلەکەی بەرزدەکەنەوە بۆ زعیم.

بە نیسبەت گوردانی تانکەکانەوە ئەم ئەفسەرانە دیاری کرابوون:

1ـ مقدم صبري خلف الجبوري فەرماندەی کەتیبەی خالد.

2ـ مقدم الركن حسن مصطفي النقيب فەرماندەی کتیبەی یەکی تانکەکان.

3ـ مقدم محمد المهداوي فەرماندەی کەتیبەی سێی تانکەکان.

4 ـ مقدم خالد مكي الهاشمي فەرماندەی کەتیبەی چواری تانکەکان.

**جگە لەوپۆستە دەیکەن بەجێگری سوپاسالار ئەمە روونە کەبەعسییەکان ویستوویانە ئەوکەتیبانە کەلە کودەتاکەدا رۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینیبوو لای خۆیان بمێننەوە.**

## بەرنامەکانی حزبی کامانە بوون..؟

**حزبی بەعس هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی نابێت،نەپێش نە دوای هاتنە سەرکار، ئەوەی کە هەبووە دروشمە پووچەکانی بووە سەبارەت بە (وحدە،حریە،اشتراکیە) ئەودروشمانە لە کاتی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا دەبن بە هۆی لەبەر یەك هەڵوەشانی بەرەی یەکێتی نیشتمانی و کۆمیتەی باڵای ئەفسەرانی ئازاد،دواتر ڕوون دەبێتەوە کە ئەودروشمانە جگە لە ئامرازێك بۆ بازدان بۆ دەسەڵات و دەستبەسەرداگرتن هیچی تر نەبوون، (وحدە،حریە،اشتراکیە)ی چی..؟هەموو خولیاو ئاواتیان کۆنترۆڵکردنی پێگە سەربازی و مەدەنییەکانی دەوڵەت بووە، ئەم جۆرە لەسیاسەتکردن لەپێناوسەپاندنی دەسەڵاتی تاکە حزب و کەمکردنەوەی**

رۆڵی هاوبەشەقەومییەکانیان، لە دوای ماوەیەکی کەمدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان هەردوولا. بەعسییەکان بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانیان بنکەکانی حەرەس قەومی فراوانتر دەکەن، ژمارەیان بەرزەکەنەوە لە(5000)کەسەوە بۆپتر لە(34000)هەزارکەس، هەموو ئامانجەکانشیان ئەوەدەبێت بەباسك ئەستووربوونی ئەم هێزە.. چیتر پێویستیان بەسوپا نەمێنێ،کاردەگاتە ئەوەی ئەفسەرەکانی سوپا فەراموش دەکەن وهەندێکیشیان زیندانی دەکەن،بێڕێزییان پێ دەکەن، هەمووسنوورەکان دەبەزێنن...بەڵام لەوبۆچوونەیاندا بەهەڵەدا دەچن، حەرەس قەومی هەرچەند بوونایە،ناگەیشتن بەژمارەی هێزەکانی سوپا، ئەوچەکانەیش کەبەدەست حەرەس قەومییەوەبووە هاوتای چەکەکانی سوپا نەبووە..لەچەکی قورس و پێداویستی وتانك وفڕۆکە وتوانای جەنگ وپێداویستییەکانی تر..کەواتە ئەوەی کەکردوویانە، هەلەشەیی و سوکایەتی وپەلەپەل بووە..هەرئەوەیش وای کردوە نە سوپا ونەخەڵك.. سۆزیان بەلایاندا نەجولێت..کیشەوململانێ لەنێوانیاندا بەرزدەبێتەوە، پاش نۆمانگ کێشمەکێشەکە بەقازانجی قەومییەکان دەشکێتەوە و دەسەڵاتی حزبی بەعس دەکەوێ...جێی خۆیەتی ئامارە بۆئەوەبکەین سەرکردەکانی بەعس لەبەر ئەوەی هەرزەکار بوون،شارەزای باشیان لەسیاسەت نەبووە،چوار ئەندامیان تەمەنیان لەبیست ساڵان و یانزە ئەندامیان لەسی ساڵان بووە،هەمیشەبڕیارەکانیان پەلەی پێوەدیار بووە، جگەلەوەی لەنیوان خۆشیاندا ململانییان هەبووە لەسەر پلە و دەسەڵات.

دواتر دامەزرێنەری حزب(میشێل عەفلەق)درك بەوراستییانە دەكات و دەربارەی بارودۆخی ناو ئەوسەركردایەتی یە لەیەكێك لەكۆبوونەوە داخراوەكاندا دەڵێ:

- لەدوای شۆڕش(مەبەستی كودەتای 8ی شوبات دەبێت)بەهۆی تاكڕەویی ئەمانەوە بوو تۆشی دڵەڕاوكێ هاتم،شێوازی هەڵسوكەوتیان لە كاروبارەكاندا،دەری خست ئەوان لەوئاستدانین سەركردایەتی گەل و وڵات بكەن.بەڵكو تەنیا بەكاری ئەوەدێن بۆ خەباتی بەرپەرچدانەوە بەكاربهێنرێن ..ئەوەیش لەوە زیاتر هیچ واتایەكی نییە جگەلە كاری تۆقێنەرانە و تیرۆر و دەستدرێژی و كردەوەی تاوانكاری وەك ئەوەی لەپێش كودەتاكە ئەنجامیان دەدان.. بەڵام(أحمد حسن البكر) سەرۆك وەزیران ،بە عەفلەق دەڵێ:لەرابردوودا خۆشەویستیم لە چاوانی خەڵكدا بەدی دەكرد..بەڵام ئێستا لەشەقامەكان خۆم لادەدەم بۆئەوەی كەس نەمبینێت،تابەچاوی نەیار تەماشام نەكەن.سێیەم(علي صالح السعدي) رازگری حزب وجێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری ناوخۆ دەبێت.. بێ پێچووپەنا پێیان دەڵێ: دەسەڵاتمان لەدەستداوە و كودەتاكەی مانگی شوبات بازدانێك بوو بەرەو تاریكی.بەتایبەتی سەركردایەتی بێباك بوو و هیچ ئەزموونێكی سیاسی نەبوو.تاكە ئامرازی دامەزراندنی دەسەڵاتی فاشیستییان خوێن ڕشتن و گرتن و ئەشكەنجەدان بووە.

# بەعسییەکان و حزبی شیوعی.

دوای کودەتای8ی شوبات بەعسییەکان،نیازیان،لێدانی حزبی شیوعی و هێزەدیموکراسیەکان دەبێت،شیوعیەکان لەڕێپێوانی1ی ئایاری 1959دا دروشمییان بەشداریکردن لەدەسەلاتی عێراق دەبێت،ئەمریکاش ئەوەبە مەترسیدار بۆسەربەرژەوەندییەکانی لەوناوچە گرنگەی جیهان دەزانێت، کەنیوەی یەدەگی نەوتی جیهان لێبوو، هەربۆیە ئەمریکا هەمووتواناکانی بەکاردەهێنێ بۆ رووخانی حکومەتی عبدالکریم قاسم و کۆتاییهێنان بە ڕۆڵی شیوعییەکان لە عێراقدا، داوای ئەمریکییەکان هاوکاری لە حزبی بەعس دەکەن،هەروەك رازگری حزب(علي صالح السعدي ) ڕایگەیاندبوو کە حزب بە شەمەندەفەرێکی ئەمریکی هاتۆتە سەر دەسەلات.

# بەیانی ژمارە(13)

بەعسییەکان بۆئەوەهاتبوون ئامانجەکانی ئەمریکییەکان بیهێننەدی کە بریتی بووەلە نەهێشتنی دەسەلاتی عبدالکریم قاسم و ڕووخانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز نەخشەیان بۆکێشابوو،ڕق وکینەی کوێرانەیان لە شیوعیەکان پاڵنەریان دەبێت بۆهەڵمەتی لەناوبردن دژی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی و جەماوەرەکەی،کە پێشتر عێراق هاوشێوەی نەبینی بوو، هەڵمەتەکەیان بەبەیاننامەی ژمارە (١٣) دەست پێدەکەن. کە تێیدا داوای قڕکردنی شیوعیەکانیان کردبوو کەئەمە دەقەکەیەتی:

بيان الرقم(13)
نظراً لقيام الشيوعيين عملاء وشركاء عبد الكريم قاسم في تعاونه بمحاولات يائسة لإحداث البلبلة بين صفوف الشعب وعدم الانصياع للأوامر والتعليمات الرسمية. وعليه تقرر تخويل القطعات العسكرية وقوات الشرطة والحرس القومي بإبادة كل من يتصدى للإخلال بالأمن. وإننا ندعو جميع أبناء الشعب المخلصين بالتعاون مع السلطة الوطنية بالإرشاد عن هؤلاء المجرمين والقضاء عليهم.

العقيد رشيد مصلح التكريتي
الحاكم العسكري العام

**بەعسییەکان بە خوێنڕشتنی سەدان شیوعی و نیشتمانپەروەری دیکە کە لەبەرگری لەشۆڕشی چواردەی گەلاوێژ،لەڕۆژی کودەتا بەدبەختەکەدا کوژران،تینوێتییان ناشکێت، بە بەشداری حەرەس قەومی دەست دەکەن بەهەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردن کەهەمووعێراق دەگرێتەوە.. لەوهێرشە بەرفراوانەدا هەزاران شیوعی و هەڵگری بیری دیموکراسی و پێشکەوتنخواز لەناو نیشتمانپەروەرە ئازادەکاندا دەستگیر دەکەن ، چەتەکانی حەرەس قەومی،شەو و ڕۆژ هەڵدەکوتنە سەر ماڵان و بەدوای کەسیانێکدادەگەڕێن کەپەیوەندییان لەگەڵ دیموکراتەکان وشیوعییەکان وقاسمییەکاندا هەبوو.چەتەکانی حەرەس قەومی دەست دەکەن بە لێپرسینەوە لەگیراوە سەربازی و مەدەنییەکان،کە زۆربەیان لەسەرکردە و کادرەکانی حزبی شیوعی دەبن،بە بەکارهێنانی قێزەونترین شێوازەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، بۆ ئەوەی نهێنی ریکخستنەکان بدرکێنن، ژمارەیەکی زۆریان لەژێرئەشکەنجەدا گیان لەدەستدەدەن، دوای ئەوەی ئەندامەکانیان دەبڕن و چاوەکانیان دەکۆڵن و زمانیان**

**دەبڕن ونینۆکیان هەڵدەکێشن و جەستەیان دەسوتێنن، ئەشکەنجە دەگاتەنزمترین پلە،لەبەردەم مێردوکەسوکاریان دەستدرێژی دەکەنەسەر شەرەڤ ژنان، هەندێك دیواری خشت وچیمەنتۆیان لەسەرجەستەیان دروستکردبوو، لەنێو ئەو سەرکردانەی حزب کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون بریتی بوون لە:**

1 ـ **سلام عادل ـ حسين محمد الرضي ـ سکرتێری یەکەمی حزب..**

2 ـ **جمال الحيدري ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب.**

3 ـ **حسن عوينة ـ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب.**

4 ـ **محمد حسين أبو العيس - ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب.**

5 ـ **نافع يونس ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

6ـ **جورج تللو ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

7ـ **طالب عبد الجبار ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

8 ـ **محمد صالح العبلي ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

9 ـ **عزيز الشيخ ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

10 ـ **شريف الشيخ ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

11 ـ **حمزة سلمان ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

12 ـ **عبد الرحيم شريف ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

13 ـ **عبد الجبار وهبي ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

14 ـ **مهدي حميد ـ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزب.**

15 ـ لطيف الحاج ـ ئەندامی سەرکردایەتی لقی بەغدا.

ئەمە لەئاستی سەرکردایەتی،بەڵام کادروئەندامان و لایەنگرانی حزب لەژمارە نەهاتوون،تاوانەکانی حەرەس قەومی لەسەرووی هەموویانەوە: (عمارعلوش)و( ناظم كزار)و(خالد طبرە)وئەندامانی لیژنەوی لێکۆڵینەوەی سەربازی لەسەربازگەی رشید ـ کەزیندانی ژمارە یەکی لێ بووئەوانیش بریتی بوون لە:(حازم الصباغ ) و(حازم الشكرجي ) و(طه حمو).

شەو و رۆژ کاریان ئەشکەنجەدانی گیراوانی سەربازی و مەدەنی بووە بۆئەوەی نهێنییان پێ بدرکێنن..گیراوەکان چەندمانگێك لە زینداندا دەهێڵنرانەوە،ناوەندەکانی حەرەس قەومی و قصری نیهایە و بارەگای پێشووی دادگای گەل کە عەمار عەلووش و دەستەکەی وەکو بارەگا بەکاریان دەهێنان ودەستبەسەرکراوانیان تێیاندا ئەشکەنجە دەدا.. ڕۆژانە ژمارەیەك لە دەستگیرکراوەکان بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە دەمردن، تا تاوانەکان دەگەیشتنە لوتکە.. بۆیە دادوەری گشتی سەربازی ئەوسا (رشید مصلح التكريتي) فەرمانێك دەردەکات بۆ ئەوەی دەستگیرکراوەکان لە دەست حەرەس قەومی نەمێننەوە، مەدەنییەکان بۆزیندانی مەدەنی و سەربازییەکان بۆ زیندانی ژمارە یەك بنێردرێن، دوای ئەوەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە کارەکانیان تەواو دەکەن، دەستبەسەرکراوەکان ڕەوانەی مەجلیسی عورفی دەکەن..بۆئەوەی سزای توندیانیان بەسەردا بدەن.. ژمارەیەکی زۆریان ڕەوانەی بەشی سێدارە یا گوللەبارانکردن دەکەن، هەزارانیش رەوانەی زیندان دەکەن و، سزای درێژخایەنیان بەسەردا

**دەسەپێنن لەسێ ساڵەوە بۆهەتاهەتایی..کودەتاچییەکان بەوە ڕازی نان، دووبارە هەڵدەستنەوە بەدادگایی کردنەوەی ئەوزیندانیانەی پێشوو کەتۆمەتبار بوون بە دۆسیەی موسڵ و کەرکوك..ئەوانەی لە سەردەمی عبدالکریم قاسم لەلایەن مەجلیسی عورفییەوە حوکم درابوون، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دانەوەولەگۆڕەپان وشەقامی موسڵ و کەرکوك.. حوکمەکەیان بەسەردادەسەپێنن،تەنانەت ئەوانەی پەیوەندییان بە حزبی شیوعیشەوە نەبوو سەرۆکی ئەنجومەن داوای لێکردبوون سوکایەتی بە حزبی شیوعی و سەرکردەکانی بکەن..لە کاتی ڕەتکردنەوەشدا، بەپێی مادەی ٣١ سزای زیندانیکردنیان بۆ ماوەی لە نێوان ساڵێك بۆ دە ساڵ بەسەردا سەپاندبوون.. ڕەتکردنەوەیان کردبوو بە بەڵگەی تۆمەتبار بوونیان... ئەم رفتارەی حزبی بەعس و شەڕی بێ وچانی لەدژی حزبی شیوعی، دەبێتە هۆی لە دەستدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ئۆردوگای سۆسیالیستی.. لەوکاتەدا ڕادیۆکەیان هێرشی کردبووە سەر ئەو وڵاتانە، ڕادیۆکە وەك یەکێك لە ڕادیۆییەکانی ئەمریکای لێ دێت.. کە ئاراستەی وڵاتانی سۆسیالیستی دەکران، هەروەها ڕاکێشرابوونە ناو شەڕی ساردەوە.**

* سەرچاوە:

1 ـ الحوار المتمدن ـ على عبدالرضا 10 ـ 2 ـ 2016

2 ـ تللسقف ـ اقلاب 8 شباط جريمة لا تغتفر ـ مؤيد عبدالستار



# بارودۆخی دوای کودەتا

کودەتاکەی مانگی تشرین بارودۆخی عێراقی ئاسایی نەکردبۆوە، لەدەسپێکەوە بەعسییەکان و قەومییەکان کەوتبوونە ململانێی یەکتر.. بەتایبەتی عبدالسلام عارف لەرفتاری حەرەس قەومی رازی نەبووبوو، میلیشیای چەکداری سەر بە ئەوان کە پێی گۆترابوو "حرس قەومی" لەئەندامەکانی حزبی بەعسی عەرەبی وخۆبەخشەکان پێك هاتبوون. ژمارەیەك لە ئەندامی دەرکراوی حزبی شیوعیش.چووبوونە پاڵیان.. ئەم میلیشیایە لە کودەتای شوباتی 1963دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕابوو. لەگەڵ ئەوەی بینای وەزارەتی بەرگری بۆردومانی ئاسمانی کردبوو، توندڕەوەکان دوای بەرزکردنەوەی وێنەکانی قاسم بۆ خۆدزینەوەی لایەنگرانی، بەتانکەکانەوە سەرکەوتوو بووبوون لە نزیك بوونەوە لە ئامانجەکانیان، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وەزارەتی بەرگری،دەستیان کردبوو بەبۆردومانکردنی بیناکە و لایەنگرانی قاسم ودەوروبەری،کە بووبووە هۆی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران وکوژران و بریندابوونی ژمارەیەکی زۆر.قاسم لەماوەی8ی شوباتدا سەرکردایەتی شەڕەکەی کردبوو و هەوڵی دابوو کۆنترۆڵ لەدەست نەدات... بەڵام هەر زوو

توندڕەوەکان شوێنی خۆیان فراوان کردبوو،یەك یەك یەکەسەربازی و کەمپ و بیناکانی حکومەتیان کۆنترۆڵ کردبوو،سەرانی کودەتا کە بریتی بووبوون لە:(عبدالسلام عارف و احمدحسن البكر وعلي صالح السعدي ) لە باڵەخانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ناوچەی صالحیە ئامادەبووبوون و چاوەڕێی سەرکەوتنی شەڕیانکردبوو،ئیوارە..هەوڵی دانوستانیان دابوو. بەڵام دانوستانەکان لەگەڵ قاسم سەرکەوتوو نەبووبوو،ڕۆژی دووەم دوای ئەوەی شەڕی هەردوولا تا نیوەڕۆ بەردەوام دەبێت، دەگەنە ڕێکەوتنێك کە عبدالکریم قاسم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون..خۆیان ڕادەست دەکەن.. دواتر لە دادگاییەکی دادپەروەرانەدا دادگایی بکرێن.



ـ عبدالکریم قاسم سەرۆك کۆماری حکوومەتی عێراق پاشنیوەڕۆی 9ی شوباتی 1963خۆی تەسلیم دەکات و دەبرێن بۆ ستۆدیۆی تەلەفزیۆن و لەلایەن دادگایەکی تایبەتەوە بە سەرۆکایەتی(عبدالغنی الراوی)دادگایی

دەکرێت و خۆی و هاوەڵەکانی سزای گوللەبارانکردن تامردن و زیندانی کردنیان بەسەردادەسەپێندرێت..وێنەکانیان لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنی عێراقەوە پیشان دەدرێت.. لەدوای ئەوە.. کودەتای شوبات ناتوانێ دۆخی عێراق چاك بکاتەوە،چونکەململانێکان لەنێوان قەومییەکان و بەعسییەکان بۆدەسەلاَت بەخێرایی چڕتردەبێتەوە،حەرەس قەومیەکان کەحزبی بەعس بە چوارچێوەیەکی یاسایی، دوای کودەتاکە چەکداری کردبوون و ژمارەیان زیاد کردبوو، دەستیان کردبوو، بەدەستوەردان لە کاروباری حکومەت وکۆنترۆڵکردنی جومگەکانی وسەرکوتکردنی خەڵکی سڤیل وئەنجامدانی کوشتن و بێسەرو شوێن کردن و دەستگیرکردنی زۆرەملێ...سەرۆکی نوێی کۆماری عێراق عبدالسلام عارف هەست بە مەترسییەکانی بەعس و حەرەس قەومی لەسەر دەسەلاَتی خۆی دەکات، بۆیە دوای 8 مانگ هەنگاوی دەنێت بۆ لەناوبردنی حزبی بەعس و حەرەس قەومی، بە سوودوەرگرتن لە توڕەیی... سەرکردەکانی سوپای عێراق لەسەر کارەدزێوەکانیان...دوای شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپا و حەرەس قەومی،سوپای عێراق تەواو کۆنترۆڵی بارەگاسەرەکییەکانی حەرەس قەومی دەکات وسەرکردەکانی حزبی بەعس زیندانی دەکات، حکومەتی عێراقیش بە فەرمی کۆتاییهاتنی دەسەلاَتی حزبی بەعسی لەولاَت رادەگەیەنێت.عبدالسلام عارف دوای ئەوە،درێژەی بەدەسەلاَتی خۆی دا تا بەفرۆکەکەیەوە کەوتەخوارەوە و کۆتایی بە زوڵم وزۆرداری ئەویش هات،لەدوای خۆی دووساڵ عبدارحمن محمدعارف حوکمی کرد.

## نهێنییەکانی کودەتاکەی ساڵی 1963 هەڵوێستی سەرۆك ئەرکانی سوپا و حاکمی سەربازی لە ڕۆژی کودەتاکەدا

**موحسین حەسەن ئەلبدێری گێڕاویەتییەوە:**

**بەرەبەیانی 8ی شوباتی ساڵی 1963 زعیم (احمد صالح عبدی) هەواڵی کودەتاکەی پێ دەگات،بەخێرایی جلە سەربازییەکانی لەبەر دەکات و بەرەو وەزارەتی بەرگری دەڕوات.لەگەڵ گەیشتنیشیدا دەچێتە بەشی دیسپلینی سەربازی، لەوێ لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی نزیکی، وەك (عبدالکریم الجده، طه شیَخ احمد ،سعید متار ، فاضل عباس المهداوي، کنعان خلیل حداد.) چاویان بە عبدالکریم قاسم دەکەوێت، سەرەڕای خۆڕاگری و بەرگری کە نیشانی دەدەن، دووبارە تەقە و تۆپبارانەکانی وەزارەتی بەرگری دەستپێدەکاتەوە، هەر بویە سەرکردە عبدولکەریم قاسم و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، ناچار دەبن ، بچنە هۆڵی گەل، تەنیشت وەزارەتی بەرگری، بۆ ئەوەی لەوێ خۆیان بەهێز بکەن.زعیم احمد صالح عبدی ناتوانی لەگەڵ ئەو گروپە ئەفسەرەی کە پەیوەندییان پێوە کردبوو لەگەڵ زعیم عبدولکەریم قاسم بچێتە ناو هۆڵی گەل...لێپرسراوی حیمایەکانی (احمد صالح عبدی ، خالد عبدالجبار الخیاط)، باس لەوە دەکات کە عبدالکریم قاسم قسەی لەگەڵ احمد صالح عبدی کردووە و پێی گووتووە: ئەبوسەعد (مەبەستی احمد صالح عبدی بووە) ئەو**

**خەڵکە بەدوای مندا دەگەڕێن، هەرچەند سوێندێك لە نێوان من و تۆداهەیە، تۆئازادی بگەڕێەوە...واتە عبدالكريم قاسم ناهێڵێت لەگەڵیدا بچێتە هۆڵی گەل، چونکە دەیزانی (احمد صالح عبدی) چەند دڵسۆز و پەرۆشە بۆی، هەندێکیش باس لەوە دەکەن کە لەکاتی چوون بۆهۆڵی گەل و ئاوابوون بەسەردیوارێکدا، بەهۆی قەڵەوییەوە (احمد صالح عبدی) نەیتوانیوە لە دیوارەکە سەربکەوێت، ئەشێ ئەم دوو گێڕانەوەیە هەردووکیان ڕاست و تەواو بن، بەو پێیەی عبدالكريم قاسم دڵسۆزی احمد صالح عبدی بووە ، لەوچرکەساتەوە ئیتر لێك جیادەبنەوە، ئێوارەی ئەوڕۆژە زەعیم احمد صالح عبدی دەچێتە کەناری ڕووباری دیجلە و خۆی ڕادەستی ئەو هێزانە دەکات کە لە دیوی باکووری ڕۆژئاواوە گەمارۆی وەزارەتی بەرگریان دابوو. لە 8ی شوباتی 1963 دەستگیردەکرێت و لە 9ی شوباتی ساڵی 1963 لە گرتووخانەی ژمارە 1 لە سەربازگەی رشيد دایدەنێن،ماوەی دە مانگ دەستبەسەری دەکەن، ئێوارانێك علی صالح ئەلسەعدی لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی بەعس، سەردانی زیندانەکە دەکەن...**

**خالد عبدالجبار الخياط دەگێڕێتەوە:(کاتێك لە ژووری لێپرسینەوە بووە، علی صالح ئەلسەعدی پرسیاری لێکردوە، بۆچی قبوڵت نەکرد ببیتە بەرپرسێکی باڵا لەم کۆمارەدا و هاوکارمان نەبوویت لە کودەتاکەی دژی عبدولکەریم قاسم ئەنجاممان دا..؟**

ئەحمەد صالح عبدی پێیان دەڵێ: "من نەمکردووە و نایکەم".بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەخلاقی و پیشەییەوە.سەبارەت بە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی، سەۆك عبدولکەریم قاسم هاوڕێی تەمەن و دەرچووی یەك خول بووین، سوێند لەنێوانمانداهەبوو،نمك لەنێوانماندا هەبوو،لەرووی پیشەییشەوە من سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووم و ئەرکی من پاراستنی نیشتمان و ئەورژێمەبوو." ئەگەر لە کودەتاکە بەشداربوومایە، ئەوە دەبوو بە پێشینەیەك بۆ هەموو ئەوانەی کە ئەم پۆستە لە داهاتوودا وەردەگرن.. ئەمەش پێشینەیەکی مەترسیداردەبوو بۆ سەقامگیری عێراق...پاشان پێی گووتن (دەمەوێت بپرسم ئێ خۆ فەرماندەی فەوجی پاراستنی نەخۆشخانە سەربەئێوەبوو، ئەی ئەو بۆ ئەوەی نەکرد،،؟).

ئەڵێ : بێدەنگبوون..پاشان علی صالح سعدی وەڵامی دەداتەوە:تۆ لە رابردووجێگای رێزبووی،ئیستاریزدارتری بەهۆی راشکاوی وپاکیتەوە.

ئەویەکێکە لەوئەفسەر وبەرپرسە کەمانەبووە کە ڕەوانەی دادگا نەکراون. تەنها لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوەو بەس. ئەو هەڵوێستە ئاماژەیە بۆ ئەوەی احمد صالح عبدی پیاوێکی ئازا و پڕپرەنسیپ بووە، لەناخۆشترین هەلومەرجدا کۆڵی نەداوە،ڕاشکاوانە و بەبێ ترس.. ڕای خۆی دەربڕیوە . دڵسۆزی عبدالکریم قاسم بووە و پاشگەزنەبۆتەوە لەوەی پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵدا هەبووە،بەڵکو لەگەڵ ئەواندا موناقەشەی کردووە و بیری خستوونەوە کە ئەو کە لەوپۆستەدابووە وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپا.. حەزی لەپاراستنی وڵات بووە،پێی وابووە

**هەرکەس لەوپۆستەدابێت نابێ بەشداری لە سیاسەتدا بکات.**

**ئەحمەد صالح عبدی لە 10ی کانونی یەکەمی ساڵی 1963 لە زیندان ئازاد دەکرێت، دوای بەسەر بردنی دە مانگ ، لەدوای ئازادکردنی، لەگەڵ خێزانەکەی ڕوو لە ناوچەی مەسبح دەکەن، لە گەڕەکی کەڕادەی بەغدا، دوای ئەوە خانوویەك بەکرێ دەگرێت بۆ ئەوەی تێیدا بژی. خانووەکەی معسکر رشید چۆڵ دەکات..ماوەیەکی زۆر پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای بەدەستەوە بووە،کەچی خاوەنی خانوویەکیش نەبووە، ئەمە ئاماژەیەکی روونە کەدەست پاك بووە،لەکاتێکدا دەسەڵاتی هەبووە بەهۆی ئەو پۆستەوە خاوەنی چەندین خانووبێت، دەتوانین بڵێین زۆرینە، ئەگەر نەشڵێین هەموو ئەفسەر و سیاسەتمەدارانی پێشووی سەردەمی کۆماری بەم شێوەیە ڕەوشت بەرز بوون. دەستیان نەبردووە بۆ ماڵی گشتی و دەوڵەمەندەکان،چونکە خاوەنی بنەماو ڕەوشتی بەرزبوون ، بەڵگەیش ئەوەیە دوای کوژرانی دەرکەوت عبدالکریم قاسم، خاوەنی هیچ خانوو و حسابێکی بانکی نەبووە و تەنیا (1250) دیناری لەپاش بەجێماوە.**

---

**سەرچاوەکان:**

1 ـ من أسرار إنقلاب 1963..موقف رئيس اركان الجيش والحاكم العسكري يوم الإنقلاب / محسن حسن البديري ـ المدى

2 ـ عن رسالة (أحمد صالح العبدي ونشاطه العسكري والسياسي في العراق 1912-1968)



# عبد الكريم مصطفي نصرت

## ئەوفەرماندیەی وەزارەتی بەرگری

## لە 8 و 9ی شوباتی 1963 بۆردومانکرد

**تاوانباروبکوژی بەکۆمەڵ لە کودەتاکەی 8ی شوباتی ساڵی 1963**

**ژیاننامە و پێکهاتەی:**

**لە ساڵی 1926لەبەغدا لەدایك بووبوو،خوێندنی سەرەتایی وناوەندی و دواناوەندی وسەربازی لەوێ تەواو کردبوو.دەرچووی کۆلێژی سەربازی بە پلەی (مولازمی دووەم) دوتر ئەفسەری تۆپخانە بووە.**

**لە ساڵی 1953 دەچێتە کۆلێژی سەربازی،دوای تەواوکردنی خوێندن دەکرێ بە(ضابط حركات الفرقة الأولى) و روو لە لەندەن دەکات وهەر لەوێ پەیوەندی دەکات بە خولی (ئەرکانی سەربازی)یەوە..**

**- ساڵی 1955 لە بەریتانیا پەیوەندی بەخولی پەرەشوتەوە دەکات، بەپلەی (ضابط رکن) دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی. جاریکی تر دەچێتەوە بۆلەندەن بۆئەوەی پەیوەندی بەخولێکی ڕاهێنانی سەرەتاییەوە بکات (وەك ئەفسەری پەڕەشووتوانی ومامۆستای وانەی پەڕەشووتوانی.. دوای گەڕانەوەی لە لەندەن، دەکرێت بە فەرماندەی لەشکری پەرەشوتوانان...دوا پلەی دەبێتە بە(عقید رکن) و بەشداری لە شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958دا دەکات..**

بەشداریی لە یاخیبوونەکەی موسڵ دەکات ، کە لە 8ی ئازاری 1959 لەلایەن (عبدالوهاب الشواف) ەوە فەرماندەیی کرابوو..

لەئەنجامی شکستەکە دا،دەستگیردەکرێت وسزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێندرێت......پاشان (عبدالکریم قاسم) ئازادی دەکات و لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دای دەمەزرێنێت.

## ڕۆڵی لە کودەتای 8ی شوباتی 1963دا:

پێش کودەتاکەی 1963/2/8ناوی بۆئەندامێتی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری زیاد دەکرێت.لە دوای کودەتای بەعسییەکان ناوەکەی دەگۆڕدرێت بە (ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) یەکەمین فەرماندەی حەرەس قەومی،عبدولکەریم نصرت دەبێت کە پەلە دەکات و پێداگری لەسەر سەرپەرشتیکردنی لەسێدارەدانی عبد الکریم قاسم و هاوەڵەکانی بەبێ دادگاییکردن دەکات.

## شەڕی وەزارەتی بەرگری ،

لە 9/8ی شوباتی 1963دا عبدالکریم مصطفی نصرت بەشداری دەکات لە فەرماندەیی شەڕی وەزارەتی بەرگری کە سەرکردە عبدالکریم قاسم و ستافەکەی لەسەنگەر دەبن،تالب شبیب یەکێك لەسەرکردەکانی بەعس و وەزیری دەرەوەی کودەتاکەی 8ی شوباتی1963لەوبارەوە گوتوویەتی؛

" لەدرەنگانی شەوی 8ی شوباتدا، کاتژمێر یازدە بوو..چوارتانك..

لە پردی شەهیدان دەپەڕنەوە، بەرەودەروازەی وەزارەتی بەرگری.. دەکەونە ناوخۆپیشاندانێکی جەماوەری پشتیوانی لە عبدالکریم قاسم..

ئەوخەڵکە تووڕەیە گەمارۆیان دەدەن وسەردەکەونە سەرتانکەکان.. دەرگاکانی سەرەوە دەکەنەوە وئەفسەرەکانی سەربە کودەتاکە دەردێنن و دەیانکوژن...دووتانکیش دەسوتێنن..هەر بۆیە کودەتاچییەکان پەنادەبەن بۆ هێرشکردنە سەر وەزارەتی بەرگری و لێدانی لە ناوچەی (الجعیفر)ی بەری کەرخەوە . ئیتر لەو قۆڵەوە پێشڕەوی دەکەن ..

ـ هەروەها تالیب شبیب گوتوویەتی:

" لە دوای ئەوڕووداوە لە ترسی جەماوەرە راپەڕیوەکە، رەتڵێك تانك بەفەرمادەیی پەرەشوتوانی خانەنشین عقید عبدالکریم مصطفی نصرت " ڕەوانەکران، عقیدعبدالکریم مستەفا خۆی گێراویەتییەوە:

تانکەکانم گەیشتنە ناوخەڵکەکە،هاواریان بۆژیانی عبدالکریم قاسم دەکرد، هەرچەندئەرکی من هێرش بوو بۆوەزارەتی بەرگری،کەچی خۆم و تانکەکان وهەموو رەتلەکە بەدیل گیراین..هەربۆیە دەرگای سەرەوەی تانکەکەم کردەوە، چوومە دەرەوە، سڵاوێکم لە جەماوەرەکە کرد.... ێنەیەکی(عبدالکریم قاسم)م بەرزکردەوە.. بۆئەوەی جەماوەر بیبینن. منیش لەگەڵ ئەوان هاوارم کرد: ( ماکو زعیم إلا کریم... ).

بەوجۆرە تانکەکانم تێپەڕاند، تانکەکانی تریش بەدوای من دا هاتن، هەرکە لە ئامانجەکان نزیك بووینەوە.. ڕوومان کردە وەزارەتی بەرگری.. دواتر دەستمان بە تەقە لە خۆپیشاندەران کرد.

دوای شەڕێکی توند، سەرکردە قاسم بڕیاریدا بۆ ئەوەی خوێنڕشتنەکە بوەستێنێت،خۆی تەسلیم بکات، هەربۆیە کودەتاچییەکان بەڵێنیان پێدا کەدادگایەکی دادپەروەرانە بۆخۆی وهەڤاڵەکانی ئەنجام بدەن.

عبدالکریم مصطفی نصرت خۆی سەرپەرشتی گواستنەوەیانی کردبوو.. بۆبارەگای رادیۆی عێراق کەلە ناوچەی (صالحیة) لەبەری کەرخدا بوو، لەوێش نصرت زۆر پەلە و سووردەبێت لەسەر لەسێدارەدانی سەرۆك و هاوڕێکانی بەبێ دادگایی کردن.

## نصرت وحەرەس قەومی

- بەیانی رۆژی کودەتاکە لە8 شوباتی 1963 بەیاننامەی ژمارە سێ دەردەکەن وتێیدا پێکهێنانی حەرەس قەومی بۆپارێزگاری لە کودەتاکە رادەگەیەنن،کە حەرەس قەومی خۆی میلشیایەکی مەدەنی سەربەحزبی بەعس بووە ورۆڵی لەکودەتاکەدا هەبووە،پاشان بەیاننامەی ژمارەچوار بڵاودەکەنەوەوفەرماندەییەك بۆحەرەس قەومی پێکدەهێنن وعەقید روکن عبدالکریم مصطفی نصرت دەکەن بە فەرماندەی و باقی ئەندامەکانی لەخەڵکی مەدەنی سەربەحزبی بەعس دادەنێن و یەکسەر پلەی سەربازی بەرز دەدەن بە هەموویان ، بەڵام چونکە نصرت ناتوانێ فەرماندەیی (حەرەس قەومی)یەکان بکات،دەست لەکار دەکێشێتەوە و لێی قبوڵ دەکرێ .. پاشان دەکرێت بە فەرمادەی فیرقەی چوار.

## عبدالكريم نصرت :
## خوای گەورە لە پشوودایە (الله فی إجازه)

مقدم عبدالغنی الراوی یەکێك لەکادیرەکانی بەعس وبەشداربوویەکی تری کودەتاکە بووە، لەبیرەوەرییەکانیدا گوتوویەتی:عقید نصرت رۆژی 8ی شوبات فەرمانی بەتانکەکان دا،تۆپبارانی وەزارەتی بەرگری بکەن، دوای سەرکەوتنی کودەتاو روخانی رژێمی قاسم لەرۆژی 9ی شوبات (15ی رەمەزان)نصرت بەسەرخۆشی لەوەزارەتی بەرگری دەرچوو.. لەنزیك ئینزیباتخانەی سەربازی دەهات و دەچوو، بەدەمانچەکەی تەقەی روولەئاسمان دەکرد،بەدەنگی خوماروبەهاواری بەرز دەیگووت:

خودا رۆژی هەشتی شوبات لە مۆڵەت بوو..*

---

* سەرچاوەکان:

1 ـ جريدة الزمان. لندن. في 1999/4/9

2 ـ على كريم ـ مراجعات ـ ص ـ 64

3 ـ ا سماعيل العارف، اسرار 14تموز ص 210

# عبدالكريم نصرت و
# هەوڵی كودەتای بەعس لە 1964

لەدوای سەركەوتنی بزووتنەوەی 18ی تشرینی دووەمی ساڵی 1963 كە لەلایەن عبدالسلام عارفەوە سەركردایەتی كرا و هەڵوەشاندنەوەی حەرەس قەومی ودوورخستنەوەی بەعسییەكانی لەدەسەڵات لێكەوتەوە. حزبی بەعس عبدالكريم نصرت هەڵدەبژێرن ودەیكەن بەرپرسیاری یەكەم لە نووسینگەی سەربازی..تا دەست بكات بەپلان دانان بۆ ڕووخاندنی عبدالسلام عارف..بەڵام پلانەكەی بەر لەجێ بەجێكردنی لە 1964/9/5 ئاشكرادەبێت.هەڵمەتی دەستگیركردن دەستپێدەكات كە(50)كەس لەو كادیرە بەعسییانە لەخۆدەگرێت بەشداری ئەوهەوڵەكەیان كردبووە.. یەكەم كەسیان (عبد الكريم نصرت) دەبێت..

لەكاتی لێكۆڵینەوە،دان بەهیچدا نانێت،ئەو وەك ئەوانی ترو وەك سەدام ناكات.. حازم جەواد سەركردەی بەعس گوتوویەتی:

" سەدام دانی بەوەدا نابوو كە ئەوبەرنامەحزبی یەی كە دەستی بەسەردا گیرابوو،لەقاهیرە نووسیبوویانەوە..بەڵام من وحازم و تالیب شبیب... دانمان بەهیچدا نەنا..هەربۆیە هەموو ئازاد كراین..جگە لە نصرت كە بە توندی ئەشكەنجەدرا."هەروەها حازم جەواد لەوبارەوە گوتوویەتی:

"نصرت بە جیبێكەوە بەسترابوو..ڕۆژانە دوای نیوەشەو بە درێژایی شەقامی(قناةالجيش) رایاندەكێشا.. بەڵام هیچیان لێ دەست نەدەكەوت.

## عبدالکریم نصرت :
## شیوعیەکان مافی خۆیانە بەتانك پانمان بکەنەوە

دوای ئاشکرابوونی هەوڵی کودەتای بەعسییەکان دژبە عبدالسلام عارف، کاتێك عقید رکن عبدالکریم نصرت دەبەن بۆ زیندانی ژمارە(1) لەسەربازگەی رشید،کۆمەڵێك زیندانی شیوعیش لەو زیندانەدا دەبن، لەوێ نصرت بەفرۆکەوانی شیوعی زیندانیکراو عبدالنبی جمیل دەڵێ: (بەشەرفم ئەگەرئێوە بگەڕانایەتەوە بۆ دەسەڵات وبمانتان کوشتایە و بەتانك پانمانتان بکردایەتەوە..مافی خۆتان بوو،هێشتا ئەوەیش کەمە چونکە ئێمە هیچ نەما بەرانبەر ئێوە ئەنجامی نەدەین...)دوای ماوەیەك نصرت خانەنشین دەکەن، بەڵام لەهەموو سەردەمی دەسەڵاتی دووبرا عبدالسلام عارف وعبدالرحمن عارف.بەدەستبەسەرکراوی دەمینێتەوە. لە1968/6/8لەگەڵدوا وەجبەی زیندانییەسیاسییەکان دا ئازاد دەکرێن.

## هەوڵی البکر وصدام
## بۆ راکێشانی لایەنگری نصرت

دوای ئەوەی حزبی بەعس دەبێت بەدوولەتەوە،لەتی یەکەم دەناسرێن بە (بەعسییەراستڕەوەکان،میشێل عەفلەق وقیادەی قەومی بەحزب دەزانن، ئەوکوتلەیە سەربە احمد حسن البکروصدام حسین دەبن،کوتلەی دووەم بە(بەعسی چەپڕەودەناسرێن)کەسەر بەرژێمی بەعسی سوری دەبن،

دیارە عبدالکریم نصرت لایەنگر و سەربە کوتلەی دووەم ولێپرسراوی ریکخستنەکانی هێزی سەربازیش دەبێت...

دوای ئازادبوونیشی احمدحسن بکر وصدام حسین زۆر هەوڵ دەدەبن، تا رازی بکەن لە کودەتاچاوەڕوانکراوەکەیاندا.. لەگەڵیان بێت،بەڵام ئەو پێشنیارەکانیان رەتدەکاتەوە وپێیان دەڵێ:

(من نە لەگەڵ ئێوە ونە لەگەڵ صالح مهدی عماش کارناکەم..من حزبی راستەقینەم) لێیان دووردەکەوێتەوە و ئەوانیش لێی بەڕقدا دەچن.. دوای هاتنە دەسەڵاتیش لەبیریان ناچێتەوە...

## کوژرانی

## عبدالکریم نصرت

سەرکردەی ئەوسای حزبی بەعس(حازم جواد)لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی(الحیاةاللبنانیة)دا لە2004/2/9بڵاوکراوەتەوە،گێڕاویەتەوە:

(تاوانەکە گفتوگۆ هەڵناگرێت، پیلانێك بوو ..

- سەرلەبەیانی چوارشەممە1969/1/27هاوڕێیەکی ئەفسەر بەناوی (عزیزشهاب) کەهاوڕێی دێرینی عبدالکریم نصرت بوو،تەلەفۆنی بۆکردم گووتی: تەمەنی درێژی بۆ بەڕێزتان ،عبدالکریم نصرت کوژراوە...

گووتم (پەنابەخوا ئەوە تۆ بەڕاستتە..؟) گووتی بەڵێ...

سەرلەبەیانی پەیوەندیم بە خوشکەکەیەوە کرد:دەبێ کێ کوشتبێتی.؟

یەکسەر گووتی: پەیوەندی بەرووداوەکانی پێشترەوە هەیە.

- رادیۆ وتەلەفیزیۆنی بەغدا پێشتربەڵاویانکردبووەوەکە 10 بۆ 12کەس

لەسێدارەدراون،لەنێوانیاندا چەندجوولەکە وسەرباز ونانەوایش هەیە.. بەدرەنگەوە..بەودواییە یەکێك لەبەجیٚ هێنەرانی پرۆسەکە کە ئەویش بەرێز علی رەزا (کادیری بەعس وسەرۆکی دادگای تایبەتی بوو) گوتی: (ئەوانەی روویدا هەمووی شانۆگەری بوون...ئەوانە هەموو پێشتر لەلای (عبدالرزاق سعید النایف) بەرێوەبەری هەواڵگری سەربازی لە سەردەمی عبدالرحمن عارف دا زیندانی بوون، کێشەکەیان لەژێر لیکۆڵینەوەدابوو، برادەرانی هەواڵگری سەربازی بانگیانکردن بۆ زیندانی (قصرالنهایە) و لەویٚ ئەم سیناریۆیە رێکخرابوو...مەبەستیش لێی وەك(علی رەزا) گێراویەتییەوە تەنیاو تەنیا تۆقاندن بووە..

- حازم جواد ئەوەشی گووتبوو: لەگەڵ یەکدووهاورِیٚ قسەم کرد، لەهاورێکانی عبدالکریم نصرت لە وەزارەتی بەرگری.. دواتر خۆم چووم بۆماڵیشیان،دەرگایان داخرابوو..پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەئەستۆگرتبوو، نەك هەواڵگری وهیچ دەزگایەکی تر..

لەکاتێکدا ئەوپیاوە کەسایەتییەکی باڵای ریزەکانی حزبی بەعس بوو.. هیچ تێنەگەیشتین..بەڵام لەکەسێکی خانەوادەکەیەوە زانیمان کە چوون بۆماڵیان قەدەغەیەو دەوڵەت دەستی بەسەرماڵەکەیدا گرتووە..

دیارە دواتر ئەوە دەرکەوت لەکاتی کوشتنیدا چەند چەقۆیەکی لێدرابوو.

- هەواڵکە بەناو شاری بەغدا دا بلاٌوکرایەوە،بەخاکمان سپاردولە بارەگای (جمعیة الاداب الإسلامیة) دا پرسەمان بۆی دانا،خەڵکێکی زۆربەشداری پرسەکەبوون، هیچ لێپرسراوێکی بەعس وحکومەت بەشدارییان نەکرد. هەر بەوەوە نەوەستابوون.. لە رۆژی دووەمدا لە وەزارەتی بەرگری وناو

ئۆرگانەکانی رەسمی حزبدا پڕوپاگەندەیان بۆئەوە کردبوو،کە گوایە عبدالکریم نصرت دژی پرەنسیپەکانی حزبی بەعس بووە و کەسێکی نێربازبووە، لەکاتی کوشتنیدا لووسکەیەك لە ماڵەکەی دا بووە...

دوایی..دەرکەوت کەئەومناڵە هەرخۆی دابوویە بەرچەقۆ وکوشتبووی و بەسەیارەکەی ئەویش هەڵاتبوو..چونکە سەیارەکە لەماڵ نەمابوو..)

ـ حازم جواد ئەوەشی گووتبوو:

پاش پێنج رۆژ لەرووداوەکە تەلەفیزیۆنی بەغدا رای گەیاند کە بکوژەکەی(عبدالکریم نصرت)بەئۆتۆمیلەکەوە لە شاری نەجەف گیراوە. لەشاشەوە مناڵێکیان نیشاندابوو،کەس لەخانەوادەی عبدالکریم نصرت نەیان ناسیبوو..ئامارژەشیان بەوەدابوو کە گوایە ئەومناڵە لەماڵەکەیاندا خزمەتکاربووە و تەماحی چۆتە ئوتۆمبێلەکەی... بۆیە کوشتوویەتی. مناڵکە لەزیندان راگیرکرا ..تا بدرێتە دادگایەکی ئاسایی..*

---

* سەرچاوە : رۆژنامەی (الحیاة اللبنانیة) 2004/2/9

- هەر لەوبارەوە سەرکردەی بەعس طالب شبیب گوتوویەتی:

کوژرانی عبدالکریم نصرت بەرنامە دارێژراو و شانۆگەری بوو..

بکوژەکەیان هێنایە سەر تەلەفیزیۆن هەتا بڵێ:

کێشەکە پەیوەندی بەرەوشتەوە هەیە بۆیە کوشتوومە.

- هەروەها کادرێکی تری بەعس حسن العلوی ئەوەپشتراست دەکاتەوە، گوایەصدام حسین بەشێوەیەکی نەشیاو تیرۆری کردووە، لەکاتێکدا لیوا عبدالکریم نصرت فەرمادەی ئەوهێرشە بوو کە لە8ی شوباتی 1963 کرایە سەروەزارەتی بەرگری.

- لەبەیاننامەیەکی صدامیش دا وا بڵاوکرابووەوە:

منالێکی بەدرەوشت پەیوەندی سیکسی لەگەل لیوا نصرت عبدالکریم دا هەبووەو لەماڵەکەی خۆیدا کوشتوویەتی.

- ئەوکەسەی لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە نیشاندرا،منالٚ نەبوو،خۆی بەوەناساند کە شوفێری نصرت وسەربازبووە بەناوی(علی الخزعلی)و گوایە نصرت ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەری وئەویش بەناچاری کوشتوویەتی..بەرووکەش بەزیندانی هەتا هەتایی سزای درا..

گوایە دادگایی کردنەکە سیناریۆ بووە.. دواتر ئازادیان کردووە..

* سەرچاوە: هادی حسن علیوی ـ https://kitabat.com/2020/02

* ویکیبیدیا (الموسوعةالحرة) https://ar.wikipedia.org /



مدفعيتنا تسقط طائرتين إسرائيليتين

السلوم يؤكد في القاهرة تصميم حكومة الثورة القضاء على مواقع الاستعمار وشبكاته التجسسية

١٤ طائرة للعدو تشن غارة جوية على قواتنا المرابطة في الجبهة فتسقط نيراننا إثنتين منها وترغم الأخريات على الفرار

الجمهورية

رئيس التحرير سعد قاسم حمودي

الثلاثاء ٢٧ ذي الحجة ١٣٨٨ ٤ شباط ١٩٦٩

السلوم يدلي بتصريحات خطيرة في القاهرة عن تآمر الاستعمار والصهيونية والرجعية لعرقلة مسيرة ثورتنا

الالتفاف الشعبي الكبير حول حكومة الثورة أفشل مطامع الاستعمار وعملائه

فأرادوا إشغالها بمعارك جانبية ...

الوزير يكشف النقاب عن :

حقيقة مقتل عبدالكريم مصطفى نصرة وناصر الحاني وتصفية الرابطة الإسلامية

قاتل المرحوم عبدالكريم مصطفى نصرة يكشف دوافع الجريمة وكيفية ارتكابها

عدوان صهيوني على قوات صلاح الدين

الأردن يسقط مقاتلتين اسرائيليتين

علاقات العراق بالدول الصديقة

الفدائيون ينسفون جسراً

رۆژنامەی الجمهوریە باس لەچۆنیەتی کوژرانی

عبدالكريم مصطفى نصرت دەكات



## منذر الونداوي
## یەکەم کەس بووە
## نووسینگەی عبدالکریم قاسمی
## لە وەزارەتی بەرگری بۆردومانکردووە

یەکێك بووە لەوئەفسەرە بەعسییانەی بەشداری لەروخانی حکومەتەکەی قاسمداکردبوو،تاوانی کۆمەڵکوژی زۆرئەنجامدابوو. لە14ی ڕەمەزانی 1963دا،سەدان ئەفسەر و سەرباز و مەدەنی بە ڕۆژووی کوشت بوو.. لەوسەردەمەی فەرمانده‌یی حەرەس قەومی کردبوو، دەستدرێژی سێکسی کردبووە سەر دەیان کچ و ژن.

### **ژیاننامەی** منذر الونداوي :

منذر تۆفیق خورشید وەنداوی لەساڵی1935 لەگەڕەکی کازمیەی بەغدا لەدایك بووبوو، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هەر لە قوتابخانەی کازمیە تەواوکردبوو، دواتر بەخێزانەوە چووبوون بۆ شاری ناسریە ..

- لە ساڵی 1952-1953 لە کۆلیژی ئەندازیاری بەغدا خوێندبووی.
- لەپۆلی دووەمەوە ڕووی لەکۆلێژی فڕۆکەوانی دەکات..
- لە ساڵی1956پلەی(مولازمی دووەم)وەردەگرێت ودەبێت بەفڕۆکەوان.

ـ لە ساڵی 1962گەشتێکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت کردبوو، بۆ ئەوەی خوولێکی فێربوونی فڕۆکەکانی مێك (MIC) تەواو بکات.

ـ خوێندنی بەشی یاسای زانکۆی موستەنسریەی ئێوارانی

لە ساڵی 1964تەواو کردبوو.

– ئەوانەی باوکی دەناسن دەڵێن منذر خەڵکی شاری خانەقینە و بە ڕەچەڵەك کوردە.

## چالاکیە سیاسیەکانی:

لەدوای بزووتنەوەی شەواف لە مانگی ئازاری ساڵی 1959لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ناسیۆنالیستی عەرەب دەستگیر دەکرێن.. دوای چوارمانگ ئازاد دەکرێت..پاشان دەگوازرێتەوە فەوجی حەوتی فڕۆکەکانیMIC لەسەربازگەی رشیدی بەغدا.. دوای دە مانگ دەگوازرێتەوە بۆ فەوجی شەشی فڕۆکەی ڕاوچی لە حەبانیە.

ـ دوای شکستی هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم لە پاشنیوەڕۆی 7ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1959 پەیوەندی بە حزبی بەعسەوە دەکات.

فوادریکابی کەیەکێك لە ئەندامانی حزبی بەعس و پلاندانەری ئەو هەوڵەدەبێت، لەگەڵ عبدوڵلاڕیکابی ئامۆزایدا خۆیان دەشارنەوە، ڕوودەکەنە ماڵی حازم جەواد، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس، لەوێش ئۆقرەناگرن و روودەکەنە شوێنێکی تر.

بۆ خۆدەربازکردن عبدوڵلارکابی دۆستایەتیەکەی لەگەڵ منذر وەنداوی لە ناسریە دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە قاچاخ بیانگوێزێتەوەبۆشوێنێکی تر.

**ناسنامەی سەربازی ساختەیان بۆدەکات وجلی سەربازییان لەبەردەکات.**

**منذر پێیان دەڵێت:** (**دوای ئەوەی دەسەلآت پاداشت دیاری دەکات، بۆهەر کەسێك هاوکاربێت بۆ گرتنی فوئاد رکابی بەزیندوویی،یا بەمردوویی. بڕیارم دا دەربازیان بکەم،پرۆسەکە هەمووی یەك کاتژمێری خایاند. بەرۆژی رووناك فوئادوهاورێکانی(حازم جوادوعبداللهالرکابی)م گەیاندە فەلووجەو پێش ئەوەی هاتووچۆ رابگیرێت خۆم گەڕامەوە بۆ بەغدا ..**

## رۆڵی لە کودەتاکەی شوباتی 1963:

**منذر وەنداوی لە ساڵی(1960)ە وە لە حزبدا چالاکی هەبووە، پلەکانی بەخێرایی بڕیوە،لەساڵی1962بووە بەئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری حزبی بەعس.لەدوای کودەتاکەی 8ی شوباتی 1963 گۆڕا بووبە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.سەبارەت بەڕۆڵی لەئەنجامدانی کودەتاکە، دەرکەوتنی فڕۆکە(میك)ەکەی لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 1963/2/8لەئاسمانی بەغدا دەبێت،کەکاتژمێری سفربووبۆ کودەتاکە، کودەتاچییەکان جوڵەدەکەن بۆجێبەجێکردنی پلانەکەیان، کاتژمێر نۆی بەیانی ئەورۆژە سێ فڕۆکە روودەکەنە وەزارەتی بەرگری و بنکەی ئاسمانی لە سەربازگەی رشید بۆ هێرشکردنە سەریان.. یەکێکیان کە لە جۆری هەنتەر دەبێت، فەرماندەی سربەکە مولازمی یەکەم منذر وەنداوی لێدەخوڕێ،دوو فڕۆکە مێك 17 یش فڕۆکەوان مولازم فەهدعبدولخالق سەعدون وواسیق عبدوڵلاڕەمەزان لێی دەخوڕن..**

**منذروونداوی هەوڵی ئەوە دەدا ئامانجە تایبەتەکانی بۆردومان بکات.. بەڵام مووشەکەکانی فڕۆکەکەی ناکەونە خوارەوە..بۆیە پەیوەندی بە هەڤاڵەکەیەوە مولازمی یەکەم فەهد سەعدونەوە دەکات، و پێی دەڵێ: تووشی کێشەبوومە و ڕۆکێتەکان ناتەقن..**

**فهدسەعدون دەڵێت:(کاتێك منذرباسی بۆکردم کەناتوانێت تەقە بکات.. پێم گووت: من ئامادەم ئامانجەکان بۆردومان بکەم.. هەروەها پێم گووت: کە دەبێت بچێتە بنکەی حەبانیە و فڕۆکەیەکی تر بەکار بهێنیت...**

**بۆ ئەوەی دوای ئەوەی تەقەمان تەواو کرد ئەرکەکەی تەواو وەربگرێت.. لە دەوری وەزارەتی بەرگری بارەگای عبدولکەریم قاسم بمێنێتەوە.. وەڵامی دایەوە کەدەچم فڕۆکەکە دەگۆڕم و بەزووترین کات دەگەڕێمەوە، دەستمان کرد بە تەقەکردن و بە ڕۆکێتبارانکردنی وەزارەتی بەرگری.. چەکەدژەئاسمانییەکان دەستیان کرد بەتەقەکردن لە ئێمە..لەونێوەندەدا منذر وەنداوی دوای بۆردومانەکەمان یەکسەر پەیوەندی پێمانەوە کرد.. ئەویش پێنج جار بۆردومانی کردبوو، هەروەها واسق عبدالله رەمەزانیش ئەرکەکانی ئەنجامدابوو، هەروەها سەعدون گوتوویەتی:**

**( منذر وەنداوی مووشەکەکانی ئاراستەی ئامانجەکان کردو بەردەوام بوو لەبۆردومانکردن ومنیش 500 پێ لە سەرووی ئەوەوە دەفڕیم و دژە ئاسمانیەکانی وەزارەتیش بەرەنگاری فڕۆکەکانمان دەبوونەوە).. بەوشێوەیە شەڕی چارەنووس وکۆتایی دەستی پێکرد.**

# فەرماندەیی کردنی
# حەرەس قەومی

کودەتاچییەکان دەستدەگرن بەسەرپەخشی ڕادیۆیی ئەبوغرێبدا، پاشان دەکەونە پەخشکردنی لێدوانەکانیان ولەبەیاننامەی سێیەمدا پێکهێنانی (حەرەس قەومی)رادەگەینن،بە مەبەستی ئەوەی پشتیوانی سوپا بکات بۆکۆنترۆڵکردنی شەقام،فەرماندەییەکەی بریتی دەبن لە:

عەقید عبدولکەریم مستەفا نصرت وموولازمی یەکەم منذر وەنداوی پلەکەی دەگۆڕن بۆ موقەدەم...نەجادصاڤ، پلەی نەقیبی پێ دەدەن.. ئەبو تالیب عبدالموتلیب هاشمی، پلەی نەقیبی پێ دەبەخشرێت، احمدعزاوی وسەباح الحمدانی وحازم سعید و عەتا محیەدین هەموویان پلەی مولازمیان پێدەبەخشرێت... شاحسینی ئوردن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ناسراو محمد حەسەنین هەیکل، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاهرام) گوتوویەتی:

ئەو ڕووداوانەی مانگی شوباتی ساڵی1963لەعێراق ڕوویانداوە، لەلایەن بەریتانیاو هەواڵگری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پاڵپشتی کرابوون وڕادیۆیەکی نهێنی پەیوەست بەوهەواڵگرییە،لەکوێت هەبووە.. ناو و ناونیشانی کادیرە کۆمۆنیستەکانی پەخش کردۆتەوە..

بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ گرتن وکوشتنیان لەلایەن کودەتاچییەکانەوە.
یەکسەر حەرەس قەومییەکان دەستدەکەن بە لێپرسینەوە لە گەڵ زیندانیانی سەربازی ومەدەنی، لەنێویاندا زۆربەی سەرکردە و کادیرانی حزبی شیوعی عێراق، ترسناکترین شێوازەکانی ئازار وئەشکەنجەدانی جەستەیی ودەروونی بەکاردەهێنن،بۆئەوەی نهێنی کاری ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی بدرکێنن،ژمارەیەکی زۆریان لەژێرئەشکەنجەدا ئەندامێکی جەستەیان دەبڕنەوە،چاویان دەکۆڵن، زمانیان داخدەکەن، نینۆکەکانیان دەردێنن.. تا دەمرن..، تەرمی هەندێکیانیش پارچە پارچەدەکەن...

منذر وەنداوی لەسەرەتاوە یاریدەدەری فەرماندەی حەرەس قەومی بووە. دواتر بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی هەبووە لە گرتن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی کۆمۆنیست وقاسمییەکان..دەیکەن بە فەرمادەی گشتی حەرەس قەومی.
لەوماوەیە قێزەونترین تاوانی فاشیستانە لەبەغداو شەقامەکانی،لەگەڕەك وکۆڵانەکانی کازمییەو زیندانی قصرالنهایە و سەربازگەی رشیدو زیندانی ناوەندی ولە بنکەی پۆلیسی اعزمیە و کەتیبەی تانکەکان و (ملعب الشعب)ئەنجام دەدات...



## هەوڵی کودەتا

لە 1ی تشرینی دووەمی 1963، فەرمانێکی سەرۆکایەتی دەردەچێت، بەوپێیە منذر وەنداوی لە فەرماندەیی حەرەس قەومی دووردەخرێتەوە.. عبدالستارعبداللطیف لەشوێنی دادەنرێت..بەڵام منذر وەنداوی سەرپێچی فەرمانەکە دەکات و پێداگری لەسەرمانەوە خۆی لە پۆستی فەرماندەیی حەرەس قەومی دەکات،ئەمە بارودۆخەکەئاڵۆزتر دەکات،تای ململانێکان پەرەدەسێنێت، لە دوای دە ڕۆژ لە 11ی ئەو مانگەدا کۆنفرانسی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەڕێوەدەچێت، بۆ هەڵبژاردنی هەشت ئەندامی نوێ بۆ سەرکردایەتی هەرێمایەتی.. بەجۆرێك کە ژمارەکە ببێتە شانزە کەس،بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە لەلایەن شەشەمین کۆنگرەی پارتی بەعسەوە پەسەندکرابوو. بەڵام لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەدا (15) ئەفسەر هێرش دەکەنە ناوهۆڵی کۆنگرەکە..یەکێکیان عەقید محمد

مەهداوی دەبێت، سەردەکەوێتە سەر سەکۆی کۆنگرەکە و لەبەردەم ئەندامانی کۆنگرە دەست بە قسەدەکات و دەڵێ:

(هاوڕێ میشێل عفلق،فەیلسوفی حزب پێی گوتووم کەباندێك لە عێراق و سوریاحزبەکەیان کۆنترۆڵکردووە،ئەودووباندە سەریان بەیەکەوە ناوە و کۆنترۆڵی کۆنگرەی شەشەمیان کردووە..بۆیە دەبێت لەناو ببرێن..) محمد مەهداوی هێرش دەکاتە سەربڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەمی نەتەوەیی و بە پیلانێك لە دژی ئەو حزبە وەسفی دەکات، بەپشتیوانی ئەفسەرە هاوڕێکانی بەزەبری چەك داوای هەڵبژاردنی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس دەکاتەوە..

کۆنگرە بەدەنگدانی ئەفسەرەکانیشەوە، بەرێوە دەچێت، لەکاتێکدا هەندێ لەو ئەفسەرانە بەعسیش نابن،سەرکردایەتی نوێ،لەحازم جوادولایەنگرانی هەڵدەبژێرن، هەرلەوێ ئەفسەرەکان ئەم کەسانە قۆڵبەست دەکەن:علي صالح السعدي ومحسن الشيخ راضي وحمدي عبدالمجيد و هاني الفكيكي وأبوطالب الهاشمي.. بەفرۆکەیەکی سەربازی هەموویان دەنێرن بۆ مەدرید..

منذروەنداوی دەمێنێتەوە،کەبەلایەنگری على صالح السعدى ناسرابوو، بۆ ماوەیەك بێدەنگدەبێت وپشتگیری ئەو بڕیارانە دەکات  کە درابوون.. دوورنیە پلانی بۆ شتێکی ترهەبووبێت..هەرچەند ناوی منذروەنداوی لە لیستی دیپۆرتکردنەوەکاندا دەبێت، لەگەڵ على صالح وهاوەڵەکانی..

بەڵام هەندێك لەئەندامانی كۆنگرە داوای سڕینەوەی ناوەكەی دەكەن، بەهۆی هەڵوێستی هاوسەنگی وپاشەكشەی لەوبابەتە.لەكۆنفرانسەكەدا.
ـ ساڵی پركێشە لەورۆژەدا دەتەقێتەوە،ململانییەكان دەگاتەسەرشەقام و سەرلەبەیانی رۆژی 13ی تشرینی دووەم ژمارەیەكی زۆر لە لایەنگرانی علي صالح السعدي. و حەرەس قەومی كۆنترۆڵی چەندشەقامێكی ناو بەغدا دەكەن و بازگەی لێ دادەنێن. .
نووسینگەی پۆست و تەلەگراف ورادیۆ وتەلەفۆن داگیردەكەن، هێرش دەكەنەسەر بنكەكانی پۆلیس ودەست بەسەر چەكەكانی ناویاندا دەگرن.
لە هەمان كاتدا منذروەنداوی و هاوڕێكی فڕوكەوانی بەپەلە بەرەو بنكەی ئاسمانی رشید دەچن، سواری دووفڕۆكەی جەنگی دەبن و بنكەی رشید بۆردومان دەكەن، پێنج فڕۆكەی مێك تێكدەشكێنن ..
صالح مەهدی عەمماش وەزیری بەرگری لە پەخشی رادیۆوە بەیاننامەیەك بڵاودەكاتەوە،(احمدحسن البكر)ی(سەرۆك وەزیران) ئاگادار دەكاتەوە كە هەوڵێك هەیە بۆئەوەی بەعسییەكان یەكتر بكوژن..ئەوەیش تەنها سوودی بۆ دوژمنانی حزب هەیە..هاوكات بەبانگەوازێك ،داوای گەڕانەوەی پەیوەندی هەڤاڵانە دەكات ، بۆ لێكتێگەیشتن و برایەتی.لەم نێوەندەدا هێزەكانی حەرەس قەومی كۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەكانی بەغدا دەكەن، البكر و عەمماش ئامادە نابن فەرمانی دەستوەردان بە سوپا بدەن.. سەركردایەتی لقی بەغدای حزبی بەعس لەوكاتە ئالۆزەدا سەركردایەتی حزب بەرێوەدەبات..

داوای گەڕاندنەوەی علی صالح السعدی وهاوەڵەکانی دەکەن بۆ عێراق..
بۆ مومارەسەکردنی ئەرکە حزبی و فەرمی یەکانیان..
بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نابن.. ناچار بەوە ڕازی دەبن کە دۆسیەکە ڕەوانەی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بکرێت بۆ بڕیاردان ...
ئێوارەی ئەو ڕۆژە و سێزدەی تشرینی دووەم، دامەزرێنەری حزبەکە میشێل عفلق و سەرۆکی سوریا امین الحافظ، لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامی قیادەی قوتری ئەوحزبە، دەگەنە شاری بەغدا، عفلق وهاوڕێکانی دەیانەوێ دەست لەکاروباری عێراق وەربدەن، هەر بۆیە بڕیاردەدەن کە حازم جواد وەزیری ناوخۆ و تالب شبیب وەزیری دەرەوە دووربخەنەوە، تاوانباریان دەکەن بەوەی کەبناغەدارێژەری ئاژاوەن، هەروەها بەبڕیارێك سەرکردایەتی هەرێمایەتی هەڵدەوەشێننەوە..کە لەژێرپاڵەپەستۆی پانزە ئەفسەرەکەداهەڵبژێردرابوون.سەرکردایەتی هەرێمایەتی نوێ تێکدەدەن. کە( علي صالح السعدي ) بەرێوەی بردبوو، قیادەی قەومی دەسپێرن هەڵبژاردنی نوێی سەرکردایەتی هەرێمایەتی سەرپەرشتی بکەن... ئەوهاوبەندیەی ئەفسەرانی لەگەڵ سەرکردایەتی مەدەنی کۆدەکردەوە، هەڵدەوەشیننەوە،ناکۆکی قووڵی نێوانیان ناهێڵن.. باڵی مەدەنی حزبەکە بەپەلە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بەدوژمنی حزب ناوبرابوون..
داوایان لەیەکێتی کرێکاران کردبوو،کە لەلایەن حزبەوە کۆنترۆڵکرابوو، سەری ئەو بۆرژوازیانە پان بکەنەوە کە خیانەتیان لە حزب کردووە،ئەو سەرمایەدارانە لەسێدارە بدەن، سەرمایەکانیان بردۆتە دەرەوەی وڵات.

عەمیدصبحی عبدالحمید،بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنی سەربازیی حکومەت لە وەزارەتی بەرگری.. کەسەر بە بزووتنەوەی ناسری بووە دەڵێت:

هەر کە منذر وەنداوی هۆڵی کۆنگرەکەی بەجێهێشت، دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتی لقی بەغدای حزبی بەعسەوە،لایەنگری علی صالح السعدی و حەرەس قەومی بۆ ئامادەکردنی کودەتایەك دژی ئەوکودەتایەی کە لەکۆنگرەکەی حزبدا ڕوویدا بوو.

لە 1963/11/12، حەرەس قەومی لە شەقام و کۆڵانەکانی بەغدا جێگیر بوون و دەستیان کرد بە ڕێگری وپشکنینی ئۆتۆمبێلی ئەفسەران ئەمەش پلەباڵاکانی نیگەران کرد..

ڕۆژی 11/12 بەئاشتی تێپەڕی.. لەگەڵ گزنگی هەتاوی ڕۆژی 11/13 فڕۆکەهەنتەرەکان بەسەرباڵەخانەی وەزارەتی بەرگری داکەوتنە هاتووچۆ.. پاش کەمێك گوێمان لە چەندتەقینەوەیەکی بەهێزبوو، کەبۆردومانی بارەگای ئینزیباتخانەی سەربازی پێ کرابوو،بەڵام ئامانجی نەپێکابوو، پێشتر فڕۆکەخانەی سەربازگەی رشید بۆردومان کرابوو، چوار فڕۆکەی ( مێك 19) تێکشێندرابوو.. دواتر هەوڵیان دابوو کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار بۆردومان بکەن، بەڵام نەیپێکابوو..کە فڕۆکەوانەکە منذروەنداوی خۆی بوو، ئەوەش بەئاگاداری فەرماندەی بنکەی ئاسمانی بەفڕۆکەیەکی هەنتەر ئەنجامدرابوو..

لەبەرئەوەی بنکەی حبانیة تەنیا فرۆکەی باجەر بۆمبهاوێژی لێدەبێت، فرۆکە هەنتەرەکانیش لە موصل خەریکی سەرکوتکردنی جولانەوەکەی

مەلامستەفابارزانی دەبن،حەردان تکریتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی فەرمان بە بنکەی ئاسمانی موصل دەکات، دووفڕۆکەی هەنتەر بنێرێت بۆ بنکەی حەبانیە،هەتا لە کاتی پێوستدا ئامادەبن،ڕۆژی 12ی تشرین دەگەنە بنکەی حەبانیە، هەردوو فرۆکەوانەکەیش کەخۆیان خەڵکی ئەوشارەدەبن،دەچنەوە بۆحەبانیە، کەئەوانیش رائدحمیدشعبان ونقیب عادل سلمان دەبن، هەردووفرۆکە چەکدارکراوەکە لەفرۆکەخانە جێدێڵن.

کاتژمێردووی شەوی13/12ی تشرینی دووەم، منذروەنداوی دەگاتە حەبانیە، لەگەڵ فرۆکەوان یونس محمدصالح بارودۆخەکەی باس دەکات، پاشان هەموو ئەفسەران و سەربازە بەعسییەکان کۆدەکاتەوە وداوای هاوکارییان لێ دەکات، ئەوانیش رازی دەبن، بڕیار دەدات فرۆکە باجەرەکان لەبۆمبا بار بکەن، تابارەگای سەرۆك کۆماری لەبەغدا پێ بۆردومان بکەن، فەرماندەی بنکەپێشنیاردەکات یەکێك لەودووفڕۆکە هەنتەرانە بەکاربێنرێت، ئەویش رازی دەبێت،بەڵام دواتر بنکەی حەبانییەی لێ دادەخەن، بەناچاری لەبنکەی (الهذبة) دا دەنیشێتەوە، ئەودۆخە ناچاری دەکات، یاخۆی بەدەستەوە بدات،یا بۆسوریا رابکات، دووەمیان هەڵدەبژێرێت و وەك پەناهەندەی سیاسی دەچێتە میصر.

لەناوەڕاستی ساڵی 1967دا عبدالرحمن عارف، سەرۆك کۆماری عێراق، ئەو دۆسیە و تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ منذروەنداوی هەر هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە.

# مندر ونداوي و
## كودەتاكەی تەمموزی 1968

دوای كودەتای تەمموزی1968مندروەنداوی دەخرێتەوە سەرخزمەتی سەربازی وپلەی عەقیدی پێ دەبەخشرێت، پاشان بەهەڵسوڕێنەری پاشكۆی سەربازی ڕۆمانیا دادەمەزرێت.بەلآم زۆری پێناچێ بوخارێست جێدەهێڵێت دەروا بۆ دیمەشق,,لەوێ بە ئەندامی قیادەی قەومی بۆ دژایەتی سەركردایەتی عفلق و بەكر و سەدام حسین هەڵدەبژێردرێت.

ـ لەساڵی1973 سەدام حسێن جێگری سەرۆك كۆماری عێراق نێوەندگیرێك دەنێرێت بۆلای وەنداوی لە پایتەختی وڵاتی لوبنان چاویان پێكدەكەوێ.بەوەرازی دەكەن كەبگەڕێتەوە بۆعێراق، هەرچەند سەرۆك احمدحسن البكر ئەوەی بەدڵ نابێت،مندروەنداوی دەگەڕێتەوەو سەدام گرینگی پێدەدات و دەیكاتە باڵیۆزی عێراق لەیابان، لەوێ دەمینێەوە.. پێشنیار بۆژنەكەی دەكات،كە بگەڕێتەوە بۆعێراق،چونكە پێی وابووە كەشایستەیە بكرێتە وەزیر،چونكە ژنەكەی مندروەنداوی جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەی منصور..بووە، ئەوسا ساجیدە بەڕێوەبەر و ئەویش دەستەخوشكی ساجیدەی هاوسەری سەدام بووە، ئیتر دەبێت بە باڵیۆز لەنێو وەزارەتی دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ سەدام نوێ دەكەنەوە، پاشان دەبێتە پالێوراو بۆ پۆستی وەزیری دەوڵەت بۆكاروباری دەرەوە.

**لە ناوەڕاستی حەفتاکان سەدام خەریکی بنیاتنانی دەوڵەت دەبێت لە ڕووی ئاسایش و گەشەپێدانەوە..متمانەی بە بارزان برای و راپۆرتە هەواڵگرییەکانی دەبێت،تێبنی لەسەر منذروەنداوی دەبێت،شایەدحاڵێك خۆی لەهەواڵگری بووە،گێراویەتەوە،صدام حسین لە بەرزان دەپرسێت: ئایەتۆ بەدیاریکراوی شتێکت لەسەر وەنداوی هەیە.؟لەوەلآمدا دەڵێ: نەخێر.. بەلآم متمانەم پێی نیە، دەتوانێت، بەپێی پۆستی باڵیۆز لەوەزارەتی دەرەوە،لەگەڵ هەرباڵیۆزێك کۆببێتەوە و هەماهەنگی بۆ پیلانگێڕی دژی حزب و شۆڕش دابڕێژێت.. لەوەیش گرنگتر بارزان گوتبووی وەنداوی لەرابردوودا فڕۆکەوانێکی ئازا ودەست وەشێن بووە.. لە شوباتی1963ئەو وەزارەتی بەرگری بۆردومان کردووە. بوێری ئەوەی هەیە پیلانگێڕی لە دژی حزب و دەوڵەت بکات.. کەواتە با دووری بخەینەوە وئەرکێکی نوێی پێ بسپێرین، کە کاریگەری ئەوتۆی نەبێت.. بەو شێوەیە سەدام چاوی بە منذروەنداوی دەکەوێت و پێی دەڵێ: دەمەوێت بتکەم بە باڵیۆز لە پاریس بۆ بەدواداچوون بۆ گرێبەستە سەربازییەکانی عێراق لەگەڵ فەرەنسا، هەروەها بۆ بەدواداچوون بۆ دروستکردنی ڕیاکتۆری ئەتۆمی، قەناعەتی پێدەکات کە ئەوپۆستە تەنیا شایانی ئەوە،چونکەمتمانەی پێیەتی،دەسەلآتی تایبەتی پێدەبەخشێت و لەعیراق دووری دەخاتەوە، دواتر دەگوێزریتەوە وەك باڵیۆز بۆ ڕۆما.. دوای ئەوەی سەدام لە تەمموزی 1979 دەسەلآتی رەها وەردەگرێت، دەیگوازێتەوە بۆشوێنێکی کەم بایەختر و دەیکاتە باڵیۆز لە پورتوگال...**

دە ساڵ لەم پۆستەدا دەمینێتەوە..پاشان لە تەمموزی ساڵی 1989بە فەرمانێك دەیگوازنەوە بۆ بەغدا.

منذروەنداوی هەست بەوەدەکات،کەهێنانەوەی بۆ بەغدا بەمەبستی فەوتاندنی ئەوە..واز لە باڵیۆزی دەهێنێت و لەپڕ خۆی لەچاوان وندادکات،داوای پەناهەندەیی لەچەند وڵاتێکی ئەوروپی دەکات، هەندێ لەهاورێکانی گووتوویانە لە کۆتایی نەوەتەکان تامردن لەیەکێك لەدورگە بەناوبانگەکانی ئەسپانیابەناوی(ماربێلا) ژیاوە،کەنشینگەی دەوڵەمەند و هونەرمەندەگەورەکان بووە.لەوێ بۆئەوەی نەناسرێتەوە، ریشێکی درێژ بەردەداتەوە،شەوان بەرابواردن لەمەلهاکان وقومارکردن لەگازینۆ(رۆلێت) لەدورگەکەدا بەسەر ژیانی بردووە و لەلایەن یەکێك لەوڵاتانی عەربی یەوە بە بەخشەندەییەوە یارمەتی دراوە.

## کۆتا رۆژەکانی

دوای ئەوەی لەدەیەی کۆتایی ژیانیدا تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت. لە تەمەنی 83 ساڵیدا، لە 4ی تشرینی دووەمی 2015 دا لە شاری ماربێلای ئیسپانیا کۆچی دوایی دەکات .*

---

* سەرچاوە: هادی حسن علیوی

. المورد نیوز. 2/11 / 2021



# طالب شبیب..

## لەشیوعی یەتییەوە... بۆ بە بەعسی بوون
## لە وزیر خارجییەوە..بۆ نۆکەرایەتی بیّگانە

**کەسایەتی :**

**- ناوی (حسین محمد شبیب)و لە ئامێزی بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتدا گەورە بووبوو، ئامانجی ئەوە بووە ببێتە سەرکردەیەکی بۆرژوازی، وە بە باشی ئاشنایەتی لەگەڵ عەقڵیەت وهەڵسوکەوتی بیانییەکان وبۆرژوازی ناوخۆیی هەبووە.**

**ژیاننامەی:**

**باوکی زەوی و ماڵێکی زۆری لە شاری(حلە)بۆ بەمیرات بۆدەمینێتەوە، بەڵام لای ئەوەوە ئاسایی دەڕوات.. لە ئەنجامی ڕەفتاری باوکی لەگەڵ ئالوودەبوونی بە قومار..بارودۆخەکە خراپ دەبێت..بۆیە دوای ئەوەی ئیفلاس دەبێت ،باردەکەن بۆ قەزای ڕومێسە.**

- لە ساڵی1935لە شاری رومێسەی پارێزگاری دیوانیە لەدایك دەبێت.. لە ناسنامەی باری شارستانییەکەی هاتووە کە لە 22ی ئازاری 1934 لەدایکبووە،خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لەشاری رومێسە تەواو دەکات، ناوەندی وئامادەیی لە (الشرقیە) لە بەغدا تەواو دەکات.

لە ساڵی1951بۆخوێندنی ئەندازیاری لە کۆلێژی ئیمپریال،دەینێرن بۆ لەندەن.دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لە1955دەچێتەکۆلێژی سەربازی.

## چالاکی سیاسی:

- لە نێوان 1948-1951پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوە دەکات.

- لەکانوونی دووەمی1948سەرکردایەتی خۆپیشاندانی کۆلێژەکەی دەکات دژی پەیمانی عێراق و بەریتانیا (پۆرتسمۆس).

- دواتر بەهۆی ئەوەی پێی وابووە کەحزبی بەعس باشتر لەگەڵ عەقلییەتی بورژوازییانەی ئەودا دەگونجێت.. دەبێت بە بەعسی.

- لە15ی نیسانی 1959 بۆ دەسەڵاتی عێراق ئاشکرا دەبێت کە بەنهێنی پەیوەندی بەحزبی بەعسەوە کردووە لەسوریا،بۆیە لەسوپا دەردەکرێت. هەر لە سەرەتای ساڵی 1959دا وەزیرە ناسیۆنالیستەکان، دەست کێشانەوەی خۆیان پێشکەش بەوەزارەت دەکەن،وەك ناڕەزایەتییەك بەرامبەر بە بڕیاری سزای لە سێدارەدانی (عبدالسلام عارف) لەلایەن دادگای گەلەوە،بەهۆی بەشداری لەهەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم، فوئادرکابی(رازگری نهێنی سەرکردایەتی بەعس) واز دەهێنێت لە دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی، بەڵام علی صالح سعدی و حازم جواد دەست

لەکارکێشانەوەکەی خۆیان لەسەرکردایەتی(بەعس)پێشکەش دەکەن.. بەهۆی نارەزایەتی لە مانەوەی رکابی لەوەزارەت،ئەندامی سەرکردایەتی بەعس سەعدون حەمادی ئەوسا بۆ خوێندنی بالاّ لە ئەمریکا دەبێت.. بۆیە فوادالرکابی بڕیاردەدات لەجێی(سەعدی وجەواد) ایادسعیدسابت و مدحت ابراهیم جمعه و تالیب شبیب بکرێن بە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس."

ـ طالب دەڕوات بۆ بەیروت و لەوێ چاوی بەمیشێل عەفلەق دەکەوێت و لێی نزیك دەبێتەوە... لە سێیەمین کۆنگرەی حزب بەشداری دەکات، کە لە (27ی ئاب – 1ی ئەیلولی 1959) بەرێوە دەچێت و لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی عەفلەق پلەکەی بۆ ئەندامیەتی قیادەی قوتری بەرزدەکرێتەوەو بەرپرسیارێتی کاروباری سکرتاریەت دەگرێتە ئەستۆ.

ـ لە مانگی ئابی ساڵی 1960چوارەمین کۆنگرەی هەرێمایەتی حزب بەڕێوەدەچێت و ناوی تالیب شەبیب و فەیسەڵ حەبیب خەیزەران بۆئەندامانی سەرکردایەتی نوێ زیاد دەکرێن.

ـ لەکۆتایی1960سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس علی صالح سەعدی ڕادەسپێرێت کە بگەڕێتەوە عێراق و حزبەکەی ڕێکبخاتەوە..بەهۆی ڕووخانی حزبەکە دوای شکستی هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالکریم قاسم لە ئۆکتۆبەری1959وهەلاّتنی سەرکردایەتی وکادیرانی بۆدەرەوەی عێراق، پاش ئەوە بەعسیەکان کەچاودێرییان لەسەرکەم دەبێتەوە، وردە وردە دەگەڕێنەوە.. یەکێك لەوانەیش تالیب شبیب دەبێت.

**ـ لە ساڵی 1962 شەبیب دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سەربازی کە لەلایەن بەعسەوە بۆپلاندانان بۆڕوخانی ڕژێمی عبدالکریم قاسم پێکدەهێندرێت، یەکێك لەوسێ کەسەدەبێت کەپلاندارێژەری کودەتای 8ی شوباتی 1963 دەبن و دوای کودەتایش دەبێت بە وەزیری دەرەوە.**

## **پەیوەندی بە هەواڵگری بیانییەوە:**

**مێژوونووس فاروق صالح عمر باس لەوە دەکات، لە هاوینی ساڵی 1962 دیدارێکی لەگەڵ هاوڕێی تالیب شەبیب هەبووە، پێی گوتووە پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەبووە و تەنانەت بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتیش یارمەتی حزبی بەعسیان داوە دژی عبدالکریم قاسم..**

**لە ئابی ساڵی 1962 گەشتێکی بۆ ئەویێ کردووە و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا ڕێکخستووە و دوای 6 مانگ سەرکەوتوو بوونە لە کودەتاکەیان.**

## طالب شبيب **بەم شیوەیە باسی عبدالکریم قاسمی کردووە:**

**نیشتمانپەروەر وپارێزەری بەرژەوەندی هەژاران بوو،پرۆژەکانی بۆ ئامانجی ریکلام نەبووە،بەڵکو لەبیروباوەڕەوەبوون،بەڵام دیکتاتۆرێکی تاکرەو بووە..سوکایەتی بەهەموحزبەکان کردووە..**

**دەیتوانی پانتایی کارکردنی هەموحزبەکان فراوانتر بکات، هەموباوەڕیانیش وابوو کە هەرخۆی دەبێتەوە بە سەرکۆمار..**

لەگەڵ هەمووئەوانەیشدا شایانی ئەوئەنجامە نەبوو کەپێی گەیشت.. لەکۆتاییدا:بۆ ئێمە زۆرگرانە باسی قاسم لەڕووی ئایندارییەوە بکەین، جگە تاکرەوی،ناکرێ باسی دی بکەین،تابڵێی دەستپاك وچاوتێربوو. تاکە کاربەدەست بووە تەماحی باخچە و پارچە زەوییەکی نەبووە..

تالب شەبیب دەشڵێت:یاسای ژمارە(80)کەدەرچوو،بەپێی ئەو یاسایە 99.5٪ی زەوییە نەوتییەکانی بە نیشتیمانی کرد..ومیسر هەموو ئەو بەڵگەنامە نهێنیانەی لە وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا ڕادەستی کردبوو.. کە هی میسر و سوریا و هی سەردەمی شاهانە و پەیمانی بەغدا بوون.

ـ لەسەردەمی ئەودا بوو ڕێکخراوی ئۆپێك دامەزرا..بناغەی پیشەسازی پۆڵا و چیمەنتۆی دامەزراند.. نەخۆی سوودمەند دەبوو،نە ڕێگەی دەدا کەسانی دیکە بە شێوەی نایاسایی سوودمەندبن.. هیچ جەنگێکیشی بەنوێنەرایەتی وڵاتانی تر نەدەکرد.*

* عراق اليوم ـ ملف خاص ـ https://iraqtoday.com/news



# طالب شبیب

## لەبارەی دادگای گەل و مەهداوی یەوە چی گوتوە..؟

**شبیب لەبارەی مەهداوی دەگێڕێتەوە ودەڵێ:**

**- بەسەرۆکی دادگای گەل دیاری کرا.. ئەو دادگایەی تا ئەم چرکەیە جیاوازە و هەموو دەسەڵاتەکان دەستەپاچەن دادگایەکی هاوشێوە یا دادگایەکی باشتر، یان ئازادتر لەو پێکبهێنن.. جگە لەوەی مەهداوی بەئاشکرا گاڵتەجاڕی پێ دەکرد.**

**- لە دوای ئەو دادگای نهێنی و کوشتنی نهێنی وئەشکەنجە تا کوشتن و هەڕەشە لە شەرەف سەری هەڵدا..بەشێوەیەك لەوە تێدەپەڕی وزیاتربوو کە هەموو مرۆڤایەتی لە دامەزراندنی یەکەم شارستانییەتەوە تا ئێستا بیستوویەتی!!.**

**- هەروەها شەبیب دەڵێت: هۆڵی گەل کە هی دادگای گەلە، دوای ڕووخانی قاسم، بوو بە کوشتارگەی داماڵینی مرۆڤ.. ئەوەی لە ماوەی یەك مانگدا روویدا، زیاترە لەوەی کە دادگای مەهداوی لە ماوەی چوار ساڵ ونیوی حکومەتی قاسم دا ئەنجامدرابوو،ئەوەلەکاتێکدا(بەداخەوە) هەندێ کەسی سیاسی تائێستایش پێیان وایە ستەم و دیکتاتۆریەت تایبەتن بەسەردەمی دەسەڵاتی قاسم ودادگای مەهداوی..**



## شەمەندەفەری مەرگ

بەعسییەکان دوای جولانەوەی(حسن سریع لە3ی تەمموزی 1963) پێیان وابووە کەبوونی پتر لە (400) زیندانی لە ئەفسەر و سەرکردەی شیوعییەکان لەزیندانی ژمارە (1)لەسەربازگەی رشیدجێی نیگەرانییە. هەر بۆیە بڕیاریان دابوو هەموو ئەو زیندانییانە بگوازنەوە بۆ زیندانی (نگرەسلمان) لای خۆیانەوە عبدالسلام عارف،احمد حسن البکر و عبدالغنی الراوی بیرۆکەی لەسێدارەدانی هەمووئەو دەستگیرکراوانەیان ، لە لا گەڵاڵە دەبێت....بەڵام نارازی هەندێکی لێدەکەوتەوە..بەتایبەتی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(انورعبدالقادر الحدیثی) دوای شەوێك مانەوە تالب شەبیب و حازم جەواد و ئەنوەر ئەلحەدیسی دەتوانن البکرڕازی بکەن کەوازلەبیرۆکەی لەسێدارەدانی جوملەبهێنێت..! بەوشێوەیە،البکر داوا لەعبدالغنی الراوی دەکات بچێتە(نوگرە سەلمان). لەوێ30ئەفسەری کۆمۆنیست لەسێدارەبدات.عبدالغنی ڕەتی دەکاتەوە. گوتبووی:ژمارەکە کەمە،داوای لەسێدارەدانی لانیکەم 150ی کردبوو. بەڵام توندرەوەکان ڕێگایەکی تریان بۆ شێوازی کوشتنیان هەڵبژاردبوو.. ئەو کۆمۆنیستانەی لە زیندانی ژمارە یەك دەستگیرکرابوون، بخرێنە ناو شەمەندەفەرێکەوە کە فارگۆنەکانی لە بنەڕەتدا بۆ گواستنەوەی کەلوپەل

دروستکرابوون..ژێرەوەیان قیرپرژین بکەن.. دەرگای فارگۆنەکان لە دیوی دەرەوە کلۆم بکەن.. لەگەڵ کاتژمێر یازدەی بەیانی حەوتی تەمووزی1963 قیتار بەڕێدەکەوێت. لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەتاوی سووتێنەری تەمووزدا، بەپێی هەڵسەنگاندنی زانستی لەو دۆخەدا سواربوو.. دوای دووسەعات دەبوو بمرێت،چونکە هەر گالیسکەیەك دەگۆڕا بۆ تەندۆرێکی گەرۆك، یان فڕنێکی داخراو بۆ برژاندنی گۆشتی مرۆڤەکان.زیندانییەکانیش دەستبەستراو دوودوو بەکەلەپچەیەك و هەندێکیان بەزنجیری ئاسن پێچراو،پاسەوانەکانیش بەجلکی مەدەنییەوە چاودێرییان دەکەن،نەك هەوڵی شکانی پەنجەرەکان بدەن بەئامانجی هەڵاتن..دوای کاتژمێرێك لە رۆیشتنی شەمەندەفەرەکە، بەهۆی نەبوونی ئۆکسجینەوە تووش سکچوون و دابەزینی پەستانی خوێن دەبن... گیانیان بەوە دەبێت ژمارەیەك ئەفسەری پزیشکی لەنێو زیندانییەکاندا دەبن، ئەگەر نا..چارەنووسی زیندانییەکان هەموو مردن دەبوو.. ئامۆژگارییان دەکەن پەنجەکانیان یا ئەندامێکی تری جەستەیان بمژن، بۆ ئەوەی هەندێك لە خوێیە لەدەستچووەکان وەربگرنەوە لەگەڵ کۆمەڵێك ئامۆژگاری تر..خۆیان وبەختیان شەمەندەفەرەکە لە وێستگەی (محاویل) را دەوەستێ.. لە کاتی وەستانەکەی دا کەسێك تەلەفۆن بۆ شۆفێرەکە دەکات بەناوی (عبد عباس المفرجی) و پێی دەڵێ: (مامە بارەکەت کاڵا نییە،بەڵکو زیندانی سیاسین، ئەفسەرەکانی سەربە (عبدالکریم قاسم)ن.. دوای ئەوەی شۆفێرەکە دەزانێ فارگۆنەکان بریتین لەریزەتابووتێك.. سەردەمی قاسمی بەبیردێتەوە..مەردانە تیژڕەویەکەی زیاد دەکات و

دووسەعات پێش کاتی دیاری کراو دەیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست. تائیستایش کەس نازانێ،کەسێك خەڵکی بەنداوی الهندیە و سەماوە چۆن بەهاتنی شەمەندەفەرەکەی زانیبوو.. پەیوەندی بەناسیاوانی خۆیانەوە لەشاری سەماوەکردبوو،پێشوازی لە قیتارەکە بکەن ویارمەتی زیندانییەکان بدەن..

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای فارگۆنەکان لەسەماوە،چی دەبینن..کۆمەڵێك وەك پەیکەرەئێسك دابەزینەخوارەوە،لەکاتێکدا هەندێکیان باش هۆشیان لەخۆیان نابێت..جگە لەمەردنی چەند کەسێکیان. جارێکی تر پزیشکەزیندانی کراوەکان ڕۆڵی گرنگی خۆیان دەبیننەوە لە ڕزگارکردنی گیانی زیندانییەکان.. دەچنەپێشەوە و ئامۆژگاری ئەوخەڵکە دەکەن کەشیر وبەفراویان بۆ هێنابوون،ناهێڵن کەس بیانخواتەوە، داوا دەکەن: خوێ وئاوی شلەتێن بێنن و بیاندەنێ.. هەمووئەمانە لە نێوئاپۆڕای خەڵك وهاوار وگریانی ژنان ئەنجام دەدرێت کاتێك پۆلیس وپاسەوانەکان دەیانەوێت نارەزایەتی دەرببڕن، هەندێك لە ئەفسەرانی زیندانی قسەیان لەگەڵ دەکەن... بۆیە شەرم دایاندەگرێت و دوودەکەونەوە...

**شبیب..ومەسەلەی کوێت:**

دوای چەندین کۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵ بەرپرسە کوەیتییەکاندا. شەبیب ڕۆڵ دەگێڕێت لە چارەکردنی قەیرانی پەیوەندییەکانی عێراق و کوەیتدا.ئەوهەڵسوکەوتە سیاسییانەی تالیب شەبیب لە بەڵگەنامەکانی

بەریتانیادا سەلمێندراون.ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە بەعسییەکان بەرتیلیان لە کوێت وەرگرتووە وەك (دیارییەك) لە بەرامبەر داننان بەسەربەخۆیی کوێتدا..کەبەرپرسانی عێراق ڕەتیان کردبووەوە دان بەو سەربەخۆییەدا بنێن.

سەرکردەی بەعسی هانی الفکیکی، دەربارەی ڕۆڵی لەتیف شەبیب و ئەوانی دیکە لەڕێکخستنی ئەو بڕیارەدا دەڵێ:

راستیەکان شاراوەبوون،هەرئەوانە بوون توانییان بابەتەکە ڕێکبخەنەوە!

## پاسەوانی نەتەوەیی:

تالیب شبیب دەڵێت: (پاسەوانی نەتەوەیی توانی بە خێرایی هەموو ڕێکخراوەناوخۆییەکانی حزبی بەعس قووت بدات ورۆڵی خۆی بگێڕێ. ماوەی چەند هەفتەیەك لە 8ی شوبات تێنەپەڕیبوو پاسەوانی نەتەوەیی لە بەغدا بوو بە سوپایەك کە ژمارەیان بەراورد دەکرا بە هەموو هێزە سەربازییەکانی ناوسەربازگەکانی پایتەخت...پاسەوانی نەتەوەیی لە پاراستنی ئاسایشەوە گۆڕا بۆ بێزارکردنی خەڵك و دەستوەردان لە کاروبارەکانیان و کاروباری ئیدارە و حکومەت..

وایان لێهاتبوو کۆنترۆڵ نەدەکران، ئەندامەکانی کردەوەی خراپیان لە شارەکانی عێراقدا ئەنجام دەدا..ئەوەی جێی سەرسووڕمان بوو پاسەوانی نەتەوەیی بەبێ هۆکارو بێ فەرمان،کەوتبوونە هەراسانکردن و پشکنینی ئەفسەرانی سوپا وفەرماند و ئەندامانی هێڵی دیپلۆماسی).

## ململانێی نێوان بەعس و ئەفسەرە قەومییەکان

یەکێك لە هۆکاری سەرەکی ململانێی نێوان سەرکردایەتی حزبی بەعس هەلوێست وەرگرتن دەبێت لە هێزە نەتەوەپەرست وناسرییەکان و جولانەوەکان..بۆیە سەرکردایەتی هەرێمایەتی دابەش دووکوتلە دەبن:

1 ـ کوتلەی حازم جواد وتالیب شبیب ، داوادەکەن بەرەیەکی فراوان لە بەعس و لایەنە قەومی و ناسرییەکان پێك بێت.

2 ـ کوتلەی علی صالح سەعدی دژی ئەم ببۆچوونە دەبن. ئەوناکۆکییە دۆخەکە ئالۆزدەکات دەگاتە ئەوەی باڵی حازم جواد وتالیب شبیب دەیانەوێت(علی صالح سعدی) بەبیانووی خەمساردی وتوندرەوی دووربخەنەوە،احمدحسن البکر وعبدالرحمن عارف هاوکاردەبن بۆ لابردنی لەوەزیریی ناوخۆ و گۆڕینی بۆ وەزیری ئیرشاد و حازم جوادی نەیاری دەکەن بە وەزیری ناوخۆ ..

## کۆنگرەی هەرێمایەتی نائاسایی

(پێشتر بەدرێژی باسکراوە)

ئەو کۆنگرەیە بۆهەڵبژاردنی چەندسەرکردەی نویٚ دەبێت،بەڵام پەلاماری 15 ئەفسەرەکە بارودۆخەکە دەگۆڕی و باڵی نەیاریان قۆڵ بەست و هەواڵەی دەرەوەی عێراق دەکەن و،ناکۆکی لەهۆڵی کۆنگرەوە دەگاتە شەقام و شەڕ وبۆردومان بەفڕۆکەو داگیرکردنی رادیۆ وتەلەفیزیۆن و شەڕی بەعس وبەعس بەرپا دەبێت..دۆخەدەگاتە ئەورادەیەی میلیشیای حەرەس قەومی بەسەر زۆربەی شاری بەغدا دا زاڵ دەبێت..

**- پاشان بە هاتنی مێشێل عەفلەق وسەرۆکی سووری ودوورخستنەوەی حازم وشبیب ورادەستکردنەوەی عێراق بۆ دەسەلاتی فەرمی دەوڵەت.. بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا دێتەوە ..**

## چالاکییە نوێیەکانی:

**لە سەرەتای ساڵی 1966 عبدولڕەحمان بەزاز (سەرۆك وەزیران) لە تالیب شەبیب خۆش دەبێت ولە کاتی شەڕی عەرەب و ئیسرائیلی (حوزەیرانی 1967)..شەبیب دەکات بە بەڕێوەبەری ئۆفیسی کۆمکاری عەرەبی لە بەریتانیا. دوای ئەوەی بەعس لە ساڵی 1968 دەسەلات کۆنتڕۆڵ دەکەنەوە، شەبیب دەگەڕێتەوە بۆ بەعس و وەك نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستنیشان دەکرێت ... پاشان دەکرێ بە باڵیۆزی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لە ساڵی 1976 دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا... بۆ ئەوەی دواتر وەك باڵیۆزی عێراق لە مەکسیك کاندیدبکرێت ،دوای ئەوە پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵیاندا دامەزراند.. بەلام بەر لەوەی دەست بەکارەکانی بکات لەمەکسیك خانەنشین دەکرێت.**

**- لەنیسانی 1977عێراق بەرەونیۆرك بەجێدێلێت،بەبیانووی بەشداری لەکۆبوونەوەکانی لیژنەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکان کەبەشێوەی کەسی تێیدا ئەندام دەبێت،ئیتر ناگەڕێتەوەو ژیانی دوورەولاتی هەڵدەبژرێت، ناوەناوە سەردانی میسرولوبنان دەکات..پاشان لە لەندن جێگیر دەبێت.**

## چالاکی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراق دا :

دوای داگیرکردنی وڵاتی کوێت لەلایەن سەدامەوە لە 2ی ئابی 1990، تالیب شەبیب سواری شەپۆلەکە بوو..پەیوەندی بەڕیزی ئۆپۆزسیۆنی عێراقەوە کرد، لە دەرەوەی وڵات بەشداری کرد لە دامەزراندنی گروپێکی سیاسی بۆدژایەتی ڕژێمی سەدام لەدیمەشق لەساڵی1991 لە ژێر ناوی (الهیئە العراقیە المستقلە)کە کۆمەڵێك کەسایەتی نیشتمانی ومەدەنی و سەربازی لەخۆگرتبوو..لەوانە: فەلاح النقیب وبەها شەبیب.. کە لەلایەن لیواحسن ئەلنەقیبەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

الهیئە العراقیە المستقلە بەشداری هەندێك کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کرد لە دەرەوەی وڵات..و گرنگترین بەشداری بوولە :

1- کۆنگرەی بەیروت.. کە لە بەیروت لە کاتی ڕاپەڕینی شەعبان کە لە پارێزگاکانی باشوور وناوەڕاست لە مانگی ئازاری ساڵی 1991بەسترا.. شەبیب لەگەڵ وەفدێکی ناسیۆنالیستە سەربەخۆکان بە سەرۆکایەتی حەسەن ئەلنەقیب بەشداری کۆنفرانسەکەی کرد.

2- یەکەمین کۆنگرەی ڕاوێژکاری لەندەن، کە لە مانگی تەمموزی ساڵی 1991 بەڕێوەدەچێت.

3- کۆنگرەی ڤیەننا(16-19ی حوزەیرانی 1992) شەبیب بەشێك بوو لەو ئەنجوومەنە گشتیەی کە لەم کۆنفرانسە پێکهات.

4- **کۆنگرەی نیشتمانی یەکگرتووی عێراق: تالیب شەبیب بە ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کۆنفرانس هەڵبژێردرا.**

**بە لەبەرچاوگرتنی ناکۆکییە توندەکانی نێوان زۆربەی ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق وسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی یەکگرتووی عێراق، ئەحمەد ئەلچەلەبی، زۆرینەی ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە دەستیان لەکارکێشایەوە..**

## کۆتایی ڕۆژ:

**- لە مانگی ئەیلولی ساڵی 1997 تالیب شەبیب بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە لە لەندەن کۆچی دوایی کرد..**

**- لە ساڵی 2008 بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی حوکمڕانی کاتی لە عێراق دەرکرا، بەپێی بڕیارەکە خانەنشین کرا.**

**تێبینی:ئەمە مانای ئەوەیە کەهەموو سیاسەتمەدارانی ئۆپۆزسیۆن بە شەهید هەژمار کران و هەموو ئیمتیاز و ماف و مووچەی شەهیدانەیان پێدرا !!**

---

**سەرچاوە:**

* **عراق اليوم - ملف خاص -** https://iraqtoday.com/news

الكاتب ـ هادي حسن عليوي ـ 17 فبراير، 2020

https://kitabat.com/wp-content/uploads/2017/06/kitabat-logo-1.png

* **كريم زكى** الحوار المتمدن-العدد: 5970 - 2018 / 8 / 21 - 06:01


الأهرام

Al-Ahram

١٢ صفحة

# سقوط حكم البعثيين فى بغداد

عبدالسلام عارف يقود الجيش العراقى فى ضربة سريعة وحازمة تضع نهاية للعبث بمقدرات العراق

العصابات المسلحة للحزب تحاول مقاومة قرار حلها والجيش يحطم مقاومتها ويصفى جيوبها طوال يوم أمس

## حجز ميشيل عفلق وأمين الحافظ وصلاح جديد فى بغداد

قوات الجيش العراقى قبضت على الثلاثة بعد احتلالها لمعسكر الحرس القومى فى المنصور

الحكم فى دمشق يترنح - السعدى يهاجم عارف فى مدريد - الحزب يفصل شبيب وحازم جواد والمهداوى !!

تحقيق صحفى واسع النطاق عن الأحداث الهائلة التى شهدتها عاصمة العراق

## دەقی ڕاگەیاندنی

## کۆتایی هێنان بە حەرەس قەومی

دوای سێ چوار ڕۆژ لە هەلمەتی سەربارەگانی حەرەس قەومی لە ڕۆژی 18ی تشرینی دووەمی 1963سەرۆکی عێراق لە ڕادیۆی بەغداوە ئەم بەیانە بڵاودەکاتەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

أيها الشعب العراقي العظيم . أيها المواطنون

إن ما قام به البعثيون الشعوبيون وسفاحوا الحرس القومي من إعتداء علي الحريات ومخالفة للقانون واضرار عام للدولة والشعب والأمة وآخرها التمرد المسلح ليوم 13-11-1963 أصبح أمراً لا يطاق ويندي له الجبين بل وأصبحت الحالة تنذر بالخطر الجسيم علي مستقبل هذا الشعب الذي هو جزء من الأمة العربية

فتحملنا ما تحملنا وصبرنا علي المكروه وتجنبا لإراقة الدماء وحفظا لوحدة هذا الشعب النبيل تيمنا لقوله تعالي (ادفع بالتي هي أحسن) ولكننا كلما زدنا صبرا وايمانا ازداد هؤلاء العابثون الشعوبيون وأقزام الحرس اللاقومي تعنتا واستكبارا وظنوا أن حصونهم مانعتهم فبلغ السيل الزبي بل تجاوزه فنادي الشعب جيشه وقواته المسلحة فلبي نداءه وتلاحمت القوي الخيرة لإنقاذ هذا الشعب العزيز من عبث العابثين وخيانة الخائنين من الشعوبيين والانتهازيين وعليه فقد قرر المجلس الوطني لقيادة الثورة بعد الاتكال علي الله مايلي:

أولا: تلبية لإنقاذ الشعب وتنفيذا لطلبات الجيش والقوات المسلحة الوطنية إنتخاب رئيس الجمهورية المشير الركن عبد السلام محمد عارف

رئيسا للمجلس الوطني لقيادة الثورة وتعينه قائدا عاماً للقوات المسلحة الوطنية وممارسة كافة الصلاحيات المخولة له.

ثانياً: تعيين زعيم الجو الركن حردان التكريتي بمنصب نائب القائد العام للقوات المسلحة إضافة إلي منصبه.

ثالثاً: منح رئيس الجمهورية صلاحيات استثنائية تتضمن جميع الصلاحيات المخولة للمجلس الوطني لقيادة الثورة لمدة عام تتجدد تلقائياً كلما تطلب الأمر ذلك وبتقدير منه.

رابعاً: حل الحرس القومي قيادات ومقرات وأفراد و إلغاء كافة القوانين والأنظمة والتعليمات والأوامر الصادرة بخصوصه.

خامساً:حل المجلس الوطني لقيادةالثورة المشكل صبيحة 8 . 2 . 1963 وتكوينه علي الوجه التالي:

1 . رئيس الجمهورية رئيسا

2. الأعضاء: القائد العام للقوات المسلحة ، نائب رئيس الجمهورية، رئيس الوزراء ، نائب القائد العام للقوات المسلحة
رئيس أركان الجيش ، معاون رئيس أركان الجيش
قادة الفرق ، قائد القوة الجوية
الحاكم العسكري العام ، الضباط الذين يقرر المجلس انتدابهم

3. يعين المجلس سكرتيرا ويجوز أن يكون من أعضاء المجلس أو من خارجه ويحق للرئيس تخويله التوقيع علي البيانات والأوامر الصادرة من المجلس بعد إطلاع الرئيس.

4. المجلس الاستشاري : يشكل المجلس الوطني مجلسا استشاريا يختار أعضاءه من الوطنيين ذوي السمعة والخبرة والاختصاص.

5. إتخاذ الإجراءات القانونية والثورية لسجن المتمردين والمسببين للتمرد يوم 13 ـ 11 ـ 1963

الرئيس العراقي عبد السلام عارف يقصي حزب البعث العربي الاشتراكي من الحكومة بعد قيام الحزب بأعمال عنف جراء سلسلة من الانشقاقات الداخلية والتجاوزات التي قامت بها ميليشيا الحزب المعروفة باسم "الحرس القومي"و نجح في السيطرة علي المرافق الحكومية مثل اتحاد الاذاعة والتليفزيون العراقي ووزارة الدفاع والأركان والقيادة العامة للجيش العراقي ومقرات ميليشيا الحرس القومي في العاصمة العراقية بغداد وضواحيها و فروعها كركوك و النجف و البصرة و كربلاء و سامراء والأنبار و الموصل وبابل والناصرية و تكريت و أربيل و دهوك و السليمانية والديوانية وبعقوبة والرمادي والفلوجة والحويجة والكوفة وقامت طائرات عسكرية عراقية بقصف مقر القيادة العامة للحرس القومي في الأعظمية و اقالة حكومة أحمد حسن البكر و تعيينه نائبا رئيسا للجمهورية العراقية حتي اعفاءه من منصبه عام 1964 و تكليف رئيس أركان الجيش العراقي طاهر يحيي التكريتي بتشكيل وزارة جديدةوحل المجلس الوطني لقيادةالثورة وحل ميليشيا الحرس القومي.



# لەتیف هەڵمەت:

## زۆر زۆر بە چڕوپڕی و کورتی :

## بەشێکی دی لە بیرەوەرییەکانم

لەساڵی1963دا کودەتای ڕەشی هەشتی شوبات لەلایەن بەعسێکانەوە ئەنجام درا و عبدالکریم قاسم و هاوڕێکانی و بەدیان هەزار ئەندامی حزبی شیوعی کوژران و گیران ودەستبەسەرکران وڕایانکرد بۆشاخ و بۆ دەرەوەی وڵات وسکرتێری لاوانی حزبی شیوعی عێراق ناسراو بەسەلام عادل بەدەستی بەعسێکان سەر بڕدرا ...

لە 1963 دا پێش شەڕ ڕاوێژکاریی کەوتە نێوان شۆڕشی کورد و ڕژێمی عێراقەوە وزاراوەی ـ لامەرکەزی ـ هاتە ئاراوە وجۆرە کووتاڵێکی جوان و ناسك و ڕیشاڵ زێرینی ژنان کەوتە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە و لەشاری سلێمانی ناوی لێ نرا ڕیشی مام جەلال .. و ئیتر بەو ناوەوە لە بازاڕەکاندا ناسرا ...

لە ئەنجامدا ڕاوێژکارییەکەی نێوانی کورد و ڕژێمی عێراق نووشوستی هێنا و بەغداو شاخ ڕێك نەکەوتن و باس وناوی لامەرکەزی نەما و شەڕ دەستپێکردەوە و ئیتر گەلێ لە ئەندامانی ڕاوێژکارانی شۆڕش لەلایەن ڕژێمەوەشەهیدکران لەوانەی لەبیرم ماون.عبدالرحمان نفووس.

لە ماوەی ئەو یازدە مانگ وچەندرۆژەدا کەکوودەتاچیەکانی 8ی شوبات فەرمانڕەواییان کرد ئەفسەرێکی سوپای عێراق بەناوی زەعیم صدیق دەگوترا خەڵکی موسڵە کەوتە وێرانکردنی هەزاران گوند و دێهاتی کوردستان وبەسەدان کەسی بێتاوانی گوللەباران وزیندە بەچاڵکرد بەتایبەتی لەسلێمانی وشارۆچکە وگوندەکانی دەوروبەری سلێمانی.. هەر لەوماوەیەدا لەناوچەی قاتەکانی کفری بیست وهەشت پێشمەرگەی قارەمان کەوتنە کەمینەوە و هەموویان شەهیدکران وتەرمی هەندێکیان لەلایەن هەندێ حەرەس قەومی ئەوساوە بەتۆمێل ڕاکێشران...
بەڵام شۆڕش توانی تۆڵە لەوکەسانە بکاتەوە کە تەرمی شەهیدەکانیان ڕاکێشابوو ئەوسا شۆڕش شۆڕش بوو،نۆکەری نەوت ودۆلار وکورسی و مورسی نەبوو ...
لەکەرکووکیش بیست و هەشت قارەمانی کورد لەسێدارە دران وچەند گەڕەکێکی کوردنشین وێرانکران..سەیر ئەوەبوو مۆسکۆ و هیچ وڵاتێکی بلۆکی سوور کە ئەودەمە زۆر بەهێز بوون و ئەمەریکاش لێیان دەترسا هیچ ورتەیەکیان دەربارەی قەلاچۆکردنی شیوعییەکانی عێراق لەدەم دەر نەهات وتەنها کۆماری - مەنگۆلیای شەعبی - یاداشتێکی توندو

تیژی لەوکاتەدا ئاراستەی نەتەوەیەکگرتۆکان کردئەویش بیٚ ئەنجام بوو دووبارە شەڕ دەستی پیٚکردەوە و لەبیرمە هیٚزیٚك لەوڵاتی سووریاوە بەسەرکردایەتی ئەفسەریٚکی سوری بەناوی فهدالشاعرگەیشتەعیٚراق و هیٚرشی کردەسەرهیٚزی پیٚشمەرگەومن لەودەمەدا ڕادیۆی عەرەبی بەغدام کردبۆوە کە باسی ئەوەی دەکرد فهد الشاعری ئەفسەری سووری چەمی ڕیٚزانی گرتووە،بەڵام ئیٚمە ئەوەندە ورەمان بەرز بوو گاڵتەمان بەو جۆرە دەنگ وباسانە دەکرد ودەرئەنجامیش عبدالسلام لەهاوڕیٚ بەعسییٚکانی هەڵگەڕایەوە وکودەتای بەسەریانداکردوکەوتەڕاونان وگرتن وکوشتنی سەرکردایەتی و ئەندامانی بەعس وحەرەس قەومی کەدڕندەترین جۆری چەکداربوون لەوسەردەمەی عیٚراقدا و عبدالسلام عارف ناوی لیٚ نان ﴿ الحرس اللاقومی ﴾ وکتیٚبیٚکیش دەرچوو.. دەربارەی هیٚزی الحرس القومی ناوی لیٚ نان ـ المنحرفون ـ واتا بەدڕەوشتەکان ...

لەو کتیٚبەدا گەلیٚ کاروکرداری بەدڕەوشتی هیزی حەرەس قەومی ڕووماڵکرابوو..دیسانەوە شەڕ دەستی پیٚکردەوە وعبدالسلام عارف بەڵیٚنی دا کە دوای گەڕانەوەی لەبەسرا هەموو کوردستان ..بسووتیٚنی.

خوای مەزن عبدالسلامی لەڕیٚی بەسرا لەفڕۆکەکەدا سووتان و کورد هەر ماو ما و پشت بەخوا هەر دەشمیٚنیٚ ...

حەزدەکەم لیٚرەدا شتیٚك بخەمەڕوو کە نە وڵاتانی زلهیٚزی شیوعی ئەوسا کە لەترۆپکی دەسەڵاتداریٚتیدا بوون و نە وڵاتانی سەرمایەداری هیچیان پشتگیری مافەڕەواکانی کوردیان نەکردووە و عیٚراق هەمیشە بەچەکی یەکیٚتی سۆڤیٚتی کوردستانی ویٚرانکردووە و خۆم شایەتحاڵم

**کەفڕۆکەی مێك وسیخۆیی وباجەر چۆن کوردستانیان سووتاندووە و منالْ و ژن و گوندی بێچەکیان قەلاچۆ کردووە و لەبیرمە لە کاتی جێبەجێکردنی پیلانی الجزائیر دا فڕۆکەیەکی مێك بوو یا باجەر یازدە مندالْی لە گوندی مەمی خەلان شەهید کرد هەر ئەم تاوانە بەسە بۆ ئەوەی بلْێین یەکێتی سۆڤێت پشتگیری عیراقی دەکردبۆلەناوبردنی کورد تەنانەت بەناوئاشتیخوازێکی وەکوئەندێرا غاندی کچی جواهێرلال نەهرۆ کەسالأنی حەفتاکان سەرۆك وەزیرانی هیندستان بوو بەهەموو هێزێکی خۆیەوە بەچەك و ڕاگەیاندن و لەسەر ئاستی نێو دەولْەتی لەحەفتاکاندا پشتگیری ڕژێمی عێراقی دەکرد ودرێغی لەکورد کوشتن وکوردستان وێرانکردن نەدەکرد ...**

* لەتیف هەلمەت . زۆر زۆر بەچڕی وکورتی..بەشێکی دی لەبیرەوەرییەکانم

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ دەڤەری کەرکوك



## بەشی دووەم




# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ گوندی یارووەلی

هەر دووڕۆژ لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە(35)ی تایبەت بە دروستبوونی  حەرەس قەومی چەکدارەعەرەبکانی کەرکوك و حەویجە کەلە(فرسان خالد بن ولید)و(حەرەس قەومی) پێهاتبوون..هێرش دەکەن بۆ گوندی (یاروەلی)لە 10 کم باکووری شاری کەرکوك و گوندەکە گەمارۆ دەدەن ..(مەلا سید محمد حسین) قورئان دەبات بەپیرییانەوە و لێیان دەپاڕێتەوە کەگوندەکە و مزگەوتەکە نەسوتێنن..

هەرچەند هاوار دەکات بیکەنە خاتری خودا..خاتری قورئانی پیرۆز.. ئیمەیش موسڵمانین.. موسڵمانان برای یەکن..گوێی لێ ناگرن و تەقەی لێدەکەن و شەهیدی دەکەن.

دواترسەری لەلاشەکەی جیادەکەنەوە بێڕێزی زۆر بەتەرمەکەشی دەکەن.

ئاگر لەمزگەوتەکەو هەموو خانووی گوندەکە بەردەدەن و مەڕومالآت و کەلوپەلی مالآن و جل وبەرگ و خشڵی ئافرەتان تالآن دەکەن.

# هێرشی حەرەس قەومی بۆسەرگوندی سیێكانیان *



**تاریك وڕونی بەرە بەیانی 1963/6/2 هێزێكی گەورەو پۆشتەی رژێم، كەبریتی دەبن لە (حرس قومی) وزیاترلە لیوایەك سەربازی (فرقەی یەك) بەفەرماندەیی تاوانبار(عقیدخلیل) گەمارۆی گوندی(سێكانیان) دەدەن، كەدەكەوتە(7كم)باكوری شاری كەركوك و(3كم)رۆژهەلاتی بیرەنەوتەكانی (بابەگورگور) ەوە،رێگا نادەن كابان بڕوا بۆ مەردۆشین،شوان ڕانەكەی لەبێرەرابدا،سەپان بچێتەبەردرەو،هەمووگەورەوبچوكی ئەودێیەلەبەرمالآن كۆدەكەنەوەو بەبەرچاوی هەموانەوە گسك لەمالآن دەدەن و سەروەت وسامانی گوندەكە بەتالآن دەكەن. بە(هەلەلە)و (هۆسە)كێشانەوە،بەری رەنج و ماندووبوونی چەندسالەی ئەوخەلكە زەحمەتكێش وهەژارەی گوند تالآن دەكەن...**

---

* پاش (23) سالْ... لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تۆلەی شەهیدانی گوندی (سێكانیان) كرایەوە

دواتر چەندپیاوێك.. لە ژن ومنا ڵەکان جیادەکەنەوە، لەپاڵ گردۆ لەکانی (کەل مەڕ) دا، لە شوێنێکدا کەپێیان دە گوت (جۆدرەو هەوار) بەریزەوە ڕا یان دەگرن.. چاویان دەبە ستن ودوا تر بەردە سترێژی گول لەیان دەدەن وشەهید یان دەکەن.

## ناوی شەهیدەکانی گوندی(سیێکانیان):

| ز | ناوی شەهید | ساڵی بوون | شوێنی بوون |
|---|---|---|---|
| 1 | جوامێر فتح الله محمد | 1927 | سیێکانیان |
| 2 | سلێمان فتح الله محمد | 1937 | سیێکانیان |
| 3 | احمد صالح حسێن | 1920 | سیێکانیان |
| 4 | تەهاباوە مەعرووف* | 1925 | قۆریتانی |

لەدوای شەهیدکردنی ئەو چوارهاوولاتییە بێتاوا نەوتالان کرد نی تەواوەتی گوندە کە، بۆ ماوەی چەند رۆژ ێك ناوە ناوە(حرس قەومی) چەکدارە خێڵەکیِ یە عرە بەکان دە چنەوە سەرگوندەکە بەمەبە ستی فەرهودکردنی پا شماوەی مەڕومالات وما ڵەتالانکراوەکان..رۆژی 1963/6/21چەند چەکداریك هەڵ دە کوتنە سەرگوندەکە ،جگەلە ژن و مناڵ کەسیان بەردەست ناکەوێت تابیکوژن، دواتر جوتیارێکی بەتەمەنی

*شەهید (تەهاباوە ) چگوتیارێکی گوندی (قۆڕیتان) ی دەشتی هەولێر بوو،چەندساڵ سەرکاری شاعیری شۆڕشگێڕی کەرکوك (ئەسیری) بوو، بەخێزانەوە لەو گوندە دەژیان، دوای شەهیدبوونی و نەمانی پیاوان لەگوندەکە خێزانەکەی بەناچاری لەنێوژووری ماڵەکەی خۆیان چاڵێکی بۆهەڵدەکەنن وبەخاکی دەسپێرن، پاش چەندرۆژ کەبۆگەن دەبێ جاخەڵکی دەگەڕێنەوە گوند و لەپاڵ شەهیدەکانی تر بەخاکی دەسپێرنەوە.

**گوندەکەلەدورەوە بەدی دەکەن..دەچن بۆپارێزی،هاوولاّتییەبێتاوانەکە کەدەزانی هەوڵی گرتن وکوشتنی ئەودەدەن ،بەرەو خۆرئاوی ئاواییەکە بۆناودۆڵەکان هەڵدیٚ،لەنێو چەند تاوێرێکداخۆی حەشاردەدا،بەلاّم بیٚ سوود دەبێت ودەیدۆزنەوە و هەرلەویٚ شەهیدی دەکەن.. کەئەویش هاوولاّتی(محمدأسعدرحمان جمعه)لەدایک بووی ساڵی 1928 دەبێت..**

***



## ناوشوان

**لە گو ندێکی تری ناو شوان ( حاجی مد مد عبدالـ لە) و دای کی ( حاجی بەهییٚ ) کە ناز ناوی (دای کی کورد ستان)ی بەبالاّ دەبڕدر ێت، بەهۆی ئەوەی خز مەتی پێشمەرگەی کودستانیان زۆر کردبوو..**

**لە ساڵی 1963 دا لەکاتی هێرشی حەرەس قەومی لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆی بەرگری دەکەن و لە ناڵەشکێنەی (چەمی هەڵمین) پێش لە دۆژمنان دەگرن و ناهێڵن هێزی حەرەس قەومی تالاّنی گوندی تۆمارو گورگان بکەن، لەوشەڕ وبەرگرییە دلێرانەیەدا (حاجی محمدعبدالله) بریندار دەبێت.***

---

* سەرچاوەی زانیاری : پەیوەندی لەگەڵ (عقید فاخر گورگانی) 2022/10/20



# هێرشی حەرەس قەومی بۆ گوندی قەرەدەرە

دوای ئەوەی عەرەبە شۆڤینیەکانی پارێزگای کەرکوك دڵنیا دەبن کە گفتوگۆی حکومەتی عێراق وشۆڕشی کوردستان بەبنبەست گەیشتووە، خۆیان لەریزەکانی پێکهاتەی حەرەس قەومی دا ڕێك دەخەن و لە رۆژی 6 / 6 /1963 هێرش دەکەنە سەرگوندی(قەرەدەرە)کەچەند کیلۆمەترێك لە(دووبز)دوورە،ئەورۆژە تائێوارە خەڵکی گوند بەرگری لەخۆیان دەکەن. هەردوو هاووڵاتی(جوهر حسن علی)و(جبارمحمدامین) شەهیددەبن.. بۆشەوخەڵکی گوندەکەبەناچاری کۆچ دەکەن،ڕۆژی دواترحەرەس قەومی بەناوگوند وەردەبن وچییان دەستدەکەوێ لە مەڕومالات تالانی دەکەن و خەلە و خەرمان و هەمووخانووەکانیش ئاگرتێبەردەدەن ودەیسووتێنن.. هەرئەورۆژە پەلاماری گوندەکانی (عەمشە وقوشقایە وجەخماخە و هەمووگوندەکوردنیشەکانی نێوان دووبز ـ کەرکوك) دەدەن و خەڵکەکەی دەردەکەن وسەروەت وسامانیان تالان دەکەن وئاوارەی ناوچەکانی ساڵەیی و شوان وشێخ بزێنی و شارەکانیان دەکەن.

ـ لە رۆژی 1963/6/16 (فریدهاوار) یش لەهەڵەتەکانی نەبیاوا لەشەڕێدا لەگەڵ حەرەس قەومییە تالانچییەکاندا شەهید دەبێت.



## هێرشی حەرەس قەومی

## لەبیرەوەری شێخ رەئووفــی خانەقا دا

شێخ رەوفی خانەقا ئەوسابەرێوەبەری کتێبخانەی گشتی کەرکوك بووە. لە یاداشتەکاندیدا نووسیویەتی : رۆژی 1963/6/8جگە لە قوەی عەسکەری و شورتە نزیکی 15 بۆ 20 هەزار عەرەبی رەش و رووت ، لەحەرەس قەومی..هێرشیان هێنا بۆ سەر کوردستان..لە کەرکوك بازاڕی ئاخورحوسێن کە بازاڕی کوردەکانە سەراپا تالآنکرا، تەنانەت دوکانەکانیان بە بلدۆزەر..روخاند و لەگەڵ زەویدا یەکسانیان کرد (1) لە گەڕەکی شۆڕیجەش تالآنی زۆر کراوە،لە رەحیماوە جگە لە تالآن خەڵکێکی زۆربەرەوگرتوخانەکان براون،شۆراو کەنزیکەی 650 ماڵ بوو، تالآنکراوە و سوتێنراوە. هەروەها 10 بۆ 15 کەس بەریز وەستێنراون و بە رەشاشی سەر دەبابە کوشت و بڕکراون.. هەروەها ژمارەی گیراوان 50 بۆ 60 هەزارکەس بوو.. دەربارەی گرتنی خۆی دەڵێت (من خۆم لە گەڵ 2800 نەفەر لە قشڵەی موسەیەب حەپس کرام .. ) خەزعەل سەبری کە لەو کاتەدا معاونی ئەمن بوو سەعات 9ی بەیانی گرتمی و بردمی بۆ سەرا " دواتر بۆ گرتوخانەی موسەیب .. (2)

---

1 - یادگاری خانەقا لاپەڕە کانی ( 59 – 60 ـ 61 ـ 63 ) چاپی 2013 کەرکوك

2 . لەتیف فاتیح فەرەج . حەرەس قەومی و کورد ئاوڕێکی کورت لەو رۆژگارە

# بەرگری قارەمانانە

لەهەموو ناوچەکانی کوردستان،لە بادینانەوە تا شارەبان،لە کەندیناواوە تا چەمی رەزان..لەکویستانەوە تاگەرمیان..هێرشی حەرەس قەومی بەبێ بەرگری ونەبەردی قارەمانانەتێنەپەڕی،لەسنووری ناوچەکانی سالەیی وبیبانی وشوان و شێخ بزینی..بەرگری قارەمانانەکرا..

ئەم 3 تێکۆشەرە لەوقارەمانانەبوون کە لەتۆلەی خۆێنی بەناهەق رژاوی دەیان بێتاوانی کورد..چەندین حەرەس قەومییان بەسزا گەیاند.



انورحاجی احمد		هەرزانی افندی		عوسمان معروف

ئەو پێشمەرگە قارەمانەی ناوچەی سالەیی وبیبانی کە لەکاتی هێرشی حەرەس قەومی رۆلی جوامێرانەیان دەبێت لەبەرگری وشەڕی قارەمانانە، تۆلەی خوێنی بەناهەق رژاوی شەهیدانی ناوچەی(سالەیی) و(بیبانی).. لە حەرەس قەومی‌یەکان دەکەنەوە.

# دووەم هێرش
# بۆ باكووری كەركوك

دوای ئەوەی حەرەس قەومی پەلاماری گوندەكانی دەوروبەری دووبز و باكووری بیرەنەوتەكانی باباگوڕگوڕدەدەن وخەلكی ئەوسنوورە ئاوارەی ناوچەكانی(شوان وساڵەیی وبیبانی و شێخ بزێنی..)دەكەن، بەرەبەیانی رۆژی 16 . 6 . 1963 هێزێكی زۆری سوپای عێراق و سوپای سوریا و حەرەس قەومی بەپاڵپشتی تانك و زرێپۆش و فڕۆكەی (مێك)..هێرش بۆسەر ناوچەكانی ساڵەیی وبیبانی وشێخ بزێنی وچەندگوندێكی شوان دەستپێدەكەن..دیارەخەڵكی ئەوگوندانە بەئاژەڵداری وكشتوكاڵكردنەوە خەریك دەبن،جوتیارەكان بێئاگادەبن لەو هێرشە، لەزۆربەی گوندەكان پاڵە وسەپان بۆ دروێنە بە داس ودەسكەنە..دەچنە سەرزەوییەكانیان و خەریكی ئەوە دەبن گەنم وجۆیەكانیان بەرهەم بێنن..هەموو گوندەكانی سنووری پردێ و بەشێك لەگوندەكانی شوان تاڵان دەكەن و گاوگۆل و سەیارەو تراكتۆر و مەروماڵات و بەڕە و لباد و قالی ومافۆری كوردی فەرهود دەكەن،دەبابەكان كۆنەتایەی سایارە.. لێفەی پێوە دەئاڵێنن و بەسیم بەدوای خۆیاندا رایدەكێشن..تەبارەی گەنمەكانیان ئاگر دەدەن، ئەویش بۆ دوومەبەست:

1 ـ سوتاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی کورد و برسی کردنی هەووڵاتیان تابەناچاری ناوچەکە چۆڵ بکەن وعەربە بەدووەکان ..تەعریبیان بکەن.

2 ـ ئەگەر چەکداری هۆزەکوردەکان، وەك حەشارگەیەك خۆیان لەنێو کێڵگەکاندا حەشاردابێت..ناچاربن بۆبەتاڵاییەکان هەڵبێن وئاشکرابن و کۆمەڵکوژیان بکەن..وەك لەم گوندانەدا روویاندا:

## گوندی بیبانی سەروو

لەگوندی بیبانی سەربەناحیەی پردێ دوای سوتان وتالانکردنی گوندەکە چوارکەس شەهید دەکەن ... شایەدحاڵەکان دەگێرنەوە:

1 ـ کاکل علی محمد لە باکووری گوند خریکی دروێنە دەبێت، مناڵێکی دەساڵانی بەناوی (نعمان کاکل علی) لەگەڵ دەبێت،دوای بەدیلگرتنیان، چاویان دەبەستنەوە و لەنێو تەبارەوبەبەرچاوی فریشتەو باڵندە هێلانە سووتاوەکانەوە گولەبارانیان دەکەن وشەهیدیان دەکەن..سەرلەئێوارە کەهەواڵ دەگاتەوە گوندی بیبانی کەکاکل وکوڕەمناڵەکەی شەهیدبوون، هاوسەرەکەی (کاکل علی) مناڵە(2) ساڵانەکەی لەکۆڵی شەتەك دەدات و بەدەم شیوەن و گریانەوە دەچێتە سەرلاشەی لەخوێن شەڵاڵکراوی هاوژین وجگرگۆشەکەی،کاتێك بەئاگادێتەوە..کچەبچکۆلانەکەی کۆڵی.. لاربۆتەوە ولە تێنواندا شەهیدبووە..هەرهەمان رۆژ لەگوندی بیبانی شریف محمد علی (مام شریفی نەوتفرۆش) کەپیشەی نەوتفرۆشتن دەبێت، کەروعاربانەکەی تالان دەکەن وخۆشی شەهید دەکەن.

# گوندی گۆگجەی
# ناوچەی شوان لە ساڵی 1963

دوای پەلاماری حەرەس قەومییەکان بۆ سەرگوندەکانی پشتی زنجیرە چیای کانی دومەڵان بەتایبەتی گوندەکانی(سێکانیان و کوردەمیر) رووی تالاّن و بڕۆیان دەکەنە گوندەکانی ناوچەی (بیبانی وساڵەیی وشوان و شێخ بزێنی)..

## پێناسەیەکی گوندی گۆگجە

گوندی گۆگجە دەکەوێتە باکوری شاری کەرکووکەوە لە ناوچەی شوان بە دووری نزیکەی 18 کیلۆمەترێك ، لە ساڵی 1963دا نزیك 100 ماڵێك بووە،خەڵکەکەی بە ئاژەڵداری وکشتوکاڵەوە خەریك بوون،هەروەها ئەم گوندە بەوە ناسراوە کە مامۆستا و خوێندەواری باشی تێدا هەڵکەوتووە وەك مامۆستا (مەلا محمد) کە مەلایەکی بەتووانا بووە، هەر لەم گوندەدا چەند مامۆستایەکی زیرەك و کوردپەروەر وەك مامۆستا عبدالرحمان رەزا و مامۆستا عبدالسلام محمد ئەمین کە لە ساڵی 1954 زانکۆی بەغدادیان تەواو کردبوو..وە مامۆستا مستەفا کە لە زانکۆی ئەزهەر لە مصر خوێندبووی وە چەند مامۆستایەکی دیکە وەك مامۆستا بەهرۆز مەلا محمد و مامۆستا محمد کەریم ، وە مامۆستا عبدالرحمان کە بەرێوەبەری پانەوی ئیمام قاسم بووە لە شاری کەرکوك لە کاتی خۆیدا نامەی ناردووە بۆ وەزارەتی عێراق پەروەردە لە رێگای بەرێوەبەرایەتی

پەروەردەی کەرکوکەوە، داوای ئەوەی کرد بوو کە خوێندن بکرێ بە کوردی لە قوتابخانەکانی سنووری ئیدارەی کەرکوك. وە بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم مامۆستا بەڕێزانە توانیویانە لە ساڵی 1958وە قوتابخانەی سەرەتایی بۆ گوندەکە بکەنەوە کە ئەوکات هەتا پۆلی پێنجی هەبووە. دەبێ ئەوەش بڵێین: کە خەڵکی گۆگجە خۆیان بە خشت و قور یەکەم قوتابخانەیان درووست کردبوو.

## هاتنی حەرەس قەومییەکان

سەرەتای مانگی شەشی1963بوو،درەوجۆ تەواودەبێت،کاتی درەوی گەنم دێت، جوتیارەکان خەرمانەکانیان بە دەوری دێدا دادەنێن، لە 7 شوێن خەرمانی گەورە و بچووك یان دەبێت،ئەو گەنم و جۆیەی دەیان دوریەوە هەر جووتیارە و دەی گواستەوە بۆ شوێن خەرمانی خۆی بە گوێدرێژ و هێستر، جۆ بە رەشکە" و گەنم بە شەغرە" ئەو شوێنانەی کە تەختایی بوون بە عارەبانە و هێستر دەیان گواستنەوە.

ئەوسا ئۆتۆمبیل کەم بوو، بۆیە خەڵکی گوند بەرهەمەکانیان بە دوو رێگادا دەگواستەوە بۆ کەرکوك یان بە گوێدرێژ کە دوای نیوە شەو بە کاروان بە رێ دەکەوتن بەرەو کەرکوك پێیان دەوتن کاروان شار، وە یان بە ئوتۆمبیل کە لە گوندەکانی تۆمار و قەڵاوقوتەوە دەهاتن، لەوێشەوە بە رێگای شوان کەرکوك دەچوونە بازارەکانی شار وەك حەسیرەکە و حەلواچیەکان و جووت قاوە و خانخورما و دائیرەی کارەبا و رەحیماوا .. لەوێ بەرهەمەکانیان دەفرۆشت وپێداویستییان دەکڕی و دەگەرانەوە...

**لە رۆژی 8ی مانگی حوزەیرانی 1963 کاروان شارو ئۆتۆمبیلەکان بە هەواڵی ناخۆشەوە دەچنەوە بۆ گوندکە،بەخەڵکەکە رادەگەیەنن:**

**لە گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك ئەوعەشیرەتە عەرەبانەی رژێمی عبدالسلام عارف چەکداری کردوون وەك (حەرەس قەومی) هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکان و دەغڵ ودانیان سووتاندووە و خەڵکێکی زۆریان شەهیدکردوە..دەستیان لە جووتیار و شوان و کاسبکار نەپاراستووە... (میم نایف) کەخێزانی محمدرەزا(حەمەگەنجە)دەبێت،دووبرای لەگوندی سێکانیان شەهیدکرابوون و لە(یاروەلی)چەندخزمێکی شەهید بوو بوون، گوندەکانی شۆراو، کورتەمیل،باجوان، سۆنەگۆلی وخواروەی کەرکوك و رێگای دوبزخەڵکێکی زۆر شەهید ومەڕ ومالاتیان تالان وبڕۆ کرابوون.**

**داوا لەخەڵکی گوند دەکات رەوبکەن..دوای ئەوە گۆگجە وگوندەکانی دیکە چۆڵ دەکرێن، لە گوندی تۆمار هەر چەند ماڵێك لەماڵێك و لە ژێر سێبەری دارەکاندا دەگیرسێنەوە..چەند رۆژ دواتر فرۆکە جەنگیەکانی عێراق بە سەر ناوچکەدا دەسوڕێنەوە و بەرز و نزم دەبوونەوە خەڵکەکە زۆردەترسێن،هەربویە لەوێش ئۆقرەناگرن ورەودەکەنەگوندی مام رەش و ئەشکەوتەکانی(شیوژاڵە) لەهەردەی ماسقەلان نزیك خاڵخالان..**

**لەوێش دوژمن وازیان لێناهێنێت و لەزەوی و لە ئاسمانەوە هێرش دەست پێدەکات..فرۆکەجەنگیەکان زۆر بیٚ بەزەییانە خەلکی شەستتیر باران دەکەن، هەر ئەورۆژە سوپا بەتانك وزرێپۆشەوە بەپاڵپشتی فڕۆکە هێرش دەکات بۆگوندی(مام رەش) تا داگیروتالانی بکەن. (9) پێشمەرگە بەرگری دەکەن،وپەلامارەکە تێکدەشکێنن،دوای ماوەیەك خەڵکەکە روولە**

**گوندەكانی بناری خاڵخاڵان و ناوچەی (قەڵاسێوكە)دەكەن، دوای گۆڕانكاری لە پایتەختی عێراق وكشانەوەی سوپا و حەرەس قەومی لە هەندێ گوندەكانی ناو شوان. لە گەرمەی هاویندا، زۆربەی خێزانەكان دەگەڕاینەوەبۆگوندی گۆگجە،خەڵكی دەستدەكەنەوە بەئاوەدان كردنەوەو درووستكردنەوەی خانووەكانیان...بەڵام ئارامی درێژە ناكێشێت، چەند سەرۆك هۆز و كوێخا و ئاغای سنووری كەركوك لەسەر داوای كاربەدەستانی میری لەگوندەكانیان ئاڵای سپی لەسەربانی خانووەكان هەڵدەدەن وژێربەژێر پەیوەندی دەكەن وچەكی جاشایەتی هەڵدەگرن، لەژێرناوی(فرسان صلاح الدين الايوبي)دەبنە نۆكەر و خائین دژی گەل و نیشتمانی خۆیان، هاووڵاتی(محمدصدیق) گۆگجەیی لەبیرەوەرییەكانی دەگێڕێتەوە: لە ئوكتۆبەری 1963 دووبارە هێرشیان كردەوە بۆ سەر گوندەكانی ناوچەی شوان، ئەوەی كە لەدەست حەرەس قەومیەكان خەڵك رزگاری كرد بوو.. جاشەكانی (ح،ك،ر) كەخۆی بەسەرۆكی عەشیرەتی (شوان) دەزانی، لەگوندی گۆگجە مەڕوماڵاتێكی زۆرتاڵان دەكەن،دوای ئەوە جارێكی ترهەندێ لەگوندەكانی ناوچەی شوان و ساڵەیی وبیبانی تەعریب دەكرینەوە.***

* هەموو گوندەكوردنشینەكانی دەوروبەری كەركوك وەك گوندی گۆگجە سەروەت وسامانیان تاڵان كراو خانوو و خەلەوخەرمانیان ئاگری تێبەردرا...

## هێرشی بۆ باکوری ناحیەی شوان

دوای ئەوەی حەرەس قەومییەکی زۆر لەناحیەی شوان کۆدەبنەوە رۆژی10ی حوزەیران هێرش دەکەن بۆگرتنی بنکەی پێشمەرگەکان لەگوندی حەسن قەباغ لە نزیك گوندی نەیبەسەرە گاوانی گوندی (ناڕوجەی حاجی جەرجیس)بەناوی(تۆفیق علی) شەهید دەکەن و گاگەلەکەی بەتاڵان دەبەن، بۆرۆژی دواتر جارێکی تر خۆیان ساز دەدەنەوە و هێرش دەست پێدەکەنەوە..

## گوندی سمایل بەگی

دێی(سمایل بەگی) دووکیلۆمەتر کەوتبووەباکووری ناحیەی شوانەوە، سەرلەبەیانی رۆژی1963/6/11حەرەس قەومییەکان پەلاماری خەڵکی سڤیل و بێتاوانی گوندەکە دەدەن،ئەوەی فریای خۆی دەکەوێت بەژن و منداڵەوە لە کەلەکە ئاودیو دەبن و خۆیان دەرباز دەکەن.. گوند و خەلەوخەرمان دەسووتێنن و بەڕە وجاجم ولێفەوفەرش و رایەخی قالی و کەلوپەلی ماڵان بەتاڵان دەبەن،تەنانەت هێندە تاوانبار دەبن گوێ بەپیر و کەمئەندام و کەسی شەل و نەتوانیش نادەن و کۆیان دەکەنەوە و کۆمەڵکوژیان دەکەن...پیرەژن و منداڵەکان لەدۆڵێك دا کۆ دەکەنەوەو عەربێکی تاڵانچی کەپێشتر بۆسواڵ(تەلابی)کردن چەندجارێك هاتبووە کوردستان پێیان دەڵێ:لێرە مەجوڵێن .. سەعات هەشت هەمووتان رەمی دەکەین، پیرەژنێکی گوندەکە کەبە(میم خلك) ناسراوبوو،زۆر فەقیرحاڵ دەبێت،دوای ئەوەی حەرەس قەومییەکان تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن و

بەرەو تەقتەق وکۆیە پێشڕەوی دەکەن..لێی دەپرسن:میم خلك تۆ چیت بینی؟ لەوەڵامدا بەزمانی خۆیان دەڵێ:(دیوشم..ئەرێ سەعات هەشت کەی دییاك،دیوشن سەعات هەشت رەمیمان کەن.) ئەورۆژە جگە لە تاڵان وبڕۆوتۆقاندنی ژن ومناڵ چوارهاووڵاتیش بەم ناوانەشەهید دەکەن:

1 ـ محمد احمد موسی دوای کوشتنی تەرمەکەیشی دەسووتێنن.

2 ـ مجید حسین حسن کەڕو لاڵێ وشەل دەبێت، دوای ئەوەی زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن کەقسەبکات .. ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە..پاشان دەیکوژن و لاشەکەیشی دەسووتێنن.

3 ـ قادر حسن محمد دوای سووکایەتی زۆر شەهیدی دەکەن.

4 ـ رسول حسن محمد( مادەل) شەهید دەکەن.(1)

## گوندی جەوەجەوە / شوان

هەرهەمان رۆژ حەرەس قەومی هێرش بۆبنکەی (حەسەن قەباغ) دەکەن، لەنزیك هەڵەتی(هەنارە) مولودفەقێ جەوەجەوەیی و سەید نجم الدین و سەیدجەلال حەسەن قەباغی لێیان دێنەدەست و چەکدارێکیان لێ دەکوژن و تەرمەکەی بەجێ دەمینێت و چەکەکەشی دەستکەوت دەبێت. چەکدارێکیش بە دیل دەگرن..بۆرۆژی دواترتەرمەکە دەگاتەوە شوان.(2)

---

سەرچاوە:

1 ـ پەیوەندی لەگەڵ هەردوو پێشمەرگەی دێرین(فخرالدین سمایل بەگی)و(مام علی ناڕووجەیی)

2 ـ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ (کوێخا مبارك جەوەجەوەیی)

# گوندی بیراڵك لە ناوچەی شوان

لەکاتی هێرشی حەرەس قەومی دا لەهەڵەتی سێویزان شەڕ لەنێوان هێزێکی زۆری (حەرەس قەومی) و پێنج چەکداری کوردی دانیشتووی گوندەکانی(بیراڵك)و(بیرەسپان) دروست دەبێت پاش سێ سەعات شەڕ.. چەکدارە کوردەکان فیشکیان پێ نامینێ،هەرپێنج چەکدارەکەومناڵێکی حەوت ساڵان(عبداللەسەیدعلی) دەکەونە بەردەست دوژمن..

هەرلەوێ ریزیان دەکەن وگوللەبارانیان دەکەن ..

لەئەنجامدا سێکەسیان بەم ناوانە شەهید دەبن:

1. علی رەزا محمد (سەیدعلی) گوندی بیراڵك

2 ـ کاکەرەش محمد عزیز گوندی بیراڵك

3 . فازڵ رشید صالح گوندی بیرەسپان سەروو

دووکەسەکەی ترلەخوێنی خۆیان وهاوڕێکانیان شەلاڵ دەبن و وادەزانن کەکوژراون، بەبریندار بەجێیان دێڵن ..ئەوانیش بریتی دەبن لە:

1 . سیروان بابە رشید خەلکی بیرەسپان

2 . کاکەمیر رسول خەلکی بیرەسپان

عبدالله علی رەزای تەمەنی7ساڵانیش، لەکاتی گوللەبارانکردنی باوکی دا دەکەوێتە ژێرتەرمی باوکییەوە دەبوورێتەوەولەهۆشی خۆی دەچێت، پاش ئەوەی حەرەس قەمومییەکان دووردەکەونەوە بەهۆش دێتەوە، بۆئیوارە دوای کشانەوەی هێزی دوژمن،بەلۆرییەکەی (حەمە پالەوان) تەرمەکانیان دەبەنەوە.. بۆ گوندەکانیان و بەخاکیان دەسپێرن.

## گوندی بیرەسپان ژووروو :

**ناوی شەهیدەکانی گوندی بیرەسپان ژووروو:**

**1 ـ علی عمراسماعیل (دیوانە)     2 ـ فەقێ محمد علی محمود**

**3 ـ نامیق عبدوللا رۆستەم     4 ـ فازڵ رشید صالح**

**5 ـ حمید حمدمین سلیمان     6 ـ حاجی حمەرەش صالح علی**

**7 ـ احمد لەتیف دزەیی(ئەحەلەتە) دەبابە بەزیندوویی شێلابووی**

## گوندی یارمجە :

**ناوی شەهیدەکانی گوندی (یارمجە) (1)**

**1 ـ علی کریم احمد(عەلەباوە)     2 ـ غوربەت محمد منصور**

**3 ـ حەمەرەحیم رسول ابراهیم     4 ـ سعید احمد وەیسی**

**5 ـ احمد (کوردی رۆژهەلات) شوانی مام پیرداود یارمجەبوو.**

## گوندی قادرباغر :

**ناوی شەهیدەکانی گوندی (قادرباغر)**

**1 ـ کوێخا نامیق حسین**

**2 ـ عەلی حەمەسعید ئەرمەنی**

## گوندی قەزنەفەر :

**1 . شەهیدکردنی حەوێز مشیر**

---

1 ـ لەگوندی یارمجە حاجی تەیفور کریم ماوەی دووساڵ لە (مسیب) زیندانی دەکرێ

# حەرەس قەومی و
# گوندی بیرەسپان خواروو.(1)

گوندی بیرەسپانی خواروو،پتر لەسەد ماڵ دەبوو،خەڵکی بیرەسپان خەڵکێکی شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەربوون،لەشەڕی دەربەندی 1961 تائێستایش چەندین کەسیان پێشمەرگەن،ئەم گوندە دەکەوێتە ناحیەی(پردێ) لەخانوویەکی خشت وگڵی ئەم ئاواییەدا چاوم بۆژیان هەڵهێناوە..باش لەیادمە ساڵی 1963 من بەرخەوان بووم لەگوندی کاولەسوار،پێش چەندرۆژێك لەهاتنی سوپاو حەرەس قەومی ماڵی ئێمەیش بەهەڵاتن هاتن بۆ گوندی (کاولەسوار) لە ناوچەی شێخ بزینی، لەرۆژی 1966/6/16هێرش بۆناوچەکانی ساڵەیی وشوان وشێخ بزێنی دەستی پێکرد...بیرەوەری خۆم لەسەر رووداوەکانی (شێخ بزێنی) نووسیووە، دوورۆژ دوای هێرشەکە هەواڵمان بیست،لەبان ساڵەیی دەیان هاووڵاتی بێتاوان شەهید کراوان،لەوشەهیدانە چواریان خەڵکی گوندی بیرەسپان بوون بەم ناوانە:

1 ـ عبدالقادر توفیق حەمەدەمین 2 ـ فتاح محمدامین قادر (2)

3 ـ سلیم محمدمستەفا(سەلیمە کۆر) 4 ـ نعمان محمد حمە صالح

---

1 . زێد وشوێنی لەدایك بوونی نووسەر(مەلاشاخی)یە.

2 ـ دڕندەیی بەعسییەکان ـ بەکر تیفور کەریم ـ 2013 چاپخانەی ئازادی.

- بەپێی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی (مشیر حاجی یابە عبدالعزیز)،منالێکی ساوایان بەناوی(خیرالدین مشیریابە) لەکاتی هەڵاتنیان بەرەو ئەشکەوتی (ئیشمەجە) لەرێگای گوندی (تولْکی) لەسەرپشتی (بارگیر)بەردەبێتەوەو دەبێت بە پەپوولەیەکی بەهەشت.

- هەرئەورۆژە، لەکاتی گوللەبارانکردنی پۆلێك لەشەهیدەکاندا لە نزیك چاکی(هۆکاشە) هاوولاتی (عبدالرحمن صوفی علی) خەڵکی گوندی بیرەسپان خواروو گوللەی بەرناکەوێت وخۆی لەخوێنی شەهیداکان وەردەدات و بۆ شەو بەسەلامەتی دەگەڕێتەوە ئاوایی.

- هاوولاتی(عوبیدشێخ یابە)یش لەلایەن حەرەس قەومییەوە دەگیرێت، پتر لەساڵێك لە زیندانی(موسەیب) لەبابل زیندانی دەکرێت، پاش ئازارو ئەشکەنجەی زۆر ساڵی1964بەهۆی گفتوگۆی شۆڕشی کوردستان، لەگەڵ میری ئازاد دەکرێت.

. سەرجەم خانووەکانی گوندەگەکەدەسووتێندرێت ومەڕو ماڵات و سەروەت وسامانی خەلکەکە بەتالان دەبەن.

- تراکتۆرێکی ماڵی کاك (شاخەوان محمد حسن)دەسووتێن.

شایانی باسە،چەندعەربێکی حەرەس قەومی کەگوندەکە تالان دەکەن، ناسیاو بووبوون،سالانی پێشتر لەو گوندە(تەلابی)یان کردبوو، پێیان دەلێن : شەرم ناکەن،هەی نمەکمان بتانگرێت، ئێمە چاکەوپیاوەتیمان بە سەرتانەوە هەیە،بۆ(فەرهود)مان دەکەن.. بێشەرمانە دەڵێن:

(ئیمەش فەرهودی نەکەین..عەرب تر هەردەبا دەبا،بائێمەببەین باشترە).



## میم لاڵێ
## فریشتەی رزگاری گیانی هەشت دیلی کورد

لالەپیرداود احمد(میم لاڵێ) لەئەسڵدا کچی یەکێك لەئاغاکانی دزەیی و لەخزمانی(ئەرسەلان بایز)بوو،شووی بەهاوولاّتییەکی(بیرەسپان خواروو) کردبوو،دراوسێی ئێمەبوون،خێزانی خوالێخۆشبوو(مام حەمەرەزا) بوو، لەبەر ئەوەی لەمناڵی زۆر لەگەڵ عەرەبی سنووری کەندیناوا ژیابوو، شێوەی عەرەب هەبوو روخساری کوترابوو،فوول زمانی عارەبی دەزانی. ئەورۆژەی حەرەس قەومی دەگەن بە گوندەکانی(بیرەسپانی ژووری)و (بیرەسپانی خواروو) بەداخەوە( 11) هاوولاّتی بێ تاوان شەهید دەکەن، هەشت کەسی تر لەخەڵکی هەردووگوندەکە هەڵدەبژێرن کە بیانبەن هەتا گوللەبارانیان بکەن..کەیەکێکیان (کاکەمین محمدرەزا)ی کوڕی دەبێت.

**خەڵکەکە میم لاڵێ ئاگادار دەکەنەوە،وەك پۆڕی بەچکەخوراو دەگاتەلای ئەفسەرە سوریەکەی سەر دەبابەکە و سەرباز و حەرەس قەومییەکان، دەیکات بە هۆسە..ماتستحون..؟موعیب علیکم..تکتلون ابنائی واخوانی؟ سەریان لێی سووڕدەمێنی،زمانی عەرەبی تەواو،روخساری هەمان شت، ئەفسەرەکە لێی دەپرسێت: هل انتی عوربیە..؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ..**

**دەڵێن: کامیان کوڕی تۆیە.؟فەرمووی جیای بکەورەوە،دەیبەخشین بەتۆ، ئەویش سویند دەخوات: ئەگەر هەموویان ئازاد نەکەن، کوڕەکەی خۆشی ناباتەوە،ئەفسەرەکەزۆربەقسەزانی وهیمەتی(میم لاڵێ) سەرسام دەبێت.. بڕیار دەدات هەرهەشتیان ئازاد دەکات.*ئەوهەشت کەسە ئێستا هیچیان لەژیاندا نەماوون، بەڵام کوڕ و برازایان ئێستا ماوون.. لەوانە :**

**(حاجی جیهاد)خەڵکی بیرەسپان ژووری باوکی یەکێك لەوکەسانە بووە، (دلێر عزالدین)یش کوڕەزای (لاڵێ)یە..پەیوەندیم بەهەردووکیانەوە کرد، ئەوانیش ئەوراستییەیان پشتڕاست کردەوە..****

* سەرچاوە:پەیوەندی لەگەڵ(دلێرعزالدین محمدرەزا) 2022/12/25

** جیهاد شریف مولود صالح (باوکی یەکیك بووە لەرزگارکراوەکان)

# شەهیدانی گوندی نەبیاوا
# ناوچـەی ساڵەیی ـ پردێ

لە 16ی حوزەیرانی 1963 هێزێکی سوپای عێراق وسوپای سوریا لەگەڵ سەدان حەرەس قەومی پەلاماری گوندی (نەبیاوا) و(کتکە)و (گورزەیی)و(گەوەنی)و(قەرغەتوو).. دەدەن، لەنەبیاوا چەند کەسێنك بەبارمتە دەگرن، حەرەس قەومییەکان دەیانەوێ بیانکوژن،لەوکاتەدا ئەفسەرێکی سوپای سوریا،بە گەنجەکان دەڵێ راکەن.. هەتا نەتانیان کوشتووە،ئەوانیش لەترسی کوشتن، رادەکەن،بەبەر چاوی ژن ومناڵەوە تەقەیان لێ دەکەن ودووانیان بەناوەکانی(احمدمحی الدین صالح)و (إسماعیل صدیق احمد)برای شەهید(بەکرصدیقتەلانی) شەهیددەکەن.. لە دوای مانگێك حەرس قەومی لە (قەرەدەرە)وە هێرش دەکەن و رانەمەڕی(حەمەسۆتە)بەتاڵان دەبەن.. (محی الدین صالح قادر) کەپێشتر ئەحمەدی کوڕی شەهیدکرابوو، دەست دەداتە بڕنەوەکەی و دەڵێ:

یا منیش ئەمڕۆ شەهید دەبم...یا تۆڵەی کوڕەشەهیدەکەم وەردەگرمەوە ، لەشەڕێکدا حەرەس قەومییەك دەکوژێت و خۆشی شەهید دەبێت.. هەرهەمان رۆژ لەنزیك چاکی (هۆکاشە)دەیان کوردگوللەباراندەکەن، هاووڵاتی(خدرعزیزعبداللە)یش گولەباراندەکرێ وبەبریندراری لەخوێنی شەهیدەکاندا دەتلێتەوە..بۆشەو دەربازدەبێت...*

* سەرچاوە : پەیوەندی لەگەڵ (عزیز باجەلان) 2022/12/22

# شەهیدانی قەرغەتوو و کتکە

لەرۆژی1963/6/16حەرەس قەومی هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی (کتکە) و (قەرغەتوو)..

- لەگوندی قەرغەتوو دوای تالآن وسوتاندنی گوندەکە،پێنج هاووڵاتی شەهید و سێی تر بریندار دەکەن:

1 ـ سعیدصالح عزیزبەگ		شەهید

2 ـ قادراحمد محمد صمد		شەهید

3 ـ محمد عزیز صالح		شەهید

4 ـ عبدالرحمن محمد عبدالله		شەهید

5 ـ قادر عمر علی		شەهید

6 ـ احمد موسی		بریندار

7 ـ گورزیە حسن(عەربەژن)		بریندار

8 ـ هاجەرە إبراهیم		بریندار

## گوندی کتکە:

لەگوندی کتکەیش دەستەیەك چەکداری حەرەس قەومی لەگەڕانەوەدا لە هێرش وتالآن...لەلای چوتیاریك لەکاتی دروێنەکردن دا لادەدەن... ئەو هاووڵاتییە تەنیا دووکچی منالّی دەدوانزەسالآنی لەگەلّ دا دەبێت، ئەونمەك حەرامانە لە دوای ئەوەی کە تێر نان و دۆی کوردی دەخۆن .. هاووڵاتی (محمد حسین حسن) بەبەرچاوی منالەکانیەوە شەهید دەکەن.

* سەرچاوە : پەیوەندی لەگەلّ هەڤالّ (مام داود) و (عزیز باجەلآن) 2022/12/22



# شەهید
# غازی محمد دووبزی

غازی محمد حسین دووبزی لە ساڵی 1945 لە (دووبز) لەدایك بوو بوو.

ـ لە ساڵی 1963 کاتێك حەرەس قەومی پەلاماری گوندی قەرەدەرە و گوندەکانی دەوروبەری دووبز دەدەن،بەرئەو شالاوە بەدناوە دەکەوێ، پاش بەرگرییەکی قارەمانانەی خەڵکی گوندەکان ،بە بریندارى ڕزگاری دەبێت، دوای ئەو سیاسەتی داگیرکاری و بەعەرەبکردنە، لە هەمان ساڵ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە،لە(چەمی رەزان).

لە ساڵی 1964 لە گەڵ هەڤالەکانی لە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی. جودا دەبنەوە،ڕوو دەکەنەولاتی ئێران ولەشاری هەمەدان جێگیر دەبن.. لە پاش گەڕانەوەیان لە ئێران دەکەونەوە شەڕ لەگەڵ ڕژێم ،لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لەشاخەکانی ناوچەی قەرەداغ بەسەختی برینداردەبێت. لە ساڵی 1966 بە هۆی سەختی برینەکەیەوە لە لە ڕۆژی 1967/4/1 دەچێتە ڕیزی نەمرانەوە و شەهید دەبێت.

* سەرچاوە : پەیوەندی لەگەڵ نوری ساڵەیی برازای شەهید ـ 2022/12/23



# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ ناوچەی شێخ بزێنی
## چیم دی ..؟

من ئەوسا هێشتا منالْ بووم،تەمەنم دە دوانزە سالأن بوو،بەرخەوان بووم لەگوندی(کاولەسوار)بەیانی زوو لەگەلْ کافیەاحمدحاجی(گولْەسوور)ی ئامۆزام،کەئێستا هاوسەر و هاوڕێی تەمەن وخەباتمە،پێکەوە بەرخەلمان رادا، لەپشتی مالأن گەیشتینە بەرزاییەك..بینیمان(احمدکوێخایابە)(1) وشکەکێلْ..بەکەر وهەوجاڕ جووتی دەکرد، بەدیار تەماشاکردنی زەوی کێلأنەوە چاودێری بەرخەکانیشمان دەکرد، تا نەچنە ناو رەز و تەبارەی گەنمەکانەوە.لەپڕگوێمان لەریزێکی درێژلەدەنگی(دۆشکا)بوو،کاك احمد جووتەکەی بەردا،ئامۆژگاری ئێمەی کردبەرخەلەکە کولْەپێچ بکەین و بەرەودەم زێ دووربکەوینەوە.تائێمەبەرخەلمان کۆکردەوە وپێشخۆماندا، تانك وزرێپۆش وهێزێکی زۆرگەیشتنەسەرکەل،لەئاست دێی(علی بەیان) بەئاراستەی گوندەکانی (کاولەسوار)و (شەوگێڕ)و (پەلْکانە) دەستیان بە تەقەکرد..ناوەناوە تانکەکان تۆپێکیان دەهاویشت.

---

1 ـ کاك ئەحمەد کوێخا یابە لەسالْی 1982 شەهید کرا

. ئیمه شۆڕبووینەوه بەرەو دۆڵێك، ناوی (سەرەڕۆ) بوو،شوێنێکی چڕو پڕ لەدۆڵ وئەشکەوت وقەمیشەڵان و ژاڵەبوو، ئاوی هەبوو،تەماشامانکرد دەیان ماڵی ئاوارەی (قەرەدەرە)و (قەڵاعەربەت)وگوندەکانی دووبز.. لەوێ خۆیان حەشارداوە،سەیارە و تراکتۆروکەلوپەلەکانیان،بە گەڵای دار و ژاڵە و قامیش حەشار دابوو، هیواش هێواش دەنگی تەقەی تفەنگەکان لێمان نزیك دەبوونەوە، ئەشکەوتێك پشتی لەدوژمن بوو...سێ چوار ژاڵەی گەورە لەبەردەمی شین بوو بوو،دەمی ئەشکەوتەکەیان داپۆشی بوو،شوێنێکی نەدیو و حەشارگەیەکی باش بوو،من و(گولەسوور) بڕیارمان دا بچینە ئەوێ، خۆمانی لێ بشارینەوە.. بەچوارچنگۆڵە بەقەد تەلانەکەدا هەڵگژاین، چووینە ناوئەشکەوتەکەوە، بینیمان(3)کەس لەوێ خۆیان حەشاردابوو،گوتیان خەڵکی(قولیبەگ)ین. گەنجەکایان ناوی(صابیر)بوو،دیاربوو جوتیاریان بوو، بەجل و بەرگەکەی وادیاربوو،پیرەمێردەکە(مەلا)بوو، یەك لەسەریەك (ئایەتەل کورسی) دەخوێند..جار جاریش رووی دەکردە پیرەژنەکەو دەیگوت:بخوێنە..! مەلاژن ئایەتەلکورسی بخوێنە..

دووفڕۆکەی جەنگی لەجۆری (مێك)بەنزمی دەخولانەوە،مەلاو مەلاژن، ترس هەراسانی کردبوون، بۆئەوەی ئێمە بترسێنن و دوورکەوینەوە، نەبینە هۆی ئاشکراکردنیان.. مامۆستا رووی لە مەلاژن کرد و گوتی: ژنەکە لەبیرتە بەیانی زوو کەلەخەوهەستاین،خەونێکم بۆت گێڕایەوە، ئەی نەبوو لەخەوما،من وتۆوصابیر لەئەشکەوتێ خۆمان حەشاردابوو.. دوومناڵی قشت هاتنەلامان. تۆپێك هات و هەردووکیانی کوشت..

مەلاژن رووی کردە ئێمەو گوتی: کوڕم گوێی شەیتان کەڕبێت بەخوا مەلاخەونی وەك راستی وایە..یەکاویەکە..دەی ئاقڵبن،لێرە بڕۆن.. ئێمەیش ترسێکی تربووبەسەرباری ترسەکانی پێشوومان،لەگەڵ ئەوەی دوودڵ بووین، لەراستی وناراستی خەونەکەی مەلا بەڵام چی بکەین..؟ بەقوڕگی پڕلەگریانەوە،خواحافیزیمان نەکرد..ئەویمان بەجێهێشت و رووومان لەحەشارگەیەکی ترکرد،ئاخرهێندە تەپکەوداوم لەوئەشکەوتانە نابووەوە،هەمووی بست بە بست شارەزابووم، لەخوار رەزی(عەوڵازرێخ) خۆمان بە لوولە شاخێداکرد.. زیاتر لە 25 ژن و منالی ئاوارەی لێ بوو، تەنیایەك کەسیان ناسیاوبوو، کە ئەویش(عەنیفە حەمەدەمین علی) بوو، خاڵۆزای باوکمان بوو،ئاهێك بەبەرماندا هاتەوە،زۆر زۆر تینوومان بوو، گوتم:میمی عەنیف تێنوومانە،تف لەگەرووومان وشك بووە..چیبکەین.؟ گووتی:ئەی کوا بەرخەلەکەتان..؟گوتم وا لەشیو رەزەکەی(مام عەوڵا)ن، گوتی: دە زوو بڕۆ بەرخەکانت بێنەخوارەوە و لەوێ ئاویش بخۆرەوە.. ناچار بەقسەم کرد، گووتم ئامۆزا با بڕۆین، گوتی:

نا من لای میکم عەنیف دەمێنمەوە..

بەرەوژوورم کردەوە..زۆر بەوریاییەوە دەڕۆیشتم،بۆ ئەوەی لەسەرباز و حەرەس قەومی دەرنەکەوم،گەیشتمە قەدپاڵی(کوڵبان) بە ناوئاودڕێکدا لەبەرخەلەکە نزیك بوومەوە، بەردەم تێدەگرتن...بۆ ئەوەی بیانگێرمەوە بۆچەمەکە،جار ناجارێك گوللەیك گیزەی دەهات ولەقەدسورکەکەی دەدا، دووسێ مەترێك لەنزیکم تۆزی دەکرد،زانیم کەلەشوێنێکەوە بینراوم، خۆم پەنادا، هەندێ قەمیشم شکاندەوە دام بەخۆمدا، کە تەماشام کرد،

**لەوبەرەوە،رێك لەپشت ئەو ئەشکەوتەی کە مەلاو مەلاژنی لیٚ بوون، دووسەرباز وسی عەرەبی حەرەس قەومی بەرەو چەمەکە شۆڕبوونەوە.. ئیتر ناچار بووم بەئاودڕەکەدا شۆڕبوومەوە،چوومە سەرئاوی کارێزەکەی (مام عەولاّ)تیر ئاوم خواردەوە..کاتیك بینیم سیٚ چەکداری کورد کە خەڵکی(علی بەیان) بوون،یەکیان پورزای باوکم بوو بەناوی(احمد رسول) گەیشتنە لام،تێر ئاویان خواردەوە و سەروچاوی خۆیان شۆری، لێیان پرسیم : بچکۆل.. ئەوتەقە نزیکانە چی بوو..؟**

**گوتم: ئەوە دووسەرباز و سی عەرەب بوون.. دەیانویست بێنە خوارەوە، منیان بینی چەند فیشکێکیان پێەوەنام.. گوتیان دەزانی لەکوێن....؟ گوتم بەڵیٚ .. وەك راوچی شارەزا، پێشیان کەوتم،بردیانمە ئاسۆگە، هەر 400 مەترێك لێمانەوە نزیك بوون، چەتاڵی خۆیان چەقاند و گوتیان (یەك ،دوو،سیٚ)پێکەوە دەسرێژیان لیٚ کردن.. دوانیان لیٚ بەردانەوە، ئەوانی تر بەپەلە گرتیان بەقاچی کوژراوەکانداو بۆ نەدیو ئاوابوون و هەلاّتن..ئیتر ئەوسیٚ قارەمانە بوون بەهۆی رزگاربوونی دەیان خێزانی ئەوچەمە، لەئاشکرابوون ومردنی مسۆگەر،دیسان تێرئاویان خواردەوە و بەمنیان گووت: وریای خۆت بە و لێیاندا و رۆیشتن..منیش گەڕامەوە بۆلوولە شاخەکە، دیاربوو خەڵکەکە بەو تەقە نزیکانە، زۆر شڵژا بوون، بۆیەمنیش ئەوەی بینیبووم بۆم هەمووم گێڕانەوە..پاش هەڵوەستەیەك بەناخێرگیانم گووتم: بەداخەوە دووکەڵێکی گەورە لە ناو گوندەکانی شەوگێڕ و کاولەسوار بەرز دەبێتەوە، دڵنیام هەردوو گوندەکە وا دەسووتێن.لەناوهەموویان(عەنیفە)ی خزمی خۆم لێم هاتەجواب و گوتی:**

دەك رووت رەش بێ چەپوخێل..خۆكافرنین،سزای ئەودرۆیانەی كردت، دەبێ بچیتە دیارئاوایی بزانی گوندەكە دەسووتێ یانا.؟ منیش دەستم كرد بەگریان، گوتم : بەخوا بەتەنیا ناچم.. ئەگەربشچم بێمەوە هەرچی بڵێم بڕوام پێناكەن..بڕیاریان دا كەسێكم لەگەڵدا بنێرن..نەگبەتێك لەمن نەگبەت تر،كچێكی هەشت نۆ ساڵانی خزمانی قەرەدەرەبوو، بەپێی تەمەنی من و گەورە و بچووكیمان... ئەشێ موالیدی 1954 بووبێت، ناوی(فاتم)بوو،لەگەڵ مندا بەڕێیانكرد، من شیوە پێچاوپێچەكان باش شارەزابووم،نزیك ئاسۆگەبووینەوە..دە مەترێكی رووتەن وچەقێن بوو، پێش(فاتەخان) كەوتم،ئاوڕم دایەوە دانیشتبوو، دەستی كرد بەگریان، گوتم: بۆ دەگری..؟گوتی(پێكوڵە)و (قونجڕكە)چوونە بەپێمدا،من كڵاشم لەپێدابوو،ئەو پێ پەتی بوو،گەڕامەوە سەری،دڕكەكانم لە پێی دەرهێنا، بیست مەترێك كردمەكۆڵ..تا گەیاندمە تەبارەكە.تاسەرشانمان بەرزبوو، هەم دڕكی نەبوو، هەم لەدوژمن دەیشاردینەوە،بەچوارچنگۆڵە(زحف) خۆمان گەیاندە ئاسۆگە،ئاخ..چیمان بینی..؟ گوندەكە لەدۆڵیكدابوو، چواردەوری گردوشاخ بوو،پان بەپانی ئەودۆڵە ئاگر بەرز دەبووە وە، پیرەژن و مناڵانی گوند لە ژێر سێبەری دارتووەكان كۆكرابوونەوە، دەگریان،سوپا كشابووە وە، چەند حەرەس قەومییەك لەپشت ماڵانەوە گاگەلی گوندیان دابووپێش، هەر جارناجاریك مانگایەك، گوێرەكەیەك، لەدەستیان رایان دەكردوبەروگوند دەگەڕانەوە،بەچاوی خۆمان بینیمان، كۆترێكی سپی لەنێو بڵیسەی ئاگری خانوویەكەوە بەرزبووە وە، بەڵام پەڕەكانی باڵ و كلكی ئاگریان گرتبوو..لەخوارئێمەوە كەوتەخوارەوە و

سوتا،بەگوێی خۆمان گوێمان لێبوو، گۆلکێك لەناوئاگردا دەیبۆڕاند، لەگەڵ تەقینەوەیەکدا دەنگی ئەویش کپ بوو..

بەرەو چەمەکە گەڕاینەوە،گەیشتینەوە ناوگەنمەکە،(دەورێش غولام) چاکێك بوو.. یەك کیلۆمەتر لەباشووری ئێمەوەبوو،لەهەموو قوڵەکانەوە، سوپاو حەرەس قەومی لوتکە بەرزەکانیان چۆل دەکردو بەرەو سەر کەل دەکشانەوە، رەتڵیك سەرباز روویان کردە (دەروێش غولام) پیاوێك ناوی (عەولاکوردە)بوو،بەماڵەوە لەوێ دەژیا،کەسەربازەکان روویان لەماڵەکەی ئەوکرد..من و فاتە چاومان لێ بوو.. مام (عەولاکوردە) و (مەمەند)کوڕی بۆچەمەکەهەلاتن،سەربازەکان بەتەقەوە دوویان کەوتن، لێکیان دابڕین، مەمەند گەیشتە ناوتووتڕك و بێشەلانەکە،رزگاری بوو، مام عەولا لەپاڵ دارێك خۆی حەشاردا..زۆرگەڕان تادۆزییانەوە،بەشەق و قۆناغەتفەنگ دایانەپێش.. بۆناو ماڵەکەی خۆی،لەپڕ لەژوورەوە کردیان بەدەسترێژ.. بەهۆسەکێشانەوە دەرچوون..هەر بە هەڕوڵە بەرە و سەرکەل سەرکەوتن، تووەمەز(مام عەولا)یان لەژوورەوە کوشتبوو.. ئاگریشیان لەخانووەکە بەردابوو،ئەوان(500)مەتر دوورکەوتبوونەوە، کاك(مەمەند)مان بینی لەچەمەکە دەرچوو، هەربەغار بەناو دوکەڵ دا، خۆی گەیاندە خانووەکە و ترمی باوکە شەهیدەکەی هێنایە دەرەوە، بەدیوی ئێمەدا هێنایەخوارێ، بەدیاریەوەدەستیکرد بەشیوەن وباوکەڕۆ...ئیمەیش زانیمان دوژمن دوورکەوتۆتەوەوفیشەك ناگات پێمان،بێترس گەڕاینەوە لوولەشاخەکەو، چیمان بینیبوو،گێڕامانەوە...

ئیتر هێزی دوژمن لەچاوان ون بوون، هەموو لەحەشارگەکان هاتینە دەرێ...بۆ شەو کەگەڕاینەوە ئاوایی.. نەمان دەتوانی بە کۆڵانی ناودێدا هاتووچۆ بکەین، هەمووی پڕبووبوو، لەژێلەمۆ و پشکۆی ئاگر...

قورئانە دەسنووسەکەی باوکیشم 90٪ ی سووتابوو، کاك مەمەند خۆی گەیاندەوە ناودێ، خزمانیش لەحەشارگەکان گەڕانەوە، چۆنیەتی شەهیدبوونی باوکی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە، هەموو کەوتینەڕێ بۆ (دەروێش غولام)لەنزیك شوێنی شەهیدبوونەکەی گوڕێکیان بۆهەڵکەن.. تەرمەکەی بەکەڵکی شۆرین نەدەهات..زیاترلەسەدفیشەکی لێدرابوو، رۆژە ڕەش بوو، کفنیش بەدەست نەدەکەوت، تا لێی بپێچن..هەر بۆیە باوکی رەحمەتیم (مەلامحمد شەل) مەندیلەکەی خۆی بۆ کرد بەکفن و نوێژی لەسەرکرد و بەکوردی تەلقینی داو بەخاکیان سپارد..

- شەودرەنگ زانیمان لە گوندی شەوگێڕیش (مام حەوێزمحمد) یان بردووە و لەگوندی (عەلی بەیان) شەهیدیان کردووە وپاشان تەرمەکەیان لەژێر تراکتۆریك دا سووتاندووە.

- عمرمولود فتاح(دێوانەعومەر) خەلکی(پەڵکانە)و(مام عباس )خەڵکی گوندی (کەلۆڕ) و(ژنێك بەناوی خدیجە نامیق داود(خەجەمێوە) خەڵکی گوندی (عەلی بەیان) یشیان شەهید کردووە.



## هێرشی حەرەس قەومی

# بۆ گوندی دوشیوان

له ساڵی1963 هێزێکی زۆری حەرەس قەومی لەگوندی ناڕوجەوە هێرش بۆسەر گوندی (دووشیان) دەکەن، لقێك پێشمەرگەی کوردستان لە شیوەسوور بەر بەوشاڵاوە دەگرن شەڕێکی توند بە فەرماندەیی (احمد حسن دوشیوانی) و(مەولود قەرەدەرەی) و(سەید حسێن) و (عاسی مجید مامەیی)و(مولازم جەبار) روودەدات،لەگەرمەی شەڕدا ئەم پێشمەرگانەیش دەگەنە مەیدانی نەبەردی( عەزیز حلاق)نەیبەسەرە و حاجی حسێن علی بەیانی ورفیق عەزیز بازیانی وخەلیفە عوسمان.. لەبەرسەختی ودرێژە کێشانی شەڕەکە،پەلێکی تر لە پێشمەرگەکان بەفەرماندەیی مەلاعباس لە گوندی (خدرشیرین) و (تەپەکوڕە)وە دەچن بەهانایانەوە بۆ بەشداری کردن لەشەڕەکەی دووشیوان، دواجار لووتی حرس قەومییەکان دەشکێنن وبەپەلەهەڵدێن وسنورەکەیان پێ جێدێڵن.

تەرمی عەرەبێکی حرس قەومی دەکەوێتە دەس پێشمەرگەکان و دوای پشکنینی( کل وکلچێوك)ی ژنەکوردێك لەگیرفانی دەبێت کە لەفەرهود

کردن دزیبووی. لەو شەڕە پێشمەرگەیەك بەناوی حەوێز لەپەلەکەی مەلاعباس دارەمانی شەهید دەبێت، لەبەر دیاربوونی گۆڕستانی گوندەکە لەدوژمنەوە و بۆپارێزگاری لەزیانی پتر هەر لە گوندی دووشیوان بەتەنیا لەشوێنێکی دی بەخاکی دەسپێرن. دوای ئەوە گۆڕی ئەوشەهیدە هێندە لەلای خەڵکی گوندەکە پیرۆز دەبێت هەمیشەوەك (چاك)ێك خەڵك دەچنەسەری وخێری بۆ دەکەن.

شەهید حەوێز ساڵی 1961 پۆلیس دەبێت لەبنکەی پۆلیسی دارەمان و بەچەکەکەیەوە دەچێتە ریزی شۆڕش و دەبێتە پێشمەرگە لەبنکەی چەمی رەزان وبەشداری شەڕی گردەقارەمان وچەندنەبەردی تر دەکات.*

ـ کاك مەلاعمر دووشیوانی کەئەوسا پێشمەرگەبووە، لەباسی ئەوشەڕدا گووتوویەتی:ئەوسا ئێمەپێشمەرگەبووین،لەگوندی(ئیلنجاغ)ەوە چووین بەرەو بەرگری لەهێرشی حەرەس قەومییەکان..

لەناو(شیوەسور)تێکمان شکاندن وتەرمی حەرەس قەومییەکیان بەجێما کەچووینە سەری گیرفانەکانی پڕبوون لە کلچوك و ملوانکە و متومیرووی ژنانە کە لە ناڕوجەکان تالآنیان کرد بوو..

کەگەڕاینەوە بۆ ئۆمەرمەندان..گوتمان حەرەس قەومییەکمان کووشتووە. پیرمێردێك گووتی: درۆ دەکەن..ئەگەر بتان کوشتبایا ئێستا دەستتان سەوز دەبوو.

* سەرچاوە: پەیوەندیەك لەگەڵ (پێشمەرگەی دێرین جەلال ئەحمەد حەسەن دووشیوانی ـ 2021

# چەند شەهیدێکی تری
# دەستی حەرەس قەومی

## شەهید تۆفیق ناڕوجەیی

شەهید تۆفیق علی امین (1)

ـ لەساڵی 1917 لەگوندی ناڕوجەی ئەحمەد رەجەب سەر بەناحیەی شوان چاوی هەڵ هێنابوو.

ـ لە 20 ـ 6 ـ 1963 بەدەستی حەرەس قەومی شەهید دەکرێت، دەچێتە کاروانی شەهیدانی کوردسانەوە. (1)

## شەهید عمردەرویش عەلی نەیبەسەرەیی

ـ عمر علی خەڵکی گوندی (نەیبەسەرە)ی ناحیەی(شوان) (2)

کەسێك بووە لەمناڵییەوە(شێت)دەبێت،خووبەوە دەگریت ساڵانە دووبەرخ بەخێوبکات وبیان لەوەڕێنێت..

ـ لە 20 ـ 6 ـ 1963 بەدەستی حەرەس قەومی

شەهید دەکرێت، دەچێتە کاروانی شەهیدانی کوردسانەوە. (2)

## شەهید حەمەدمین دیلە ـ گوندی کارێـز

لەگوندی کارێز حەرەس قەومی دوای سوتان و تاڵانکردنی گوندەکە هاوولاتی (محمد امین تەها) بەبەرچاوی ژن ومناڵەوە شەهیدی دەکەن.(3)

## شەهید سلیمان صابیر مووسی ـ خەڵکی کەپەنك

لەدایکبووی 1937 لە شەڕێکدا لە هەڵەتی (قەمیشە) شەهید دەبێت.

سەرپەلەکیشی بەناوی (عەبدڵلای کریم عاصە) بریندار دەبێت (4)

---

1 ـ پەیوەندی لەگەل نووسەر راپەڕعارف ـ 2022/12/10

2 ـ پەیوەندی لەگەل (علی محمد ناڕوچەیی )2022

3 ـ پەیوەندی ـ کەریم شێخ تەها ـ 22 / 12 /2022

4 ـ پەیوەندی لەگەڵ مامۆستا کاکەخان



# ساڵ حەرەس قەومی لەکوێخایی بۆ گاوانی

## سالاری کوڕی شەهید حەکیم حەمەڕەش دەگێڕێتەوە:

مام کوێخا حکیم یادی بەخێر،کوێخای گوندی (نەیبەسەرە) بوو، خزمێکی باش وخۆشەویستی باوکم boویان،وەك وەفایەك بۆخزمایەتی و پتەوبوونی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان سەردانم کرد،گێڕایەوە،گووتی: لە ساڵی1963 لە کاتی هێرشی حرس قومی، تەیارە لەگوندەکەمانی دا، خانویەکی زۆری روخاند و ماڵی وحاڵ و مەڕ وماڵاتی زۆری کوشت، بەسەڵت وقوتی هەڵاتین بۆ دیهاتەکانی بناری خاڵخاڵان،ئەوسا رەوانشاد (حەکیم حەمەڕەش)ی باوکت سەرلق بوو، لەهێزی رزگاری پێشمەرگەی (بنکەی چەمی رەزان)بوو،زانیبووی ئەو وەزعەمان بەسەردا هاتووە، هاتبوو بۆ سنوورەکە بۆهەواڵپرسینمان، کاتێك دەگاتە ئەوگوندەی کە لێی حەوابووینەوە... پرسیاری (کوێخا احمد)ی خاڵی دەکات، خەڵکی گوندەکەدەڵێن:کوێخا ناولەم گوندە دانیە..لەوکاتەدا باوکم(کوێخااحمد) لەوێوە تێدەپەڕێ،دەیەوێبۆ مزگەوت بڕوات،دەڵێت ئەی ئەوەنییە،ئەوە خۆیەتی،ئەوەخاڵم کوێخا ئەحمەدە..

دەڵێن: ئەها..ماڵە گاوانەکە دەڵێت..؟ ئیتر بۆیان دەگێڕێتەوە، دەڵێ ئەم پیاوە کەهاتەئاوایی داوای لەخزمانی گوندەکەکردکارێکم بۆبدۆزنەوە، ئاخرنابێت بەسەروگوێی خەڵکەوەبین،ئەوانیش دەڵێن: کاری چی..؟

**مەگەر بتکەین بەگاوانی گوند..باوکم فەرمووی گاوانی یەکێك لەپیشە شەرفمەندەکانی ولاتەکەم بوو،بۆمن شانازی بوو کوێخایەتی ژێر سێبەری داگیرکەرم قبووڵ نەکرد و بووم بەگاوان لەنیشتمانێکی ئازاد دا. دوای شەش مانگ ژیانی ئاوارەیی، دوای ئاسایی بوونەوەی ناوچەکە خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان و مام کوێخایش دەگەڕێتەوە گوندی نەیبەسەرە و درێژە بە کاری کشتوکاڵ و رەنجبەری خۆی دەدات.**

**ـ لەپەیوەندییەکدا کاك (سالاری شەهیدحەکیم حەمەڕەش) گێڕایەوە: گوتی: کاتێك باوکم بوو بەپێشمەرگە،ماڵمان لەماڵی کوێخااحمد و کاك حکیمی کوڕی بوو...رژێم زانیاری پێدەگات کەئیمە لەوێین، بەنیازی گرتنمان دەبن، کویخا ئەحمەد زۆر ماندوودەبێت پێمانەوە، ماڵمان دەگوازێتەوە،بۆ(چەمی رەزان)دوترلەناحیە بانگی دەکەن، دوای هەڕەشە سوێندی دەدەن ئەگەر جارێکی تر(حەکیم حەمەڕەش)ی بینی..**

**دەبێت بەپەلە ناحیە ئاگاداربکاتەوە..هەمووجارکە باوکم بەدەستەیەك پێشمەرگەوە میوانی دەبوون، کوێخا دیوەخانەکەی بۆچۆڵ دەکردن و بەمناڵەکانی دەگوت:خواردنیان بۆ ئامادەبکەن و جوان خزمەتیان بکەن و بەڕێیان بکەن..وەك وەفایەك باوکم کە هەواڵی ئاوارەبوونی دەزانێ دێ بەهانایەوەو ئەوە یەکەم جاردەبێت پاش زیاتر لەساڵێك دابڕان ، لەوێ پێك شاد دەبنەوە.**

# عوسمان سوورەدێی
# لە گوندی عەسکەر چۆن شەهید کرا..؟

دوای کودەتای بەعسیەکان لە8ی شوباتی1963میلیشیا شۆڤینیەکانی حەرەس قەومی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە پەلاماری کوردستانیان دا و بەپشتیوانی سوپای عیراق سەدان تاوانی نامرۆڤانەیان ئەنجامدا و کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد..لەو ناوچانەی کە زۆر بەتوندی کەوتنە بەر ئەوشالاوە... دەوروبەری کەرکوك بوو، بەداخەوە عەرەبەکانی حەویجە رۆڵێکی خراپیان گێڕا لەکوشتوبڕ و تالانکردن و سوتاندی گوندەکانی کەرکوك،بە تایبەت گوندەکانی ناوچەی شوان، لەوانەش گوندەکانی سەرخاسە... گوندی(سورەدێ)یش یەکێك لەو گوندانە بوو پەلامار دراو خەڵکەکەی ئاوارە بوون ..

عثمان عبدل یوسف ناسراو بە (عوسمانی دەروێش عەودل) تەمەنی دەوروبەری 20 ساڵان دەبێت ، لاوێکی جوان و ڕێك پۆش و دڵتەڕی سورەدێ دەبێت،زیاتر حەزی لە(مشکی) لەسەر کردووە،لەکاتێکا کڵاو و جامانە باو بووە.. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن دەنگێکی خۆش و زوڵاڵ بووە، بە تایبەتی حەیران بێژێکی بە توانا بووە .

لەگەڵ دەستپێکی شالاوی حەرەس قەومی ، خەڵکی سورەدێش ئاوایی بەجێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە گوندە دوورە دەستەکان.. کە تا ڕادەیەك ئەمین تر بوون لە مەترسی حەرەس قەومیەکان... شەهید عوسمان لە

**ماڵی باوکی دائەبڕێت و لەگەڵ ماڵی کاك (کەمەر) کە ئەویش دانیشتووی سورەدێ و ئامۆزای باوکی بوو..دەگەنە ناوچەی قەلاسێوکە. ماوەیەك لە دەشتودەردا دەمێننەوە.دواتر بڕیار دەدەن بچن بەرەو گوندی عەسکەر ، بۆ ئەومەبەستە داوا لە عوسمان دەکەن کە هاوڕێیەتی ئافرەتەکان بکات، تا گوندی عەسکەر، تا دواترلەگەڵ کاك کەمەر و کوڕەکانی کە مەڕو مالاتەکان پێ دەبێت.. یەك بگرنەوەو بڕۆن بۆ دیوی سوورقاوشان...**

**(فاتمەحەمەسعید کۆچەکی)خێزانی(ڕەوف)ی برای عوسمان ، لە زمانی (ناسك کەمەر)ەوە دەیگێڕێتەوە کە ناسك خۆی لەو سەفەرەدا لەگەڵ عوسمان بووە..گوتوویەتی: بەیانی بوو، لەگەڵ عوسمان بەڕێکەوتین و ڕوومان کردە گوندی عەسکەر،عوسمان بێ چەك بوو،تەنیا ڕادیۆیەکی پێ بوو،کە لەملی کردبوو. دوای ماوەیەك ڕێ کردن لە هەورازێك سەرکەوتین و گەیشتینە سەر تەپۆڵکەیەك ، کە گەیشتینە بەرزایەکە.. لەناکاو ڕوو بەڕووی چوار چەکداری عەگال بەسەر بووینەوە و ڕێیان پێ گرتین ، عوسمانیان گرت و لە ئێمەیان جیا کردەوە.. ئێمەش کە چوار ئافرەت بووین کەوتینە گریان و پاڕانەوە... بەڵکو بەری بدەن ، بەلام سوودی نەبوو، میلی چەکەکانیان ڕاکێشاو هەڕەشەیان لێمان کرد ئەگەر نەڕۆین هەمووومان دەکوژن ، بە ناچاری بە گریانەوە شوێنەکەمان بەجێ هێشت ، ئەوە دواجار بوو ئیتر عوسمان مان نەبینیەوە ...**

**دوای ماوەیەك کەسوکارەکەی هەواڵی گرتنەکەی عوسمان دەبیستنەوە، بۆدۆزینەوەی تەرمی عوسمان دەکەونە گەڕان،بەلام هیچ خەبەری نابێت..**

تا بەڕێکەوت ڕۆژێك شوانێکی خەڵکی دێی عەسکەر دەیدۆزێتەوە، دەبینێت تەرمێك سەربڕاوە..لاشەکەی لە شوێنێك و کەللەسەری لە شوێنێکی تر فڕێدراوە.. دیارە تەرمەکەی شێواو بووە، بە هۆی ئەوەی ماوەیەکە زۆربوو کەشەهید کرا بوو، دواتر بە جلوبەرگ و مشکیەکەی دەیناسنەوە و دەزانن کە ئەوەتەرمی شەهید عوسمان سوورەدێی یە. هەرئەورۆژە خەڵکی ناوچەکە.. بەپەرۆشەوە کۆدەبنەوە وهەر لەویٚ گۆڕێکی بۆ هەڵدەکەنن و بەخاکی غەریبی دەسپێرن، ئەوشوێنە دەبێتە دوا مەنزڵگای شەهیدعوسمانی جوانەمەرگ گوندی عەسکەری شۆڕش و کوردایەتی دەبێتە ئارامگای هەتاهەتایی..هەربۆیە خەڵکی عەسکەر وەکو چاکەکانی جاران سالآنە دەچوونە سەرگۆڕەکەی ودەیانگوت شەهیدێکی غەدرلێکراوە،گۆڕەکەیان پیرۆز دەکرد..ئێستایش خەڵکی عەسکەر بەو شوێنە دەڵێن: عوسمان کوژراو.*

* سەرچاوە: پەیوەندی لەگەڵ سلام رەئوف عبدول سورەدێی
ـ برازای شەهید عوسمان 2022/12/25



# چەند بەرگرییەکی قارەمانانە لە گوند و هەڵەتەکانی چیمەن

**شەڕی یەکەم:**

**دوابەدوای کودەتاشوومەکەی 8ی شوباتی 1963ئێوارەی 1963/3/20 خەڵکی گوندی (چیمەن) خۆیان ئامادەدەکەن وەك نەریتی ساڵانە لە ناو گوندوبەرزاییەکان ئاگری نەورۆزبکەنەوەو جەژنی نەتەوییان ئەنجام بدەن،هێزی زۆری سوپا و چەکداری خێڵەکی حەویجە هێرش دەکەنە سەریان و شەرێکی توند بەرپا دەبێت ..لەوشەڕەدا پتر لە 30 سەرباز وچەکداری تر دەکوژرێن و لاشە وچەکەکانیشیان لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بەجێدەمێنێت، دووپێشمەرگەی قارەمانیش شەهید دەبن بەناوەکانی :**

**1 ـ مشیر خەڵکی گوندی تەرجل .**

**2 ـ احمد شریف خەڵکی گوندی (گورگەیی سەرخاسە).**

**شەڕی دووەم:**

**مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ حەرەس قەومیەکان هێرش دەکەنە سەر گوندی (چیمەن) .لەو کاتەدا هێزی پێشمەرگە لە سنورەکەدا نابن. لەو ڕۆژەدا تاکە کەس کە چەکی دەبێت خوا لێخۆش بوو(احمد رەمەزان) باوکی هەڤاڵ (عەلی چیمەنی) دەبێت..بەتەنیاسەنگەریان لێدەگرێت.. تەقە لە هێزەکەی (حەرەس قەومی) دەکات، ژن ومنداڵ وخەڵکی سڤیلی**

**گوندەکە لەگرتن و کوشتن رزگاردەکات. خەڵکی چیمەن  بە سەڵتی خۆیان و منداڵەکانیان بەرەو ناوچەکانی شوان و  قەڵاسێوکە هەڵدێن. لەو پەلامارە درندانەیەی  حەرەس قەومیەکان.هەرچی ئاژەڵ و  پەلەوەر و دەغڵ و دانیانی خەڵك بوو فەرهودچیەکان تالآنی دەکەن و هەموو خانوی گوندەکەش دەسوتێنن،**

**دوو هاوولاتی چیمەنی .کەهەردوکیان نەخۆش دەبن و توانای راکردنیان نابێت لەناو چەقەدووکەڵ دەریان دێنن وزۆر بەدڕندانە شەهید یان دەکەن:**

**1 ـ احمد عبدالله**

**2 ـ محمد سدیق خدر**

**سێیەم** :

**لە مانگی تەمموز دا جارێکی تر سوپا و حەرەس قەومی هێرش دەکەنەوە سەر گوندەکانی دەورو بەری(چەمچەماڵ) و(قەرەهەنجیر)و (شوان)..**

**لە کاتی گەرانەوەیاندا بەتالآنیەکی زۆری مەڕو گاو گۆتاڵەوە دەگەڕێنەوە بەرەو کەرکوك..هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەئاست گوندی (چیمەن) بۆسەیەك بۆئەوتالآنچی و شڕەخۆرەی  حەرەس قەومیەکان دادەنێنەوەو دەیان  چەکداری حەرەس قەومی دەکوژن و تالآنەکانیش دەگێڕنەوە. ***

* **سەرچاوە : پەیوەندییەکی تەلەفۆنی**
**لەگەڵ هەڤاڵ (مەلافائیز چیمەنی)** 2023/7/28

# تاوانێکی تری
# حەرەس قەومی



## گوندی عەلاوەمەحمود
## چۆن وێران کرا ؟!

ساڵی 1963 دوای ئەوەی بەعسیەکان لەرێگەی کودەتاوە جەڵەوی دەسەڵاتی عێراقیان گرتەدەست. بۆماوەی چەند مانگێك بەمەبەستی چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵات، گفتوگۆیان لەگەڵ گەلی کوردو جولانەوەکەی راگەیاند.لەکۆتای مانگی نیسان و سەرەتای مانگی ئایاردا جارێکیتر خەڵکی کوردستان بەگشتی وخەڵکی لەکەرکوك ودەوروبەری بەتایبەتی کەوتنەوەبەرشالاوی قۆناغێکی تری(ترحیل وتعریب)، لەجێگای میلیشیاکانی (المقاومەالشعبیە)دا (حەرەس قومی) و چەند سەرۆك خێڵێکی عەرب وکورد(فرسان خالدبن ولید)و(فرسان صلاح الدین) چەکداردەکەن.. پاشنیوەرۆی 1963/7/13قائیدی فرقەی 2

**کەرکوك لەسەربازگەی شار لەگەڵ فەرماندە عەسکەریەکان و لێپرسراوەکانی (حرس قومی) کۆدەبنەوە، داوایان لێ دەکات کە بۆ ڕۆژەی دواتر ئامادەبن،ئەویش بەمەبەستی هێرش وپەلامارێکی فراوان بۆسەر ناوچاکانی(شوان و قەرەهەنجیر)پێشیان دەلێ(سەربۆمن ماڵ بۆئێوە!!) هەرئەوشەوە هەواڵی ئامادەکاری دوژمن بەجەماوەری ناوچەکە وهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگات، لەلایەن (مەلا)وپیاوانی ئاینی ونیشتمان پەروەرەوە بانگەوازلەخەڵکی خۆراگردەکرێ هەرکەسێك دەستی چەك دەگرێ بابڕواتە سەنگەری بەرگرییەوە مەلاکان (فەتوا)دەدەن (ئەم شەڕە شەڕی هەقە دژی ناهەق)ە هەربۆیە ئەوشەوە بەدەیان پیرولاو بەچەك و فیشەکی خۆیانەوە وبەتفەنگی (قۆناغخڕ) و (کۆچك چاپ)و(بڕنەو)ەوە، لەگەڵ لقێك لەپێشمەرگەکانی(هێزی رزگاری) لەهەڵەتەکانی(کوێرەکانی)نزیکی گوندی(چیمەن)پەنجەلەسەر پەلەپیتکە، چاولەسەرسێرە..**

**چاوەروانی هاتنی هێزەکانی دوژمن دەکەن، لەگەڵ تاریکوڕوونی بەیانی ڕۆژی** 1963/7/14 **دەست بەتۆپ بارانی ناوچەکە دەکەن، بێ ئاگا لە بۆسەی لەشکری شۆرشگێری کوردستان وبەرگری میللی، هێزێکەی دوژمن دەکەونەناو تەڵەی مەرگەوە، لەگەڵ یەکەم هاڕەی دەست ڕێژی پێشمەرگەکان دا..دووژمن تاروماروتەفروتونا دەکرێ وبەزەرەروزیانێکی زۆرەوە دوای ئەوەی زیاترلە(**50**)چەکداری حەرەسی قەومی وسەرباز دەکوژرێن..بەشکاوی پاشەکشە دەکەن...هەرئەوڕۆژە تەرمی چەند چەکدارێکی(حرس قومی)و (فرسان)دەگەنەوە گوندەکانی(هندیە)و**

(بیتر)و (کوان)کەدەکەونە باشووری گوندی (عەلاوەمەحمود)و (25کم)ی خۆرئاوای شاری کەرکوك، پاشنیوەرۆ (عەقیدخلیل) بەشداری ناشتن وپرسەی کوژراوەکان دەکات و لەسەرقەبران بەگیانی تۆلەسەندنەوە لەکوردان هانیان دەدات، ئیتر یەکسەر چەند چەکدارێك لەخزم وکەسوکاری کوژراوەعەرەبەکان رووله گوندەکانی(نازم بەگ)بەتایبەت رووله‌گوندی بێ دیفاعی (عەلاوەمەحمود) دەکەن، خەڵکی ئەوگوندەش بێ ئاگا لەشەڕەکە و ئەنجامەکانی، ناخافڵ لەشکان وتەگبیری زاڵمانەی ناحەزان، وەکوهەموو ئێوارەکانی پێشوو لە(درەوجۆ) گەڕابوونەوە، لە بەر سێبەری ئێوارانی پاڵ مزگەوت ،بەو ماندوویی و شەکەتییە زۆرەوە گوێیان لەقورئانی پیرۆز وفەرمایشتەکانی(مەلا)ی گوندەکەیان دەگرتبوو، کە فەرمووبووی:

(وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله اتقاکم..)

لەپڕچاویان بەچەند چەکدارێکی فرسانەکانی(خالدبن وەلید)دەکەوێ، کەهاوسنوورو ناسیاویش دەبن، زۆر بەگەرمی یەوە پێشوازیان لێ دەکەن، لەهۆکاری پەشۆکان وشپرزەییان پرسیاردەکەن، ئەوانیش لەوەڵامیاندا دەڵێن:

فریامان کەون ! لێمان قەوماوە،لەرێگای هاتنماندا بۆئێرە سەیارەمان لەرێگا وەرگەڕاوە، سێ چوار کەسمان بوون بەژێرەوە، کورد خاوەن کەرەم و پیاوی رۆژی تەنگانەن، دەخیلە فریامان کەون..هیمەتێك..! لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە زیاتر لە (15) کەس بەمەبەستی فریاکەوتن دەکەونە ڕێ، دەمەو بانگی شێوان لەنزیکی گوندی(قەرەتەپە)ی سەیدان

**لەهەڵسوکەوت وهەڵەشەیی چەکدارەکان دەکەونەگومانەوە، تێدەگەن کە فێڵ ودرۆیان لەتەکدا کراوە، دەکەونە مەقۆ مەقۆ، کەپیلانەکە ئاشکرا دەبێت، هەرکەسەلەلای خۆیەوە هەڵدێ،بەو دەشتەدا بەلێوەی لێدەکەن، ئیتر لەلایەن چەکداریانەوە بەتفەنگی (ئینگلیزی)و (هۆلەندی) تەقەیان لێدەکەن ولەوچۆڵ وبیابانە قەسدی کوشتنی هەرهەموویان دەکەن، لەئەنجامداچوارهاوولاتی (شەهید)و دووکەسیش برینداردەبن، ئەوانی تریش سود لەتاریکی ئێوارەوکەندولەندوئاودڕەکانی شیوی(ئیمام حسن) وەردەگرن و لەمردن دەربازدەبن، ئیدی ئەورۆژە بوو بەسەرەتای زوڵم و زۆری بەردەوام لەخەڵکی گوندی (عەلاوەمەحمود) و هەموو گوندەکانی نێوان کەرکوك . دوبز هەرناوە ناوە هەڵیان دەکوتایە سەریان، سەروەت و سامانیان لێ تالان دەکردن وخەڵکەکانیشیان بێزار دەکرد. ساڵ نەچوە سەر (22)گوندیان فەرهودکردوخەڵکە کوردەکەشیان بە زۆرداری ئاوارە و شوێنەکەشیان تعریب کرد.**

## ناوی شەهیدەکان:

1 . شەهید عبداللەحەمەڕەش سەمین . باوکی کاك ( رفعت عبدالله).

2 . شەهید دەروێش حسین عبدالله

3 . شەهید یابە عبدالکریم هەمەوەندی

4 . شەهید مەلامحمد شەوکەت صالح سێکانیانی(مەلای گوند)

## ناوی برینندارەکان :

1– حەمەسالح رسول . باوکی پێشمەرگەی دێرین (وەستاسابیر)

2 . احمد قارەمان. . *



عبداللەحەمەڕەش سمین



مەلامحمد شەوکەت صالح

لە17حوزەیرانی 1963 لەگوندی (عەلاە محمود) بەخاك سپێردران.

* کوردستانی نوێ . مەلاشاخی . / ژ / 1870



# گوندی زەردك

## شەهید حەمە امین عبدالله

رۆژی 1963/6/6 چەندچەکدارێکی حەرەس قەومی بەمەبەستی تالآن و سوتاندنی گوندی زەردك هێرشی بۆدەبەن،دوو قارەمانی گوندەکە بەناوەکانی(محمود امین مەلا) و(رشیدحسن صالح) لەسەر سکەی شەمەندەفەرکە سەنگەریان لێ دەگرن..پاش دووسەعات شەڕ 12 کەسیان لێ دەکوژن وبریندار دەکەن و تێکیان دەشکێنن..

پاش دە رۆژ.. لەهێرشەگەورەکەدا حەمەامین عبدالله رەزا شەهید دەکەن:

- شەهید حەمە امین عبدالله ڕەزا لە ساڵی 1940 لە گوندی (زەردك)ی ناوچەی (بیبانی) دەڤەری کەرکوك چاوی بە دونیادا هەلهێنابوو.
- لە 1963/6/16 لە سەررێگای کەرکوك ـ هەولێر بەرامبەر(هۆکاشە) حەرەس قەومییەکان شەهید دەکەن و دەگاتە کاروانی نەمران.

## حاجی خدری زەدك

هەرلەگوندی(زەردك) پیاوێکی بەتەمەن بەناوی حاجی خدر دەگرن، دوای ئەوەی بە قۆناغەتفەنگ بێهۆشی دەکەن، بەتفەنگی (پۆڵۆنی) فیشەکێك لەناودەمی دەدەن..وادەزانن مردووە..لەوشوێنە جێیدێڵن..دواتر بەهۆش خۆی دێتەوە..بڕ بڕ حەرەس قەومی لە رەگەزی عەرەب و تورکمان بەسەریدا تێدەپەڕن وبەرشەقی دەدەن..خۆی دەکات بەمردوو..

تا درگانی شەوئەوجا دڵنیادەبێتەوەدوژمن ناوچەکەی چۆلکردووە،

هەڵدەستێتەوە..من خۆم لەدوای بریندابوونی بینیمماڵەکەی هاتە گوندی (کاولەسوار) تا کۆچی دوایی کرد،نانی بە ئیسراحەتی نەخوارد.

## تاوانی سوپا و حەرەس قەومی

## لە گوندی مام ڕەش

هێزی ئاسمانی عێراقیش بەردەوام پشتیوانی سوپا وحرس قومی بووە، لەهێرشێکدا بۆسەر گوندی(مام ڕەش) وهەڵەتی ماسقەلان و شیو ژاڵەو بناری خاڵخالان دوای ئەوەی هێزەکانی رژێم تووشی شکست دەبن، هاوار بۆهێزی ئاسمانی دەبەن،فرۆکەمەرگ چێنەکانی رژێمی کوردکوژ، بەبۆمب و شەستتیر و ناپاڵم ناوچەکە ئاگرباران دەکەن...

هاوولاتی(حاجی محمدعزیزاسماعیل)لەناوباخەکەی خۆی لە(کانی قوڕە) بەریەکێك لەناپاڵمەکان دەکەوێت و شەهید دەبێت..هەروەها لەناو گوندی (مام ڕەش) هاولاتی(حمەرەزا یاخی علی) بەرریژنەی شەستتیری فڕۆکەیەکی(مێك) دەکەویَ وشەهید دەبێت.

**وێنەو ناوی شەهیدەکانی گوندی مام ڕەش**



حاجی محمد عزیز اسماعیل



حەمە رەزا یاخی علی



# تۆپبارانکردنی
# گوندی (دەرماناو)ی ناحیەی پردێ

لەمانگی تشرینی دووەمی 1963 دا هێزێکی زۆری سوپای عێراق لەقوشتەپە وهەولێرەوە پێشڕەویان کرد بۆتاڵان و سوتاندنی گوندی گردەسۆر لەوێشەوە دەچنە سەرکەلی (قەشقە)و(خوڕخوڕ) بێ بەزییانە دەکەونە تۆپبارانکردنی گوندەکانی قەشقەو خوڕخوڕ و(دەرماناو)ی سەربەناحیەی پردێ،کە کەوتبووە باشوور وبەرانبەریان لەبەری کەرکوك، تانکەکان بەتۆپی دوورهاوێژ دەرماناو و دەوروبەری تۆپباران دەکەن.. بەداخەوە لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانەدا بیست ویەك(21)هاووڵاتی شەهید دەبن وسێ(4)هاووڵاتیش بریندار دەبن بەم ناوانە:

## ناوی شەهیدەکانی گوندی دەرماناو

1 . محمد احمد حمەامین		دانیشتووی گوندی دەرماناو
2 . مامز حمد علی		دانیشتووی گوندی دەرماناو
3 . عمرمحمود حمەعلی		دانیشتووی گوندی دەرماناو
4 . نعیمە کویخا حسن		دانیشتووی گوندی دەرماناو
5 . فاتیمە قادراسماعیل		دانیشتووی گوندی دەرماناو
6 . بدیعە یاسین حسن		دانیشتووی گوندی دەرماناو

## شەهیدەکانی گوندی قەرەدەرە کە بەئاوارەیی لەوێ بوون:

1 . گوڵە حسن خەجێ		خەلکی گوندی قەرەدەرە
2 . عدنان محموداحمد		خەلکی گوندی قەرەدەرە
3 . عائیشە شریف		خەلکی گوندی قەرەدەرە
4 . همینە صالح محمد		خەلکی گوندی قەرەدەرە
5 . بدریە عبدول محمد		خەلکی گوندی قەرەدەرە
6 . منیرە عبدول محمد		خەلکی گوندی قەرەدەرە
7 . رحیمە محمدامین		خەلکی گوندی قەرەدەرە
8 . کافیەصدیق مستەفا		خەلکی گوندی قەرەدەرە
9 . قاسم سعید صالح		خەلکی گوندی قەرەدەرە
10 . زاهیدە سعیدصالح		خەلکی گوندی قەرەدەرە
11 . کریم فتاح صالح		خەلکی گوندی قەرەدەرە
12 . حکیم فتاح صالح		خەلکی گوندی قەرەدەرە

13 . روناك فتاح صالح — خەلكی گوندی قەرەدەرە

14 . كەتان تاها عبدول — خەلكی گوندی قەرەدەرە

15 . محمد محمود — خەلكی گوندی قەرەدەرە

## ناوی بریندارەكان

1 . یابە تەها شریف — دانیشتووی گوندی دەرماناو

2 . عەتیە یابە تاها (1) — دانیشتووی گوندی دەرماناو

3 . كانەبی كریم عبداللە (2) — دانیشتووی گوندی دەرماناو(3)

4 . غفور محمد تەها — = — =

1 ـ عەتیە یابە بەشێوەیەك كەم ئەندام بووبوو تا لەكۆتایی نەوەتەكان كۆچی دوایی كرد..بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە.

2 ـ كانەبی كریم عبداللە(دڵزار)ناسراوبەتێكۆشەری ناسراوی كوردایەتی لەتەقینەوەكەی1ی شوباتی مەڵبەندی هەولێریش بەسەختی بریندار بوو، بەموعجیزە لەمەرگ دەربازبوو.

3 ـ درندەیی بەعسییەكان ـ بەكر تەیفور كریم ـ چاپخانەی ئازادی 2013



# شیخ ئەحمەدی گەڵۆزی

شیخ ئەحەمەدی گەڵۆزی یەکێك لەشێخە ناسراوەکان و سەرۆکی هۆزی(ساڵەیی)بوو،دوای ئەوەی لەساڵی 1962 هێزی پێشمەرگە لەنێوان گوندی(گەڵۆزی و رۆژبەیانی) دەچنە سەرسکەی قیتارەکەو رای دەگرن و چەندین سەرباز بەدیل دەگرن و شەمەندەفەرەکە دەسووتێنن، حکومەتی ئەوسای قاسم ناچاری دەکەن کە هێزێك لەو سنوورە پێکبهێنێت وهێڵی ئاسنی نیوان(کەرکوك - پردی) بپارێزێت، بەراوێژ لەگەڵ (کاك شێخ قادری سەربیر) و بەراوێژ لەگەل شۆڕش و لەرێی (صابیر جامی) یەوە.. کە ئەوسا فەرماندەیەکی هیزی پێشمەرگەبووە، ئەو هێزە پێك دەهێنێت،کە ئەرکەیان ئەوەدەبێت رۆژانە پێش هاتنی قیتارەکە سکەی قیتارەکە بپشکنن،نەك مینی لەژێردا چێندرابێت،دوای ئەوەی بەعسییەکان دێنە سەردەسەڵات و حەرەس قەومی پەلامار دێنن بۆتالان وکوشتوبڕی خەڵکی کوردستان، کاك شیخ ئەحمەدی کەڵۆزی ،

نەك ناچێتە شەڕی هێزی پێشمەرگەوە.. بەڵكو ناوە ناوە،فیشەك و یارمەتیشیان بۆ دەنێرێت. كە حەرەس قەومییەكان گوندی قەرەدەرەی سالەیی و چەند گوندی تری سنووری هۆزەكەی تالان و وێران دەكەن، جواب بۆ سەرۆك هۆزە عەرەبەكانی كەركوك و حەویجەو دوبز..دەنێریت، كە بووبوون بەچەكداری حەرەس قەومی، ئاگاداریان دەكاتەوە كەنەیەنە سنووری سالەیی و خۆیان بەدووربگرن لە هەوڵی دوژمنایەتی نانەوە، بەڵام چەكدارەكانی حەرەس قەومی گوێ لە پەیامەكەی ئەو ناگرن وهاوینی1963دوو هێرش بۆگوندەكانی گەڵۆزی و سەربیرورۆژبەیانی وگەوەنی ..دەكەن،شێخ ئەحمەدیش بەرلەهێرشەكەیان دەگرێت وشەڕێك لەدەشتی سالەیی دەقەومێ، لەوشەڕەدا چەند چەكدارێكی حەرەس قەومی دەكوژرین، لەورووبەڕوو بوونەوانەدا.. لە چەكدارەكانی شێخ ئەحمەدیش دووكەس گیانی خۆیان دەكەن بەقوربانی پاراستنی خاكی كوردستان كە ئەوانیش:

1 ـ خدر شێخە درزەیی ـ خەڵكی دەشتی هەولێر

2 ـ محمد خدرئاشەوان ـ خەڵكی قەشقە دەبێت.

3 ـ یابە قدوری بریندار دەبێت

دوای ئەوشەڕە شێخ ئەحمەد چەكەكان تەسلیم بە میری دەكاتەوە.

---

* ناوی شەهیدەكان و بەشێك لەزانیارییەكانم لەم بەڕێزانە وەرگرتووە :

1 ـ توانا شێخ لەتیف سالەیی.

2 ـ مامۆستا شێركۆ سالەیی ـ پێشمەرگەی دێرین.




# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ گوندی تۆبزاوای خوار کەرکوك

لەمانگی حوزەیرانی 1963 گوندی کوردنشین نەما حەرەس قەومی بەمەبەستی تالآن و داگیرکردن پەلاماری نەدات، یەکێکێی تر لەو گوندانە تۆبزاوا بوو،لەپەیوەندییەکدا لەگەڵ کاك(صمدچاوشین) بەم شێوەیە رووداوەکەی بۆباس کردین: ساڵی 1963حەرەس قەومی هاتبوون بۆگوندی تۆبزاوای خوارکەرکوك،هێرشێکی دڕندانەیان بۆسەرئاوایی هێنابوو،بەڵام خەڵکی تۆبزاوا چونکە خۆیان گەنجیان زۆربوو خۆیان داکۆکیان لەخۆیان کردبوو، هۆکاری ئەو داکۆکی کردنەکەش ئەوەبوو ڕۆژانی پێشووتر سێ کەسیان لەتۆبزاواشەهید کردبوو، بەناوانەکانی (احمدسەلیم باوکی لیوابەهجەت تۆبزاوایی، کەپیاوێکی زۆرئازابوو، لەناوخەوادا لەسەرزەرعات شەهیدیان کردبوو عدنان مجیدمحمدو

احمدملامحمدیان شەهیدکردبوو،کەمام وبرازابوون، حەرەس قەومییەکان کە دەگەنە ئاوایی تۆبزاوا، هەمووئامانجیان تالآنی دەبێت،لەسەرەتاوە دووسێ مێگەل لەمەڕ و مالآتی خەڵکەکە دەبەن،ئیتر تۆبزاوایەکانیش لێیان دێنەدەست،گشت مەڕومالی تەکانیان لێدەسێننەوە، لەوشەڕەدا (ناسیح اسعد احمد) ڕۆڵێکی زۆر جوامێرانەی دەبێت، بەشێوەیەك تێکیان دەشکێنن ئیترجارێکی تر ناوێرن روو لەوگوندە بکەنەوە،دوای ئەوشەڕە،منالآنی تۆبزاوا،گۆرانییەك دەبێتە وێردی سەرزاریان بەکۆرس دەیلێنەوە:

یومە و یابە شەڕیانە.

لەسەرمانگا گەڕیانە.

یوما دەلێ دەیدۆشم.

یابە دەلێ دەیفرۆشم.

بۆپارەکەی نەخۆشم.

---

سەرچاوە : پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەل نووسەر و رۆژنامەنووس صمد چاوشین



# شــەهید
# محمود محمد محموود

- ساڵی 1939 لە(شەوگێر)چاوی هەڵهێنابوو.
- دەرچووی پێنجی ئامادەیی بووە.
- ساڵی 1955پەیوەندی بە(پارتی)یەوە کردبوو.
- ساڵی 1961 بووبوو بەپێشمەرگە لە بنکەی چەمی ڕەزان.
- ڕابەری سیاسی لقی شوان و پاشان یەکەم (عددجهان)ی هەڤاڵ (مام جەلال)بووە.
- بەشداری  زۆربەی شەڕەکانی حەرەس قەومی کردبوو لەساڵەیی وشوان و شێخ بزێنی و قەڵاسیوکەو چەمی ڕەزان..
- گێڕاویەتییەوە: لەشەڕی چەمی ڕەزان دا لەگەڵ سوپا وحەرەس قەومی (مام جەلال) بزمارێك لەنێوپێڵاوەکەی دا دەبێت،زۆر ئازاری دەدات، لەبەر ئەوەی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕی لەئەستۆدەبێت،پێی خەڵتانی خوێن دەبێ،بەلام تا کۆتایی شەر پێڵاوەکانی داناکەنێت.
- دوای یەکگرتنەوەی پارتی ماوەیەك لێپرسراوی دەستەی تایبەتی بارەگای هەڤاڵ (مام جەلال)بووە.
- ساڵی 1974 دەگاتە کاروانی سەروەرانی خەبات

---

* سەرچاوە: پەیوەندی لەگەڵ چالاکوانی بوواری جینۆساید وئەنفال (عەلی سیاسی) کوڕی شەهید 2022/12/20




# شەهید
# عبدالرحمن مەلا علی هەنارە

**شەهیدعبدولڕەحمان مەلاعەلی هەنارە**

**- لە ساڵی 1929لە دێی (هەنارە) ی ناوچەی (جەباری) لەدایك بووە. - لەساڵی 1948 لەگەڵ خانەوادەکەی ئەچنە شاری کەرکوك و لەگەڕەکی قەڵاوپاشان بلاخ وپاشان لە شۆریجەی سەنگەری بەرخۆدان نیشتەجێ ئەبن. لەگەڵ ئەوەی بازرگانێکی ناوداری کەرکوك وخاوەن کارگەی کاشی بووە، خوێندەوارێکی باش وشارەزایەکی بەئەزموونیش بووە لە سیاسەت دا. - لەسەرەتای پەنجاکانەوە بەهەستی نەتەوەییەوە خەباتی نهێنی سیاسی لەناو رێکخستنەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)دا دەست پێدەکات. پاش مۆڵەتدان بەپارتی بۆ کاری ئاشکرا چالاکیەکانی زیادئەکاو و بەشداری و سەرپەرشتی کۆمەکی ئاهەنگ و بۆنە و چالاکییەکان ئەکات. - لەخۆپیشاندانەکەی ساڵی 1961ی شوریجە دژی حکومەت بەشداری دەکەن وبرایەکی بەناوی(ڕەزا مەلا عەلی هەنارە)هەر لەوێ بریندار ئەبێت. - پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و تێکچونی**

**باری سیاسی و ئاشکرابوونی ڕێکخستەنەکان شار بەجێ دەهێڵی و وەك کادیرێکی سیاسی لە لق 3 درێژە بە خەبات ئەدات.**

**–حکومەتی بەعس لەسەردەمی حەرەس قەومی بڕیاری گرتن بۆ خۆی و باوکی و براکانی (مراد و کریم ورەزا ) دەردەکات،هەموو بەند ئەکرێن تەنها خۆی نەبێ پاشان حوکمی غیابی بە لەسێدارەدان بۆ خۆی و بیست ساڵ زیندانی بۆ مرادی برای دەردەچێت ، تا لە بەیانی 11 ئازاری 1970 مراد ئازاد دەکرێت.**

**ـ لە پایزی 1963 و لەکاتی ڕێگرتن لە هێرشی سوپا و حەرەس قەومی بۆ سەر بارەگای لق و لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا نزیك دێی زەردەی ناوچەی جەباری لە"چەم کوچەڵە"شەهید دەکرێت و تەرمی پیرۆزی دەستی سوپای بەعسیەکان دەکەوێت لە گۆڕستانی (شێخ محی الدین) بە بێ هیچ ڕێو ڕەسمێك ئەینێژن و لەڕێگای کارمەندێکی شارەوانیەوە گۆڕەکەی بەخانەوادەکەی دەناسێنرێت.**

* سەرچاوە: چاوپێکەوتنی ئیسماعیل هەنارەیی لەگەڵ عبدولخالق جەباری کوڕی شەهید.

# هیرشی حەرەس قەومی
# بۆ سەرناوچەی قەرەحەسەن

لەمێژووی کورد دا بۆناسینەوەی رۆژەرەش وتراژیدیاوییەکان ناوێك دیاری کراوە وەك هێمایەك بۆناسینەوەی ئەو سەردەمە، بۆنموونە:

ساڵ گرانی،ساڵ حەرەس قەومی،ساڵ ئەنفال..

لەساڵی حەرەس قەومییەکە،کوردلەزێدی باوباپیری خۆی بوو، پەلاماری خاك وماڵی کەسی نەدابوو،ئەوە شۆڤینییەکانی دوژمنی کوردبوون،وەك نازییەکانی سەردەمی(هۆلۆکۆست)هاتن،تەڕووشکیان پێکەوەدەسوتاند، پیرەمێردومناڵ وشوان وگاوان وشێت وکەڕ ولاڵ و هەرکێیان بکەوتایە بەردەست،شەهیدیان دەکردن،تەنیا ئامانجیان قڕکردن وکۆمەڵکوژی و تالاَن وجینۆسایدی گەلی کوردبوو..مەبەست لێی تەرحیل و تعریب بوو، بەتایبەت لەهێڵی تەماس لەشەنگارەوە تاخوارووی بەدرە وجەسان، لەکەرکوکیش حەرەس قەومی بارەگای لە هەموو ناوچەکان هەبووە، بارەگای سەرەکییان لە گۆڕەپانی کرێکاران دەبێت،لەو شوێنەی دوایی کرابەیانەی کرێکاران،لەبەهاری 1963دوای پەلاماری باکوری کەرکوك، هێرش بەرەورۆژهەلاتی شارەکەوبەرەوناوچەی گەرمیان دەست پێدەکەن، بەدەیان گوند لەناوچەی قەرەحەسەن تالاَن دەکەن و جگە لە سوتاندنی گەنم وجۆ و رەز وباخ و زەرعات.. خانووە قوڕەکانیشیان دەسووتێنن... هێرش بۆسەر گەرمیان، هێرشێکی بەرفراوان و بە پاڵپشتی سوپای عێراق و لیوایەك لە سوپای (سوریا)دەبێت، لەسەرەتادا بەفێڵ خەڵکی

گوندەكانیان بەناوی كۆبونەوەوە بانگ كردبوو.. پاشان گوللەبارانیان كردبوون،بەسەدان هاوولاّتی گەرمیانیان خستبووە سەیارەی سەربازی و رەوانەی زیندانی (مسیب)یان كردبوون، تەنانەت دەستیان لە منالانیش نەپاراستبوو،قوتابییەك پۆلی سێی ناوەندی دەبێت، لەگوندی (فرقان) بەناوی (محمود محمد وەلی ) دەی رفێنن و پاشان لە نزیك گوندی (یەحیاوا) گوللەبارانی دەكەن و تەرمەكەی لە سەر ڕێگاكە فڕێدەدەن.

## ناوی شەهیدەكانی ناوچەی قەرەحەسەن

1963 ـ 8 ـ 17

1ـ مەلاتایر مەلا ئەحمەد مەلای مزگەوتی فەرقان
2 ـ علی عبدالله (تەمەن 70 ساڵ)/گوندی فەرقان.
3 ـ جبار عثمان محمد / گوندی فەرقان.
4 ـ عثمان قارەمان / گوندی فەرقان.
5 ـ ئەحمەد حەیدەر / گوندی فەرقان.
6 ـ قادر احمد قادر / گوندی فەرقان.
7 ـ محمودمحی الدین / گوندی فەرقان
8 ـ جبار عوسمان محمد / گوندی فەرقان
9 ـ محمد حیدر / گوندی فەرقان
10 ـ محمد سلیمان فتاح / گوندی تەرجیل.
11 ـ حاجی رەحمان رۆژبەیانی / بریندار
12 ـ سلیمان احمد / بریندار
13 ـ حمید رەبعە / بریندار

* سەرچاوە : حەرەس قەومی و كورد ئاوڕێكی كورت لەو رۆژگارە / لەتیف فاتیح فەرەج

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ ناوچەکانی بازیان و ئاغجەلەر و قەلاسیوکە

شەڕی 1963/11/1 کەبەشەڕی حەرەس قەومی بەناوبانگە هێزی دووژمن بریتی دەبێت لەپێنج جەعفەل و سوپاو ژمارەیەکی زۆر لە جاش وحەرەس قەومی  بە تانك و تۆپ و فرۆکەوە دەست دەکەن بە سوتاندنی زۆربەی گوندەکانی ناوچەی بازیان و قەلاسیوکە..هێزی پێشمەرگە بەرگری دکەن،  زیانێکی زۆربەدووژمن دەگەیەنن، بەلام ئەمجارەیان جیاوازتر  لەشەڕەکانی تر لەدوکان وکانی شەیتان و ئاغجەلەرو سەرچاوەی بازیان وگەورەدێ وشوان وشێخ بزێنی یەوە، هێرش دەست پێ دەکەن، گەمارۆی چەمی ڕەزان دەدەن،بۆیە مام جەلال دوای بەرگریەکی  کەم وێنە  بڕیار دەدات بە چۆلکردنی  ناوچەکە لەبەر نابەرامبەری هێزو بۆئەوەی کەمترین  زیان رووبدات، هێزی پێشمەرگە پاشەکشەئەکەن بۆ شەدەلەو سەرگەلو و بەرگەلوو و دەشتی کۆیە..

مام جەلال بارەگای خۆی دەباتە ئەشکەوتێك لەنزیك گوندی (قزلوو).

لە 1963/11/2 هێزێکی زۆری دووژمن هێرشێکی دڕندانە دەکەنە سەر گوندی کوچکنەخشینەو قشلاخ سەربەئاغجەلەر هێزی پێشمەرگە لێیان ڕادەپەڕین و کوشتارێکی زۆریان لێ دەکەن، دوو دەبابە تێك دەشکێنن ویەکێکی تریشیان پەك دەخەن و کۆمەلێ چەکیان دەستکەوت دەبێ. مام ڕەحیم باوەفەتی بەتەنیا نایەلێ باوەفەتی بسوتێ وحەرەس قەومیەك بەسزا دەگەیەنێ وبەخۆی وتفەنگەبڕنەوەکەیەوە،بەدووپشت فیشەکەوە

بەرپەرچیان دەداتەوە جێی دەستخۆشیە و سەربەرزی بۆ خانەوادەکەی تۆمارکردووە. لەم شەڕەدا کاك احمد محمد حسین دووبزی بەشداربویەکی کارای دەبێت.هەرلەو ڕۆژەدا 2 /1963/11 دووژمن هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی بازیان و کوپەلەو سەرچاوەی بازیان هێزی پێشمەرگە بەرانگاریان دەبنەوە شەڕێکی سەخت بەرپادەبێ، دوژمن تێکدەشکێنن ولاشەی چەندین کوژراویان لێ جێ دەمینێ. 100خودەی پۆلاینی خوێناویان لێ بەجێ دەمینێ.

لەهەمان ڕۆژدا لە 1963/11/2لەنزیك قەشقۆلی کۆتەڵ کە دەکەوێتە ڕێگای(سلێمانی . دوکان)هێزێکی رژێم پێشڕەوی دەکات، هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی (مەجید رۆستەم وعەریف رسول جاسەنەیی بەرەنگاریان دەبنەوە.. دەسێکی زۆر باش دەوەشێنن دوژمن 40 کوژراو 63 برینداریان دەبێت..

1963/11/4هێرش دەکەن بۆگوندەکانی شێخ ویسی وکانی سپیلکەو تەوەکەلەکان،هێزی پێشمەرگە بەرپەرچیان ئەدەنەوە 5 سەربازو 5 جاش دەکوژن، 14سەربازو 6جاش بریندارده‌کەن (ڕەئیس خەیرولا)و (ملازم عەدنان)ناوێکیان تیدا دەبێت..

- ڕۆژی 5/11/ 1963 هێزی دووژمن و جاش حەرەس قەومیەکان هێرش دەبەن بۆگوندەکانی عەسکەروسۆتکە..لە(سۆتکە) هاوولاتی (عبدالله سەیدە) برای هەڤاڵی تێکۆشەر(حاجی شێخ قادر سۆتکە) شەهیددەکەن وگوندەکە تالان دەکەن وخانووەکان دەسووتێنن،لەگوندی عەسکەریش ئەم هاوولاتییانە شەهید دەکەن:(شریف عبدالله عبدی و

صالح عبداالله عبدی واحمد مەلاعبدالله ورەمەزان جومعەکاکەڕەش و غریب زەهۆ و عەسمان عەودل یوسف (سووردێی) ناوچەی شوان. (2)

ـ لە ئەنجامی هێرش بۆ سەر چەمی رەزان..دووژمن کوژراو و بریندارى زۆری دەبێ، دەبابەیەك تێك دەشکێندرێت و یەکێکی تر پەك دەخرێت و ئەوانی تر بەناچاری هەڵدێن، لەهەمان ڕۆژدا هێزی پێشمەرگە بەرەنگاری(فەوجی دوو لیوای بیست)ی سوپای عێراق دەبنەوە ، گورزێکی هێندە کاریگەری لێدەدەن کە بکشێنە دواوە. لەئەنجامدا دووژمن هەر لە کاتژمێر 6ی بەیانیەوە هەتا 3 ی پاش نیوەڕۆ، ڕێگای کەرکوك ـ سلێمانی دادەخات،هەتائەوکوشتاروزیانانەی لێیکەوتووە بیگوێزێتەوەو هاوولاتیان نەیبینن،بەڵام سەرجەم زیانی هێزی پێشمەرگە لە دەوروبەری چەمی ڕەزان 4 شەهید و 17 بریندارى سوك دەبن...دوای ئەم هەموو نەبەردیە و بەپێی پلانێك مام جەلال بریاردەدا چەمی ڕەزان چۆڵ بکەن وشتومەکەکان بگوازنەوە بۆ شەدەڵەوجاسەنە وسەرگەڵوو.(1)

بۆئەوەی زیانی لەوە زیاتر بەر هێزی پێشمەرگە و شۆرش نەکەوێ، سەرکەوتوانە جێ بەجێ دەکرێ ودوای چەندڕۆژێك ناکۆکی دەکەوێتە نێوان سوپاو حەرەس قەومی،لەناوچەکەدەکشێنەوە..پێشمەرگەیش،بە فەرماندەیی مام جەلال لە1963/11/18دەگەڕێنەوەبۆچەمی ڕەزان.(2)

---

1 ـ سەرچاوە: دارەکەی مام / شاخەوان قۆجەلەری (دەستنووس)

2 ـ گفتووگۆ لەگەل ( سەعید عەسکەری)



# گوندی چنارتوو
# شەهیدبوونی چەند هاووڵاتی یەك

- هاووڵاتی (خدر محەمەد ئەمین) چنارتوویی پیاوێکی بەتەمەن دەبێ لە 1963/11/9 حەرەس قەومی یەکان شەهیدی دەکەن.
- هاووڵاتی قادر سلێمان نا سراو بە دەرو ێش قادر چنارتوویی لە1963/11/9 حەرەس قەومی یەکان شەهیدی دەکەن.
- هاووڵاتی(حامید علی ڕەزا) خەڵکی(چنارتوو)کە تەمەنی 10ساڵان بووە، بەهۆی بەرکەوتنی پارچەی تۆپەوە بریندار دەبێ و لەکاتێکدا دەیانەوێ بیگەیەننە بنکەی تەندروستی شۆڕش، لە1963/11/9 لەنێوان گوندی عەسکەر وچەمی ڕەزان شەهید دەبێ.(1)

1 ـ سەرچاوە: دارەکەی مام / شاخەوان قۆجەلەری (دەستنووس)



# هێرشی حەرەس قەومی بۆ گوندی کانی شەیتان

بەرلەدەسپیکی هێرش بەرەو چەمی رەزان، هێرش دەکەنە سەرگوندی (کانی شەیتان) گوندەکە دەسوتتێنن (2) منداڵ بەلانکەوە فڕێدەدەنە ناو ئاگرەوەو رێگانادەن کەس دەستیان بۆبەرێ،خەریك دەبێت بەبەر چاوی دایك و باوك و خەڵکەکەوە ببنە کۆی زوخاڵ.

لەو کاتەداجیهاز بۆ ەفسەرەکە دەکرێ، سەربازێك پاڵ بە (زەیتون)خان دایکی یەکێك لە مناڵەکانەوە دەنێ و پێی دەڵی لانکەکە دەرکەو ڕاکە، بەڵام دوای ئەوەی بەرەو گوندی سەرچاوە ڕادەکەن لەگوندی سەرچاوەی بازیان مناڵەکە کەناوی کەمالی حاجی عەزیز حاجی مەحمود دەبێ، شەهید دەبێت و هەرلەوێ بەخاکی دەسپێرن.

مناڵی دووەم نەوزادکوێخا ئەسعەددەبێ،بەچاوپۆشی هەمان سەرباز فریای ئەکەون ولە خانووە گڕگرتووەکە دەری ئەکەن و نایەڵن بسوتێ، شایانی باسە دواتر ماڵی حاجی عەزیز کورێکیان تریان دەبێ وناوی دەنێن(کەمال)بەناوی شەهید کەمالی جوانەمەرگەوە،تەمەندرێژبێت.

---

سەرچاوە : دارەکەی مام / شاخەوان قۆجەلەری/ دەستنووس



# شەڕی حەرەس قەومی
## لە ڕێگای سلێمانی ـ دوکان

لە کۆتایی پایزدا لە 1963/11/2 کەئەوسا (مەجید ڕۆستەم) سەرلق و (عەریف ڕەسوڵ جاسەنەیی) سەرپەلی دەبێت، کاکە حەمەی تەلان بەخۆی ولەقەکەیەوە لەوێ دەبێت.لەگەڵ(مەجیدرۆستەم)بڕیار دەدەن.. دەستێك لە حەرەس قەومی وهێزەی ڕژێم و(زەعیم صدیق) بووەشێنن، کەلە(کانی بناوو شێخامیل و قونان)ی سنوری گوندەکانی (جاسەنەو تیمارو گێچینەو کانی هەنجیروپێداره) دەبن..مەجید رۆستەم بە (14) پێشمەرگەوە سەنگەرەکانی لەبەری(کانی هەنجیروشاخە ڕووخاو)دەبێت، عەریف ڕەسوڵیش بە دەستەیەك پێشمەرگەوە لای گێچینەوکەندەسوور بەری جاسەنە سەنگەر دەگرن..شەڕێك لەگەڵ ئەوهێزە پڕچەك و زەبەلاحەی دووژمن دەکەن ،کەلە مێژووی ئەوشۆڕشەدا کەم وێنەدەبێت. چەندین تانك و زیلی عەسکەری دەسوتێنن..هەر لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە بەدەیان تەرم لەدووژمن دەخەن،بۆیە دۆژمن دەکەوێتە بۆردومانی گوندەکان،خەڵکی دێی (جاسەنە) هەموو بۆ ئەشکەوتەکە رادەکەن.. هەرئەو ڕۆژە (18) کەسی ناودێی جاسەنە بە ئالآی سپیەوە بەرەو ڕووی جەیشەکە دەچن، مەلای گوندەکە بەڕەحمەت بێت پێش خزمان دەکەوێت، دەست بە قورئانەوە دەگاتە ئەوشوێنەی کە ئێستا پرۆژەی ئاوەکەی لێیە،ئەوانەی زیندووماون گێڕاویانەتەوە: چەندین تەرمی

**کوژراوی دووژمن لەهەردووبەرەوە دەبینن کە سەربازەکان بە نەقالە ئەیانگوازنەوە بۆسەر جادەکە، مەلای گوندەکە لە گێڕانەوەیەکدا فەرمووبووی:یەك شەقیان لەودەستەم هەڵدا کە قورئانەکەم پیێ هەڵگرتبوو، ڕیزیان کردین ڕەمیمان بکەن ، لەوکاتەدا ئامرێك هات گووتی: لەپێشدا بەبەرد لێیان بدەن دوایی بیانکوژن... چەند سەربازێك دیاری دەکەن، ئەوەندەیان لێدەدەن..تا بەشەلاڵی فڕێیان دەدەنە شیوێکەوە، شیوەکە ئاودڕ وبژوێن دەبێت،ئەوانیش شارەزا دەبن.. بەشیوەکەدا ڕادەکەن بەرەو سەرەوە، بۆلای ئەو کەندە سوورەی کە عەریف ڕەسوڵی لیێ دەبێت، کاتێك سەربازەکان بەهەلاتنیان دەزانن..بەدویان دەکەون بەرەو ژوور ،دەکەونە بۆسەوە، عریف ڕەسوڵ و پێشمەرگەکان زۆربەیان دەکوژن ، مەجیدرۆستەم هاوڕێکانیشی لەوبەرەوە بەتەقە مەشغوڵیان دەکەن و چەند کەسیان لێ دەکوژن.. ئیتر سەربازەکان ناوێرن زیاتر بەدوویان بکەون،ئەوانیش بەپەلە خۆیان ڕزگاردەکەن..(2)**

## زیانەکانی دوژمن :

1 . **کوژرانی** 40 **سەرباز و حەرەس قەومی و جاش**

2 . **بریندار بوونی** 63 **سەرباز وفرسان. لح**

3 . **لەوشەڕەدا تەنیا دووپێشمەرگە بریندار دەبن.**

---

1 ـ سەرچاوە: دارەکەی مام / شاخەوان قۆجەلەری (دەستنووس)

2 ـ بیرەوەری / مەلابەکری جاسەنە



## حەرەس قەومی

## لە کتێبی(سەختەڕێ)ی کاك عەلی بچکۆل دا

دوای ئەوەی لە رێی رێکخستنەکانی ناوشاری کەرکوکەوە هەواڵ بەچەمی رەزان دەگات،کەحەرەس قەومی بەپاڵپشتی سوپایەکی زۆر وپۆشتە پشت بەستوو بەتانك وزرێپۆش و فڕۆکە بەنیازن هێرش بکەن بۆسەر بارەگاکانتان،لقێك پێشمەرگەی هێزی رزگاری دەچنەگوندەکانی قشلاخ و شێخ وەیسی،لەوێوەدەچنەگوندی کوچکنەخشینە،تاچاودێری کەنەکەوی نزیك چەچەماڵ بکەن، چونکە زانیارییان پێدرابوو کە رژێم بەنیازە هێرش بکات بۆناوچە ئازادکراوەکان. بەتایبەت بۆ (شوان) و(شێخ بزێنی) و قەڵاسێوکەو چەمی ڕەزان وبارەگاکانی هێزی رزگاری،هەربۆیە هێز بروسکەیەکیان بۆ دەکات کەبچن، چاودێری رێگای (کەرکوك - سلێمانی)بکەن،لەکاتی هاتندا پێشی بگرن ولێیان بدەن. دەستەیەك لە پێشمەرگەکان ڕادەسپێرن،کە کەمینێك دابنێن و

هەرپێشمەرگە و پێنج فیشەك بەنیشانە بنێت بەیدوژمنەوە و دەستێك بوەشێنن و بگەڕێنەوە سەنگەرەکای پشتەوە..
سەنگەری پێشمەرگەکان لە نێو قاتەبەردەکان نزیك جادەکە دەبێت، بەوسەرماوپڕوشەپڕوشەی بارانەحەرەس قەومییەکان دەردەکەون، هێواش هێواش و بە وریاییەوە پێشڕەوی دەکەن،تەواو لەسەنگەری پێشمەرگەکان نزیکدەبنەوە،دەستڕێژیان لێدەکەن،پاشەکشەیان پێدەکەن، تەرمێکی زۆریان لیٚ دەکەوێت، دووبارە هێرش دەکەنەوە، بەهاوەنی60 ملم خومپارەبارانیان دەکەن، پێشمەرگەکان بڕیاری کشانەوە دەدەن،لەژێرئاگربارناندا بۆسەنگەرەکانی پشتەوە دەکشێنەوە، هەربۆیە دوژمن پێشڕەوی دەکات،تانك وزرێپۆش و فڕۆکەی (مێك) سەنگەرەکان دەکوتن،هەڤاڵ علی بچکۆل خۆی یەکێك بووە لەپێشمەرگەکانی ئەوسەختەڕیٚ یە،هەربویە لەکتێبەکەیدا (سەختەڕیٚ) باس لەخراپی چەکەکانی خۆیان دەکات، هەروەهاباس لەدلێری وئازایی پێشمەرگەیەك دەکات بەناوی (جەبارمحمودسەربیری) کەقارەمانانەشەڕی کردووە، هەروەهاباسی دەستەیەك پێشمەرگەدەکات، بیٚ ئاگاداری شێخ عوسمانی عەوالآن، سەنگەریان چۆڵ کردووە،دواتر لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە و سەردەستەکەیان سزا دراوە و نێردراوەتەوە بۆچەمی ڕەزان،ئەوڕۆژە تائێوارە بەرگری دەکەن، شەو دوژمن دەگەڕێنەوە مۆڵگەکانیان و پێشمەرگەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ مزگەوتی گوندی کوچکنەخشینە. لەکاتی گەڕانەوەدا کاك علی وجبارمحمود تەرمی سەربازێکی کوژراو دەدۆزنەوە...چەك وپێناسە وفیشەکەکانی هەڵدەگرنەوە،بەشانازییەوە

دەگەڕێنەوە بۆلای هەڤاڵەکانیان.. تفەنگە ئینگلیزی و فیشەکەکان تەسلیم بە سەرلقەکەیان دەکەن، شەو لەمزگەوتەکەدا نان دەخۆن وبەبەرەو حەرەسیاتەوە دەخەون، بەیانی دەچنەوە سەنگەرەکانیان، بەڵام هێزەکەی رژێم خۆی لەبەرەی ئەوان لادەدات و رێگاو رێگا بەرەو دەربەندی بازیان پێشڕەوی دەکات، پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە هێزی رزگاری یەوە بروسکەیەکیان بۆدەچێت کە بگەڕێنەوە بۆ چەمی رەزان،بۆرۆژی سێیەم لەدەورو بەری چەمی رەزان سەنگەر دەگرن،هێزی حەرەس قەومی و سوپای عێراق کۆنترۆڵی ناوچەی قەڵاسێکە دەکەن،گوندەکان دەسوتێنن و سەروەت وسامانی خەڵك تاڵان دەکەن.. ئەوڕۆژەچەندهێرشێك دەکەن، هەمووهێرشەکان تێك دەشکێندرێن، بۆ شەو هێزی رژێمدەکشێنەوە و لەگوندی عەسکەر مۆڵگەدادەنێن،بۆ رۆژی سێیەم.. حەرەس قەومی وسوپا لەهەموو لاوە بەدروشمی (احنا البدو..وین العدو)هێرش دەسپێدەکەنەوە بۆگرتنی چەمی رەزان،بەڵام وەك رۆژانی پێشوو،تێکیان دەشکێنن ودەگەڕێنەوەبۆ مۆڵگاکانیان. بۆشەوکەی نوێنەری هێز رشید سندی ئاگاداری هەموو لق وپەلەکان دەکات.چەمی رەزان چۆڵ بکەن و بەشێوەیەکی تاکتیکی بچنە پشتی هێزەکەی دوژمن وبکشێنەوە بناری پیرەمەگروون و چیای سورداش...بۆ روژی دواتر هێزەکانی سوپا و حەرەس قەومی دەکەونە شوێن پێشمەرگەکان و للەگوندی حاجیتان هێرشیان بۆدەکەنەوە،هەرچەند چەندکەسێکیان لێدەکوژن وبریندار دەکەن، بەڵام زۆرهات قەواڵەبەتاڵە، ئەوڕۆژە گوندی حاجیتان دەسوتێنن و مەڕوماڵات وهەموو گوندەکەتاڵان

دەکەن. شەو خانەخۆێ نەمابوو بەخێویان بکات و ئیدارەی هێزەکەیش دوای شکان نەیتوانیبوو ئازووقەدابین بکات، بەناچاری خۆیان دەگەیننە گوندە سووتاوەکەو لەپاشماوەی تالانگۆزەیەك گەنمکوتراو دەدۆزنەوە، شەو دەیکەن بە داندوولەو و دابەشی دەکەن..و ئەوشەوە ئیدارەی پێ دەکەن.دوای ئەوەی شەڕوبەرگری لە12 تا 16ی تشرینی دووەم لەسنووری تەکیەو قەڵاسێوکەوئاغجەلەروچەمی ڕەزان و دۆڵی سورداش درێژەی دەبێت، لەچەمی رەزانیش دوژمن پیرەمێردێك بەناوی (حەمەپاسە) خەڵکی (علی بەیان) و پشیلەیك بەدیل دەگرێت. لێی نامێنێنەوە چۆلی دەکەن رۆژی 17ی مانگ لەبەغداشەڕ لەنێوان سوپا بەبڕیاری عبدالسلام عارف لەگەڵحەرەس قەومی دادەگیرسێ هێزی دوژمن ناکۆکی تێدەکەوێت و پەلامارە نەخشە بۆداڕێژراوەکە سەرناگرێ، بەناچاری دەست بەکشانەوەدەکەن و پێشمەرگەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ چەمی رەزان و قەڵاسێوکەو شوان و شێخ بزێنی..

* سەرچاوە: سەختەڕێ ـ لەچەمی رەزانەوە تا ترۆپك ـ عەلی بچکۆل ـ چاپی دووەم



# ئەحمەد حەمە وەلی

# ناسراو بە ئەحەسوور

ـ ئەحمەد حەمە وەلی(ئەحمەد جەلالی)

لە ساڵی 1938 لەگەڕەکی عاشووری شاری کەرکوك لەدایك دەبێت.

لەسەردەمی شۆڕشدا بە(ئەحەسوور)دەناسرێت،لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا ئەویش وەك دەیان پۆلیسی سەربەرێکخستن، لەساڵی 1961 دەبێتە پێشمەرگە وخۆی دەگەیەنێتە چەمی رەزان، لەلای هەڤاڵ مام جەلال درێژە بەخەبات دەدات..

ـ لەساڵی 1963 دەبێت بەکادری جەماوەری لە سنووری هەمەوەند،

ـ لەساڵی1963 لەگەڵ چەندپێشمەرگەیەك بەنهێنی دەچنەوە ناو شاری کەرکوك ولەگەڕانەوەدا لە(جەول بۆر)دەکەونەبۆسەی هێزێکی حەرەس قەومییەوە وپاش بەرگرییەکی قارەمانانە، چەند چەکداریك دەکوژن، بەداخەوەهاوڕێیەکی شەهید دەبێت ولە بازنەی گەمارۆکە دەر دەچن و خۆیان دەگەیننەوە ناوچەی جەباری.

ـ تاساڵی 1975 درێژەبەخەبات دەدات، دوای نسکۆ بۆ خوارووی عێراق مەنفی دەکریت.

---

* پەیوەندییەك لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین جەبار ستیف.

## حەرەس قەومی و
## شەهیدانی 23ی حوزەیرانی 1963ی کەرکوك

ئەم پۆلە تێکۆشەرە لەلایەن حکومەتی قاسم سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا درابوو.. بەڵام سزاکە جێ بەجێ نەکرابوو، لەدوای کودەتا شومەکەی 8ی شوباتی 1963لەلایەن بەعس و حەرەس قەومییەکانەوە لەبەرواری 23ی حوزەیرانی 1963 سەرجەمیان لەسێدارە دران.

**ناوی ( 28 ) شەهیدەکەی شاری کەرکووك**

| | |
|---|---|
| 1 ـ محمد حسن عزیز | 2 ـ نجم الدین نادر |
| 3 ـ عبدالرحمن محمد | 4 ـ فتاح صالح |
| 5 ـ احسان حسین | 6 ـ طالب عمر |
| 7 ـ محمودعلی بسته | 8 ـ خلیل إبراهیم(خلیل عجم ) |
| 9 ـ مختار برخش | 10 ـ عادل حسین حسن |
| 11 ـ خورشید محمود | 12 ـ معروف عبدالکریم برزنجی |
| 13 ـ عبدالجبار ثیرۆزخان | 14 ـ حسین عبدالکریم برزنجی |
| 15 ـ عبدالمجید حسن | 16 ـ فاتح ملا داود |
| 17 ـ نوری ملا عبداللة | 18 ـ عبدالحافظ شریف |
| 19 ـ نعیم عنبر | 20 ـ عطا جمیل |
| 21 ـ کریم خلف | 22 ـ کریم رمضان |
| 23 ـ محمود مجید(ابوشوارب) | 23 ـ رحیم سعید |
| 25 ـ مهدی مردان | 26 ـ نوری سید ولی |
| 27 ـ احمد محمد امین | 28 ـ حسین خورشید |

اولا - حسب ما يلي نصه اصدر الزعيم الركن سعيد قتحي الصقلي الحاكم العسكري العام للمنطقة الشمالية امس البيان رقم ٢٠ وفيما يلي نصه
المراسيم الجمهورية تم تنفيذ حكم الاعدام صباح هذا اليوم الموافق ٢٣ / حزيران / ١٩٦٢ بالمجرمين الشيوعيين الذين ارتكبوا فضائع مجزرة
كركوك النائية عام ١٩٥٩ بقتل وسحل المواطنين الابرياء والتمثيل بالاحياء والاموات وتعليق الجثث وتقطيعه وحرقها مما تعافه وتستنكره
حتى وحوش الغاب .
قاموا بارتكاب هذه الاعمال الوحشيه ارواء لحقدهم الدفين المتأصل في نفوسهم المريضه البشعة واليوم فقد نالوا جزاءهم العادل لما
اقترفته ايديهم من اعمال منكرة ليكونوا عبرة لكل خائن وما فعلناه ولكن كانوا انفسهم يظلمون ان حكومة ثورة ( ١٤ ) رمضان المباركه
ساهرة على مصالح المواطنين وواقفة بالمرصاد لتحقق الحق في موضعه الى المحسن وتقضي من المسيئ ليسود الامن والاستقرار في وطننا
الحبيب ولينعم ابناء الشعب كافة بالحرية والطمانينه

ثانيا - ان المجرمين الذين نفذ بهم حكم الاعدام هم -

١- المجرم محمد حسن عزيز
٢- المجرم نجم الدين نادر
٣- المجرم عبدالرحمن محمد
٤- المجرم فتاح صالح
٥- المجرم احسان حسين
٦- المجرم طالب عمر
٧- المجرم محمود علي بسته
٨- المجرم خليل ابراهيم - الملقب ابراهيم عجم
٩- المجرم مختار بلخش
١٠- المجرم عادل حسين
١١- المجرم خورشيد محمود
١٢- المجرم معروف البرزنجي
١٣- المجرم عبدالجبار بيروز خان
١٤- المجرم حسين البرزنجي
١٥- المجرم عبدالمجيد حسن
١٦- المجرم فاتح ملا داود
١٧- المجرم نوري ملا عبدالله
١٨- المجرم النائب ضابط عبدالحافظ
١٩- المجرم نعيم عنبر
٢٠- المجرم عطا جميل
٢١- المجرم كريم خلف
٢٢- المجرم كريم رمضان
٢٣- المجرم محمود مجيد- الملقب ابو شوارب
٢٤- المجرم رحيم سعيد
٢٥- المجرم مهدي مردان
٢٦- المجرم نوري السيد ولي
٢٧- المجرم احمد محمد امين
٢٨- المجرم حسين خورشيد

**بڕیاری ناڕەوای دادگای ڕژێم بۆ لەسێدارەدانی ئەو(28) کوردە**



# شەهید
# شێخ مارف بەرزنجی

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و تێکۆشەری پێشکەوتنخوازی کورد، شێخ مارف شێخ عبدولکەریمی شێخ حسین بەرزنجی،لەمانگی شوباتی ساڵی1921لەناوچەی قادر کەرەم لە بنەماڵەیەکی ئایینی سەربەڕێبازی قادری چاوی هەڵێنابوو..کەدەچنەوە سەرشێخ حەسەنی قەرەچێواری جێنشینی کاک ئەحمەد شێخ، ئەو شێخ حەسەنەش مامی باوکی بووەو لەنەوەی شێخ ئیسماعیلی وەلیانییە.

شێخ مارف بەرزنجی لە ساڵی1937ەوە،پەیوەندی ڕامیاری بەڕێکخراوە کوردییەکانەوەهەبووە..لەگەڵ دامەزراندنی پارتی هیوا لەساڵی 1939دا دەبێتە ئەندامێکی چالاکی چەپڕەوی نێو ئەو پارتە نەتەوەییە جەماوەرییەی کوردییە و لە ساڵی 1940دا دەبێتە باوەڕ پێکراوی قوتابیان لەشاری کەرکووک وهەردەم گیانێکی شۆرشگێڕی بووبوو، خوێندنی سەرەتایی تاپۆلی چوارەم لەناحیەی قادرکەرەم تەواو کردبوو. پۆلی پێنجەم وشەشەم هەتا ناوەندیی لەشاری کەرکووک تەواو دەکات و لەساڵی 1940دەچێتەئامادەیی ولە ساڵی1943بڕوانامەی دەرچوونی ئامادەیی وەردەگرێ و هەر لەو ساڵەدا دەبێتە فەرمانبەر لە دابینکردن،

دوای ساڵێك واز لە فرمانبەری دێنێت..لەساڵی 1944دا دەچێتە بەغداو لە کۆلیژی ماف وەردەگیرێ و لە ساڵی 1948دا بڕوانامەی دەرچوون وەردەگرێ ودەبێتە پارێزەر.بۆ دووساڵ لە کەرکووك پارێزەری دەکات، دواتر لەسەر هەڵوێستی ڕامیاری وخەباتی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی لەلایەن پیاوانی میرییەوە تووشی ڕاوەدوونان دەبێت، لەساڵی1950دا روولەناوچەکانی سەنگاووقەرەداغ وشارباژێڕدەکات،نزیکەی چوارمانگ لای شێخ محمودی حەفید لە داری کەلی و مانگێکیش لە سیتەك لای شێخ لەتیفی حەفید دەبێت.

لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی1954ی پەرلەمانی ئێراق دا ،یەکێك دەبێت لە پاڵێوراوانی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو،دەنگێکی زۆر لە سلێمانی بەدەستدێنێت،بەڵام لە ئەنجامدا ڕژێم نایەڵێ ببێتە نوێنەری میللەت لە پەرلەماندا..لەسالآنی 1954. 1955دا دەبێتە پارێزەری جوتیارەکانی کوردستان لە دژی خاوەن موڵکە دەسەڵاتدارەکان و لەچەندین داوا سەردەکەوێ و ناو و ناوبانگی لەناوچەکەدا بە تەواوی بڵاودەبێتەوە و بەپارێزەری هەژاران دەناسرێت،لەدوای شۆڕشی14ی تەممووزی1958 چونکە تێکۆشەرێکی پێشکەتنخواز بووبوو، هەر بۆیە بە سکرتێری ئاشتیخوازانی پارێزگای کەرکووك و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئاشتخوازانی ئێراق هەڵبژێردرێت ولەسەرداخوازیی جەماوەری کەرکووك بە سەرۆکی شارەوانی ئەو شارە دێرینەی کوردستان دامەزررێت.. داوی چەند مانگێك لەسەر هەراو دووبەرکی کەرکووکی ڕۆژانی 14 و 15ی تەممووزی 1959لەسەر سکالآی دوژمنانی کورد..دەگیرێت و لەگەڵ

دەستەیەك نیشتمانپەروەرانی پێشكەوتنخوازی كورد دەدرێن بە دادگای سەربازی رژێمەكەی قاسم و فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆدەردردەچێت، بەڵام لەسەردەمی قاسم دا بڕیارەكە رادەگیرێت..

دوای كودەتای 8ی شوباتی 1963وهاتنە دەسەڵاتی بەعس ودەسەڵاتی حەرەس قەومی لەڕۆژی 23،06،1963فەرمانەكانیان جێبەجێ دەكرێ بەرەبەیانی ئەوڕۆژە شوومە لە شەقامێكی شاری كەركوك لە سێدارە دەدرێن و گیانی پاكیان دەچێتە بەهەشتی بەرین.

شێخ مارف بەرزنجی تێكۆشەرێكی بەجەرگ و چاو نەترس بووە، گرتن و زیندان وفەرمانی لەسێدارەدانیشی لەخولقاندنی بەرهەمی پتەوی وێژەی ساردنەكردۆتەوە و لەناو بەندیخانەوە وتاری بەپێزو هۆنراوەی پتەوو چیرۆك و ڕەخنەو لێكۆڵینەوەی بەهێزی نووسیوە و پەیتا پەیتا لە گۆڤارە كوردییەكان بەنازناوی "پشكۆ" بڵاوی كردونەتەوە..*

* سەرچاوە : كـــــەشكۆڵی كـــەركوك



وصية معروف البرزنجي

الى اهلي و اخواني و اقربائي ابنائي وبناتي وزوجتي
خال غريب في امان الله اعدمت ظلماً وعشت شريفاً
واموت شريفاً .. اوصيكم يا شيخ ابراهيم وشيخ محمود وكاكه ناظم
باولادي وزوجتي . انا سعيد لأنني لم ارتكب جريمة
بل انا شهيد في امان الله

معروف البرزنجي

٩٦٣/٦/٢٢

سجن كركوك

**وەسیەتنامەی شەهید شێخ مارف بەرزنجی**



حضرة الاخ العزيز الشيخ ابراهيم حفيد الشيخ عبد الكريم البرزنجي
من ناحية قادر كرم .
سلام عليكم وعلى جميع افراد العائلة . وبعد

اخوكم
حسين البرزنجي

**وەسێتنامەی شێخ حوسێن بە خەتی خۆی**

# دەقی وەسێتنامەی
# شێخ حسین بەرزنجی

**برای ئازیزم شێخ ئیبراهیم نەوەی شێخ عەبدولکەریم بەڕێز**

**لە ناحیەی قادرکەرەم**

**سڵاولەئێوە و هەموو خانەوادەکەمان.. دوای ئەوە**

**بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان بەناڕەوا لەدژی ئێمە دەرچووە،بیَ ئەوەی ئێمە هیچ تاوانێکمان کردبێت،وەدڵنیاتان دەکەمەوە کەمن بێتاوانم لەهەموو‌ئەوتۆمەتانەی دەرهەق بە ڕووداوەکانی کەرکوك دراوەتەپاڵم و پێی تاوانبارکراوم.بەڵام دیارە خوا ئەوەی لەچارەی من و زۆر کەسی تری بێتاوان نووسیووە ئەنجامی حوکمێکی ناڕەوای حکومەتی قاسم هەڵنەوەشێتەوە و بەجێتان بهێلم و بمرم.دیارە منالێکی بچکۆلەم بەناوی ئازاد بەجێهێڵاوە تکادەکەم کە چاودێری بکەن، سڵاوم هەیە بۆهەموو هاوڕێیان ، سڵاوم بگەیەنن بە بەرێزدایکی ئازاد،وە تکای لیَ دەکەم لەهەموو کەموکورتییەك بمبووریت، ئیتر لەگەلَ ئەوەی بەخواتان ئەسپێرم دڵنیاتان دەکەمەوە کەمن هیچ تاوانێکم نییە.**

**لەگەلَ رێزماندا...**

**براتان**

**حسین بەرزنجی**



## سەردانی نەدیمەخانی هاوسەری بۆ زیندان

شەهید شێخ مارف بەرزنجی ئەوسای لە بەندینخانە دەبێت.. لەکاتی سەردانی زیندانییاندا.. ندیمە خانی هاوسەری سەردانی دەکات و لێی دەپرسێت کە بۆ بەخێوکردنی خۆی ئەوهەشت منالْ چی بکات و ڕێگا چارەیەکی بۆبدۆزێتەوە؟ لە وەلاٚمدا شێخ مارف بەرزنجی پێی دەڵێت: (خۆت هەم دایکیت،هەم باوك،من لە بەندیخانە هیچ چارەیەك شك نابەم) لەو ساتەبەدواوەوە چاکی مەردایەتی لێهەڵدەماڵی و بەیارمەتی نازم ئاغا تاقە برای نەدیمەخان جێی باوکایەتیشی پڕدەکاتەوە بۆ ئەو هەشت منالّەی شێخ مارف بەرزنجی و ناهێڵێت بێ باوکیان پێوە دیار بێت،لە نامەیەکیشدا کە لەبەندیخانەوە بۆهاوسەری دەنێرێتەوە دەڵێت:(منالّی من باوکی نامەردیان ناوێت، منیش نەبم مرۆڤایەتی باوکی منالّی منە.)



شەهید شێخ حسین بەرزنجی



شەهید مارف بەرزنجی و شەهید جەبار پیرۆزخان



ندیمەخان فیرازی کچی بەباوشیەوە

شەهید مارف بەرزنجی وشەمسەخان خوشکی فەریدوون



مارف بەرزنجی وفەرهاد وسامانی کوڕی وسەفیەخانی باوەژنی

شێخ مارف ـ گرتووخانەی مەوقف . بەغدا



## شەهید
## عبدالحافظ شریف

- شه هید عبدالحافظ شریف
- ساڵی ١٩٣٤ له شارۆچکەی چەمچەماڵ له خێزانێکی نیشتیمانپەروەر چاوی بە دونیا هەڵهێناوە،جگە لەخۆی خاەرنی ٢ برا و ٣ خوشك بووە .
- ساڵی ١٩٥٥ له گەڵ خاتوو(نەعیمە کەریم بارام)خێزانی پێکهێناوە.
- دایك وباوکی ٣ کوڕ بە ناوەکانی دڵشاد. شێرزاد. شەهید شۆڕش.
- شەهید عبدالحافظ شریف نائب زابط بووە لە سوپای عێراقدا وەکو کەسێکی نیشتیمانپەروەر بەشداری کاری سیاسی کردوە لە ناو شاری کەرکوك بەتایبەتی لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا،
- هەڵگری بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بووە ،
- چەندینجار زیندانی کراوە و دورخراوەتەوە ..
- لە ڕۆژی 23 / 6 / 1963 لە گەڵ 27 تێکۆشەری تری دڵسۆزدا لە شاری کەرکوك لە سێدارە دران.

---

* سەرچاوە : پەیوەندی لەگەڵ کوڕی شەهید هاوڕێی پێشمەرگایەتیم (دڵشاد حافیز)



# وەسێتنامەی

# شەهید عبدالحافظ شریف

**سجن کرکوک**

٢٣ / ٦ /١٩٦٣

**حاجی شریف محمد**

**باوکی خۆشەویستم حاجی شریف**

**بابە گیان وا من سەرکەوتمە سەرسێدارە  بە هەموشەرەفەوە وبە بەریئی،**

**تکایە ئاگاداری منالەکان بن و قوتابخانەیان پیٚ تەواو بکەن .**

**ئیتر دەستی دایکم ماچ ئەکەم و چاوی یاسین و فەریق و ئامین و**

**دڵشاد وشێرزاد و شۆڕش وفایق و عالیە ماچ ئەکەم**

**زۆر سلام لە هەمو خزم و کەس و کار ئەکەم ،**

**تکایە هیچ بۆم مەگرین و خەفەتم بۆ مەخۆن ،**

**ئەوا لە گەڵ ئەم وسیەتەدا  مبلغی 750 10**

**(دە دینار وحەوسەد و پەنجا فلوس) بۆ تانم نارد  بۆم بکەن  بەخێر..**

**ئیتر هەر بژین بە خۆشی و کامەرانی**

**ئیمزا**

**حافیز حاجی شەریف**



# بیرەوەرییەکی
# سەیدحەسەن پیریادی

**نووسەر(سەیدحەسەن پیریادی) لەزنجیرە (172) ی ( شئ من التأريخ) ی یادەوەریەکانی خۆیدا  لە سەر کودەتاکەی ساڵی 1963 و(حەرەس قەومی) نووسیویەتی:**

**لە ڕۆژانی تاریك وخوێن دا ترسناکیی هەموو لایەنەکانی ژیانی لە عێراق بە گشتی و لە کەرکووك بە تایبەتی لەخۆ گرتبوو.**

**بەیانییەك لەخەو هەستام و نانی بەیانیم خوارد و چوومە دوکانی دارتاشخانەکەلەناو بازاڕی کەرکوك بوو...کەلەباڵەخانەیەکی سێ نهۆمی کەرکوك بوو..هەر کە گەیشتمە گۆرۆڕەپانی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان لەشوێنی ئیستای بینای بانکی خانووبەرە،ئەوەی لەو شوێنەدا بینیم تووشی شۆکی کردم،یازدە،دوازدە تەرمم بینی وەکو گۆشتی ناودوکانی قەسابەکان بە داردا کرابوون،هەموتەرمی ئەوگەنجانەبوون کە لە سی ساڵ تێنەدەپەڕین، و ئەوەی زۆرترین ترسی بەمنی تەمەن 12 ساڵ گەیاند ئەوەبوو، خەڵکێکی زۆر لەبەر پێی سێدارەکان کۆکرابوونەوە، هاوارو سەمایان دەکردو گۆرانییان دەگووت وخۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەودیمەنە قێزەوەنانە دەردەبڕی... لەشوێنی خۆمدا سام گرتمی،کات**

دەوروبەری هەشتی بەیانی بوو، لەوە ترسناکتر و قێزەوەن تر ئەوەبوو، کاتێك کە تەرمەکانیان هێنایەخوارەوە، ئۆتۆمبێلێکی (لۆری قەلاب) یان لەژێر سێدارەکاندا ڕاگرت و..شۆڤینییەکی تاوانبارپەتانی ملیانی دەبڕی،پێش ئەوەی پەتەکان ببڕێت،زۆردڕندانەچەقۆکەی دەکرد بە ورگی شەهیدەکاندا، مەگەر مێژوو تاوانی وای لەمەغۆلەکان و تەتارەکان بۆباس کردبین، دواتر زانیمان هەموویان بە جلوبەرگەکانی خۆیانەوە لە گۆڕستانی شێخ محیدین لەدیوی نزیك بازاڕی چایخانەحەسیرەکە نێژرابوون،دوای ئەوەی هێور بوومەوە، چوومەوە بۆ دوکانەکە، بەخودای ناتوانم باسی ئەوەبکەم لەچ دۆخێکدابووم،وەستا(کەمال)گەیشتەدوکان، منیی بینی لەپاڵ دەزگاکە دەگریام، ئاخر یەکێك لە لەسێدراوەدراوانە مامم (عادل سەید حسێن) بوو،بەزەیی بە مندا هات و دڵنەوایی دام، منیش تا ئێوارە لەو دۆخدا مامەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بخۆم یا بخۆمەوە، لەو کاتەدا کە من دەگریام ڕق و کینەم نەدەزانی چونکەپەروەردەی خانەوادەیەکی ئایینی سۆفی پاك بووم، هەرهەمان ڕۆژ چەندین گوندی کوردنشینی دەوروبەری کەرکوکیان ڕووخاندبوو،کاتێك لەگەڵ دایکی ڕەحمەتیم چووم بۆماڵی مامەکەی ترم،بینیم دەگریان،بە تایبەت کچە ئامۆزاکەم،کە هاوسەری ئەو شەهیدەبوو تەرمەکەی هەڵواسراوبوو، منداڵیکیان هەبوو، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە سێ ساڵان.

یەکێك لە جیاوازیە پێکەنیناوی و گریانیاویەکان ئەوەبوو،یەکێك لەوانەی لەژێر لاشەی مردووەکاندا ئاهەنگ دەگێڕا، کچی یەکێك لە لاشە

**هەڵواسراوەکان بوو.لەویش خراپتر،کە عەقڵ بەرگەی ناگرێت، ئەوەیە ئێستا کوڕی یەکێك لە هەڵواسراوەکان سەربە بەرەی تورکمانییە.**

## علی بەستێ کێ بوو؟

**علی بەستێ ئەوقارەمانەیە کە هێزی(لیڤی لەپاڵ سوپای بەریتانیا) لە ساڵی1924چووبوونە سەرحەمامی ژنان لە قەڵا،علی بەستێ و مەحمودی برای، کەرامەتی ژنانی کورد و تورکمانیان پاراستبوو و ڕووبەڕوویان بوونەتەوە،علی بەستێ لایەنگیری بزووتنەوەی مایسی 1941ی رشید عالی گەیلانی بووە وکاتێك فڕۆکەکانی ئینگلیز بەئاسمانی کەرکوکدا سوڕاونەتەوە، علی بەستێ بە دەمانچە چواردەخۆرەکەی تەقەیان لێدەکات،کە فڕۆکەکان لەجۆری**

(Furywith one wing above the other wing) **بوون.**

**لەروداوێکی تردا خوالێخۆشبوو مامۆستا(صبحی الداودی)بۆی گێرامەوە :ساڵی 1958 دا خەڵك دەچنەلای (قاسم بەگ ساڵەیی) باوکی(حاجی ئیحسان ساڵەیی)دەڵێن خەڵکی ڕەسەنی کەرکوك لە(کورد و تورکمان) پێکهاتوون،ئیستا بوونە بەدوژمنی یەك، لەوڵامیاندا بە تورکمانی نووسێت (اششك اولپلر حتی غەریب سەیتەرە ایێتسن) ئەمڕۆخەڵکی ئەوشار پەرش وبڵاوبوونونەتەوەو خەڵکی نامۆ بەسەریاندا زاڵ بووە..... دوژمنە سەرسەختەکانیشیان سیاسەتی(پەرت کە و زاڵ بە) جێبەجێ دەکەن.**

**لە کۆتاییدا دەڵێم با ئێمە نمونەی ڕابردوو بین،هەموو کینە ورقێك لەبیر بکەین، پێش هەموو شتێك ئێمە لە مرۆڤایەتیدا براین، لە ئاییندا براین، لە نیشتماندا براین،ئەوەی ئێمە کۆدەکاتەوە زۆر زیاترە لەوەی کە جیامان دەکاتەوە..**

**تێبینی:**

**ئەوانەی ئیمزای لە سێدارەدانەکەیان کردووە،حاکمی سەربازی ڕشید موصلح و سعید صلیبی بوون.**

1 ـ بڕوانە : شئ من التأریخ/ سید حسن بیریادی/ لحلقە 172 ـ 5 دیسمبر 2021

2 ـ نووسەر سید حسن برازای شەهید (عادل حسین حسن)ە کەیەکێك بوو لە 28 شەهیدەکە.



**کەسایەتی تێکۆشەری کاکەیی کوێخا ابراهیم**

**کەسایەتی هۆزی کاکەیی ڕەوانشاد(کوێخا ابراهیم کوێخاهەیاس) تێکۆشەرێکی ئازای کوردایەتی بوو،دانیشتووی گوندی(ادریس)ی سەربە شارۆچکەی دووبز بوو،لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە،تاساڵی 1963 دوای ئاگربڕ و لەکاتی گفتوگۆ دەگەڕێتەوە سەر کاروکاسبی خۆی،بەڵام حەرەس قەومییەشۆڤینییەکان دەچنە سەری و گوندەکەی دەسووتێنن وئەویش بۆ زیندانی(مسیب)دەنێرن.**

**پاش چەند ساڵ لە زیندانی و دوورخستنەوە لەزێدی باوباپیرانی، ساڵی1964دەگەڕێتەوەکەرکوک ولەگوندی(زنقر)نیشتەجێ دەبێت.**

**لەکۆتایی ساڵی 2000 دا کۆچی دوایی دەکات.**

# حەرەس قەومی
# دەستیان لەئاژەڵیش نەپارستووە
# بۆیە پێیان گوتراوە کەرکوژەکان

دوای ئەوەی حەرەس قەومي یەکان درێغي یان نەکرد،لەکو شتن و تالاَن کرد نی خە لەکی ع یْراق ،بەتاي بەت کۆ مەڵکوژی شوعیەنەیارەکانیان و دوا تر پەلاماردان و وێراذ کردن و تالاَن و فەرهود و کو شتاری مرۆ ڤ و سووتاندنی تەڕو و شك..لە پەلاماردانی لادێ کانی کورد ستاندا، لەناو چەکانی گەرمە سێر و لە سنووری هۆزی داوێی(دوزخور ماتوو) دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێ زۆرلەجوتیارانی کورد بۆکێڵانی زەوی و گوا سنەوەی خەلەو خەرمان و باراش لێ کردن و هاتوو چۆکردن و گوا ستنەوەی برێ ندار و یار مەتی دا نی شۆڕش.. خەلکی کورد ستان (کەر)و ولاَغی بەرزە بەکاردێنن، هەڵدە ستن بە کەر و ولاَ غ کو شتن، لە هەر جێگایەك کەرێکیان ببینایە، دەیانکوشت.. لەدێی وا بووە زیاتر لە پەنجا کەریان کو شتووە، هەر بۆ یە خەڵکی ئەو گوندا نەی گەرمیان ناو یان نابوون (جێشە کەرکوژەکە) پاش دەیان ساڵ تائیستایش خەڵکی(داوێ) لە کۆڕ ودانیشتنەکانی گەورەکاندا بۆ مێژوو باسی دەکەن ودەیگێڕنەوە.

---

★ سەرچاوە : کەرکوژ و داردز / بەکردەرویش/ 2021/7/2



# شەڕی قاتەکانی کفری

رۆژی1963/8/22ڕژێمی عێراق بەفەرماندەیی(حمادی شهاب التكريتي) لە سێ قۆڵەوە(سوپاوجاش وحەرەس قەومی) بەپاڵ پشتی فرۆکە و دەبابە و تۆپخانە، هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکانی گەرمیان..شەڕەکە زۆر نابەرامبەر دەبێت،پێشمەرگەکان بەدروشمی (کوردستان یان نەمان) ڕووبەڕووی دوژمن دەبنەوە، 8 کاتژمێر شەڕدەکەن،دوژمن دەیان کەسی لێدەکوژرێت؛ بەداخەوە پێشمەرگەکان فیشەکیان پێ نامێنێت، دوژمنیش بەردەوام هێزی زیاتری یەدەك ڕەوانەی شەڕەکە دەکات، (عەریف عەبود)و (کریم ابوشوارب) دووپێشمەرگەی پاڵەوانی خەڵکی شاری کفری، بۆ ئەوەی چەك و فیشەکیان دەست کەوێت بەخەنجەرەوە پەلاماری تانکێك دەدەن....! سەردەکەونە سەر یەکێك لە تانکەکان، لەوکاتەدا تانکێکی تر تەقەیان لێدەکات وهەردووکیان شەهید دەکات، تەرمەکانیان دەبەستن بەدووای تانکەکانەوە وبەناوکفریدا ڕایان دەکێشن،دوواتر هەر لەکفری بەخاکدەسپێردرێن.بەداخەوە لەداستانی قاتەکانی کفریدا ئەوپێشمەرگەو فەرماندانەی ئەوسەروەرییەیان تۆمار کرد،بەهۆی نەمانی فیشەکەوە هەر هەموو شەهیددەبن،رۆژی دوواتر لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەنرێت و تەرمی هەموویان لەوچاڵەدا دەکرێت بەژێرخۆڵەوە.



# ناوی شەهیدانی شەڕی قاتەكانی كفری

1 ـ مستەفا احمد قادر

2 ـ حمید صدرالدین علی

3 ـ رۆستەم محمد سعید

4 ـ صابیر فەرەج خوامراد

5 ـ احمدحەمەغریب قارەمان

6 ـ احمدصالح عبدول

7 ـ عبدالله شیخ محمود

8 ـ كەریم محمدسعید قادر

9 ـ صدیق احمد قادر

10 ـ حمەامین قادر حمەعلی

11 ـ عوسمان احمد خوامراد

12 ـ حمەغریب عبدالله كریم

13 ـ محمد سعید فەرەج

14 ـ رەحیم كریم محی الدین

15 ـ مستەفا ئەكبەر محموود

16 ـ صالح حسین قادر

17 ـ علی ابراهیم فەتاح

18 ـ عبدالكریم قادرسلیمان

19 ـ كریم محمود

20 ـ حسین فەرەج محمود

21 ـ نامیق قادر محمود

22 ـ عبود نامیق برزۆ

23 ـ حمەفاتیح حەمەشریف

24 ـ غێدان علی احمد

25 ـ مەجید صالح قادر

26 ـ محمود رشید حسن

27 ـ محمد ابراهیم شاسوار

28 ـ عمر عوسمان

29 ـ عبدالله اسماعیل عیزەت

30 ـ احمد حاجی سەمین

# ژیاننامەوە وێنەی
# چەندشەهیدێکی شەڕی قاتەکانی کفری



## شەهید
## مولازم عەبدوڵلا

- شەهید «ملازم عبدڵلە» خەڵکی گوندی « گڵە زەردەی» قەرەداغ بووە .
- پلەی سەربازی (مولازم) و لەناوشۆڕش سەر لق بووە.
تاقانەبووە و پێشمەرگەیەکی ئازاوقارەمانی شۆڕشی ئەیلول بووە.
- لە پێشمەرگایەتیدا بەشداری شەڕەکانی گەرمیان و قەرەداخی کردوە.
- لەشەڕی قاتەکانی کفری لەگەڵ پۆلێك پێشمەرەگە شەهید دەبن.



## شەهید
## عەریف عەبود

لە ساڵی ١٩٤٢ لە قەزای کفری لە دایك بووە.

لە ساڵی١٩٦٢دەبێتە پێشمەرگە.. لەقەرەداغ و گەرمیان
بەشداری چەندین شەڕی کردووە.

- لە ساڵی ١٩٦٣ دا لە داستانی قاتەکانی کفری لە گەرمەی شەڕدا« لەگەڵ «کەریم ابوشوارب» هەڵدەکوتنە سەر تانکێك .. بەڵام بە داخەوە لەپشتەوە تانکێکی تر دەسڕێژی گولەیان لێ دەکات و شەهید دەبن .



# شەهید
# عەبە ئامــە

- عەبدوڵڵا ئیسماعیل عزەت سلێمان زەهاوی ناسراو بە « عەبە ئامە»
- لە ساڵی ١٩٤١ لەشاری کفری چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- لە ١٦ ـ ٣ ـ١٩٦٠ لە بەتالوێنی چواری هێزی قەرەداغ بۆتەپێشمەرگە
- بەشداری زۆربەی شەڕەکان دەکات..
- لەشەڕی قاتەکانی کفری ،دوای فیشەکی پێ نامێنت وڕانێکی دەشکێت دوای دەستگیر کردنی لە ١٣ـ ٧ ـ ١٩٦٣ لە سەرقەڵا شەهیدی دەکەن.



# شەهید
# صدیق ئەحمەد قادر

**شەهید صدیق أحمد قادر**

- ساڵی 1934لەگوندی(گۆشان)ی سەربەقەزای(قەرەداغ) لەدایك بووە.
- ساڵی 1963پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
- بەشداری چەندین داستانی قارەمانانە دەکات.
- لە 24 ـ 8 ـ 1963 لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.
- دوای شەهید بوونیان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دەکرێنە ژێر خۆڵەوە ..
- لە14ـ11ـ2010 لەڕێوڕەسمێکی شایستەداڕوفاتەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی (ابراهیم خانی دەلۆ ) لە نێوان کفری و سەرقەڵا .*



## شەهید

## عەبدول قالە فاتان

- شەهید عبدالکریم قادرسلیمان (عەبدول قالەفاتان)
- لەگوندی «هۆمەر ئامان» چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- پێشمەرگەیەکی ئازاو ورە بەرزی شۆڕشی ئەیلول بووە.
- لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید بووە.



## شەهید

## حەمەغەریب کاکەوڵڵا

شەهید حمەغەریب عەبدوڵاکەریم ناسراو«بەحمەغریب کاکەوڵا»

- ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی (گلاَبات) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی کردوە بە لیژنەی ناوچەی کفری یەوە.
- ساڵی ١٩٦٣بوو وەبە پێشمەرگە لە هێزی قەرەداغ بەتالوێنی ٦ی کفری
- بەشداری زۆربەی شەڕەکانی گەرمیان و قەرەداغی کردوە .

مخابن لە ٢٢/ ٨/ ١٩٦٣ دوای شەڕێکی سەخت و دەستەو یەخە لە گەڵ پۆلێك پێشمەرگە لە قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.



## شەهید
## عەلی ئیبراهیم فەرحان

شەهید عەلی ئیبراهیم فەرحان زەنگنە.

ـ لە ساڵی ١٩٤٤ لە دوازدە ئیمامی کفری چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

ـ ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندی دەکات بە(پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە.

ـ ساڵی ١٩٦١ لە پەیوەندی بە شۆڕشیەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی قەرەداغ بەتالوێنی ٩ی کفری

ـ لە پێشمەرگایەتیدا بە شداری شەڕەکانی قەرەداغ و گەرمیانی کردوە

ـ ساڵی ١٩٦٣ لە شەڕێکی قارەمانانەدا و لە بەرگرییەکی کەم وێنەدا لە داساتانی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.



## شەهید
## کەریم أبو شوارب

کەریم محمد سەعید قادر زەنگنە (کەریم ئەبو شوارب)

ـ لە ساڵی ١٩٤٢ لە قەزای کفری چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

ـ ساڵی ١٩٥٩ پەیووندی دەکات بە لە لیژنەی ناوچەی کفری یەوە

ـ ساڵی١٩٦٢ پەیوەندی دەکات بە هێزی قەرەداغ لە ب ٦ ی کفری.

ـ لە ٢٢/ ٨ /١٩٦٣ لەداستانی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.



## شەهید
## حسێن فەرەج مەعروف

**شەهیدی حسێن فەرەج مەعروف کڕبچنەیی**

**- ساڵی ١٩٣١ لە گوندی کڕبچنەی سەنگاو چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.**

**- ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی کردوە بە شۆڕشەوە بووەتە پێشمەرگە .**

**- لە بەشداری شەڕەکانی گەرمیان وقەرەداغ وچەمچەماڵی کردووە..**

**- لەبرۆژی ٢٢/ ٨ / ١٩٦٣ لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.**

**تەرمی پیرۆزی لە گوندی ابراهیم خانی دەلۆ نێژراوە**



## شەهید
## ڕەحیم جافەرانی

**شەهید ڕەحیم کەریم محێدین جافەرانی**

**- ساڵی ١٩٤١ لە گوندی جافەرانی قەرەداغ چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.**

**- ساڵی ١٩٦١ لە هێزی قەرەداغ بووە بە پێشمەرگە.**

**- ساڵی ١٩٦٣ پلەی معاون سەرپەلی پێ بە خشراوە**

**- لەبرۆژی ٢٢/ ٨ / ١٩٦٣ لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.**



## شەهید

## مەجید صالح دەلۆ

شەهید مەجیدساڵح قادر مەحەمەد دەلۆ ناسراو بە«مەجید سالەبەراز »

- ساڵی ١٩١٩ لە گوندی (دوازدە ئیمامی) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی کردوە بە لیژنەی ناوچەی کفری یەوە.
- خوا لێخۆش بوو علی حەمدی موسا بەرپرسی ڕاستەوخۆی بووە.
- ساڵی ١٩٦٢ دەبێتە پێشمەرگە لەلای ملازم عەبدوڵڵا .
- لەبرۆژی ٢٢/ ٨ / ١٩٦٣ لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.



## شەهید

## ئەحمەد محەممەد غەریب

شەهید ئەحمەدمحمدغەریب» دەلۆ

- ساڵی ١٩٤٠ لەدامێنی باوەشاسواری کفری چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.
- ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە لیژنەی ناوچەی کفری یەوە.
- ساڵی ١٩٦١دەبێتە پێشمەرکە لە هێزی قەرەداغ
- بەشداری شەڕەکانی گەرمیان وقەرەداغی کردوەوپلەی سەرپەل دەبێت
- لەبرۆژی ٢٢/ ٨ / ١٩٦٣ لەشەڕی قاتەکانی کفری شەهید دەبێت.



# تاوانەکانی حەرەس قەومی
# لە چەند گوندێکی تری گەرمیان

لە23ی ئابی هاوینی 1963دا،کۆمەڵیك چەکداری عەرەب وتورکمان، کەزۆربەیان سەربە هۆزە ەکانی(بەیات) و(وەنداوی) دەبن،دەچنە ریزی حەرەس قەومی و بە پشتیوانی سوپا و بەفەرماندەیی (تەها شەکرچی) هێرش دەکەن بۆ سنووری کفری وگەرمیان..بەتایبەت بۆگوندەکانی (سیدجەژنی و ئۆمەربل و درۆزنە و کانیماران وفەتاح ئۆمەر)..

سەرجەم ئاواییەکان دەسووتێنن،بەقوتابخانەومزگەوت وقورئان وخەلەو خەرمانەوە، مەڕو ماڵات وگا وگۆلی خەڵك بە تاڵان دەبەن ، بڕیاری (سەربۆئێمەومالْ بۆئێوە)لەسەر خەڵکی بێتاوانی کورد،جێبەجێ دەکەن، لەگوندی(سەید جەژنی) ئەم هاووڵاتییانە شەهید دەکەن:

1 ـ حەمەئەمین ئەحمەدیاوەر 2 ـ علی مجیدحەمەی لاوە

3 ـ درویش احمدعبدالرحمن شوکر 4 ـ رسول رۆستەم کەرەم

5 ـ محمدعبدالقادرصالح (خەڵکی کفری) 6 ـ حمەعزیزقادراحمد

لەگوندی(هۆمەربل)یش دوای ئەوەی خەڵکی لەگوند دەردەچن و

پەنادەبەن بۆ چەمی(خوشەچاپان) حەرەس قەومی تەواوی گوندەکە بەقوتابخانەکەوە دەسووتێن و ئەم هاوولاتیانەیش دەبن بەقوربانی:

1 ـ هادی حاجی رۆستەم) شەهید
2 ـ صابیر سەمین رەسوڵ بریندار
3 ـ قەمەر صابیر سەمین بریندار
4 ـ سۆیبە صابیر سەمین بریندار

سەر لە ئێوارە سوپا وحەرس قەومی دەکشێنەوە...خەڵکی ئاوایی کۆدەبنەوە وتەرمی شەهیدی جوانەمەرگ (هادی حاجی رۆستەم) لە چەمەکە دەشۆرن و لەبەر نەبوونی کفن..دووشەرواڵی خامی سپی هەڵدەوەشێننەوە و لێوەی دەپێچن و دەیبەن تا لەگۆڕستانی گوندەکە بەخاکی بسپێرن، لەکاتی گۆڕهەڵکەندندا،دووفڕۆکەی (میك17) دەچنە سەرئاسمانی گوندەکە و خەلکەکە گۆڕستانەکە جێدەهێڵن و پەنا دەبەنەوە بۆناو دار وبەرد وکەندڕ و پەناگەکانی چەمی (خوشەچاپان) دوایی بانگی شێوان دەگەڕینەوە و بەڕێزەوە بەخاکی دەسپێرن.

ـ لەنیوان(برایم خان)و(سەیدجەژنی)هاوولاتی دێی(درۆزنەی مجیدلاوە) بەناوی (رۆستەم عەزەم حسین)دەگرن وشەهیدی دەکەن.

ـ لە 1963/6/17لیوای دە بەفەرماندەیی(حمادی شهاب)لەگوندی (دوانزەئیمام) هاوولاتی(نوری فارس عبدالرحمن) شەهید دەکەن.

1 ـ پەیوەندی لەگەڵ /تاقانەی ئەنفال حەسەن عەلی فەرەج هۆمەربلی

2 . چاوپێکەوتنێکی برای شەهید هادی . جمهورحاجی رۆستەم 2022/12/6

3 . پەیوەندی تەلەفۆنی / سەردار ئەکبەر حاجی رۆستەم/ 7/12/ 2022



# حەرس قەومی و
# پالامارێك بۆ گوندی تلیشان
# لە سنووری شاری كفری

لەسەردەمی عبدالسلام عارف دا كومەڵێك عارەبی حەرەس قەومی لە عەشیرەتی(العزە)خۆیان دەكەن بە دێی(تلیشان)دا و نانی نیوەرۆ لەوێ دەخۆن، لە پاش نان خواردن زۆربێشەرمانە هەڵدەستن بەتالانكردنی هەموومانگاكانی گوندەكە...پاشان گەنجێك بەناوی محمدحاجی قادر، كە ئەورۆژە بەدەستەكانی خۆی خواردنی نیوەرۆی دابوو پێیان، ئەو تەعەدایەی پێ قبووڵ ناكرێت وبەدوایاندا دەڕوات،ئەونمەك حەرامانە، لەدورەوە تەقەی لێ دەكەن و شەهیدی دەكەن،،دوەم كەس بەناوی كاكەوەیس خەڵكی گوندی جەبارە ئەویش هەر هەمان رۆژ شەهید دەكەن و بەفرهود وتالانییەوە دەگەڕێنەوە.

* سەرچاوە: فەیسبووكی ستارحمید كاكە



# شەهید
# نوری مام فارس

## لە یادی شەهید بوونی هاوڕێ و برای گەورەم نوری مام فارس

**نوسینی : ابو کاروان**

**پەنجا ساڵ بەرلەئێستاو لە 1963/8/22 داو لە ئەنجامی هێرشێکی بەرفراوانی سوپای عێراقی ئەو سەردەمەو بەشداری (حرس قومی) و جاشەکان بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش و بەسەرپەرشتی (حمادی شهاب) بۆ سەر گوندەکانی زەرداوی گەورەو دوانزەئیمام و دێهاتەکانی گومار برای گەورە و ئازیز وخۆشەویستم(نوری)شەهیددەبێت ودەبێتە یەکەمین شەهیدی حزبی شیوعی لە گەرمیاندا ، کە بە ئەرکێکی پێشمەرگایەتی و حزبی سەردانی ئەو ناوچەیەی کردبوو ، کاتێك هەواڵی هێرش و پەلاماری ئەو هێزە دڕندەیە دەگاتە باوکم (مام فارس)کەلەگەڵ مەفرەزەیەکی کادرو پێشمەرگەی حزبدا لە گوندی تورانی شێخ بابا رەسوڵ کە پێکهاتبوون لە هاوڕێی کۆچکردوومان شێخ عەتا تاڵەبانی و هاوڕێ محمدسعید حبیب و هاوڕێ سعید جعفر و هاوڕێ نەجمەدین قەرەداغی ، ئەو لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە دەڵێ نوری کوڕم شەهید دەبێت و ئەنجامیش هەروابوو .**

**هەرئەوڕۆژەو رۆژانی دواتریش خەڵکی ناوچەکە غەم و پەژارەی شەهیدبوونی نوری یان بوو ، بۆ رۆژی 8/23 واتا رۆژێکدوای شەهید**

**بوونی کاکم هەواڵی شەڕ و پێکدادانێکی تر لە قاتەکانی کفری دەگات و مامۆستا هیدایەتی برام وەك کادیر و پێشمەرگە لەبەرەی شەڕدا دەبێت و مەترسی شەهید بوونی ئەویش دێتە ئاراوە ، لەم داستانەشدا کە بە داستانی قاتەکەی کفری ناسراوە 29 تێکۆشەرو پێشمەرگەی پارتی شەهید دەبن و مامۆستا هیدایەتی برام کە ڕۆڵی پاڵەوانێتی بینیوە بە سودفە و بە برینداری رزگاری دەبێت .**

**بەڵێ بە شەهیدبوونی (نوری) حزبی شیوعی زیانێکی گەورەی بەردەکەوت ، لاوێکی خوێنگەرم و دڵسۆز بۆ بیر و باوەڕەکەی ، حزبیەکی دڵسۆز بۆ رێبازەکەی،پێشمەرگەیەك لەدامەزراندنی بارەگای لقی4ی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعیدا لەخۆرنەوەزان وقەواڵیدا لەگەڵ باوکم و مامم مەلاعەزیزداو کۆمەڵێك تێکۆشەری تری حزب رۆڵی سەرەکیان بینیوە ، بۆ ئێمەش وەك خێزان خەسارەتێکی گەورەبوو،کوڕێکی لاوی باوکم،گەنجێکی لاوی دایکم، برایەکی ئەزیزی تاکەخوشکەکەم ، برایەکی گەورەی خوم و براکانم ، ئێمە وەك خێزان ئەوکات دەربەدەروسەرگەردان بووین،بووبووین سێ بەشەوە ، بەشێکمان لە دێی دووماڵەکەی حەمەی بەدەن بووین کە ئەوکاتە جێی دانیشتنمان نەبوو ، لە لێواری چەمی ئاوەسپیدا دەژیاین و کەلۆزێکمان چاك کردبوو سێبەری بەیانیانی لێ نەبوو پرسەکەی شەهیدی کاکم لەوێ دانرا کە پۆل پۆل خەڵکی ناوچەکە سەردانی پرسەکەیان دەکرد ، دێیەکەی حەمەی بەدەن لە نێوان گوندی باوەکر و بانزیخاڵی مام چاوشیندا بوو ، ژیانێکی پڕئازار و مەترسی دەربەدەری و پڕاگەندە دەژیاین ، بەشەکەی ترمان بۆ گوندی باوەکر بۆ**

**ماڵی خاڵی دایکم ، حاجی محمد ئیبراهیم کە هاوکار و یارمەتیدەرێکی رادەبەدەری ئێمە بوو ..بەشەکەی تریشمان لەدەوروبەری دوانزە ئیمان بەشەوان سەردانی کەلاوەسوتاوەکانی ماڵیان دەکرد.. بۆ منیش بە تایبەت وەك ابو کاروان کە ئەوکات منالْ بووم و تەمەنم 8 ساڵان بوو چیرۆکێکە قەت لە بیرم ناچێت ، نوری برام خاوەن هەست و سۆزێکی یەکجار لە رادەبەدەر بوو ، ئێواران کە دەگەڕایەوە پیاسەی گوێچەمی دوانزەئیمامی پیْ دەکردم ، سەردانی دوکانە بچوکەکەی دێی پیْ دەکردم و شیرینی بۆ دەکڕیم ، ئەو شەوان کە دەگەڕایەوە بۆ مالْ تاوێك لای ئێمە دادەنیشت و قسەی خۆشی بۆ دەکردین و دواتریش سەردانی دایکم سەوڵەو پورەکانمی دەکرد .**

**بەڵیْ هاوڕیْ براگەورەکەم ، تێکۆشەرە ماندونەناسەکەم ، ئەو گەنجەی کە لەسەردەمی لاوێتی و لەو سەردەمەدا خوێنی بەخشی .**

**لەدوای تۆ بنەماڵەکەمان بەردەوام بوو لەخەبات و قوربانیدان و کەسێك نەما لەو بنەماڵەیە توشی ئازار و ئەشکەنجە نەبێت ، لە دوای تۆ و لە داستانی مەلائۆمەری زەنگەنەدا سەلامی برامان شەهید بوو لەگەڵْ 23 تێکۆشەری حزبەکەتدا ، لە شاڵاوی ئەنفالدا عەفاوی خوشکت و سەرگوڵی براژنت و دووکوڕی و (2) کوڕ و (5) کچی والی ئامۆزات و حەیات و نەواتی مامم کاکەوڵا و (4) کوڕ و (1) کچی فارسی ئامۆزای باوکم لەگەڵْ دەیان خێزانی تری ئەم بنەماڵەیەدا و 182 هەزار کەسی ئەم کوردستانە زیندەبەچالْ کران و لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا زیندەبەچالْ نێژران .**

**هەر لە دوای تۆ کامەرانی مامۆستا هیدایەتی برازات کە پێشمەرگەیەکی ئازاو پارتیزانی دوای ئەنفال بوو لە ساڵی 1993 شەهید دەکرێت ، هەر لەدوای ئەویش بێستون عادلی برازات کە پاسەوانی بەرپرسی حزبی شیوعی عێراق بوو شەهید بوو ، پاشان لە پرۆسەی ئازادی عێراق سامانی زەینەبی ئامۆزات شەهید دەبێت و بەم شێوەیە کاروانی خەباتی خێزانەکەمان تەواو نابێت و هەر لە دوای ئەویش گەرمیان جەلالی برازات بە دەستی تیرورستان شەهید دەکرێت .**

**بەڵێ لە کۆتایدا یادی شەهید بونت بەرز رادەگرین و دڵنیابە ئەم خێزانە بەردەوام دەبن لە تێکوشان لە پێناو نشتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا .***

* بڕوانە : رۆژنامەی رێگای کوردستان / ابوکاروان/ مانگی 8ی 2013

## هێرشی حەرەس قەومی

# بۆ سنووری سلێمانی



## بەشی سێیەم

# کۆمەڵکوژی 9 ی حوزەیرانی 1963 لەشـــاری سلێمانی

ڕۆژی 8ی حوزەیران هیزیکی زۆری عێرراق کەبریتی دەبن لە سوپا و جاش وحەرەس قەومی هێرشیکی بەربڵاودەستپێدەکەن... بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی شاخی ئەزمەڕ،هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کەپێشتر زانیارییان پێگەیشتبوو..لەجمووجوڵەکانی دوژمن بەئاگا دەبن،لەبۆسەدا پەنجە لەسەرپلاپیتکەی چەك ئامادەدەبن.تاریك وروونی بەیانی دەست بەپێشڕەوی دەکەن..لەبەیانیەوە تائێوارەچەندین هێرش ئەنجام دەدەن.. هەمووهێرشەکانیان لەبەردەم ورەی پۆڵاینی پێشمەرگەدا وردوخاش دەکرێن و هێزە بەزیوەکانی رژێم بەناچاری بۆ سەربازگە و مۆڵگەکانی پێشوویان پاشەکەشە دەکەن..هەر ئەوشەوە قینی شۆڤینی خۆیان بەوەدەڕێژن،بە تەقەکردنەوە خۆیان دەکەن بە شاری سلێمانی دا وئارامی شاردەشێوێنن و خەو لەچاوی خەڵك دەزڕێنن..

بەرەبەیانی 1963/6/9 هاتوچۆ لەناو شاری سلێمانی قەدەغە دەکەن. سەربازەکان بەفەرماندەیی زەعیم صدیق بە کوچە وکۆڵانەکانی شاردا بڵاودەبنەوە..دەست دەکەن بە پشکنینیماڵەکان..(زعیم صدیق) ئامرلیوای سەربازی،هەموودەسەڵاتێکی هەبووە.. ئەوڕۆژە تا ئێوارێ خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕەشبگیردەکەن و بە سەدان گەنج و پیر ڕاپێچی حامیەی سلێمانی دەکەن وزۆربەیان گوللەباراندەکەن،کەخەڵکی ناودارو

**تێکۆشەری وەك(کەمالی فەرەج ئەفەندی) و(مامۆستا یاسین حاجی باقی) تیدادەبن..ئەو کوشتوبڕە بۆ چاوترساندنی خەڵکی سلێمانی دەبێت، دەسگیرکراوان،ماوەیەکی زۆرلەسەربازگەکەی سلێمانی لە"حامیەکە"دا لەناو تەویلەی وڵاخ و هۆڵەکانەدا زیندانی دەکرێن.. نزیکەی سێ ڕۆژ زیاتر نان و ئاویان نادەنێ، ئازارێکی جەستەیی زۆریان دەدەن. پاش ئەوە حکومەت بڵاوی دەکاتەوە خەڵك دەتوانن بۆ چەند سەعاتێك بچنەدەرەوە،تا لە هەواڵی کەسوکاری خۆیان بپرسن، ژمارەی گیراوەکان لە هەزار کەس تێپەڕ دەکات، ئەوانەی لە سەربازگەی سلێمانی زیندان دەکرێن، وەجبە وەجبە ڕیزیان دەکەن، بە شەقامەکاندا دەیانگێڕن و ناچاریان دەکەن هوتاف بۆ سەروەری حکومەت بکێشن..پاش ئەوەی ئەوخەڵکەی لەمەرگ دەرباز بوون و ئازادکران، ئەوسا بۆیان دەرکەوت کە دەیان و سەدان هاووڵاتی شارەکە دیار نین و بێ سەروشوێنن.. دوایی ئاشکرادەبیت شەهیدکراون،(مامۆستایاسین)یەکێك لەشەهیدەکان کە یەکەم وەرزشکاری سلێمانی و مامۆستای وەرزش دەبێت، زۆر زۆر خۆشەویستی خەڵکی شاری سلێمانی دەبێت. بەبڕیاری (زعیم صدیق) دەکوژرێت،غەدرێکی زۆر و تاوانێکی گەورە دەرهەق بە خەڵکی شاری سلێمانی ئەنجام دەدرێت.**

**لە** 1963/6/10 **دا، رادیۆی بەغداد بەیاننامەیەکی حکومەتی عێراقی بڵاۆدەکاتەوە، کە بە پشت بەستن بە مەرسومی ژمارە** 18**ی ساڵی** 1935 **باری نائاسایی لە کوردستاندا ڕادەگەیەنێت و هێرشێکی سەرتاسەری دەست پێدەکات. لەو هێرش و پەلامارانەدا، حکومەت بە سوپا وحەرەس**

**قەمییەوە،سیاسەتی شەلم کوێرم کەس ناپارێزم وسیاسەتی زەوی سوتماك(ارض المحروقة)پێرەو دەکات. کاربەدەستانی رژێم هیچ درێغی ناکەن لە گرتن و راوەدونان وکوشتن و برسی کردن و ئابڵوقەی ئابووری. تادەست درێژی بۆ ئافرەتانی کوردو ژنانی سەربەحزبی شیوعی عێراق. دوای ئەو تاوانانەی رژیم لەکوردستان وعێراق، لەسەر ئاستی جیهان چەند هەلویستی جیاواز دەبینران..**

**<u>یەکەم هەڵوێستی حیلفی سەنتۆ</u>**

**لە مانگی تەمموزی 1963دا کۆبونەوەی چەند وڵاتێکی هاوپەیمانی سەنتۆ لەنێوان تورکیا، ئیران، عێراق و سوریا ئەنجام دەدرێ، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە پشتیوانی خۆیان بۆ عیراق ڕا دەگەیەنن و هەریەك لە تورکیا و ئیران وسوریا سنوورەکانیان بەرووی کۆچبەرە کوردکاندا دادەخەن .**

**<u>دووەم هەڵوێستی مەنگۆلیا</u>**

**لە بەرواری 1963/7/3دا واتە کەمتر لە یەك مانگ دوای کارەساتی 9ی حوزەیرانی 1963، وەزیری دەرەوی منگولیا،بە نوسراوێکی فەرمی داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەگگرتووەکان دەکات کە سیاسەتی حکوەتی عیراق وچەوساندەنوەی گەلی کورد بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبونەوەی دەورەی 18 هەمی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەوە پەیوەندی بازرگانی و دیبلۆماسی عێراق ومەنگۆلیا تێکدوچێت.**

# سێیەم
# هەلوێستی یەکێتی سۆڤیەت

لەدوای هەڵوێستی ناحەزانەکەی حلفی سەنتۆ، یەکێتی سۆڤیەتی لە 1963/7/6 واتە 3 ڕۆژ دوای هەڵوێستی مەنگولیا و کەمتر لە مانگێك لە کۆمەڵکوژیەکەی شاری سلێمانی، وەزیری دەرەوەی یەکێتی سوڤییەت نامەیەکی نارەزایی ئاراستەی هەر یەك لە باڵوێزەکانی (تورکیا، ئێران، سوریا و عیراق) دەکات و داوای ڕاگرتنی هێرشەکانی سەر گەلی کورد و خاکی کوردستانی دەکات..

بەداخەوە لەو هەلومەرجەدا هەڵوێسی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی ڕژێمی خوێنڕێژی عێراق دەبێت. تەنانەت ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1963/7/8 داوایەکی یەکێتی سوڤیەتی ڕەتدەکاتەوە بەچاو خشاندن بە بابەتی کۆمەڵکوژی و قڕکردنی گەلی کورد لە عیراق دا.

ـ لە 1963/8/12 ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی نامەیەکی ئاراستەی عیراق کرد وتێیدا داوای ڕاگرتنی جەنگی لە کوردستان کرد.

# نۆی حوزەیرانی
# هەزار و نۆسەد و شەست و سێ ...□

لە نیوە شەوی یەکشەممە 1963/6/9 دا ..جاڕی داخستنی دەرگاکانی شاری سلێمانی درا،لە بڵندگۆکانەوە هەڕەشەیەکی سامناك بڵاوکرایەوە (ئەوەی بێتە دەرێ دەکوژرێ) بۆ بەیانی ڕۆژی 9ی حوزەیران ، کە هێشتا پرچی زەردی گڵەزەردە،خۆری ڕۆژێکی نوێی بەرنەکەوتبوو...شار لە شیرین خەودا بوو،بڕیاری مەرگی درا... زرێپۆشی زۆر بەپاسەوانی هێزی پۆلیس و ئەمن و سەرباز و بڵاو ببوونەوە و بۆ ڕێگرتنی تەواو و دەرباز نەبوون،تەنانەت زۆرێك لەپردە بچووکەکانی ناوشاری ڕووخاند..
هەرئەورۆژە،دەیان پیاوی ئەوشارە لە حامیەی سلێمانی و لە مەلعەبەکە دادگایی خێرا و سەرپێی و دڕندانە درانە بەر دەستدرێژی گوللە لەوانە ؛□
عەبدولمەجید ڕەشید ئەحمەد و ئەنوەر دارتاش و ەلی نانەوا
عومەر حاجی یونس و یاسین محەمەد ساڵح وئیسماعیل ئیبراهیم □
محەمەدساڵح(حەمەبۆر)ونامیق مستەفا ئاغا ومەحمود عەبدولرەحمان □
عەبدولڵا عەبدولرەحمان و حاجی باقی شێخ عەبدول باباگورون و دەیان کەسی تر..□
هەربە فەرمانی بەعسیەکان چەندماڵێکی شار تەخت و خاپور کراو خەڵکەکەشی دەربەدەرکران.. بەدەیان کەس خرانە بەندیخانەوە..□

# چەند شایەدحاڵێك
# ئەو مێژووە خوێناوییەیەدەگێڕنەوە.

## مستەفا ساڵح کەریم

**تۆڵە سەندنەوەی زەعیم سدیق..**

**مستەفا ساڵح کەریم،سەبارەت بە کارەساتی ٩ی حوزیرانی نووسیویەتی:**

**"ڕۆژی هەشتی مانگ سوپای عیراق بە فەرماندەی﴿زەعیم صدیق﴾ بەرەو شاخی گۆیژە و ئەزمڕ هەڵگەڕا،بەڵام پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست ، دەرسێکیان دانێ کەبووە هۆی ئەوەی زەعیم صدیق هەرچی ڕق و قینەی هەیە بە هاووڵاتی بێ چەکی بڕێژێ ...**

**ئەو ڕۆژگارە من چوار مانگ بوو لە بەندیخانەی سلێمانی گیرابووم ، ئەو ئێوارەیەی هەواڵی شکستی سوپای بەعس هات ، هاوڕێی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو﴿حەمە ساڵح دیلان ﴾کەپێکەوە حەپس بووین لە پەناوە پێی وتم:ئەو دووکەڵەی بەری ئاسمانی گرتووە ئەوەدووەکەڵی سووتانی دێی(وێڵەدەر)ە،دیارە بە بینینی دوور بە دووری ئەو دیمەنە زۆر خەمبار بووم ، چونکە ئەو دێیە مەڵبەندی کەسوکار و خزمانی نزیکمە ، جگە لەوەی کە وێستگەی هەمیشەیی پێشمەرگەیە"...**

## مامۆستا غەفور ئەمین عەبدوڵڵا

**نۆی حوزەیرانی١٩٦٣ ڕۆژی ئەو تاوانەیە کە سێ ڕۆژ بە توندیی بەردەوام بوو،من لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا لە ماڵی برای تێکۆشەرم مامۆستا عارف عەبدوڵڵا"عارف عەبۆل" لە گەنجینەیەکدا خۆمان**

شاردبۆوە، هەواڵمان بۆ دەهات کەسانێك گوێیان لە بانگەوازەکە نەبوو، چووبوونە سەرکاری خۆیان لە ڕێگە وبازاڕ تەقەیان لێکردبوون وشەهیدیان کردبوون..لەوانە ؛ □

ـ کاك عوسمان جۆلا لەگەڕەکی چوارباخ کە بۆحەمام دەچوو تەقەیان لێکردبوو،برینداریان کردبوو،بەزامداری رایکردبووە ماڵی "حاجی رەزا" کەکابرایەکی ریش سپی بوو،چەندە پاڕابوونەوە وازیان لێنەهێنابوو.. لەسەربانی ماڵەکەی خۆیان شەهیدیان کرد وتەرمەکەیان فڕێدایە کۆلان.□

ـ شەهید کردنی نامدار ، چایچیی بوو لە نزیك مزگەوتی گەورە .□

ـ شەهیدکردنی لاوێك بە ناوی (عومەرمینەمیتو)،لەبەردەرگای خۆیان. □

ـ پەلاماردانی مالان و راپێچکردنی هەزاران کوردی بێچەك وبێتاوان بۆ ئەستەبڵەکانی حامیەی سلێمانی، کەشوێنی ولاخ بوو، چەندرۆژێك نان و ئاویان لێبڕیبوون، لەبرسا بە ناچاری پاشماوەی خۆراکی ولاخەکانیان خواردبوو ، لەبەر ئەوەی هیچ خواردنیان نەدەدانێ. □

ـ لەسەرچنار شەهیدکردنی لاوێك بە ناوی(رەحیمی عەینە)جگەرخانەی هەبوو لەوێ ،لە سەربانی دوکانەکەی خۆی دەنووست، داوایان لێکردبوو تف لەوێنەی ئەو پێشمەرگانە بکات کە هەڵیواسیبوون،جوێنی نەدابوو تفی لێنەکردبوون،بە قامچی شەهیدیان کردوتەرمەکەیان بەست بە تانکێکەوە و لە حامیەی سلێمانی فڕێیاندا. □

ـ شەهیدکردنی نوری عەریزەنووس لەسەرئەوەی جوێنی بە بارزانی و سەرکردەکانی کورد نەدابوو.□

ـ شەهید کردن و زیندەبەچالکردنی (کەمالی حەمەی فەرەج ئەفەندی)

**هەر بە زیندویێتیی بە شۆفلْ گلْیان کرد بوو بە سەریدا.**

**ـ دەسگیرکردنی چوارمامۆستا کەخۆیان هەموو یاریزانی تۆپی پێ و باسکە و بالە و گۆڕەپان ومەیدان بوون و چوار ئەندامی چالاکی پارتی و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوون، ئەوانیش شەهیدان:**

**– ماموستا یاسین حەمە سالْح کەباشترین یاریزانی کوردستان بوو،**

**– مامۆستا محەمەد حاجی سالْح ناسراو بە(حەمەبۆر) یاریزانی باسکە.**

**– مامۆستا ئەنوەر سەعید دارتاش برای کاك فەرەیدون دارتاش ، پیاوێکی نیشتمانپەروەر و ناسراوی ناو پارتی بوو.**

**– مامۆستا ئیسماعیل ئیبراهیمی بەلوعەچی بە قۆلْبەستراوییی لە یاریگای سلێمانیەوەبردبوونیان بۆحامیەی سلێمانی.لەڕێگالەناوزیلی سەربازییدا سروودی(ئەی ڕەقیب)یان وتبوو،هەر لەوێدا پێکەوە گوللەبارانیان کردن..**

**مامۆستا یاسین ویستبووی دەربازبیێ،بە دۆشکەی دەبابە شەهیدکرا، هەرچواریان پێکەوەخرابوونەچالْێکەوە،لەگفتوگۆی شوباتی١٩٦٤دا، لەگەلْ شەهیدانی(شیووی مەرگ ـ وادی الموت) تەرمەکانیان دۆزرانەوە.**

**ـ شەهید کردنی مامۆستا حاجی باقی لەسەر ئەوەی دووربینە شکاوێکیان لەمالْەکەیدا دۆزیبووەوە کەدەبوو مالْەکەی پڕ بوایە لە ئامێری فەلەکی، ناوبراو ئەندامی حزبی شیوعیی عیراق بوو.**

---

سەرچاوە : سلێمانی لەنێوان دوێنێ وئەمڕۆدا / زۆزك خەفاف / 2019/7/8



## هاووڵاتی
## حوسێن عەزیز

## بیرەوەری ڕۆژانی ڕەشبگیرییەکەی سلێمانی دەگێڕێتەوە

**یەکەمین کۆدەتای بەعس بوو،بۆ جاری دووەم، باوکمیان لە گرتووخانە توندکردبوو.زۆر نیگەرانبووین.. هەموو ڕۆژێکی هەینی، سەرمان لێدەدا. بەڵام زۆری نەخایاند و ئەوەی چاوەڕێمان نەدەکرد، ڕوویدا. ئەو کات تەمەنم (13) ساڵان بوو.ڕۆژێ لە سەرجادەی گەڕەکی(شێخان) بوو بە دەنگەدەنگ. خێرا چوومەدەرەوە،تەماشامکرد،خەڵکێکی زۆر وەستاون و گوێ لە ڕادیۆی (بەغدا) دەگرن، پەیتاپەیتا، بڵاوکراوەی دەخوێندەوە و سروودی لێدەدا. دوای ماوەیە بڵاویانکردەوە، کە (عەبدولکەریم قاسم)یان گرتووە و گولەبارانیانکردووە. ئەو ڕۆژە، ڕۆژی (8. 2. 1963) بوو.لە گەڕەکی ئێمە، جگە لە کۆمۆنیستەکان، هەموو خەڵکی پێیان خۆشبوو، چونکە زۆربەیان (پارتی) و پێشمەرگە بوون. هەر دوای چەن ڕۆژێك..دەرگەی گرتووخانەکان کرانەوە وهەموو گیراوەکانیش بەربوون. جا دەبێ چی لە ئەوە خۆشتربێ و بۆ پێم ناخۆشبێ، کۆدەتاچییەکان سەرکەوتوون، لای من گرنگ ئەوەبوو، باوکم بەرەڵابوو!**

## قەدەغەکردنی هاتوچۆ

**گفتوگۆی نێوان هەردوو سەرکردایەتی(پارتی)و(بەعس) زۆری نەخایان، دوای(4)مانگ،سوپای(عێراق)، پەلاماری (کوردستان)ی دایەوە، دووبارە جەنگ و ناخۆشی دەسیپێکردەوە. ڕەوشی (کوردستان) بەگشتی و باری نێو شاری (سلێمانی) بە تایبەتی، بەتەواوی تێکچووبوو..**

**ـ بەرەبەیانی6/9/ 1963فەرماندەی لیوای 20 (زەعیم صدیق مستەفا) بە فرمانێك، هاتوچۆی لە شاری (سلێمانی) و دەوروبەری قەدەغەکرد.**

بڵندگۆ بە جادە و شەقامەکانی نێوشاردا دەگەڕا و قەدەغەکردنەکەی ڕادەگەیاند.لە هەمان کاتیشدا،لە هەموو لایەکەوە، دەنگی تەقەیەکی زۆر دەهات، ئاگرباران بوو، مەرگ لە دەرگەی ماڵی هەمووکوردێکی دەدا، دەیان ڕۆڵەی کوردیان،خەڵتانی خوێن کرد. باوکم لەنەخۆشخانەی گەورە برینپێچ بوو...ئەوشەوە ئێشکچی بوو. ئێمەش نەماندەزانی،چی ڕوویداوە،زۆر دەترساین. لە پەنجەرەی ژووری سەرجادەکەوە، تەماشای دەرەوەمان دەکرد، جگە لە زیلی سەربازیی و ترومبیلەکانی پۆلیس، سەگ و پشیلە بەرەڵاکانی سەرجادە و کۆڵانەکانی گەڕەك،لەوە زیاتر هیچی دیکە نەدەبینرا. هەموو سەرجادە و نێوکۆڵانەکان چۆڵبوون و چۆڵەکە کوژیان تێدا نەبوو. هەر کەسێ لە ماڵی خۆی بێدەنگ دانیشتبوو،کەس نەیدەزانی،چ چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕێی دەکات! هێندەی پێ نەچوو، سەرجادەکەی بەرماڵی ئێمە پڕبوو، گوێم لێبوو، کۆمەڵێ سەربازی عەرەب دەنگیان دەهات و جنێویان بە خەڵك دەدا.... لەو ڕیزەماڵەی ئێمە، پێش هەموو کەسێك ،(شێخ سەلامی بەردەزەردی) دووکانداریان گرت،لێیاندەدا وبەپاڵ بردیان،ئەویش هەر هاواری دەکرد. ترومبیلێکی سەربازیی گەورە وەستابوو، لەخەڵکی گەڕەك جمەی دەهات و ئەویشیان تێ ترنجاند. لەسەر جادەکە، تەنیا دوو ماڵی لێ بوو: ماڵی ئێمە و (ساڵحی میسری). لە کۆڵانەکەی تەنیشتیشماندا، ئەم بەر و ئەوبەر ماڵ بوو، بەڵام سەیر ئەوەبوو،کەس لەدەرگەی ئەوڕیزەماڵەی نەدا!ئەم کشوماتی وبێدەنگییە، ئەم ڕەشبگیریی و کوشتن وبڕینە، دوو ڕۆژی خایاند، دوای ئەوە بە بڵندگۆ هاواریانکرد،خەڵك بۆی هەیە، ماوەی (2) کاتژمێر هاتوچۆبکەن ولە بازاڕ،پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆیان بکڕن!

## مۆڵەتێکی کورت و ڕەوتی ڕووداوەکان

کاتێ چووینەدەرەوە، ئینجا زانیمان، خەڵکی گەرەکەکەمان چییان بەسەرهاتووە.زۆربەی زۆری ئەوماڵانەیان پشکنی بوو، پیاویان تێدا نەهێشتبوو، هەموویان گرتبوون.

من وڕەوانشاد ملازم(کەریمی شێخ سەلام) بەرەو مزگەوتی گەورە ڕۆیشتین.خەڵك دەستەدەستە،سەریان لە باخی نەخۆشخانەکەی بەرانبەر مزگەوتەکە دەدا، ئێمەش چووین و سەیرمانکرد، پیاوێك کەوتبوو، دەسێ جلی مراخانی لەبەردابوو، جامانەیەکی بەسەرەوەبوو، هەموو سەروچاوی بە خوێنێکی وشکەوەبوو سواغدرابوو، جەستەی بە تەواوی ئاوسابوو، بۆنیکردبوو، مێشێکی زۆر تێیاندابوو، لە ئەو ناوەدا، بێ خاوەن فڕێدرابوو، کەسیش نەیدەوێرا، هیچ بڵێ،یاخۆی بکا بەخاوەنی.

لە ئەو لاشەوە، وەجاخە دەسگێڕەکەی کەوتبوو، دیاربوو، بە لەقە بۆیان قوپاندبوو، هەموو پیاڵە و ژێرپیاڵەکانیشیان شکاندبوو. ئیدی ئەو خەڵکەی دەیانبینی، دڵیان ژانی دەکرد و بۆی دڵتەنگ دەبوون، کەمێ تەماشایاندەکرد و دەڕۆیشتن. ئێمە دوایی زانیمان، ئەو پیاوە کوردە هەژارە ڕەوانشاد (نامدار)ی چایچی بوو... هەموو ڕۆژێ بەیانیان زوو، لە ماڵەوە دەردەچوو،چای بە کرێکارەکان دەفرۆشت.دیارە ئەو بەیانییە، ئاگای لەبڕیاڕی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ڕەشبگیرییەکە نەبووبوو، هەر بینیبوویان لە دوورەوە دەسڕێژیان لێکردبوو، پاشان تەرمەکەیان، لەنێو ئەو باخەدا فڕێدابوو، وەك چۆن(خولەبوز) یشیان،بەو شێوەیە کوشتبوو، کە شێتێکی فریشتەئاسای شارەکەمان بوو، ئاگای لە هیچ نەبوو!

## نەخۆشخانە گەورەکەی سەرەوە

هێندەمانزانی، باوکم بە ترومبێلی فریاکەوتنی خێرای نەخۆشخانە هات، سەدرییەکی سپی لەبەردابوو، خۆی بە مالا کرد و گوتی: خەڵکێکی زۆر کوژراو وبریندار هەیە.سەرم لەماڵی باوکم داوە،بەکر)ی برام لەوێ نەبوو. بەلام(عومەر)زۆر پەرێشانە،دەمەوێ لەگەڵ خۆم بیبەم بۆ نەخۆشخانە، تۆش خۆت کۆکەرەوە، لەگەڵ ئەودا وەك نەخۆش دەتانخەوێنم.

مامم (شێخ عومەری بەقاڵ)، بە تەواویی تێکچووبوو. چونکە بەرانبەر ماڵی باپیرم، دەسرێژیان لە دایك و کوڕێك کردبوو، (شەمسە)خان و (جەلیل)ی نانەوا، هەردووکیان بەسەریەکدا کەوتبوون و گیانیان دەرچووبوو. ئەویش لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە، ئەمەی بە چاوی خۆی دیبوو، ئیدی بە جارێ فریشکی کەوتبوو!

پاشان مامم بەپەلە هات. هێشتا کەمێکی مابوو، ماوەی هاتوچۆکردنەکە تەواوبێ. ئیدی هەردووکمان، خۆمان گەیاندە نەخۆشخانەی سەرەوە. پێش ئەوەی ئێمە بگەین، باوکم بەهۆی دوکتۆرێکی ناسیاوییەوە، مامە (عومەر)ی بە نەخۆش و منیشی، بە هاونەخۆش تۆمارکردبوو. کراسی سپی نەخۆشخانەمان وەرگرت و لەبەرمانکرد. لە هۆڵێکی گەورەدا، لەسەر دوو قەرەوێڵە لێی پاڵکەوتین. مامیشم زۆر پەرێشانبوو، هەر شتی لێکدەدایەوە و ترسابوو. جاروبار لە دوورەوە، دەنگی تەقە دەهات، وا دیاربوو، هێزەکانی سوپای داگیرکەر، هێشتا پلانەکەی خۆیان، بە تەواوی جێبەجێ نەکردبوو، هێشتا ئامانجەکانی خۆیان نەپێکابوو!

دوو ڕۆژمان بە ئەو شێوەیە بەڕێکرد و هیچ شتێ نەبوو. سەری سێیەمین ڕۆژمان بوو، زۆرم لە مامم کرد، سەرێك لە دەرەوە بدەین و هەوایەکی خاوێن هەڵمژین. هەر هێندە، کەمێك لەبەر ژوورەکەی باوکمدا دانیشتین،

**دوو مدەڕەعە و پیکابێکی سەربەتاڵ هاتن. پیکابەکە لەبەردەمی ئێمەدا وەستا، پڕبوو لە بریندار. لەنێو بریندارەکاندا، کاک (عەلی) فەڕاشی نەخۆشخانەکەی (سەییدسادق)ی تێدابوو، یەکسەر ناسیمەوە. چونکە کاتی خۆی، باوکم لەوێ کاری دەکرد. بە باوکمی گوت: (جەمال)ی برامیان، لەبەردەمی دایکمدا گوللەبارانکرد.** 

**باوکم گوتی: هەمووئەو بریندارانەیان لە(عەربەت) و(سەییدسادق)ەوە هێنابوو. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ، تەنیا هەر لەنێو شاری (سلێمانی)، ئەو ڕەشبگیریی و کوشتارە ڕووی نەدابوو، بەڵکوو لە دەوروبەری شاریش، ئەو کارە چەپەڵەیان کردبوو،خەڵکێ زۆر یان، بریندار و شەهید کردبوو!** 

**ئیدی کاتێ مامم گوێی لە ئەو قسانە بوو، بەپەلە هەستا و گوتی: وەرە ژێر باڵم، با بچینەژوورەوە. پاشان گوتی: ئاخر من لە ماڵەوە، لە ترسی ئەم بەزمە ڕامکردووە، بەڵام وا دیارە، ئێرە خراپترە، گەر بەیانی هاتوچۆکرایەوە، یەکسەر دەردەچم. ئەوەبوو، بۆ سبەینێ هەردووکمان لە نەخۆشخانە دەرچووین...دوای ماوەیەکی کەم، وردەوردە بارودۆخەکە هێوربووەوە، ماوەی هاتوچۆکردنیان زیادکرد. تا وای لێهات، هەر لە بەیانییەوە تا کاژێری (5)ی ئێوارە، خەڵك بۆی هەبوو، هاتوچۆبکەن و دووکانەکانیان بکەنەوە..ئینجا بەتەواوی دەرکەوت،سەربازە دڕندەکان، چیان بەسەر خەڵکی شارەکەدا هێناوە؟! چەن کەسیان بێسەروشوێن کردووە؟! کەس نەیدەزانی، لە کوێن و چیان بەسەرهاتووە؟!**

**- ڕۆژی (1963/6/8)، سوپای (عێراق) بە فەرمانی ئامر لیوای بیست (زەعیم صدیق مستەفا)، بەرەو شاخی (گۆیژە) و (ئەزمڕ) بەڕێکەوتن. بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکان، هێرشەکە تێکدەشکێنن و راویان دەنێنن. ئیدی ئەوهێزە بەزیوە، دەکەوێتە گیانی خەڵکی بێدەسەڵاتی شاری**

**سلێمانی و دەوروبەری ، تا تۆڵەی ئەو تیکشکانە، لە هاووڵاتیانی بێ تاوانی کورد بکەنەوە... ڕۆژی دوایی، لە کاژێری (3)ی بەیانییەوە، بە بڕیاری (زەعیم صدیق)ی تاوانبار، هاتوچۆ لە شاری سلێمانی قەدەغەدەکرێت. بە ناوی گەڕان بە دوای چەك وپێشمەرگەدا،ژمارەیەکی زۆر لە هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵ(خوێندکار،مامۆستا، فەرمانبەر، دووکاندار،کاسبکار)ی بێتاوان،بەدیل دەگرن،لەتەویلەکانی سەربازەگەکە کۆیان دەکـەنەوە، بێ ئەوەی خواردن و خواردنەوەیان بدەنێ، لەو تەویلە بچکۆلانەدا، کە جێی (30) ولاخی تێدا دەبووەوە، وەك مەڕومالاتی تالانی مۆڵیان دەدەن، سات بەساتیش ، ژمارەیان لە زیادکردن دەبێت تا دەگەنە (780) کەس. لەبەرئەوەی جێیان تەنگ و پێخەفیان پێ نابێت، لەسەر تەرس و پەینی ئێسترەکان دەیانخەوێنن، لەسەر یەك کەڵەکیان دەکەن. هەر لەو شوێنە و بەو شێوەیە، (3) دانە ڕۆژ لە سەر یەك، بێ خواردن و خواردنەوە دەبن.جگە لە ئەوەی، لە هەموو لایەکەوە، دەنگی دەسڕێژی گوللە و گرمەی تۆپ،خەو لەچاوانیان دەتۆرێنێت،ترسێکی گەورە،باڵ بەسەر هەمووواندا دەکێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژانە کۆمەڵێك زیندانی هەڵدەبژێرن و پێش خۆیان دەدەن، داوایان لێدەکەن جنێو بە شۆڕش و (پارتی)و (بارزانی)بدەن،ئەوانەی ئەوداواکارییەیان جێبەجێ ناکەن،بێ لێکۆڵینەوە لە(دۆڵی مەرگ) گوللەبارانیان دەکەن. ئەوانەی شەهیدو بریندارەکان تێکەڵاو دەکەن، لە چاڵێکی قووڵی گەورەدا، بەجلوبەرگی خۆیانەوە دەیانشارنەوە.. بەڵام دوای ئەوە هەموو ئوانەی بەرێکەوت لە تەویلەکاندا مابوونەوە و لەدەس مەرگ قوتار بووبوون،**

ڕۆژی 1963/7/4) وردەوردە بەرەڵاکران،مەگەر ئەوانە بیگێڕنەوە، کەچییان بەسەرهاتووە و چۆن ژیاون؟!ئەو ڕۆڵە کوردە دلێرانەی، لە دەرەوە و لە سەربازگەو(دۆڵی مەرگ) گولەباران کرابوون، زۆربوون. بۆنموونە: یەکێ لەو ڕۆڵە کوردە بەجەرگ و ئازایانە، مامۆستا (یاسین) بوو، جگە لە پیشەی مامۆستایی، یەکێك لە وەرزشکارە هەرە دیارەکانی شاربوو،لەگەڵ چەن مامۆستایەکی وەرزکاری هاوڕێیدا(ئەنوەر و ئیسماعیل وحەمەبۆر)لەیاریگەی سلێمانی دەستگیریان دەکەن.... گولەبارانیان دەکەن.هێشتا هەر زیندوو دەبن، بێبەزەییانە بە شۆڤڵ خۆڵیان بەسەردا دەکەن و زیندەبەچاڵیان دەکەن.

هەروەها مامۆستای فیزیا (حاجی باقی)، تازە لە بەندیخانەی (سلێمانی) بەربووبوو، کەسایەتی ناسراوی شار (نامیق مستەفا ئاغا)، دوو خوێندکاری لاو (بابەعەلی شێخ مارف) و (کەمال عەلی)، هەردووکیان لە گەڕەکی قەزازەکان گیرابوون،هەموویان پێکەوە گوللەبارانکران.دوو برای مامۆستا(مستەفا عەبدولڕەحمان)،باوکی هونەرمەند (فرمێسك مستەفا)، لەحەوشەکەی خۆیاندا گولەباران دەکەن. هەروەها کوڕە لاوەکەی (خونچەخان)لەگەڕەکی (قاوەخانەی سەرچیمەن)لە حەوشەکەی خۆیان و بەرچاوی دایکییەوە گولەبارانی دەکەن، تا ئەو کاتەی کەمەنع تەجەولەکە کۆتایی پێدێنن..تەرمی ئەوشەهیدە لەسەر ڕانی دایکی دەبێت.*

* سەرچاوە : حسین عزیز فەیسبووک / 11 . 6. 2023




# تاوانێکی تری زەعیم صدیق لەسلێمانی

یەکێکی تر لەو شوێنانەی کە پیاوەکانی زەعیم صدیق تاوانیان تێدا ئەنجام دا، یاریگای ئێستای سلێمانی بوو " لە مەلعەبەکەی سلێمانی رۆژی 9ی حوزەیرانی 1963 چوار کە سی بێتاوان گولـلەباران دە کەن ، بەناوەکانی :(مامۆ ستا ئەنوەر دار تاش و مامۆ ستا یا سین و مامۆ ستا حەمەبۆر و مامۆستا ئیسماعیل) ئەم چوار مامۆستایە چوار تێکۆشەری دڵسۆزی شارەکەوخوێندکاران ویەکیتیی مامۆستایانی کوردستان بوون.

شەهیدبوونی ئەم تێکۆ شەرانە هاو کات بووە لە گەڵ کۆ مەڵکوژیی حامییەی سلێمانی دا.

# کورتەی ژیننامەی

# شـــەهیدەکان



* مامۆستا ئەنوەرسعید جەعفەر دارتاش

ـ ساڵی 1934 لەسلێمانی لەدایك بوو بوو.

ـ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە.



* مامۆستا یاسین محمدصالح عزیز

ـ ساڵی 1936 لەسلێمانی لەدایك بووبوو.

ـ مامۆەستایەکی کارامەو بەتوانا بووبوو..

ـ وەرزشکاریك بووە لەئاستی یاریزانە باشەکانی کوردستان.



* شەهید محمد حاجی صالح(حەمەبۆر)

ـ ساڵی 1937 لەسلێمانی لەدایك بوو بوو.

ـ یەکێك لەئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان بووە.



* شەهیدمامۆستا ئیسماعیل إبراهیم بەلوعەچی

ـ ساڵی 1937 لەسلێمانی لەدایك بوو بوو.

ـ یەکێك لەئەندامانی کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایان بووە.



# دیواربەندییەکەی پارکی ئازادی

## شەهیدانی 9 ی حوزەیرانی 1963

لەناو پارکی ئازادی شاری سلێمانی دیواربەندییەك دروستکراوە،ناوی (112) شەهیدی لەسەر نووسراوە،دوای سەردانی کردنی ئەوپارکە و گرتنی وێنەیەکی دیواربەندییەکە..دەستم کرد بە توێژینەوە و بەراوردکردنی ناوەکان ..بۆم روون بووەوە کە هەندێك ناو بەهەڵە لەریزبەندی شەهیدانی 9ی حوزەیرانی حامییەکە تۆمار کراون،بۆ نموونە(محمداحمد)باوکی دکتۆر فایق گوڵپی لەشەڕی زەڵم شەهیدبووە هەروەها شەهید (مەلاعابدمحمد صۆفی) و(مەلارەئوف محمد صۆفی) لەناو شاری هەڵەبجە شەهیدبوون...




# پارکی ئازادی سلێمانی

# لیستی ناوی سەر دیواربەندییەکە

**ئەنوەرسەعید دارتاش**

**یاسین محەممەدصالح**

**محەممەد حاجی حەمەصالح**

**ئیسماعیل ئیبراهیم بەلوعەچی**

**عەلی ئاسنگەر**

**محەممەدحاجی عەبدولرەحمان**

**عەبدوللا حاجی عەبدولرەحمان**

**شیخ عەبدول باباگورون**

**محەممەد حاجی یونس**

**باباعەلی (خوێندکار)**

**عوسمان جۆلا**

**نامداری چایچی**

**عومەری مینە میتی**

**رەحیمی عەینەی قصاب**

**نوری عەریزەنووس**

**کەمال محەممەد فەرەج**

**حەمە دەمە**

**رەفیق کونجرینی**

**ئەحمەد کەریم ئەحەنەوتە**

**لەتیفی نەقاڕ/برای خالیدرەباتی**

**جەلیلی نانەوا**

**کەمالی سەروەت کۆیی**

**عەبدول رەشید مەلا ئەحمەد**

**مەجید سەعید**

**والی نانەوا**

**حەمەئەمین ئەحمەد ئاغا**

*******

**حەمەئەمین مەحموود پیرەکی**

**عەبدوللا محەممەد زەنکی**

**عەلی ئەحمەد هەڵەبجەیی**

**صابیر حەمە حەسەن**

**مام ئەمین دەرگاشێخانی**

**عینایەت ئەحمەد بوتینی**

**عەلی حەمەئەمین قادر**

**عومەرحاجی سید**

**مەلاعابید محمدصۆفی**

مەلا رەئووف محمدصوٚفی *

کەریم یونس ئیناخی

عەلی مەلاعەباس خانەقینی

حاجی عەبدولرەحیم عەولك

حەمە عەودلرەحیم بیرەکی

حەسەن محەممەد زەنکی

حەسەن شوان / باوەنووری

حەمەصالح ئاورەحمان /هەڵەبجە

مام خواکەرەم / زڕگوێزی

قادر شاسوار

نازم هەڵەبجەیی

مەولود رەشید عەبدولرەحمان

ئەحمەد مەلا غەریب

گوڵاڵە عومەر خەراجیانی

عائیشە عومەر خەراجیانی

مەحبوبە کەریم خەراجیانی

روناك کەریم خەراجیانی

محەممەد ئەحمەد / باوك دکتۆر فایق

حەمەرەشید ئەحمەد حەسەن

***

عەبدولرەحمان حاجی کەریم

عەلی محەممەد ئەمین

شەریف عەزیز فەتاح

شەوکەت ئەمین رۆستەم

**جەلال عەبدوللاّ قادر**

**مەحمود حەسەن صالح**

**محەممەدسەعید حەمەصالح**

**صابیرە کەڕەی مەلائاورەحمان**

**غەمناك (عەریزەنووس)**

**عەبدوللاّ جۆلاّ (تۆپ عەسکەر)**

**حەسەن مستەفا خانقینی**

**حەمەخان قلیاسانی**

**لەتیفە (کچێکی پەرستار)**

**غەفورەشێت (قلیاسانی)**

**رەحیم عەبدوللاّ**

**عەزیز شەریف ئەمین**

**ئەحمەد ئیبراهیم بەگ**

**وەستا فەرەجی دارتاش**

**فەتاح مەجیدبەگ بیارە**

**بەکرحەبیب باخەوان**

**کەمال رەشید حەوێزی**

**ئیسحاق حەننا (مەسیحی)**

**شەفیق هۆمەر چایچی**

**سلێمان حەمە قاوەچی**

**محەممەد وەهاب ئاغا**

**حەمەی کەناس**

**عەبولاّ ئەحمەد حەسەن.**



# شەهید

## کەمالی محمد فەرەج ئەفەنی

لە1940لە شاری سلێمانی لە دایك بووبوو.

ـ تا پۆلی پێنجی ئامادەیی خوێندبوو.

ـ لەساڵی1961پەیوەندی کردبوو بەرێکخستنەکانی ئەوسای (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە لە سنووری شاری سلێمانی، بەهۆی چالاکی و ئازایەتی خۆیەوە چەندین جارئەگیرێت و رەوانەی ( ئینزیبات خانە )ی ئەوکاتە دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجەی زۆردەدرێت،لەزینداندا خۆڕاگرو بەهیمەت دەبێت و هیچ لەسەر هاورێکانی نادرکێنێت لە 9ی حوزەیرانی 1963 لە(مەنع التجولەکەدا)دەسگیردەکرێتەوەو لەحامیەکەی سلێمانی لە هۆڵێکی گەورە دا، لەوشوێنەی کە ئێستا (پارکی ئازادی) یە لەگەڵ 79هاووڵاتی تری شارەکە دا رەمی دەکرێن و پاشان زیندە بە چاڵ ئەکرێن.



# شەهید
# ملازم صلاح محمد جمیل

**شەهید سەلاحی حەمە جەمیل**

**- لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری سلێمانی، کەسێکی زۆرجوان و رۆح سووك و خۆشەویستی هەمووان دەبێت..**

**- لەسەرتای هەرزەکارییەوە خولیای سەربازی دەبێت.**

**- لە ساڵی 1961 کۆلێجی سەربازی لە بەغدا تەواو دەکات .**

**- وەك ئەفسەرێك لە سوپای عێراق دەست بەکار دەبێت، لە کۆتایی پەنجاکاندا،بەتایبەت 1958ئەندامێکی چالاك دەبێت لەناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عیرا قدا.**

**- لە کودەتا ڕەشەکەی بەعسی وحەرەس قەومییەکانی ساڵی 1963 هەست بەمەترسی بەعسییە جەلادەکان دەکات و لەگەڵ کۆمەڵی ئەفسەر لە هاوڕیکانی، مەردانە دەست بەسەر سەربازگەی سەعد لە بەعقوبەدا دەگرن وبەتانك وزرێپۆشەوە بەرەو بەغدا چولە دەکەن، بەڵام مەخابن لەلایەن ئامر فەوجێکی سەر بەعسییەوە بە ناوی (عبدالجبار شنشل) گەمارۆ دەدرێن و زۆر نامەردانە و بە شێوەیەکی دڕندانە شەهید دەکرێن.**



## زەعیم صدیق ..کێ بوو

زەعیم ( صدیق مستەفا النعیمی) فەرمانده‌ی فیرقەی پێنجەم

ـ له‌ ساڵی 1915 له‌ سه‌رجخانه‌ له‌ شاری موسڵ له‌دایکبوو بوو.

ـ دوای سه‌ره‌تایی له‌ ساڵی 1935 ئاماده‌یی ته‌واو ده‌كات.

ـ له‌ساڵی 1935له‌ قوتابخانه‌ی سه‌ربازی خولی (12) به‌ پله‌ی ملازم ته‌واوده‌كات..پله‌ به‌ پله‌ ده‌بڕێت تاده‌بێت به‌(عه‌قید) و به‌فه‌رمانده‌ی فه‌وجی یه‌ك له‌ لیوای بیست.

. ساڵی1957 ده‌كرێته‌ ئه‌ندامی دادگای سه‌ربازی فیرقه‌ی سێ.

. له‌ ساڵی 1958 به‌ پله‌ی (عه‌قید) ده‌كرێته‌وه‌ فه‌رمانده‌ی فه‌وجی (1)ی لیوای (2).

ـ ساڵی 1961دەکرێتە(زعیم)و لە ساڵی 1962 دەکریت بە فەرماندەی لیوای (20)

ـ لە 9 ی حوزەیرانی 1963 بەفەرمانی ئەو کۆمەڵکوژی (حامییەی سلێمانی) ئەنجامدەدرێت.

ـ لە ساڵی 1964 دەکرێتە فەرماندەی فیرقەی (5).

ـ لە 1964/7/14 پلەی بەرز دەکرێتەوە بۆ (لیوا).

ـ ساڵی1965دەکرێتەئەندامی(ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش).

ـ لە ماوەی مانەوەی(عبدولڕەحمان عارف) لەدەرەوەی عێراق، دەکرێت بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا،بەو پێیەی ئەو بەتەمەنترین فەرماندەی فیرقەی ئەو کاتە بووە.

ـ بەفەرمانێکی کۆماری دەکرێتە موتەسەڕیفی لیوای(عمارە). بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەو پۆستەوە، خانەنشین دەکریٚ و لەسوپا دوور دەخرێتەوە. .

ـ بیٚ ئەوەی بەسزای تاوەنەکانی بگات..

لە 1995/10/13 کۆچی دوایی دەکات .

---

سەرچاوەکان :

1 . موسوعە عریق ـ https://areq.net/

2 . یونیو نبیدیا ـ https://ar.unionpedia.org/

..

# بۆچی..
# زەعیم صدیق
# ڕقی لە سلێمانی بوو؟

**خاتوو زەکیە ڕەشید کە ژنێکی خەڵکی سلێمانییە و بیرەوەییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەناوی (شارێك لە دڵی ژنێکدا) نووسیوەتەوە، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە کچ و کوڕەکەی (زەعیم صدیق)..دەگێڕێتەوە: کۆتایی پەنجاکان لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووە، ڕۆژێك کچێکی چاوشینی جوان دێتە پۆلەکەیانەوەو لەسەر رەحلەیەك دادەنیشێ، تا ماوەیەك ئەو کچە تێکەڵی کەس ناکات و قسەش ناکات. پاش ماوەیەك دەزانن کە ئەو کچە عەرەبە و باوکی ناوی (سەرۆك صدیقە) و ئەفسەری پۆلیسە. هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەبێ کە لەگەڵ براکەیدا لای باوەژنیان دەژین و دایك و باوکیان لە یەکتر جیابوونەتەوەو باوەژنەکەیان توندوتیژبووە لەگەڵیاندا.وادیارە تا کۆتایی پەنجاکان زەعیم صدیق بە وەزیفەی پۆلیسیی لە سلێمانی بووەو خەڵکیش بەسەرۆك صدیق ناویان بردووە،بەڵام کە بەعس دێنەدەسەڵات،زەعیم صدیق دەچێتە ناو سوپای عێراقەوە دێتەوە بۆ کوشتاری خەڵك لە کوردستان.(1)**

1 ـ سەرچاوە ـ شاریك لەدڵی ژنیك دا/ زەکیە رەشید.

**خاتوو زەکیە چیرۆکی چوون بۆ سەیرانێکی مەکتەبەکەیان دەگێڕێتەوە کە مامۆستا و قوتابی، پێکەوە سەفرەیەك ڕێك دەخەن بۆ بەکرەجۆی خۆرئاوای سلێمانی... لە سەفرەکەدا کچەکەی زەعیم صدیقیش دەڕوات وبرابچووکەکیشی لەگەڵ خۆیدا دەبات. پێشنیوەڕۆ مقۆمقۆیەك لەناو مامۆستاکاندا دروست دەبێ،شڵەژانێك دروست دەبێ و مامۆستاکان و کچەکەی زەعیم دەکەونە سۆراخ... هەمووان دەزانن کە کوڕەکەی سەرۆك صدیق دیار نییە.لەناکاودا دەبینن کوڕێکی گەنج بە پاسکیلێکەوە کوڕە بچووکەکەی زەعیم صدیق دەهێنێتەوە بۆناو مامۆستا و قوتابییەکان، بەڵام بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بەدەنگی بەرز توڕە دەبن لەکوڕەکە و هەڕەشەی لێدەکەن..پاشان هەمووان دەزانن چیرۆکەکە چیە چونکە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان دەڵێن ئەمەت بەسەرەوە ناچێ..دیارە گومان دەکەن کوڕەکە بەدڕەوشتی لەگەڵ منداڵەکەدا کردبێت.**

**ڕەنگە هەندێ خوێنەری ئەم کتێبە و بەتایبەت ئەم چیرۆکە،پێیان وابێت..ڕەنگە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە (زەعیم صدیق)ی دڵڕەق و دڕندەی سوپای عێراق،دژایەتی خەڵکی سلێمانی کردبێت..لە ڕاستیدا ئەوپاساوانە جێی قەناعەتی هەندێك لەخوێنەران نییە،ئەوتاوانبارە لە گوندەکانی شارەزوور لە (خەراجیان) و (سیارە) و (هەڵەبجە)..چەندین تاوانی تری ئەنجامدا.**



## شەهید جەلیل سوسێیی

شەهید جەلیل حەمە حەسەنساڵی1927 لەگوندی (بیران)ی ناوچەی سورداش لە پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە.

پێشتر هەر لە سلێمانی کارمەندی شارەوانی بووە.

ـ ساڵی 1959 پەیوەندی بە جوڵانەوەی سیاسی کوردستانەوە کردووە،

ـ لە شەڕەکانی سنووری بازیان و ئاغجەلەر وچەمی رەزان بەشداربووە.

ـ هاوڕێ و جێ متمانەی مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بووە.

ـ لە ساڵی1961 لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا لە ماڵەکەی شەهید جەلیلدا چەندین کۆبوونەوەی نهێنی بەمەبستی ئامادەکاری بۆ شۆڕش کراوە.

ـ ئەوکاتەی (زەعیم صدیق) ئازارێکی زۆری خەڵکی ناوچەکەی دەدا. شەهیدجلیل سوسێی سەرپەرشتی هەوڵێکی کوشتنیی دەگرێتە ئەستۆ،

ـ لە داستانەکانی(چیمەن، شوان، قەرەهەنجیر، کۆچەك و یاروەلی) بەشداربووە.دواجار لە شەڕی بەرگری لەهێرشی سوپا وحەرەس قەومی لە نێوان چیمەن و کۆچەك و یاروەلی لە 1963/7/16 شەهید دەبیت و بە ئەمانەت لە گوندی(شۆریجە)دەنێژرێت، لەسەر داواکاری خێزانەکەی رۆژی 2023/7/10 روفاتی پیرۆزی گەڕێنرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگۆڕستانی گردی چوارباخ بەخاك سپێردرایەوە.




# شەوە ترسناکەکانی بەر مزگەوتی گەورە

دوای  ئەوەی هەردوو(دەربەندی بازیان)و(دەربەنیخان) کۆنترۆڵ دەکرێن، لیوای 20ی سوپای عێراق  بەفەرماندەیی(زەعیم صدیق)دەگەنە شاری سلێمانی ودەستدەکەن بەگرتنی خەڵك و(ئینزیباتخانە) دەکەنە شوێنی لێکۆڵینەوە و ئازار و ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان وبەشێکی زۆریشیان دوور دەخەنەوە بۆخوارووی عێراق،سوپاوحەرەس قەومی لەژێر فەرمانی رەهای(زەعیم صدیق)دا بەردەوامدەبن لەئازاروئەشکەنجەدانی دانیشتوان هەربۆیە(مەکتەبی سیاسی)بڕیار دەدات لەشارەداگیرکراوەکاندا دەستەی نهێنی پێشمەرگەی ناوشار دروستبکات ودەست لەدوژمنان بوەشێنن..

لیژنەی شاری سلێمانی ئاگاداری چەندئەندامێکی حزب دەکەنەوەکە بەنهێنی چاودێری جموجولەکانی (زەعیم صدیق) بکەن... زانیارییان پێدەگا، شەوانەدەچێتە(نادی عەسکەری)کەنزیك لەسەرای سلێمانی بوو، شوێنێکی مەحکەم وپارێزراوبوولەرووی ئەمنییەوە،دوای کۆکردنەوەی

زانیارییەکان لیژنەی پێشمەرگەی نهێنی ناوشار،ئاگاداری دەستەیەك پێشمەرگەکانی ناوشار دەکەنەوە بۆئەنجامدانی کوشتنی تاوانبار (زەعیم صدیق)کەئەوانیش بریتی دەبن لە 5کەس(شێخ صدیق کارێزەیی، عەبدوڵڵا دڕەیی،سەردار،شەهیدقوربانی)

بەفەرماندەیی(جەلیل سوسێی) سەعات 11ی شەوبۆسەیەکی بۆدەنێنەوە لەسەربان وبەرمزگەوتی گەورە، نزیك بازاڕەبچکۆلەی ئەوسەردەمە..

(شەهید جەلیل سوسێی) و(شەهید شێخ صدیق) و(عەبدوڵڵادڕەیی) لەسەربانی مزگەوتی گەورەدەبن(شەهیدقوربانی)و(سەردار)یش لەشەقام، بە 3 غەدارەی پۆڕسەعید و 2 دەمانچەی 14خۆر تەقەی لێدەکەن وچەند فیشەکێك بەرسەیارەکەی(زەعیم صدیق)دەکەوێت،بەڵام خۆی بەرناکەوێ، پێشمەرگەکانیش بۆشوێنی دیاریکراوی خۆیان دەکشێنەوە،ئیتر هەرئەو شەوەسەربازەکان دەکەونەتەقەکردن لەماڵان وهاووڵاتییەك شەهیددەکەن. چەندین کەس لەخەڵکی گەڕەکەکە وئەوکەسانەیش کە لەمزگەوتی گەورە خەوتبوون دەگرن...بۆدواتر ئەودەستە پێشمەرگەیە دەچنەوە شاخ و هەڤاڵ(جەلیل سوسێی) دەکرێت بەسەرلق لەسنووری سورداش و دەست بەچالاکی دەکات، بەداخەوە لە هێرشێکی سوپاو(حەرەس قەومی) بۆ ناوچەی شوان،لەگەڵ دووهاوڕێی تری بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە لە نێوان کۆچەك وچیمەن شەهیددەبن ولەلایەن پێشمەرگەکان وخەڵکەکەوە، لەگوندی(شۆریجە) بە ئەمانەت بەخاکیان دەسپێرن..

* تالیب سەید عەلی / گۆڤاری سلێمانی/ ژمارە(14) /نیسانی 2010

لاپەڕەیەک لەمێژووی پڕسەروەری ئەم شارە

## شەوە ترسناکەکانی بەرمزگەوتی گەورەو هەوڵدانی لەناوبردنی زەعیم سدیق لەلایەن تاقمە کوڕێکی ئازاوبەجەرگی سلێمانییەوە



بەردەم مزگەوتی گەورە

تالیب سەید عەلی

دوای ئـەوەی هـەردوو دەربەند (دەربەندیخانو دەربەندی بازیان) کەپێشمەرگەکان چۆڵیان کرد، هێزێکی عەسکەری گـەورەی سوپای عیراقی بەسەرۆکایەتی ئامیر لیوای (٢٠) زەعیم سدیق هاتە شـاری سلێمانی بەپێی بەرنامەیەکی دارێـژراو لەگەڵ گەیشتنیدا دەستیکرد بەگرتنو ئـازاردانـی دانیشتوانی شـاری سلێمانی، خەڵکانێکی زۆری بەناهەق زیندانیکردو خەڵکێکی زۆریشـی دوورخسـتـەوە بۆ خـوارووی عـیراق، بـەرادەیـەك لـەم شـارەدا رەفـتـاری ئەکرد کەبیبووە (حاکمیکی موتەلەق)و هیچ فەرمانێکی نەلەبەغداو نەلەسلێمانیدا رەت نەئەکرایەوە.

لەشاری سلێمانی جێگایەکیان تەرخانکردبوو کەپێیان ئەگوت (ئینزیباتخانە) هەرکەسێك زیندانیبکرایە راپێچی ئەو جێگایەیان ئەکردو پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر رەوانـەی بەندیخانە (ئەگەر تومەی لەسەر بوایە)، ئەوەی هیچ تومەیەکیشی نەبوایە ئەو دوورئەخرایەوە بۆ خـوارووی عـیراق، ئـەم شارە وایلێهاتبوو شـەوانـە کـەس بەسەرجادەوە نەئەبوو لەترسی جەندرمەکانی زەعیم سدیق، ئەم شارە لەچۆڵەوانییەك ئەچوو کە بەبەرنامەیەکی سـەربازی داگیرکرابوو، دوای ئەوەی زەعیم عەبدولکەریم قاسم کەفەرماندەی هێزە عەسکەرییەکانو سەرەك

١١٤ سلێمانی نیسان ٢٠١٠

□

**دەقی ئەو بابەتە لەژمارە 14ی گۆڤاری سلێمانی بڵاوکراوەتەوە**

وەزیرانی عیراق بوو بڕیاریدا کەخۆی ئامادەبێت لەکردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان لەکۆتایی ساڵی ١٩٦١ بەو مەبەستەی کەگوایە کۆتایی بەشۆڕشی ئەیلول هاتووە، کەئەوان ناویاننابوو (حركة التمرد).

لەکاتی کردنەوەی بەنداوەکەدا وتارێکی پێشکەش بەئامادەبووان کرد تیایدا لێبووردنی گشتی بڵاوکردەوە بۆ ئازادکردنی گیراوەکانو گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کوردانەی کەلەسەر شۆڕشی ئەیلول گواسترابوونەوە بۆ خوارووی عیراق.

ئەوەبوو لەئەنجامدا خەڵکانێکی زۆر ئازادکرانو گەڕانەوە سلێمانیو شارەکانی تری کوردستان، لەدوای ئەم لێبووردنی گشتییە بارودۆخی کوردستان بەگشتی شاری سلێمانی بەتایبەتی بەرەو هێمن بوونەوە ئەچوو، هەر لەو هەلومەرجەدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئەوسەردەمە خەریکی خۆ رێکخستنەوەو بەرگریکردن بوو لەخۆیانو پارێزگاری لەئەندامو جەماوەرەکەی، بەڵام پیاوانی زەعیم سدیق تا ئەهات ئازاری دانیشتوانی ئەم شارەیان ئەداو بەردەوامبوون لەسەر زەبروزەنگو چاوترساندنی شار، ئەوەبوو کە(مەکتەبی سیاسی) بڕیارێکی دەرکرد بۆ لقەکانی پارتی لەشارەکاندا کەهەر لقەو لەشاری خۆیدا پێشمەرگەی ناوشار بەشێوەیەکی نهێنی رێکبخات.

پاشماوەیەکی کەم لەشاری سلێمانیدا پێشمەرگە دروستکراو لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دانرا کەزۆر بەنهێنی کاریان ئەکردو گەلێ کاری باشیان ئەنجامدا.

دوای ئەوە (مەکتەبی سیاسی) ئاگاداری لیژنەی پێشمەرگەی ناوشاریان کرد کەبەشێوەیەکی زۆر نهێنیو بەپێی بەرنامەیەکی ورد ئەو لیژنەی پێشمەرگەیە لەناوشاری سلێمانی بەپێی پلانێکی داڕێژراو کەمینێك بۆ کوشتنی (زەعیم سدیق) دابڕێژێت، بۆ سەرکەوتنی ئەم پلانەش لیژنەی پێشمەرگە ئاگاداری چەند ئەندامێکی خۆیکردبوو کەبەوردی چاودێری جموجوڵەکانی (زەعیم سدیق) بکەن لەهاتوچۆو ئەو رێگانەی تاقمەکەی ئەیگرنەبەر لەناوشاردا، لەئەنجامدا ئەم زانیاریەیان دا بەلیژنەی پێشمەرگە، کەناوبراو شەوانە ئەچێتە (نادی عەسکەری) کەئەوکاتە لەلای بەردەرکی سەراوە بوو کەجێی موتەسەرفییەتو شوێنێکی مەحکەمبووە هەمیشە سەربازو پۆلیسی لێبوو، شەوانەش درەنگ سەعات یەك بۆ یەكو نیوی شەو ئەگەڕێتەوە بۆ (حامیەی عەسکەری) کەزەعیم سدیق لەو حامیەیەدا ئەنووست.

وەرگرتنی ئەم زانیارییانە لیژنەی پێشمەرگەی ناوشار ئاگاداری ئەم پێشمەرگانەی کرد کەلێرەدا بەئەمانەتەوە ناوەکانیان وەك ئەرکێکی نیشتمانی تۆمارئەکەم، ئەوانەش (شێخ سدیق کارێزەیی، عەبدوڵڵا دڕەیی، سەرداروو شەهید قوربانی بوون بەسەرکردایەتی شەهید جەلیل سووسێی) کەبەپێی پلانێکی تۆکمەو زۆر ئازایانەو چاونەترسانە لەکەمینێکداو لەکاتی گەڕانەوەی زەعیم سدیق ـی خوێنڕێژ لەسەعات (١١)ی شەودا بۆیدانیشتن، هەر ئەم دەستە پێشمەرگە ئازاو بەجەرگانە لەوکاتەداو بەپێی ئەو پلانە چاونەترسو تۆکمەیە ئەچنە (سەربانی مزگەوتی گەورە) لەلای دەرگای



شەهید جەلیل سوسێی

دووەمیوە کەئەکەوێتە (سەرجادەی بازارە بچکۆلەوە) بەمجۆرەش دابەش ئەبن (شەهید جەلیل سووسێیو شەهید شێخ سدیق کارێزەییو حاجی عەبدوڵلا درەیی) لەسەربانی مزگەوت ئەبنو (شەهید قوربانیو سەردار) لەخوارەوە ئەبنو چەکەکانیشیان بریتی بوون لە (غەدارەی پۆرسەعیدو دوو دەمانچەی چواردەخۆر).

لەکاتێکدا کەزەعیم سدیق بەرەو حامیە ئەگەرێتەوە دەستڕێژی لێئەکەنو هەر بەپێی پلانەکەیان ئەو شوێنە بەجێئەهێڵنو بەرەو جێگایەکی دیاریکراو ئەبنەوە، بەلام هێزەکەی زەعیم سدیق تا بەرەبەیانی ئەو شەوە لەو ماوەیەدا ئەکەونە دەستڕێژ لەدانیشتوانی گەڕەکو لەو مالانە، لەئەنجامی ئەم تەقەو دەستڕێژانە یەکێکی بێ گوناه لەدانیشتوانی گەڕەك شەهید ئەبێتو زۆربەی پیاوانی گەڕەکیش ئەگرن، ئەو کەسانەش ئەگرن کەشەو لەمزگەوتی گەورەدا نووستوون.

بەلام بەداخەوە دەستڕێژەکەی ئەو پێشمەرگە ئازاو نەبەردانە هەر بەر جێبەکەی زەعیم سدیق کەوتبوو ئیتر کەسێکی تری پێوەنەبوو، دوای ئەوەی ئەو پێشمەرگانە ئەو کارەیان ئەنجامدا چوونەوە شاخو شەهید (جەلیل سووسێی) کرا بەسەرلق لەناوچەی سورداشو لەهێرشێکی حکومەت بۆ ناوچەی چیمەن شەهید جەلیل سووسێی بەرەنگاری ئەو هێرشە بووەوەو لەئەنجامدا لەهێرشێکی فڕۆکەکانی دوژمن زۆر بەداخەوە شەهیدکرا.

شەهید شێخ سدیق لەشاخەوە بەکاری پێشمەرگایەتی ناردیانەوە بۆ شاری سلێمانی بەلام پیاوانی (عەدنان خەیروڵلا) کەئەوکاتە (ئەفسەری ئیستخبارات) بوو شوێنەکەیان زانیبوو کەلەکام ماڵدایە لەگەڕەکی ئابلاخ چوونە سەرێو هەر لەو ماڵەشدا شەهیدیان کرد.

حاجی عەبدوڵلا کەس نەیئەزانی کەپێشمەرگەیە چونکە تەمەنی هەبوو دووساڵ لەمەوپێش ڕۆیشت بۆ حەجو دوای ئەوە کۆچی دواییکرد.

ئەمە ئەو یادەوەرییانە بوون کەمن وەك کەسێکی شارەزای بوارە سیاسییەکان بەحوکمی ئەوەی ئەندامێکی پارتیو ئاگاداری دروستبوونی شانەکانی پێشمەرگەبووم، لەمێشکمدا هێشتوومەتەوەو سوپاس بۆ خوا ئێستاش کەسانێکی ئەم شارە کەلەنزیکەوە ئاگاداری ئەو چالاکیەی مەفرەزە سەرەتاییەکانن ئەم بیرەوەریانەیان لەدەرووندا ماوەتەوە، وا لێرەدا بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەینووسمەوە وەك شایەتێکی ئەو سەردەمە سەختو پڕ لەمەترسیانەی خەباتی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرو دڵسۆزو بەجەرگانەی ئەو سالانەو ڕێزو سلاوو خۆشەویستییەکی زۆر بۆ ئەو تاقمە تێکۆشەرو ئازایەی ئەو پێشمەرگانەو خۆشەویستیم بۆ نەوەکانیانو خزمو کەسوکاریان.

ئەمێنێتەوە کەئەوەش بڵێم کەشەهید قوربانی بەدەستی کەسانێکی ناپاك لەدوای ئەو هەڵمەتە ئازایانەی شەهیدکرا، سلاو لەگیانی ئەو تاقمە شەهیدەو هەموو شەهیدانی کوردستان.



سوپاس بۆ (هاوڕێ شکار کە ژمارە14ی گۆڤاری سلێمانی دابینکرد.

# شەڕێك

# لەپشتی ئەزمەڕ

دوای ئەوەی هێزاکانی رژێم چیای ئەزمەڕ کۆنترۆڵ دەکەن لەسیتەکەوە بەرەو تەگەران وقەلاّچۆلان هێرش دەکەن شەڕێکی قارەمانانە روودەدات، لەوشەڕەدا دۆژمن کوژراو و بریندار و دیلی دەبێت..(وریاشوانی)یەکێك لە فەرماندەکانی بەشداربووی ئەوشەڕە بیرەوەرییەکانی دا دەگێڕێتەوە:

دوای کشانەوە لەئەزمەڕ،سوپاو جاش وحەرەس قەومی بە فەرماندەیی زەعیم صدیق،بەرەو شاربازێڕ پێشڕەوییان کرد، لە نزیك گوندی تەگەران هێزی پێشمەرگەو هێزی هێرشبەر رووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەوشەڕەدا دوژمن کوژراو وبریندار‌ی زۆری هەبوو ،ئەفسەرێك و چەندسەربازێك بەدیل گیرابوون..بەلاّم هێرشەکە بەردەوام بوو، پاشنیوەڕۆ پێشمەرگە لەپاشەکشەدابوو،هەواڵیان پێدام دووهەڤاڵی پێشمەرگە(عەلی پەنجایی) و (خالید پاساری) لەبەرەی شەڕدا بەجێماون، خۆم بۆنەگیرا.. لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە هێرشم بردەوە، بینیم (خالید پاساری) بەبرینداری لەسەنگەرێکداخۆی گرمۆڵەکردووە،کەلێی نزیك بوومەوە بینیم بەسەختی برینداره،قۆڵکی پێکرابوو بە جامانەکەی خۆی توند شەتەکی دابوو، گولەیەك بەرفیشکدانەکەی کەوتبوو.. فیشەکی بڕنەوە لە قەد خۆی تەقیبۆوە وگولەیەکیش لەتەنگەی دابوو لەپشتیەوە هاناسەی دەدا..

هەرچۆنێك بوو..گەیاندمانەوە پشتی بەرەی شەڕەکە و بردمانەوە بارەگاکەمان لەگوندی(مارەڕەش) لەکاتی تیمارکردندا هاواری دەکرد.. لەوکاتەدا ئەفسەرێکی دیل کەخوشکەزای (زەعیم صدیق) بوو ئەویش تیمار دەکرا ونوقەی لیۆەنەدەهات،سەرم نایەبناگوێی خالیدوپێم گووت: تەماشاکە ئەو ئەفسەرە چرکەی لێوە نایەت ، زۆر عەیبە پێشمەرگە ئاوا هاوار هاواربکات..هەرکەوام گووت بێدەنگ بوو..یەکسەرخەوی لێکەوت. بۆ شەو گەیاندمانە نەخۆشخانەی(ماوەت)و لەوێوە ناردبوویان بۆئێران. دوای چارەسەر گەڕایەوە بۆ سەنگەرەکانی خەبات.

## دوو تێکۆشەری ئازای شەڕەکەی تەگەران



خوالێخۆشبوو وریا شوانی



خوالێخۆشبوو خالید پاساری

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ سەر عەربەت و سەیدصادق و دەوروبەریان

دوا بەدوای بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ لەناو شاری سلێمانی هێزێکی زۆری سەربازی وحەرەس قەومی بەمەبستی تالآن وکوشت وبڕو تۆقاندن،بۆسوتاندنی دەغڵ ودانی جوتیارانی دەشتی شارەزوور.. هێرش دەکەنە سەر عەربەت و سەیدسادق و گوندەکانی هەردوو بەری رێگای (سلێمانی - هەلەبجە) ئاگر لەخەلەوخەرمانی هاوولآتیانی کورد بەردەدەن و زیانێکی زۆر لەخەڵکی ناوچەکە دەدەن،لەناوشارۆچکەی سەیدصادق دەیان کەس قۆڵبەست دەکەن و بۆ حامیەکەی سلێمانی دەیانگوازنەوە، هەتا رۆژی سووتانی سەرۆکی عێراق(عبدالسلام عارف) لەژێرئازارو ئەشکەنجەدا دەژین، بەهاتنە سەرکاری (عبدالرحمن عارف) بارودۆخ کەمێك ئاسایی دەبێتەوەو لەگەڵ باقی زیندانیانی سلێمانی ئازاددەکرین.لەوشالآوەی (سەیدصادق)دا ئەم هاوولآتیانە شەهید دەبن:

1 ـ علی شریف علی(1)	2 ـ علی محمد زۆراب
3 ـ احمد ابراهیم بەگ	4 ـ صالح مەلا فەرەج
5 ـ خەلیفە عومەر ـ لەنێوان (بێستانسوور)و(خەرابە)
6 ـ کاکەعەلی احمد/ موالید1900 گوندی گامێش تەپە
7 ـ محمد حسن / موالید1957 گوندی گامێش تەپە
8 ـ حەمەسعید کاکەعلی و حسن فتاح محمد بریندار دەبن.(2)

---

1 . مامۆستا عوسمان کانی پانکە نووسیویەتی: علی شریف علی کوێخای بەشێك لە سەید صادق دەبێت، تاوانبار (زعیم صدیق) بەدەمانچەکەی خۆی دەیکوژێت..

2 ـ سەرچاوە : پەیوندی لەگەڵ هاوڕێ (نەوزادئەسعەد) خەڵکی گامێشتەپە



# شەهیدانی گوندی خەراجیان

سوپای عێراق وحەرەس قەومی لە 9 ی حوزەیران و رۆژانی دواتر دا 6 هاوولاتی گوندی(خەراجیان)شەهید دەکەن، چوارکچەکوردی پاکیزەی گوندەکە،دوای ئەوەی سوپا وحەرەس قەومی بەفەرماندەیی تاوانبار (زەعیم صدیق) دەچنە سەر ئەو گووندە لە نێوان سلێمانی و عەربەت. گوندەکە گەمارۆدەدەن و دانیشتوانەکەی لە(گردی رەش) کۆدەکەنەوە.. لە مالێکی گووندەکە دوو خووشك لە ترسی ئابڕوو و نامووسی خۆیان دەچنە نێو (کادان)ێکەوە ودەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن و دەرگا لە سەربازەکان ناکەنەوە.

سەربازەکانیش،خانووەکە گڕ دەدەن و هەردوو خووشکەکەکە لەژوورەوە دەسووتێن و دەبن بە خەلوز.لەو کاتەدا کەشەمال بۆنکروزی سۆتانی

کچەکان بڵاودەکاتەوە دایك وباوکی کچاکانیش وەك برێشکەی سەرساج هەڵدەپەڕن و بەدەم شیوەن وگریانەوە هاوار دەکەن:

بۆن کروز دێ.. بۆنکروز دێ..!

ئەوبۆنسۆی لاشەی سوتاوی روناك ومەحبوبەی جگەرگۆشەی ئێمەیە..

دوو کچیی تریش هەرئەورۆژە شەهید بەهەمان شێوە شەهید دەبن و هەرچواریان دەبن بەکۆی زوخاڵ..

لە هەمان رۆژ لە هێرشەکەی 9 ی حوزیراندا دوو هاووڵاتی هەمان گوند لە(حامییەکە) شەهید دەکرێن.

## ناوی شەهیدەکان:

1 ـ مەحبوبە کەریم خراجیانی

2 ـ ڕووناك کەریم خراجیانی

3 ـ گوڵاڵە عومەر خراجیانی

4 ـ عائیشە عومەر خراجیانی

5 ـ مەولود رەشید عەبدولرەحمان *

6 ـ ئەحمەد مەلا غەریب

---

* مەولود رەشید عەبدولرەحمان و ئەحمەد مەلا غەریب لە (حامیەی سلێمانی) شەهید کرابووە

سەرچاوە:

1 ـ مامۆستا صدیق عەزیز خەراجیانی

2 ـ پەیجی خزمانی خەراجیان



# شەهید حەمە گوڵپی

*محمد ئەحمەد (حەمەگوڵپی)

- لە ساڵی 1930 لە گوندی (گوڵپ)ی ناوچەی هەورامان لە بنەماڵەیەکی جوتیاریی گوندەکە لە دایك بوو بوو.

- ساڵی 1951لەگەڵ خاتوو حەپسە هاوسەرگیری دەکەن وچوارکوڕیان دەبێت بەناوەکانی(د.فایەق وشەهیدتاریق وشەهید نامیق و د.ناجیح)

- لەساڵی1957دەبێتە پۆلیس(کاتب) لەمەخفەری پۆلیسی سۆسەکان، لە نزیك تەوێڵە.

- لەپایزی ساڵی 1962 لەگەڵ مام کەریم هاواری مەخفەری سۆسەکان تەسلیم بەشۆڕش دەکەن، کە چەکێکی زۆردەستی شۆڕش دەکەوێت، پاش ئەوە شۆڕش زۆربەی ناوچەکانی خورماڵ و بیارە و تەوێڵە و شارەزوور ئازاد دەکەن، حکومەت تەنها گەڕەکی سەرای هەڵەبجەی بەدەستەوە دەمێنێت..

لەبەر زیرەکی و ئازایەتی کەم وێنەی حەمە گوڵپی دەکرێتە سەرپەل و سەرپەرشتیاری هێزی بەرگری میللی ناوچەکە.

# شەهید بوونی له داستانی پردی زەڵم

له ڕۆژی 12ی ئابی 1963زەعیم صدیق به هێزێکی گەورەی سوپای عێراق و حەرەس قەومی به 16دەبابەوه له(سەیدسادق)ەوه هێرش دەکەن بەرەوهەڵەبجه، پێشمەرگەکان بەفەرماندەیی شێخ حەمەومینی شێخ عەولای عەبابەیلیێ وکاکەحەمەی فەرەج ولیوا نەوشیروان مەستی و شەهید حەمه گوڵپی له پردی زەڵم سەنگەر دەگرن،پاش شەڕێکی قارەمانانه،کاك حەمەگوڵپی فیشەکی لێدەبڕێت..هەربۆیه دەست به خەنجەر هەڵدەکوتێته سەر دەبابەیەك ودەرگای سەرەوەی دەکاتەوه، بەداخەوه تەقەی لیێ دەکەن و لەگەڵ حەمەصالح بەشارەتی و 11پێشمەرگەی تردا شەهید دەبن..تەرمەکەی دەکەوێته دەست دوژمن و سەربازەکان بەدوای دەبابەدا تاشارۆچکەی سەیدسادق ڕادەکێشن... لەوێ مامۆستا مەلاصالح و مەلاحەمەکەریمی نەوێ وچەندکەسی تر.. جەنازەکەی بەخاك دەسپێرن. پاش چەندساڵ بنەماڵەکەیان جەنازەکەی دەبەنەوه بۆ ئاوایی گوڵپ.

ـ لەساڵی1983کوڕێکی لەشەری ناوخۆ شەهید دەبێت.

له کیمیابارانی هەڵەبجه دا خێزانەکەی وکوڕێکی تری شەهید دەبن.

---

* سەرچاوەکان:

1 ـ کاتێك لێرەوه سەیری ژیانی خۆم دەکەم ـ د.فایەق گوڵپی

2 ـ چاوپێکەوتنی د.فایەق گوڵپی لەبەرنامەی (دیداری تەمەن)

3 ـ له شنورێوه بۆ ستۆکۆڵم / کاکه حەمەی فەرەج..

4 ـ نوسینێکی سەرچڵ یونس / لەفەیسبووك

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ هەڵەبجە



## شەهید
## عابید محەمەد
## سۆفی ئەحمەد عەبابیلیٚ

### مەلا عابید

1923–1963

عابید محەمەد ئەحمەد لەساڵی 1923 لەگوندی عەبابەیلیٚ لەدایك بووە .

ـ لەساڵی 1941 لەگەڵ خاتوو (توبا فەتاح حسن) هاوسەرگیری کردووە، بوونەتەباوك ودایکی(6) منداڵ ،کە چوار کوڕو دوو کچ بوون بەناوەکانی ( ئەحمەد ، هۆشیار ، بەختیار ، ڕێبوار ، ڕەعنا ، ڕووناك ).

ـ لەپەنجاکاندا دەستی کردووە بەخوێندنی ئاینی لەگوندی عەبابەیلیٚ ..

ـ لەگەل کۆمەڵێك کەسایەتی ناسراوی ناوچەکە دەست بە کاری سیاسی کردووە وڕێکخراوێکیان دروستکردووە..

ـ لەسەرەتای شۆڕشی 1961 دا دەبێتە کادێر وپێشمەرگە.

ـ لەساڵی 1963 کاتێك زەعیم صدیق دەیەوێت هێرش بکاتە سەر شاری هەڵەبجە(مەلا عابید)وهاوڕێکانی دێنەوە ناو شار،بۆ بەرزکردنەوەی ورەی

جەماوەر. دوای ڕوخسەت خوازتن لەهاوڕێکانی سەرێکی ماڵ دەداتەوە. لە هاوڕێکانی دادەبڕێت. زەعیم صدیق و سوپاکەی هێرش دەکەن و دەوری شار دەگرن ،بەبڵدنگۆ بانگەواز دەکەن کەس لەشار دەرنەچێت... دراوسێکانی هەرچی پێی دەڵێن دەرمەچۆ..خۆت بشارەوە.. تازە دەوری شارگیراوە..ناتوانی دەربچیت..ئەو بەوەڕازی نابێت و بەرەوعەبابەیلیٚ و بۆلای هاوڕێکانی دەکەوێتەرێ، کەدەگاتە نزیك (کارێزی حاجی ناجی) تەقەی لێدەکەن و بریندار دەکەن...خۆی دەداتە پاڵ تاشە بەردەێك.. کەئێستا بە بەردەکەی(ڕۆشنا) ناسراوە.زۆری پێناچێت دەگەنە سەری و بەپشتێن وجامانەکەی دەستی دەبەستنەوەو بە ئۆتۆمبیل ڕای دەکێشن.. دەیبەنە نەخۆشخانەی شار..تا بەزیندوویی نهێنی لیٚ وەربگرن...

بەڵام دوای ئەوەی دڵنیادەبن یەك وشە نادرکێنێت،دەیبەنە بەردەرکی سەرای هەڵەبجە و لەسێبەری دارتوویەك دایدەنێن..

بەبەر چاوی خەڵکەکەوە ئاگربارانی دەکەن.. دوای ئەوەی حەمەرەئووفی برای هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەك دەزانیٚ دەگاتە هەمان شوێن .. ئەویش دەگرن و هەرلەویٚ شەهیدی دەکەن.

چەند پیاوماقوڵێك تەکلیف لە حەرەس قەومییەکان دەکەن بۆ پێدانەوەی تەرمەکانیان.. بەڵام ڕازی نابن، دواتر لەژێر چاودێری وردی سوپاکەدا بەهاوکاری خەڵکی دڵسۆزی شاری هەڵەبجە تەرمی هەردووشەهید لە1963/10/22 لە گۆڕستانی شێخ ئیسماعیل بەخاك دەسپێردرێن.



# شەهید
# رەئووف محمد
# سۆفی ئەحمەد عەبابیلێ

**داره تووەکەی بەر دەرکی سەرا بەخوێن عابید و رەئووف ئاودرا**

**رەئووف محمد ئەحمەد 1943 لە گوندی (عەبابیلێ) لەدایك بووە**

**- دەرچووی پێنجی ئامادەیی بووە لە هەڵەبجە**

**- کادرێکی چالاکی حزبی شیوعی بووە**

**- لەئەیلولی 1963 لە کۆلیژی پۆلیس لە شاری بەغدا وەردەگیرێت.**

**- رۆژی 22 - 10 - 1963 لە هەلەبجە دەبێت.**

**کەهەواڵی پێدەگات پێشمەرگەیەك بەبرینداری بەدیلگیراوە و بردراوە، بۆ سەرای هەڵەبجە..خۆی دەگەیەنێتە سەرتەرمی شەهید(عابید)ی برای نارەزایی توند بەرانبەر شەهیدکردنی براکەی رادەگەیەنێت..**

**فەرماندەکانی سوپا و جاش و حەرەس قەومی لە دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێت ئەوە برای شەهید(مەلاعابید) قۆڵبەستی دەکەن و بەهەمان دارتووەوە دەیبەستنەوە کەبراکەی لەسێبەرەکەیدا شەهید کرابوو..**

**داوای لێدەکەن حاشای لێبکات و بەخائین ودژی دەوڵەت ناوی بەرێت..**

**بەڵام ئەو مل بۆ داوەکەیان کەچ ناکات و هەرلەوێ دەستڕێژی لێدەکەن و ئەویش شەهید دەکەن.. خوێنی سووری دووبرا.. دووکادیری دووحزب تێکەڵ یەکتر دەبن ودارتووەکانی بەردەرکی سەرا ئاو دەدەن.. (1)**

**پیرەژنێکی هەلەبجەیی کەلەوێوە تێپەڕ دەبێت و تەرمی هەردوو شەهیدو جۆگەلەی خوێنی بەناهەق رژاویان دەبینێت بەو دوودێڕە شیعرەی خوارەوە دەیان لاوێنێتەوە.. هەربۆیە ئەوە نزیکەی شەست ساڵە بووە بەوێردی سەرزاری خەڵك:**

**دارە تووەکەی بەر دەرکی سەرا بەخوێن عابید و رەئووف ئاودرا**

***

---

1 ـ سەرچاوە :

ـ پەیوەندی لەگەڵ نووسەر (ئیبراهیم هەورامانی.

ـ پەیوەندی لەگەڵ رێبوار عابید کوڕی شەهید

ـ پەیوەندی لەگەڵ ئومێد شەهید جەمال کچەزای شەهید



## سوتانی شیعر

دوا بەدوای شەڕی بەرگری دەشتی شارەزوور و شەهیدبوونی کاکە (حەمەی گوڵپی) وهاوڕێکانی سوپا و جاش وحەرەس قەومی پێشڕەوی دەکەن بەرەوشاری هەلەبجە ئەوپێشڕەوییە بە تۆپبارانی شارەکە دەسپێدەکات ،کانی عاشقان و شنروێ .. گڕدەگرن،رەزوباخ و دەیان خانوو و دوکانی هاووڵاتیان دەسووتێن.

لەو تۆپبارانانەدا دوکانی شاعیری کورد (ناطیق) یش بەردەکەوێ ، بەداخەوە دەستنووسەکانی وچەندکتێب و قورئانەکەی تێدا دەسووتێن.

## ناتیق کێ بوو...؟

شاعیرێکی شاری هەڵەبجەبوو..

- ناوی تەواوی:کەریم مەعرووف وەسمان نازناوی شیعری (ناطیق) بوو.
- لەساڵی 1886 لەدایك بووبوو.
- هاوڕێی (ئەحمەد موختار و حیلمی و شاهۆ و موفتی پێنجوێنی و ناری و قانیع..) دەبیت.
- لەساڵی 1967 کۆچی دوایی دەکات.
- لەدوای کۆچی خۆی کۆمەڵێك لەشیعرە پەرتەوازەکانی کۆدەکرێتەوە و لەلایەن نووسەر (حەکیمی مەلاصالح)ەوە چاپ وبڵاو دەکرێتەوە.

سەرچاوەکان: 1 ـ دیوانی ناطیق .. 2 ـ کۆچەر میرزا ئەنوەر ..3 ـ ئیبراهیم هەورامانی.



# هێرشی حەرەس قەومی
# بو سنووری ناحیەی وارماوا

لەدوای کۆنترۆڵکردنی عەربەت وسەیدسادق وبەشێك لە شارەزوور، هێزێکی زۆری سوپاوحەرەس قەومی بەپشتیوانی تانك و زرێپۆش و هێزی ئاسمانی عێراق بەفەرماندەیی(زەعیم صدیق)ی خوێنرێژ، لەرۆژی 1963/6/25 هێرش بۆ گوندەکانی ناحیەی (وارماوا) دەستپێدەکەن، لەوسنوورەش وەك باقی شوێنەکانی تر، دەغڵودان وخەلەوخەرمانی جوتیارن ئاگردەدەن وخانوو وماڵیان دەسووتێنن وسەروەت وسامانیان تاڵان دەکەن،بەتایبەت لەهەردوو دێی(سیارە)و(بیرکێ)کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدەن،بە دەیان جوتیار و رەنجبەری بێتاوان شەهیدەکەن.

## ناوی شەهیدەکانی دێی سیارە :

1 ـ احمد مارف وەسمان
2 ـ رەمەزان محمود رەحمان
3 ـ فقێ محمود میران
4 ـ کەریم پیروەیس محمد
5 ـ صالح پیروەیس محمد
6 ـ امین خەسرەو احمد
7 ـ فتاح رحمان محمد
8 ـ رسول محمد رحمان
9 ـ عبدالقادر حەمە امین
10 ـ عزیز کریم محمود
11 ـ حەمە میران اسماعیل
12 ـ قادرحەمەامین رحمان
13 ـ حسین فتاح رحمان
14 ـ مولود رحمان
15 ـ فەرەج حەمەامین
16 ـ غفور فەرەج علی
17 ـ امین مارف
18 ـ صالح احمدعلی (1)

## سێ هاووڵاتیش بەم ناوانە بریندار دەبن :

1 ـ قادر رحمان فتاح
2 ـ تۆفیق قادر
3 ـ صابیر تۆفیق قادر

---

**سەرچاوە**:

سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

ـ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی . چاپی چوارەم ـ 2013

# تاوانی حەرەس قەومی

# لە ئاوایی بانیخان

لە ئاوایی(بانیخان)ی گەرمیانیش حەرەس قەومی چەند هاووڵاتییەك بەم شێوەیە شەهیددەکەن:

1 ـ شەهید سعیدحسین لەتیرەی عیسایی

لەگەڵ دووسێ هاووڵاتی تر لەبانیخانەوە دەڕۆن بۆ ئاوایی(چاڵە ڕەش) لەرێگا لەلایەن حەرەس قەومی وهێزێکی سەربازییەوە بەدیل دەگیرێن، ئەفسەری فەرماندەی هێزەکە بڕیار دەدات یەك یەك بیانبەنە بەردەستی و دواتر بیانکوژن،یەکەم کەس(کریم عیسی)دەبنە بەردەستی،تاهێزی هەیە زللەیەك لە بناگوێی دەدات..کڵاوجامانەکەی دەکەون،قژی درێژی دەردەکەوێ ،دەپرسێت:ئەوقژەت بۆ وا درێژە..؟ ئەویش دڵێ :دەروێشم. ناهێلێت بیکوژن..دووەم کەس ب(سعید حسین)دەبەنەبەردەستی..

بڕیار دەدات: بیکوژن..! یەکسەر شەهیدی دەکەن.

2 ـ شەهید محمد سۆفی عزیز

لەنزیك (ئاوەخوێڕیەکە) خەریکی دروێنە دەبێت،خوشکێکی دەساڵانی لەگەڵ دەبێت..بەبەرچاوی خوشکەکەیەوەگوللەبارانی دەکەن..دوای شەهید بوونی دەیخەنە دوای زرێپۆشێك و تەرمەکەی رادەکێشن، لەورۆژەوەتامردنی خوشکەکەی شێت دەبێت و چاك نابێتەوە..

3 ـ شەهید فەرەج قادر لەپێشترخەڵکی(پونگەڵە) دەبێت،دواتر دەچێتە باوەنوور،حەرەس قەومی دەیگرن ودەیبەنە بنکەی پۆلیسی باوەنوور و دوای ئازارو ئەشکەنجەی زۆر تاوانباریك بەناوی(رئیس عرفاء کاظم) خەڵکی حەویجە شەهیدی دەکات وبۆشەوەکەی چاڵێکی بۆهەڵدەکەنن و دەیشارنەوە...

4 ـ شەهید محمدعبدالکریم حاجی محمد

پێشتر خەڵکی (لاڵەخان) بوو بوو،لە شارەزوورەوە بەپێ بەڕێ دەکەوێ بۆ هەواڵپرسینی کەسوکاری لەگەرمیان،لە نزیك گوندی (قاشتی) دەستگیر دەکرێت و هەر لەبەر ئەوەی جلی کوردی لەبەر دەبێت و خەنجەرێکی لەبەرپشت دەبێت،بێ دادگایی کردن شەهیدی دەکەن.(2)

5 ـ شەهید صالح محمد قادر

سەربەهۆزی سۆفیوەند دەبێت..لەگەڵهێرشی حەرەس قەومی بۆ بانیخان لەکاتی هەڵاتندا دەستڕێژیان لێدەکەن و شەهید دەبێت،باوکی ناهێڵێت تەرمەکەی بکەوێتە دەست دوژمن،لەسەر پشتی ئیسترێك شەتەکی دەدات وپاش چەندکاتژمێر رێکردن دەیباتە (گۆڕستانی امام علی ) لەنزیك ئاوایی(ورێڵە) بەخاکی دەسپێرێت.(3)

* سەرچاوە: 1 ـ سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .
ـ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی . چاپی چوارەم ـ 2013 س ل 176 ـ 177
2 ـمامۆستا حەمەصالح هارونی ـ پەیوەندی تەلەفۆنی
3 ـ کاك (مەلاناصر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.



## ئەحمەد هۆرێنی (ئەحمەدی حەبە)

**پیاوێك پڕاوپڕلەخۆڕاگری وبەرخۆدان،مرۆڤێکی هەڵکەوتوو ودیار،جێی سەرنجی کەسەناودارەکانی بناری بەمۆ،بەشداری جولاّنەوەی سیاسی ناوچەکەی کردووە.**

**ـ لەگەڵ یەکەم  چەخماخەی شۆڕشی ئەیلولدا لە چیایی (بەرانان)ی پشت تونێلەکەی دەربەندیخان سەنگەر دەگرێت..یەکیك دەبێت لەو پێشمەرگانەی ساڵی1963 کە (حەرەس قەومی) یەکان  بە فەرماندەیی (زەعیم صدیق) و(سعد حمۆ) پەلاماری کوردستان دەدەن ،خۆی و هاوڕێ کانی لەنزیك گوندی(سیارە)ڕوبەڕووی هێزەداگیرکەرەکە دەبنەوە، گورزێکی کوشندە لەو هێزە دەوەشێنن..ناچار بەپاشەکشەیان دەکەن،لە هەمان ساڵدا بەشداری داستانی چیای زمناکۆ دەکات،(مام جلال) زۆر متمانەی پێی بووە،هەڤاڵی تێکۆشەرحیلمی علی شریف زۆرجار بۆ کاری گرنگ و سەخت ڕایسپاردووە، دوا  پلەی سەرلق دەبێت..**

ـ ساڵی1970 بریندار دەبێت نزیکەی 6 مانگ لە نەخۆشخانەی فیردۆسی لە تاران چارەسەری بۆ دەکرێ.

ـ لە ساڵی1975 تا کۆتایی شۆڕش بەشداردەبێت.. وەك هەزاران کەس ڕوولەئێران دەکات وپاشان دەگەڕێتەوە ئاوارەی خوارووی عێراق دەبێت، دوای چەند ساڵێ دەیان هێننەوە بۆ ناوچەی بازیان و لەوێ لە ئۆردوگاکانی زۆرە ملێ دا ژیانی ژێر دەستەیی دەباتە سەر..بەڵام ئەوچەرمەسەری یە کۆڵی پێ نادات، گیانی نیشتمان پەروەری زیاتر لە ناخیداچەکەرەدەکات؛بەتایبەتی دوای ئەوەی شۆڕشی نوێ پەرپادەبێت، ئومێد لای نەویش نوێ دەبێتەوە، بابانی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێ لاوی بناری بەمۆ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە وە دەکەن ..مەخابن ئاشکرادەبن و لەلایەن دەزگائەمنییەکانەوە دەستگیر دەکرێن،دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر بڕیاری مەرگ بەسەریاندا دەسەپێندرێت، گەرچی هەوڵی دەربازبوون دەدەن..بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نابن.پاشان لە قەسابخانە بەدناوەکەی(موسڵ) لەسێدارە دەدرێن.*

کاکە(بابان)بەر لەسێدارەدان لەنامەیەکدا بۆخوشکی گەورەی، خۆڕگری و باوڕبەخۆبوون و بەبچووك بینینی دوژمنان ومەرگ لەپێناو نیشتمان دا بەکارێکی سادە وئاسایی زانیوە.

* بەشێك لەو زانیارییانە لەوالی ( Muhamad Hussen ) وەرگیراوە.



# پیلانی
# کوشتنی زەعیم صدیق
## کێ پلانی کوشتنەکەی دارِشت؟

**کەمال قادرلە(شارپرێس) هەوڵی کوشتنی زەعیم صدیق دەگێڕێتەوە**

**ـ کەمال قادر ساڵی ١٩٣٨لە سلێمانی لەدایك بووە، هەر لەسەر دەمی لاوییەتیەوە سەرقاڵی کاری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی بووە، ئێستا لە تاراوگەو لەسوید دەژیت،باس لە پەیوەندی خۆی بەهێزی پێشمەرگەو بەتایبەت مامۆستا ابراهیم ئەحمەد دەکات کە چۆن لەسەر داوای ئەو چەند چالاکی لەناو شاری سلێمانی کردوە...**

**پوختەی چاوپێکەوتنەکەی وەردگرین بەمەبەستی زانیاری چۆنیەتی هەوڵکە**

***شارپرێس: بیرۆکەی کوشتنی زەعیم صدیق لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو ؟***

**کەمال قادر:لەخۆمەوە نەمکرد،هاوڕێی عەریفێکی زەعیم صدیق بووم،ئەو ئەهاتە چایخانەی سۆلاڤ. لەوێوە بووبووین بە برادەر. قسەی ئەکرد، وەڵامی قسەکانیم نەئەدایەوە..ڕۆژێك وتی ئەم زەعیم صدیقە زۆر غەدر لە خەڵکی سلێمانی ئەکات،کەسێك نییە ئەوکابرایە بکوژێت؟ من ناتوانم هیچ بکەم، کەسم لە پشت نییە،من ئەم قسانەی کابرام بۆ**

مەسولەکەم نووسی،ئەویش گەیاندییە مامۆستا برایم ئەحمەد. ئەویش پێی گوتبوو، با کەمال پەیوەندیی لەگەڵدا بهێڵێتەوە...لەوماوەیەدا پەیوەندیم لەگەڵدا نەپچڕاند،چەند فیشەکی سەمینۆفیشم لێی کڕی..

**شارپرێس: لەوکاتەدا ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتیی ناو شار بەتایبەتی ڕۆژانی پێش منع تەجەولەکە چۆن بوو ...؟**

کەمال قادر: ژیانەکە هاکەزایی بوو، خەڵکەکە ئەوەی فەقیر بوو، هەرکەس بەقەدبەرەی خۆی پێی ڕائەکێشا.ئیترکەمەنع تەجەولەکە هات، زۆرکەس ئەچوون بۆ دەرەوەی شار،بۆ دابینکردنی بژێوی،چواردەوری شار ڕەبایە بوو، بە بەینی ڕەبایەکانا ئەچوون بۆ دێهاتەکان، کاتی دروێنەش بوو،ئیتر جاری وا هەبووکابرا ڕبەیەك گەنمی دەستئەکەوت، یان شتێکی زیاتر

**ــ شارپرێس: ئەوەی باسی دەکەیت ساڵێ چەند بوو؟**

کەمال قادر: ساڵی ١٩٦٣ بوو ..بەیانی زوو بە مکەبەرە جاڕ درا کە کەس نەیەتە دەرەوە، مەنعلتەجەولە؛ هەر کەس بێتە دەرەوە، ئەیکوژن. دوای ئەوە کەوتنە خەڵك گرتن. زۆر کەس گیران...وەزعی سیاسی هیچ باش نەبوو. ئەگەڕان بە دوای خەڵکا،ئەوە کە ناوی هەبووایە،یان ئیخباری بکرایە،ئەیانگرت. ڕەشبگیر بوو، گوێیان نەئەدایە ئەوە کە ئەمە کێیە، زابتە، دکتۆرە،وەزیفەی هەیە، کاسبە،هەمووی ئەگرتن وئەیخستنە ئەستەبڵەکەوە.ئەستەبڵەکەش گەرم بوو،.زۆرکەس تووشی سکچوون بوون، هەندێك مردن، ئاوێکی گەرمیان بۆخواردنەوە ئەدانێ، لەگەڵ

شۆربایەکی هاکەزایی ، زۆر کەس سکی پێی ئەچوو، هەواڵ گەیشت بە عبدولڕەحمان عارف. ئیتر ئەوە بوو وردە وردە کەوتنە خەلك بەردان.

**ـ شارپرێس: پلانی کوشتنەکە پلانی تۆ بوو یان کەسانی تر؟**

کەمال قادر: نەخێر..تەنیا ئەوەندەیان وت کەپەیوەندیم لەگەڵ کابرابهێڵمەوە..ڕۆژێك کابرا وتی،ئەگەرجەماعەتێك هەبێ، ئەتوانین ئەو (زەعیم صدیق) لەناوبەرین.ئێمە خۆمان حەرەسی ئەوین..منیش پرسیم: زەعیم صدیق کابرایەکی بەدەسەڵاتە، چۆن لەناوی ئەبەن؟ وتی ئێمە شەش کەسین وشەو حەرەسین، ئەوسیقەی بە کەس نییە، من مورافیقی ئەوم و لەگەڵیا سوارئەبم، وتی چەند جوندییەکی تریش هەن. بەڵام من ئەوانم نەئەناسی. ئەویش وتی کە من نابێت ئەوان بناسم،نەوەکا یەکێکیان ئیخباریم بکات..

ئەوەبوو نامەم بۆ دەرەوە نارد، وتیان لەگەڵی بمینەوە،ئەودۆستی خۆمان بوو.من باسی مامۆستا برایم ئەحمەد ئەکەم. ئێمەجارێکی تریش بەئیعازی مامۆستابرایم ئەحمەدڕۆیشتین مەرکەزی سەرکارێز بگرین..

**شارپرێس:عەرەبە کێ بوو؟ ڕۆڵی شۆفێرەکەی زەعیم صدیق چی بوو؟**

کەمال قادر: عەریفێك بوو،سایق ومورافیقی بوو،ناوی فەیزوڵلا بوو، ئەیوت کوردی مەندەلییم. بەڵام بە عەرەبی قسەی ئەکرد..تەکبیرمان کرد، وتی ئەمانەوێت بیکوژین. بەمەسئولەکەمم وت، کەئەوان شتێکی ئاوایان بەدەستەوەیە، ئەویش وتی، چییان ئەوێ لەگەڵیاندا بە. فەیزی وتی باشترە ئەگەر هێزێك هەبێ و یارمەتیمان بدات. منیش وتم کەسی من کەسم پێ نەناساند،وتم با پەیوەندییەکە لە بەینی هەردووکماندا بێ.

فەیزی وتی پێویستیان بە یارمەتیی هەیە... پێم وت لەگەڵتان دێم بۆ حامیە، بە مەرجێك جلی عەسکەریم بەنێ. ئەویش ڕازی بوو، منیش دەمانچەیەکی چواردەخۆڕێکی سیبارم هەبوو..فەیزی لە حامیە شوێنی بۆ دانام، وتی دەوری دوانزە بۆ یەك، کاتێك کە حەرەس ئەگۆڕرێ، عەمەلییەکە ئەکەین وئەڕۆین..وتی زۆر ئاسانە..خۆمان بە دیارییەوە حەرەسین. ئەوان خۆیان لەناو حامیەکە بوون، تەنیا من پێویست بوو بۆ ئەوێ بڕۆم و بچمە ژوورەوە. وتی لەو شوێنە تایبەتەی خۆمان داتئەنێین تا دەست بە عەمەلییەکە ئەکەین. من بەتەما بووم بە کێردێکی قەسابی بیکوژم. بە تەقە،.کەسمان دەرنەئەچووین، ئەوان سیلاحیان پێ بوو، منیش هەمبوو، بەڵام نەئەبوو لەگەڵ خۆم بیبەم... بە فەیزەم وت، کە ئەو کابرایە بە سیلاح، بە تەقە، ناکوژرێت، ئەبێ بە حەربە و چەقۆ بیکوژین. وتم فەیزە با چەقۆکە لای من نەبێت،لای تۆ بێت، تا دێم بۆ حامیە...

چەقۆکە زۆر تیژ بوو، ئەتتوانی ڕیشی پێ بتاشیت. وتم نهێنی شەوەی حامیەم پێ بڵێ، ئێوە لەوێن و کە تاریکی کرد، دێم بۆ ئەوێ. وتی ژوورێکی تایبەتیمان هەیە..کەس نازانێت تۆ لەوێیت.

ـ شارپرێس: پلانەکەتان چۆن دانا؟

کەمال قادر: وا بڕیار بوو من بە جلە عەسکەییەکانەوە بڕۆم بۆ حامیە. بە واسیتەی مەسئولەکەمەوە خەبەرم نارد بۆ دەرەوە، ئەویش دوایی وتی، چەند کەسێکتان بۆ دائەنێین، کە شەو بێن بۆ باخەکەی جولەکان، بۆئەوەی یارمەتیتان بدەن کوڕێکیان دامێ ناوی فەتحوڵلا بوو، کوڕێکی

**لێهاتوو بوو،وتیان فەتحوڵلا لە باخەکە چاوەڕوان بکات..تاجەماعەتی پێشمەرگەدێن وشەو وەك حیمایەدەرتان ئەکەن...**

**جلەعەسکەرییەکەودەمانچەکەم بردەماڵی برادەرێك دامنا، بیٚ ئەوەی کەس بزانێت. ئێوارەی ٣٠ یان ٣١ی دە بوو، چووم جلە عەسکەرییەکان لەبەربکەم..لەگەڵ فەتحولڵا بەلای سینەما سیروانا ڕۆیشتین بۆ لای مزگەوتی گەورە، وتمان لەوێوە ئەڕۆینە خوارەوە،بینیمان ئەو ناوە بەعەسکەرگیراوە وتم: فەتحولڵا لەمن دووربکەوەرەوە،ڕەنگێکی هێنا و برد. وتم:خۆت تێك نەدەیت. عەسکەرەکان دەوری منیان گرت و بانگیان کردم: "تعال،انت کمال؟"وتم بەڵی..ٚ یەکسەر تێیان سرەواندم،لە تەپڵی سەرمیان دا،خستیانمە جێبێکی ڕووسییەوە، لەسەر سنگ دایاننام، زۆر عەزێتیان دام.یەکسەر بردمیان بۆحامیەکە بۆ ژوورەکەی زەعیم صدیق.**

**شارپرێس: چۆن دەستگیر کران دەستی کەسی لە پشتەوە بوو؟**

**کەمال قادر: حەرەسەکانی زەعیم صدیق ئیعترافیان کردبوو، نازانم کامیان ئیعتراف کردبوو،کەچوومە حامیە وکردیانم بە ژوورا، ئەو کێردە کە لای فەیزە دامنابوو، بینیم لەسەر مێزەکەی (زەعیم صدیق) دانراوە. ئیعترافم لەسەرکرابوو..کەگەیشتینەئەویٚ،یەکێکیان وتی:"سیدی جبنا" زەعیم لە ژوورەکەدا پیاسەی ئەکرد،چەقۆکەی لەسەرمێزەکە دانابوو، تەماشای کردم و لێی پرسیم: "های السچینە مال من؟"،**

**وتم: "سیدی نازانم"دووسیٚ جار هەمان پرسیاری کردەوە وتووڕە بوو. ئینجا چەقۆکەی گرت بەدەستەوەو هاتەنزیکمەوە، دەستی بەچەقۆکەوە بەرزکردەوە و لە سەرسنگی دام، مەچەکیم گرت، ئەوە نەبووایە ڕەنگە تا**

سەردڵم بچوایەتە خوارەوە. خوێن فیچقەی کرد..هێز لە گیانما نەما. وتم ئەم کابرایە لەسەر هیچ زەلام ئەکوژێ، جا وەرە کەسێك ویستبێتی ئەوبە چەقۆ بیکوژێ، ئیتر ئەبێ چی لێبکا..؟

نازام کامیان ئیعترافی کردبوو. لەوێ چەند زوبات دانیشتبوون، یەکێکیان ئەیگوت "سیدی خللی ..."، ئێستا لەتوپەتی ئەکەین، چۆن وێراوێتی موئامەرە لە زەعیم بکات؟ عەریف اسماعیلێکی لێ بوو زۆر خراپ بوو.. چەقۆکەی دانایەوە.تەماشای کردم و وتی"اعترف"وتم ئاگام لەهیچ نییە. بەعەریف سمایلی وت تێلاکە بێنە.. عەریف سوبحی هەبوو،عەرەب بوو خەڵکی مەندەلی بوو، ئەو بێناموسە ئینزیباتی لیوای بیست بوو..

**شارپرێس: کەواتە هاوشێوەی مولازم موحسین بووە؟**

کەمال قادر: لەو خراپتر بوو.. سمێڵ زلێك بوو، خەڵکی مەندەلی و خانەقین و ئەو ناوە بوو. ئیتر تێلایەکیان بە حەبلێکەوە هێنا و خستیانە قاچم، جەڕانیان تا هێزیان تیا بوو،ئینجا بەو تێلایە لە بنی پێمیان ئەیا و دووبارە ئەیانوت: اعترف. هیچ فایدەی نەبوو، وتم ئاگام لە هیچ نییە. وتی "ئەی فیشەکەکان؟ تۆ ئەوەندە فیشەکت بۆ هاتووە!". ئەوە هەر خۆیان بوون کە ئیعترافیان کردبوو. ئیتر نازانم لەو شەش کەسە کامیان بوو لە ترسا ئیعترافی کردبوو..

**ـ شارپرێس: لە سەرسنگی دایت؟**

کەمال قادر: بەڵێ چەقۆکەی دانایەوە، دوایی چەقۆکەی هەڵگرتەوە و ئەمجارە ویستی لە قوڕقوڕاگەمی بدات، لێی نەدا، چەقۆکەی دانایەوە، وتی ئەبێ پێمان بڵێیت کە کێت لەگەڵایە، ئەبێ ناوی هەموویانم

پێبڵێیت. وتم سەیدی من نازانم ئەمە چییە..؟ وتی هەمووی ئیسپاتە و ئەبێ ئیعتراف بکەیت، فیشەکیشت بۆ هاتووە، فیشەکەکان لای کێن و داوتن بە کێ..؟ هەموو زانیارییەکانی لابوو...

**ـ شارپرێس: ئەی چۆن بوو نەیکوشتیت؟**

کەمال قادر: ئەیکوشتم، جارێ ئیشی پێم بوو. وتی بەیانی ئەبێ بچیت بۆئەوچایخانەیە،لەوێ فەیزە لەگەڵم دائەنیشت..ناوبازاڕ لای بەلەدییە کۆنەکە. ئیتر لەوێوە چووینە خوارەوە. من ئەوەم پێ خۆش بوو، وتم دەرفەت هەڵکەوێ ڕا ئەکەم. بەڵام جلە عەسکەریەکەیان لەبەر کردم، جووتێك پۆستاڵی گەورەیان دامێ، ڕەقەمەکەی لە قیاسی قاچی خۆم گەورەتر بوو، قۆڵیشیان کردبوو بە قۆڵما، بە حساب برادەرمن و پیاسەم لەگەڵ ئەکەن، تا کەس هەست بە هیچ نەکات. کە گەیشتینە ئەوێ، وتیان ئەو کەسە کێیە، پێشانمان بە، وتم کەس ناناسم. ئەوە بوو کردیانمەوە بە حامیەدا، لەوێ چینێکی تریان لێدام، تا تاقەتیان چوو، ئینجا وتیان هەستە با بچین بۆماڵتان. کە چووینە ماڵەوە، لەوێ چەند مودەڕەعەیەك وسێ زیلی عەسکەری بڵاوەیان کرد،هەموو سەربانەکانیان گرت، بەپەیژە چوونە سەربان. من لە جێبەکەیا بووم، زۆر عەزێتیان دابووم و بێتاقەت بووم. لە دەرگەی ماڵەوەیان دا، دایکم خوا عافوی بکات دەرگەکەی کردەوە، کابرا وتی "نرید کمال". دایکم نەیئەزانی کە من گیراوم،وتی کەمال ناومان نییە،ئەوانیش پاڵێکیان بەدایکمەوە نا و خۆیان کردبە ژووردا. پێشتر بەیاننامە هاتبوو..دایکم لەژێر نوێنەکاندا هەڵیگرتبوون.

هەموویان دۆزیەوە،دووشەدەبوو،من ئاگام لەهیچ نەبوو.. چووینەوە بۆ حامیەکە ، کردیانم بەژوورا. زەعیم صدیق وتی، تۆ بە هەموو تاوانێك تاوانباریت و ڕەمی ئەکرێیت، بەڵام وەعدی شەرەف بەس شوێنی مەتبەعەکەمان پیێ بڵێ، ناتکوژین.

**شارپرێس: ئەو شوێنە کە بەیاننامەکانی لێ چاپ دەکرا؟**

کەمال قادر: بەڵێ. وتم ئاگام لە بەیاننامە نیە، ئەوە خۆتان داتان ناوە. زۆرهەوڵیاندا، سوودی نەبوو. وتی بڕۆن هەڵیواسن تا ئیعتراف پێئەکەن. هەردوودەستیان لەدواوە بەستمەوەو لە ژوورێکی بچووك دەرگەیان لەسەر داخستم..شەو زۆر خەریك بوون کە ئیعتراف بکەم، وتم ئاگام لە هیچ نییە. وتیان بیهێڵنەوە، مۆڵەتی تا سبەینێ یان دووسبەی بدەنێ تا ئیعتراف پێئەکەین..

بەرەبەیان بوو، یەکێك دەرگەکەی کردەوە، حەبلەکەی لە دەستم کردەوە، وتی "انت خلصت من الاعدام"، وتی زەعیم صدیق بە خۆی و لیواکەیەوە ڕۆیشت بۆبەغدا. داوایان کردووە..لیوای بیست بە عەجەلە بگاتە بەغدا. کابرا بەتانییەکی بۆ هێنام، دۆلکەیەك چا ودوو سێ سەموونی هێنا، عەرەب بوو، ناوی سەید کامیل بوو،خەڵکی لای شامیەی نەجەف بوو، وتی تازە ناتکوژن. نازانم، لە بەغدا ئینقلاب کراوە، چی بووە...

ئەو کاتە کەریمی قەرەنی موتەسەریفی سلێمانی بوو، حاکم بەکریش کە خەڵکی کۆیە بوو،رەئیسی مەحکەمەی سلێمانی بوو. هەردووکیان زۆر

محاوەلەیان کردبووقەزیەکە ببەنەشورتە،لەحزبیشەوە هەوڵیان دابوو.. ٥٤ شەو لە حامیەکە مامەوە،. دوای دوو سێ ڕۆژ حسێنی چایچی باوکی میدیای گۆرانیبێژ و حەسەن دالآش کە چەخماخسازی لای سەراجەکانیان هێنا. ئەوانیش گیرابوون، نازانم حەسەن لەسەر چی گیرابوو..حسێن لەسەرئەوەگیرابوو ئێمەلەچایخانەکەی دانیشتووین وچامان خواردۆتەوە. دوایی قەزیەکەیان گواستەوە بۆ شورتە و بردیانین بۆ سجنی سەرەوە. لەوێ کوڕێك گیرابوو، کامیلی حاجی قایەری قەرەتۆغانی ..پێیان وتبوو تۆ کامیل قادری برای کەمال قادریت. تەلەبەش بوو،ئەوەندیان لێدابوو، لەتاوانا لەژێر تەعزیبا ئیعترافی کردبوو کەبرای منە.کەچووینە سجن،محمدی برام لەوێ بوو، ڕوویان کردە کامیل و وتیان ئەوە براکەی ترتە،وتم ئەو لە برا زیاترە،باوەشم پیا کرد. ئیتر پاش فەترەیەك هەر چواریان بردین بۆ دائیرەی ئەمن، دوان دوان بە یەکەوە کەلەپچەیان کردین..بردیانین بۆ ئەوەی کامیل جیا بکەنەوە و بەری بدەن، وتم ئەو برای ئێمە نییە، ئەم قەرەتۆغانییە، باپیری من خەڵکی ئێرەیە.. بەڵام هەر بەریان نەدام. وتیان توهمەی تۆ زۆر گەورەیە. موتەسەریفی بەغاش کوژرا، تۆ دەستت لە کوشتنی ئەویشدا هەیە. کوڕێکی سلێمانی موتەسەڕیفی بەغدای کوشتبوو. وتم ئاگام لەو شتانە نییە. هێنایانینەوە بۆ سجن.ئیتر پاش ماوەیەك موفاوەزات دەستی پێکرد. وتیان هەرچی سجنی سیاسی هەیە بەرئەبێ. هەر کە ناوەکان خوێنرانەوە ، یەکەم کەس کە بانگیان کردم، وتیان کەمال قادر رۆستەم، وتم بەڵێ، وتیان ئەوە موفاوەزات هەیە، هەرچی سجنی سیاسی هەیە

بەرئەبێ. ئیتر لە سجن لەخۆشیا بوو بە هەڵپەڕکێ. دوای چەند ڕۆژێك خەلك بەردان دەستی پێكرد، بەڵام منیان هێشتەوە، وتیان توهمەكەی تۆ لێبوردن نایگرێتەوە،ئەوە بوو لەحزبەوە، لەحاكمەوە..زۆرهەوڵ درابوو كە بەرم بدەن، وتیان بە كەفالەت بەری بدەن، دوو هەفتە دوای ئەوان بەكەفالەت.بەریاندام .

**ـ شارپرێس: ئەی سەربازە هاوكارەكانت چییان بەسەر هات؟**

كەمال قادر: ئەوەیان كە لەگەڵ مندا بوو، هەردوو دەستیان لە پشتەوە بەستبۆوە.ئەشكەنجەیان دابوو.نازانم چییان بەسەر هات،ڕاستییەكەی دوایی كەسیانم نەبینییەوە.

---

سەرچاوە :

1 . ماڵپەڕی شارپرێس

2 . هیوا چاوشین

https://www.facebook.com/hewa.chawshin.75

# هەوڵێکی تر بۆ کوشتنی
# تاوانبار زەعیم صدیق



### چۆنیەتی تەقەکردن لە زەعیم صدیق

یەکێکە لەو چالاکیانەی ناو شاری سلێمانی لەوسەردەمەدا تەقەکردن دەبێت لە زەعیم صدیق، سەرداری ئامەخان یەکێك بووە لەو چوار کەسەی کە تەقەیان لە زەعیم صدیق کردووە و ئێستا تاکە شایەتحاڵێکە کە لەژیاندا ماوە ئەو بەسەرهاتی تەقەکردنەکە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

((زەعیم صدیق پێشتر لەسنووری سلێمانی سەربازی کرد بوو شارەزایی باشی لەسەر دەڤەرەکە هەبوو، کەکرا بەئامرلیوا هێندە تاوانی دڕندانەی ئەنجام دا، ناوی بە(زەعیم صدیق سالان) دەرکرد، سالان یەکێك بووە لە ئەفسەرە نازییەکانی ئەڵمانیا.

سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری کوشتنی زەعیم صدیق دەدەن، بۆ ئەو مەبەستە چوارکەس رادەسپێرن..علی سعید دەکەن بەرپرسی مەفرەزەکە، بریتی بوون لە: سەرداری ئامەخان وقوربانی وشێخ صدیق و محمودی

مەلا خدر، بۆ چالاکییەکە. چووینە لای مزگەوتی گەورە، ئەو دەرگا یەی کە دەکەوێتە سەر گەڕەکی کانی ئا سکان..من و شێخ صدیق چووینە سەربانی ماڵی عوسمانی حاجی صالحی برنجفرۆش، محمودی مەلا خدر و کاک قوربانی، چوونە لای سەرووی کۆڵانەکەوە. ئەو چەکانەی پێمان بوو ئەما نە بوون: دوو پیستن و پۆر سعیدێك و دەماذ چەیەکی چواردە خۆر، ئەگەر هەڵە نەبم پۆرسعیدەکە هی ماڵی فوئادی مەجید میسری بوو. تەنیا ئێ مە بووین و کە سی دی کە تە قەی لە زە عیم صدیق نەکرد)).ئەگەر چی زە عیم صدیق بەرنا کەوێت، بەڵام چالاکییەکە لەناو شاردا دەنگدانەوە یەکی زۆری دەبێت. ئەوەی کە لەبیری سەرداری ئا مەخان نا چێتەوە و ئازاری دەدات، ئەوە یە "دوای چالاکییەکە، پیاوە کانی زە عیم صدیق دە چنە سەر ماڵێك کە دایکێك و کوڕە کەی بەناوی جەلیل دەبێت، هەردووکیان دەکوژن".هەرلەو سەردەمەدا بۆتۆڵەکرد نەوە لە وتاوانبارا نەی لەکورد ستان بە شداری کۆ مەڵکوژییان کرد بوو،دوو گەنجی خەڵکی سلێمانی کە یەکێکیان شێخ محە ممەدی سەید علی و ئەوی دیکەیان لەتیف ناوێکی خوێندکاری زانکۆ بووە... لە بەغدا، تەقە لە بەدرەدین علی دەکەن و دەیکوژن.

* سەرچاوە: کاوە امین / رووداو / 2016/9/9




## کاتی ئازادبوونی
## یەکێك لە زیندانیانی حامیەکەی سلێمانی

کەسوکاری گیراوەکانی رۆژانی قەدەغەی هاتوچۆ و ڕەشبگیری سلێمانی 9حوزەیرانی 1963ترسێکی وای خستبووەدڵیانەوە،کاتێك کەسێك لە زیندان ئازاد دەکرا..کەسوکارو دەرو دراوسێکانی جوانترین پێشوازییان لێی دەکرد..(حمەفەرەج حاجی فەقێ شاڵی) کاتی بەربوونی لە حامیەی سلێمانی، لەوشوێنەی ئێستا(پارکی ئازادی) یە..دەگەڕێتەوە بۆماڵەوە.. ئەویش لەسەردەستی تاوانبار زەعیم صدیق و حکومەتەکەی عبدالسلام عارف، لەگەڵ سەدان کەس گیرابوون و بەبەر چاویانەوە دەیان کەس زیندەبەچاڵ وشەهید کرابوون..

ئەم وێنەیە کاتی ئازادبوونیەتی لە 1963/7/4 تۆمار کراوە لەگەڕەکی سەرشەقام کەخانەوادەی کاک حمەفەرەج پێشوازی هاتنەوەی دەکەن .

ڕۆحی کاك حمەفەرەج و گشت شەهیدانی ئەو کارەساتە شاد بێت *

* وێنەی ئۆرجیناڵ ؛ کاك هێمن حمەفەرەج حاجی فەقێ شاڵی

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ هەولێر و دەوروبەری



## بەشی چوارەم



## حەرەس قەومی و
## شەڕی گوندی تەلخێم

دوای ئەوەی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەتی عێراق کۆتایی دێت، عەرەبە شۆڤینییەکانی دەشتی قەراج کۆمەڵ کۆمەڵ لەبنکە و بارەگاکانی حەرەس قەومی خۆیان ناونووس دەکەن،خۆیان ساز دەدەن بۆئەوەی، دانیشتووانی ئەودەڤەرە بتۆقێنن..ئەوەی کوژرا، بیکوژن و ئەوەی گیرا رەوانەی زیندانەکانی مسیب وقصرنهایە وخوارووی عێراقی بکەن، خەلەوخەرمان ومەڕو ماڵاتیان تاڵان وفەرهودبکەن وزێدی باوباپیرانیان داگیر و بەعەرەب بکەن...

لە شەوی(31)ی مایس لەسەر(1)ی حوزەیرانی1963هەواڵ بەخەڵکی ناوچەکەوهێزی پێشمەرگەدەگات،حەرەس قەومی وسوپاو پۆلیسی رژێم بەنیازن پەلاماری گوندی (تل الخیم)ودەوروبەری بدەن،خەڵکی چەکداری گوندەکان.. لە(تەلخێم) کۆدەبنەوە،بۆگفتووگۆ لەبارەی چۆنیەتی بەرگری لەخاك وشەرەف وناموسیان،پاش وتووێژی زۆر بڕیاردەدەن کە شەڕ نەکەن،بەهۆی ئەوەی کە نابەرانبەری زۆر هەیە لەنێوان ژمارە و جۆری چەك،زۆری هێزی مرۆیی میری..داوا لەئامادەبوون دەکەن کەبلاوە بکەن. هەربەوشەوە بەشی زۆری ژن ومناڵ وپیرولاوی گوندەکان،روولەدەشت و دۆڵەکانی بناری قەرەچووغ دەکەن..

بەرەبەیانی رۆژی1963/6/1حەرەس قەومی وهێزەکانی تری رژێم بەرەو ناوچەکەپێشرەوی دەکەن،دەست بەتالأنی مەڕومالأت ومریشك وقەل و قازوتەنانەت بەڕەوجاجم وجلك وخشلی ژنان دەکەن،دەیکەن بەهۆسەیەك (سەگ ساحیبی خۆی نەناسێتەوە)

هەوالْ دەگات بەگوندەکانی دەوروبەر کەحەرەس قەومی چەندژن و کچی کوردیان بردوو..،هەربۆیە چەندهاوولأتییەکی ئازا و دلێر بەناوەکانی (انورمەلامحمدو تاهیرمەلامحمدوعمرسلیم وبکرصدیق حمەدەمین و محمدعلی صادق)بەچەند چەکێکی خراپەوە، لەتەپە و دۆلەکانی گوندی (تەل خێم)ەوەهێرش دەکەنە سەر دوژمن وپاش چوار کاتژمێرشەڕ.. شەش حەرەس قەومی دەکوژن و شەشی تریش بریندار دەکەن، دوای فیشەکیان کەم دەبێتەوە،تاوانبار(عەریف بیلال)پۆلیسی بنکەی گوێڕ بە رەشاشێکەوە پشتەوەیان لیْ دەگریت،(انورمەلامحمد و تاهیر مەلامحمدو محمدعلی صادق) شەهید دەکەن و(بکرصدیق حمەدەمین) فیشەکی پێنامینیْ و بەبرینداری بەدیل دەگیرێت،عمرسلیم بەهەرشێوەیك دەبێت، خۆی رزگار دەکات..دوای کۆتایی شەڕ حەرەس قەومییەکان هێرش دەکەنەسەر هاوولأتیانی بیْچەکی ئەودەڤەرە (انورسمایل رەمەزان) و ( یاسین تەها) شەهید دەکەن.. چەندگوندێکی تری سەر ناحیەی گوێڕ تالأن دەکەن، تەنانەت هەندیْ لەوگوندانە،پێشترکورد وعەرب پیکەوە ژیابوون،چەکدارە عەرەبەکانی ئەوگوندانە، لە پێش عەربی ترەوە کوردە دراوسێکانی خۆیان تالأن کردبوو.رق وقینی عەرەبی شۆڤینی دژی کورد هێندرەگەزپەرستانە بووبوو، هەرکوردێکیان بەر دەستکەوتبوو، بەزەییان

پێدا نەهاتبۆوە..حەرەس قەومی تاوانبار (سلیمان شحادە) دووهاوڵاتی (عمردرویش) لەگوندی (سیدامین) وکچێکی(حمیدمەلاعزیز) لە(عەوێنە) شەهید دەکات.1

لەگوندی (نۆغەران) رانەمەڕی (علی حەمەدمین) و(محمدسعیدئاشەوان) و دووسەد سەرمەڕی(کوێخا رحیم)و(عیصمت پیرۆت) لەگەڵ جووتێك هیستر بەتاڵان دەبەن..دواتر رووەدەکەنە گوندەکانی(ماجیداوا) و(قادریە) هەرچی سەروەت وسامانی کورد هەبووە هەموویان بۆخۆیان بردووە، دوای چەند رۆژێك ئەمجارەیان حەرەس قەومییەکان نەخشەی هێرش بۆسەرگوندی (دارەخورما) دادەڕێژن وهێزی بۆکۆدەکەنەوە.

## شەڕی قەشقە

هەر لەکاتی هێرشەکانی سوپا وحەرەس بۆ کەندیناوا،هێزی(یرموك)ی سوری وسوپای عێراق وحەرەس قەومی پەلاماری چیای دێدەوان دەدەن لەکەلی(قەشقە)هێزی پێشمەرگە تێکیان دەشکینن وپتر لەبیست کوژراو و برینداریان دەبێت..دووپێشمەرگە بەناوەکانی :

1 ـ حسن إسماعیل (برای مەلاعبدالله إسماعیل)

2 ـ مام قادر سیان (تێکۆشەری دێرین) (2)

شەهید دەبن.

1ـ سەرچاوە: محمد احمدجاسم ـ دەنگی مەخموور- ژمارە (78) 2015/6/15

2 ـ شرۆڤەی رووداوەمێژووییەکان ـ د. ئەحمەد شەریف لەك. ـ ل (125)



# حەرەس قەومی و شەڕی دارەخورما

بەیانی ڕۆژی 1963/6/13 لقێك لەپێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر بەفەرماندەیی سەرلق (مام وسوو دزەیی) لەسەنگەری بەرگریدا، دەست لەسەر پەلەپیتکە چاوەڕوانی هێرشی حەرەس قەومی و سوپاو پۆلیس دەکەن ، بۆ تالآن وسوتانی گوندی (دارەخورما) بەر لەگەیشتنی دوژمن.

مام وسوو پێشمەرگەکان بەسەر سێ بەرەدا دابەش دەکات:

1 . پەلێك بەفەرماندەیی(مەلاغریب) بۆلوتکەی (بێژنگ بەسەر)

2 ـ پەلێکی تر بەفەرماندەیی( خلیفەمحمد ) و(حاجی رسول) بۆکۆنترۆلکردنی دەربەند بەرانبەرگوندی(چەغەمیرەی عاڵڵا)

3 ـ پەلێکی تر بەفەرماندەیی(مام وسوو)خۆی و(مەلابورهان ئاغا) لەبەرزاییەکانی زوورگی ئەسحابە.

**مام وسوو بڕیار دەدات کە بێ فەرمانی ئەو کەس تەقەنەکات، تادوژمن بەتەواوەتی دەکەوێتە ناو بۆسەکەوە،هێزەکەی دوژمن،بریتی دەبن لە (20)سەیارەی پڕلە حەرەس قەومی وپۆلیسی (قوەسیار)بەڵام دووکەس بەناوەکانی(رسول حاجی عبدالله)و(حسن رسول عدێ) خۆیان پێ راناگیرێت وپێشگەیشتنی هێزی دوژمن بۆشوینی مەبەست دەست بەتەقەدەکەن،بەداخەوە دوژمنان وشیار دەبنەوە و چیتر ناخافڵ ناچنە پێشەوە،ناچارپێشمەرگەکان،لەناو سەنگەرەکان دەردەچن ولەهەڵمەتێکی قارەمانانەدا،تێکیان دەشکێنن وهەڵیان دەبڕن،جگە لەکوژرانی چەند حەرس قەومییەك ،تەرمی سێ پۆلیس بەجێدەمینێت،دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بریتی دەبێت لە:(جیهازێکی بێتەل،سەیارەیەکی جێب، زیلێکی سەربازی ،یەك هاوەنی عوقدە دوو، لەسەیارە جێبەکەدا دووتفەنگی ئینگلیزی،دیکتارۆف وسەمینۆفێك لەگەڵ دەفتەری تۆماری بروسکەکان..) لەدەفتەرکەدا بروسکەیك دەدۆزنەوە، کە هەرئەو رۆژە ئاراستەی وەزارەتی بەرگری عێراقیان کردبوو،داوای پشتیوانی هێزی ئاسمانییان کردبوو،لەوشەڕەدا دوژمن زیانی زۆردەبێت، پێشمەرگەکان بەبێ زیان دەگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان.(4)**

---

* سەرچاوەکان:

1 ـ محمد احمدجاسم ـ دەنگی مەخموور- ژمارە (79) 2015/7/25

2 ـ ئینیسکلۆپیدیای هەولێر ـ لاپەڕەکانی(4551،4550،4549،4548)

3ـ شەڕی دارەخورما ـ مەلاصالح ـ رۆژنامەی مەخمووری نوێ.

4 . شرۆڤەی رووداوەمێژووییەکان ـ د. ئەحمەد شەریف لەك

# شەهیدانی
# گوندەکانی کەندیناوا

لە رۆژی 1963/6/13 دوای کشانەوەی پێشمەرگە لە چیای قەرەچووغ حەرەس قەومی هێرش دەکەنە سەر 25 گوندی ناوچەی کەندیناوا و دەیان هاوولاّتی شەهید دەکەن و سەدان هاوولاّتیش بە بارمتەدەگرن و رەوانەی زیندانەکانی دووبز وکەرکوك و موسەیب یان دەکەن.

**ناوی شەهیدەکانی گوندی دەربەندی گۆم:**

1 ـ خدرإسماعیل (خليفه کاخدر) * 2 ـ سیلکان خدر **
3 ـ حامد حەمەد 4 ـ قادر عمر
5 ـ محمد یابە 6 ـ سعید شیخ رشید

**لەگوندەکانی تری کەندیناوا ئەم هاوولاّتییانە شەهید دەکەن:**

1 ـ هەینی رسول لە گاوەرە 2 ـ عزالدین مصطفی کەندالّ
3 ـ سماعیل خدرشریف ـ چەغەمیرە 4 ـ هاوولااتیەك تر چەغەمیرە
5ـ ژنێکی شێت لە گەزوەشان 6 ـ جمیل احمد گابەڵەکە
7 ـ عبدالله وەیسی لە خدرجیجە + ژنەکەی و دوو کوڕی
8 ـ عبدالله شریف لە سۆفی سمایل 9 ـ مام پیرداود عالّلا
13 ـ صابیر عبدالله

* سەرچاوەی زانیاری شەهیدانی گوندی (دەربەندی گۆم) / نیعمەت عبدولّلا.

* * دوای ماوەیەك تەرمەکی دەدۆزنەوە ،بەقژەسپییەکەی دیناسنەوە دڕندە خواردبووی.



# شـــەهیدکردنی هـــەینی رسول (مام هەینی)

( مام هەینی)پیاوێکی تە مەن 80 ساڵان و یەکێك لەکە سایەتییە خۆشەویستەکانی ناوچەکە دەبێت، بۆ بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵە کەی چایخانەیەکی خنجیلا نەی لە زار گەلی بازاڕ گە دەب یێت، دوای ئەوەی (حەرەس قەومی) لەشەڕی (دارەخورما)چەند کە سێکیان لیٚ دەکوژرێت. بڕ یاری پاشەک شە لە مەخموورەوە بەرەوکە ندێناوە دەدەن، لەکاتی گەڕانەوەیان لەشەڕەکە بەرەو گوندی گاوەرە دەچن، لەوکاتەدا مام هەینی نەخۆش دەبێت ..دە چنە سەرماڵەکەی و لەناو جێگا شەهیدی دە کەن، ئەم پیاوە هیچ تاوانێکی نابێت، تەنها بۆ چاو شکاندن و چەوا شەکردن و خۆ سەپاندنی دە سەڵات بڕیاری گولـلەبارانکردنی دەدەن. بەم تاوا نەیان ئەو پەیامە رادەگەیەنن، ئەوان تەنیاوتەنیا بۆ کورد کوشتن و داگیرکردنی خاك و نیـ شتمانی کوردان هاتوون.دوای ئەو تاوا نە قێزەو نە دە ست بە سەر 25 گو ندی ناو چەکەدا دە گرن و 400 کە سیش لە پیرولاوی ناوچەکە ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عیراق دەکەن.*

---

1 ـ دەنگی مەخمور ـ بەختیار محمد ـ 2018/4/22

2 ـ شرۆڤەی رووداوەمێژووییەکان ـ ب / 1 ـ د. ئەحمەد شەریف لەك ـ ل (116)




# حەرەس قەومی
# لە بیرەوەری شەهیدڕێبازدا

شەهید ڕێباز لەکتێبی (قەندیل بەغدای هەژاند) بەم شێوە باس لە هاتنی سوپای بەعس و حەرەس قەومیەکان دەکات بۆ گوندەکەیان.

ـ لەڕۆژی 8/2/1963 دابەعسیەکان انقلابیان کردو عبدالکریم قاسم یان کوشت. دوای دەسلات گرتنە دەستی بەعسیەکان لە کوردستان بەعسیەکان کەوتنە وێزەی خەڵك تەڕو وشکیان پێکەوە دەسوتان هەر پۆلیس و سەربازێك دارێکی بەدەستەوە بو بۆ فەلاقە کردنی خەڵك بەبێ ئەوەی بزانن چ کارەیە زۆر دڕندانە ئازاری خەڵکیان دەدا، هەموو کەس لەو سەردەمەدا ناوی حەرەس قەومیەکانی بیستبو، کە زۆربەیان ئەندامانی بەعس بوون، ئەوانی تری شەلاتی و شەقاوەکانی عەرەب بوون، بەردرابونە گیانی خەڵکی ڕەشو ڕووتی کورد . هەرچی خراپە بوو

کردیان. کوشتن، بێڕێزی کردن بەخەڵك، بێ ناموسی وئەتك کردن، تالآنی و جەردەیی ڕاوڕوت..تەخسیریان نەکرد بەهەرحاڵ گەڕامەوە گوندەکەمان بینیم هێزێکی گەورەی بەعسیەکان لەسەربازو حەرەس قەومی هەندێ بەکرێ گیراو خۆ فرۆش هێرشیان کردە سەر گوندەکانی کەندیناوا لەو ڕۆژەدا 25 گوندیان سوتاندو مەڕو ماڵاتەکانیان بردن ئەڵقەیان لە پەنجەی ئافرەت دەکردەوە ئاردو ڕۆن و برنج و جاجمو لێفەی ماڵەکانیشیان دەبرد هەرچی لەماڵەکەدابوایە دەیان برد چوارکەسیان لەگوندەکەی ئێمە شەهیدکرد یەك لەو شەهیدانە پیرەژنێکی تەمەن 75 ساڵان بوو خەڵکیان هێنایە سەرساجی علی وایان لەخەڵکی کورد کرد نانێك نەبو بیخوات بۆ ژەمێك خەڵك دەربەدەرو ماڵ وێران و سەرگەردان بو لە گوندەکەی ئێمە 50 ژن و پیاویان بەلێدان و تەعزیب برد بۆ ماوەی 10 مانگ لەزینداندا لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوون ، بێ ئەوەی تاوانێکیان کردبێت خەڵکی 25 گوندی ئەو دەڤەرەی ئێمە ڕومان کردە شاری هەولێر زۆر خزمتیان کردین. دواتر بەعسیەکان ماڵە عەربیان هێنایە گوندەکانی ئێمەو لەوێ نیشتە جێیان کردن دەستیان گرت بەسەر ئەرزو ئاو ماڵماندا. ئەوەی زۆر ئازاری ناخی منیدا ئەوەبو گەنجە عەرەبەکان هەربەتاڵانیەوە نەدەوەستان دەست درێژیان دەکردە سەر ناموسی خەڵك لەناکاو گوێمان لە دەنگی کچێکی دراوسێمان بوو هاوارو قیژەی دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك لەتاو ئەوەی گەنجە عەرەبەکان دەستدرێژی سێکسیەیان کردبوە سەری و پاش چەند ڕۆژێك ئەو کچە لە تاو شەرمو حەیای خۆی توشی نەخۆشی بوو، لەماوەیەکی کەمدا کۆچی

دوای کرد. لەو حاڵەتەشدا ئێمە نەمان دەتوانی هیچ کاردانەوەیەکمان هەبێت لەبەر کەمی تەمەن و هەمیش لە بەر بارو دۆخەکە بۆیە لەو ڕۆژە بەدواوە برینێکی قوڵی لەناخمدا دروستکرد بڕیارمدا ڕۆژێك لە ڕۆژان تۆڵەی ئەو زوڵمە بکەمەوە لە داگیر کەرانی کوردستان دوژمنانی ئەم گەلە لەهیچ کات و بارو دۆخێکدا بەزەییان پێماندا نەهاتۆتەوە هەرکات بۆیان بلوێت ئێستا لە جاران زیاترمان پێدەکەن بەتایبەتی بەعسیەکان هەرچەند هەمویان یەك بیرکردنەوەی شۆڤێنییانەیان هەیە بەرامبەر بە گەلی کورد.




---

* سەرچاوە : قەندیل بەغدای هەژاند / شەهید ڕێباز / لاپەرە 14و15



# ئاوڕێك لە مێژوو

**نیعمەت عەبدوڵلا**

13/6/1963

**ئەو ڕۆژە بە یەكێك لە ڕۆژە ڕەشەكانی ساڵی 1963 كە دوای ئینقلابی بەعسیەكان لە(٨)ی شوباتی هەمان ساڵ دەژمێردرێت، تەمەنم 13ساڵ دەبوو، لە پۆلی یەك لە ناوەندی جمهوری بووم ، بە چاوخۆم دڕندەیی حرس قومی وراپەڕینی خەڵكی هەولێرم بینی، بەتایبەتی گەڕەكەی خۆمان(سەیداوە)كە لە ڕۆژی ئینقلاب لە دژی بەعسیەكان چۆن هێرشیان كردەسەربنكەی پۆلیسی سەیداوە، كە پشووی هاوینە دەستی پێكرد لەگەڵ سیامەندی برام سەردانی گوندەكەی خۆمانمان كرد،هەر چەند بەرەحمەت بێ دایكی ئازیزمان ئامۆژگاری كردین كە باشترە لەهەولێر بمینێینەوە،نەچینەدەربەند،ئەوەبوو لە بەرەبەیانی13/6/1963هیرش و پەلاماری بەعسیەكان بە شێوەیەكی بەربلاو بۆسەر ناوچەی (كەندیناوە) دەستی پێكرد25 گوندی گرتەوە،كە بووەهۆی وێرانكردن وسووتاندن و تالان و گرتنی (500) كەس وشەهیدكردنی چەندین هاووڵاتی سڤیل . سێ لەوانەخەلكی دێی(دەربەند) وشەهیدێكیش خەلكی(گابەلەكە) بوو. سەرەنجام هەموو خەلكەكە ئاوارە بوون وناوچەكەش تەعریب كرا،**

**هەرچەند من تەمەنم بچووك بوو، منیش یەكێك بووم لە گیراوەكان، ئەمەهاوكات بوو لەگەل كوشت وبڕەكەی[9]ی حوزەیرانی سلێمانی و كۆیە و دەورو بەری كەركوك.. ئەو رۆژە حرس قەومی دەیان گوت: (خوا لە ئیجازەیە)دوایی گرتنمان هەموومانیان گواستەوە بۆ دوبز، ئێوارەی هەمان رۆژ گوازراینەوە بۆ سەربازگەی كەكووك، هەموو خەلكەكەیان لە هۆلێكی گەورە پەستا، هەرچی لەدەستیان هات بە زەبر و زەنگی لە رادە بەدەر كردیان، بەراستی رۆژێكی رەش بوو، لە كوردستان ئاگرو ئاسن دەباری، دوای هەفتەیەك بە شەمەندەفەر ئەوسەدان كەسەیان بۆ قەزای موسەیب گواستەوە، بەلام بەچ كارەساتێك، لەمێژوودا لە وێنەی نەبوو،لە ئەشكەنجەوزەبرو زەنگ،یەكێك لەوانە بەرەحمەت بیّ باوكی خۆشەویستم بووبریندارکرا، ئێمەش دووازدە كەسێك لەبەر تەمەن بچووكی لە شوێنی خۆمانماینەوە، لە 28ی حوزەیران ئازاد كراین،ئەو رۆژە بوو كە كۆمەلێك تێكۆشەریان لە شەقامەكانی كەركووك لەسێدارە دابوو،كەبریتی بوون لەمارف بەرزنجی وهاوڕێكانی،ئەگەرهەولّ وهیمەتی خوالێخۆشبوو (شێخ نازم العاسی) نەبوایە،زەحمەت ئێمەیش لەدەستی چەكدارانی حرس قومی رزگار بووینایە،شێخ خۆی لەگەلمان هات، تا گوندی پەلكانەی كەندیناوە، بە پسوولەی قائیدی فرقەی دووی سووپای عێراق (ابراهیم فیسل الانساری)و(سعید فتحی السقلی) حاكمی عسكری.***

---

* بیرەوەرییەكی نیعمەت عبدالله / سەرۆكی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان.

# حەرەس قەومی و
# زەفتکردنی کەرێك

هەرئەم عەرەبە( بەدو )انەی ئەمڕۆکە چاوی تەماحیان بڕیوەتە خاکی لەمێژینەی باو وباپیرانی کورد لە ناوچە دابڕێنراوەکان بە تایبەت لە گوندی (پەڵکانە) و دەوروبەری، هەرئەمانە وباوباپیرانی ئەمانەبوون.. لەساڵی 1963 کە حەرەس قەومی بوون،رۆژێك کەرێکی هاووڵاتییەکی کورد لەخاوەنی زەوتدەکەن..هەرچەندهەوڵدەدات ودەپاڕێتەوە کەرەکەی نادەنەوە .. بەزۆری زۆردارەکی هەردەڵێن:

کەر..کەری خۆمانە..دەبێتە کێشەلەنێوان کوردوعەرەبەکانی ئەوگوندانە، رۆژێك (بدرالدین علی)موتەسەریفی هەولێر سەردانی دیبەگەدەکات.. هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات،خەڵکی کۆدەکاتەوە وقسەیان بۆدەکات، دوای تەواوبوونی قسەکانی، دەپرسێ : کێ قسەوپرسیارێکی هەیە؟، بابە ئازادی بفەرمووێت..

مامۆستا(مەلافتاح) بەئامادەبوونی(شێخ حواس)شێخی بەدووەکان دەڵێ: جەنابی موتەسەریف.! ئیوەئەم عەرەبە بەدووانەتان هێناوەتە کەندیناوا دەستیان بەستەم کردووە..بۆزانیاری بەڕێزتان ئەمانە بەس عەرەب نین، بەڵکو ئەعرابن، خوا لەقورئاندا دەربارەی ئەمانە فەرموویەتی:

الاعرابُ أشَدُّ كُفرًا وَنِفَاقًا وَأجدَرُ ألَّا يَعلَمُوا حُدُودَ مَا أنزَلَ اللَّه عَلَى رَسُوله وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ سوره التوبه: 97

ئەمانە کەرێکیان لەهاوولآتییەکی کورد زەوتکردووەونایانەوێ بیدەنەوە، ئێستا هەردوولا دەڵێن ئەوکەرە هی ئێمەیە..

موتەسەریف دەپرسێت:

جەنابی مامۆستا..!چۆن بزانین خاوەنی راستەقینەی ئەوکەرە کامیانن.؟

مامۆستا دەفەرمووێ: قوربان پۆلیس بنێرە..با کەرەکە لەفلکەی دیبگە بەرەڵابکەن.. ئەگەر کەرەکە چووەوە بۆ ماڵی کابرای کوردە،ئەوە دیارە هی کوردەکەیە..خۆ ئەگەر چووەو بۆ ماڵی عەرەبەبەدووەکە..

ئەوە با بۆ ئەوبێت.. موتەسەڕیف بەو پێشنیارەی مامۆستا رازی دەبێت، کەرەکە دەبەن لەفلکەی دیبەگە بەرەڵادەکەن.. نێرەکەر هەردەتۆڕێنێ و هەربەغار... دەچێتەوە بۆماڵی خاوەنە کوردەکەی لەسەرئاخوڕی خۆی خۆی دەگەوزێنێ..پۆلیسەکان و شاهیدحاڵی هەردوولایان ..هەواڵەکە دەبەنەوە بۆموتەسەڕیف وئەویش دەڵێ :

(بارك الله يا ملا.. انت انسان زكی، خلصت ديبكه من المشاكل).(1)

1 ـ محمد احمدجاسم ـ دەنگی مەخموور- ژمارە (79) 2015/7/25



# شەهید جەمال حەیدەری کێ بوو..؟

جەمال حەیدەری لەساڵی 1926 لە شاری هەولێر لەدایك بووبوو.

کوڕی حەیدەر عاسم حەیدەری و فەزیلە وەلی چەلەبی بووە.

- لە بنەماڵەیەکی مەلازادەی بەناوبانگی شاری هەولێر بووە.

- جەمال حەیدەری سەرەتایی و ئامادەیی لە هەولێر تەواودەکات و دواتر دەبێتە خوێندکاری کۆلێژی مامۆستایان لە بەغدا.

- لە ساڵی 1941دا دەست بە خەباتی سیاسی دەکات ودەکەوێتە پاڵ بزوتنەوەی نیشتیمانی وچینایەتی وهەڵگری بیروباوەڕی مارکسی لینینی دەبیت.

- یەکێك لەئەندامانی کۆمەڵەی (شۆڕش) دەبێت،

- لەساڵی1946 دەچنەریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە.

لەساڵی1953 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەحزبی شیوعی عێراق جیا دەبنەوەو ڕێکخراوێك بەناوی (رایه الشغیلە) دادەمەزرێنن،دواتر لە ساڵی 1956 دەگەڕێنەوە ناوحزبی شیوعی عێراق.

- لەدوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژی 1958 لەگەڵ سکرتێری گشتی حزب، (سلام عادل)هاوهەڵوێست دەبن لەبارەی سەربەخۆیی حزب لە دەسەڵات.

بەو هۆیەوە لەساڵی 1960 لەگەڵ (سلام عادل) بۆ یەکێتی سۆڤیەت دووردەخرێنەوە،بەڵام لەساڵی 1962 دەگەڕێنەوە..

- دوای کودەتا شوومەکەی بەعس لە 8ی شوباتی 1963 و

گیران و لەسێدارەدانی(سلام عادل) سەردایەتی حزب لەئەستۆ دەگرێت..

لەدوای جولانەوە شۆڕشگێڕیەکەی شیوعیەکان لە تەموزی 1963 لە سەربازگەی رشید فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەردەچێت و راپێچی زیندان دەکرێت، دوای ئەشکەنجە و ئازاردانێکی زۆر لە 20-7-1963 ئیعدام دەکرێت و بۆ ڕۆژی دواتر لە ئێستگەی بەغدا وە لە بەیانێکدا حاکمی عەسکەری هەواڵی لەسێدارەدانی بڵاودەکاتەوە.جەمال حەیدەری نیشتیمانپەروەرێکی دڵسۆزوپێشەواییکی مارکسی مەزن،مایەی شانازی گەلی کورد و هەموو گەلانی عێراق بووە.

* سەرچاوە: کوردیپیدیا Kurdipedia.org



# چایخانەی مام تەها

هەولێر یە بەتەمەنەکان،بەتایبەت خەرکی گەڕکی( سەیداوا)ی دڵ سۆز و نیشتمانپەروەر ناوی (چایخانەی مام تەها) یان لەیاد ناچێت، ئەو شوێنە قوتابخانەیەك بووە بۆ هۆشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی چین و توێژە جیاوازە کانی کۆ مەڵ... لە سەر دە ستی ( مام تەها) بووە، چایخانەکە لە ساڵی 1955 لەلا یەن "مام تەها" وە دانرا بوو، تا ببێتە مەکۆ یەك بۆ کۆکردنەوەی نەیارانی دە سەڵاتی پا شایەتی. ئەوا نەی کە دە چوونە ئەو چایخانەیە، ئاڕا ستەی فێر کری دە کران دژی ستەمکاران و دیکتاتۆرەکان، ئەوانیش بریتی بوون لە کرێ کاران و جوت یاران و مامۆ ستایان و قوتابی یان و گ شت چین و تو ێژە جیاوازە کان ، جگە لە سەرمایەداران ونیمچە دەرە بەگ و کۆنەپەر ستان، چونکە گفتوگۆ کانی ئەو شوێنە لە گەڵ مەرام و بەرژەو ندی ئەوا ندا گو نجاو نەبووە، ئەو چایخانەیە زۆر تر چەپ وهەوادارانی شیوعیەکان سەردانییان کردووە ، تیا یدا فێری ململانێکرد نی چینایەتی کراون، هەر لەنێو ئەو چایخانەیەدا، لەدوای کودە تای 8 ی شوباتی ساڵی 1963 پلان دارێژرێت بۆگرتنی مەخفەری (سەیداوا)کەلەژێردە ستی نەیارا ندا بووە. ئەوەش دەبێ تە هۆ کاری ئەوەی چایخانەکە لەلا یەن ڕژێ می ئەو سەردەمەوە دابخر ێت..دواتر دە ست دە کەن بە گرتن و ڕاوەدو نانی

کە سایەتیەکانی ذ ێو چایخانەکە، لەوا نە مام تەها و کوڕێکی بەناوی ( عەباس تەها) را پێچ دە کرێن و بە 3 ساڵ زیـ ندانی سزا دەدر ێن ، کوڕێکی تری بەناوی عوسمان تەها دەچێتە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە ، کوڕێگی تریشی بەناوی( هەمزە) لە دە شتی دزە یی وەك کادیرخەریکی هەڵسوڕاندنی کاروباری ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی دەبێت.



## بریندار بوونی ئەحمەد جۆلاّ

لەلا یەکی تریـ شەوە هەر لە گەڕەکی سەیداوا،ماڵی کاك (ئە حمەد جۆلاّ) دەبیتەمەکۆی شۆڕشگێڕان،چەندین کۆبوونەوە لەماڵی ئەوانیش دەکرێت بۆ پەلاماردانی بذ کەکانی حەرەس قەومی ..لەپەلامارێ کدا بۆ سەر (بنکەی پۆلیسی سەیداوا) کاك (ئە حمەد جۆلاّ) بەپێنج فیشەك بریـ ندار دەبێت، تا کۆچی دوایی کرد ژیانی کەمئەندامی بەسەربرد.

بەوپێیە رژێمی بەعس ومیلیـ شیاکانی حەرەس قەومی لە شاروگوندی کورد ستان و عێراق..هەرکە سێك سەربەهەر حزب ولا یەنێك بووبـ ێت.. یابێلا یەن بووبێت، لەپێناو تالاّن و داگیرکاری و بەهیزکردنی پا یەکانی دە سەلاّتی خۆ یان دە ستیان لێ نەپارستووە..یاکوشتوویانە،یاراپێ چی کونجی زیندانیان کردووە..یا ئاوارەو دەربەدەریان کردووە.

سەرچاوە: 1 . بیرەوەری / حیـــدر تــــەها/ کوڕی خاوەن چایخانەکە/ 2020/8/14

2 ـ پەیوەندییەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (ئازاد جۆلاّ) کوڕی (ئەحمەد جۆلاّ)



## کۆنفرانسێك

# لە لەندن

ساڵی 2019 کۆنفرانسێك لە لەندەن لەسەرناوچە کێشەلەسەرەکان لەلایەن زانکۆی ئێگزیتەر و بێرمینگهام ڕێکدەخرێت.. لەبەر ئەوەی کۆنفرانسەکە تایبەت دەبێت بە یەك پرسی تایبەت، بۆیە ژمارەی بەشداربووان زۆرنابن، هەر 25 کەسی ئەکادیمی دەبن. وەك نەریتێکی کۆنفرانسە تایبەتەکان ڕۆژی یەکەم بەشداربووان خۆیان دەناسێنن. یەکەم کەس داوای لێ دەکرێت کە خۆی بناسێنێت (شێرکۆکرمانج) دەبێت، ئەویش بەکورتی دەڵێ: من (شێرکۆکرمانج)م دەرچووی زانکۆی شارقەی ئیماراتی عەرەبیم،پسپۆڕیم پرسی شوناس و پۆلەتیکی عێراقە. دوای ئەوهەرچی خۆی دەناسێنێت بێجگە لە درێژدادڕی هەوڵیش دەدەن باس لەخۆیان پرسی تویژینەوە لەسەرناوچەکێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی بکەن. یەکێك دەڵێ من دکتۆراکەم لەسەر ئەو پرسە بووەو ئەوە سێ ساڵە خەریکی تویژینەوەم لەم بوارە. یەکێکی دیکە دەڵێ بەخوا من گرانتێکم وەرگرتوە لە فلان شوێن بۆ تویژینەوە،

ئەوەدووساڵە لەوپرسە دەکۆڵمەوە.ئیدی هەموو باسی پەیوەندی خۆیان وتوێژینەوەکانیان لەگەڵ پرسی ناوچە کێشەلەسەرکان دەکەن،دوای ئەوەی هەموو خۆیان دەناسێنن،ئەویش پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کەباسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان نەکردوە، ڕۆژی دواترکەنۆبەی دێت بابەتەکە پێشکەش بکات،بەفرسەتی دەزانی. دەڵێ:ببورن دوێنێ هەمووتان باستان لە پەیوەندی خۆتان بە پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان کرد، من ئەوەم نەکرد، با منیش پەیوەندی خۆم بە پرسی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان باسبکەم،بەس بەمەرجێك کەس نەڵێت (پیاح).ئەوانیش دەڵێن باشە. .دەڵێ:من ئێستا تەمەنم پەنجاو پێنج ساڵە،بەڵام پەیوەندی من لەگەڵ پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاو پێنج ساڵ و پێنج مانگ پێش ئێستا، واتە پێنج مانگ پێش لە لەدایکبوونم. هەندێکیان پێدەکەنن و یەك دووانێکیشیان دەڵێن: "پیاح"...جا ئەوە چۆن دەبێت کاکە..؟ ئەویش دەڵێ : کاکینە..! من پێنج مانگان بووم لە زگی دایکم کاتێك سوپای عێراق وهێزی حەرەس قەومی لە 12ی حوزەیرانی 1963دا گوندەکەی ئێمە(گابەرەکە)یان سوتاند و پیاو و کوڕانی گوندەکەیان ڕاپێچکردو بردیانن بۆ زیندانەکان و ژن و منداڵانیشیان دەرپەڕاند و عەرەبیان هێنایە گوندەکەمان و لەوێ لەسەر زێدی باپیرانی ئێمە نیشتەجێیان کردن.. ئەوەی ئێوە ئێستا توێژینەوەی لەسەر دەکەن، من پێش پێنج مانگ لە دایکبوونم ئەزمونم کردووە.

ئەمڕۆ کە 12ی حوزەیرانە و یادی جاری یەکەم تەعریب کردنی گوندەکەمانە و بە چاکم زانی ئەو بەسەرهاتەتان بۆباس بکەم. بەداخەوە، بێدەوڵەتی کوردی کردوە بە تۆپی پێ.. کە دەوڵەتانی ناوچەکە یاری پێدەکەن. دوای چوار ساڵ و نیو لە ئاوارەیی لە هەولێر، لە کۆتایی 1967، گەڕاینەوە گوندەکەمان و جارێکی دیکە ئاوەدانمان کردەوە. بەداخەوە ساڵی1975دەوڵەتی عێراق جارێکی ترسەرلەنوێ گوندەکانی دەوروبەری(گابەرەکە)یان تەعریب کردەوە... خۆشبەختانە ئەمجارە هەڵمەتەکە گوندەکەی ئێمەی نەگرتەوە، بەڵام لە 1987 بەر هەڵمەتێکی دیکەی تەعریب کەوت و گوندەکەمان تەختکرا، ئێمەش جارێکی دیکە دەربەدەر و ئاوارە کراینەوە. خۆشبەختانە لە 2003 دوای ڕوخانی سەدام و داڕمانی دەوڵەتی عێراق خەڵکی گوندەکەمان گەڕانەوە سەر زێدی بابوباپیرانیان.ئەمە بۆ چوارساڵ دەچێت جارێکی دیکە کەوتۆتەوە بەر هەڕەشەی سێ بارە تەعریبکردنەوە.

* سەرچاوە : هەرێم نیوز/ شێرکۆ کرمانج 2021/06/13



# هێرشی حەرەس قەومی بەرەو دەڤەری خۆشناوەتی

**هەرلەساڵی 1963 دا هێزەکانی رژێم سوپا و حەرەس قەومی بەرەو شەقڵاوە وخۆشناوەتی پێشڕەوی دەکەن، لەوماوەیەدا چەندین شەڕی بەرگری روودەدات، لەمانگی رەمەزاندا لە گوندی(قەتەوی)هەولێر (حەرەس قەومی) یەکان گاوانی گوندەکە بەردباران دەکەن ودەیکوژن، ئەم هەواڵە ناخهەژێنە پێشمەرگەکان تووڕەدەکات،بڕیاردەدەن بۆسەیەك بۆ حەرەس قەومییەکان دابنێن و تۆڵەی شەهیدانیان لێ بکەنەوە.. هەر ئەو رۆژە خۆیان دەگەیەننە (سەری ڕەش) وکەمینێك دەنێنەوە، سەیارەیەکی حەرەس قەومی بێ ئاگا لەوەی مردن چاوەڕوانیان دەکات، دەگەونە بەر گڕی تفەنگی تۆڵەی پێشمەرگەکان..**

**علی میرۆ و برا و کاك إسماعیل میرزا و هاوڕێکانیان جیهانیان لێدەکەن بەدوزەخ، ئەوەی دەکوژرێ، دەکوژرێ، ئەوانی دیکەش بەدیل دەگیرێن. کە دەگەڕێنەوە خۆشناوەتی دەچنە چەندگوندێك خەڵك نانیان نادەنێ.. بەپێشمەرگەکان،ئەڵێن:**

**ئیوە بەومانگی رەمەزانە بۆ ئەوهەموو خەڵکەتان بەوشێوەیە کوشتووە..؟**

* وێنەکە پێشمەرگە(عەلی میرۆ)یە کەلەوشەڕە بەشداری کردووە.



## ڕەقیب حسین مەلا
## بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە

- ڕەقیب حسین مەلا  لە ساڵی 1927 لە دایك بوو بوو.
– لەساڵی 1953 بڕوانامەی یاسا وەردەگرێت.
- لەژیانیدا كۆمەڵێ پۆستی ئیداری وەردەگرێت ، وەك مودیری ناحیەی شێروان مەزن و مدیر ناحیەی سیدەكان بەوەكالەت و هیران و دیبەگە و قەراج و وەكیلی قایمقامی كۆیە و كوفە و جێگری پارێزگای دهۆك ..
- لە ساڵانی دواییني تەمەنی ئەندام پەرلەمانی كوردستان بووە.
- لەسەرەتای گەنجیدا هەرچەندە كوڕە ئاغاش بووە، بەڵام ئەندام و هەواداری بیری كۆمەنیستی بووە.
- لەساڵی 1974 چۆتە ناو شۆڕشی كوردستان و لەدوای هەرەس هاتۆتەوە و نەفی كراوە كراوە بۆ باشووری عێراق و كراوەتە سەرۆكی تێبینەران (رئیس ملاحظین).
- لە سەروبەندی هەرای حەرەس قەومی لەساڵی 1963 بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگەبووە، دوكانەكانی ناو بازاڕی دیبەگە دەسووتێنن.
- ساڵی 1963 بەدرەدین علی موتەسەرف(هەولێر) دەبێت، عەرەبێكی زۆر شۆڤینی و توند و رق ئەستووردەبێت،زۆر دژایەتی بەریوەبەری

**ناحیەی دیبەگە دەکات، عەرەبە بەدووەکانی هۆزی (حەواس) پەلاماری چەندگوندێکی کەندێناوا دەدەن... گوندەکانی (چەغەمیرە و سێقوچان) تالآن دەکەن،ئاغای گوندی چەغەمیرە(حەسەن کانەبی) هاوار بۆ کاك رەقیب دەبات،کەعەرەب تالآن کردبوو،خۆی وکۆمەڵێ پۆلیس کەزۆربەیان عەرەب دەبن،سواری(موسەلەحە)یەکی پۆلیسخانە دەبن و دەڕۆن .. لەئاقاری تووشی عەرەب ورانەمەرەکان دەبن،دەوریان دەگرن،چەکیان لێرادەکێشن،عەرەبەکان ناچار مەڕەکان بەجێدەهێڵن.. ئەوانیش مەڕەکان دەگەڕێننەوە بۆخاوەنەکانیان..(شێخ حەواس سدید) کە شێخی عەرەبە بەدووەتالآنچییەکان دەبێت،دەچێتە لای(بدرالدین علی) وشکات دەکات، ئەویش یەکسەر فەرمانی گواستنەوەی  بۆ ناحیەی قەراج بۆدەردەکات، ئەم پیاوە خاوەن هەلوێستە،کە ناهەقییەکان دەبینێت ،یەکسەر برقیەیەك بۆ ئامرلیوای هەولێر دەکات، دەنووسێت:**

(لقد دخل الاعراب قصبة دیبکة حرقوها بعد ما نهبوا مافیها)..

**واتە عەرەبی خێڵەکی(کۆچەر) هاتن دیبەگەیان سووتان دوای ئەوە تالآنییان کرد..کاتێك کە برقییەکە دەگاتە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، برقیەکە لای خۆی گلدەداتەوە، ناهێڵێت بڕوا بۆ ئامر لیوا..دوایی پێی دەڵێت: من برقیەکەم نەدا بە موتەسەریف،چونکەترسام سزایەکی خراپت بدات ، لەبەرئەوەی برقیەکەی تۆ دژی حەرەس قەومییەکان بوو.**

* بیرەوەری شیروان رقیب حسین مەلا- عباس نادر - 2021/10/3



# (شێخ حەنەش) چۆن کوژرا..؟

شێخ حەنەش حمود الەوار شێخی گەورەی هۆزی تەی بوو.

ـ ساڵی1890لەهەوێرەی شەمامکی سەر بەناحیەی گوێڕ،دایك بوو بوو. خاوەن هێزی چەکدار و دەسەڵاتێکی زۆر بوو لەناوچەکەدا.. لەدوای کودەتای 1963ی بەعس و سەرهەڵدانی (حەرەس قەومی) خۆی و لایەنگرانی،چەك هەڵدگرن،لە1/6/1963بەشداردەبن لەهێرش بۆسەر سەنگەری پێشمەرگە وناوچەی کەندیناوا ...لەگوندی تەلەلخێم لە ئەنجامی شەڕێکی چوار سەعاتی چوارپێشمەرگەی قارەمان شەهید دەبن، بەناوەکانی:(انور مەلامحمد و تاهێر مەلامحمد و حەمەدعلی سادق وبەکرسەدیق ـ بەبریندای دەگیرێن)..(عمرسەلیم)یش دوای بەرگریی بەشەڕ قوتاردەبێت..جگە لەکوشتنی ئەوچوار قارەمانە،سەروەت وسامانی کوردان تالآن دەکەن وئاگر لەدەغڵ و دان و خانووی جوتیارانی کورد بەردەدەن.. لە تۆڵەدا رۆژی 4/12/1968 هێزێکی پێشمەرگە، لەڕێی گوێڕ هەولێر لەنێوان گوندی سوێرە و عارەبکەندی بۆسەیەك بۆشێخ حەنەش و چەکدارەکانی دادەنێنەوە.. کەئەونیش سێ سەیارەی پڕلەچەکداردەبن، لەئەنجامدا شێخ حەنەش و چوارکەس لەچەکدارەکانی دەکوژرێن، شوفێرەکەشی بە ناوی سابیرە گۆج بریندار دەبێت. *

* المصدر : موقع المعريفه ـ https://www.marefa.org/

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ شاری کۆیــە



## بەشی پێنجەم



# هێرشی حەرەس قەومی بۆ شارۆچکەی تەقتەق

## گرتنی پێنج هاووڵاتی

لە ساڵی 1963 دوای ئەوەی حەرەس قەومییەکان،گو ندی جگیر لە و قەرەناو تالان دە کەن و دە سوتێنن، لە سەربازگەی قەلا تە ئۆردوو هەڵدەدات و بۆ رۆژی دوا تر بەو گەرمای هاوینە، پەلاماری شارۆ چکەی تەقتەق دەدەن و ئەوەی بەردە ستیان دە کەوێ تالانی دە کەن و تەواوی شارۆ چکەکە ئاگر تێ بەردەدەن،هێرش بۆ گو ندەکانی دەوروبەری شی دەبەن و ئەوەی بۆیان شیاوە فەرهودیان کردووە دە غلٚ ودانیشیان ئاگر تێبەرداوە..لەناوشارۆ چکەکەو گو ندەکانی تا ڵەبان و ئۆ مەر گو مەت .. (13) هاووڵاتی بەم ناوا نە قۆڵبە ست ودە ستگیردەکەن و حەوا ڵەی زیندانەکانی کەرکوك و(موسەیب)یان دەکەن:

**1 ـ سوارە رەحمان عبدالله کوێخا مارف	2 ـ سعید مستەفا**

**3 ـ سلام کاکەڕەش سعدون *	4 ـ باقی لەتیف**

**5 ـ خالید حاجی وەلی	6 ـ هەمزە رشید بابەکر**

**7 ـ ئەحمەد رشیدبابەکر	8 ـ صدیق صالح**

**9 ـ رشیدئەسعەد مام ئۆمەر	10 ـ حەمەخان سوارە**

**11 ـ حاجی خدر درویێش خدر	12 ـ کاکەخان پیرداود**

**13 ـ صالح ئۆمەرمامیل ئۆمەرگومەتی**

**دوای ئازاروئەشکەنجەی زۆربۆماوەی پترلەساڵیك لەزیندان دەمێنێنەوە، لەساڵی1964 ئازادیان دەکەن،حاجی سوارەرەحمان،جگەلەگرتنی خۆی، ماوەی ساڵێك دەستبەسەر.. ئۆتومبێلەکەی دا دەگرن و لەکاتی دەسەلاٌتی دووەمی حزبی بەعسدا (صدام حسین) فەرمانڕەوابوو بڕیارێك بۆ ڕێزلێنان لەهاوتەمەنەکانی دەردەکات، بەوحوکمەی کاك سوارە لەدایك بووی ساڵی1937 دەبێت، چونکە موالیدی ئەودەبێت،پێی دەڵێن:**

**بڕۆهەوڵ بدە،دەبیتەیەکێك لەهاوڕێیان سەرۆك (اصدقاءالسیدالرئیس)، دەبیتە خاوەنی ئیمتیازات ومەکرەمە وبەخشیش و موچە ودامەزراندن و خانەنشین کردن،جگە لەخۆت زۆرشتی تر بۆ منداڵەکانیشیت دەکرێت ، بەلاٌم ئەومرۆڤە پڕشکۆیە،بەوانە ڕازی نابێت ئەڵێ ؛ مل بۆ جەلادی خۆم شۆڕناکەم و هەتا دەمرم نانی دەستی خۆم دەخۆم.**

---

* بۆ وەرگرتنی ناوی گیراوەکان . پەیوەندی لەگەڵ ـ نەوزاد کاکەڕەش سعدون ـ 12/4 /2022

# هێرش بۆ دەورو بەری کۆیە

## بۆمبابارانکردنی گوندی تۆبزاوا

لە ڕۆژی 10 حوزەیرانی ساڵی 1963دا کاتێك کە سوپای عیراق بەرەو شاری کۆیە پێشڕەوی دەکات بەمەستی داگیرکردنی ئەوشارە هەڵدەسێت بە بۆردومان کردنی کۆیە و دەوروبەری و تۆقاندن و کوشتن و بڕی خەڵکی ئەودەڤەرە..دوای تێپەڕبوونیان لەبانی تاڵەبان هێرش دەکەن بۆ گوندی (کونەگورگ)لەلایەن کوێخائەحمەدوخەڵکی گوندەکەوەتەقەیان لێدەکرێت، ناهێڵن گوندەکەیان داگیربکرێت.. حەرەس قەومییەکان،زۆرلە گوندی تۆبزاوا بەداخ دەبن، چونکە چەندرۆژ پێشتر (مەلامستەفای بارزانی) لەدیوەخانی (شەفیق ئاغا) میوان بوو بوو، بەگەیشتنیان سوپای عیراق وحەرەس قەومی هەموو گوندودیوەخانەکەی (شەفیق ئاغا) دەسوتێنن و ماڵەکانیش تالآن دەکەن، هاووڵاتی گوند عبداللەخدراحمد(مام عەوللا) شەهیددەکەن و محمدامین إبراهیم قادر بریندارردەکەن و(400) ئاژەڵیش تالآندەکەن.هەر ئەورۆژە هەواڵەکە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، ئەمەش دەقی هەواڵەکەیە کە لە ئێزگەی بەغداوە پەخش دەکرێت :

( قوات الحرس القومي قصفت قرية طوبزاوا معقل البارزاني والطالباني في قضاء كويسنجق ).*

* سەرچاوەکان : فازڵ شەوڕۆ/ گۆڤاری کەکۆن.

ـ ماڵپەڕی شاری کۆیە / دڵدار جەلیزادە

ـ گفتوگۆ / دیداری مامۆستاکاکەخان / بەڕێوەبەری پێشووی تەقتەق

# چۆنیەتی هێرشەکان

هێرش‌و پەلاماری حەرەس قەومی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر وراتی کۆیە لە 10 ـ 6 ـ 1963 دا دەستپێدەکات،سەرەتابەفڕۆکە بڵاوکراوە بەسەر دانیشتوانی کۆیەدا بڵاودەکەنەوە، کە تێیدا هاتبوو:" لێخۆشبوونی گشتی لەلایەن سەرۆك وەزیران‌و سوپا سالاری عێراقەوە بۆهاووڵاتیان دەرچووەو ئەم لێخۆشبوونەش تەواوی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی دەگرێتەوە.... هەروەها پێویستە هاووڵاتیانیش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن‌وکرداری گێرەشێوێنی ئەنجام نەدەن".
بەشێك لە موختارو هاووڵاتیانی گوندەکان ئاڵای سپی هەڵدەکەن و بەرەو کۆیە دەچن،بەوهیوایەی بەم کارەیان گیانی خۆیان‌و سەرو سامانیان پارێزراوبێت..سوپا بەپشتیوانی حەرەس قەومی عەرەب وتورکمان و (جاش)ی کورد و پەلاماری زەمینی و ئاسمانی لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە هێرش دەکەن،عمردەبابە و وەك لێپرسراوی میحوەر و دووهەڤاڵی تر (مەلاعەبدوللائیسماعیل و فارس باوە)دوو فەرماندەی دیاری پێشمەرگەی پلانی بەرگریکردن دادەڕێژن ، لەچیای(دێدەوان) و(دێگەڵ)ەوە تا چیای (هەیبەت سولتان) ماوەی(10) ڕۆژ بەرگری دەکەن..لە22ی حوزەیرانی 1963دا سوپای عێراق و حەرەس قەومی و جاش بەفەرماندەیی (تەهاشەکرچی) شاری کۆیە کۆنتڕۆڵ دەکەن. فەرمانی گرتن و کوشتن بۆ ژمارەیەك لە دانیشتوانی شاردەردەکەن، شاڵاوەکە .. هەمووگوندەکانی وراتی کۆیە دەخاتە ناوبەرنامەی خۆیەوە.

## بەرگری هێزی پێشمەرگە

- لەگەڵ هاتنی هێزەکانی سوپا وحەرەس قەومی.. لەهەولێرەوە بۆ سنووری کۆیە، لە کەرکوك وتەقتەق یشەوە پێشڕەوی دەکەن.. چونکە شەوی پێشتر پێشمەرگەکان لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە بانگەوازیان کردبوو:بۆ پاراستنی گیانی هاوولاتیان سەنگەری بەرگری بخەنە شاخی هەیبەتسولتان وخەڵکیشیان ئاگادارکردبووەوە بۆ سەلامەتییان رووبکەنە گوند و شارەکانی تر..بەیانی زوو شار داگیر دەکرێت..دوای داگیرکردنی شار بەپەلە هێرش دەکەنە سەر چیای هەیبەسولتان،بەلام هێزەکانی پێشمەرگەبەفەرماندەیی عمر دەبابە وهاوکاری عەبدوللائاغای پشدەر دەتوانن بەرپەرچی هێرشەکە بدەنەوە و زیانیان پێبگەیەن.ئەگەرچی هێزی ئاسمانیش دەستی نەپاراستبوو، سەرەتا هێزی پێشمەرگە لەهەیبەت سەڵتان بەرگریەکی باشیان کردبوو، زیانی زۆریان لە هێرش بەران دابوو، ئەمەش زیاتر لەبەرئەوە بوو کە پێشمەرگەکان خەڵکی ناوچەکە بوون، جگە لەوەی بە بیروباوەڕی نەتەوەیی شەڕیان کردبوو.سوپای عێراق سووردەبێت لەسەر داگیرکردنی هەیبەت سولتان، بۆ ئەم مەبەستە سعید حمو (فەرماندەی لیوای 5ی تیپی 2) پیلانێکی دادەڕێژێت و فەرمانی هێرشکردن دەداتەوە، دیسان هێزەکەیان تێکدەشکێت... دووبارە سوپای عێراق دەستدەکاتەوە بە هێرشکردن و سوپا و حەرەس قەومی گوندی (تیمارۆك) دەسوتێنن ومەڕومالاتی

**گوندو پترلە(500)سەرمەڕوبزنی باپیری هەڤاڵ(سیامەندتیمارۆکی)تاڵان دەکەن.**

**لەسنووری (حاجی قەلا)یش هێزی پێشمەرگە بەهاوکاری خەڵکی گوند بەفەرماندەیی (ملازم تاریق) هیرشێکی تری دوژمن تێکدەشکێنن..**

**لە 20ی تەموزی1963 بە پاڵپشتی هێزێکی زۆری جاشەکانی سنووری خۆشناوەتی و شەقلاوە.. چیایەکە کۆنترۆل دەکەن..**

**دوای ئەوە تاوانبار (تەها شەکرچی) فەرمان دەدات هێرش بکەنە سەر گوندەکانی دەشتی کۆیە،لەنزیك حاجی قەلا.پێشمەرکان بەفەرماندەیی ملازم تارق ئەحمەد لە بۆسەیەکدا ژمارەیەکیان لێدەکوژن و بریندار دەکەن، ئەمەدەبێت هۆی پاشە کشەکردنی سوپای عێراقو حەرەس قەومی لەو ناوچانە.**



## فەیزوڵلا یارەمیشی و
## شەڕی حەرەس قەومی

فەیزوڵلا ئاغا کوڕی جەلال ئاغا کوڕی ئەسعەد ئاغای حەوێزی بوو.

ـ ساڵی 1922 لەشاری کۆیە چاوی بەژیان هەڵەێنابوو.

لە گوندی یارەمیشی ڕۆژهەڵاتی کۆیە نیشتەجێ بووبوو..

ـ پیاوێکی تێکۆشەر نیشتمانپەروەر بووە..لە قۆناغە جیاوازەکاندا یارمەتی شۆڕش و بزاوتە ئازادیخوازەکانی کوردی داوە،دیارترین هەڵوێستی ئەم پیاوە لە مێژوودا..:

لەساڵی 1963 لەگوندی یارەمیش  ڕوو بە ڕووی (حەرەس قەومی) و بەعسیەکان دەبێتەوە و ناهێڵێت گوندی گوندی یارەمیش تاڵان بکەن.کەحەرەس قەومی لە هاوینی 1963 پەلاماری یارەمیش دەدەن فەیزوڵلائاغا و مشیر ئاغای کوڕی و نەزەندخانی حسینی هاوسەری

لەگەڵ خەڵکی ئاوایی یارەمیش لەسعات(9)ی بەیانیەوە تاوەکو سعات (4)ی ئێوارە سەنگەر لە بەعسیەکان دەگرن و پێشڕەویان رادەگرن..

لەو شەڕەدا(11)حەرەس قەومی دەکوژرن و(4) یشیان بریندار دەکەن و گوندەکە لە تالانکردن دەپارێزن، ئەمەش بەیەکێك لەسەروەرییەکانی قەزای کۆیە لەمێژوودا تۆمارکراوە..

- هەرئەوڕۆژەی حەرس قەومی پەلاملری گوندی یارەمیشیان دا،لەدەور و بەری کۆیە پەلاماری چەند گوندێکی دیکەیش دەدەن لەپەلاماریکدا بەمەستی تالانی دەچنەسەر گوندی(تۆبزاوا) لە 5 کم باکووری کۆیە، هاووڵاتی(عبداللە خدراحمد) شەهیددەکەن و(محمدامین إبراهیم قادر)یش برینداردەکەن وچەند ماڵێك دەسووتێنن و400 سەرئاژەڵ بەتالان دەبەن.

- هەروەها هاوکاری شەهید دکتۆر خالیدی کردووە لە ماڵەکەی خۆیدا لەیارەمیش پلانی گرتنی قشڵەو سەرای کۆنی کۆیەی داڕشتووە ...

- لە 22-2-1981 لەشاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

---

1 ــ سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردیپیدیا

2 ــ هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری

ــتوێژینەوەیەکی مێژوویی یە ـ د. جمال فتح الله تەیب

# شەڕی
# گردی قوچێ

دەستەیەك پێشمەرگە كەیەكێكیان فتح الله تەیب دەبێت لەگردی قوچێ لەنێوان( كفرەدۆڵ و شەوگێڕ)..بۆسەیەك دادەنێنەوە ژمارەیەك حەرەس قەومی دەكوژن و بریندارەدەكەن..(1)

# شەڕی
# گوندی قزلوو

لە گوندی (قزلو)ی دەشتی كۆیە (شێخ جەنگی) لەگەڵ (25) هاووڵاتی تر چەك هەڵدەگرن.. لەكاتێكدا حكومەتی عێراق ئاوی بەنداوی دۆكان دەگرێتەوە تا بتوانێت بە ئاسانی هێزەكەی بپەڕێنێتەوە، بەڵام ئەوان بەرپەچیان دەدەنەوە وبواریان نەدان ناوچەكە داگیر وتاڵان ..بكەن.(2)

دوای شەڕەكەوكشانەوەی دوژمن پێشمەرگەی پشتگیری(مام مولود) بەكەلەك دەپەڕێتەوە بەری (كانی هەنجیر) وتەرمی چوار كوژراوی (حەرەس قەومی) دەدۆزێتەوە،چوار تقەنگی(پۆلۆنی) دەسكەوت دەبێت.

سەرچاوە:

1 ـ پەیوەندییەك لەگەل ( ئەبووزێدصالح ) 2023/1/14

2 ـــ هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری كۆیە و دەوروبەری

ـ توێژینەوەیەكی مێژوویی یە ـ د. جمال فتح الله تەیب

# شەڕی گوندی کلێسە

هاوکات لەگەڵ هێرشی حەرەس قەومی بۆچەمی رەزان...هێزێکی زۆری حەرەس قەومی لە(عەسکەر) و(سورقاوشان)ەوە هیرش دەکەن بەرەو (بۆڵقامیش)گوندەکە تالآن دەکەن،خانوو ومالًی جوتیارانی دەسووتێنن.. هەر بەوەندەوە ناوەستن، شۆڕدەبنەوە بۆ سەرزێ و بەنیاز دەبن بپەڕنەوە بۆگوندی(کلێسە)و تالآنی بکەن و بیسووتێن، خەڵکەکەیشی بیکوژن، خەڵکی لە بەرهەیوانی مزگەوت کۆدەبنەوە و پرس بەمەلای گوند (مامۆستا مەلارشید)دەکەن،ئەگەر هاتنە سەرمان..ئێمە چیبکەین..؟ مامۆستایش فتوایان بۆدەدات داکۆکی کردن لەگیان ومالً و نیشتمان پێویستەوهەرکەس بکوژن تاوان نییەوئێوەیش بکوژرێن شەهیدن،ئیتر ناوی خوای لێ دێنن و ئاگربارانیان دەکەن، پاش چەند سەعات شەڕ زیاتر لە( 16) حەرەس قەومی دەکوژن و بەرەو قەلآسێوکە راودەنێن، حەرەس قەومییەکان چەندپیرەمێردوژنی گوندی(عەسکەر)ناچار دەکەن، کەبچن،تەرمی کوژراوەکانیان بۆبێننەوە،لەو شەڕی بەرگری کرد نەدائەم بەڕێزانە شەڕی قارەمانانەدەکەن:(عزیزعلی،صالح عزیز، شریف حسن، وهاب مام کوێخا،ئەحمەدی مەلامحمود)*

دووهاهاولآتی (صالح عزیزامین) و (عزیزعلی) یش بریندار دەبن.

* پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەشداربووی شەڕەکە(ئەحمەدی مەلامحمود) 2022/12/1



# خارە عبدەی میرسەید و شەڕی حەرەس قەومی

عبدالله تۆفیق ملاحوێز عمر بەکری ناسراو بە (خارەعبدەی میرسەید)

ـ لە ساڵی١٩١٧لە بنەماڵەیەکی ئایینی وکوردپەروەر، هاتبووە دنیاوە.

ـ حاجی تۆفیق حەوێز باوکی بەشداری شەڕی روس دەکات لەرەواندز. بەهێزێکی(١٠٠) کەسییەوە بەرەو رەواندز دەکەونە ڕێ، لەکاتی شەڕدا لەگەڵ سەربازانی روسدا،دووئامۆزای بە ناوەکانی کەریم حەمشین و سعید حەمشین شەهید دەبن..

خارەعبدە یەکێك بووە لەکەسایەتی یە هەرە دیارەکانی وراتی کۆیە و بیتوێن و خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان ..پیاوێکی زۆر گورج و گۆڵ و چالاك بووە،سەنگو قورسایی یەکی زۆری هەبووە لەوناوچەکەدا..

## خارەعبدە و شەڕی حەرەس قەومی

خارەعبدە لەساڵ (حەرەس قەومی)یش دا ڕۆڵێکی جوامێرانەی هەبووە.

ـ ساڵی 1963 کاتێك تەها شەکرچی بریاری ئەوەدەدات کە گوندو دێهاتەکانی ناوچەی کۆیە و دەوروبەری تالان بکات و بسوتێنێت ،

هێزێکی دڕندە و خوێنڕێژی حەرەس قەومی بەرەو گوندی (میرسەید) هێرش دەکەن..دەیانەوێ لە چیاکەوە شاخ وشاخ شۆرببنەوە ،خارەعبدە کۆمەلێك چەکداری لەگەڵ دەبێت.کەمینێکیان بۆدادەنێنەوە، دەستڕێژیان لێدەکەن و تێکیان دەشکێنن..

ئەوە بە بەرگرییەکی تری قارەمانانە دادەنرێت لەدەڤەری کۆیە،دوای ئەوە حەرەس قەومی بەرەو دۆڵی سماقولی دەڕۆن. کە ئەوکات هێزی پێشمەرگە لەچیای هەیبەت سوڵتان دەبێت،هەرچەند حەرەس قەومی دەیانەوێ ئەوهێزە بشکێنن و دەریان بکەن لەچیای هەیبەت سوڵتان ، بەڵام لەبەر بەرگری هێزی پێشمەرگە بەفەرماندەیی خارە عمر دەبابەو دکتۆر خالید... هێزەکەیان لەپێشڕەوی دەوەستێت، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەو تۆپبارانەوە چەند رۆژێك رێگاکان دادەخرێن..وەك پێویست خواردن بەپێشمەرگەکان ناگات ،هەرزوو خارە عبدەی میرسەید داوا لەخەلکەکەدەکات ، سەرجەمماڵەکان نانی نوردی تیری دروست بکەن.. خواردن و کۆمەکێکی زۆر بە سواری ولاغ دەنێرێت بۆ پێشمەرگەکانی سەرچیای هەیبەت سوڵتان..

- خارەعبدە چۆن لەشۆڕشی ئەیلول هەمیشە لەبەرەی شۆڕش بوو بوو، لە سەرەتای شۆڕشی نوێش پێشمەرگەو هاوکاری شۆڕش بووە، هەربویە ساڵی1977خۆی وکورەکانی دەگیرێن و..لە ابوغریب حوکم دەدرێن.

سەرچاوە : ئەرشیف ی: سباح سابیرعمرکۆیی

# تاوانی حەرەس قەومی



# لە شاری کۆیـــە

**ڕۆژی 7 / 7 / 1963 حەرەس قەومییەکان چەند کەسایەتی شاری کۆیە لە دینگەکان دەبەستنەوەو گوللە بارانیان دەکەن**

**سەرەتای مانگی تەمووز 1963دوای ئەوەی بەتەوای شاری کۆیە کۆنترۆڵ دەکەن، ڕژێمە چەپەڵەکەی بەعس دەست دەکات  بە تالان و رەش بگیری خەڵکی شاری کۆیە،شەلم کوێرم کەس نابوێرم ، دەکەوێتە وێزەی سەرجەم چین و توێژەکانی شارەکە... رەشبگیری بە شێوەیەك دەبێت، کە تەنها ژن و منداڵ وپیرەکان دەبوێرێت.ئەویش بەتەنیا بەمەبەستی چاوترساندی خەڵکی شاری کۆیەی شۆرشگێر ئەوەیش لە لایەن تاوانبار(تەها شەکرچی حاکمی عەسکەری کۆیە ونێردراوی تایبەتی تاقمی کۆدەتاچییەکانی (بەعس) فەرماندەی لیوای 14ی سوپای عیراق،سەرپەرشتی کرابوو، چونکە زانیبوویان زۆربەی سەرکردەکانی ئەوسای پارتی خەڵکی ئەو شارە بوون وەکو :**

**( كاكە زیاد جێگری بارزانی – مام جەلال،عمر دەبابە،علی عبدالله، ئەندامانی مەكتەبی سیاسی..) لەگەڵ سەدان كادیری سەربازی و پێشمەرگایەتی وكۆمەڵایەتی..هەروەها بەشێكی تری هۆكاری رقەكەیان ئەوەدەبێت كەخەڵكی كۆیە كوردانەوجوامێرانەئەركی كۆنگرەی پارتییان لەوشارەدا لە ئەستۆگرتبوو. پاش چەندرۆژێك لەگرتنی شاری كۆیە و كۆنترۆلكردنی تەواوی گەڕەك و بازاڕەكانی، لەهەڵمەتێكدا بەبێ دادگایی كردن لەرۆژی 5/ 7/1963 دا ئەم دووهاوولاتییە بێ تاوانەیانەی كۆیە گوللە باران وشەهید دەكەن:**

**(حەمیدی فەقێ سمایل دارتاش، مەلای شێخ تایەر)**

**بۆدوورۆژ دواتر لە 1963/7/7(منیرە مەلا زاهیری جەلیزادە و كۆرپەكەی باوەشی بەناوی شوان سابیر رەئوف) شەهید دەكەن.**

**هەر هەرهەمان رۆژ 1963/7/7 بەعسی رەفتارفاشی ئەم كۆمەڵە خەڵكە بێ تاوانەی بەبێ دادگایكردن بەدینگەكانی سەرشەقامەوە دەیان پێچن وبە بەرچاوی خەڵكەوەگوللەبارانیان دەكەن..كە ئەمانە ناوەكانیانە:**

**1 ـ محمد عبدالوهاب حەوێزی**

**2 ـ یوسف حنا عبدالكریم**

**3 ـ حنا یوسف تۆما**

**4 ـ سلێمان حەمەد قاوەچی**

**5 ـ شفیق حەمەد ئۆمەر**

**6 ـ حەمەدەمین ئەحمەد ئاغا.**



# شەهید
# کەمال رەشاغا

**مامۆستا کەمال رشید**

**مامۆستا و سیاسەتمەدار و کەسایەتی ڕۆشنبیر ونیشتمانپەروەر بووە.**

**ـ لەساڵی 1929 لە شاری کۆیە چاوی بۆژیان هەڵهێنابوو.**

**ـ ساڵی 1963حەرەس قەومییەکان،لەشێرن خەوهەڵیدەستێنن ودەیگرن، راپێچی دەکەن بۆسەربازگەی قشڵەی کۆنی کۆیە. لەوێوەشەوە دەیبەن بۆ سەربازگەی گەورەی کۆیە،کەئەوساکە لە شوێنی ئێستای گەڕەکی (ئازادی)بووە.**

**تاوانبار(طه شكرجي موصلاوي) مرۆڤێکی ڕەگەزپەرستی بێ زەمیری بەعسی بووە ،پاش ماوەیەکی کەم بەبڕیاری ئەو بەبێ دادگایی کردن ، لە رۆژی 17 / 7 / 1963 گولەبارانی دەکەن.**

---

*** سەرچاوە: ئەرشیفی : سباح سابیر عمرکۆیی**

**** لە دیواربەندی پارکی ئازادی سلێمانی ناوی بەهەلە لەوێ نووسراوە**



# کۆیە و
# چەند تاوانێکی تری
# حەرەس قەومی

مانگی حوزەیرانی 1963 لە هەموو کوردستان دا مانگێکی شووم و پڕکارەسات بوو،لەسنووری هەولێر ومەخموور،لەکەرکوك و گەرمیان، لەسلێمانی وشارەزوور،لەبادینان وخواروو وناوەڕاستی عێراق..

کودەتاچییەکانی 8 ی شوبات.ولأت نوقمی خوێن دەکەن وسەروەت و سامانی نەیارانیان بەحەڵاڵ دەزانن و دەستدرێژی شەرەفی ئافرەتانیش دەکەن..ئەگەرچی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە،هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە دەدەن،بەڵام خەڵکی شۆڕشگێڕملکەچی زەبروزەنگیان نابن، هەربۆیە قۆناغێکی تری جینۆساید و کۆمەڵکوژی دەستپێبکەنەوە.. دیسان ڕووی تیری تاوان دەکەنەوە شارەکەی حاجی قادر ، شاری کۆیە، ـ لە 20ی تەموزی 1963 سوپای عێراق و حەرەس قەومی لە یەکێك لە چایخانەکانی هاوینەهەواری چناڕۆك(15)سەربازی هەڵاتویان دەستگیر دەکەن و هەرلەوێدا بەفەرمانی(تەها شەکرچی) چایخانەکەیان بەسەردا دەرووخێنن و زیندە بەچاڵیان دەکەن.

* سەرچاوە : فازڵ شەوڕۆ/ گۆڤاری کەکۆن

ـ لە ڕۆژی 30 / 7 /1963بەعس ئەم ڕەش وڕووتانەی شار بەبێتاوان و دادگایی کردن لەهەمان دینگەکانی جاری یەکەم دەپێچێت وگوللەباران و شەهیدیان دەکات:(رەحیم علی حمد،رەفیق احمدمستەفا،مستەفا میره)

ـ لە ڕۆژی دواتریش سێ ئەندامی یەك خێزانیان بەناوەکانی:

(حسن شریف إبراهیم ،حسین شریف إبراهیم ،عمرشریف إبراهیم ) (1) کە خەڵکی گوندی مزگەفتۆرە بوون گوللە باران دەکەن و تەرمەکانیشیان بۆماوەی(48)کاتژمێر بە دینگەکانی ناو بازاڕی کۆیە دەهێڵنەوە..

ـ هەروەها هاووڵاتی (کەمال رشید ئاغا) گوللە باران دەکەن ... (2)

سەرچاوەکان:

1 ـ هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری

ـ توێژینەوەیەکی مێژوویی یە ـ د. جمال فتح الله تەیب

2 ـ پەیوەندییەك لەگەل ( د. وەلی )سەرۆوی پێشووی زانکۆی کۆیە 2023/1/10



## تاوانێکی تری حەرەس قەومی
## گوللەبارانکردنی دوو هاووڵاتی کۆیە

**لە 12ی ئابی 1963 بەردباران کردن وگوللەبارانکردنی دووکورد**

**شەهید عبدالرحمن چەلەبی و کوڕەکەی :**

**لەدوای مانگیك لە رەشبگیریەکەی شاری کۆیە وگوللەبارانکردنی 7کەس ( تەها شکرچی ) حاکمی عسکری وتاوانباری چەندین کۆمەڵکوژی تر..**

**لە رۆژی 12/ 8/1963 تاوانێکی تری لە دۆڵی سماقولی ئەنجام دا، ئەوەبوو لەنزیك گوندی کرۆژ کە سایە تیکی دیاری کویە وهەموو کوردستان کاك (عبدالرحمن چەلەبی) و خیزانەکەی لە دوڵی سماقولی لەلایەن لەشکری رژیمی بەعسی بەبریاری تاوانبار (تەها شکرچی) دەستگیردەکرێن و لەگەڵ کورەکەی بەناوی (جاسم عبدالرحمن) کە تەمەنی 16 سال دەبێت ،بە بەرچاوی خەڵکەوە راپیچ دە کرێن و پاش ئازارو ئەشکەنجەی زۆر هەمان رۆژبەتۆمەتی یارمەتیدانی شۆرشی کوردستان، بە بەر چاوی باوکی یەوە گوللەبارانی دەکەن لە دوای بینینی چۆنیەتی شەهیدکردنی جگەرگۆشەکەی لەهەمان شوێن خۆشی شەهید دەکەن.**

# ژیاننامەی
# شەهیدعبدالرحمن چەلەبی

**ناوی تەوای ( عبدالرحمن حاجی اسعدی مام خدری صالحی ) بووە.**

**ـ لە ساڵی1910 لە شاری کۆیە گەڕەکی ( قەڵات ) لە دایك بووبوو.**

**ـ لە بنەماڵەی(صالحی) و بازرگانێکی دیار وخاوەن دیوەخان بووە.**

**شەهید وەك سەرمایەدارێکی نیشتمانی مولك و ماڵێکی زۆری لە بەغدا دەفرۆشێت ودەگەڕێتەوە بۆ کۆیە..بۆخزمەتکردنی شارەکە،پارەیەکی زۆر دەهێنێتەوە کۆیە وخانوو بەرەیەکی زۆر لەگەل دوو قوتابخانە دروست دەکات، لەگەڵ کڕینی زەویی لە دەشتی کۆیەو دۆڵی سماقوڵی و دەشتی بیتوێن..ڕۆڵی هەبووە لە چاندنی تووتن و دابینکردنی هەلی کاری زۆر بۆخەڵکی کۆیەو بتوێن و دەوروبەریان..**

**<u>لەپرۆژەکانی شەهید:</u>**

**1 ـ دروستکردنی ( 10 ) خانوو وحەسارێك ودیوەخانێکی فراوان. لەچلەکان وپەنجاکاندا بە نوێترین شێوازی خانوی ئەوسەردەم دادەنران.**

**2 ـ دروست کردنی دوو قوتابخانە،یەکەمیان قوتابخانەی ناوەندی کچان کە یەکەم قوتابخانەی ناوەندی کچان بوو لە کۆیە،لەگەڵ قوتابخانەیەکی سەرەتایی بەرامبەرقوتابخانەی زانست ناسراوە بەقوتابخانەی (ئامینە ) لە شاری کۆیە..**

3 ـ ساڵی 1947 کە ڕژێمی پاشایەتی عیراق چوار ئەفسەرە کوردەکەی شەهید کرد بە ناوەکانی( عزت عبدالعزیز و مستەفا خۆشناو و خیرالله عبدالکریم – محمد محمود قودسی) بە تۆمەتی بەشداری کردن لە کۆماری ( مهاباد ) شەهید ( عبدالحمن چەلەبی ) ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە هێنانەوەی تەرمەکانیان و تێچووەکەی دەگرێتە ئەستۆی خۆی..

4 ـ لە ساڵی 1952 یەکەم کەس بووە کە پێداویستی کشتوکاڵی وەك ( تراکتۆر و دەڕاسە ) ی بردوە بۆ دەشتی بیتوێن .

5– لە ساڵی ( 1953 ) کاندیدی ( پارتی دیموکراتی کوردستان ) بووە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق .

6– ساڵی ( 1963 ) لە گەڵ شالاوە شۆڤێنیەکەی عیراق لەگەڵ خێزانەکەی ڕوودەکەنەدۆڵی سماقوڵی نزیك(کورتەجۆ)کە ئەوکات زۆربەی دانیشتوانی (شاری کۆیە) لەترسی ڕژێمی رەفتار فاشی ماڵوحاڵیان جێهێشتبوو ڕویان کردبووە دەرەوەی شار..

7 ـ لە 1963/8/12 لەگەڵ کوڕەکەی دا بە ناوی ( جاسم ) کە تەمەنی (16) ساڵان بووە ، بەتۆمەتی هاوکاری کردنی (شۆڕشی کوردستان) دەستگیر دەکرێن و بە بەر چاوی خێزانەکەیانەوە بە دڕندانە ترین شێوە ئەشکەنجەیان دەدەن و گوللەبارانیان دەکەن .

8 ـ ساڵی1964لەلایەن ئامۆزاکانی وبەسەرپەرشتی جمال تاهر صالحی وقادر حمداحمد صالحی وکەریم تەمەر صالحی و ڕەمەزان حەمەسوور تەرمەکان دەهێننەوە و لە گۆڕستانی( کەکۆن ) بە خاکیان دەسپێرنەوە .



# ڕەوانشاد
# مجید عبدالله حەسەن
# (مجید عبود)
# 1963 - 1926

**شەهید مجید عبدالله حەسەن عود**

**- لە ساڵی1926لە خێزانێکی هەژاری زەحمەتکێش لەگەڕەکی بایزاغای کۆیە لەدایك بووبوو،لە سەرەتای لاوی دا هەست بەچەوسانەوە دەکات، هەر بویە تێکەڵی بە کەسانی ڕۆشنبیر و شاعیر و خاوەن بیروباوەڕی مارکسی دەبێت،لەو کەسایەتیانەش وەك هاوڕێ کەریم احمد و هاوڕێ دڵزاری شاعیر و کەریم شارەزا و عوسمان خۆشناو و زۆرکەسی تریش، لەوهاوڕێیانەی کە ئەندامی چالاکی حزبی شیوعی بوون لەو سەردەمەدا. لەگەڵ حەمیدی برای هەرچەندە ئەو لەشەهید بچوکتربوو بەتەمەن، هەردوکیان دەکەونە نێوکاری حزبایەتی ولەتەمەنێکی زۆربچوکدا تێکەڵی ئازارەکانی کۆمەڵی هەژار و چەوساوەکان دەبن.. دژ بە ڕژێمی**

**پاشایەتی و دەرەبەگایەتی پەیوەندی بە حزبی شیوعی دەکەن و وەك برادەرماوەیەك لەکۆیەکاری حزبایەتی دەکەن،دواتر بەفەرمانی حزب بۆ ئیش وکاری حزبی دەنێردرێن بۆشاری کەرکوك و لەوێ لەگەڕەکەکانی (شاترلو وئیمام قاسم وحەسیرەکە و بەرتەکیە وبولاغ) ماڵی حزبی دادەمەزرێنن و پەیوەندی قوڵتردەبێتەوە.. لەگەڵ هاوڕێیان و دەکەونە چالاکی نهێنی و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی حزبی شیوعی و شاردنەوەی ئەو هاوڕێیانەی کە لەلایەن پۆلیسەوە داواکراو بوون و هەڵاتووبوون لەدادگای ڕژێمی پاشایەتی..**

**بۆ بژێوی ژیانی خۆیان لەو سەردەمە.. ماوەیەك شەهید وەك کارگوزار لەشارەوانی کار دەکات و دواتر لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەکرێکاردا دەمەزرێ،زۆرچالاکانە وزیرەکانە کارەکانی ڕادەپەڕێنێ و دڵسۆزانە لە هاوڕێکانی نزیك دەبێتەوە و دەبێتە خەمخۆریان و هەڵدەبژێردرێ بە نوێنەری کرێکاران و بەرپرسی سەندیکای کرێکارانی نەوتی کەرکوك، لەو ماوەیە خەڵکێکی زۆر دەباتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە.. ئەندامێکی چوست وچالاکی حزبەکەی بووە، کارەکانی زۆر بە وریایی و نهێنی ئەنجام داوە و هەرکاتێ هەستی بە پەشێوی و ناهەمواری کردبێ لەلایەن پیاوانی سیخوڕی ئەو کاتەی ڕژێمەوە،ئەوە یەکسەر بەڵگەنامە و بڵاوکراوەکانی شاردۆتەوە .. بۆ شوێنی تری گواستۆتەوە.**

**ـ لە ساڵی** 1959 **هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ خاتوو کافیە جلال و دوو کچیان دەبێت بەناوەکانی شەرمین و نەرمین.**

لەساڵی1963دوای کودەتا نەگریسەکەی 8ی شوباتی بەعسیەکان، دەکەونە پلاندانانی گرتن و لەناوبردن.. لەلایەن حەرەس قەومیەکانەوە بۆسەی بۆ دادەنێن پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لەئیش دەگەڕێتەوە و سەرێك لە هەیکەلی خانوەکەی دەدات لە (ڕەحیماوا) پشت کارگەی کۆلا، لەدوور و نزیك چاودێری دەکەن تا لەپڕ هەڵدەکوتنە سەری ودەستگیری دەکەن وهەر بە جل و بەرگی ئیشی کرێکاریەوە دەیبەن و بەندی دەکەن.. ـ لەڕۆژی 6 ی ئازاری هەمان ساڵ.لەدوای 3 ڕۆژ دەستبەسەری هەواڵی شەهیدبونی دەدرێتە حەمیدی برای و دەڕۆنە بارەگای حەرەس قەومیەکان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی.. ئەو بارەگایە دوای نەمانی حەرەس قەومی بوو بوو بە یانەی کرێکاران (نادی العمال) کەدەکەوێتە شەقامی احمداغای شاری کەرکوك..لەوێ بۆیان دەردەکەوێت کە لە ڕۆژی 8 ی ئازاری 1963 لەناو ئەو بەندیخانەیە سەربڕدراوە..

* سەرچاوە: بیرەوەرییەك / ئامادەکردنی/سیروان حەمید کۆیی.



# پەیکەری نۆبەرەی شەهیدان لە کۆیە

## ئافرەتێکی دووگیان و منداڵێکی 7 مانگە بەیەکەوە شەهیدکران

تەمموزی ساڵی 1963 بۆ خەڵکی کۆیە، مانگێکی رەش و شووم بوو، لەومانگەدا حەرەس قەومییەکان لەشاری کۆیە دەستیاندایە رەشبگیری و کوشتنی خەڵك و 17 کەسیان شەهید کرد، لەناو شەهیدەکان ئافرەتێکی دووگیان وکۆرپەیەکی حەوت مانگی هەبوو کەهەرسێکیان بەیەك دەسڕێژ شەهیدکران.. (دایکەمونیرە جەلیزادە) ئامۆزای مەلای گەورەی کۆیە بوو، لە دوای 58 ساڵ لە رووداوەکە لە سەنتەری قەزای کۆیە پەیکەرێکی شایستەیان بۆ دانرا.

بەر لە 58 ساڵ، لە گەڕەکی بایزاغای کۆیە، لەو رۆژەی بە رۆژە رەشەکەی کۆیە ناسراوە، لە یەکێك لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا بەعسیەکان دایکە مونیرە و شوانەی 7 مانگانیان شەهید کرد.. "ماهیە جەلیزادە"، ئەوکات نۆ ساڵان بووە و شەهیدکردنی دایکە دوو گیانەکەی وبرا

**تاقانەکەی بە چاوی خۆی بینیووە،ماهیە سابیر کچی شەهید.. ئەوکات (9)ساڵ بووە، ئاوا رووداوەکەی گێڕاوەتەوە:(حەرەس قەومییەکان هێرشیان کردەسەر کۆیە، ماڵ بەماڵ دەگەڕان..بەدوای باوکمداهاتبوون،دایکم دەرگای داخست، چەکدارێك چەکەکەی بڵند کردو فیشەکێکی بەدەرگاکەوە نا.. هەر ئەوفیشەکە بە دایکم و براکەم کەوت و دەمودەست گیانیان لەدەستدا).**

**لەسەر کێلەکەی مونیرە نوسراوە:"تەنیا تاوانمان کورد بوون بوو"، ماهیە جەلیزادە وەك شایەتحاڵێکی زیندوویی روداوەکە تیشك دەخاتە سەر ئەوەی مونیرەی دایکی یەکەم ژن و براکەی یەکەم کۆرپەی نۆبەرەی شەهیدانی شۆڕش بوون..**

**دانانی پەیکەر بۆ دایکە مونیرە و شوانەی جوانەمەرگ، کە تاقانەی چوار خوشك بوو، بەشێکە لە تاوانی رەشی بەعسیەکان دەرحەق بە گەلی کوردستان، بە دانانی پەیکەرەکە خەڵکی شارەکە دەیانەوێت ئەو مێژووە رەشەی بەعسیەکان دەرحەق بە ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی شارەکە لە بیرەوەریاندا بمێنێتەوە.**

---

* سەرچاوە : ماڵپەڕی K24 – ئاراس ئەمین



# شەڕی حەرەس قەومی لەبیرەوەری(مام غەفوور)دا

سەرەتای مانگی شەشی ساڵی 1963 بارەگامان هێشتا لە پەلکانەی دێدەوان بوو، ئەوکات بەڕەحمەت بێت کاك فارسی حمد باوە بەرپرسمان بوو، لەو ماوەیەدا ژمارەمان بە نزیکەیی سی پێشمەرگە دەبوو، بەڕەحمەت بێت مەلاغەریبیش سەرپەرشتی چل پێشمەرگەی ئازای تری دەکرد.ڕۆژێکیان پێش نیوەڕۆ بوو بروسکەیەکیان بۆ کردین و داوایانکرد بچینە هەیبەت سلّتان،گوایە حکومەتی عێراق هێز دەنێرێت و هێرش دەکاتە سەر هەیبەت سلّتان، ئێمەش دەست بەجێ لەدوای وەرگرتنی زانیاریەکە خۆمان کۆکردەوەو بەڕێکەوتین بەرەو شوێنی مەبەست،کە گەیشتینە هەیبەت سلّتان بەڕەحمەت بێت کاك عمر دەبابەو مەلا ماتۆڕی لێبوو، لەو ڕۆژەدا لە هەیبەت سلّتان ژمارەمان بووبە نزیکەی حەفتاو پێنج پێشمەرگە، بە گوێرەی ژمارەی پێشمەرگەکان کە حەفتا و پێنج پێشمەرگە بووین.... بەدرێژایی لایەکی شاخەکەی هەیبەت سوڵتان دابەش بووین. لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراق تەیارەی جۆری (مێك)ی هەبوو، ڕۆژانە بەبەردەوامی بەو تەیارە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی بۆردوومان دەکرد.دوای سێ ڕۆژ لە مانەوەمان لەو شوێنە حکومەت هێرشی یەکەمی هێنا و ئێمەش لێیان هاتینە دەست و لێماندان وبەرگریمان کرددوای شەڕێکی قوورس نزیکەی یانزە تەرممان بە هێزەکەی حکومەت بەجێهێشت بە بێ ئەوەی

**هیچ زیانێکی گیانیمان هەبێت. دوو ڕۆژ دوای ئەو سەرکەوتنە بەڕەحمەت بێت مەلاعەوللا هاتە لامان و پێشنیاری کرد سەنگەر لێبدەین، بۆ بەیانیەکەی کەرەستەی پێویستی سەنگەر لێدانیان هێناو چەند سەنگەرێکی پتەومان لەو دەوروبەرەدا لێدا، نزیکەی حەوت ڕۆژدوای سەنگەرلێدانەکە حکومەت بۆجاری دووەم هێرشێکی تری هێنا، دووبارە لێمان دان وبەرگریمان کرد وهێرشی دووهەمیشمان تێك شکاند. دە ڕۆژ دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بۆ جاری سێهەم حکومەتی عێراق دوای زیادکردنی هێزو خۆ پتەوکردن و ڕێکخستنەوەیان بەشەو هێرشێکی تری توندیان هێنا، ئەوکات لەبەر کەمی ڕێژەمان نەماندەتوانی بە درێژایی شاخی هەیبەت سڵتان دابەش بین، هەر لەبەر ئەو هۆکارەش بوو هێزێکی زۆری حرس قومی بەو شەوە لەبەشی کۆتایی شاخی هەیبەت سڵتان لە دیوی فەقێیان دزەیان کردە سەرشاخەکەو هاتنە بەرانبەرمان، دوای ئەوەی زانیمان حکومەت گەیشتۆتە سەر شاخەکە، کاك فارسی حمد باوە داوای لێکردم خۆم و کاك قاسم بەڕەحمەت بێت بچین لە نزیکەوە زەبرێك لەو هێزەی حکومەت بدەین. دەست بەجێ خۆم و چەکەکەم و دوو خەریتەی فیشەك لەگەڵ کاك قاسم کە چەکێکی جۆری پەڕەشوت و فیشەکی پێویستی پێبوو بەڕێکەوتین،دوای ماوەیەکی باش لە ڕۆیشتن بەپێ بە بەشی خوارەوەی شاخەکە بەقەد باڵی شاخەکە سەرکەوتینەوەو گەیشتینەنزیك هێزەکەی حکومەتوبەتەواوی لەدووژمنان نزیك بووینەوە، کەنزیك بووینەوەلێیان بینیمان ڕێژەیان زیاترلە سەدحرس قومی دەبێت، لە بەرزاییەك ئالایەکی**

گەورەی خۆیان هەڵدابوو تاکو بناسرێنەوە نەوەك تەیارەکانی سەر بەخۆیان بەهەڵە بۆردوومانیان بکات، من و قاسم بە وریایی و لەسەر خۆیی زیاتر لە هێزە حرس قومیەکە نزیك بووینەوە تاوای لێهات مەودای نێوانمان زۆر کەم بۆوە، بە نیشان دەستمان کرد بەتەقەکردن و لێماندان زیاتر لە چواردە حرس قەومیمان هەر لەویّ بەرداوەو کوشت، هەرچەندە هێزەکەی حکومەت لەو کات و ساتەدا پێشبینی هێرشێکی کتوپڕی لەو جۆرەیان نەدەکرد بەڵام لەبەر پتەوی شوێنەکە و زۆری ڕێژەیان لەوشوێنەدا مانەوەومقاوەمەیان کرد،دوای ماوەیەك لەشەڕکردن لەگەڵیان کاك فارسی حمدباوە پێشمەرگەیەکی بەناوی مستەفا (خەڵکی گوندی ماجید بوو)ناردە لامان و داوای لێکردین پاشەکشیّ بکەین، دەست بەجیّ و بە وورياييەوە پاشەکشێمان کرد، کە گەڕاینەوە لایان کاك(فارسی حمد باوە) پێی گووتین کەوا مەلا غریب و هێزەکەی شکاون عریف حمیدیش شەهید بووەو پاشەکشێیان کردوە بۆ حاجی قەڵا.

بڕیارماندا پاشەکشیّ بکەین بۆ بێتواتە، دوو ڕۆژ لە بێتواتەماینەوە و بروسکەیان کرد داوایان کرد بچینە دێگەڵە، ئەوکات دێگەڵە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوو، چەند ڕۆژێك لە دێگەڵە ماینەوەو لە دواییدا چووینە بناری دێدەوان،لەبناری دێدەوان ڕێکخستنەوە بۆهێزەکەمان کرا د.خالید کرایە سەرلق،مام وسو کرایە جێگری، کاك فارسی حمد باوە و کاك علی و کاك جەوهەر قادری سیان ـ دۆرەسزە یش کرانە سەرپەل.

سەرچاوە: مام غفوور ـ لەوەتەی هەم پێشمەرگەم ـ چاپی یەکەم. ل 5،55،54

# هێرشی حەرەس قەومی

# لە کۆیەوە بۆ رانیە



الجماهير

تصدر عن دار الجماهير ببغداد

العدد ١٣٤ السنة الاولى

(٦ صفحات)

السبت

٣٠ فلسا

خطاب هام للسيد بن بله بمناسبة عيد الاستقلال

شركة تجسس لحساب الصهاينة في السودان

الرئيسان عارف وناصر يؤكدان الالتزام بميثاق الوحدة

عارف والبكر يدعوان ناصر لزيارة العراق

وفد من العربية المتحدة للتهنئة في عيد ١٤ تموز

علمت وكالة الانباء العراقية انه قد تم في الساعة الحادية عشرة من صباح امس اتصال تلفوني بين السيد الرئيس جمال عبد الناصر رئيس الجمهورية العربية المتحدة والسيد المشير الركن عبد السلام محمد عارف رئيس الجمهورية.

مؤتمر لدراسة قواعد المنظمات الشعبية اليمنية

احتجاج عربي على الاتحاد السوفيتي

حرج الحكومة البريطانية بسبب فيلبي

احتفالات كبرى في ذكرى استقلال الجزائر

تطهير المنطقة بين قصروك ورانية

وفد روماني الى الصين تحديا لسيطرة موسكو

لجنة حركات الاستقلال الافريقية تستخدم جميع الوسائل لتحقيق استقلال سريع

امريكا تقرض العربية المتحدة ٧٠٠ر٦ مليون دولار

معاداة شعبنا وثورته لن تقابل الا بالسخرية

رفض عمال كوبنهاكن تفريغ بضائع جنوب افريقيا

فشل مؤتمر التربية الدولي بعد انسحاب وفود كثيرة منه

الفوج الاول اللواء الثاني في معركة حماية الجمهورية

الضباط والمراتب لم يقمعوا المؤامرة تنفيذاً لأمر عسكري.. وانما دفاعاً عن جمهوريتهم ومبادئهم

توقع فشل المحادثات الروسية الصينية

رۆژنامەی الجماهیر زمانحاڵی حەرەس قەومی

ژمارە 134 ـ شەممە 6 ی تەممووزی 1963

پاککردنەوەی نێوان قصرۆك و رانیە

لەلایەن هێزەچەکدارەکانی عێراقەوە

# تاوانەكانی حەرەس قەومی

# بۆ ناوچەی بـــادینان



## بەشی شەشەم



## تاوانی حەرەس قەومی

# لە سنووری بلەو بارزان

سەعات 8ی بەیانی 1963/6/10بەفڕۆکەی (باجەر) و(ئەلیوشن) گوندی بارزان بۆردومان دەکرێت ناپاڵمێکی500کیلۆیی بەرمزگەوتەکە دەکەوێ، دووکەس شەهید دەبن ..یەکێکیان ناوی( عوسمان ئاغا) دەبێت.

- لە کۆ تایی مانگی حوزەیرانی ساڵی 1963 لە ئەنجامی هێر شی جاش(فر سان صلاح ا لدین الاي بوبی) و ( حەرەس قەومی) و( سوپا)بە پاڵپشتی تۆپ و تەیارە بۆ سەر ناو چەی بارزان گو ندەکانی بارزانیان، دوای سوتان و تالانکردن و ئاوارەبوونی هاووڵات یان بۆ ناو چەی مزووری باڵا پیرەژنێك بە ناوی (سینەم) خەڵکی گرکی زر یمۆك پشت گو ندی بلێ دەبێت بەهۆی پیر یی و لاوازی و کەمتوانای یەوە ناتوانێت خۆی دەرباز بکات.. پەنابۆ ناوئە شکەوتێك دە بات و لەوێ دەمینێتەوە.. تاواذ بارانی لە شکری داگیر کەر ئەو پیرەژ نە دە گرن و دەیخە نە ناو مە نجەلێکی گەورەی ساوار کولێ نەوە و فڕێی دەدە نە ناو ز ێی گەورە پێی دەڵێن فەرموو بڕۆ بۆبەغدا.. بەشێوەدڕندانەیە شەهیدی دەکەن.

* لە ئەکوانتی مجاهید بارزانیەوە وەرگیراوە.

# پیلانی 1963ی
# سەربازگەی فائیدە

## پلاندانان بۆ بزووتنەوە

پلانەکە لەلایەن ژمارەیەك لە ئەفسەر وئەندامی حزبی شیوعی عێراقەوە داڕێژراوبووە،وەك(طالب عبدالجبار وبنیامین یوسف،) وچەندشیوعییەکی ترەوە لەناو( جیش الأنصار) بەفەرماندەیی (توما توماس)، بۆ کۆنترۆڵ کردنی لیوای پێنج لە سەربازگەی غەزلانی ، هەتا بتوانن فەرماندە (سعید حمۆ) و ئەفسەرەکانی تر دەستگیر دەکەن و دوای کۆنترۆڵکردنی هەردوو لیوای (5) و لیوای (14) وشاری موسڵ بەسودوەرگرتن لە لاوازی حکومەتی نوێ...لەوێوە بڕۆن بەروبەغدا، ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بۆ بەشداریکردن لەو بزووتنەوەیە 300 چەکدارئامادەدەکەن، بۆ ئەوەی کە نهێنی دەستبەکاربوونیان پێ گەیشت،دەست بەسەرلیوای 5 دا بگرن،لە دوومیحوەرەوە: ئەلقوش ـ تلکیف ـ موسڵ، وعەین سفنی ـ بەشیقە ـ موسڵ، 300چەکدارەکە بۆ ئەوەدەبێ ڕوو لە موسڵ بکەن، لایەنگرانی حزبی شیوعی لە قەزاو ناحیەو گوندەکان ئاگادار دەکەن، لەگەل گەیشتنی دەستبەکاربن ودەست بەسەر بنکەکانی پۆلیس دابگرن، بۆئەومەبەستە کاتژمێر سفر لە شەوی 27/26ی شوبات دیاری دەکەن.

# شکست هێنانی بزوتنەوەکە

بزووتنەوەکە پێش دەستپێکردنی شکستی دەهێنێ، سەرەڕای ئەوەی چەکدارەکان لەو شەودا جوڵەدەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان، بەڵام هەر ئەوشەوە ئەفسەری پاسەوانی سەربازگەی فائیدە یەکێك لەهەڵسوڕاوانی جولانەوەکە دەستگیردەکەن.. بەوە گومانی لێدەکەن لەسەعات یازدەی شەودا دەیەوێ چەکەکەی پاك بکاتەوە... دوای لێکۆڵینەوە دان بە پیلانەکەدا دەنێت، یەکسەر سەربازگەی (غەزلانی) ئاگادار دەکرێتەوە، کۆنترۆڵی هەموو بنکە سەربازییەکانی ناو موسڵ و دەوروبەری موسڵ دەکەن، هەروەها ژمارەیەك لەوانەی دەستیان لە جوڵانەوەکەدا دەبێت،کەنزیکەی سێزدە سەرباز دەبن دەستگیردەکرێن. بەو شێوەیە هەوڵەکە پووچەڵ دەکرێتەوە و300چەکدارەکەی (فائیدە) دەگەڕێنەوە بۆشوێنەکانی خۆیان .

## پاداشتکردنی ئەفسەران

ئەفسەرەکان (خلیل جاسم دەباغ) و (سعیدحمۆ) و ئەوانی تر.. بەهۆی پووچەڵکردنەوەی هەوڵی کودەتاکەوە میدالی ئازایەتی وەردەگرن.

---

سەرچاوەکان:

1 ـ مذكرات المناضل متي توما، اوراق توما توماس ، 2012/05/07
2 ـ جابر، منعم (23 مارس 2018)، "ضباط ومراتب الجيش في معسكر فايدة خططوا لاسقاط الحكم البعثي"،الحزب الشيوعي العراقي، مؤرشف في 13 يوليو 2021
3 ـ أوراق اللواء خليل جاسم الدباغ، 2015

# ئۆپراسیۆنی دیجلە

**چۆن لە هە شتاکان و نەوەتەکا ندا سوپای ع ێراق بۆ هەر هێر شێك بۆکورد ستان ناوێکی د یاری کردووە ،وەك (عمل یات ئەنفال) وعمل یات (اب المتو کل ع لی الله) لە هێر شەکانی ئەو سای ( حەرەس قەومی)و سوپای عێراقیش ئەو هێرشەیان ناودەنێن (عملیە الدجلە)**

**ئۆپەراسیۆنی دیجلە یان هەڵمەتی سەربازی عێراق لە باکور، هەڵمەتێکی سەربازی سوپا و حەرەس قەومی دەبێت ،بۆ دژایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان..هێر شەکە لە 9ی حوزەیرانی 1963 دە ستپێدەکات،دوای ئەوەی دانوستانەکانی نێوان بەغدا وشۆڕشی کوردستان شکست دێنێ، بەهۆی ئەوەی حکو مەتی ع ێراق داوا کاری شاندی دانو ستانکار بۆ ز یادکردنی کەرکوك بۆ سەر ناو چەکانی کورد ستان ڕەت دەکا تەوە.. بۆئەوهێر شە،هێزە عێراقی یەکان برێ تی دە بن لە فیر قەی 4ی شاخ و هێزە کانی جاش " چەتە"ی زێ باری و بریفکانی بە فەرما ندەیی یونس عەتاربا شی و عقید خەلیل وع بدالجبار شن شل و سعیدحەمۆ و ا براهیم فیصل الانصاری و ع بد ا لرزاق السید محمود موتە سریف سلێمانی و فیر قەی 2 کەرکوك و ل یوای یەرموکی سوری بەقیادەی فهدالشاعر.هەڵمەتەکە بە هێرشی سوپای عێراق بە چەکی جۆراو جۆر بۆ سەر سەنگەرەکانی ه ێزی پێ شمەرگە دە ست پ ێدەکات و هەڵ مەتی**

دیکەش هەبووە کە پەیوەست بوونە بەو هەڵمەتەوە بۆ ئەوەی بوار بۆ هێرشی هەمەلایەنە بکرێتەوە، وەك هەڵمەتی سەربازی عێراق بۆ سەر چیای مەقلوب و هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر چیای ئەلقوش، لە بەرە بەیانی 9ی تشرینی دووەم، یەکەکانی سوپای عێراق و جاشی زێباری و لیوای یەرموك پێشڕەوی دەکەن..لیوای یەرموکی سوپای سوری لە سەر چیای دهۆك سەربازگەی دادەنێت.... جاشە کوردەکانیش بەفەرماندەیی (عقید خلیل) لە فایدەوە بە فەرماندەیی خەلیل دەباغ بەرەو عەین سفنی پێشڕەوی دەکەن.. بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و ئەو چیایانەی کە بەسەر ئەلقوش – باعزرێ – عەین سفنی دا دەڕوانن.. سەبارەت بە یەکەکانی تری سوپای عێراق، لە دهۆکەوە بەرەو گوندی بێدە و ئەتروش پێشڕەوی دەکەن..لەبەرانبەردا هێزە کوردییەکان، هێزی پێشمەرگە بەفەرماندەیی حەسۆمیرخان وهێزی جیش الانصار بەفەرماندەیی تۆما تۆماس و چەندین ئەفسەری تری حزبی شیوعی کە لە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963لەدەستی سوپای عێراق هەڵهاتبوون سەنگەر دەگرن.

سەرچاوەکان :

1 ـ by David Mcdowall ، A Modern history of the kurds

2 ـ مذكرات المناضل متي توما، اوراق توما توماس ، 2012/05/07، الحلقة الخامسة

3 ـ Arabs at War: Military Effectiveness 1948-1991 By Kenneth Michael ،Pollack ،Page 161



# عقید خلیل کی بوو..؟

## خلیل جاسم الدباغ (عقید خلیل)

- ساڵی 1916 لەموسڵ لەبنەماڵەیەکی بازرگانی چەرم لەدایك بوو بوو، باوکی بەناوی جاسم خاوەنی یەکێك لە فرۆشگا بەناوبانگەکانی شاری موسڵ بووە. لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە یەکێك لە شەڕەکانی میحوەری عێراقدا قاچێکی لەدەستدەدا و چەند ڕۆژێك ون دەبێت، پاشان ڕزگار دەبێت، سوپای بەریتانیا دەیبەنە نەخۆشخانەیەکی ئینگلیزەکان لە(بەسرە) چارەسەری دەکەن...(خەلیل جاسم ئەلدەباغ) لەکوردستان و لەسەردەمی حەرەس قەومی لەساڵی1963بە (عقیدخەلیل) ناسراوبووە، یەکێك بووە لەئەفسەرانی نەوەی دووەم لە سوپای پێشووی عێراق، بەشداری شەڕی فەلەستینی 1948ی نێوان عێراق و ئیسرائیل کردبوو، یەکێك بوو لەوئەفسەرانەی بەشداری کردبوو لە پووچەڵکردنەوەی هەوڵی کودەتای عارف عبدولڕەزاق، کە ویستبووی کودەتا بەسەر سەرۆك کۆماری عێراق، عبدولڕەحمان عارف دابکات..جگەلەوە بەوە ناسرابوو، فەرماندەیی دەیان هەڵمەتی سەربازی کردبووبۆسەرشۆڕشی کوردستان، وەك کوشتوبڕی جوتیارانی کورد، لەسنووری کەرکوك و موصل، هەروەها هەڵمەتی ئەلقوش و چەندین هەڵمەتی دیکە.. بەبڕیاری

کودەتاچییەکانی 8ی شوباتی 1963دەکرێت بەفەرماندەی لیوای چوارو پاشان فەرماندەی فیرقەی چوار وفەرماندەی هەموو جاشە کوردەکانی ئەوسەردەمە، کەبە(فرسان صلاح الدين الايوبی) ناسێنرابوون.

## خوێندن لە کۆلێژی سەربازی

دەرچووی خولی 18ی کۆلێژی سەربازی شاهانەی ڕوستەمیەی شاری بەغدا دەبێت،خەلیل جاسم لە ناوەڕاستی ساڵی 1930 پەیوەندی بە یەکەمین کۆلێژی سەربازی عێراقەوە دەکات،لەساڵی 1940 خولی18 لەگەڵ ئەفسەرانی وەك عبدالجبارالشنشل، ابراهيم فيصل الانساری، عبدالكريم فرحان،عبدالهادی الحافظ، دوريد الدملوجی،عبدالعزيزمجيد و سعيد فتحی الصقلی.. تەواو دەکات.

## ئەرکەکانی لە سوپای عێراقدا

دوای ئەوەی رژێم جارێکی تر نیازی هێرشی بۆکوردستانی دەبێت، دیسان یەکێکی تر لەفەرماندەسەربازییەکان بۆ سەرکوتکردنی کورد هەڵدەبژێردرێت،کەئەویش(عقيدخليل)دەبێت،چونکە ئەزموونێکی باشی لە بواری سەربازیی و شەڕی گەریلایی شاخ دەبیت و هەر بۆیە سوپای عێراق لە ئۆپەراسیۆنانەدا زۆر پشتی پێ بەستووە. لەسەردەمی یەکەم دەسەڵاتی بەعسییەکانیش دا یەکێك بووە لە ئەفسەرە شۆڤینییەکانی ئەوسای عێراق ودوای کۆتاییهاتنی گفتوگۆی نێوان عبدالكريم قاسم و سەرکردایەتی کورد،کەڕووبەڕووبوونەوە لەکوردستان سەرهەڵدەداتەوە، ئەمە وادەکات، حکومەتی عێراق جارێکی دیکە هێزی سەربازی ڕەوانە

بکاتەوە، لەدوای کودەتاکەی 1963و ڕووخانی(عبدالکریم قاسم)یش هەندێك لەشیوعیەکان روولەشاخ دەکەن وکاریگەری زۆری لەسەر دۆخی سەربازی وسیاسی عێراق دەبێت، بۆیە هەندێك لە کۆمۆنیستەکان کە (جیش الانصار) لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگە پێکدێنن، بەفەرماندەیی کەسێك بەناوی تۆما تۆماس و دەوروبەری گوندی (ئەلقوش) کۆنترۆڵ دەکەن،سوپا(عقیدخەلیل دەباغ) ڕادەسپێرێت کەفەرماندەیی هەڵمەتێکی سەربازی بکات بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئەلقوش و دەوروبەری.

## شەڕی ئەلقوش

شەڕی ئەلقوش هەڵمەتێکی سەربازی عێراق بووە،لە ساڵی 1963 بۆ گرتنی لوتکەکانی شاخی ئەلقوش.هێرشەکەلەلایەن(چەتە)و(جاش)ەوە، پشتیوانی کراوە،سوپا بەفەرماندەیی(عقیدخەلیل)بووە،بۆ کۆنترۆڵکردنی چیای ئەلقوش و شارۆچکەی ئەلقوش لە باکوری عێراق بە تایبەتی لە پارێزگای نەینەوا..چونکەشیوعیەکان و(جیش الانصار)هاوپەیمانی پێشمەرگەکان بوون، هەربویە دوای کشانەوەی یەکەم لە هێرشی30ی حوزەیرانی1963 لەرۆژی 7ی تەمموزی 1963هێرشی دووم دەکەن و پێشڕەوی دەکەن بۆ لوتکەی چیای ئەلقوش وگەمارۆی سوپای ئەنسار و پێشمەرگەدەدەن،لە شەڕی ئەلقوش دا..چونکە هێزە هاوکارەکانی سوپا، ناوچەکە بەباشی شارەزا دەبن،ڕۆڵیان دەبێت لەجەنگی شاخ،کە زۆربەیان کورد ومەسیحی وخەڵکی نێروە و ڕێکان بوون. رژێم دەتوانێت زۆربەی شوێنەستراتیژیەکان کۆنترۆڵ بکات.

# پلەبەرزکردنەوە

بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی هیرشەکانی ئەوسەردەمە دژی جولانەوەی کورد بەردەوام دەبێت....پلەی بەرزدەکرێتەوە بۆ(عەمید)هەروەها یەکێك بووە لە سەرسەختترین ئەفسەرەکانی بەشداربوو لەشەڕەکانی کوردستان دا، لەشەڕی هندرێن دا لەسنووری ڕەواندوز کاتێك هێزێکی پەڕەشووتی عێراق دادەبەزن و پێشمەرگە گەمارۆی هێزەکەی سوپا و فەرمانداکەیان (سعید حەمۆ)دەدەن، هێزەکانی سوپا بەفەرماندەیی عمیدخەلیل دەباغ دەچن بەهانایانەوە ..

دوای بەشداری کاریگەری لەچەندین شەڕدا وەك فەرماندەی دەڤەری موسڵ دەستنیشان دەکرێت، دەبێتە بریکاری قائیدی فیرقەی چوار و لێپرسراوی سەربازگەی غەزلانی...لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا سوپای عێراق تەنها پێنج فیرقەی هەبووە، هێزێکی بۆ دروست دەکەن لە کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان وسەرۆك هۆزەکوردەکانی ئەودەڤەرە بەمەستی پشتیوانی کردن لەسوپا.

سەرچاوەکان:

1 ـ مذكرات المناضل متي توما، اوراق توما توماس ، 2012/05/07

2 ـ اوراق اللواء خليل جاسم،د. غيث خليل جاسم، دار دجلة للنشر والتوزيع 2018 الاردن عمان

# ئەفسەرە باڵاکانی سوپای عێراق
# لە شەستەکان لە کاتکۆبوونەوەیاندا
# لە سەربازگەی (غەزلانی)
# لەفەرماندەیی فیرقەی دووی موسڵ

**لە لای ڕاستەوە:**

**لیوا خلیل جاسم دباغ و عقید عبدالجبار شنشل وسعید الشیخ**

**پارێزگاری موسڵ وفەریق عبدالرزاق السیدمحمود پارێزگاری سلێمانی**

**لە پشتەوە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ فەریق سعید حەمۆ فەرماندەی لیوای**

**پێنج و فەریق کنعان نایف الملا...و**

**عمید سعید قەتان و ئەرشەد زێباری**



**لە ڕاستەوە :عمید خەلیل جاسم دەباغ (فەرماندەی هێزی یەکی چەکدارە جاشەکان) دووەم فەرماندەی فیرقەی 2 ی کەرکوک سێیەم سەرۆک ئەرکانی سوپا (ابراهیم فیصل انساری) لە سەردەمی شەڕی یەکەمی عێراق- کورد لە شەستەکاندا.**

# شەهیدانی بادینان



## شەهید
## ئەنوەر مائی

### ژیاننامەی شەهید

شەهید ئەنوەر شێخ محەمەد تاهر کوڕێ مەلا عەبدلرەحمان مایی

- ساڵی١٩١٣ لەگوندێ (مایی)دەڤەری بەرواری ئامێدی هاتۆتە دونیاوە.
- لەخانەوادەیەکی کوردپەروەر ودیندار پەروەردەکراوە،

کە ڕێبازی نەقشبەندی پەیڕەو کردووە.

- ساڵی ١٩٣٦باوەرنامای لە بواری ئاینیدا وەرگرتووە لەسەردەستی ماموٚستا (شوکری ئەفەندی) مفتییێ ئامێدیی.
- لە ساڵی ١٩٣٨لە تاقیکرنەوەی (وزارەالمعارف) دەرچووە..
- ساڵی١٩٣٩بووە بەماموستا لە(شێروانا مەزن)وپاشان گوندی بارزان.
- لە ساڵی ١٩٤١ لەسەردەمی رەشید عالی ئەلگەیلانی دەبێتە کارمەند لەبەرێوەبەری(تموین)ی ئامێدی،پشان گوازراوەتەوەبۆ(تموین)ی شێخان.
- ساڵی ١٩٤٥ ئەوێش بەجێدەهێلێت ..دوای ئەوەی ئاگاداردەکرێتەوە لەوەی بەتاوانی پەیوەندی بە(بارزانی)یەوە دەخرێتە زیندان.
- دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژ دەبێتە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی ڕۆشنبیرانی عێراق و دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق)




## خەباتنامە

- شەهید ئەنوەر مایی ئەندامێکی چالاکی حزبی (هیوا) بووە و پێشتریش پەیوەندی لەگەڵ کومەڵەی (استقلال ـ خوەیبوون) هەبووە.

- ساڵی ١٩٢٧ـ ١٩٣٢ پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانیاندا هەبووە.

- ساڵی ١٩٤٦ بە نهێنی دەچێت بۆ دەڤەری دووسکی هەتاکو پەیوەندی بە بارزانی یەوە بکات..کەئەوسا لە ئێران بوو.. ئیتر دەیگرن و تا ١٩٤٨ لە گرتوخانەی موسل زیندانی دەبێت،

- لە ساڵی ١٩٥٨ دوای جوولانەوەی (پورە تموز) بە نوێنەرایەتی (پارتی) لەگەڵ شاندێك دچنە لای عەبدولکەریم قاسم.

- لە ساڵی ١٩٥٩ شاندێکی عێراقی هەلدەبژێردرێن لە چوار کەس کە شەهید ئەنوەر مایی یەکێك لەوان دەبێت، سەرەدانی ولاتی چین و پاشان یەکێتی سوڤیەت دکەن و ب جلکی کوردی یەوە وێنە لە گەڵ سەروك (ماوتسی تونگ) دەگرێت.

- لە ساڵی ١٩٦١ بە فەرمانی بارزانی دەبێتە بەرپرسی بەرەی شەڕی لە خانەقین و دوای ساڵیك دەگوازریتەوە بۆب ادینان و دەبێتە یاریدەدەری ئەسعەد خوشەوی.

## هەندێك كاروچالاكی ئەدەبی شەهید ئەنوەر مایی:

1- محاضرةفي الصين عن الأكراد،الطبعةالألي، بغداد 1960 لطبعة الثانية،دهوك 1995.

2 - الكراد في بهدينان - الطبعة الأولي، مطبعة الحصان بالموصل ،1960.

**بەرهەمە دەستنووسەكانی :**

1 ـ الفردوس المفقود - بحث عن منطقة برواري بالا بأسلوب قصصي،

وهناك نسخة من المخطوطة في المكتبة المركزية لجامعة دهوك.

2- ترجمة الجلوة (كتاب الكورد الايزدية المقدس)

3- ترجمة مصحةفا رِةش (كتاب الكورد الايزيدية المقدس) .

4- مەتەڵۆكی كوردی (الأمثال الكوردية) بە پیتی لاتینی.

5- مەولودا پێغمبەری (مولد النبی).

**بەرهەمە ونبووەكانی :**

بەهۆی ناسەقامگیریی كوردستان، بەتایبەتی دوای شۆڕشی 11ی ئەیلولی 1961 و نوقمبوونی مابیٚ لە كاری سیاسی و بەركەوتنی بە گۆشەگیری و زیندانی و دەربەدەری، زۆرێك لە كتێبەكانی لەدەستچوون .. لەوانە:

1- دیاری لاوان (هدیه الشباب – نصائح )

2- باوەری(العقیده)تەنیا بەرگەكەی دۆزراوەتەوە (گولزەر ژ عەقیدا پێغەمبەری )

3- دیوان شێرێن وەلات (أسود الوطن)

4- الأكراد في التاريخ، ألفه 1961 في المنفي (قلعة صالح).

6- ڤیان و تولەڤەكرن (الحب والانتقام) – قصه.

7- گەلی مزیركا (مضیق مزیركا)، كتاب الفة باللغة العربية عن تاريخ مقاومة منطقة بادينان لقوات الاحتلال البريطاني و المعركة الشهيرة التي تم فيها دحر القوات البريطانية في ذلك المضيق الواقع بالقرب من منطقة العمادية سنة 1919.

8- تاریخ بروارى بالا

**چەندین هوزان ونووسینی لە گوڤار و روژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە  وەکو:**

**. گوڤاری (روناهی) لە لایەن  بەدرخانیانەوە لە** ١٩٣٤

**. گوڤاری (گەلاوێژ) عەلائەدین سجادی** ١٩٤١

**. گوڤاری (هەتاو) لە پەنجاکان.**

**. گوڤاری (الثقافة الجديدة)** ١٩٥٨

**. رۆژنامەی ( صدى الروافد) لە موصل**

**. رۆژنامەی (خەبات)**

**. رۆژنامەی ( الزمان)** ١٩٥٩

**. رۆژنامەی ( البلاد) رفائیل بەتی** ١٩٥٩

**. رۆژنامەی ( روناهی) حافظ القازي** (١٩٦٠–١٩٦١)

**. رۆژنامەی ( الشعب) لە ولاتی چین** ١٩٥٩

**. رۆژنامەی (براڤدا) لە ولاتی سوڤیەتی جاران** ١٩٥٩

**. رۆژنامەی (راستی . الحقيقه)** (١٩٦٠□١٩٥٩)

**. رۆژنامەی (پێشکەوتن . التقدم)**

**. رۆژنامەی ( الرأی العام)** ١٩٥٩

**. رۆژنامەی ( فتى العراق ) لە موصل**

**. رۆژنامەی (نصير الحق) لەموصل**

**. رۆژنامەی ( الرايه) لەموصل.. .(*)**

**.ـ بەداخەوە لە** ٢٢**ی حوزەیرانی** ١٩٦٣ **لە بەرگری لەهێرشێکی سوپا و جاش و حەرەس قەومی لە  سپنە شەهید دەبێت.**

---

*** سەرچاوەکان :**

1 ـ **الأكراد في بهدينان - الطبعة الثالثة، دهوك ،2011.**

2 ـ **الحوار المتمدن / ريوان ميرانى**



## شەهید خەلیل ابراهیم
## یەکێك لەو فەرماندانەی
## شەڕی حەرس قەومی کردووە

ـ خەلیل ابراهیم عوسمان لە 1920 لەگوندی ئەرگۆش لەدایك بووبوو.

ـ لە ساڵی 1943پەیوەندی بە شۆڕشی دووەمی بارزان دەکات و وەکو فەرماندە و یێشمەرگە لە بەرگریکردن لە کۆماری مهاباد دا ڕۆڵی هەبووە.

ـ لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە شەڕی حەرەس قەومی بەشداری دەکات..

ـ لە ساڵی 1963 فەرماندارییەتی بەرەی گۆڕەزی کردووە.

ـ دوای نسکۆی 1975ماوەی 3مانگ لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت. ساڵی1991 لەدوای کۆڕەو ئاوارەی ئێران دەبێت و لە(گوندی ڕەزگە) گیان لەدەستدەدات ولەگۆڕستانی(مەلاباسەك ـ زێوە) دەینێژن.



## شەهید فەتاح عمر جەمیل
## لەشەڕی حەرەس قەومی شەهید دەبێت

فەتاح عمر جەمیل لە 1912 لە گوندی ئەرگۆش لەدایك بوو بوو.

ـ لە ساڵی 1944 بەشداری لە شۆڕشی دووەمی بارزان کردبوو ..

ـ لە نێوان ساڵانی 1945 ـ 1947 پێشمەرگەی بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مهاباد دەبێت.

ـ ساڵی 1959 لەگەڵ هاوسەنگەرانی دەگەڕێتەوە کوردستان.

ـ لە ساڵی1961لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دەبێتەوە پێشمەرگە

ـ لە ساڵی 1963 لە هەڵمەتی (حەرەس قەومی)یەکان بۆ سەر کوردستان لە دواین شەڕەکانی ناوچەی بارزان و لەشەڕی (چامە) شەهیددەبێت و لەگۆڕستانی گوندی (هوپە) بەخاك دەسپێردرێت.

شایانی باسە برایەکی شەهید، بەناوی (سعید عمر جەمیل) و دوو لە برازایەکانی بەناوەکانی (فەتاح سعید و فەرهاد سعید) لە ساڵی 1983 لە کۆمەڵگای قوشتەپە بەر شالاوی ئەنفالی بارزانیەکان کەووتون.



# شەهید
# مەلاشنی قورتاس بێدارونی

* شنێ قورتاس بێدارونی

لە 27/6/1963 سوپا و حەرەس قەومی هـ ێرش دە کەن بۆ چیای پێرس لەسنووری بادینان،فەرماندەی محوەری ئاکرێ لە شۆرشی ئەیلول پێشمەرگەی کۆماری مهاباد (مەلاشنی قورتاس بێدارونی) و هەڤا ڵەکانی دەچنەسەنگەری بەرگری لەخاکی پیرۆزی کوردستان و شەهید دەبێت.

ـ لەو شەڕەی چیای پیرس ( خانۆ ءلی یو سف بـ ێدارونی) کوری خاڵی کە ئەویش پێـ شمەرگەی کۆ ماری مها باد بوو،لە گەڵ رە جەب ئاکرەیی مەشهور بە (رەجەب چۆخك رەش) و(محمد ملاعمر هەرنی) شەهید دەبن، بابی شەهید خانۆ ء لی یو سف بـ ێدارونی لە بەرگری لە کۆ ماری کوردستان ساڵی 1947 لە شەری چیای مەرگەوەر شەهید بوو بوو.



# شەهید
# فەتاح عمر جەمیل

(1963-1912)

فەتاح عمر جەمیل، ساڵی 1912 گوندی ئەرگوش هاتبووە دونیاوە.

- ساڵی1944بەشداری شۆڕشی بارزان دەکات وڕۆڵی دلێرانەی دەبێت.

لە نێوان ساڵانی 1945- 1947 وەك پێشمەرگەیەکی کوردستان بەرگری لە کۆماری کوردستان لە مهاباد ، دەکات....

- دوای روخانی کۆماری کوردستان لەمەهاباد.. لەگەڵ بارزانی دەچنە یەکێتی سۆڤیەت.

- لە ساڵی 1959 لەگەڵ هاوسەنگەرانی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

- لە ساڵی 1963لەنەبەردییەکی جوامێرانەدالەشەڕی بەرپەرچدانەوەی حەرەس قەومی لەناوچەی بارزان کەناسراوە بەشەڕی چامە..

شەهید دەبێت و لە گۆڕستانی گوندی (هوپە) بەخاك دەسپێردرێت.

شایانی باسەبرایەکی بەناوی (سعیدعمرجەمیل)ودوو برازای بەناوەکانی (فەتاح سعید و فەرهاد سعید)

- ساڵی1983لەقوشتەپەبەرشاڵاوی جینۆسایدی بارزانیەکان دەکەون.

* سەرچاوە: پارتی پیدیا - ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان



## شەهید
## سلێمان لاچ حسین
## (سلێمان مزووری)

شەهید(سلێمان لاچ حسین)مزوری پێشمەرگە تێکۆشەر ئازایەی بادینان دوای شۆڕشی بارزان و چوونی بارزانی وهاوەڵەکانی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان وبەشداری کردن لە سوپای کوردستان لە کۆماری مەهاباد.

درێژە بە کوردایەتی دەدات.. دوای روخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت.

- سالی1959دەگەڕێتەوەکوردستان لە1961بەشداری شۆڕش دەکاتەوە
- سالی١٩٦٣ لەشەڕی بەرگری سوپاوحەرەس قەومی دەڤەری بادینان لەگەڵ شەهید ( خلیل محیٚ ) مزوری شەهید دەبن ..
- پاش (59) سالْ گۆڕەکەی لەپایزی 2022 دە دۆزرایەوە و نەوە وکەسوکاری دەچنە سەر مەزارە پیرۆزەکەی .

* سەرچاوە : رائد شکری سلێمان لاچ/ نەوەی شەهید/٢٠٢٢/١١/٢٤

# زیندانی قصرالنهایە



## بەشی حەوتەم



# کۆشکی ریحاب
# زیندانی (قصرالنهایە)

1ـ کۆشکی ریحاب دووەم کۆشکی پاشایەتییە لە دوای کۆشکی ئەلزهور لە بەغدا. لەسەر حسابی بنەماڵەی شاهانە لە ڕۆژئاوای بەغدای پایتەختی عێراق دروستکراوە، لەنێوان گەڕەکی ناسراوی مەنسور(حی دراغ) لەباکوور وڕووباری دجلە لە باشوورەوە..

ـ قصرالزهوریش شوێنی نیشتەجێبوونی پاشای کۆچکردوو فەیسەڵی دووەم بووە. دروستکردنی لە ساڵی 1937 تەواوکراوە و لە ژێر چاودێری شازادە عبد الالە دابووە. کۆشکی ریحاب بە ناوی گوندی (الرحاب)ەوە ناونراوە کە نزیك شاری تایف لە عەرەبستانی سعودیە، کە بنەماڵەی شاهانەی عێراق لەوێوە هاتبوون. بنەماڵەی شاهانەی هاشمی

لەنێوان سالآنی 1921-1958حوکمی عێراقیان کردووە، لەو کۆشکەدا ژیاون،ئەو کۆشکە شایەتی کۆتایی خوێناوی ژیانی ئەو بنەماڵەیەبووە.
2 ـ لەدوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژ عبدالکریم قاسم بڕیار دەدات بکرێت بە نەخۆشخانەو تەرخان بکرێت بۆ خزمەت لەرووی تەندروستییەوە.

3 ـ کاتێك سەدام لە بەهاری ساڵی 1963 لە قاهیرە دەگەڕێتەوە، ژمارەیەك لە هاوڕێکانی پێشوازی لێدەکەن،ئەوکۆشکە دەکەن بە شوێنێك بۆئەشکەنجەدان و تەسفیەکردنی نەیارانی،لەنێوان سالآنی 1964-1968 کۆشکی ریحاب دەگەڕێنرێتەوە بۆ دەوڵەت، بۆ ماوەیەك لە بەرژەوەندی گەشتیاری وەبەرهێنان بەکار هاتبوو، پاشان بۆ ماوەیەك دەخریتە خزمەت بەرژەوەندی پێشانگاکان.

4 ـ دوای کودەتاکەی 17ی تەمووزی 1968، یەکێك لە ئەرکە ستراتیژییەکانی سەدام نۆژەنکردنەوەی کۆشکەکە بووە، هەر بۆیە بڕیارێکی نهێنی سەرۆکایەتی بۆ ئەم بابەتە دەرکردوە و وەریگرتۆتەوە، بەو شێوەیەڕۆژەکانی لەکۆشکی کۆماری بەسەر بردووە و شەوەکانی لە کۆشکی کۆتایی بووە،بۆئەشکەنجەدان و تەسفیەکردنی زیندانییەکان. دواتر کۆشکە(زیندانە)کە هۆڵ وژێرزەمینی بۆ زیاددەکرێت کە بە هەموو ئاراستەکاندا بچنەوە ناوچەی گرنگی پێشانگای نێودەوڵەتی بەغدا.. هەروەها کەرەستەی بۆ دابین دەکرێت و ئامێرەکان لە ژێر چاودێری ژمارەیەك پسپۆڕی گێستاپۆی ئەڵمانی و مۆسادی ئیسرائیل.دەبن،

**هەموو ئەم فراوانکردنانە (دەستکەوتەکان!) لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکانەوە ئەنجامدراون کە پشکی ئەڵمانیاشی تێدا هەبووە. بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك ئەم کۆشکە (زیندانەکە) هەزاران خەڵکی عێراقی لە ئاڕاستە جیاوازەکان و چین و گروپە کۆمەڵایەتیەکان و تەمەن و توخمە جیاوازەکانی تێدا پێشوازی کراوە،لەوانەش خەڵکی مەدەنی وکارمەندانی سەربازی و ئەوانی تر، کە تیایدا تووشی توندترین جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و گۆشەگیری درندانە.ودرێژخایەن بوونە.**

**5 ـ لە کۆتاییدا سەدام قصر نهایە دەڕوخێنێت و بینایەکی لە 8 نهۆم پێکهاتبووی لە شوێن دادەمەزرێنێت، ئەو بینایەیش سێ نهۆمیان لە ژێر زەویدا دەبن، ئامێری تایبەتی ئەشکەنجەدانیان تێدادەبێت، بەمەبەستی پاکتاوکردنی نەیارەکانی. ئەوەی لەهزری عێراقییەکان و کورد بەتایبەتی هەرگیز ناسڕێتەوە ئەوەیە لەسەردەمی ئاگر وخوێندا قصرالنهایە ئەوشوێنەبووە،گیانی سەدەان تێکۆشەر وبەرهەڵستکاری تێدا کێشراوە.**



## ئازاروئەشکەنجەدان
## لە قصرالنهایە دا

سەبارەت بە جۆرەکانی ئەشکەنجە لەو زیندانەدا، زیاتر لە سەدان جۆر هەبووە ، یەکێك لە ڕۆژنامە لوبنانییەکان باسی پەنجا و حەوت جۆری کردووە و ئەوخەڵکانەی خۆیان لەوزیندانەبە ڕێکەوت دەربازبوون ئەوانیش باس لەچەندین جۆری ئازار وئەشکەنجە دەکەن.تیمە راهێنراوەکانی بەعس شەست و چوار شێوازی ئەشکەنجەدانیان لە ڕووسیا خوێندبوو، جگە لەو شێوازە سەرەتاییانەی ئەشکەنجەدان کە پێشتر جەلادەکانیان خۆیان داهێنانیان تێداکردبوو.بۆناونرابوو (قصرالنهایە) خۆیان دەیانگوت: واتا کۆتایی لێکۆڵینەوە، کۆتایی ژیانی مرۆڤی نەیار، لە ناوخەڵکیش ناوی بە(قەسری نیهایە) بڵاو بووەوە.باسکردنی جۆرەکانی ئەشکەنجە لەوزیدانەدا ڕۆحی مرۆڤـ و ویژدان بێزار دەکات، بەڵام پێویستە باسی بکەین، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بزانن چۆن شۆڤینست دیکتاتۆرەکانی عەرەب.. تووڕەیی خۆیان بەسەر دیموکراتخوازان خاوەن مافەکاندا ڕژاندووە.

ئەوپلەبەرزانەی سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانیان کردووە،بریتی بوون لە:

(احمد البكر وميشيل عفلق و صدّام حسين .وعلي رضا ومرتضي الحديثي و عبد الكريم الشيخلي وصالح مهدي عماش ودانيال وناظم گزاروچەندكەسی تر.) ئەوانە زیاتر لە دە تیمی ئەشکەنجەدانیان لە ژێر دەستیدا بووە، هەر تیمێك لە سێ بۆ دەکەس بوون، کە بە نۆرە خەڵکیان ئەشکەنجەداوە. بۆ نموونە بە درێژایی شەو و ڕۆژ بۆهەفتەیەك کە کەسێکیان ئەشکەنجە داوە، یا مردوە، یان گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە ئەشکەنجەدانەکە بۆ ئەوە بووە کە دان بەو شتەدا بنێن کە چەقۆکێشەکانی بەعس ویستوویانە ، وەك سیخوڕێ بۆ جولەکە، سیخوڕێ بۆ ئێران، سیخوڕێ بۆ ئەمریکا،پیلانگێڕی بۆ دەوڵەتان، گەندەڵکاری سندوق، ئەندام بوون لە فلاّن حزب، یان مامەڵەکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە، قاچاخچێتی پارەی دەوڵەت، یان هەبوونی چالاکی کۆنەپەرستی ( ئایینی)، یاساشکێنیێ، خیانەتکاریێ، هەرشتێکی تر خۆیان بیان ویستایە. لە کاتی دانپێدانانداَ، دانپێدانانەکەو وێنەکەی لە تەلەفزیۆن بلاّودەکرانەوە ،یا بۆ چەندین ساڵ زیندان یان سزای لەسێدارەدان یان سزایەکی تریان بەسەردا دە سەپاند، دواتر تەنانەت دوای دانپێدانانەکەش وازیان لە ئەشکەنجەدانی نەدەهێنا . خۆ ئەگەر زیندانی دانی بەهیچدا نەنهێنایە، توندترین جۆری ئەشکەنجە دەدرایەوە، بێگومان چارەنووسی مردن یان کەمئەندام بوون دەبوو، یان ئەوەندە زەبوونیان دەکرد وردە وردە ڕێگای مردنی دەگرتەبەر، ئەگەر هەر نەمردایە،سزای زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپاندە، ئەگەر لە زیندان لێی بترسانایە تیرۆریان دەکرد، هەروەك چۆن (فواد الركابی) و حەوت کەس لە هاوڕێکانیان لە زیندانی بەعقوبە تیرۆرکرد.



## جۆرەکانی ئەشکەنجە

ئەشکەنجەدان چەندین جۆری هەبوو لەوانە:

1 ـ چاودەرهێنان

2 ـ گوێ بڕین

3 ـ لوت بڕین

4 ـ بزمارلێدانی گوێچکە بە دیوارەوە (بەجۆرێك کە دەستگیرکراوەکە نەبتوانێت بوەستێت، نەدابنیشێت، نەبخەوێت بە هەمان شێوە،ئەگەر بیویستایە بارودۆخی خۆی بگۆڕێت،گوێچکەی دەپچڕا.)

5. پدەست شکاندن.

6 ـ پێ شکاندن

7 .شکاندنی ئێسکەکانی لەش.

8 .بیهێنە ژێر پستۆنەکە.

9 .دەرهێنانی نینۆکی پەنجە یان قاچ.

10 -هەڵکێشانی مووی سەرو سمێڵ.

11 -بەستن وڕاکێشانی گون بەتوندی،تا بێهۆش بوون،یان دەمرد.

12 .لێدانی گون تا قۆڕبوون.

13 – بۆری خستنە ئەندامی نێرینەوە تا خوێن و چڵك و میز دەهات.

14 -دانانی زیندانی لە ژووری تاریك بۆ چەند ڕۆژ تا نابینا دەبوو.

15 .سوتاندنی مووی سەر و ڕیش.

16 .کوژاندنەوەی جگەرە لەسەر جەستەی زیندانی.

17 .دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتان.

18 .دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر پیاوان.

19 -هێنانی ژن و دایك یان خوشکی دەستگیرکراو و دەستدرێژیکردنە سەریان لەبەردەم چاویدا.

20 .شکاندنی پەنجەکان.

21 .فەلاقە بە سەر.

22 .فەلاقە بە پێ.

23 -پێوەدانی دەرگا لەسەر دەست، قاچ، یان پەنجە.

24 .لێدان بە سۆندەی ئاو.

25 .رووشانی جەستە و بریندارکردنی بە مووس.

26 -بڕینی گۆشت بیبەر و خوێ پێوەکردن.

27 -هەڵواسینی پیاو و ژن سەرەو خوار بە ڕووتی.

28 .هەڵواسینی ئافرەت بە مەمکەکانی.

29 .هەڵواسین بە مووی سەر.

30 .تێنووکردنی زیندانی بۆ چەند ڕۆژێك لە گەرمای توندا ، کەسێك بەم کارە گیانی لەدەستدا دوای ئەوەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ڕێگرییان لێکرد لە گەرمای مانگی تەممووزدا ئاوبخواتەوە.

31 -پێدانی خواردنی گەرم بە نەخۆش و بێ خواردنەوەی ئاو.

32 .ژەهرخواردکردنی زیندانی بێ ئەوەی پێ بزانێ.

33 -دانانی زیندانی لەژووری تەسك تاهەڵنەستێتەوە و نەخەوێت.

34 -دانانی زیندانی لە ژوورێكی پڕ لە ئاو تا پشتێنە،

بۆ ئەوەی نەتوانێت دابنیشێت یا بخەوێت.

35 - پاڵخستنی زیندانی بە ڕووتی لەسەر شووشەی شكاو.

36 . داكوتانی بزمار لەجەستە.

37 -لێدانی زیندانی بە پێنج شەش كەس بۆ كاتژمێرێك یان زیاتر.

38 .شەق لێدانی دەموچاو تائاوسان،هەندێكجاریش تا كوێربوون.

39 .ڕشتنی تیزاب (tezap) بەسەر جەستەدا.

40 - شكاندنی قاچ بە ڕادەكێشان و لەناكاو فڕێدەدرایە ناو بیرەوە

41 .بڕینی ئەندامی نێرینە (الجوب).

42 .سیل لە دوو مێینەدا (كاسترەیشن).

43 -دانانی زیندانی لەسەر زەوی گەرم یان ئاسنی زۆر گەرم.

44 .فەرمان پێكرد بەسەر قیری تواوەدا بڕوات.

45 .بۆ ماوەی خولەكێك یان زیاتر لە ئاوەكەدا خۆ نوقم بكات.

46 .بۆ چەند چركەیەك لەناو میز و پیسیدا نوقم بێت.

47 - بەستنی پلێتێكی ئاسنی گەرم بە جەستەیەوە .

48 .ئوتوكردن بە ئوتوی كارەبایی.

49 .ناچاربكرێ كاتژمێرێك یان زیاتر بەپەلە بڕوا و

لە پشتیەوە سەربازەكان بە سۆندە لێیبدەن.

50 .ناچاربكرێ  بە ناو دڕكدا بڕوات.

51 -ڕێگەنەدان بە خۆفێنككردنەوە تا بەهۆی ئارەقەوە ئازاری پێبگات.

52 .برسی کردن بۆ چەند ڕۆژێك .

53 -پێدانی خواردنی دڕکاوی تا ئازاری ناو دەمی بدات...

54 . داچۆڕانی ئاوی سارد بەسەر سەریاندا،دلۆپ دلۆپ،بە بەردەوام.

55 .گەرماو.

56 .ڕشتنی ئاوی زۆر گەرم بەسەر جەستەی زیندانی دا.

57 .ڕشتنی ئاوی زۆر سارد بەسەر جەستەی زیندانی دا.

58 -ڕۆنی کولاو ڕژاندنە ناو دەم و گوێچکە وە تا کەڕ بوون.

59 -قەدەغەکردنی گەرمکەرەوە لە زستاندا و هەندێك جار ڕووتکردنەوە تا شینبوونەوەی جەستە.

60 - لێدانی دەرزی پزیشکی ، بۆئەوەی ئیفلیج بێت.

61 -زمان ڕابکێشان بەگاز تاپچڕانی دەمار،لەگەڵ هەندێك کەسدا کرابوو.

62 -ڕووتکردنەوەی زیندانی ، ناچار بێت لە زستان یان هاویندا بە ڕووتی لەسەر زەوی بخەوێت.

63 -ناچارکردنی زیندانی کە ئاودەستەکان یان زەوی بە دەست و جلەکانی پاك بکاتەوە.

64 -ئوتوکردنی تەنکەی گوێ و مل و گەدە و بەشە تایبەتەکان ...

65 -داپۆشینی سەری زیندانی بە کلاوێك کە کارەبای پێدا بڕوا، بەجۆرێك وا بیربکاتەوە کە مێشکی بەهۆی ئازارەکەوە شکاوە.

66 -ناچارکردن بە درێژبوون لە ژوورێکدا سەقفەکەی زۆر نزم بێت ، بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێك بەپاڵدانەوە بمێنێتەوە.

67 .ئەشکەنجەی ڕۆحی بەهۆی دین و عەقیدەی و پیرۆزییەکانی.

68 -دانانی مەنجەڵیکی کارەبایی لەسەر سەری
بۆ ئەوەی وا بیر بکاتەوە چاوەکانی دەردێنن
69 .لێدانی دەرزی لە جەستەدا.
70 .ڕشتنی (تیزاب) لەسەر بەشە هەستیارەکانی لەش.
71 .ڕێگریکردن لە خەوتنی زیندانی.
72 .شەتك دانی ناوقەد بۆ ئەوەی نەتوانێت پیسایی بكات.
73 .ڕاکێشانی میزڵدانی بۆ ئەوەی نەتوانێت میز بکات.
74 -ڕاگرتنی لە بەر خۆردا لە ڕۆژانی زۆر گەرمی هاویندا.
75 -پیسایی کردن بە سەریدا و ڕێگرتن لە خۆشۆرین..
76 . لێدان بە قۆناغە تفەنگ .
77 -لێدانی کارەبا لە بەشەکانی جەستە بەتایبەتی ئەندامی زاوزێ.
78 . خستە ناو دەمی ئامێرێك بۆئەوەی نەتوانێت دەمی بکاتەوە.
79 -دروستکردنی برینی توند لەسەر جەستە.
80 .شکاندن و دەرهێنانی ددان.

بەڵام هەندێك لەو ئەشکەنجەدانانە بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنران کە نەیاندەویست بۆ هەمیشەیی ئازاد بکرێن، بەڵکو دەیانویست لە سێدارە بدرێن. هەر دڕندەیی ڕژێمی بەعس و جەلادەکانی لەوەدا بوو کە پێیان وابوو خەڵك ئەشکەنجە بدەن ،تەنانەت بێتاوانیش بێت، تەنیاو تەنیا لە پێناو تیرۆر و تۆقاندن.

# تاوان و تۆقـاندن

دەگێڕنەوە کە سەدام تکریتی بە قەزافیی گووتبوو: سێ هەزار کەس لە وڵات لە چین و توێژە جیاوازەکان بگرە و بیانخەنە زیندان، بۆ ماوەی مانگێك بە توندی ئازار ئەشکەنجەیان بدەن ،دوای ئەوە کەسێك بنێرە با پرسیارناوایان لێ بکات، هەرکەسێك بەهۆی ترس وئەشکەنجەناوی خۆی لەبیر چووبوو، ئازادی بکەن، هەرکەسێکیش وەڵامی ناوەکەی دایەوە جارێکی تر ئەشکەنجە بکرێتەوە، قەزافی لەوەڵامدا گووتبووی: ئێمە هەموومان براین، پێویستمان بەم تاوانانە نییە.ئەوانەی شایەتحاڵی قەسری نیهایەبوون دەگێڕنەوە: خەڵکیان بردوە بۆکوشتن،بەدیواریانەوە بەستوون،بەقۆناغە تفەنگ ومشتەدەمانچە لێیانداون،برینداریانکردوون، لەکاتی پاڕانەوە، تەقەیان لێکردوون تا دەمردن،هەندێك جار دوای ئەشکەنجە ڕۆژێك یازیاتر بەبێ هۆشی و بووراوەیی بەجێیان هشێتوون، دواتر کوشتوویانن. هەندێك جار بەهەڵدانی کەرەستەی سووتێنەر ئاگریان تێبەرداوون، تەرمی کوژراویان سوتاندووە.یان شوێنێك لە جەستەی زیندانیان کونکردووە بەر لە سێدارەدان،پاشان پەتێکی ئەستووریان تێهەڵدەکێشاوە لە هەردوو لاوەوە رایانکێشاوە تا گۆشت و پێستی لێك جیابوونەتەوە. جار واهەبووە، ئەشکەنجەدراو چەند خولەکێك دوای ئەنجامدانی گیانی لەدەستداوە.

# زۆری بنکەکانی ئەشکەنجە

شایەنی باسە قەسری نیهایە بەتەنها ناوەندێکی ئەشکەنجەدان نەبووە، بەڵکو لە هەموو ناوەندە ئەمنییەکانی عێراق دا، زیندانەکان شوێنێکی ئەشکەنجەدانیان هەبووە، و بەعس زیاتر لە سەد ناوەندی لە بەغدا کۆنترۆڵ کردبوو، هەمووی بۆ زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان بوون، هەندێکجاریش ژمارەی زیندانییەکان بۆ سەد هەزار یان زیاتربەرزدەبوونەوە، وەك ڕۆژنامەلوبنانییەکان لەسەریان نووسیبوو.

سەرچاوەکان:

1 ـ موقع الشیرازی https://alshirazi.com/index.htm

2 ـ مجله الشبکه العراقیه IMN Magazina



السراديب التى كان يعذب فيها المواطنون فى قصر النهاية ٠٠ ونرى آثار الدماء على الجدران ٠٠ انها سراديب مظلمة ٠٠ موحشة ٠٠ رطبة ٠٠ يبقى المتهم فيها اشهر عديدة بدون ان يرى نور الشمس ٠



صيدلية ٠٠ تحوى على انواع السموم ٠٠ والمخدرات ٠٠ وسوائل للحرق ٠٠



**دوو وێنەی بەڵگەیی لەسەر تاوانەکانی حەرەس قەومی***

* المصدر : المنحرفون ـ د. فائز الخفاجى ـ ص 31



ما هذه ؟
انها آلة لقطع الايدى
والاصـــابع ٠٠ وقد
وجدت آثار الاصابع
المقطوعة فى مقـــر
التحقيق الخاص ٠



من وسائل التعذيب٠
التعليق من الرقبـة
بواسطة الحبـــال
الممدودة من السقف
الى الارض ٠٠ كما
ترينا هـذه الصورة
التى أخذت فيمكتب
التحقيق الخاص الذى
كان يعـــــذب به
المواطنون ٠٠

- ٤٠ -

**دوو ئامێری حەرەس قەومی بۆ ئازار و ئەشکەنجەدان ***

* المصدر : المنحرفون ـ د. فائز الخفاجی ـ ص 40



# عبدولکەریم شێخلی
# ڕووەڕەشەکەی حزبی بەعس
# لــەزیندانی قەصری نیهایە

عبدالكريم شێخلی لە ساڵی 1935 لە بەغدا لە بنەماڵەیەکی کوردی بەعەرب بوو، لە "باب الشێخ" لە دایکبوو بووبوو.

ـ لە ساڵی1954چووبووە ریزەکانی (حزبی بەعس)ەوە.

لە ساڵی1958پەیوەندی دەکات بەکۆلیژی پزیشکییەوە،بەڵام هەرزوو دەری دەکەن.. لەدوای 14ی گەلاوێژ و دامەزراندنی رژێمی کۆماری دەیگەڕێننەوە.. دواترلەگەڵ (سمير عبد العزيز النجم، سليم عيسى الزيبق ، حاتم حمدان العزاوي، عبد الوهاب الغريري، أحمد طه عزوز، وصدام حسين). ئەندامی یەکەم تیمی تیرۆرکردنی حزبی بەعس دەبن بۆ هەوڵی کوشتنی عبدولکەریم قاسم.دوای شکستی هەوڵی تیرۆرکردنەکە..هەڵدێت بۆ سوریا و بەغیابی سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت ،لە دوای ئەوەی بەعسییەکان دەستیان بەسەرحکوم داگرت..دەگەڕێتەوە بۆ عێراق،بۆ ئەوەی لە سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسدا بەشداربێت.

بەڵام دیارترین وێستگە لە ژیانی تاوانکاری ئەو ئەوە بووە کە بەشداری لیژنەکانی لێکۆڵینەوە لە نەیارانی حزبی بەعسی پێ سپێردراوە... لەگەڵ تاوانبارە کۆنەکان (نازم کازار، سەدام حسێن، عەمار عەلوش)دا لەفەرمانگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی حەرەس قەومی بوونە.. بەشداری کردووە لە ئەشکەنجەدانی نەیاراندا، بەهۆی دڕندەیی وپراکتیزەکردنی ئەشکەنجەوە.هەمیشەجلوبەرگ و دەستەکانی.. بەخوێن پەڵەپەڵە بوون.

گەورەترین تاوانی شێخلی ئەوەبووە،شارەزایی پسپۆڕی پزیشکی خۆی لەئەشکەنجەی زیندانییاندا بەکارهێناوە،لەنەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیلەوە تفی دەمی خەڵکی سیلاوی گوازتۆتەوە و کردوویەتیە دەمی زیندانیەکانەوە.. بۆ ئەوەی نەخۆشیەکە بگوازرێتەوە بۆیان وبەوشێویە پاکتاویان بکات.

حەسەن عەلەوی لە کتێبی(العراق دولة المنظمة السرية)دا باسی لە بەشداریی تاوانبارعبدولکەریم شێخلی دەکات، لە لێپرسینەوە لەگەڵ دەستگیرکراوانی قەسری نیهایەدا کردووە، تێیدا دەڵێت:ساڵی 1980 سەردانی مامۆستایەکم کرد کەپێشتر وانەی تایبەتی فیزیای بە کوڕەکەم دەگووتەوە، بە بۆنەی ئازاد بوونی لە زیندان،کەساڵی1970 لەپڕ بزرکرابوو،هیچ شوێنەوارێکی نەدۆزرابووەوە، لەو کاتەدا لەرێی براکەیەوەزانیم کە لەکاتی نوێژکردن دا لە مزگەوتی(براثا) پۆلیسی نهێنی دەستگیریان کردبوو، دەربارەی کەسێ ساڵ ژیانی رۆژانەی خۆی لە زیندانی قەصری نیهایە، بەسەربردبوو، لەگەڵ حەوت ساڵ

لەزیندانێکی تر.. ئەو ڕۆژەکانی گیرانی لە قەسری نیهایەی بەم شێوەیە بۆ باسکردم، گووتی:

شەوی 13ی ڕەمەزانی1970عبدالكريم الشيخلي داوای کردم،هەتا لە لیژنەی لێکۆڵینەوە ئامادەبم،یەکەم جاربوو بینیم بەپێچەوانەی جارانی پێشوو،ڕێزی لێگرتم...لەبەرم هەڵسا..پێم وابوو کە دیەوێت لەپاڵم دابنیشێت، بەڵام بوتڵێك وێسکی لە سەلاجەکەی دەرهێناو پەرداغێکی پڕکردوپێشکەشمی کرد،لەگەڵ سوپاسگوزاری،داوای لێبووردنم لێکرد، بەڵام گووتی:بخۆرەوە..! گوتم: تۆدەزانی من موسڵمانم ببوورە.. گووتی: بۆئێمەکافرین.؟بیگرەوبیخۆرەوە..گووتم:خوای گەورەرێم نادات،گووتی: ئاخر من فەرمانت بەسەردا دەکەم،گوتم پەنابەخوا من سەرپێچی فەرمانی خودا ناکەم..

گوتی: ئەگەر ئەمە نەخۆیتەوە،دەبێ شتێکی تربخۆیتەوە...کەسێکی بانگکرد ناوی (صبحی) بوو..ئەوکەسە لەکەسە دڵرەقەکانی دەستەی لێکۆڵینەوەبوو، یەکێك بوو لەهاوکارەکانی ناظم کزار (دواتر ساڵی 1973 لەسێدارە درا) گوتی:

بیبەدەرەوە وپڕدەمی لەمیز بکە..بۆیە منی بردە دەرەوەی حەوشەی زیندانەکە،چوار کەس لەدەورم کۆبوونەوە،لەکاتێکدا من لەسەر زەوی پاڵکەوتبووم دەمميان کردەوەومیزیان تێکرد..وەزیرهاتەپێشەوە گووتی: (پێدەچێت ئەمە خواردنەوەیەکی دڵخوازی تۆبێت)..؟

ژیانی عبدولکەریم شێخلی لەوە زیاتری نەخایاند لەریزەکانی بەعسدا.. دواتر سەدام تکریتی بەخێرایی لێی هەڵگەڕایەوە و لە پۆستەکەی دووری خستەوە..بەشیویەکی نیمچە زۆر.. لەماڵەوە دەست بەسەرکرا، تا ئەوە بوو لەساڵی 1980 لەکاتی چوونی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کارەبای الأعظمية کوشتیان..بەوشێوەیە کۆتایی هات بەیەکێك لەپایە بەهێزەکانی تاوان ..لەریزەکانی حزبی بەعسی لەناوچوودا .(1)

1 ـ المركزالعراقی للتوپیق جرائم التگرف ـ محمد جاسم الخزاعي ـ العتبة العلوية المقدسة.

# هێرشی حەرەس قەومی
# بۆ ناوەڕاست وخوارووی عێراق




## بەشی هەشتەم

# تاوانەکانی حەرەس قەومی
# لە کتێبەکەی فایزالخفاجی یەوە
# الحرس القومی
# و دوره الدموی فی العراق
## ڕۆڵی خوێنڕێژی حەرس قەومی لەعێراق

کتێبی (تاوانەکانی حەرەس قەومی) بە قەوارەی گەورە و بە زیاتر لە پێنج سەد لاپەڕە.. چاپ وبڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا تێزی ماستەرە لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا،ئەم تێزە لە بەشی مێژوو لە کۆلێژی پەروەردەی کچانی(زانکۆی بەسرە) لەلایەن توێژەر پرۆفیسۆر(فایز الخفاجی)یەوە پێشکەشکراوە،لەبەر ئەوەی پێشتر لە ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی حزبی بەعس دا لە 8 . 2 . 1963 تا 18-11-1963ئەم دۆخە بە شیوەیەکی ئەکادیمی باس نەکراوە و زانیارییەکانی بە نهێنی ماونەتەوە.سەرهەڵدانی میلیشیاکان لەعێراق و بەتایبەت پاسەوانی نەتەوەیی(حەرەس قەومی) بەمەترسیدارترین و خوێناویترین میلیشیای (نیمچە سەربازی) هەموومێژووی عێراق وەسف کردوە...لە تێزەکەیدا هەوڵ دەدات ،باس لەو هەلومەرج و هۆکارانە بکات کەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی (حەرەس قەوەمی) و پراکتیزە کردنی

تاوانکارییەکان دژی گەلی عێراق بەگشتی و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق بەتایبەتی.

توێژەر پشتی بە کۆمەڵەیەك سەرچاوەی نووسراو و بیرەوەری کەسانی سیاسەتمەداری عێراق وبەشێك لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق بەستووە وسەرچاوەی سەرەکی بابەتەکانی کتێبەکەی پێکهێناوە... لە ڕووماڵکردنی هەندێك لایەنی ئەم نامەدا نووسەر(فایز ئەلخەفاجی) سودی لە کتێبی(اوکار الهزیمة) ی (هانی الفکیکی) وەرگرتووە، کە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس بوون.. هەروەها بیرەوەرییەکانی خودی وەزیری دەرەوەی عێراق لە ساڵی1963دا (تالیب شبیب)،و بیرەوەرییەکانی رازگری سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعس (حازم جەواد)،کە گاڵتەی بە نەیارانی بەعس کردووە و بەترسنۆك وەسفی کردوون ، لەگەڵ چەند بابەتی گرینگی تر...

## بەشی یەکەم

لەم بەشەی کتێبەکەدا دەستی خستۆتە سەر یادەوەرییەکانی دوکتور تەحسین مەعلە (لەیادەوەرییەوە) لەنێو ئەو شتانەی کە کۆمۆنیستەکان لەزیندانەکانی حەرەس قەومی دا چۆن بەرگەیان گرتووە،بەڵام سەبارەت بیرەوەرییەکانی رازگری سەرکردایەتی نەتەوەیی(مونیف الرزان)خۆی دوورخستۆتەوە لەو توندوتیژییەی کە لەعێراق ڕوویداوە. بەڵام سەبارەت بەبیرەوەریی هەندێ لە ناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی،کە دیارترینیان

بیرەوەرییەکانی عبدالکریم فەرحان بووە، کەتیایدا زۆر بەزەقی ڕەخنەی لەئەزموونی(حەرەس قەومی) گرتووە...

هەروەها بیرەوەرییەکانی (هادی خماس)و(صبحی عبدالحمید)... لەهەمان کاتدا بیرەوەری سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق.. پڕبوون لە زانیاری کەشیوعیەکان لەیاداشتەکانیاندا تۆماریانکردووە..لەوانە یادەوەریەکانی خوالێخۆشبووان هەردوونووسەری دیار(زکی خیری)و (صالح مهدی دیگلە)ویاداشتەکانی(باقرابراهیم الموسوی) کە تیایاندا دەستیان خستۆتە سەر ئەو گروپە چەکدارانەی لە لادێکانی فوراتی ناوەڕاست شەڕی حەرەس قەومییان کردووە وکادیرانی(شیوعی) یان پارازتووە... هەروەها بیرەوەرییەکانی(جاسم المطیر)و(عبدالقادرالعیدانی)، باسیان لەوە کردووە کە شیوعیەکانی بەسرە چۆن بەدەست هەڵمەتەکانی ڕاوەدوونان وڕەشبگیری لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە هەراسان بوون، هەروەها سودی لە سەرچاوەی عەرەبی و وەرگێڕدراو وەرگرتووە، کە چەندین نهێنییان ڕوونکردۆتەوە...

لەوانە کتێبی پرۆفیسۆر(حنا بطاطو)وکۆمەڵیکی تر لەگەورە توێژەران، کەدەیسەلمێنن چەندە هەوڵی داوە بۆ نووسینەوەی ئەم تێزە، هەروەها کتێبەکانی مجیدخدوری و مصطفی دندشلی،ئامازەیان کردووە بە کتێبی مێژووی وەزارەتەکانی عێراق لەسەردەمی کۆماری دا لە نووسینی توێژەر(جعفەر عباس حمیدی)وبیرەوەرییەکانی باڵیۆزی ئەوسای وڵاتی میسر لە بەغدا (امین هویدی) ولە نووسینەکانی(محمد حسنین هیکل) و

کتێبی نووسەر(عزیز سباهی) بەناونیشانی (دەیان ساڵ لەمێژووی حزبی شیوعی عێراق) و علی کریم سعید لەکتێبی(العراق البیریة المسلحة - حرکة حسن سریع و قطار الموت)...ئەوە جگە لە چەندین لێکۆڵینەوە و یاداشت و ڕۆمانی تر کە باسیان لەتاوانەکانی حەرەس قەومی کردووە. چاوپێکەوتنە کەسییەکان مادەیەکی گرنگ بوون بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها سودی لە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ نزیکەی 19کەسایەتی سەربازی و سیاسی و حزبی و شایەتحاڵی چاودێر وەرگرتووە.

پرۆفیسۆر فایز ئەلخەفاجی سەبارەت بەو ژمارە زۆرەی سەرچاوەی فرەچەشن دەڵێت:دید وبۆچوونە جیاوازەکان وادەخوازێت توێژەرو مێژوونووس بە بێلایەنی و بابەتیانە بنووسن، هەرچەند بێلایەنی بەو مانایە نییە کە توێژەر لە ناوەڕاستدا بوەستێت، بەڵکو زیاتر بێلایەنی ئەوەیە کەچی مومکین و مەعقولە، باس لە هەندێك لەو سەختی و ئاستەنگانە بکەیت کە ژمارەیەکی زۆر لە زانیاری و بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی تەمومژاوی کردووە، لەوانە پرۆسەی 9ی نیسانی 2003 و روخانی رژێمی عێراق کەبوون بەهۆی ئەوەی چەندین سەرچاوە و بەڵگەنامە سووتاون و دزراون و لەناوبراون..

هەروەها زیان کەوتن لە(خانەی کتێب وبەڵگەکانی عێراق)وچەندین پرۆسەی تێکدان وسوتاندن وکردەوەی لێژنەی ریشەکێشکردنی بەعس و سوتاندنی زۆرێك لەبەڵگەنامەکان بەبیانووی ئەوەی کەبەپێی دەستوور

حزبی بەعس قەدەغەکراوە..ئاستنگێکی تر ئەوەبووە توێژەر جەعفەر عەباس حەمیدی خۆی لە دابینکردنی هەندێك سەرچاوە بە توێژەر بەدوور گرتووە وهەڵوێستی خۆی ئاشکرا نەکردووە..لەکاتێکدا سوود لەچەندین کتێب ولێکۆڵینەوەی وەرگیراوە..ئاستەنگی سێیەم ئەوەبووە هەندێ کەس کەخۆیان بەشدارییانکردووە، ئامادەنەبوونە زانیاری بدەن چونکە لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان ترساون.ئاستەنگی چوارەم: کورتی ماوەکە..گرنگترین ئاستەنگ بووە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

## بەشی دووەم ..

لە بەشی یەکەم دا توێژەر فایز ئەلخەفاجی باس لە پێشەکی تێزی ماستەرەکەی دەکات، کە تێیدا پێداچوونەوەی بە سەرچاوە و کتێب و چاوپێکەوتنانەدا کردووە کە بۆ زۆرێك لە سیاسەتمەداران جا ئەوانەی پەیوەستن بە حوکمی خوێناوی شوباتی 1963، یان ئەوشیوعیانەی لە بیرەوەری و کتێبەکانیاندا پێداچوونەوەیان بەو سەردەمە تاریکەی مێژووی عێراقدا کردووە،کەپاوانخوازی وسوکایەتی کردن ڕووبەڕووی هەموو کەسێکی پێشکەوتوخوازی شەرفمەند و بەرەنگاری بەعس و (حەرەس قەومی) بۆگەن بوونەتەوە... وە لەو زنجیرەیەدا بەردەوام بووە لە سەر باسکردنی چۆنیەتی هەیکەلی ڕێکخراوەیی (حەرەس قەومی) و بە تایبەتی لەسەر بەشی چوارەم کە باس لە ڕۆڵی حەرەس قەومی لە پاکتاوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق دەکات.

## شوباتی 1959 و
## هەوڵی تیرۆرکردنی عبدالكريم قاسم

ئێوارەی حەوتی ئۆکتۆبەر، حزبی بەعس کۆمەڵێك لە چەتەکانی خۆی ڕەوانەی شەقامی ڕشیدی بەغدا دەکات ، لەوێ دوای برینداربوونی عبدالكريم قاسم،کردەوە تیرۆرستیەکە شکست دەهێنێت،ئەم پرۆسەیە خاڵی دەستپێکی حزبی بەعس بووە بۆ پێکهێنانی گروپی نیمچە سەربازی بە ناوی لیژنەی ئاگادارکردنەوە، بە سەرپەرشتی سێ کەس: (ابوطالب الهاشمي ونجادالصافی وصباح المدنی)لیژنەکانی ئاگادارکردنەوە بەمەبەستی مەشقی سەربازی لەبەغدا و بەسرە وناسریە وعمارە و موسڵ کۆکرابوونەوە، لیژنەکان بریتی بووبوون لەکەسانی دزێوی کۆمەڵایەتی و چەقۆکێش و هەندێك تاوانبار لە ڕیزەکانی حزبی بەعس، بۆ ئەوەی هێزێکی پشتیوان بن و یارمەتی سوپا بدەن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری، لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی 1963، واتە دە ڕۆژ پێش کودەتای مانگی شوبات، ئەمانە چەندین گروپی چەکداریان دروست کردبوو، لیژنەکانیان پێکهێنابوو ، ناونرابوون بە حەرەس قەومی،زۆرێك لەئەندامان و سەرکردەکانی بەعس پەیوەندییان پێوەکردبوون، لەگەڵ دەستپێکی کودەتاکەی 8ی شوباتی 1963دا لەگەڵ پەخشکردنی بەیاننامەی ژمارە(3) دا، کە تایبەت بوو بەپێکهێنانی حەرەس قەومی بارەگایان لەسەرتاسەری عێراق دا کردبووەوە ژمارەیان بەراورد دەکرا بە ژمارەی ئەندامانی هێزە چەکدارەکان...بەو شێوەیە حەرەس قەومی

**بەشداری لە پلاندانان بۆ کودەتاکەی شوباتی 1963دەکەن و چەندین ئەرك بە ئەندامەکانی خۆیان دەسپێرن..بەو پێیە غەدارەی جۆری پۆرسعیدی میسریان بۆ دابین دەکرێت، ئەو پڕچەککردنە ،بۆ کۆنترۆڵ کردنی شەقامە سەرەکیەکان وکۆلانەکان دەبێت، کە بەرەو ئەوان دەچوون، هەروەها ئەوەیان پێدەسپێردرێت،لەیەکەم کاتی دەسپێکی کودەتاکەدا بۆسە بۆ سەیارەکانی عبدالکریم قاسم دابنێن و هەروەها سەعاتی سفر بۆ جێبەجێکردن تیرۆرکردنی جلال اوقاتی فەرمانده‌ی هێزی ئاسمانی دادەنێن.**

## جەلال ئەوقاتی کێ بوو..؟ *

**عەمیدی فڕۆکەوان جلال الأوقاتي ناوی جلال الدين جعفر الأوقاتي بووە.**

**- لە ساڵی 1915 لە بەغدا لەدایك بووبوو.**

**- دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندن کۆلێژی سەربازی تەواو دەکات..**

**- دواتر پەیوەندی بە خولێکی فڕۆکەوانییەوە دەکات لە لەندەن و پلەی ئەرکان بەدەستدەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ عێراق.**

**- لە ساڵی 1958 تا 1963 فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق بووە**

**- چەندین پۆستی هەبووە، بەهۆکاری سیاسی خانەنشین دەکرێت.**

---

* سەرچاوە: صالح حسين الجبوري ـ ثورة شباط ـ 1963 ص: 147

## چۆنیەتی تیرۆرکردنی جەلال ئەوقاتی :

**بەرلەهەرشتێك نەخشەدارێژەرانی كودەتا بۆ ئەوەی پایەئەساسییەكانی دەسەڵاتی قاسم بڕوخێنن،بیرلەتیرۆركردنی(جلال الاوقاتی) فەرماندەی هێزی فڕۆكەوانی دەكەنەوە..دوای داڕشتنی پلانی كوشتنی، كاتژمێری سفر دیاری دەكەن،دەستەی ئامادەكراو لەدەوروبەری ماڵەكەی لەگەڕەكی (كرادة مریم)ی بەغدا بۆسەی بۆدەنێنەوە..پاش دابەزینی لەماشێنەكەی دەستڕێژی لێدەكەن وهەرلەوێ دەیكوژن..**
**بەعسییەكان بەوكارەیان دڵنیادەبنەوە پایەیەكی بەهێزیان لە دەسەڵاتی عبدالكریم قاسم رووخاندوە..**

**هەروەها دەستەیەكی تردیاری دەكەن...بۆ تیرۆركردنی عبدالكریم نەژدە وئامریەی ئینزیبات ڕاسپێردرابوون، هەروەها چەندگروپی تری حەرەس قەومی ئەركیان ئەوەدەبێ ڕێگانەدەن بە سەربازە دڵسۆزەكانی سەر بە سەرۆك عبدالكریم قاسم تابچنە ناو یەكەسەربازییەكانیانەوە، هەروەها بەرنامەوهەوڵێكیش بۆ كوشتنی هەریەك لە فاضل عباس المهداوي و وصفي طاهر و طه شییخ احمد و ئەفسەری كۆمۆنیست سعید مطر و مجید محمد امین دا دەڕێژن.... حەرس قەومی چەندین ئامانجی تریشیان هەبووە.. لەوانە دەستبەسەرداگرتنی ڕادیۆی ئەبوغرێب وكۆنترۆڵكردنی تەلەفزیۆن لە ناوچەی صالحیەوكۆنترۆڵی كۆگاكانی چەك،گەیشتن بەوەزارەتی بەرگری ودەستگیركردنی ئەفسەرە شیوعیەكانی دڵسۆزی عبدالكریم**

قاسم. سەبارەت بەعبدالسلام عارف،ئەندامی سەرکردایەتی بەغدای حزبی بەعس، عەدنان ئەلقەساب، دەتوانی لە ماڵەکەی خۆی لە اعزمیە بیهێنێتە دەرەوە وبیبات بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ ئەوەی وەك سەرۆکی کۆمار دەستنیشانی بکات –کەریم قاسم لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەفسەران لە 9ی شوباتی 1963 هەر لە وێ لە سێدارە دەدرێن.

لێرەوە دەردەکەوێت کە حەرەس قەومی یەکەم هێزی نیمچە سەربازییە کە لەگەڵ سوپادا لە دەرەوەی دامەزراوەی سەربازیی ڕژێمی کۆماری عبدالکریم قاسم بەشداری دەکات لە ڕووخانی دا.

لەدرێژەی گێرانەوەی ڕووداوەکانی کودەتاکەوە خەفاجی نووسیویەتی:

ـ لە 1963/2/8 لەئەنجامی بانگەوازێك کە لەلایەن حزبی شیوعیەوە دەرچووبوو،داوای کردبوو:کەبەرەنگاربوونەوەی کودەتا تاکەچارەسەرە. جەماوەرێکی زۆری حزبی شیوعی بەخۆپیشاندانی بەرفراوان لەبەردەم وەزارەتی بەرگری کۆبوونەوە وکودەتاکەیان ئیدانە دەکەن، چەند شیوعیەکیش هەوڵیاندا بارەگای رادیۆی بەغداد کۆنترۆڵ بکەنەوە، کەتیبەی چواری تانکەکان تەقەی لیکردن وچەندین قوربانییان دا، هەروەها حزبی شیوعی دووناوەندی بۆبەرەنگاری کودەتاکە ڕێکخست، یەکێکیان لە(حی الاکراد)سەرپەرشتی ناوەندەکان سپێردرابوون بە شەهید محمدصالح العبلي و حسين الوردي و لطيف الحاج، فەتاح حمدون، محيي خضر ابراهيم الحريري..بەڵام ناوەندی دووەمیان لە کازمیەبوو، ئەوان دەستیان گرتبوو بەسەر بنکەی پۆلیسی کازمییە و ئەو چەکانەی

کە تێیدابوون،ئەم بەرگریکردنە دەبێت بەهۆی ئەوە کودەتاچییەکان، بەیاننامەی ژمارە (13) دەربکەن، کەداوای کوشتن و قڕکردنی هەموو ئەوکەسانەی کردبوو کە ڕووبەڕووی هێزە چەکدارەکان وپۆلیس و حەرەس قەومی دەبنەوە،بۆیەئەوانیش شیوعیەکانی قڕدەکەن و دەکەونە ڕاوەدوونانیان وبەکۆمەڵ و بەبێ جیاوازی دەیانکوژن، دوای ئەوەی ناسیۆنالیستەکان کەوتنەکۆکردنەوەی ناو وناونیشانی کۆمۆنیستەکان، هەڵیانکوتایە سەر گەڕەك و شەقام و کۆچەی ماڵەکان بۆ گەڕان بەدوای شیوعییەکان ولایەنگرانیان،هەندێکیانیان لەشەقامەکاندا گولەباران کرد.
لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا گۆڕبەگۆڕ میشێل عفلق ڕایگەیاند لەهەموو ئەو وڵاتانەی حزبی بەعس دەچێتە دەسەڵات، کارکردنی حزبی شیوعی قەدەغە دەکرێ و بەتوندترین شێوە سەرکوت دەکرێن، ئەمە لە گوتەیەکدا بۆ ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی هاتبوو، دواتر زیاتر لە 120 هەزار شیوعی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەستگیرکران...
بەو شێوەیە بەیاننامەی ژمارە(13)یەکێك بوو لەوێستگەکانی ترس و تۆقاندن وهەرگیزئەنجامەکانی لەیادی شیوعییە عێراقییەکان بەدرێژایی مێژوو ناچێتەوە و گورزێکی پڕ لە ئازار بوو کەلە حزبی شیوعی عێراق.. کە بووە هۆی بەربەست لە چالاکیی ئەو حزبە.
ـ توێژەر باس لە هەوڵەکانی دەستگیرکردنی شەهید سەلام عادل دەکات، لەڕێگەی خیانەتکردنی بەشێك لە کادیرەکان ولەرزینی جوامێرییان لەبەردەم بەعسدا، کە تیایدا هەوڵی هەڵکوتانە سەر 33 ماڵی حزبی درا، لە شاری بەغدا،زۆربەی سەرکردەکانی حزب دەستگیرکران وڕەوانەی

(قەسری نیهایە) کران.سەلام عادل بەهەموو هاوڕێ دەسگیرکراوەکانی خۆی گووتبوو:ئێستا کاتی تاقیکردنەوەیە...دەستگیرکراوی شیوعی زەکیە شاکر شایەدی ئەوەدەدات دەڵێ:

کاتێ سلام عادل م بینی لەژێرئەشکەنجەدا جەستەی شێوێندرابوو، بەزەحمەت دەناسرایەوە،تەنانەت توانای چاوهەلهێنانیشی نەبوو، خوێن لە گوێچکە و چاوانی دەچۆڕا، دەستەبڕدراوەکانی شەڵاڵی خوێن بوون، خوێ وبیبەری هاڕاوەیان پێوە دەکردن، ئەوانەی بەشێوەی دڕندانە ئەشکەنجەیان دەدا بریتی بوون لە محسین شێخ ڕازی و سەباح مەدنی.. پزیشکی زیندان تەحسین مەعلە، ئاگاداری کردوونەوە کە سەلام عادل لە 3/7/ 1963گیانی سپاردووە،لەگەڵ زیندانیان محمدحسین ابوالعیس و حەسەن عوینە وعبدارحمن شریف شەهید کراون..دەستڕێژی گولە لە شەهیدجۆرج تلو کراوە و هەروەها حەرس قەومی تەرمەکانیشیان بەکەسوکاریان نەداوەتەوە..هەروەها باسی لەخۆڕاگری و ئازایەتی ئەوان کردووە،کە ئەفسانەیی بووە...

لە لاپەڕەی (202)دا، توێژەر فایز الخفاجی باس لەوە دەکات کە سەرکردایەتی شیوعیەکانی ناوچەی باشوور لە 19ی ئازاری 1963 لەلایەن حەرەس قەومی یەوە دەستگیرکران،یەکێك لە دەستگیرکراوەکان صالح مەهدی دیکلە بوو،لە کاتی ئەشکەنجەداندا تەقەیشی لێکرابوو، بەڵام بە شێوەیەکی موعجیزەیی ڕزگاری بوو بوو، دواتر بۆ ئەشکەنجە گواسترابوو وە بۆ بەغدا، لەوێ ئەشکەنجەی پتر دەدرێت، بەپەتێك بە سەقفی ژوورەکەوە هەڵیدەواسن تا لەهۆشی خۆی دەچێت، بەڵام دواتر

لە10ی حوزەیرانی 1963دا دەتوانێ لەزیندانەکە هەڵبێت. هەروەها بەرپرسی لێژنەی خۆجێی بەسرە (جاسم المطیر) دەستگیر دەکرێت و حەرەس قەومییەکان زۆرئەشکەنجەی دەدەن،ئەوجەلادە حەرەس قەومی یانە سەرپەرشتی لێدان وئەشکەنجەدانی دەکەن:

(احمدالعزاوی وصباح مەدنی وفتحی حسین) داوای لێدەکەن دان بنێت بەهەموو نهێنییەکانی شانە شیوعیەکانی بەسرە دا ، بۆیە جاسم المطیر دانی پێدا دەنێ و زانیاری نهێنی لەسەر شیوعییەکانی بەسرە دەدات، بەپێی ئەوەی کە توێژەر باسی دەکات، ئەندامی ناوخۆیی بەسرا، عبدالحسین شهباز و خوشکەکەی ماجدە شەهبازیش اعترافیان کردبوو، لە کاتی هەڵکوتانە سەر یەکێك لە بارەگاکانی حزبی شیوعی عمارە حەرەس قەومییەکان حەرەس قەومی (عباس نعمە الحداد) یش دەکوژن، سەبارەت بەسەرکردایەتی فوراتی ناوەڕاست،دوای ئەوە حەرەس قەومی لە نەجەف هەڵدەکوتە سەر (345) زەکی خەیری لێ نیشتەجێ دەبێت، نایدۆزنەوە و لە گرتن ڕزگاری دەبێت، بەو پێیەی چەند کاتژمێرێك پێش هەڵمەتەکە چووبووبۆلادێکانی فوراتی ناوەڕاست.

لەنیسانی1963حەرەس قەومی طالب عبدالجبار لێپرسراوی لیژنەی محلی موصل دەستگیردەکەن،بۆ ماوەی 17 ڕۆژ ئەشکەنجەی دەدەن، بەرانبەر زۆرداران خۆڕاگر دەمینێتەوە..پێیان دەڵێ: (ناتوانن هیچ دانپێدانانێك لەمن وەربگرن، مەحاڵەکان تاقی بکەنەوە، ناتوانن حزبی شیوعی لەناوبەرن..) تا لەژێر ئازار وئەشکەنجەدا گیانی دەسپێرێت ..

سەبارەت بە جمال الحیدری ومحمد صالح العبلی و عبدالجبار وهبی(ابوسعید) حەرەس قەومی زۆر بەتوندی ئازار وئەشکەنجەیان دەدەن..تاوەکو لەناوەڕاستی مانگی تەمموزی 1963دا شەهیدیان دەکەن، ئەمانەی سەرەوە بەڵگەی ئەوەن کە حەرەس قەومی هۆکاری زیانگەیاندنی گەورەبوونە بەحزبی شیوعی عیراقی لە ڕێگەی ئەو لێدانە یەك لە دوای یەکانەی کە ئەنجام توندوتیژی لێکەوتۆتەوەو حەرەس قەومی زیانی بە هەموو شیوعییەکانی عێراق گەیاندووە. توێژەر فایزالخفاجی، لەتوێژینەوەکەی دا دووپاتی کردۆتەوە کە هۆکاری دەستگیرکردنی زۆرینەی شیوعیەکانی بەسرە، لە نیسانی 1963دا بەهۆی داڕمانی سەرکردەی شیوعی جاسم محمد المطیر لەژێر ئەشکەنجەدا بووە.

---

سەرچاوە :

! ـ الحرس القومی . ودوره الدموی فی العراق ـ فائیز الخفاجی.

2 ـ **الحقیقه**/ عرض :عبد القادر احمد العیداني / 2018

# هەڵوێستی
# حزبی شیوعی عێراق

لەیەکەم حەفتەی وەرگرتنی دەسەڵات لەلا یەن کودەتا چییەکانەوە،هاوڕێ ( کریم ا حمد)خۆی دەگەیەنێ تە شاری هەولێر و شیوعیەکانی ع ێراق وکوردستان ئاگاداردەکاتەوە،بەپەلە رووله شاخەکانی کوردستان بکەن و لەئه شکەوت ودۆلەکا ندا بارە گا دابنێن.. هەمان ئاگادارکرد نەوە دە گات بە شیوعیەکانی ناوەڕا ست و خوارووی عێراقیش.. بەڵام شیوعیەکانی بە غداو شارەکانی با شوور بەدوای بانگەوازە کەدا نا چن..بەبیانووی ئەوەی لەزەلکاوەکاندا هەندێ پەناگاوحەشارگەی باشیان دابیذکردووە و پتر لە(800)چەکداریان رێکخستۆتەوەودەستیانکردووە بەچالاکی کردن. دوای ئەوە لەهێر شێکی حەرەس قەومیەکان بۆ سەر حە شارگەکانی حزبی شیوعی شەڕێك درووست دەبێت، لەو شەڕەدا فەرما ندەی هێزی حەرس قەومی(محمد رضا شیخ راضی) دەکوژرێت..

حەرەس قەومییەکان بەو بەرگرییە زۆر نیگەران دەبن و بۆ تۆڵەکرد نەوە، خۆیان رێکدەخەنەوە وچەندهێرشێك دەکەنە سەر بنکەوحەشارگەکانیان. لە شەڕێکدا (ع باس خ ضیر)و مامۆ ستا(جواد عبدالـ سین) دە کوژن و فەرماندەیەکی تری حزبی شیوعی بەناوی(محمد الخضری)بەدیل دەگرن.

- لە حوزەیرانی1963دا،شیوعیەکان جارێکی ترخۆیان سازدەدەنەوە..

پەیوەندی خۆیان بەناوەندی حزب و خودی ( جمال الحیدری) یەوە گرێدەدەنەوە.. ئەویش نووسراوێك ئاراستەی (تیپە چەکدارەکان)ی گوندەکانی فوراتی ناوەڕاست دەکات و داوایان لێدەکات: کەئازایانە بەرگری بکەن..

- حزبی شیوعی لە 11ی حوزەیرانی 1963 دا بەیاننامەیەك دەردەکات، داوا دەکات ..داوا لە سوپای عێراق و پۆلیس دەکات بۆ بەرگری کردن ، بەرانبەر بە حەرەس قەومی و رژێمی فاشیست..لەبەیاننامەکەدا هاتووە:

(لقد اغرقت عصابة14رمضان الفاشية التي جاءت الى الحكم بمساندة الاستعمار الامريكى وطنناالعراقى الحبيب بالدماء والدموع،فزبحت الالاف من أبناء شعبنا،واعدمت رميا بالرصاص اوتحت التعزيب البربرى عشرات الابطال من خيرة قادة الحزب الشيوعى و صفوة ابناءالشعب العراقى من مدنيين وعسكريين وزجت في السجون ومعتقلات بعشرات الالاف ،ومارست كل أنواع الهمجية كقطع العيون وهتك الاعراض واطلاق عناصر الحرس القومى تهاجم الوطنيين،أيها الجنود ورجال الشرطة الشرفاء،لاتطلقوا النار على شعبكم،لاتكونوا الة قتل بيد الجلادين، لاتخضعوا لاوامر الضباط الفاشست وحرسهم القومى).

ئیتر دوای ئەوە لە(3)ی تەممووزی 1963 هەڵگەڕانەوەی سەربازی لە سەربازگەی رشید روودەدات، وەك پێشتر باسمانکردووە بەئاگر و ئاسن سەرکوتی دەکەن.

. ئەو شیوعییانەی خویان گەیا ندبووە شاخەکانی کورد ستان، لەگرتن و راو نان رزگار یان دەبێت وهێزێکی بەرگری بەناوی (و حدات الّذ صار) دروستدەکەن و لەسێ بنکەدا خۆیان ریکدەخەنەوە بەناوەکانی بنکەی (کەڵکەسماق)وبنکەی(کانی گوێز)وبنکەی(خۆرنەوازان).

## کردنەوەی رادیۆی دەنگی گەلی عێراق

هەر لەحوزەیرانی 1963دا رادیۆی(صوت الشعب العراقی) لە(بولغاریا) دادە مەزرێنن و بەزما نەکانی عەربی و کوردی هەوا ڵەکان بڵاودەکا تەوە و تاوا نەکانی حەرەس قەومی لەقاودەدات و لەلا یەن نەیارانی رژێ می بەعسەوە گوێگری زۆری دەبێت..(*)

- جولانەوەیەکیش بەناوی(حرکه الدفاع عن الشعب العراقی)دادەمەزرێنن، لێژنە باڵاکەی لەلا یەن شاعیر(محمد مهدی الجواهری) یەوە سەرپەرشتی دەکرێت..ئەندامەکانیشی بریتی دەبن لە:فیصل السامر،نزیهه الدلیمی ، الف نان مد مود صبری،رحیم عجینه،عبدالمجیدالو نداوی،کمال فؤاد، نوری شاویس، ومرادعزیز) ئەوکۆمیتە یەش لە چەندین وڵا تی ئەورووپی لق دروستدەکات..

---

* بەبیرم دێ ، رادیۆ کەم بوو..شەوانە خەڵکی گوندەکان لەماڵیکدا کەرادیۆی باشی هەبوایە کۆدەبوونەوە بۆ گوێ گرتن لە رادیۆی(دەنگی گەلی عێراق) و دواتر بۆرادیۆی(پەیکی ئێران) زۆرترین هەواڵ وچالاکییان بڵاودەکردەوەوتاوانەکانی حەرەس قەومی ورژێمەکانی عێراق و ئێرانیان پەخش دەکردەوە..(نووسەر)

# هەڵوێستی
# مەرجەعی باڵای شیعە

**هەرچەند مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق،دوای رووخانی پاشایەتی و شۆڕشی14ی گەلاوێژی1958پشتیوانییان لەحکومەتی نوێی عبدالکریم نەکردبوو،فتوایەکیشیان وەك جیاوازی بۆچونی ماتریالیزم و ئایدیالیزم، لەدژی فکری شیوعیەت دەرکردبوو،لەگەڵ هەموو ئەوجیاوازییەکانیشدا خەڵکێکی زۆری شیعە چووبوونە ریزەکانی حزبی شیوعی عێراقەوە و پشتگیری دەسەڵاتەکەی عبدالکریم قاسمیان کردبوو..**

**ـ بەڵام دوای کودەتاکەی 8ی شوباتی 1963 باڵێکی بچووکی شیعەکان بەرێز(شیخ محمدمهدی الخالصی)(1)خۆی بەمەرجەعی باڵایان دەزانێت.**

**پشتگیری خۆیان بۆ کودەتاکە رادەگەیەنن و ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بچنە ریزەکانی(حەرەس قەومی)یەوە.. ئەو هەڵوێستەیان شیوعییەکان تووڕەدەکات و لەکازمییە پەلاماریان دەدەن..بەناچاری جەنابی خالسی پەنا بۆکودەتاچییەکان دەبات وحەرەس قەومی وسوپا دەچن بە هانایانەوە...**

---

(1)محمدمهدی الخالصی لەساڵی 1888 لەشاری کازمیە لەدایك دەبێت.

ـ لەساڵی 1922 بە بڕیاری مەندوبی سامی بەریتانی (کۆکس) لەگەڵ باوکی لەعێراق دەردەکرین و دەچن بۆ ئێران.

ـ لەساڵی 1949 دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە کۆتایی ساڵی 1963 کۆچی دوایی دەکات.

**ـ باڵی سەرەکی شیعەکان کە بەڕێز(محسن الحکیم)(1) مەرجەعی باڵایان دەبێت، هەرچەند پێشترلەگەڵ شیوعییەکان وحکومەتی عبدالکریم قاسم کۆك نەبوونە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەکودەتاکەناکەن..**

**لەدوای بەیانی ژمارە(13) حەرەس قەومییەکان هێرش دەکەنەسەرماڵی یەکێك لە کەسایەتییەدیارەکانی مەرجەعی باڵای شیعەکان کەئەویش (شیخ محمدرضا الشبیبی)دەبێت..بە بیانووی ئەوەی کە کوڕێکی بەناوی (اسعدمحمدرضاالشبیبی)سەربەرێکخستنی شیوعی دەبێت.باوکی سێ جار پەیوەندی دەکات بە (مصلح التکریتی)یەوە..بەڵام بۆی ئازاد ناکات..**

**ـ هەرچەند حەرەس قەومییەکان فتوا کۆنەکانی مەرجەعی شیعە دژبە شیوعییەکان دەکەنە چەکێك وبەکاری دەهێنن..بەڵام ئەوە بەشێکی زۆر لەشیعەکان نیگەران دەکات وسکاڵابۆ مەرجەعی باڵا بەرزدەکەنەوە و دەڵێن:حەرەس قەومییەکان بەفتوای کۆنی ئێوە..رۆڵەکانمان دەکوژن و زیندانی دەکەن...**

---

(1) محسن الحکیم لەساڵی 1888 لە شاری نەجەف لەدایك بوو بوو.

ـ لەساڵی 1895 بۆ خوێندن چووبووە یەکێك لەخوێندنگائاینییەکان.

ـ لەساڵی 1919 پلەی باڵا خوێندن لەزانستە ئیسلامییەکان بەدەست دێنێت.

ـ لەساڵی 1914 لەدژی سوپای بەریتانی بەشداری لە بەرگری دەکات.

ـ لە ساڵی 1945 دەبێتە یەکێك لە مەرجەعەباڵاکانی ئاینی شیعەی جیهان.

ـ لە دوای شۆڕشی 14ی گەلاوێژی 1958 لەگەڵ قاسم وحزبی شیوعی ناکۆك دەبێت.

ـ لەدوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 دژی زەبروزەنگی بەعس و حەرەس قەومی دەبێت.

ـ لەساڵی 1970 بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات.

- چونکە..پێشتر لەسەردەمی پاشایەتی دا رۆڵەی چەندین خانەوادەی ناسراوی شیعە دەچنە ناوحزبی شیوعییەوە، لەوانە (عبدالحلیم)کوڕی مەرجەعی کۆچکردوو (محمدحسین ال کاشف الغطاء) کوڕی مەرجەعێکی تربەناو(حسین الحمامی)چەندکوڕێکی(محمد رضا الشبیبی)یش لەسەر ئەوەی دەبن بەشیوعی راپێچی زیندان و سزادان دەبنەوە..لە15ی شوباتی1963داعبدالغنی الراوی سەردانی بەڕێزحکیم دەکات، داوای لێدەکات فتوایەك تردەربکات وخوێنی شیوعییەکان حەڵاڵ بکات، بەڵام محسن الحکیم بەوە رازی نابێت و دەفەرمووێت: اننی ارفض ان ابرر للمجازر التي قامت او التي ستقام)..لە دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم شاندێك دەنێرێت بۆلای کاربەدەستانی دەسەڵات و داوایان لێدەکات کە کۆتایی بهێنن بەزەبرو زەنگی حەرەس قەومی و کوشت وبڕی شیوعییەکان..

- رۆژ بەرۆژ ناکۆکی نێوان مەرجەعی باڵای شیعەکان و حەرەس قەومی و دەسەڵاتدارانی حکومەت پەرەدەستێنێت...یەکێك لە کەسەنزیکەکانی بەڕێز (محسن عبدالحکیم) بەناوی (عبدالصاحب دخیل) پێشنیار دەکات بۆدژایەتی کردنی حەرەس قەومییەکان شانەی چەکداردروست بکرێت، بەڵام مەرجەعی باڵا رازی نابێت... تادێ ناکۆکیەکانیش پەرەدەستێنێت.

- رۆژی 1963/3/31جێگری سەرۆکی جەزائیر(هواری بومدین)دەگاتە عێراق و دەچێت بۆ (نەجەف) هەتا سەردانی بەرێز(محسن الحکیم)بکات. (صالح مهدی عماش) وەزیری بەرگری عێراق وچەند بەرپرسی سەربازی

لەگەڵ خۆی دەبات..لەگەڵ چوونەژوورەوەی شاندە جەزائیریەکە،دەرگا لە وەزیری بەرگری وهاوڕێکانیدا دادەخەن وناهێڵن کە بچنە ژوورەوە..
(عبدالعزیز بوتفلیقە)لەوبارەوە گێڕاویەتییەوە:
(کاتێك دەرگاکەمان لێکرایەوە..ئێمە چووینەژوورەوە..یەکسەر دەرگاکە بەرووی صالح مهدی عماش وهاوڕێکانیدا داخرا..)دیارەئەوەیش بەهۆی تاوانەکانی حەرەس قەومی وزەبروزەنگی دەسەڵاتی بەعس بووە.
- لە 13ی ئەیلولی 1963دا لەکۆنگرەی پێنجەمینی حزبی بەعس دا.. مەرجەعی باڵای شیعەکان بەیەکێك لەدوژمنەکانی بەعس دیاری دەکەن..
- لە 20ی ئەیلولی 1963دا حەرەس قەومییەکان (40)کەس لەلایەنگرانی مەرجەعی باڵای شیعەدەسگیر دەکەن ودواتر دەیگەیەنن بە(400)کەس.
- لە1963/9/23چەندزانایەکی ئاینی شیعەدەچنە بارەگای فەرماندەیی حەرەس قەومی وداوای ئازادکردنی گیراوەکانیان دەکەن،بەڵام داواکەیان لەلایەن حەرەس قەومییەوەرەتدەکرێتەوە..
- لە1963/10/17لەسەر پێشنیاری(مرتضی العسکری)مەرجەعی باڵای شیعەکان سەردانی شوێنەپیرۆزەکانی(کەربەلا وکازمیە وسامەڕا)دەکات، پاش 22 رۆژ لەدوای نوێژی شێوان لە مزگەوتی کازمیەی پیرۆز، بۆشەوەکەی میوانی(سلمان عباس الکوردی)دەبێت..
- لە 1963/11/18 مەرجەعی باڵای شیعەکان خۆشحاڵی خۆی بەهۆی روخانی حەرەس قەومییەوە دەردەبڕێت.*

* سەرچاوە: فائیزالخفاجی . الحرس القومی ودورە الدموی فی العراق.

# یەکەمین بەیانی کۆتایی هێنان بەحەرەس قەومی

## 18 تشرینی دووەمی 1863

بيان صادر عن رئيس الجمهورية والقائد العام للقوات المسلحة الوطنية

بسم الله الرحمن الرحيم

ايها الشعب العراقي العظيم - بعون الله - بعد الاعتماد على الله واستنادا الى الصلاحية المخولة لنا وبناء على ما قرره المجلس الوطني لقيادة الثورة تلبية لنداء الشعب والجيش والقوات المسلحة الوطنية .

امرنا بما هو آت

١ - قيام القوات المسلحة بما فيها القوة الجوية بالسيطرة على العاصمة بغداد والضرب على كل مقاومة تستهدف مخالفة الحكم والاضرار بالشعب ومصالح الدولة - مع مراعاة تنفيذ مرسوم الادارة العرفية ، وتعهد الى رئاسة اركان الجيش ادارة التعليمات العسكرية وتنفيذ الخطة التي تشمل كافة القوات المسلحة .

٢ - حل ما يسمى بالحرس القومي وعلى افراده كافة تسليم كافة اسلحتهم ومهماتهم الى اقرب وحدة او نقطة عسكرية ومن لم ينفذ هذا الامر يعتبر خارجا يستحق عقوبة الاعدام وتنفذ فيه العقوبة فورا .

٣ - تخويل امري الوحدات معاقبة كل متمرد ومخالف واعدامه فورا بعد ادانتهم وصدور الحكم بذلك وتنفيذ الاحكام من قبلهم .

٤ - تخويل امري الوحدات العسكرية والشرطة امر فتح النار والقضاء على كل مقاومة وعليهم ان يخولوا ذلك لمنتسبيهم .

سەرچاوە: کتێبی المنحرفون .

# چەند بەڵگەیەکی تر

## لەتاوانەکانی حەرەس قەومی




**نامیلکەیەکی بەڵگەنامەیی وێنەدارە**

**لەنووسینی د. فائز الخفاجی**

**پەردە لەسەر تاوانەکانی حەرەس قەومی لادەدات**

## بەشی نۆیەم

# پەیڤێك..
# دەربارەی كتێبی المنحرفون

كتێبی (المنحریفون) كە لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعس و حەرەس قەومی لەلایەن قەومییەكانەوە بڵاوكراوەتەوە، بەڵگەنامەیەكی مێژووییە..چەندلاپەڕەیەكی رەش لە مێژووی تاوانەكانی حەرەس قەومی هەڵدەداتەوە..گرنگی ئەم كتێبە لەوەدایە، خەڵكانێك بڵاویان كردۆتەوە،كەخۆیان بەشێك بوون لە كودەتاكەی 8ی شوباتی 1963 و بەشداربوون لەزۆربەی تاوانەكان..بەپێی ناوەڕۆكی كتێبەكە بەعسییەكان لەماوەی 9 مانگ لەدەسەڵاتدارییاندا بەشێوەیەكی دڕندانە،نزیكەی 670 هەزار هاوولاتییان شەهید كردووە..كە500 هەزاریان لەشیوعییەكان و150 هەزار لەحزبی چەپی عێراقی وئەوانی تریش لەكورد وعەرەبە بەرهەڵسكارەكان بوون..دڕندەیی و بێویژدانی كاربەدەستانی بەعس وحەرەس قەومی بەجۆرێك بووبوو، كە گەیشتبووە ترۆپكی بەدڕەوشتی،لەوماوەیەدا،دەستدرێژییان كردبووە سەرشەرەف و ناموسی هەزاران ژنی شیوعی و بەزۆری زۆردارەكی چەندینیان لێ ئاوس كردبوون .. ئەوتاوانە بووبوو بەهۆی لەدایك بوونی چەند هەزار منالی زۆڵ..

ئەو رەفتارفاشیستانە لەماوەی دووهەفتەی دەسەڵاتیاندا،پتر لە 17 هەزار مرۆڤیان كۆمەڵكوژ كردبوو..عێراقیان بە لێواری كارەسات گەیاندبوو،كوردستانیان سوتماك و وێرانكردبوو..بۆیە بەپێویستی دەزانین چەندلاپەڕیەك لەنامیلكەی(المنحرفون) وەكو خۆی سكان بكەین ووەك كۆمەڵێك بەڵگەی دیكۆمێنتاری لەم بەشەی (ئاگر وخوێن)دا بلاویان بكەینەوە:

## تقرير مرفوع من ( مولود جاسم ) أحد أفراد الحرس القومي والموظف في مصلحة كهرباء بغداد ٠٠ الى قيادة الحرس القومي لمنطقة بغداد :ـ

شهادتي بخصوص بعض أفراد الحرس القومي وهم في مركز الشيخ عمر :ـ
(١) ابراهيم ابن سيد رشيد ٠ (٢) فاضل ابن مريم ٠ (٣) شفيق سلمان الاسود الصغير ٠ (٤) فيصل خليفة ٠

آ ـ ابراهيم ابن سيد رشيد قام بسرقة المسجل والراديو من المقهى المعلقة التي تقابل محطة البانزين اثناء تفتيشه المقهى ٠

ب ـ سرقة مبلغ قدره (٢٠٠) دينار من دار ابن بنت صالح جمعة واثناء التفتيش اخرجها من جيبه الحاضرين هم ولد شعيب أي الحرس القومي الطيب ٠

ج ـ في أول الثورة المباركة آخذ يوزع علامة الحرس القومي الخضراء مقابل ثمن وقام بتزكية ابن أخته الشيوعي ٠ ولكن ابن أخته معروف من الحرس القومي الآخرين ٠

الحرس القومي فاضل ابن مـــريم يقوم بالاشتراك مع ابراهـيم ابن رشيد في قضية الراديو وقضية جلب المواطنين السـذج بتهمة الشيوعية ٠ ما زالت له مقهى للحشاش خانه قرب مقبرة الشيخ عمر وتسمى المقهى : مقهى محمد وفاضل ولد مريم للحشيشة ٠

٣ ـ شفيق سلمان الاسود الصغير يقوم بالاتفاق مع كل من ابراهـيم ابن رشيد وفاضل ابن مريم باحضـار بعض السـذج من المواطنين بتهمة الشيوعية وعند المساء يقوم شفيق سلمان الاسود بايصالهم الى دورهم بواسـطة سيارته بصفتهم ابرياء بعد استلام المبلغ وقد حاولت تعقيب ذلك ولكن سرعان ما كشفوا امري وحذروني من التدخل في أعمالهم على اعتبار ان هذه الاعمال من واجب الحرس القومي فقط ٠

٤ ـ فيصل خليفة في مساء الجمعة ١٩٦٣/٣/١٤ تصدى الى زوجة المدعـو ي٠ ب وطلب اغتصابهـا باللواط في الطريق محلة ابو سيفين فصرخت النجدة وجـاء ك٠ ب٠ وانقذها من المذكور بعد ان شهر السكينة عليه ٠

٥ ـ ملاحظة : أن المذكورين أعلاه باستثناء شفيق سلمان الاسود وهم من أرباب السوابق في الســرقة وتعاطي الحشيشة ٠ مع العلم أن فاضل ابن مريم لا زالت له مقهى للحشاش خانه ٠

هذه شهادتي واعترف بصحتها لذلك وقعت اعترافا بها ٠ الشهود وهم : ولد شعيب محـلة عزات طويلات حرس قومي قطاع الشيخ عمر قاسم احمد محلة السوامرة صاحب مطعم ٠ مولود جاسـم ابو سيفين ٠

مولود جاسم
موظف مصلحة كهرباء بغداد

## شـــكوى

هذه عريضة مرفوعة الى القيادة العامة لقوات الحرس القومي وهي تحمل رقم ١٥٦٨٤ في ١٠/١١/٩٦٣ ٠ من المستدعي عباس محمد جبر من أهالي قضاء المحمودية يقول فيها : بتاريخ ٢٩/١٠/٦٣ جائني ٠ فـرحان المجـول ، وجابر التكريتي وهما من افراد الحرس القومي في المحمودية واخبروني بورود برقية من مكتب التحقيق الخاص تطلب اعتقالي ثم أخذوني الى مقر الحرس القومي وهناك اعتدوا علّي بالضرب والتعذيب والاهانة وكانت الدماء تسيل من وجهي ولطخت ملابسي بالدماء ٠٠ ثم اطلق سراحي بعدها ٠٠ الوذ بكم لحمايتي مـن اعتداءاتهم علّي في المستقبل ٠

## شكوى مهمة جداً

من السيد هادي محمد سلمان يسكن شارع الكفاح ـ باب الشيخ ٠٠ الى السيد الحاكم العسكري العام برقم ٧٥٣٠ في١٢/١٢/١٩٦٣ يقول فيها:ـ

**لقد اعتقل ولدي المدعو رشيد هادي من قبل الحـرس القومي في ( منطقة الفضل ) بامر من الحارس القومي المسؤول « احمد العزاوي الملقب ابن أبو الجبن » في الشهر السادس** ٠٠ وان ولدي بريء وليس عليـه أي تهمة وانه تلميـذ في الصف الثالث متوسط ٠ وقد أخذوه الى مكتب التحقيق في محكمة الشعب سابقا وهناك عذبوه أشد العذاب بتهمة التهجم على حزب البعث وعلى الحرس القومي وبعد مضي عشرون يوما على اعتقال ولدي وأنا أجهل مصيره ٠٠ جاء الى الدار أحد الاشخاص وطلب مني الحضور الى مقر الحرس القومي في منطقة الفضل٠٠ وهناك قابلت الحارس القومي أحمد العزاوي أبن أبو الجبن وقال لي ان ولدك رشيد متآمر وخائن وله اتصالات بالسفارات الاجنبية ٠٠ وسوف يقـدم الى محكمة قيادة الحرس القومي ٠٠ وتعال معي لتشاهده ٠٠ وذهبت معه ٠ فوجدت ولدي موقوف في ( المرحاض ) وهو بحالة مرض شديد واعصاب محطمة واخذت

أبكى وأتوسل بالحارس القومى أحمد العزاوى أن يطلق سراح ولدى بكفالة فوافق على شرط أن ادفع ( تبرع ) للحزب بصورة سرية ••

وعندها اطلق سراح ولدى بمبلغ ( خمسين دينار ) قد استقرضتها من الجيران والله العظيم وسلمتها الى أحد افراد الحرس القومى الذى أصطحبنا ألى الدار وسلمها هو الى مسؤول المنطقة الحارس القومى الملازم أحمد العزاوى ابن أبو الجبن •• المختفى حاليا عن منطقة الفضل •• أرجو أمركم التحقيق معه واعادة المبلغ لى والله يوفقكم •

## كتاب رسمى

وهذا كتاب رسمى صادر من مجلس الوزراء برقم ٨٣٢٥ فى ١٤/١١/٦٣ الموجه الى القيادة العامة لقوات الحرس القومى حول اعتقال نائب عريف شرطة ماجد سلمان بدون سبب مبرر من قبل مكتب التحقيق الخاص ••

## شكوى أخرى من معلم

من السيد قاسم عبدالامير المدرس فى مدرسة النصر الابتدائية للبنين
الى السيد رئيس اركان الجيش برقم ٥٠٧ فى ١٠/١١/٩٦٣

لقد القى القبض علىّ من قبل الحرس القومى فى جسر ديالى عدة مرات وكانوا فى كل مرة يستعملون معى أفضع انواع التعذيب ثم يطلقون سراحى دون توجيه تهمة قانونية الا قولهم بأنى منتمى الى جمعية اسلامية ولتكرر الحوادث حرمت الذهاب والمبيت فى ( بيتى ) منذ أمد بعيد حتى يوم الاثنين الماضى حيث قطعوا علىّ طريق المدرسة عند ذهابى للتدريس وأنزلونى من سيارة المصلحة وأخذونى الى مقر الحرس القومى فى جسر ديالى وجردونى من الملابس وانهالوا علىّ ضربا وتعذيبا بدون سبب مبرر حتى اليوم الثانى اطلقوا سراحى على أن أعود اليهم فى اليوم التالى ارجو سيادتكم بتزويدى بورقة عدم التعرض لكى استطيع الذهاب الى مدرستى بأطمئنان أو التفضل بنقلى الى مدرسة اخرى •

# افادة أخرى

ومما جاء في افادته أيضا أمام الحاكم علاء الخياط حاكم التحقيق ورئيس هيئة التحقيق المتكونة بأمر السيد الحاكم العسكري العام بكتاب مديرية أمن بغداد المرقم ش٠ج/١٤١٧٩ في ٦٣/١١/٢٠ أفاد المدعو « فائق توفيق » آمر الحرس القومي المنحل في الادارة المحلية والموظف في وزارة الشؤون الاجتماعية بمايلي :

لقد تشكلت هيئة تحقيقية من الملازم عدنان الناصري (حرس قومي) والملازم حازم سعيد (حرس قومي) والملازم قتيبة الآلوسي (حرس قومي) •• للتحقيق في قضية « القوميين العرب » وجلبوا حوالي عشرين شخصا من مختلف الفئات القومية ( وربطوا عيونهم بالمناديل ) •• ثم قامت هيئة التحقيق بتعذيبهم بصورة وحشية •• وقد شاهدت « محسن الشيخ راضي » وهو « حزبي مسؤول كبير في قيادة حزب البعث » شاهدته يأمر هيئة التحقيق بتعذيب القوميين العرب ومنهم على ما أذكر •• أمير الحلو ، وشيخ كرم ، وعدنان الدوري ، ونجم السعدون وآخرين •• وقد استعمل عدنان الناصري « طريقة الكي بالشيش الحديدي » ثم شاهدت الشيوعيين (فاضل مشكور) • « وتركي مشكور » قاما بتعذيب القوميين العرب بأيعاز من هيئة التحقيق والحاج الملازم عدنان الناصري •• وقد رفعت عدة تقارير الى القيادة العامة لقوات الحرس القومي حول قيام الشيوعيين بتعذيب « القوميين » بأشراف هيئة التحقيق ••

كما ارسل من مقر قيادة الحرس القومي (عشرة) نساء موقوفات الى مقر الادارة المحلية في المنصور لاجل التحقيق معهن •• وبقين في الادارة المحلية حتى صباح ثورة ١٨ تشرين •• وقد اعتدى عليهن بالضرب البسيط من قبل بعض أفراد الحرس القومي •• كما وشاهدت توقيف عائلة كاملة وهي عائلة ( فاضل الخطيب ) وتتألف من أربعة أطفال وفتاة وعجوز ورجال وأولاد وبقوا في التوقيف حتى يوم ١٩٦٣/١١/١١ •••

# تقرير طبى خطير

الاسم : على عـامر

العنوان : بواسطة اللجنة المشرفة ولجنة التحقيق الخاصة .

الجهة المرسلة : اللجنة المشرفة ولجنة التحقيق الخاصة لمنطقة بغداد .

المرسل المسؤول : الملازم عمـار علوش .

كتاب الارسال : العدد/ق١/١٨/١٥٦١ بتاريخ : ١٩/٩/٦٣

ادخل الى مستشفى الشعب بتاريخ ١٩/٩/٩٦٣

السجل العمومى : ٣٤٨م بتاريخ : ١٩/٩/٩٦٣

ادخل الموما اليه مع الموقوفين التالية اسماؤهم :ـ

١ ـ مالك حسن ٢ ـ حسن عيدان ٣ ـ عطية حسين .

التقرير الطبى :

١ ـ سحجات قديمة على الركبتين وعلى اعلا الظهر فى الجهة اليمنى .
٢ ـ تورم وحساسية على الرقبة فى الجهة اليسرى .
٣ ـ اشتباه تمزق البلعوم والمرىء .
٤ ـ تورم الأطراف السفلى .
٥ ـ حالته العامة لاتخلو من الخطر .
٦ ـ **توفى فى الساعة الخامسة والنصف من يوم السبت ٢٨/٩/١٩٦٣ .**
٧ ـ ارسل الى الطب العدلى بواسطة مركز شرطة مستشفى الشـعب بموجب استمارة التشريح المرقمة ٣٩٧ بتاريخ ٣٩/٩/٩٦٣ .

## تقرير طبى آخر

الاسم : طارق حامد

العمـر : ٢٠ سـنة

الجهة المرسلة : مكتب التحقيق الخاص

المرسل المسؤول : ناظم كزار

كتاب الارسال : العدد/ق١/١٨/٢٧٦ بتاريخ : ٩٦٣/١١/٨

ادخـل الى مستشفى الشعب فى تمام الساعة العاشـرة من مساء الجمعة ٩٦٣/١١/٨ • بواسطة الحرس القومى وبعض زبانيتهم من المـدنيين وأشـاروا بوجوب منع أى شخص من مواجهته بحجة ان الموما اليه متآمر خطر •

السجل العمومى : ١٠٩م بتاريخ ٩٦٣/١١/٨ •

التقرير الطبى :

١ ـ كدمات قديمة مع احتقان دموى فى أسفل الظهـر •

٢ ـ كدمة قديمة على أعلا الذراع الايمن والكتف الايمن •

٣ ـ كدمات قديمة على الذراع الايسر والكتف الايسر •

٤ ـ كدمة قديمة فى اطراف العين اليسرى •

٥ ـ كدمات قديمة متعددة على الفخذ والساق الايمن •

٦ ـ كدمات قديمة على الفخذ الايسر العلوى والوسطى الخلفى ، وعلى الساق الايسر •

٧ ـ خراخر فى جانبى الصدر وصعوبة فى التنفس •

٨ ـ حالته العامة لاتخلو من خطر •

**٩ ـ توفى فى الساعة السابعة من صباح الاثنين ١٩٦٣/١١/١١ •**

١٠ـ ارسل الى الطب العدلى بواسطة مركز شـرطة مستشفى الشعب بموجب استمارة التشريح المرقمة ٤٢٦ بتاريخ ٩٦٣/١١/١١ •

# تقرير طبي آخر

الاسم : حميد جعفر

العنوان : بواسطة لجنة تحقيق منطقة بغداد

الجهة المرسلة : لجنة تحقيق منطقة بغداد

المرسل المسؤول : الملازم أحمد العزاوي أبو الجبن •

كتاب الارسال : العدد/فوق العادة بتاريخ ٩٦٣/٨/١٦

ادخل الى مستشفى الشعب في الساعة الثالثة والنصف من صباح ٦٣/٨/١٧

السجل العمومي : ٢٧٧م بتاريخ ٩٦١/٨/١٧

التقرير الطبي :

١ ـ مصاب بكدمات وتجمع دموي تحت الجلد بين كلتا الكتفين ، مع سحجات وتجمع دموي على الظهر وحول العين اليسرى والصدر واليدين ، مع اشتباه كسور في منطقة الساقين وعظام الصدر واليدين •

٢ ـ نزف دموي من العين اليسرى •

٣ ـ المريض في حالة غير واعية •

٤ ـ الحالة العامة خطرة جدا ولا يحتمل بقاء المريض على قيد الحياة •

٥ ـ **توفي في الساعة الرابعة من صباح اليوم نفسه ١٩٦٣/٨/١٧ •**

٦ ـ ارسلت جثته الى الطب العدلي بواسطة مركز شرطة مستشفى الشعب بموجب استمارة التشريح المرقمة ٣٧٠ بتاريخ ٩٦٣/٨/١٧ •

## التقارير الطبية حول المعذبين فى لجان التحقيق

١ ـ موسى جعفر : مصاب بجرح قاطع نافذ فى الرقبة حالته خطرة جدا حسب كتاب مستشفى الشعب المرقم ١٦٧٢ فى ١٤/٤/٩٦٣ •

٢ ـ حكمت بطرس : جروح كبيرة فى الرأس • كسور فى اليد اليمنى • حالته خطرة حسب كتاب مستشفى الشعب المرقم ١٠٨٢ فى ١٤/٣/٦٣

٣ ـ صاحب على : كدمات فى الاضلاع والساقين والاطراف العليا • حالته خطرة حسب التقرير الطبى المرقم ٢٥٠ فى ٣/٨/٦٣ مستشفى الشعب •

٤ ـ حسن عيدان : كسر فى عظم الساق • حالته رديئة • حسب التقرير الطبى المرقم ٢٧٨ فى ١٩/٩/٦٣ مستشفى الشعب •

٥ ـ قادر نديم : كدمات وسحجات على الساقين واليدين ، وجروح فى الوجه والرأس حسب التقرير الطبى المرقم ٢٥٢ فى ٣/٨/٦٣ مستشفى‌الشعب•

٦ ـ ن•ع فالح مسلم : جروح كبيرة فى الظهر وفى البطن حالته خطرة جدا حسب التقرير الطبى المرقم ٣٣٢ فى ٤/١٢/٩٦٣ مستشفى الشعب •

٧ ـ مالك حسن : كسر فى عظم الساق والفخذ الايمن والايسر تشقق فى الرأس والوجه حالته خطرة حسب‌التقرير الطبى‌المرقم ٢٧٩فى١٩/٩/٦٣ مستشفى الشعب •

٨ ـ داخل غائب : جرح كبير فى الرأس كدمات على الكتفين جرح فى صيوان الاذن حسب التقرير الطبى المرقم ٣٠٩ فى ٣١/١٠/٦٣ مستشفى‌الشعب•

٩ ـ عبدالاحد نجم : كسور فى عظم الزند الايسر • خلع فى رأس عظم الكعبرة حالته رديئة حسب كتاب مستشفى الشعب المرقم ١٠٣٦ فى ١١/٣/٩٦٣ •

## السيد الحاكم العسكرى العام المحترم ـ بغداد

المعروض لسيادتكم :

فى ليلة ١٤/١٣ من تموز المبارك أصيب زوجى موسى ناصر بثلاث اطلاقات من قبل الحارس القومى سرحان عطيوى من بندقية انكليزية التى استلمها من آمرية الحرس القومى في البصرة كما أصيب مع زوجى الحارس القومى غالب فيصل بعدة اطلاقات أخرى وعلى أثر هذا الحادث دخل زوجى المستشفى الجمهورى بالبصرة واجريت له العمليات اللازمة التى لم تنفع حيث فارق الحياة بتاريخ ١٩٦٣/٧/١٩ متأثرا بجراحه وجرى تشريح الجثة من قبل لجنة طبية خاصة فظهر أنه مصاب بثلاث رصاصات من عيار ٠/٣٠٣ تعود الى بندقية انكليزية التى استعملت فى الجريمة وقد استخرجت رصاصتان منها وأما الثالثة فقد تحولت الى شظايا فى جسد زوجى الراحل • لقد تولت حاكمية تحقيق البصرة وشرطة الموانىء العراقية بالبصرة التحقيق ولم يرسل على أى شخص من ذويه وعائلته مطلقا ، كما أن شهادات الشهود كانت غير مطابقة حيث افادوا أنهم سمعوا طلقا واحدا فى حين أن التقارير الطبية تشير الى استخراج أكثر من أربعة اطلاقات بندقية انكليزية من زوجى وزميله المصاب •

ان زوجى لم يترك لى من حطام الدنيا سوى سبعة أطفال لا أستطيع مواجهة طلباتهم اليومية الملحة وأصبحت امرأة أرملة لا معيل لى ولاطفالى الا الله ولم أتقدم بطلبى هذا الا لتضعوا أيديكم على هذه القضية احقاقا للحق والعدالة ولحق أطفالى الذين ذهب ظلهم الى جوار ربه حاكيا ظلم الانسان لاخيه الانسان وفقكم الله لكل خير •

سنية مطر
زوجة موسى ناصر
الكاتب فى أرصفة الموانىء
١٩٦٣/٧/٣٠

صورة منه الى :ـ

آمرية موقع البصرة
القيادة العامة للحرس القومى ـ بغداد
حاكم تحقيق البصرة
مديرية شرطة الموانىء ـ بصرة
جريدة الجماهير ـ بغداد
آمرية الحرس القومى بالبصرة •

# تقرير خطير جداً

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهـورية العراقية

قيـادة الفرقة الاولى
ـ الاركان العـامة ـ
الرقم : أ٠س/٤١/٢٥٥٠
التاريخ : ١٩٦٣/١٢/٣١

## ألى : مديرية الاستخبارات العسكرية

## الموضوع : معلومات عن جرائـــم الحرس اللاقومي فى الديوانية

المكالمة التلفونية معكم يوم ١٩٦٣/١٢/٢٨ ٠

بتاريخ ١٩٦٣/١١/٢٨ ٠ أخبرت السيدة طشارة عباس والـدة الشخص المدعو جبار شبوم بأن ولدها المذكور قبل خمسة أشهر تقريبا أخـذ من قبل الحرس اللاقومى ولحد الآن لم تعرف مصير وأين هو٠٠فاتخذت السلطة الاجراءات اللازمـة بصـدد الموضوع وتحققت من المسؤولين للحرس القومى المنحل الا أنها لم تهتد الى نتيجة بصدده حيث أنهم أدعوا بأنه ارسل الى بغداد ٠

وبتاريخ ٩٦٣/١٢/٢٧ ورد اخبار من أحد مراتب فرقتنا بأنه علم من أحد الاهلين ان قبل شهور رأوا **جثة امرأة في الصحراء وبقيت أكثر من يومين وبعـدها قام بعض الاعراب بمواراة التراب عليها بعد ان اخرجوا حبلا من عنقها وقد عهد** الى أحـد الضباط من ك٠م٠د٠ب/٥ بالتحقيق السرى حول صحة المعلومات فتأيد لدينا ذلك وقد شوهد محل دفنها وبعد تثبيت المحل تم اخبار الشرطة وحاكـم التحقيق بذلك وقد سارعت الشرطة والامن وضابط استخبارات الفرقة وأنضباط عدد اثنين والطبيب العدلى بدلالة المخبرين الى محل **دفن المرأة المذكورة وعند فتح الحفرة وجدت جثة فتاة ترتدى قميص احمر وتنورة زرقاء ولفاف أسـود** ولـم تعرف هويتها حيث ان الجثة كانت مفسخة نسبيا الا ان الملابس كانت باقية فحملت وجلبت الى الطب العدلى لمستشفى الديوانيـــة لعرضها على الطب العدلى واثناء التحقيق مع الحرس القومى المنحل الذين أوقفوا بسبب ذلك لم يعطوا أى جواب بصدد ذلك بل اعترفوا بأنهم لم يدفنوا هذه الفتاة وانما اعترفوا على الشخصين المدونة اسميهما ادناه :ـ

**١ ـ جبار شبوم :**

الذى أدعت والدته بفقدها أياه منذ خمسة شهور تقريبا فأجابوا مايلى :ـ

ان جبار شبوم كان موقوفا لديهم قبل خمسة **اشـهر تقريبا ومـات اثنـاء التعذيب ودفن من قبلهم فى طريق الديوانية ـالشنافية ـ** بملابسه وصدق اعتراف المتهمين من قبل حاكم التحقيق الديوانية وعند فتح الحفرة المدفون فيها المذكـور وجد اشلاء متناثرة أكلت بعض اجزائها الحيوانات الوحشية **وقد ظهر انه من اهالى الديوانية وفى الصف الثـانى من كليـة الشريعـة** وقـد نقلت جثتـه كذلك الى المستشفى الجمهورى فى الديوانية لعرضها على الطب العدلى لغرض التحقيق ٠٠

**٢ ـ كاظم محمد :**

كان المجنى عليه موقوفا لديهم قبل مـدة تتراوح بين خمسـة او ستة اشهر ومات من جراء التعذيب ودفن بملابسه في طريق الديوانيـة/عفك ـ وعند فتح الحفرة من قبل المسؤولين اعلاه وجد اشلاءمبعثرة هيكلا عظميـا ومتفسخ وملفوف ببعض الملابس الخاكى وادعى احدهم انهمن اهالى مدينة الوشاش وشغله بناء ٠ وكذلك نقلت جثته الى المستشفى الجمهورى في الديوانيـة لعرضهـا على الطب العدلى ٠

بوشر باجـراء التحقيق فورا مـع المجرمين وصـدقت اعترافاتهـم من قبل حاكم التحقيق وجرى توقيف من ورد اسمه بهذه الجريمتين حيث ظهر من سير التحقيق ان الحرس اللاقومى قـد شـكل لجنة تسمى (لجنة التعذيب) من الجماعات المنسـوبين اليهـم وظهر كذلك في سير التحقيـق اسمائهـم واعمالهـم ولازالت التحقيقـات جارية عن هـذه الجرائم الوحشية وسنوافيكم بنتيجة التحقيق ٠

ونرفق طيا نسخ من الصور الفوتوغرافيـة التى اخـذت للجثث الثلاث لاطلاعكم عليها ٠

الزعـيم
**احمد محمد الحاج عبدالله**
ن/قائد الفرقة الأولى

## وهذه بعض قوائم القتلى والمفقودين

## من المواطنين قبل محاكمتهم

### من قبل سلطة مسؤولة أو محكمة رسمية

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ ـ محمد عبدالقادر المغاتي | مفقود | ٢٤ـ عبدالواحد زنيد | مفقود |
| ٢ ـ سلمان سعيد الموسى | مفقود | ٢٥ـ هادى جهاد | مفقود |
| ٣ ـ جواد كاظم دهام | مفقود | ٢٦ـ عبدالامير عزيز | مفقود |
| ٤ ـ عبدالله جبر المكصوص | مفقود | ٢٧ـ طارق حامد | مقتول |
| ٥ ـ عبدالله محمد رضا | مفقود | ٢٨ـ كاظم حسن جاسم | مفقود |
| ٦ ـ رضا جليل ابراهيم | مفقود | ٢٩ـ ن٠ع عبدالكاظمحاج مجيد | مفقود |
| ٧ ـ ناصر جودى محمد | مفقود | ٣٠ـ مجيد جوامير | مفقود |
| ٨ ـ توفيق محمد رستم | مفقود | ٣١ـ سمين علي | مفقود |
| ٩ ـ نعمان علوان النعيمى | مفقود | ٣٢ـ نزار حبيب راضى | مفقود |
| ١٠ـ خضير عزيز | مفقود | ٣٣ـ جبار محمد | مفقود |
| ١١ـ مرزا حسن | مفقود | ٣٤ـ بابا علي معروف | مفقود |
| ١٢ـ ر٠ع٠ و جاسم محسن | مفقود | ٣٥ـ علي الماز | مفقود |
| ١٣ـ خزعل راضى | مفقود | ٣٦ـ محمد مصطفى الخالدى ( فلسطينى ) | مقتول |
| ١٤ـ رحيم عزيز | مفقود | | |
| ١٥ ـ حمود جعفر | مقتول | ٣٧ـ محمد سليم الصفار | مقتول |
| ١٦ـ توفيق عبدالحسين | مفقود | ٣٨ـ محمد سليم عبود عباس | مفقود |
| ١٧ـ فاضل ابراهيم عباس | مفقود | ٣٩ـ صادق جعفر | مفقود |
| ١٨ـ هاشم سرحان | مفقود | ٤٠ـ علي عامر | مقتول |
| ١٩ـ عدنان عبدالله البراك | مفقود | ٤١ـ طارق صادق | مقتول |
| ٢٠ـ حنا الياس | مفقود | ٤٢ـ غذاب جعيب | مفقود |
| ٢١ـ محمد حسن النقاش | مقتول | ٤٣ـ ن٠ض كاظم نعمه | مقتول |
| ٢٢ـ حميد جعفر | مقتول | ٤٤ـ مالك حسن | مفقود |
| ٢٣ـ عبدالوهاب رزوقى | مقتول | ٤٥ـ عبدالاحد فرنسيس | مفقود |

## المفقودين من ابناء القوات المسلحة من قبل هيئات تحقيق الحرس القومي

حسب برقية الاستخبارات العسكرية المرقمة ١٩٠/ش٣/ في ١٩٦٣/١٠/٦

العريف سعد زغير
نائب عريف كاظم عبيد
العريف موسى سيد نعمة
جندي اول كريم دايم
نائب عريف عبدالحسين زبيد
العريف جبار حسن
العريف حسين الشيخ علي
راس عرفاء جعفر من القوة الجوية
راس عرفاء عبدالرزاق احمد
نائب عريف حاتم سلمان
نائب عريف هلال موسى
جندي علي درويش
جندي اسماعيل ياسين
راس عرفاء خلف غانم
العريف فتاح مجيد
راس عرفاء عثمان فزع
راس عرفاء خليل ناصر
راس عرفاء محمد مهاوي
جندي حنون جبار
راس عرفاء محمد خابر

## دانپێدانانەکانی رشید موسلح
# لە ڕۆژنامەی (الجمهوریە)

واژمارەیەکی کۆنی ڕۆژنامەی(الجمهورية) وەك بەڵگەنامەیەك دەخەینەروو کەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (رشیدموسلح)ی وەزیری ناوخۆ وحاکمی سەربازی دوای کودەتاکەی عبدالسلام عارفی تیایدا بڵاوکراوەتەوە. لەو دیدارەدا دان بەوەدا دەنێت کە سیخوڕی بۆهەواڵگری ئەمریکا کردووە..

زۆرێك پێیان وایە ئەو دانپێدانانە دوای ئەشکەنجەیەکی توندی جەستەیی و دەروونی بووە..مەبەست لە هەڵبەستنی ئەو جۆرە تۆمەتانە دژایەتی ژمارەیەك پیاوی دەسەڵاتی عارف و شەخسی رشید موسلح و ناوزڕاندن بووەبەوەی کەنۆکەری بێگانەبوون،دیارە پێشتر رشید مصلح، فەرمانگەیەکی دامەزراندبوو بۆوەرگرتنی سکاڵای لەوکەسانەی کە حەرەس قەومی لەدوای کودەتاکەی ٨ی شوباتەوە بێڕێزی بەخۆیان و خانەوادەکانیان کردبوو..لە کتێبێکدا بە ناونیشانی:

"المنحرفون من الحرس القومی فی المد الشعوبی" وەك بەڵگەی تاوان چەندین وێنە و بەڵگەی لەسەریان بڵاو کردبووە وە.

ئەو کتێبە دوای کودەتاکەی ساڵی 1968 ون کرا..هەرکەسێك ئەو کتێبەی پێ بگیرابایە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە توندترین سزا دەدرا، رشید موسلحیش باجێکی زۆری دا لەسەر دەرکردنی ئەو کتێبە.

* سەرچاوە : القصوه لدی صدام حسین :12 یونیو 2010



الجمهورية

مصالح وثروة جمعة حزب البعث بعد ثورة رمضان

# تاوانەكانی حەرەس قەومی
# لە نوسینێكی زكی فرحان دا

دوای ئەوەی یەكەم لێدوانی گومناوی لە پەخشی ڕادیۆی ابوغریب بڵاوكرایەوە، چەتەكانی (حزبی بەعس)كوڕانی گروپە چەكدارەكانی حەرەس قەومی جوڵەیان كرد،دابەش سەرشەقام وگۆڕەپانەكان بوون و دەروازەی پردەكانیان كۆنترۆڵكرد،چوونە ئەوناوچەنیشتەجێیانەی بەغدا كەسەربازە لایەنگرەكانی عبدالكریم قاسمی لیَ بوون..چونكە دەترسان ئەوسەربازانەلەوێوە بگەڕێنەوە سەربازگەكان وبەرنگاری كودەتاچییەكان ببنەوەو شكستیان پێ بهێنن..

ئەم گروپەپێشتر لیستی ناوی وەزیر وئەفسەر و شیوعی وسیاسییەكان پێبوو، دابوویان بەسەرماڵەكانیاندا و ئەوەی ڕووبەڕوویان بوو بوەوە كوشتبوویان، بەعسییە فاشیستەكان بۆ ئەم كردەوانەیان خەڵكانێكی سەرەڕۆ شەڕانی وتێنووبەخوێنیان هەلبژاردبوو،كە دوژمنی سەرسەختی شۆڕشی 14ی گەلاوێژ و شیوعیەكان بوون، كە لە ڕووی تیۆری و پراكتیكییەوە لەسەر چەك مەشقیان پێكردبوون ، لەوانە گروپی مەرگ بە سەرۆكایەتی كۆنە بەعسی ایادالعلاوی (ئەو كەسەی دوای روخانی رژێمەكەی صدام حسین كرابەسەرۆك وەزیرانی عێراق و ئێستاش سەرۆكی لیستی (العراقیە)* یە.هەروەها ئەم گروپانە (تیپەكانی مردن)ی پاسەوانی نیشتمانی، بڵاوبوونەوە لە شەقامە سەرەكییەكانی بەغدا و

دەستیان کرد بە کۆنترۆڵکردنی ئەو شەقامانەی کە دەچوونەبنکەکانی سوپا(وەك لە سەرەوە ئامارژەم پێدا) ومالآنی ئەفسەران لەگەڕەکی (الزیونە)ی بەری رەسافە، و دوای بیستنی یەکەم لێدوانی گوماناوی کە لەلایەن ڕادیۆی ئەبوغرێبەوە کاتژمێر نۆی بەیانی لە هەینی ڕەشی 8ی شوباتی 1963 پەخشکرا، وەك پێشتر ڕێککەوتبوون، دەستیان کرد بە هەڵکوتانە سەر مالآن و درێغییان نەکرد لە سێدارەدان و دەستگیرکردن وئەشکەنجەدانی بێتاوان و...ژن وپیاوی بیٚ بەرگری، تەنیا وتەنیا لەبەر گومان،بوختان،یادوژمنایەتییەکی کۆن کەهەیان بوو، بەم شێوەیەش ئێمە تووشی خراپەکاری وتاوانی ڕەش و ڕقاوی هاتین، هەروەك چۆن بەسەر ڕۆڵەکانی تری گەلی عێراقدا هات..هەرچەند بەدبەختی ئێمە ڕێژەیی و بەدبەختی زیان و قوربانیدان بوو، بۆ ئەوانەی لەسێدارەدراون ولەژێرئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستدا..یان بە کەمئەندام بوونی هەمیشەیی لەسەر دەستی تاوانباران و بکوژانی بەعسی لە زیندانی (قصرالنهایە) هاتنە دەرەوە.ئێمە تووشی دۆخێکی ناخۆش بووینەوە،کەوتنە راوەدوونان و گەڕان بەشوێنماندا، وێنەی عربی فرحان ی برام لە رۆژنامەی (الثورة) کە سەعدون حەمادی سەرنووسەری بوو .. لەگەڵ وێنەی ژمارەیەك پلەداروئەفسەری نیشتمانی داواکراوبە زیندووی

* سەرچاوە : الدکتور علي کریم سعید ـ عراق 8 شباط 1963/ من حوار المفاهیم الی حوار الدم ـ مرجعات في الذاکرة / طالب شبیب عضوالقیادة القطریة لحزب البعث العربی الاشتراکی / ص 51

یان بە مردوویی، لەوانە (غضبان السعد ، سلیم الفاخري ، سعید مطر ، جبار خضیر الحیدر ، حمد مقصود و ئەوانی تر..) بلاوکرایەوە،بۆیە بازنەی گەمارۆی ئێمە توندتربوو،.کەسوکار و خێزانەکانمان لەئێران و عێراق، بێ ماڵ و حاڵ بوون و برسی بوون و منداڵەکانمان ڕوتکرانەوە، لە(گەڕەکی زەیۆنە)دەستیان بەسەر پارە و خانووەکەماندا گرت کە بە شێوەیەکی یاسایی خاوەنداریێتیمان دەکرد، لە تۆماری خانووبەرەدا بە ناوی برا ئەفسەرەکەمەوە (عربی فرحان)ەوە تاپۆکرابوو..

دوای داگیرکردن و تاڵانکردنی کردیان بەبارەگای حەرس قەومییەکان و تاوانی قێزەوذیان تێدا ئەنجام دەدا..دوا تر دەر کەوت کە ئێمە لەلایەن(تیپەکانی مردن)ی فاشیستەکانی بەعسەوەکرابووین بە ئامانج،بەزەیی و میهرەبانی خوای گەورە بوو ئێمە و منداڵەکانمانی لە کوشتن مسەوەگەر ڕزگار کرد، ئەگەرنا دەکوژرێین، کەسێکی کرد بەرزگار کەرمان کە ئەویش بەڕێز(هاشم مجید النعیمی)بوو،کە سێکی بەئوتمبێلەکەی خۆیەوەنارد بەدواماندا و داوی لێکردین بە سەیارەکەی ئەو بەپەلە بڕۆین وماڵ بەجێبهێڵین،گەرنا بێگومان دەکوژراین،پێی گوتین ئێوە وچەند ئەفسەرێك لێرە لەگەڕەکی(زیونە)دەکرێنە ئامانج. بۆیە ئێمە بە خێرایی جلەکانمان لە بەر کرد و ماڵەکەمان بەجێهێشت،کە هەموو شتێکی تێدا بوو، لەبەر ئەوەی منداڵەکان کوڕیان لە قسەکانی بەڕیز هاشم بوو لە ترسا دەلەرزین و دەگریان، سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین ، بەسوپا سەوە گەیاندمانذیە شەقامی کیفاح، زۆر قەرەباڵغ بوو،

ئەوجەماوەرە تووڕیە هاواریان دەکرد:( ماکو زعیم الا کریم)کودەتا کەیان ئیدانە دەکرد وداوای چەکیان دەکرد بەرگری لەحکومەتی نیشتمانی و خۆشەویستە ڕۆحیەکەیان عبدالکریم قاسم بکەن..دوای ئەوەی لە ماڵەوە دەرچوین،کۆمەڵەبەعسییەکی حەرەس قەومی چووبوونە سەرماڵەکەمان و بەوچەکانەی کە جەمال عبدول ناسر لە باڵیۆزخانەی میسر لە بەغدا لە ڕێگەی فەرید مەجید بۆی ناردبوون.. بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەستیان کردبوو بە تەقەکردن لە ماڵەکەی ئێمە،ئەم هەنگاوە خراپ و بێکۆنتڕۆڵە و هەڵکوتا نە سەر ماڵان دوای ذ یوە شەو، وای لێهاتبووهەرکە سیان بویستایە تە قەیان لێدەکرد و دژا یەتیان دە کرد و لە ناوخوێنی خۆیدا بەجێیان دەهێ شت، ڕۆژا نە بە چەکەوە بە شەقامەکاندا دە سوڕانەوە بەدوای تالا ندا دە گەڕان و چێژیان لە گرتن و ئە شکەنجەدانی خەڵك وەردەگرت، بەم شێوەیە مزگەوت ویانەکان (یا نەی ئۆلۆمپی) و...یاریگا وەرز شییەکان (یاری گای ئ یدارەمحلی)و بن کەکانی پۆلیسی (المۆ مون والف چل)و سەربازگەکان و فەرماذ گەکانی بە شی ئەمنی و(قە سر النیهایە)و(زی ندانی ژ مارە یەك)و(لیوای سوارە)و (داد گای گەل )و ئەو خانووانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو و کۆنترۆڵیان کردبوون، هەموویان کردبوو بە زیندان ناوەندەکانی ئەشکەنجە و لەسێدارەدان، هەموو چین و تو یژەکانی کۆ مەڵگا، لەوا نە نیشتمانپەروەران و لا یەنگرانی ع بدالکریم قاسم، لە ئەفسەرانی سوپا، وەزیر، پزیشك، مامۆستای کۆلێژ، کرێکاران، جووتیاران، فەرمانبەران، کاسبکاران، لەم شوێنانەدا ئازار و ئە شکەنجە و زەلیل دە کران، بەم شێوەیە هێزی تاریکی و دزێو خۆی سەپاندبوو

به سەر گەلانی عێرا قدا ویا سای دار ستانیان جێ بەجێ دە کرد وده ستدرێژی سەر ژ نه روو سپییەکانیان بۆخۆ یان رەواکردبوو، لەو بنکانەدا ئەنجامیان دەدا، هەروەها کەسه نیشتمانپەروەره ئازادەکان له ژووره تر سناکەکانی بەدناوی (قه سر النها یه)دا لەژێر چاودێری و جێ بەجێکردنی سەرکردایەتی هەرێما یەتی حزبی بەعسەوه ئەو تاوا نه دڕندا نه و قێزەونا نه ده کران ... له 8ی شوبات تا 10ی شوبات، له ماوەی دوو ڕۆژدا (5000) هاوڵاتی شیوعییان کوشت، یاسای جەنگەڵ له سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعسدا زاڵ بوو، لەم هەلومەرجه ترسناك وکۆمەڵکوژییەدا که لەلایەن بەعس و پاسەوانی نیشتمانی یەوه له دژی گەلی عێراق ئەنجامدەدرا، عبدالسلام عارف ، به کودەتا یەکی سەربازی له 18ی تشرینی دووەمی 1963 دژی بەعسییەکان، و دواتر کتێبێکی مەترسیداری دەرکرد ، به ناوی (کتێبی ڕەش)، که تیایدا به ناو ئا ماژەی به هەزاران تاوانی حزبی بەعس کرد که لەماوەی نۆ مانگی ده سەڵاتی شۆڤینی وخوێناوی خۆیان ئەنجامیان دابوو.

* سەرچاوەکان:

1 ـ الدكتور على كريم ـ مراجعات في حوارالدم ـ ص 51 ـ 52

2 ـ حنا بطاطو / العراق ـ الجزء الثالث ـ ص 298

3 ـ الزعيم إسماعيل عارف / ثورة تموز ـ ص 169



# بۆ ئەوەی چیرۆکە تراژیدیەکانی

## (هەشتی شوبات ی رەش)مان لەبیر نەچێتەوە.

دکتۆر جبار یاسر الحیدر

## یەکەم :مرۆڤدۆستی و دڵسۆزی جەباری پۆلیس

بەیانی 8ی شوباتی 1963بوو، بە(لوورەی گورگەکان) لەخەوهەڵساین، ئەوە لێدوانی نەخوازراوەی ژمارە یەك بوو، ئەوسا من سەرۆکی پزیشکە نی شتەجێیەکان بووم لە نەخۆ شخانەی کو فە. ڕێن مایی ها تە ئاراوە پێویستە دفاع و ڕووبەڕووبوونەوە بکرێ.. بەرخۆدانی جەماوەری تو ند بە وریاییەوە لە بە غدا و پارێزگا کانی با شووردا لەوا نە نە جەف و کو فە بەرپا بوو.. جەبار ها تە لام.. ئەم کابرا یە سۆز و خۆشەویستی و ڕێزی هەڵگرتم بەهۆی مامەڵەی باش وپەیوەندیم لەگەڵیدا، هەروەها هاو کاری و گرنگ یدانم بۆ ئەو و خێزانە کەی و مندا ڵەکانی لە ڕووی پزی شکی و داراییەوە.. بە گریا نەوە پێی وتم:... ما مە کودەتا ئەنجام دراوە بە سەر عبدالکریم قا سم دا.. جەماوەری هەژاران ڕژاونە تە سەر شەقامەکان لە بەغدا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو کودەتایە، کۆمەڵکوژی ڕوویداوە..

پێی وتم، هیوادارم کە کوفە بەجێ نەهێڵیت و ڕێگەم پێدەدەیت من بچمە بەغدا بۆ ئەوەی بزانم حاڵی خێزانە کەت چۆنە.باوك ودایکت وخوشك و برا وخزمانت چییان بەسەرهاتووە؟منیش هەوڵدەدەم بیانهێنم بۆ کو فە، بۆیە سوپاسم کردوبڕێك پارەم پێداو ئامۆژگاریم کرد کەبە وریایی بڕوا و بگەڕێ تەوە. بەرە بەیانی ڕۆژی دووەم، زا نیم کە دە ستگیرکردنەکان

کاریگەرییان لە سەر هەموو نا سیاوەکانم و هاوڕێکانم و هەموو کە سێك هەبووە کە لە کە سایەتییە دیارە کانی کو فە و نەجە فەوە شەرەفمەند و خوێندەوارن .. زۆری پێنە چوو چەند چەکدارێکی پا سەوانی نە تەوەیی هێرشیان کردە سەرنەخۆشخانە و دەستگیریان کردم و ژمارەیەك کادیری نەخۆشخانەیان دە ستگیرکرد، لەوا نە پزیشك و پەرستار و کە سانی تر، بنکەی پۆلیسی کوفە پڕکرا لە دەستگیرکراوان...بۆ رۆژی دواتر جەباری پۆلیس هاتە بنکەکە و لە پشت مێزی دادگاوە قسەی لەگەڵ کردم و پێی گووتم: کە باوکم و ناجی برامیان لە بە غدا گر تووە و خ ستوویانەتنە زیندانی یانەی وەرزشی ئۆڵۆمپی لە ئەعزەمییە.. بەدوای هەردو خو شکم نجات و ساجیدەش دا گەڕاون، زۆر بەی خز مان و ئامۆزا کانم گیراون.. وتی بەداخەوە من نەمتوانی هیچ بکەم.. سەبارەت بە نەخۆشخانەکەیش، ژمارەیەك پزیشکی پسپۆڕ،لەوانە پزیشکی نەشتەرگەری (د.رەزا عەجینە ودکتۆر شاکر القطیفی) پ سپۆری پزیشکی هەناو و دڵ و هە ندێك لە کارمەندانی نەخۆشخانەکە.. دەستگیرکراون ، پێی گووتم: کە دە ستیان بە سەر دەماز چە و مۆ ڵەتی هەڵگرتنی چەکەکەتدا گر تووە، کا تێ لە ژوورەکەتدا دۆزیبوویانەوە.. کاتێك دا بەزین، هەوڵیان دا ئۆتۆمبێلە کەت بسوتێنن، بۆیە من و هە ندێك لە خەڵکە با شەکان کوژاندما نەوە.. داوای کلیلی ئۆتۆمبێلە کەی لێکردم بۆ ئەوەی بیبات بۆ بە غدا، بۆیە شوێنی کلیلەکەم پێ گوت.. لە ڕاستیدا ئەو کارەی کرد، ئەو پیاوە بە دڵسۆزی ما یەوە، ئازایا نە بەدوا مدا دە هات بۆ هەموو زیندا نەکان و ناوەندا نەی

ئەشکەنجەدان کە لەو کاتەدا بۆیان دەگوا سترامەوە،هەواڵی بۆم دەهێنا ودەبرد..بازنەی پەیوەندی ذێوان من و خێزانەکەم لە دەرەوەی زیندان بوو،تەنا نەت دوای ئەوەی من و هاوڕێ زیندانییەکانی تر بۆ زیندانی موسی ڕ لە (حلە) گوازرایەنەوە.. لەوێ مایەنەوە تا ئازادکردنمان لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی 1964، دوای کودەتای چاک سازی! عبدالسلام عارف دژی هاوپەیمانەکانی..!

## دووەم : چۆنیەتی کوژرانی

## محمد رەزا شیخ ڕازی

## فەرماندەی حەرەس قەومی لە نەجەف ؟

دوای چەندرۆژێك دەستبەسەرکراوانی کوفە بەشێوەیەکی زەلیلانە بۆزیندانی ئەمنی نەجەف گوازرانەوە،چەکدارانی حەرەس قەومی بەهەردولای دەروازەی زیندانی ئەمنی نەجەف دا ریزیان بەستبوو، تەنانەت لەکاتی سەرخستیان بۆ ناو ئەولۆریانەی بۆ گواستنەوەیان ئامادەکرابوو،جنێویان پێدەدان ولێدان و سوکایەتییان بەزیندانیان دەکرد،هەمووگوێزرانەوە بو زیندانی ئەمنی نەجەف ،لەوێ بینیمان خەڵکێکی زۆر لەبژاردەوە و رووناکبیرانی شاری نەجەف ،لەپزیشکان و ئەندازیاران و پارێزەران و پیاوانی ئاینی ناودار و نووسەران وشاعیران و مامۆستایان و خوێنکاران و بازرگانان و هەڵبژاردەی هەموو چین

---

سەرچاوە: موقع الحيوار المتمدن ـ مأساوية من جرائم الثامن من شباط الأسود..!! 2009/2/10

وتوێژەکانی لەوێن.. لەوانەی لەیادم ماون:

(الدكتور رضا عجينة والدكتورشاكر القطيفى والمحامى شاكر جريو والمحامى حميدالسكا فى والمحامى عبدالمنعم الصائغ والمحامى جواد عبدالحسين والدكتورخليل جميل والدكتورحميد الفضل والدكتور حسن عبرة والموضف الصحى كاظم معلة و المهندس سمير سارة والشاعر والاديب عبداللطيف اطيمش والحاجى صادق الصفار والأستاذ جواد الرفيعى والحاجى مهدى شلال التميمى و الأستاذ الاديب داود ملاسلمان .والحاجى عبدالرحيم الشمرتى وعبدالزهرة الشمرتى ومحمدعلى الشمرتى وعبداللة الشمرتى والاخ جبارابورزاق و الاستاذ نورى جريو والأستاذ اديب عجينة)زۆرکەسی تر دەبێ بمبوورن ئەگەر ناویانم لەیادنەماوە،هەر کە تاریك دادەهات...ئێوارە، پەیوەندیکەر (دالاش ئاسا!) دەهات بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لە ئێمە ببات بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەگای پاسەوانی نیشتمانی. هەندێکیان دەچوون و ناگەڕانەوە! لەنێویاندا ئەوانەی کە بە جلی خوێناوییەوە دەهێنرانەوە کە لەنێو خوێنی خۆیان دەتلانەوە و تەنها گوێت لە نالە نالەیان دەبوو، لە نێوانیاندا هی واش هەبوون کە بێ زیان دەگەڕانەوە، چونکە هەموو زانیاریەکانیان بەراست و بەدرۆ دابوو، بەشێکی تریش هەبوون بێ کێشەبوون، هیچ ئازار و ئەشکەنجە نەدەدران چونکە خزم و ناسیاو و هەلپەرستیان هەبوو..(واسیتە و لایەنگری و بەرتیل! هەروا روخان و درکاندنی نهێنی لەلایەن ئەوانەی ڕۆحیان لاوازبوو رووی دەدا.. ئێوارەیەك (قەلەرەشەکان!) لەگەڵ گروپێکی نائومێد لەچەکدارەکان بانگیان کردملەگەڵیان چووم ومنیان بردە بارەگای پاسەوانی نەتەوەیی

(حەرەس قەومی) لەوێ کارەسات بوو ،خەڵکم بینی شەلال لەخوێنی خۆیدا ،قۆلبەست بە پانکەی سەقفدا هەڵواسرابوو،ئەوان پاڵیان نام و منیش کەوتمە ناو ژێرزەمینێکەوە کە پڕ بوو لە ئاوی وەستاو و بۆگەن.. لەوێش لاشەی مرۆڤم بینی لە نێوان ژیان و مردندابوو، تەنها ناڵەناڵی لێەوە دهات، ئیتر هەردوو تاوانبار محمد رەزا شیخ رازی برای محسن شێخ رازی و مهدی الشرقی..بەنۆرە ئەشکەنجەیان دەدام، پێیان کووتم ئێمە نامانەوێت تۆ زانیاریمان لەسەر گروپەکەت بدەیتێ، چونکە هەمووان دانیان بە ئێوەدا ناوە و ئەمانە دانپێدانانەکانیانن سەبارەت بە چالاکی و بەرپرسیارێتی ئێوە لە نەجەف، بەڵام ئێمە ئەوزانیارییانەمان دەوێت کە ئەوان نایزانن، ئێوە بەرپرسیارێتی و ڕێکخستنتان هەیە لە کوفە و ئەبو سخیر و الحیرە. پێیانم گوت نەخێر من دوورم لەوشتانە، ئیتر تووشی ئەشکەنجە و لێدانی زۆر بووم، بە بەکارهێنانی لێدان و کێبڵ و دار و کارەبا. سێ شەو لەوێ ماینەوە بەبێ خواردن و خواردنەوە، جگە لە ڕشاندنی ئاو کە لە بۆرییەکی ئاوەوە بە مەبەستێ ئەشکەنجەدان دەکریەژێرمان، لەو ڕۆژە ساردوسەرمایەدا ئاوە رشێنشیان دەکردین، خوێنیش لە جەستەمەوە دەڕژا، چەندین شوینم شکابوو،وەك مل و پەراسووی چەپ و بڕبڕەی پشت، کە دواتر بە تیشکی ئێکس پشتڕاست کرایەوە.. بۆ بەیانی رۆژی سێیەم لەپرێکدا دەنگی جەنجاڵی چەك و جوڵەی پاسەوانی نەتەوەیی ڕوویدا، گوێمان لە دەنگێکی بەرز بوو: " محمد ڕەزا شێخ ڕازی کوژرا!" پاشان بێدەنگی زاڵ بوو، کەمێك ئیسراحەتم کرد، هاتن لە ژێرزەمینەکە هەڵیانگرتم و

فرێیاندامە ناوهۆڵی دەستبەسەرکراوەکان..لە کاتێکدا من ماندوو بووم و نەمدەتوانی بجولێم، هاوڕێ و ناسیاوەکانم کەلەوێ دا زیندانی بوون ، بە خێرایی دەستیان گرتم .. ئەوانیش نیگەران بوون بەو دۆخەی منی تێدا بووم، و برینەکانمیان بەستەوە و یارمەتیان دام جلەکانم بگۆڕم، هەروەهابارەگای حەرەس قەومی یان چۆل کرد و دەستگیرکراوەکانیان گواستەوە بۆ ناوەندێکی تری زیندانکردن، کەژێرزەمینێك بوو لە بینای نوێی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەجەف..ئەو زیندانە نوێیە ژێرزەمینێکی گەورەی تاریك بوو کە خۆر ناچووە ناویەوە وزۆر شێدار بوو. دوای گواستنەوەمان ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە ئەم تاوانبارە و گرووپێکی تری پاسەوانی نەتەوەیی لە لایەن بەرپرسانەوە بە ئەرکێك ڕەوانە کرابوون بۆ ڕاوەدوونانی گرووپێکی چەکداری کۆمۆنیست و سەرکردایەتییەکەی، کە خۆیان لە باخەکانی عەباسی لە نزیك کوفە حەشاردابوو.. چونکە ئەوان پێشتر لە هێرشی پاسەوانی نەتەوەیی ئاگادار دەبن، بۆسەیان بۆ دادەنێنەوە و ژمارەیەکیان لێ دەکوژن، لەنێویاندا فەرماندەی پاسەوانی حەرەس قەومی نەجەف، ئەو تاوانبارەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە،کۆمۆنیستەکانیش دەتوانن بەسەلامەتی و بەبێ زیان بکشێنەوە . لەگەڵ مردنی ئەو ئێمەیش لە مردن ڕزگارمان بوو.. شێوازەکانی لێپرسینەوە لەگەڵ دەستگیرکراوەکانی تر گۆڕانکارییان بەسەردا هات. *

* هەمان سەرچاوەی پێشوو

# سێیەم

## ئەو منداڵەی ناوی هادی بوو

## چۆن شەهید کرا؟

دوای ئەوەی گوازرایەنەوە بۆ ژێرزەمینە نوێیەکەی نەجەف، یەکێك لە گیراوەکان، خوالێخۆشبوو محمد حەیاوی، دوای ئەوەی بە چیرۆکەکەی زانی بوو، بۆی گێڕامەوە... وتی: ئایا ئەزانی منداڵێك بەناوی(هادی) و تەمەنی دوانزە بەهاربوو، لەبری دانپێدانان لە سەر خانەوادەکەی و ناسیاوەکانی بەهۆی توندی ئەو ئەشکەنجەیەی کە ڕوو بەڕووی دەبووەوە لەلایەن هەمان ئەو گروپەی کە تۆیان ئەشکەنجە دەدا، بە خۆکوشتن خۆی لە ئەشکەنجە ڕزگارکرد..

وتیشی، لەئەنجامی لیکۆڵینەوە دەرکەوت، ئەو منداڵە تەمەن 12 ساڵە، کوڕی ئەو جۆلایەبوو کە چاپخانەی حزبەکەی لە ماڵەکەی حەشاردا بوو، وە بەدەنگی ئامێری چنین ..دەنگی چاپخانەکەی شاردبووەوە، منداڵەکە بۆیەدەستگیرکرابوو، کەهێنابوویان بۆ بارەگای حەرەس قەومی.. سەری سوڕمابوو کەسی بەرپرسی چاپخانەکە، لەژێر فشاری ئەشکەنجەدا بوو، بۆیە لە بابەتەکە تێدەگات، و لێیان پرسیبوو: تۆ ئەم کەسە دەناسیت؟ لە وەڵامدا گووتی نەخێر ..نایناسم و پێشتر نەمبینیوە.. دەستیان کردبوو بە لێدان و ئەشکەنجەدانی، و داوایان لێکردبوو کە چاپخانەکەیان پیشان بدات و بۆ کوێیان گوازتۆتەوە، پێیان بڵا.. هەمووجار ڕەتیکردبووەوە کە ئاگاداری هەبێت ، بەو شێوەیە مابووەوە، ئەشکەنجەی دڕندانە،هەڵواسین

و بە ستنەوەی بۆڕی مـیزی بۆ چەندڕۆژێك و لە تەنیشتی ئەو كەسە هەڵواسرابوو كە لە ژێر زەحمەتی ئەشكەنجەی بەردەوام دا بوو، بەدەم ئازاری برینەكانیەوە و بە دەنگێكی نزم بە منداڵەكەی گووتبوو : "كوڕم، ئەگەر بەرگەی ئەشكەنجە ناگریت چییان دەوێت نیشانیان بدە!"

منداڵە كە بەهاوار جەلادەكانی بانگ كرد بوو: من بێنـنە خوارەوە.. هەرچیتان دەوێت پێتان دەڵێم.. بۆیە بە پەلە هێنابوویانە خوارەوە و ئاو و هەندێك خواردنیان بۆ هێنابوو، بۆ شەویش پێیان وتبوو بڕۆ..! بۆیە بردبوویان بۆ شوێنێك تر..دوای ئەوە داوای لێبوردنی كرد بوو گووتبووی: بەداخەوە ئێستا ناتوانم تەركیز بكەم، سبەی شوێنەكەتان پێ شان دەدەم! لـێی دەدەن ودەیگەڕێنـنەوە بۆ زیندان... چەند ڕۆژ و شەوێكی ئاوا تێپەڕا ندبوو، بەڵام بێ سوود بوو، دوای گەڕانەوە هەڕەشەی ئەشكەنجە و دەستدرێژی و... كوشتن لێی دەكەن، بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم، ئامێرەكانـیان ئا مادە كرد بوو بۆ ئەوەی كۆ تایی بەم ئە شكەنجەیە بهێنـێت، لە نـیوەی شەودا،ئەو ڕیشتا شییەی كە شاردبوویەوە دەری هێنابوو، لە قوڵ و مە چەكی خۆی دا بوو، خوێنبەرێكی لە مەچەك خۆی پچڕاندبوو،بۆ بەیانی زوو دۆزرایەوە كە لە خوێندا تلاوەتەوە و گیانی لەدەستداوە...

## چوارەم : پێکەنین و گریان
## حیکایەتە دڵتەزێنەکانی زیندانەکانی نەجەف وحلە

یە کەمیان، ئەوە یە کە لە زیندا نەکانی نە جەف دا هەر لە سەرەتاوە ئەوکە سایەتییە بەرێزو نا سراوەی شاری نە جەف لەگەڵما ندا بوو ، کەئە ندامی ئەنجو مەنی ئا شتی ( حاج صدیق الا سفار)بوو.. هەموومان دە مانزانی ئالوودەی نێرگەلە یە و خۆشەوی ستی خەڵك بوو، ئە گەر سەردانی ماڵە کەیت بکردا یە لە نە جەف، وەك مۆزەخا نەی جۆرە کانی نێرگەلە لە جیهاندا دەتبینی.. پیاوێکی دەوڵەمەند و بالاّ بەرز.. لە یەکەم ڕۆژی دە ستگیرکردنیدا، داوای لەبەرپر سانی ئەمنی کرد بوو کە ڕێ گەی پێ بدەن نێرگەلە کەی لە گەڵ خۆی بهێنێت ناوزیندان ، چونکە ناتوانێت دەستبەرداری بێت.. ئەوانیش ڕەتیان کردەوە.. ئە مەش وایکرد هەموو دە ستگیرکراوەکان، لە ژ یان بە سەربردنەکەیاندا، هاو سۆزی بوون... هاوڕێم جەبار پۆلیس ها تە لا مان .هە ندێك پارەم پ ێدا و داوام لێ کرد بەنهێنی مەسینەیەك و دەبەیەکی بچووکی پەنیری کرا فت و سۆندەیەکی لاستیکی درێژی یەك مەتری وهە ندێ خەڵوزو تووتنی شمان بۆ بهێنێت، یەکێك لە زیندانی یەکان بەو کەرە سەیە نێرگە لەی بۆ درو ستکرد و هەرکاتێك حاجی ئارەزووی بکردایە بەنهێنی و دوور لە چاوی پۆلیس و پیاوە ئەمنی یەکان دەیکێشا. لەناو دە ستگیرکراوەکاندا گەنجێك هەبوو، ئەویش گەنجترینی دە ستگیرکراوان بوو، ناوی عبدالله الا شمرتی بوو ، زۆر خۆشەویست بوو، لە حاجی نزیك بوو، هەمیشە گاڵتەی لەگەڵ

دەکرد و لێی دەپرسی ئایا هیوایەك هەیە بۆ ئازادبوون..؟

ئەویش ناوە ناوە لیستێکی دەخوێندەوە و ناوی حاجی تێدا نەبوو، دوای چەند هەفتە یەك، ئەم گاڵتەجاڕ یەی نێواذ یان گەیشتە ئا ستی دەمەقاڵە و بێزاری، حاجی صدیق شارەزا بوو لە ئاوازدانانی شیعری فۆلکلۆردا، وەك هەمیشە ویستی گاڵتە لەگەڵ گەنجە کە عبدوڵڵا بکات، کە خێزانەکەی بە "عەبلی" نازیان پێدابوو. و پێی گوت:

سبع نحرير يا وليدى عبالى .

و(كفشتك) لو اوجنا عبا لي .

ياربى ما تفك سجنة العبالى .

ويروح الوالدة بهذى المسيبة .

عبدوڵڵا زۆر پەست و تووڕە بوو لە حاجی صدیق و بیری لەوە کردەوە وەڵا می بدا تەوە، بەڵام نە یدەزانی شیعر بهۆنێتەوە، بۆ یە دە چێتە لای مامۆستای ئەدەبی و شاعیری بە ئەدەب و شەرمن عبد اللطیف ا تیمش و دوای لێدەکات هۆنراوەیەکی بۆ بنووسێت بۆ ئەوی جوابی شیعرەکەی حاجی صدیق السفار (ئەبو موسا)ی پێ بداتەوە، ئەویش قبوڵی دەکات و ئەڵێ برۆئەمەی پێی بڵێ:

يبوموسى المصائب جرت واسدت.

وعليك ولا قوائم بعد و صدت .

صرت تالى العمر بالعمر و سدة

وغرشتك بالبريك تصير هية.

ئەبو موسایش توڕە و دڵگران بوو لە عبد اللەتیف وهەموو لا یەك و دوای چەند ڕۆژێك ئازاد كران و تا ئێستا هیچ شتێك لە سەر حاجی صدیق نازانم، خودای گەورە تەمەنی درێژ بكات ئەگەر لە ژیاندا مابێت..

سەبارەت بە عبدوڵڵا، دۆستایەتیمان لەگەڵیدا تا ئەم كاتە بەردەوامە.

**دووەم یان**.. دوای جولا نەوەی قارە مانی شەهید حە سەن سریع و دۆسیەی بەناوبانگی شەمەندەفەری مەرگ، زۆر یێك لەوا نەی لە گەڵم بوون لە كوفە و نەجەف ئازاد كران، سەدان كە سی تریش ما نەوە، دەر بارەی منیش لێپرسراوی حەرس قەومییەكان لەنە جەف ئەوبرو سكەی دەدڕا ند كەبۆ ئازادكردنی باوكم لە فەرما ندەی سەربازی بە غداوە دەیهینا..جگە لەوانە هەوڵی زۆری تر بۆ ئازادكردنم لەلا یەن بژاردەو كە سایەتییەكانی نە جەف و كو فەوە هاو سۆزەكانی باوكم لەبە غدا هەر هەبوو، ئەوەبوو هەمووگوێزرای نەوە بۆ زیندانی حـ لە، كەگیشتینە ناوزیندانە كەبینیمان جمەی دێ لەزیندانیانی حلەو شارەكانی تر ئێ مەیان بردەهۆڵێك ناوی هۆڵی ا صلاح زرا عی بوو، لە باقی هۆڵەكان دابڕابووین، چەند دیواریك جیا مانی دە كردەوە، پەیوە ندیمان نەبوو، مە گەر لەرێی ئەوا نەوە خواردنیان بۆ دەهێناین،یا رۆژانی دیدار یا لە دیوارمان دەدا..

كاتێك یەكەمجار كەچووینە ناو زیندان كارەساتمان بینی. زیندانییەكانی حـ لە لە خراپترین حاڵە تدا بوون ، ئاودە ست و حەما مەكانیان پێ پاكدەكردنەوەوئاوی پیسیان بە تانكی و بەرمیلی بچووك پێدەكێشان ، سەریان تاشیبوون لە لایەن پۆلیس و پا سەوانی نیشتمانی زیندانە كەوە سووكایەتییان پێدەكرا، تا ئێ ستاش لەبیر مە كە ئیدارەی زیندانە كە

هەندێك لە كۆچەرییە خراپەكانی حلەیان بەكرێ دەگرت و لەگۆشەیەكی ناوەوەی زیندانە كە دایا ندەنان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ێك بەبڵ ندگۆی دە ستی جذ ێو و سوكایەتی بە زیندانیانی(حـ لە) دەكردوجنێو یان بەكە سایەتی وەك شیخ حـ سین كر كوش وا ستاذ الما شیطة وكە سیەتیە دیارە كانی شۆڕ شی تەمووز و شیوعیەكان دەدا.. وەك لە ذ ێو ئەو زیندانیا نەدا دكـ تۆر و ئە ندازیار و پارێزەر و پرۆفیـ سۆری بەڕێز و هونەرمە ند و نوو سەر و شاعیری ناودار و مامۆ ستا و بازر گان و... خوێندكاران و هەموو چین و توێژە باشەكانی كۆمەڵگا هەبوون.

ڕۆژان تێ پەڕی و لێ ستی ئازادكردن دە ستی پێ كرد و ئەوانی تریش گوازرا نەوە بۆ زیندا نەكانی تر، بەڵام هێ شتا قەیرانێك هەبوو لە دۆزی نەوەی شوێنێك بۆ خەوتنی زینداني یەكان، تەنا نەت ئە گەر ڕێكخ ستنی رایە خەكانی خەوتنیش وەك قو توكردنی ما سی یش بێت!

لە هۆڵی چاكسازی كشتوكاڵیدا جگە لە من هیچ پزیشكێك نەمابوو، بۆیە بەرپرسی زیندانەكە منی ڕاسپارد كە ببم بە پزیشكی زیندان بۆ حاڵە تە فریاگوزاریەكان و لێرەدا چەندین حیكایەتی دڵتەزێن و كۆمیدی و گریان ڕوویاندا و ئەوان میهرەبانترین بوون:

لە نیوەی شەوێكدا بەرپرسی هۆڵەكە، مامۆستاجەواد الرفیعی خوای گەورە خێری بنووسێ، هاتە لام و داوای لێكردم یارمەتی زیندانییەك بدەم كە بەدەست ئازاری سكی وسكچوونی توندەوە دەناڵێنێت، بۆیە چوومە لای و وتی دەمەوێت یەكسەر بچمە ئاودەست ! بە بەرپرسەكەم

**گوت، لە ئێستادا دەرمانەکە سوودی چییە، بەو پێیەی دەرمانەکە پێویستی بە ماوەیەك هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، گرنگ لە ئێستادا ئەوەیە کە دەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان فشار بخەنە سەر پاسەوانانی زیندانەکە بۆ ئەوەی ئەو دەرگایانە بکەنەوە کە دەچنە ئاودەستەکان و ڕێگەدان بەو کەسە هەژارەکان سکیان بەتاڵ بکەنەوە، بۆیە وتی:**

**ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد و دەرگاکان نەکرانەوە، کەواتە چی بکەین؟ پێم گوت بەشێك لە زیندانییە خەوتووەکان لە یەکێك لە گۆشەکاندا بەخەبەر بێنە و زبڵدانێك دابنێ و بە بەتانی دایبپۆشە! بۆیە ئەو کارەیان کرد و کۆمەڵێك کەسیان لە یەکێك لە گۆشەکانەوە بەئاگا هێنایەوە وپەنایەکیان دروستکرد و دەستەیەك ڕاسپێردرا کە بەتانییەکان ڕابگرن تا کۆتایی پێویستییەکە تەواو بوو، تا تەواو دەبوو هەمووان لێیان دەپرسی:**

**ئەرێ ( تەواوبوویت ؟) هەر کە پیاوە هەژارەکە وەڵامی بەڵێی دەدایەوە، بەتانییەکانیان هەڵدەگرت و بۆیان دەردەکەوت کە شوێنەکەی نەپێکاوە! ئەوەی کە کردوویەتی لە دەرەوەی تانکیەکە بووە! کاك جەواد الرفیعی بە تووڕەییەوە بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد(هاوڕێ ، ئێمە دەزانین بارودۆخەکە چەوتە، بەڵام ئەوەی تۆبۆ چەوتە..؟وەرە پێم بڵا کێ پاکی بکاتەوە،هەڤاڵانت لە کوێ بخەون؟**

## پێنجەم : ڕێکەوتێکی باش بوو..
## موعجیزە ڕوویدا!

دایکی خوالێخۆشبووم و خانەوادەکەم هەموویان نائومێد و بێزار بوون لە پرسی ئازادکردنم سەرەڕای هەوڵە زۆرەکانی هەمووان، هاوڕێیەکی هەبوو دایك علی هاوسەری حاجی عبدالرحیم الشمرتی(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ئامۆژگاری کردبوو بە بیروباوەڕێکی نەجەفییانە... پێکەوە بە پێی پەتی بچن بۆ سەردانی مەزارگەی ئیمام حسێن و عەباس لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1963(دایکە ڕازی دەبێت، لەبەر ڕێزگرتن لە ئیمامە پاکەکان و بۆ پێزانینی بیرۆکەی هاوڕێ ئازیزەکەی ام علی، بۆ ئەوەی بەمراز بگات) بۆیە دەڕۆن وئەم سەردانە دەکەن، وە بەڵێن بە ئیمامەکان دەدەن لەئەگەری وەڵامدانەوەی سکاڵاکەیان، قوربانیەك لەخۆبگرن ولەوێ سەری ببڕن..مجێورە(شاراوە)کە داوایان لێ دەکات لە حەرەمی دوو مەزارگەدا داواکارییەك بنووسن کە سکاڵاکەیانی تێدابێت، ئەوانیش داواکارییەکەیان لە پەنجەرەی مەزاری امام عباس (ر.خ) فڕێدەدەنە ژوورەوە،مجێورەکە پێیان دەڵێ:

(تەنها مانگێك مۆڵەت بدەن بە حەزرەتی عەباس..) ڕێکەوت وادێنێ، دوای نزیکەی مانگێك، لەناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەردا،عبدالسلام عارف هەڵدەستێ بەکودەتا وهاوپەیمانە بەعسییەکانی و پاسەوانی نیشتمانی دەڕووخێنێت.. بۆیە شتەکان زۆر گۆڕا، دوای چەند هەفتەیەك دەروی

**شادی کرایەوە و زۆربەی دەستگیرکراوەکان بە کەفالەت ئازاد کران و لەگەڵ کەسانی دیکە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا . دوای چەند مانگێك زانیمان تاوانبارەکەی تر بە ناوی مەهدی الشرقی، فەرماندەی پاسەوانی نیشتیمانی لەو کاتەدا لە نەجەف، لەناکاو بینایی لەدەستداوە و کوێر بووە! تا ئێستا هیچ لە هەواڵی نازانم... بەڵام دوای ئەوەی ئازاد بووم، ناچار بووم باجی قوربانییەکە بدەم بە دایك و ام علی بۆ جێبەجێکردنی نەزرەکەبۆ ئەودووئیمامە (ر.خ) لە کەربەلا لەپای وەڵامدانەوەیان و گیرابوونی پاڕانەوەکەیان..**

## شەشەم."ئەگەر تۆ لە شوێنی من بوویتایە، ئەتگووت من لینینم !"

**لەشاری حلە کەسێکی سادە ودڵسۆز (شووتی فرۆش)بوو، لەبازاڕی حلە دەستگیرکرا و بردیانە بارەگای پاسەوانی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە.. خەتای ئەو ئەوە بوو کە لە ڕۆژانی دادگایی کردنی خوالێخۆشبووان عبدالكريم قاسم و المهداوی دا(ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، هەمیشە لە بازاڕدا بە دەنگی بەرز هاواری کردبوو (اجاهم ابوالعباس) بەوهۆیەوە زۆر ڕقیان لێی بوو، بۆیە دەستیان کرد بە ئەشکەنجەدانی بە توندی و بە ڕێگەی جۆراوجۆر، داوای دانپێدانیان لێدەکرد.. بەڵام ئەو پیاوە هەژارە هیچ پەیوەندییەکی بە هیچ ڕێکخراوێکی حزبییەوە نەبوو، جگە لەوەی عبدالكريم قاسم و پیاوانی شۆڕشی خۆشدەویست، بۆیە بەرگەی دڕندەیی ئەشکەنجەی نەدەگرت.ڕۆژێك پێی گوتن،من دان بەتاوانەکەمدا**

دەنێم، بۆیە ئەشکەنجەیان لیٚ لابرد و خواردن و ئاو و چایان بۆ هێنا و ئەویش لە کاتی تۆمارکردنی قسەکانیدا گووتی: من ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیم و(دەستی کردبە هێنانی ناوەناسراوەکانی ئەوکات) و لەگەڵ عامر عبدولاٌ و سەلام عادل و زەکی خەیری و عەزیز الحاج و جەمال حەیدەری وعبدلقادر اسماعیل و..هتد کۆدەبووینەوە؟

پێیان گوت: "لە کویٚ کۆدەبیتەوە؟"، وتی: "لە ماڵەکەمان لە حلە... هەروەها زانیاری گشتی ئەو شتانەی پێدان کە لە ڕۆژنامەکان و میدیای ڕۆژانەدا بلاٌودەکرانەوە،ئەوانیش ناچاریان کرد کە ئەو قسانەی واژۆ بکات ، پاشان گەراندیانەوە بۆ زیندان،مایەوە هەتا کودەتاکەی عبدالسلام عارف دژی بەعس وحەرەس قەومی،دواتر بڕیاردرا بەدواداچوون لەگەڵ ئەو کەسانەی لە زیندانەکاندا ماونەتەوە بکرێت، بۆیە بە ڕێکەوت لێپرسینەوەکە لەبەردەم یەکێك لەو لیژنانەدا دەبێت کە یەکێك لە خزمەکانی سەرۆکایەتی دەکات، کەباشی دەناسی و دەیزانی هیچ پەیوەندییەکی سیاسی بە هیچ لایەنێکەوە نییە، دەڵیٚ:ئەوەتۆ بۆ وات لەخۆت کردووە؟(ئەم ئیفادانە چییە کەتۆ بۆخۆت دروستت کردووە؟) ئەویش لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە دا پێی دەڵیٚ:

(گوێم لیٚ بگرە..!سوێند بەخوای گەورە تۆ لەشوێن من بوویتایە، ئەو ئەشکەنجەیەت ببینیایە، ئەتگوت من لێنینم)بۆیە بڕیاردرائازادی بکەن و دەرگایان بۆ والاٌ کرد.؟

## حەوتەم : کەسێکی خۆیان
## لە(قصرالنهایە)شایەتحاڵ بوو!

ساڵان تێپەڕین .. لە ساڵی 1967 لە حزبی شیوعییەوە لەعمارە وە پەیامم پێگەیشت کەژیانی یەکێك لەپزیشکانی عیمارە لەمەترسیدا بوو، پلانێك هەبوو بۆ تەسفیەکردنی ،چونکە لە دژی حزبی بەعسی عێراق و بۆ بەعسی سوری کاری دەکرد.. بۆیە رایان سپاردم ئاگاداری بکەمەوە وریای خۆی بێت.. ئامادەیی یارمەتیدان و پاراستنیشیان نیشان دا .. لەپەیامەکە ئاگادارم کردەوە..سوپاسگوزارم بوو،پاشان پەیوەندیم لەگەڵیدا پتەوتر بوو..دەستی کردبە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی و هۆکاری هەڵوێستە سیاسییە نوێیەکانی، هەرچەندە دوای ساڵانێك بەچاری گەڕایەوە ناوحزبی بەعس وبەرلەچەندساڵێك کۆچی دوایی کرد. ئەو لەو کاتەدا پێی وتم: لە دوای هەشتی شوبات کە ئەرکی پزیشکی (قصرالنهایە)م پێ سپێردرابوو.. ناچار بووم ئەو کارەبکەم هەرچەند پێم خۆش نەبوو،سەرسام بووم بەبینینی ئازاروئەشکەنجەی شیوعییەکان و ئەوئەشکەنجەیەی لە قصرالنهایە لەگەڵیان دەکرا..

پێم گووت: پێم بڵێ لەوانە کێت بینی..؟

گووتی: شەوی 2/1ی مانگی سێی ساڵی 1963 لە قەسری نیهایە دکتۆری ئێشکگر بووم ، ڕێکەت وابوو دیمەنێکی سامناك و ترسناك ببم! ئەوەبوو چوومە ناو یەکێك لەهۆڵەکانەوە..بینیم کەسێك بە یەکێك لە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو، بەخوێنی تەڕبووبوو، لە هەموو شوێنێکەوە

**خوێن فیشقەی دەکرد ، گۆشت لە جەستەی بڕابوو، لە کاتێکدا هێشتا بە هۆش و زیندوو بوو، بەدەم ئازارەکانیەوە ناڵەناڵی بوو، بەڵام ماندوێتی لەڕادەبەدەر لەسەر سیمای دیار بوو، پرسیم ئەم کەسە کێیە؟گوتیان: ئەوە حسین الرضي(سەلام عادل)سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراقە. لەوکاتەدا کەمن سەرسام ودڵگیربووم بۆی..لە هەمان کاتدا ئازارم هەبوو، یەکێك لە دەرگاکان کرایەوە و کەسێکی تر هێنرایە ژوورەوە، هەموو لاشەی خوێناوی بوو، نزیك بوو لە بێهۆش بوون، زۆر ماندوو بووم و حاڵی نابووم لەوەی کە دەیڵێت،نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت ، لەبەردەم (سلام عادل) دا راینگرت..نەمدەزانی کێیە تا دوای ئەوەی گوێم لە(سلام عادل)بووگووتی:(حظ سعيد!حسن) لەدەستیان کەوتەخوارەوە و یەکسەر گیانی سپارد..!پاشان زانیم ئەوکەسە سەرکردەی شیوعی (حەسەن عەوێنە)بوو..لە درێژەی گێڕانەوەکەدا پێی گووتم: بەوشێوەیە شەوی1963/3/2/1مردنی دوو سەرکردەی باڵای شیوعیم تۆمارکرد.**

**تێبینی: ئەم بابەتە پێشتر لە زۆربەی ماڵپەڕە عێراقییەکان و بەشێك لە ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە و ئەمڕۆش بە چەند پێداچوونەوەیەکەوە بڵاوی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لەبیری نەکەین، ئەو هەزاران تاوانە ترسناکە کە لە کاتی کودەتا ڕەشەکەی مانگی شوبات و دوای کودەتای ڕەشی مانگی شوبات دژی باشترینی گەلی عێراق و هێزە نیشتمانییەکانیان. ئەنجام دراون.**

سەرچاوە: موقع الحيوار المتمدن ـ مأساوية من جرائم الثامن من شباط الأسود..!! 2009/2/10

# وینەیەکی مام جەلال
# لەگەڵ فوئاد عارف و وەفدی هاوڕێی لەقاهیرە




**ساڵی 1963 هۆڵی خولد لە بەغدا**

**دانیشتوان : مام جەلال ، سەیدا صالح یوسفی، عەگید بارزانی.**

**پشتەوە: حسن بەگی جاف،دڵخواز اکرم جمیل بەگی جاف و کۆمەڵێك کچە کوردی بەغدا ، لەو ساڵەدا مام جەلال سەرۆکایەتی وەفدێکی کرد بۆ وتووێژ لە گەڵ رژێمی سەلام عارف ، لەوێوە خۆی و فوئاد عارف لە گەڵ وەفدێکی میللی دەرۆن بۆ قاهیرە، تا عبدالنا صر ببینن ولە جەزائیر یش لە گەڵ (ئە حمەد بن بیللا) دادەنیشن و رژێ میش لە بە غدا جێ گری سەرۆکی شاندەکە سەیدا صالح یوسفی و ئەندامانی وەفدەکە لە زیندان توونددەکات وجۆرەها ئازاریان پێدەگەیانێت.**

* سەرچاوە: قەیس قەرەداغی/2020/8 فیسبوك

## تاوانبار عبداسلام عارف لەدوای حەرەس قەومی درێژەی بە تاوانی جینۆساید و تالان و سوتانی کوردستان دا تەنانەت بابوقەی ئابووری توندی خستبووە سەر کوردستان



**عبدالسلام عارف لە نێو فڕۆکەدا بە خۆشییەوە**

**هەواڵی سەرکوت کردنی کورد دەخوێنێتەوە**

**جریدە الجمهوریە :**

**الرئیس عارف یتفقد القطعات علی قمم جبل سفین**

**نهایة المتمردین في الشمال**




**بەرگی ژمارە (3) ی گۆڤاری الحرس القومی ئەیلولی 1963**



# کەوتنی فڕۆکەکەی عبدالسلام عارف

بەهۆی دڕندەیی وتاوانە زۆرەکانی عبدالسلام عارف و حەرەس قەومی بەشی زۆری خەڵکی ساڵەیی وشێخ بزێنی لەزێی بچووك پەڕیبوونەوە و لە گوندەکانی ئەودەڤەرە گیرسابوونەوە،بەهۆی ئابڵوقەی ئابووری ژیان و گوزەرانی خەڵك زۆرخراپ بوو،ئازووقەوشەکر وچا هەرپەیدا نەدەبوو. ئێمە لەگوندی(سێکانی)بووین،ماڵمان لەخانووی پیرەمێرد وپیرەژنێك بوو ناویان(مام عبداللە)و (میم مریەم)بوو،رادێویەکی گەورەیان هەبوو، زۆر ئولفەتم پێی دابوو، زۆربەی کاتەکان هەر لە لای من بوو، چێشتەنگاوی رۆژی1966/4/14بوو،بەیانی رادیۆی بەغدام کردەوە،قورئانی دەخوێند، خستمە(صوت الجماهیر)و(عەرەبی بغداد) ئەوانیش هەرقورئانیان پەخش دەکردەوە..دڵم خەبەری دا.. چاوەڕوانی هەواڵێکم دەکرد..ئاگاداری بڵاوکردەوە کە (بەپێی هەواڵە سەرەتاییەکان فڕۆکەکەی سەرۆك کۆماری کەوتۆتە خوارەوە..) ردیۆکەم هەڵگرت و هەربەغار خۆم کرد بەحەوشەی مزگەوتەکەدا...مناقەشەبوو لەسەر ئەوەی عبدالسلام عارف گوتبووی (سەربۆمن و ماڵ بۆئێوە..) خوالێخۆشبوو باوکم گوتبووی:

**بخەون بێ خەم وخەیار..خودایەکە ودەرگا هەزار)(خوا لەسوڵتان محمود گەورەترە..)رادیۆکەم لەسەر سەکۆی مزگەوتەکە دانا..هاوارم کرد: ((مژدە..مژدە..)) هەموو کۆبوونەوە،بەکاك (حسیب صدرە)م گووت:**

**وەك لە هەواڵەکە حاڵی بووبێتم عبدالسلام عارف فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکەی لەخوارووی عێراق بەربۆتەوە....خامۆشی باڵی بەسەرهەمواندا کێشا، چاوەڕوانی (صدق اللة العظیم)مان دەکرد...**

**زۆری پێ نەچوو، قورئانخوێندنەوە راگیرا.. بەیاننامە خوێندرایەوە و کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەی و سوتانی خۆی وچەند بەرپرس و وەزیروگزیرێك بلاوکرایەوە،ئای کەچ هەواڵێکی خۆش بوو،بووبەبەزم و سەیران و هەڵهەڵە لێدان، فەرماندە (شێخ حسیب قەرەدەرە) تازە مەلامستەفابارزانی کلاشینکۆفێکی نوێی بەدیاری پێشکەش کردبوو، میلی لێراکێشایەوە،دوومەخزەن فیشەکی کردبەئاسماندا،لەگوندەکانی دەوروبەریش بوو بە هاڕە..سەر سەعات (صوت الجماهیر) گوتی:**

توفي الرئيس عبد السلام عارف إثرسقوط المروحية السوفيتية الصنع من طراز ميل موسكو في ظروف غامضة، والتي كان يستقلها هو وبعض وزراءه ومرافقيه بين القرنة والبصرة مساء يوم 13 نيسان/أبريل 1966م، خلال زيارة تفقدية لألوية (محافظات) الجنوب للوقوف على خطط الإعمار وكذلك حل مشكلة المتسللين الإيرانيين.

• المصدر: موقع سانا الالكترونى : www.sana.sy



البلاد

وفاة الرئيس عارف

وفاة الرئيس العراقي عبد السلام عارف في حادث طائرة

الفيصل يعزي البلاد في وفاة

تعديل المادة ١٤ من نظام الضمان الاجتماعي

# مانشێتی ڕۆژنامەی البلاد

## هەواڵی کۆچی دوایی عبدالسلام عارف بوو




## بەشداری کردن لە کۆنفرانسی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی لە لاهای

ساڵی2015 بەشداری کۆنفرانسی(قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی)مان کرد، چالاکانە تاوانەکانی کیمیابارانکردنی کوردستانمان گەیاند، بەتایبەت دەربارەی کیمیابارانی(گۆپتەپە وعەسکەر) و ئەنفالی چوار و قڕکردنی گوندی (جەلەمۆرد) پەیامی خۆمان گەیاند،ئێمە لەبەر ئەوەی کوردستان دەوڵەت نەبوو،بە فەرمی ئەندام نەبووین،بەڵام رازیمان کردن وەك چاودێر بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکە ببین، بەنووسراو پەیامەکانمان بەلیژنەی باڵا گەیاند، نوێنەری نزیکەی (200) وڵات بەشداربوون، زیاتر لە 150 کتیب و (CD)مان دابەش کرد، چەندین چالاکیمان لەبارەی ناساندنی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان ئەنجامدا. هەربۆیە..لەساڵی1918بۆ کۆنفرانسی (دادگای تاوانی نێودەوڵەتی) بانگهێشتکراین،بەرلە گەیشتنمان لە تورکیا لەپێدانی فیزا بەئەنقەست دوایان خستین، بۆئەوەی بەتەواوی فریا نەکەوین.. بەگەیشتنمان بەهۆڵەندا پێش لێدانی مۆری داخل بوون، دیسان کێشەیان بۆ دروستکردین، لەوێش پێناسەی پەرلەمانتاری فریامان کەوت، دوای گفتووگۆلەگەڵ ئەفسەری پەیوەندیدار بەداوای لێبووردنەوە لە دەرگایەکی تایبەتەوە بەڕێیان کردین..ئێمە بەر لەوەی بچینە کۆنفرانسەکە ئەو راستییەمان دەزانی ئەودادگایە،نەتاوانبارانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران..نە تاوانبارنی جینۆسایدی فەیلی و

**بارزانییەکان بانگ دەکات بۆلێپرسینەوە وسزادانیان..نە لەهیچ تاوانێك دەپێچێتەوە...کە بەر لە دروستبوونی دادگاکە لەساڵی(2002)ئەنجام درابێت..بەڵام لەدرێژەی رۆژانی ئامادەبوونماندا.. لەگەڵ هاوڕێکانم دا بەشداری چەند کۆبوونەوەی لیژنەو وگروپمان کرد..لەیەکێك لەوکۆبوونەوانەدا بەندە بەکورت وبەپوختی باسم لەتاوانەکانی ساڵی 1963ی حەرەس قەومی کرد،پێمگوتن:ئێمەدەزانین ئەم دادگایە بەپێی پیرەوی خۆی کاردەکات، دەزانین دەرهەق بەتاوانبارانی ئەنجامدەری هەرتاوانێك کەپێش2002 ئەنجام درابێت..هیچ لێپرسینەوەیەك ناکات.. بەڵام ئێمە مەبەستمان لە باسکردنی تاوانەکانی حەرەس قەوی و جینۆسایدی فەیلی وئێزیدی وبارزانییەکان وئێزیدی وئەنفال وکیمیاباران..ئەوەیە پێتان بڵێین: کۆمەڵگەی نێودەولەتی چەندین وڵات کە گوایە داکۆکی لەمافی مرۆڤ دەکەن ..خۆیان یاهاوکاربوون بۆ هاتنە دەسەڵاتی ئەورژێمە دیکتاتۆرانە یا لانی کەم کەمتەرخەم بوون لەرێگری کردن لەتاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی کورد..ئەگەر لە دوای تاوانی حەرەس قەومییەکان بەربەستێك بۆجینۆسایدی فەیلییەکان دابنرابایە..تاوانەکانی جینۆسایدکردنی بارزانی یەکان و ئەنفال و کیمیاباران وکۆمەڵکوژی ئێزیدییەکانی بەدوادا نەدەهات..نەهاتووین تەنیا برینی خۆمان بکولێنینەوە، رابردووتان وەبیر بێنینەوە، هاتووین بە(دادگای تاوانی نێودەوڵەتی)،بەئیوە بڵێین:بەسە .. بەسە.. لەوە زیاتر جینۆسایدکردن و قڕکردنی نەتەوەیەك..! لێرەبەولاوە دەبێت بە چەوسێنەران و کاربەدەستانی شۆڤینی بڵێن: ستۆپ.**

# ئەنجام

**کتێبی ئاگروخوێن بەری ڕەنجی ماندووبوونی چەندین ساڵە لە تەمەنم، بیرەوەری ڕووداوەکانی(ساڵ حەرەس قەومی) ئۆقرەیان لیَ بڕیبووم. بەرلەئەنفال بەشێك لە تاوانەکانی حەرەس قەومی (سنووری کەرکوك)م یاداشت کردبوو.. بەداخەوە لەگەڵ ماڵ و کتێبخانەکەمدا..ئەنفالکران. مەبەستم بوو توێژینەوەیەك لەسەر تاوانەکانی حەرەس قەومی وەك یەکەم پرۆسەی جینۆساید.. لەدوای 14ی تەموزی 1958 بنووسمەوە. دەرئەنجام لە دەروازەیەك و دە بەشدا. ئەو ڕووداوانەم شەن وکەوکرد، لەشەڕی11ی ئەیلولی 1961ی دەربەند و کفتوگۆی نێوان شۆڕش و میرییەوە دەستم پێکرد،پاشان بەکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی کودەتای 1963/2/8و دروستبوونی (حەرەس قەومی) و تاوانەکانی نۆمانگی دەسەڵاتی بەعس لە خواروو و ناوەڕاستی عیراق و هێرش بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و دەوروبەری کەرکوك و مەخموور بەتایبەتی وتاڵان و فەرهوود وکوشتنی خەڵکی بێتاوان و داگیرکردنی زەوی وگوندوشاروناوچە..بەمەبەستی بەعەرەبکردن و پاکتاوی نەژادی.. بابەتەکەم دەوڵەمەندترکرد..ئەمانە و چەندین تراژیدیای ترم هێناوە و بەپشت بەستن بەدەیان سەرچاوە لە کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ئەرشیفی گەورەی گۆگل وتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ودیدار و پەیوەندی جۆراو جۆر..ئەم بەرهەمە هاتۆتەدی.**

**مەلا شاخی**

## نووسەر لەچەند دێڕێکدا :

* ابوبکرمحمدحاجی ناسراوبە (مەلاشاخی)

* ساڵی: 1953 لەگوندی بیرەسپان ـ پردێ ـ کەرکوك لەدایك بووە

* بەشداری (شۆڕشی ئەیلول)ی کردوە.

* لە (1975) ەوەکادروپێشمەرگەی (ی.ن.ك) بووە.

* ئەندامی یەکەمین (پەرلەمانی کوردستان)ی بووە.

* ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد) ە.

* ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرولێپرسراوی بەشی ئەدەبی (کۆڕی رۆشنبیری لاوانی کورد) بووە لەشاری (نەغەدە).

* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کرمانج) بووە.

* لەدامەزرێنەرانی بنکەی (شەهیدرێباز) و بەرێوەبەری نووسینی گۆڤاری (شەهید)بووە.

* یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری (کەرکوك) بووە.

* سکرتێری رۆشنبیری(کۆمەڵەی روناکبیری وکۆمەلأیەتی کەرکوك)بووە.

* ئەندامی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان )ە.

* ئەندامی (یەکێتیی زانایانی ئاینی کوردستان) بووە.

*خەلأتی رێزوپێزانینی (مام جەلال)ی بۆنووسەرانی شاخ پێدراوە.

* نوێنەری مام جلال بووە لەکەرکوك .

* سەرۆکی لقی کەرکوکی(یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان)بوو.

* ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان)ە.

## بەرهەمە بلاْوکرا وەکانی نووسەر

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1ـ داستانی ئاوارە یی | شعر | | 1989 |
| 2ـ هۆرەی چیا | شیعر | | 1991 |
| 3ـ سوتەن ( دەربارەی مافی مرۆڤـ ) | | | 1992 |
| 4ـ ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر | | 1998 |
| 5ـ شیوەنێك بۆرەندی خان ( شیعر ) | | | 1999 |
| 6ـ ئەنفالی خالْخالاْن | | | 2000 |
| 7ـ ڕا پەڕین ورزگارکردنی کەرکوك | | چا پی یەکەم | 2000 |
| 8 ـ فیدرالی لەنێوان لکاندن وجیابوونەوەدا | | | 2001 |
| 9 ـ أنفال خالخالان | | چا پی عەرەبی | 2006 |
| 10ـ Anfal.of.Khalkhalan | | چا پی ئینگلیزی | 2006 |
| 11ـ ئەنفالی ڕەش | | | 2007 |
| 12 ـ دڵسۆزی کەرکوك | | | 2007 |
| 13 ـ دیوانی شاخی | | | 2009 |
| 14ـ ئەنفالی چوار لەدادگای بالاْی تاوانەکان | | | 2010 |
| 15ـ را پەڕین و رزگاری کەرکوك | | چا پی دووەم | 2012 |
| 16ـ کەشکۆڵی شاخی | | چا پی یەکەم | 2012 |
| 17ـ مانگ و خۆر و حەوتەوانە | | چا پی یەکەم | 2017 |
| 18ـ جوامێری | | چا پی یەکەم | 2019 |
| 19ـ گریانی شەو | | شیعر | 2020 |
| 20 ـ پارتیزانەکانی دوای ئەنفال | | دووبەرگ | 2020 |
| 21 ـ ئاگر و خوێن | | چاپی یەکەم | 2023 |

# سەرچاوەکان

**جگە لە سەرچاوە بەنرخەکەی https://www.google.iq/**
**لەرێی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سەدان دیدار و پەیوەندی بەسوپاسەوە**
**لەم سەرچاوانەی خوارەوەیش سوودم وەرگرتووە:**


1 ـ دەوڵەتی خوارووی کوردستان / محمد رسولْ هاوار ـ چاپی لەندەن

2 ـ فائز الخفاجی ـ الحرس القومی و دوره الدموی فی العراق

3 ـ المنحرفون من الحرس القومی ـ اعداد وتقدیم فائز الخفاجی ـ دار السطور

4 ـ هێرشی حەرەس قەومی بۆ کۆیەو دەوروبەری د.جەمال فتح الله

5 ـ یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکەی شێخ محموود

6 ـ کوردستانی نوێ / مەریوان مەسعود / 28 / 5 / 2022

7 ـ مذکرات تحسین معلة ـ من الذاکرة ـ الصباح الجدیدة العدد 2494 9 2 2013

8 ـ مجله الحرس القومی / العدد 1 /السنه الاولی 15 ـ تموز ـ 1963 ص 7

9 ـ صحیفه الجماهیر : العدد 1 ـ 1963/2/13

10 ـ شرۆڤەی ڕووداوەمێژووییەکان ـ د. ئەحمەد شەریف لەك

11 ـ ویکیپیدیا (الموسوعه الحره) https://ar.wikipedia.org

12 ـ الحوار المتمدن 8 شباط 1963 الالجریمة التي لاتغتفر / علی رضا

13 ـ جریدة الزمان. لندن. في 9 / 4 / 199

14 ـ صحیفة لحیاة اللبنانیة ـ 9 / 2 / 2004

15 ـ الموردنیوز ـ هادی حسن علیوی 11 / 2 / 2021

16 ـ دڕندەیی بەعسییەکان ـ بکرتەیفور ـ چاپخانەی ئازادی 2013

17 ـ عراق الیوم ملف خاص https://iraqtoday.com/news

18 ـ کورتەیەك لەمێژووی 14ی تەمموز ڕێگای کوردستان2015/7/13

19 ـ عراق الیوم ملف خاص الکاتب هادي حسن علیوي 17 فبرایر، 2020

20 ـ کوردیپیدیا ـ هاوڕێ باخەوان.

# ئەلبوومی وێنەکان



شەهید مەعروف  بەرزنجی

لەگەڵ (27) هاوڕێی  لەساڵی 1963

لەکەرکوك لەسێدارە دران

## بەشی دەیەم



عناصر الحرس القومي في أحد شوارع بغداد

## میلشیاچەکدارەکانی حەرەس قەومی

## لەیەکێك لەشەقامەکانی بەغدا



السجينات السياسيات في سجن بغداد المركزي باب المعظم ١٩٦٣ في أيام الحرس القومي

ژنانی سیاسی لەزیندانی بەغدالەسەردەمی حەرەس قەومی



**چەکدارێکی حەرەس قەومی**





**حەرەس قەومی لەکاتی کۆنترۆڵکردنی شەقامەکان**

## ێنەی چەند پێشمەرگەیەکی دووبزی

### لەشەڕی حەرس قەومی بەرگرییان کردووە:



شەهید مەولوود قەرەدەرەیی



ڕاوەستاوەکان لای ڕاستەوە:

شەهید غازی محمد حسێن ـ محمد کوێخا سعید محمد کریم قادر قوشقایە

دانیشوەکان یادیان بەخێر لای ڕاستەوە

ڕەحمان سەلام ــ ئەحمەد محمد حسین ــ عمر جەبار عارەب

## ئێمە نووسەرانی جینۆساید و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی

**ساڵی 2015 ئامادەبووین لە کۆنگرەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی**

**تاوانەکانی: حەرەس قەومی و ئەنفال و کیمیاباران و داعش و**

**هەمووتاوانەکانی دی کە لەکوردستان کراون و دەکرین،**

**گەیاندە نوێنەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە لاهای**








**سالۆنی هۆڵی کۆنگرەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی**
**لاهای 2015 ـ خۆئامادەکردن بۆ دانانی تاجەگوڵینە**
**لەسەر پەیکەری عمر خاوەر**



**له وڵاتی هۆڵەند**

# ئامادە سازی بۆ دابەشکردنی کتێبی ئنفال
# بەزمانەکانی کوردی عەرەبی ئینگلیزی  لەبینای کۆنگرە






**بەرێز شێخ عمر بەرزنجی بالیۆزی عێراق**

**سەردانی نووسەر وهاوڕێیانی کرد دەستخۆشی چالاکییەکانی لێکردن**

**زيارة السيد سفير العراق و تقديم الشكر للاعضاء الكورد المشاركين في المؤتمر**

The visit of the Ambassador of Iraq to extend thanks and appreciation to the Kurdish members participating in the conference



VASABLADET

VBL använder cookies för att ge dig en bättre upplevelse. Genom att använda våra tjänster godkänner du detta.

Jag förstår, ta bort denna ruta!

LOKALT VASA

**Brinner för kurdernas sak**

Abu Bakr Mohammed Haji har skrivit om Saddams folkmord på kurderna på 1980-talet. Foto: Mikael Nybacka

**مقابله مع جريده فيلنديه: حول الاباده‌الجماعيه فى كوردستان**

# تاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایدی بارزانیەکان و

## هاواری گۆپتەمان لە هۆڵی کۆنگرەی قەدەغەکردنی چەکی کیایاوی یەوە گەیاندە نوێنەرانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەهەموو جیهان






**ساڵی** 2015 **هۆڵی کۆنگرە**

# وێنەکانی نووسەر لەکۆنگرە و چالاکییەکانی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان

هۆڵەندا ـ کۆنگرەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوەی ـ 2015





لاهای ـ المحكمة الجنائية الدولية ـ 2018




**ساڵی** 2018 **بارەگای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی**




**تاوانی حەرەس قەومی لەرۆژنامە فەرەنسییەکان دا**

Crimes of the National Guard in the French press

Retrieved from the archive of Adham Shekho

درع الاتحاد الوطني الكوردستاني

**بتوقيع (مام جلال)**

Shield of the Kurdistan National Union
signed by (Mam Jalal)




**خەڵاتی پێزانینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**بە واژۆی هەڤاڵ (مام جەلال)**

Qelxanî yekîtî nîştmanî kurdstan
(mam celal) wajoy be

# پاشکۆ

# ئاگر و خوێن

## تاوانەکانی حەرەس قەومی

**کوردستانی نوێ**

2023-06-14



## بەشی یازدەیەم

ڕەنگە بڵێم ماوەیەکی زۆرە هەمیشە لەخەیاڵمدا بوو کە بۆچی ڕووداوە تاڵەکانی عیراقی خوێن و ئاگر لێوان لێوە لە سڕینەوە و قڕکردن و جینۆساید، ئەگەر دوێنێ وابێت ئەمڕۆش و سبەینێش هەروایە و بەردەوامە، ئەو نهێنیە چییە ئەم عیراقە لە هەموو سەردەمێکدا وایە، مێژووی 100 ساڵی رابردوو گەواهیدەرە بۆ ئەو راستییەی کە عیراق، پێناچێت لە ئایندەی نزیکدا ئەو عیراقە بێت کە خواستی لەسەرە، بەڵکو مۆزایکی پێکهاتەی هاوولاتییەکانی ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەری نییە سەقامگیریی و ئارامی بەخۆیەوە ببینێت.

لێرەدا ئاوڕێك لەتراژیدیای مەرگی ئەو 10 مانگە دەدەینەوە کە دوای کودەتایەك لەبری گێڕانەوەی خۆشبەختی، خوێن و فرمێسك دەبێتە هەوێنی درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە. حزبی بەعس لە بیروباوەڕ و ئەندێشەی شۆڤێنی، بەڕقوقینەوە ڕووبەڕووی هەموو بیروباوەڕێکی جیاواز لەخۆی وەستایەوە، لە هەناوی چەند ڕووداوێکی تەمومژیاویدا کۆتایی و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا، هەر لە سەرەتاوە کەوتنە پەلامارو کوشتن و بڕین و لەناوبردن و سڕینەوەی ئەوانی تر و دژایەتیکردنی بیری ئازاد و لەناویشیاندا بەربەرەکانێی نەتەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی، بەجۆرێك کە هەر لاپەڕەیەکی جیاجیای ئەو مێژووە خوێناوییە هەڵبدەینەوە، پڕی تراژیدیا و کێشمەکێشە.

ئاڵۆزیی بابەتەکان و مێژووە مەرگهێنەرەکەی تابلۆیەکی زۆر ناخۆش و سیاسەتێکی شەڕەنگێزانەی بەردەوام و هەمیشەییە، بەجۆرێکە ئێستاش پێوەی دەناڵێنین و دوورنیە تا ماوەیەکی درێژ هەر لەنێو ئەو بازنە مەترسیدارەدا بێین و بچین کە کەنگێ ئاگر و خوێن لەم ولاتەدا دەوستێ و کەی ئەو خوێنە وشك دەبێتەوە؟

دۆسێ



# ئاگر و خوێن

## شرۆڤەکردنی : ئەسعەد جەباری

(ئاگرو خوێن..تاوانەکانی حەرەس قەومی)، تایتڵی ئەو کتێبە نوێیەیە کە یەکێتیی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان بە ژمارە (1) بڵاویکردۆتەوە، کە «مەلا شاخی» نووسیویێتی.

لە دەستپێکی هەڵدانەوەی کتێبەکەدا پێشەکییەك بە قەڵەمی سالار مەحمود سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان نووسراوە و بەکورتی تیشکی خستۆتە سەر کۆی هەموو بەرهەمەکە.

ئەم کتێبە خۆی لە نووسینەوەی 10 بەشی جیاجیا دەدات، کە بەپێی مێژووی ڕووداوەکانی سەرهەڵدانی حەرەس قەومی لەڕۆژی کودەتاکەی 8 ی شوباتی 1963 هەتا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ دەبینێتەوە، کاتێك کە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بوومەوە، ئاستی دڕندەیی حزبی بەعس و نەوەی یەکەمی کودەتاکەم بۆ دەرکەوت کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا کردووە کە خۆی لە بنەڕەتدا لەدوای کودەتای یەکەمی تەمموزی 1958 بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی هاتۆتە ئاراوە و دوو کودەتای خوێناوی و پڕ لە کارەسات یەخەی عیراقی گرتووە بەو ئامانجەی کە گوایە بەرەو باشتر هەنگاو بنێت، بەڵام هەردوو کودەتای تەمووزی 1958 و شوباتی1963 هیچ کامێکیان گۆڕانکاریی ریشەیی و بەختەوەریی و ئازادییان بە عیراق نەبەخشی، جگە لەکوشتن و بڕین و خوێنڕشتن!، لەم کتێبەوە ئەو ڕاستییە تاڵەمان بۆ دەردەکەوێت، خۆ ئەگەر «مەلا شاخی» نەباو ئاماژەی بۆ ئەو هەموو بابەتە نەکردایە، خوێنەری کورد کە زمانی دیکە نەزانێت لەکوێوە بزانێت ئەم وڵاتە هەر وڵاتی ئاگر و خوێن بووە.




# بەشی یەکەم

لەم بەشەدا کودەتای دووەمی دووەمین کۆماری عیراق، هەمان دەستە و دایەرەی سەربازیی دەسەڵاتدارانی وڵات بوون، ئەوانەی کە هەر خۆیان دواتر وتیان بەعسییەکان لەساڵی 1963 بە شەمەندەنەفەری ئەمریکا هاتنە سەر حوکم، ئەم قسەیە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەرچی شۆڕش و راپەڕینێك هەیە دوورنییە وابێت و دەستێکی دەرەکی لەپشتەوە نەبێت، ئەم راستیە دیسانەوە دووبارە دەبێتەوە لە2003 کاتێك سەرانی عیراقی نوێ بە دەبابەی ئەمریکا حوکمی 35 ساڵەی حزبی بەعسیان رووخاند، لە پرۆسەیەکی سەربازیلح

هەر لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە1963/2/4 تەنها چوار رۆژ پێش کودەتای یەکەمی بەعس باڵیۆزی بەریتانیا لە عیراق ئەحمەد حەسەن بەکر دەبینێت کە یەکێك بووە لە فەرماندە سەربازییەکان بە مەبەستی پرسوڕاکردن و دانانی پلانی ژێربەژێر بۆ سازدانی کودەتایەك بە ئامانجی رووخاندنی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم، ئەو کۆبوونەوەیە دەستپێك دەبێت بۆ خۆئامادەکردن بۆ کودەتاکە، پێشتر قاسم خەونی داگیرکردنی کوێتی لە مێشکدا بوو، کە دوورنییە کوێت ناڕەزایی لەلای بەریتانییەکان دەربڕیبێت و ئەوانیش کەوتنبێتنە پلاندانان بۆ کودەتاکە بەڕابەرایەتی حزبی بەعس و قەومییەکان بە سەرکردایەتی بەکر و عارف وەك دوو هاوپەیمانی تاکتیکی قۆناغەکلح

## کورد

کورد، پاش سەرکەوتنی کودەتاکە بۆ رۆژی دووەم لە1963/2/10 وەفدێك دەنێرێتە بەغدا بە سەرۆکایەتی مام جەلال، سەیدا سالح یوسفی و لوقمان بارزانی، ئەوانیش لە بەغداوە پاش خولی یەکەمی گفتوگۆ، نامەیەك دەنێرنەوە بۆ کوردستان بۆ مەلا مستەفا بارزانی، تیایدا کەموکوڕییەکانی گفتوگۆکە باس دەکەن، کە لەو کتێبەدا بە خەتی مام جەلال بڵاوکراوەتەوە، لەو گفتوگۆیەدا بەپێی ئەو نامەیەبێت، کورد داوای مافی راستەقینەی خۆی کردووە، بەڵام کودەتاچییەکانی 1963 بە وەفدەکەیان وتووە داخوازییەکانتان زۆرە، هەر وەك ئامادەکارییش لەدوای تەنها دوو مانگ لەو گفتوگۆیە لە 1963/6/6 کەوتنە پەلاماردانی کوردستان و بە چەندین قۆناغ سیاسەتی زەوی سوتماك-یان کردە درووشمی خۆیان و زۆر دڕندانە کەوتنە لێدانی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

## دروستکردنی حەرەس قەومی

نووسەر ئاماژەی بۆ سێیەمین بەیاننامەی کودەتاچییەکان کردووە کە هەر لەڕۆژی ی شوبات بڵاویانکردۆتەوە سەبارەت بە دروستکردنی هێزێکی میلیشیایی چەکدار بۆ پاڵپشتیکردنی کودەتاکە و بەهێزکردنی پێگەی بەعس، لێرەوە دەرگا واڵا دەبێت بۆ ناسینی بەعس وەك خۆی

لەچوارەمین بەیاننامەیاندا بەعسییەکان فەرماندەکانی حەرەس قەومی دەناسێنن و فەرمانیان بۆ دەردەکەن، بەوپێیە هەموو بەعسییەك حەرەس قەومی بوو

تۆفیق حاجی ئەحمەد لە سەرانی بەعس دانرابوو بۆ سەرپەرشتیکردنی هەولێر و (تەها یاسین رەمەزان) دیاریکرابوو بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی دەورووبەری هەولێر، لەڕۆژی 1963/5/18 کودەتاچییەکان یاسایەکیان بۆ بەڕەسمی ناساندنی حەرەس قەومی دەرکرد بەژمارە (35) تا ئەو رۆژەی کە بەیەکجاریی حەرەس قەومی

لەناو دەبرێن لە 1963/10/18 و لەلایەن سوپای عیراقەوە بنبڕدەکرێن بە سەرپەرشتی (عەبدولسەلام عارف).

ئەم میلیشیایە لە دروستبوونیانەوە تا نەمانیان، سەدان هەزار تاوانی جیاجیا دژبە ئازادیخوازانی عیراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەکەن.

بەعسییەکان لە بەیاننامەی ژمارە (15) دا بە رەسمی ئەنجومەنێکی حوکمڕانی دروست دەکەن بەناوی (مجلس قيادة الثورة)، ئیتر ئەم ئەنجومەنەی بەعس لە هەموو سەردەمانێکدا دەمێنێت تا رۆژی 9ی نیسانی 1963، ئەو ئەنجومەنە بە درێژایی ئەو مێژووە خاوەنی بڕیاری رەهاو کۆتایی بووە بۆ راپەڕاندنی هەموو ئەرکێکی دەوڵەتداری. سیاسەتێکی دڕندانەی بەعس ئەوەبوو کە سەرکردە سەربازییەکانی خۆی بە (زەعیم) ناودەبرد، زەعیم پێ بەپێ پلەیەکی سەربازی باڵا بوو، دەدرا بە ئەفسەری گەورە، بەشێك لە فەرمانده سەربازییەکان ئەو پلەیەیان پێبەخشرا تا زیاتر دەستکراوەبن و توانای بڕیاری سەربەخۆی کوشتوبڕیان هەبێت.

هەر بەو بۆنەیەوە کەسێکی سەربازی دڕندەی شۆڤێنی بە پلەی عەقید بەناوی صدیق مستەفا ئەلنعێمی کە بە (زەعیم صدیق) ناسراوە دەنێرن بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری، ئەو سەرپەرشتیاری راستەوخۆی کۆمەڵکوژیی 9ی حوزەیرانی 1963ی حامییەی سلێمانی بوو، ناوبراو لەگەڵ چەندین ئەفسەری دیکەدا پلەی زەعیمیان واتە (عمید) یان پێبەخشرا لەپای دڵسۆزییان بۆ حەرەس قەومی و حزبی بەعس.

## لاوازکردنی سوپای عیراقی

وەکو « مەلا شاخی» باسیکردووە حەرەس قەومی لە سەرەتادا بە پێنج هەزار کەس مەزەندە دەکرا، بەڵام دواتر ژمارەیان بووەتە 34 هەزار کەس، ئەم ژمارە زۆر و زەوەندەی حەرەس قەومی، هێزی رەسمیی سوپای عیراق لاواز دەکات، هەتا ئەو رادەیەی کە سەنگیان نامێنێت وەك سوپایەکی نیزامی.

حەرەس قەومی ئەو سەردەمە پڕ چەك دەكرێن بە نوێترین چەك و جبەخانەی سەربازی، تانك و زرێپۆش و تۆپ و چەكی قورس هەتا ئەو رادەیەی هێزی سەربازی ئاسمانیش دەخرێتە خزمەتیانەوە بۆ هەر پەلامارێك.

بەو شێوەیە حەرەس قەومی رۆژبەڕۆژ ئاستی دڕندەیی و سەربازی خۆیان بەهێزتر دەكرد شانبەشانی سوپای رەسمی وڵات بە هەردوولا هەر هێزێكی نیشتمانی و ئازادیخواز سەری هەڵبدابا، سەركوتیان دەكرد.

ململانێكانی نێوان سوپای رەسمی وڵات و حەرەس قەومییەكان تا دەهات زیاتر دەبوو، تا ئەو رۆژەی عەبدولسەلام عارف سەرۆكی ئەوكاتی عیراق مەترسی حەرەس قەومییەكان بەهەند وەردەگرێت و بەیەكجار تیرێكی هاویشت بۆ سەر دڵی حەرەس قەومی و حزبی بەعس و لە مانگی تشرینی دووەمی 1963 دا هەردوولای بە پرۆسەیەكی سەربازی لەناوبرد و بەرەسمی كۆتایی پێهێنان.

## چیرۆكی عەبدوڵلا سەراج

مەلاشاخی لەلاپەرە (39)ی كتێبەكەیدا چیرۆكێكی راستەقینەی مامۆستاعەبدوڵڵا سەراج دەگێڕێتەوە كە بەڕاستی مایەی ئەوەیە لەسەری بووەستین. مامۆستا سەراج ئاماژە بۆ رووداوێكی راستەقینە دەكات كە وەك رەخنەیەك لە سەركردایەتی كوردی دەگرێت لەوەی بۆچی هیچ نووسین و رایەكی دڵسۆزان بەهەند وەرناگرن لەكاتێكدا رۆژانە دەیان بابەت دەچێتە بەردەستیان.

لە بەشێكی نامەكەدا هاتووە كە جارێك كوێخا عومەر بەچپە پێی وتووە دەچمە كەركوك..سەردانی ماڵی (فەیسەڵ ئەنساری) دەكەم كە قائیدی فیرقەی جەیشە، چونكە ژنەكەی خزممانە و كوردی ئۆمەرمەندانە و دەڵێت: من لە وشەكانی سڕ بووم، كاتێك ژنەكەی رایگەیاند بە كوردەكان بڵێ بەعسییەكان خەریكی كودەتان دژ بە حكومەتی بەغدا، با كوردیش ئاگاداربن و خۆیان ئامادە بكەن، ئەو زانیارییەم بە نامەیەك گەیاندە سەركردایەتی كورد، بەڵام بەداخەوە دواتر بەر گوێم كەوتەوە كە

نامەکەمیان کردۆتەوە و خوێندوویانەتەوە، زۆر گاڵتەیان پێ کردووە، ئەوەبوو کودەتای 8ی شوبات روویداو سیاسەتمەندارانی کورد لێی بێ ئاگابوون.

## چیرۆکی ئەحمەد سالح عەبدی

نووسەری کتێبەکە لە باسکردنی ئەحمەد ساڵح ئەلعەبدی-دا کە لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا سوپاسالار بووە، باسی چیرۆکی متمانەی ئەو ئەفسەرە دەکات کە چۆن متمانەی بە کارەکەی خۆی هەبووە، لە سەروبەندی خۆئامادەکردنی کودەتاچیەکانی 1963 دەڵێت: ئەلعەبدی پەیمانی بە قاسم داوە کە خیانەت لە پیشەکەی نەکات، ئەلعەبدی پێی وابووە کە هەرگیز نابێت سوپاسالار بە حزبایەتی کار بکات، ئەو کارەکەی پیشەییە تا ئەوەی دڵسۆزی بێت بۆ حزبێکی دیاریکراو، ئەم ئەلعەبدییە پاش کودەتای شوبات دەیگرن و بۆ ماوەی 10 مانگ بەند دەکرێت لە زیندان، پاشئەوەی کە راپێچی دادگای سەربازیی دەکرێت، سەرسام دەبن بە دڵسۆزی ئەو ئەفسەرە پلە باڵایە بۆ پۆست و پیشەکەی کە نزیکترین کەسی عەبدولکەریم قاسم بووە، سەرەنجام ئازادی دەکەن لە زیندان لەپای راستگۆیی و رێزگرتن لە پۆستە سەربازییەکە.

## چیرۆکی عەبدولکەریم نوسرەت

لەم کتێبەدا هاتووە کەسێکی تر بەناوی عەبدولکەریم نوسرەت فەرماندە و زەعیم، یەکەمین فەرماندەی حەرەس قەومی-ە، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری بەغدایە، لە بەریتانیا پلە سەربازییەکانی بڕیوە، دواجار دەکرێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش. لەم چیرۆکەدا دووڕوویی و ناپاکیی ئەم ئەفسەرەمان بۆ رووندەبێتەوە کە یەکەمین ساتی کودەتای 8ی شوباتدا چوار تانك بە هێزێکی سەربازییەوە هێرش دەبەن بۆ وەزارەتی بەرگریی عیراق، لە نیوەی رێگەدا لایەنگرانی عەبدولکەریم قاسم لێی رادەپەڕن و هەڵدەکوتنە سەر تانکەکان و دەستبەسەری دەکەن، ئەو ئەفسەرە دووڕووە بۆ فریودانی جەماوەرەکە، لەدەمی تانکەکەوە دەرگای

**تانکەکە دەکاتەوە و وێنەیەکی عەبدولکەریم قاسم بەرزدەکاتەوە و هاوار دەکات (ماکو زەعیم الا کریم)! ئیتر بەو خۆنمایش و فێڵە تاکتیکییە بەناو خەڵکەکەدا تێپەڕدەبێت و خۆی دەکات بەناو وەزارەتی بەرگریدا و لەپڕ لوولەی تانکەکان وەردەچەرخێنێ بەرەورووی خەڵکەکە دەست دەکات بە تۆپباران و گوللەبارانکردنیان هاوکات پەلاماری بینای وەزارەتی بەرگریش دەدات، بەوەش هێزی پارێزگاریی وەزارەت دەشڵەژێن و لە ماوەیەکی کورتدا بیناکە کۆنترۆڵ دەکات و خودی قاسم دەستگیر دەکات دەگرێت، بەوەش بەلای بەعسییەکانەوە نوسرەت دەبێتە پاڵەوان لە ریزی کودەتاچییەکاندا و دواتر پلەی زەعیمی پێ دەبەخشن و دەیکەن بە یەکەمین فەرماندەی حەرەس قەومی و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشلله**

**لەنێوان** 1963/2/8 **هەتا** 1963/11/18 **دوو کودەتا لەلایەن عەبدولسەلام عارف-ەوە بەرپابوو، یەکەمیان رووخاندنی یەکەمین دەسەڵاتی کۆماری، دووەمیان لابردن و سڕینەوەی حەرەس قەومی و دوورخستنەوەی حزبی بەعسلح**

**حزبی بەعس بەنهێنی پلان دادەنێن بۆ وەلاوەنانی عەبدولسەلام عارف لە دەسەڵات، ئەم نەخشە و پلانەش لە نووسینگەی عەبدولکەریم نوسرەتدا دەکێشرێت، پلانەکە بەر لە جێبەجێکردنی لە**1963/9/5 **ئاشکرا دەبێت، هەر بۆیە عەبدولسەلام ئەو** 50 **کادرەی حزبی بەعس دەگرێت و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات و زیندانییان دەکات، بەڵام دان بە هیچدا نانێن، بۆیە ئازاد دەکرێن، ئەم نوسرەت-ە بۆ کودەتای سێیەمی بەعس، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حیسێن-ەوە داوای لێدەکرێت پێشوەختە بەشداریان لەگەڵدا بکات بۆ کودەتای** 17**ی تەمووزی** 1968 **بەڵام عەبدولکەریم نوسرەت قایل نابێت، ئیدی هەر پاش چەند مانگێك لە تێپەڕبوونی دواهەمین کودەتاکەی سەرانی بەعس لە رێکەوتی** 1969/1/27 **لە رووداوێکی تەمومژاویدا نوسرەت لەلایەن بەعسەوە دەکوژرێت. پاش کوشتنەکەشی لە دووەمین رۆژی پرسەکەیدا،پڕوپاگەندەی بۆهەڵدەبەستن گوایە ئەم نوسرەت-ە(مێباز بووە!)، ئەوەش بە مەبەستی سووککردنی.**




## حەرەس قەومییەکان
## عیراق لە سایەی حوکمی سەربازیدا

دەمەوێت لێرەدا بەبیر خوێنەرانی بهێنمەوە کە بۆچی بەشی شێری دەرچووانی کۆلێژە جیاجیاکانی عیراق پاش تەواوکردنی خوێندنیان دەچوونە کۆلێجی سەربازی و دووەمین بەکالۆریۆسی سەربازییان تەواو دەکرد؟، ئەم بابەتە راستەوخۆ پەیوەندیی نییە بەکتێبەکەی «مەلا شاخی»یەوە، بەڵام بەشێك لەو نهێنییە ئاشکرا دەکات کە ئاخۆ چی وا لە زۆربەی خوێندکارانی سەردەمی زوو کردووە بچنە کۆلێجی سەربازی تاببنە ئەفسەر؟، ئەبێ ئەو پاڵنەرە چی بێت هەر لەسەرەتاوە ئەم عیراقە لەنێو بازنەی سەربازی و شەڕوشۆڕ و کێبڕکێدا خۆی نمایش بکات و هەمیشە لە کودەتایەکەوە بۆ کودەتایەکی ترو لە شەڕێکەوە بۆ شەڕێکی تر یەخەی گرتبێت، دوور لەوەی کە بەهێمنی وڵات بەڕێوەببەن بێ هەبوونی سەربازگە و هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر ئەم و ئەو دراوسێ و ناوخۆی وڵات، دەبێت ئەو راستیانە باس بکرێن لە نێوان چل ساڵی رەبەق (1963-2003) وڵات سەربازگەیەکی گەورە

بوو بۆ سەرانی وڵات و یەکتر سڕینەوە، عیراق لەسایەی حوکمی سەربازی و کودەتاچییەکانەوە هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نەدیوە، بەمڕۆشەوە تا رادەیەك هەر پاشخان و فیکرو میتۆدی ئەو عەقڵییەتەیە کە بەعس نەخشەی بۆکێشاوە و پێناچێت ئەو فیکرە وازوو کۆتایی بێت. تا ئەوکاتەی هەموولایەك لەوە تێدەگەن کە حوکمی عەسکەر و لەناوبردنی ئەویتر مەحاڵە، دەنا ئەو سیحرە دەبێت چی بێت بۆ یەك ساڵیش، ئەوا نزیکەی 65 ساڵە عیراق رۆژ بە رۆژ بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەچێت و نغرۆی جەنگ و ماڵوێرانییە؟ ئەوە جگە لە بەهەدەردانی ملیاران دۆلار و سامانی وڵات و دەربەدەربوونی ملیۆنان کەس لە ڕۆڵەکانی

نووسەر لەم کتێبەدا باسی لە مونزیر تۆفیق خورشید ئەلوەنداوی دەکات کە بە رەچەڵەك کورد بووە و خەڵکی شاری خانەقین– بووە، ئەو مونزیرە دووەمین سەرکردەی حەرەس قەومی بووە لەسەر ئاستی عیراق دوای عەبدولکەریم نوسرەت، ئەویش یەکێك بووە لە سەرانی دڕندەی حەرەس قەومی و شانبەشانی ئەفسەرانی تری رەگەزپەرستەکانی بەعسی

# شێواز و جۆرەکانی ئەشکەنجەدان

مەلا شاخی بەوردی لەسەر شێواز و جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی سەردەمی حەرەس قەومی دواوە و بەچەندین جۆر ناویان دەبات و تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پلەدارانی ئەو بوارە مەشق و راهێنانیان لەدەرەوەی وڵات پێکراوە لەسەر نوێترین ئەشکەنجە و ئازار، حزبی بەعس لەم بوارەدا سەرقافڵەی هەموو مەیدانێکی دوور لە ئینسانی بووە لە چڵەپۆپەی ناڕەوایی و نامرۆڤیدا خۆی نمایشکردووە، لە بەشێکی ئەم کتێبەدا لە شوێنێك ئاماژە بۆ 80 جۆر سزاو ئەشکەنجەی جیاجیا کراوە! کە مەگەر هەر لەژێر حوکمڕانییەکی دیکتاتۆردا ئەو رەفتارانە هەبێت

ئازادیخوازانی عیراق و کورد هەموو تاقیکردنەوەیەکیان لەسەرکراوە بەجۆرێك شتێك نەماوە دەرهەقیان نەکرێت تا ئەو رادەیەی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو بە

چەکی کیمیایی لێیان بدرێت و زیندەبەچاڵ بکرێن کە ئەمەش وەحشیترین رەفتاری بەعس و سەرانی دەوڵەتی عیراق بوو دەرهەق بە کورد کراوە و مێژوو وەك پەڵەیەکی رەش دەینێت بە تەوێڵی بەعسەوە.

ململانێکانی بەعس تا دەهات قووڵتر دەبۆوە لەسەردەمی حەرەس قەومی و دواتر بەجۆرێك سەرکردە رەگەزپەرست و لوتبەرزەکانی بەعس بەردەوام لە پیلانگێڕاندا بوون بۆ یەکترو بۆ دەوروپشت لەپێناوی وەرگرتنی جڵەوی دەسەڵاتدا هەموو ئامڕاز و رێگایەکیان تاقیکردۆتەوە، هەموو ئەو ساڵانەی کە شەڕی حەرەس قەومی روویداوە و هەرچی ئەوانەی کە کوژران لەو رووداوەنەدا وەك حەرەس قەومی هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە بۆ دواتریش کە بەشێکیان هەر بەعسی بوون و لە شەڕی ناوخۆدا کوژران، ئەفسوس لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە سەرجەمیان ناوزەدکران وەکو شەهیدی وڵات و تەنانەت مووچەی شەهیدانەیان بۆ بڕرایەوە، بەشێکیشیان هەر بە مەرگی خودایی مردوون لەکات و ساتی خۆیدا ئەوانیش کراون بە شەهید.

# پەلاماردانی
# کەرکوك و دەروبەری

مەلا شاخی نووسینێکی شاعیری گەورە لەتیف هەڵمەتی لەم کتێبەدا بڵاوکردۆتەوە و لەسەر زاری هەڵمەت-ەوە وەکو خۆی نووسییەتی: عەبدولسەلام عارف وەعدی دابوو کە دوای گەڕانەوەی لە بەسرە کوردستان بسوتێنێ، خوای مەزن عەبدولسەلامی لەڕێی بەسرە لە فڕۆکەدا سوتاند و کورد هەر ماوەو پشت بەخوا هەر دەمێنێ.



زەعیم سدیق



گۆڕی بەکۆمەڵ لە حامییەی سلێمانی ساڵی 1963

لەو کورتە نووسینەی هەڵمەت–دا گلەیی دەکات کە هەمیشە کوردستان بەچەکی سۆڤییەت و روسیا وێرانکراوە تەنانەت باس لە ئەندێرا گاندی دەکات و دەڵێت ئەوێک کە کچی (جەواهیر لال نەهرۆ)یە، ئەویش پشتیوانی لە رژێمی بەعس دەکرد لە حەفتاکاندا کاتێک سەرۆک وەزیرانی هیندستان بولح

لەکتێبەکەی شاخیدا هاتووە کە حەرەس قەومییەکان لە مانگی حوزەیرانی 1963دا لە کەرکوك و دەوروبەری دەستیانکرد بە تاوانکردن و قەتلوعامکردنی خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك، پەلاماری هەر گوندێکیان دابێت، دواتر تاڵانیان کردوولح

مەلا شاخی هەموو ئەوانەی تۆمارکردووە کە خۆی بینیویەتی یان بیستوویەتی یاخود چاوپێکەوتنی لەگەڵ شایەتحاڵەکاندا کردووە، کاتێک کە خوێنەر چاو بەبابەتەکاندا دەخشێنێت، ئاستی دڕندەیی و دڵڕەقی دوژمنێکی بۆ دەردەکەوێت کە هیچ بەهایەکی مرۆییان نەبووە بە ئەندازەی ئەوەی کە سووتاندنی کوردستان لە هەناوی بەعس و حەرەس قەومیدا وەك دیسپلینی حزبی و سیاسی و سەربازی پەیڕەوکراوە خاڵ بەخاڵلح

وەك دەڵێت: یەکەمین پەلاماری حەرەس قەومییەکان بۆ کەرکوك لەگوندەکانی (سێکانیان و ناو شوان و گوندەکانی قەرەدەرە و دەوروبەریان) دەستپێکرد، دێ بەدێ چیرۆکەکان تاڵ و ژەهراوین، نووسەر لیستی زۆربەی هەرە زۆری یان باشتر

بڵێین هەر گوندێك لەو گوندانەی باس كردبێت لیستی شەهیدانی خەڵكی گوندەكانی تۆماركردوە لەپەلامارەكانی حەرەس قەومی، هەروەكو نووسەر باس دەكات خەڵكی گوندەكان بێ چەك بوون، بەڵام حەرەس قەومییەكانی كەركوك و دەورونەری لەلایەن دەوڵەتەوە پڕچەك كراون بە مەبەستی هاریكاری و پشتیوانیكردنی هێزەكانی سوپا و حەرەس قەومیی هاوردەی ناوچەكانی تر، واتا بەشێوەیەك لە شێوەكان خەڵكە مەدەنییەكانی ناوچەكەش تێوەگلێنراون لە قەتلوعامكردنی خەڵكی مەدەنی كورددا لە كەركوك

نووسەر یەكێك لە نموونەی هەزاران حیكایەتی جەرگبڕمان بۆ باس دەكات لەلاپەڕە 131ی كتێبەكەیدا بەمشێوەیە

كاكل عەلی محەمەد لە باكووری گوندی بیبانی سەربە ناحیەی پردێ خەریكی دروێنە دەبێت، منداڵێكی 10 ساڵانە بەناوی (نەعمان كاكل عەلی) لەگەڵ دەبێت، دوای ئەوەی كە لەلایەن حەرەس قەومییەكانەوە هێرش بۆ گوندەكەیان دەبرێت، خۆی و كوڕەكەی بەدیل دەگرن و چاویان دەبەستنەوە و لەنێو تەبارە و بەبەرچاوی فریشتە و باڵندە هێلانە سووتاوەكانەوە گوللەبارانیان دەكەن

ئێوارە كە هەواڵ دەگاتە گوندی بیبانی كە كاكل و كوڕەكەی شەهید كراون، هاوسەرەكەی كاكل عەلی كە منداڵە دوو ساڵانەكەی لەكۆڵ شەتەك دەدات و بەدەم شیوەن و گریانەوە دەچێتە سەر لاشەی لەخوێن شەڵاڵكراوی هاوژین و جگەرگۆشەكەی، كاتێك بەئاگادێتەوە كچە بچكۆلانە دوو ساڵەكەی سەر كۆڵی لاربۆتەوە و لە تینواندا خنكاوە، هەر هەمان رۆژ لەگوندی بیبانی مام شەریف نەوتفرۆش بەناهەق شەهید دەكەن عارەبانە و گوێدرێژەكەشی بەتاڵان دەبەن

نووسەر باس لە گوندەكەی خۆیان دەكات (بیرەسپان)ی، كە چۆن حەرەس قەومییەكان شاڵاوی بۆ دەبەن و چوار كەس شەهید دەكەن، باس لەوەش دەكات كە هەندێ عەرەبی فەرهوودچی كە پێشتر ئاشنایەتییان هەبووە لەگەڵ خەڵكی گوندەكەیاندا ئەوان زیاتر بەشدارییان دەكرد لە تاڵانكردنی گوندەكەیان، هەربۆیە

خەڵکی رەسەنی ئاواییەکەیان بەو عەرەبە فەرهوودچیانە دەڵێن: ئەی نمەك بەحەرامان ئێوە چۆن دەستان دەچێتە تاڵانکردنی گوندەکەی ئێمە، فەرهوودچیە عەرەبەکانیش پێیان دەڵێن: ئێمەشماڵەکانتان فەرهوود نەکەین، عەرەبی تر لە شوێنانی ترەوە دێن و فەرهوودی دەکەن، بۆیە هەر ئێمە بیانبەین باشترە..

نووسەر ناوی شەهیدەکان و وێنەکانیانی بڵاوکردوەتەوە، پێشتر ئامارژەم پێداوە کە بۆ گەڕان و دەرخستنی راستییەکان دیمانە و چاوپێکەوتنی جیاجیای سازداوە لەگەڵ شایەتحاڵەکان لەسەر زاری خۆیانەوە، بۆیە لەڕووداوەکانی 1963ی کەرکوك و لەسێدارەدانی ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی کوردی کەرکوك شەهید مارف بەرزنجی و هاوڕێکانی بەوردی ئەو رووداوەی تۆمارکردوە و بایەخی تەواوی پێداوە وەك هەموو هێرش و پەلامارەکانی حزبی بەعس و حەرەس قەومی..

## زەعیم صدیق و مەنعەتەجەولی سلێمانی

لە بەشێکی تری کتێبەکەدا بەدووروودرێژی باس لە مەنعەتەجەولی 9ی حوزەیرانی 1963ی شاری سلێمانی دەکات بەسەرپەرشتی زەعیم صدیق-ی تاوانبار، رووداوەکانی ئەو رۆژە شوومە باس دەکات، ناوی سەرجەم شەهیدان تۆمار دەکات، باس لە خۆڕاگریی خەڵکی شاری هەڵمەت و قوربانی دەکات، حکومەتی دیکتاتۆری ئەوکات و حەرەس قەومییەکان بۆ رۆژی دواتر واتا 10ی حوزەیرانی 1963 جاڕی سەرتاسەری مەنعەتەجەولی هەموو کوردستان دەدەن و سیاسەتی (أرض المحروقة- زەوی سوتماك) پەیڕەو دەکەن، بەدڕندەترین شێوە مامەڵە لەگەڵ شار و شارۆچکەو گوندەکانی هەموو کوردستان دەکەن..

نووسەر دێتە سەر هاوپەیمانی سەنتۆ کە لەمانگی تەمموزی 1963 لەنێوان عیراق و تورکیا وسوریا وئێران بەستراوە بەمەبەستی پشتیوانیکردنی عیراق بۆ هەر پەلامار و هەڵمەتێکی سەربازی لە کوردستاندا، پێچەوانەی ئەوە نووسەر باس لە هەڵوێستێکی دەوڵەتی مەنگۆلیا دەکات کە رۆڵیان هەبووە لە ناردنی نامەیەکی رەسمی بۆ

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانUNو ئاگادارکردنەوەی هەموو دونیا لەبارەی ئەو هەڵمەت و قەتڵوعامەی دەرهەق بە کوردستان دەکرێت لەلایەن سوپای عێراق و حەرەس قەومییەوە، ئیدی هەر پاش ئەو هەڵوێستە عێراق پەیوەندییەکانی خۆی دەپچڕێنێ لەگەڵ دەوڵەتی مەنگۆلیلح

لەلایەکی ترەوە نووسەر ئاماژە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دەکات کە لە1963/7/6 ناڕەزایی دەردەبڕێت بەرامبەر بە هاوپەیمانی سانتۆ-ی نێوان عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران لەبەرامبەر قەتڵوعامکردنی خەڵکی کوردستان و شاری سلێمانلح هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی حەرەس قەومی بۆ سنووری ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و شەهیدکردن و بریندارکردنی سەدان هاوولاتی مەدەنی و پەلاماردان و پلاندانان بۆ لەناوبردنی زەعیم صدیق-ی خوێنڕێژ لەلایەن تێکۆشەرانی کوردەوە و پاشتر گواستنەوەی زەعیم صدیق بۆ بەغدا، هەموو ئەوانە بەشێکی زۆری حیکایەت و ڕووداوەکان پێکدەهێنن کە لە دووتوێی چەندین باسوخواسدا تۆمارکراولح

## هەولێر و دەوروبەری

هەولێر و دەوروبەریشی بێبەری نەبوون لەهێرش و پەلامارەکانی حەرەس قەومی بە سەرکردایەتی هەردوو خوێنڕێژ (تۆفیق حاجی ئەحمەد و تەها یاسین ڕەمەزان)، هێرشەکانیان بۆ گوندەکانی (تەلخێم، دەروپشتی گوێر، شەڕی قەشقە لەلای کەندیناوا و گوندی دارەخورما...هتد)، هەموو ئەوانە لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە، یەکێك لەگێڕانەوەی بابەتەکاندا، لەسەر زاری شەهید ڕێباز-ەوە باسکراوە تایبەت بەگوندەکەی خۆیان و تیایدا دەڵێت: ڕۆژی 1963/2/8 بەعسییەکان کودەتایان کرد و عەبدولکەریم قاسمیان کوشت، دوای گرتنە دەستی دەسەلاْت، بەعسیەکان کەوتنە وێزەی خەڵك تەڕو وشکیان پێکەوە دەسوتاند هەر پۆلیس و سەربازێك دارێکی بەدەستەوە بوو بۆ فەلاقەکردنی خەڵك بەبێ ئەوەی بزانن چ کارەیە و زۆر دڕندانە ئازاری خەڵکیان دەدا، هەموو کەس لەو سەردەمەدا ناوی حەرەس قەومییەکانی

بیستبوو، کە زۆربەیان ئەندامانی بەعس بوون، ئەوانی تری شەلاتی و شەقاوەکان بوون بەردرابوونە گیانی خەڵکی رەشوڕووتی کوردﷺ

شەهید رێباز لەم نووسینەدا کە «مەلا شاخی» وەریگرتووە ئامارژە بۆ شەهیدبوونی چوار کەس دەکات لە گوندەکەیان و پیرەژنێکی تەمەن 75 ساڵانی تێدا دەبێت لەناوی شەهیدەکان، 50 ژن و پیاویان بۆ ماوەی 10 مانگ راپێچی زیندان کردوە، ئیدی خەڵکی ئەو گوندانە روودەکەنە شاری هەولێر و هەرچی هەبوو نەبوو لەو گوندانە حەرەس قەومی بەتاڵانی بردوویانﷺ

هێرشەکانی حەرەس قەومی ناوچەکانی کۆیە و تەق تەق و خۆشناوەتیشی گرتەوە، تا ئەو رادەیەی گەیشتە بادینان، یەکەمین هێرشی ئەو هێزە دڕندەیە بۆ سەر گوندەکانی بلە و بارزان بوو، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە لێیان دێنە دەست و.. وەك مەلا شاخی ئامارژەی بۆ کردووە، قوربانیدان بەخوێنی شەهید و بریندارێکی زۆر لەلایەن خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکەوە دەبن بە بەربەست لەبەردەم پێشڕەویکردنی سوپا و حەرەس قەومیﷺ

## کۆشکی ریحاب

نووسەر لەبەشی حەوتەمی کتێبەکەیدا دێتە سەر مێژووی کۆشکی ریحاب – قصر النهایە، لەم بەشەدا باس لە قەسری نیهایە دەکات کە پێشتر ئەم کۆشکە یەکێك دەبێت لە کۆشکەکانی بنەماڵەی پاشای عیراق و دوای کودەتای 14ی تەمموز عەبدولکەریم قاسم بە بڕیارێك دەیکات بە نەخۆشخانﷺ

ئیدی لەپاش کودەتای دووەمی بەعس 1963 ئەم کۆشکە دەکەن بە شوێنی زیندانی و لێکۆڵینەوە و گرتن و ئەشکەنجەدانی ئازادیخوازان، بەجۆرێك ناوی ئەم کۆشکە دەچێتە ناوخەڵکەوە وەکو شوێنێکی مەترسیدار ناو دەبرێت بە قەسری نیهایە، واتا ئەوەی دەگاتە ئەو کۆشکە بۆ لێکۆڵینەوە مەحاڵە رزگاری ببێت، سەرەنجام هەر کەسێك لەو بەندیخانەیەدا بەند بکرێت کۆتاییەکەی لە سێدارەدان یان

گوولەبارانکردن و لەناوچوونە، ئەم کۆشکە حزبی بەعس بۆ ماوەی 25 ساڵ چارەکە سەدەیەك بەکاری دەهێنێ بۆ زیندانیکردن و لێکۆڵینەوە، لەکۆتاییدا سەدام حسین ئەو کۆشکە دەڕووخێنێت و لە شوێنەکەی بینایەکی هەشت نهۆمی لەسەر بنیاتدەنێت دیسانەوە هەر بۆ ئەشکەنجە و کوشتن

## ڕاهێنەرانی بیانیی و ئەوروپی

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، نووسەر هەموو ئەو جۆرانەی ئەشکەنجەی پۆلێنکردوە لە 80 جۆری جیاجیای ئەشکەنجەدا ناوی یەك بەیەکی جۆرەکانی ئەشکەنجەی تۆمارکردووە، کاتێ کە هەموو ئەو جۆرانە دەخوێنیتەوە مرۆڤ لەئاستی ئەو کۆمارە بەدڕەفتار و شەڕەنگێزەدا سەری دەسووڕمێ کە ئەو هەموو کوشت و بڕو ئازارو خوێنڕشتنە لەپای چی و بۆ کێ؟! هەموو ئەو جۆرە ئەشکەنجانەش لەلایەن ڕاهێنەرانی بیانیی و ئەوروپییەوە مەشقیان پێکراوە بەتازەترین ئامێر و کەرەسە، بەجۆرێك ئەو کەرەستە و ئامێرانە ساڵ لەدوای ساڵ گەشەی پێدراوە بەپێی کات و ساتی بابەتەکانی کەسانی تاوانبار لەسەرانی بەعس روویان دەکردە دەزگا ئەمنی و داپڵۆسێنەرەکانی، پێ بەپێ پلەی حزبی و ئیدارییان بە کەسانی دڵسۆز بەخۆیان دەبەخشی، زۆرێکیش لەو کەسانە دواتر بە بیانووی جیاجیا دواجار تیرۆر دەکران یان لەناو دەبران بەنهێنی لەڕووداوی تەمومژدا.

## کۆمەڵکوژی شیوعییەکان

ئەو حەرەس قەومییانە هێرشەکانیان بۆ خواروی عیراق چڕکردەوە، بەبیانووی بوونی بەرهەڵستکاران پەلاماری هەموو شوێنێکیان دەدا لە بیایانەکان و زۆنگاوەکان، هەموو ئەو هێرشانەی کە بۆ خواروی عیراق دەکران هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەو هێرشانەی کە بۆکوردستان دەیانکرد، قەتڵوعام ولەسێدارەدانی بەناهەق و گوللەبارانکردنی خەڵك، حەرەس قەومی لەبەیاننامەی ژمارە 13ی خۆیدا ڕەواییاندا بە لەناوبردنی هەرکەسێك کە سەربە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوبێت یان بیری

چەپ و کۆمۆنیستی هەبووبێت، هەر بەو بۆنەیەوە بەپێی ئەم کتێبە نزیکەی 120 هەزار کەس لە کادر و هەوادارانی حزبی شیوعی دەستبەسەرکران و بەشێکی زۆریان لەناوبران بەڕەشبگیری، ئەوەی کە دەبێت باس بکرێت مەرجەعی ئیسلامی شیعە رەفزی هەموو کارو کردەوەیەکی حەرەس قەومییان دەکرد.

## کوژرانی 670 هەزار کەس

لەبەشی نۆیەمی کتێبەکەدا ئاماژە بە کتێبی (المنحرفون) کراوە کە د.فائز الخفاجی لەدوای کودەتای سێیەمی بەعس بڵاویکردۆتەوە بۆ هەڵماڵینی هەموو تاوانەکانی حەرەس قەومی و ئاماژە بۆ بەڵگەنامەکان کراوە و بەشێکی لێ بڵاوکراوەتەوە و تێیدا بەوردی تاوانەکان خراونەتەڕوو، تاڵانی و فەرهوودی ئەو هێزە پیشەی گەورەیان بووە، دەوڵەت بەجۆرێك ئەو دروشمەی جێبەجێکردووە کە بەحەرس قەومییەکان بڵێت: سەری بەرهەڵستکاران بۆ ئێمە و ماڵ و موڵکیان بۆ ئێوە، لەو بەڵگەنامانەی لەم کتێبەدا هاتووە، سەرانی بەعس و حەرەس قەومی نزیکەی 670 هەزار کەسیان لە سەرانسەری عیراقدا کوشتووە، بەشی هەرە زۆری ئەو ژمارەیەش لەکادران و هەوادارانی حزبی شیوعی بوون.

## کۆماری ترس

40 ساڵی رەبەق لە فەرمانڕەوایی حزبی بەعس لەنێوان ساڵانی (1963-2003) حوکمی ئاگرو ئاسن و خوێنڕشتن لەسایەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش- مجلس القیادە الپورە بەڵگەن بۆ ئەو ماوە خوێناوییەی عیراق کە ببێت بە کۆماری ترس و تۆقاندن و تیرۆر، لیستی کۆمەڵێ خەڵکی لەسێدارەدراو هاوپێچە لەکتێبی المنحرفون وەك بەڵگەیەکی مێژووی بڵاوکراونەتەوە.

نووسینێکی زەکی فەرحان، کە پێشتر لەماڵپەڕی (الحوار المتمدن) بڵاوکراوەتەوە، نووسەر دووبارە کردوویەتی بەکوردی و لە کتێبەکەیدا بڵاویکردۆتەوە.

زەکی چیرۆکە دژوارەکانی سەردەمی حەرەس قەومی دەگێڕێتەوە، کوشتن و بڕین، دادگاو کۆشکی ئەلنیهایە و ئازار و ئەشکەنجە، هەموو ئەوانە لەسەر زاری ئەو نووسەرە بازنەیەکی زۆر ناخۆش و ئاڵۆز دەکێشێ بەدەوری هەموو رووداوەکانی ناوخۆی عیراق لەساڵی 1963 چەندین بابەتی تر لەسەر زاری کەسانی ناودار و نووسەران و خەڵکی ناسراو وەرگیراوە و لەم کتێبەی «شاخی»دا کراون بە کوردی و باس لەدڕندەیی ئەو سەردەمی حەرەس قەومی دەکەلح

»مەلاشاخی» خۆی وەکو نووسەری ئەم کتێبە، باس لەبیرەوەریەکانی منداڵی خۆی دەکات لەگوندەکەیان و بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە: بەرەبەیانییەك لەگوند گوێم لەڕادیۆکەی ماڵی مام عەبدوڵڵا دەگرت و خستبوومە سەر ئێستگەی بەغدا، پێم سەیربوو هەر قورئانی دەخوێند رادیۆکە، هەستم کرد کە شتێ روویداوە، لەپڕ ئاگادارییەك بڵاوبوویەوە ئەوەندی تێگەیشتم کە فڕۆکەکەی (عەبدولسەلام عارف) کەوتووەتە خوارەوە و خۆی و ژمارەیەك وەزیر کوژراون لەبەسرە، ئیدی رادیۆکەم هەڵگرت و چووم بۆ مزگەوتی دێ لەسەر سەکۆی مزگەوتەکە داممناو وتم مژدە مژدە، بە کاك حەسیب صدرە-م گوت وەها حاڵی بووم کە عەبدولسەلام عارف کوژراوە، زۆری پێنەچوو رادیۆ لە قورئان خوێندن وەستاو وتی (صدق الله العظيم)و بەیاننامەی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی خوێنرایەوە کە لە1965/4/13 فڕۆکەکەی کەوتەخوارەوەو خۆی و چەندین وەزیر لەو رووداوەدا کوژران لە نێوان قوڕنەو بەسرەدا، ئیدی لەگوند بوو بەهەڵهەڵەلێدان و خۆشحاڵی، کاك شێخ حەسیب قەرەدەرە دوو مەخزەن فیشەکی تەقاند بەئاسماندا بۆ خۆشی، ئیتر لەگوندەکانی ترەوە بوو بەتەقەی خۆشلح سەردانیکردنی نووسەر بۆ رێکخراوی نێودەوڵەتی لاهای لە ئەورووپا بەوەفدێك بۆ بەشدارییکردنی کۆنفرانسی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لەساڵی 2015 ئەوەشی وەکو چالاکیەکی خۆی باسکردووە بۆ گەیاندنی پەیامی مەزڵوومیەتی کورد بەدونیا لەم کتێبەدا.



## عەبدولکەریم قاسم - عەبدولسەلام عارف

### دوابەش

لەدواهەمین بەشی ئەم کتێبەدا (ئاگرو خوێن) ئەلبومی وێنەکانە، وێنەی بەشێك لە تاوانبارانی حەرەس قەومی و دواتر وێنەی بەشێ لەشەهیدانی کورد و کوردستان لەڕووداوەکانی 1963 وێنەی نووسەر خۆی لەبۆنە جیاجیاکان، هەموو ئەوانە لەدووتوێی 419 لاپەڕەی ئەم کتێبە دانسقە و گرنگە مێژوویەدا، بۆ ئێستاو داهاتوو دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی گرنگ لەمێژووی خوێناوی هێزی میلیشیای حەرەس قەومی کە لەپاڵ حکومەتی ناوەندی عیراقدا لەیەکەمین رۆژی کودەتای شوباتی 1963 هەتا ئەو رۆژەی کە بنبڕکران بەووردی کاك «مەلا شاخی» هاوڕێمان بەپێی زنجیرەی رووداوەکان و شوێنەکان شەنوکەوێکی مێژووی و بابەتێکی زۆر زۆر گرنگی بۆ خستووینەتە ڕوو کە مایەی شانازیمانە ئەم نووسەرە ماندوونەناسەی بواری جینۆساید دەستی بۆ ئەم بابەتە هەستیارو ئاڵۆزە بردووە کە من پێم وایە ئاسان نیە خۆ لێقورتان و باسکردنی، مەگەر هەر «شاخی» بتوانێ وەك شاخ و چیاکانی کوردستان پێشمەرگە ئاسا راستی رووداوەکانمان وەکو خۆی پێ بگەیەنێت بەپێی کاتوسات و شوێن و بەرواروو ناوەکان.

دەستخۆش کاك مەلا شاخی، خامەت رەنگین، هیوای تەندروستی و بەردەوامیت بۆ دەخوازین بۆ بابەتی باشترو گرنگتر.

**دۆسێ**

کوردستانی نوێ / دۆسێ/ ژمارە (8940) 2023/6/14

# FIRE AND BLOOD

## National Guard crimes



Abu baker Mohammed Haji
Mala Shakhi

Second edition
2024